# ڕووداوە سەربازییەکانی شۆڕشی ئەیلوول

# ١٩٧٠ - ١٩٧٥

موقەدەم ڕوکن سەنگەر ئیبراهیم خۆشناو

**لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠٢٢**

**ناوی کتێب:** ڕووداوە سەربازییەکانی شۆڕشی ئەیلوول، ١٩٧٠ - ١٩٧٥

**نووسینی:** موقەدەم ڕوکن سەنگەر ئیبراهیم خۆشناو

**پێداچوونەوەی:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک.)

**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک:** دیار سەعید پیرانی

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**نۆرەی چاپ:** یەکەم

**ساڵی چاپ و شوێن:** ٢٠٢٢- هەولێر

**چاپخانە:** دانیشفەڕ

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٥٩) ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.**

# پێرست



| ز | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | **دەروازە** | ٧ |
| ٢ | **بەشی یەکەم، هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول** | ٩ |
| ٣ | هەوڵە ئاشتیخوازەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان | ١١ |
| ٤ | بە دامەزراوەکردنی شۆڕشی ئەیلوول | ١٧ |
| ٥ | هەموارکردنەوەی دەستووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان | ٣٠ |
| ٦ | **بەشی دووەم، ڕێککەوتن و ئاگربەستەکانی شۆڕش لەگەڵ حکوومەت** | ٣٩ |
| ٧ | ئامانجی مەلا مستەفا بارزانی لە ڕێککەوتنەکان | ٤١ |
| ٨ | شەڕە بەرگرییەکانی بەر لە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار | ٤٤ |
| ٩ | ڕێککەوتنە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ | ٤٧ |
| ١٠ | **بەشی سێیەم، پێکهاتەی سەربازیی شۆڕشی ئەیلوول** | ٦٥ |
| ١١ | بڕیاری دروستکردنی پاسەوانی سنوور | ٦٧ |
| ١٢ | لەشکری یەک لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ | ٧١ |
| ١٣ | لەشکری دوو لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ | ٧٤ |
| ١٤ | لەشکری سێ لە ساڵی ١٩٧٠-  ١٩٧٤ | ٧٧ |
| ١٥ | هەر سێ لەشکری شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٤-  ١٩٧٥ | ٨١ |
| ١٦ | **بەشی چوارەم، پاشگەزبوونەوە و هەوڵە تیرۆرکارییەکانی حکوومەت** | ١١٣ |
| ١٧ | تیرۆر چەکی دەستی دوژمن دژ بە سەرکردایەتی شۆڕش | ١١٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ | هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی | ١١٦ |
| ١٩ | بڕیاری یەکلاییکردنەوەی کێشە | ١١٩ |
| ٢٠ | گۆڕینـەوەی نامـە لـە نێـوان مـەلا مسـتەفا بارزانـی و سـەرکردایەتی عێـراق | ١٢٣ |
| ٢١ | پیلانی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی | ١٤٦ |
| ٢٢ | مانۆڕەکانی حزبی بەعس | ١٥٩ |
| ٢٣ | هەوڵەکانی حکومەت بۆ لەباردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار | ١٦١ |
| ٢٤ | هەوڵە ئاشتیخوازەکانی سەرکردایەتی کورد | ١٦٨ |
| ٢٥ | پێکهێنانـی دامـودەزگا ئیداریـی و سـەربازییەکان بـۆ بەڕێوەبردنـی کاروبـاری شـۆڕش | ١٧٢ |
| ٢٦ | **بەشـی پێنجـەم، لەشـکرکێشی و هێرشـەکانی سـوپای عێـراق بـۆ سـەر کوردسـتان** | **١٧٥** |
| ٢٧ | ئامادەکارییەکانی سوپای عێراق بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان | ١٧٨ |
| ٢٨ | بنەماکانی بەرگری | ١٨١ |
| ٢٩ | شەڕەکانی سنووری لەشکری (١)ی بادینان | ١٨٤ |
| ٣٠ | شەڕەکانی سنووری لەشکری (٢)ی هەولێر | ١٩٠ |
| ٣١ | شەڕەکانی سنووری لەشکری سێ | ٢٢٧ |
| ٣٢ | پێکهێنانی دەستەی پیلاندانانی سەربازی | ٢٤٤ |
| ٣٣ | دوو نامەی ئیدریس بارزانی بۆ مەسعود بارزانی | ٢٥٢ |
| ٣٤ | زیانەکانی سوپای عێراق لە ١٩٧٤/٣/١١ تا ١٩٧٥/٣/١١ | ٢٥٧ |
| ٣٥ | هۆکاری شکستی سوپای عێراق بەرانبەر شۆڕشی ئەیلوول | ٢٦٠ |
| ٣٦ | نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و گەلەکۆمەکی نێودەوڵەتی | ٢٦٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٧ | دەقی ڕێککەوتننامەی جەزایر لە نێوان حکومەتی ئێران و عێراق | ٢٧٣ |
| ٣٨ | پرۆتۆکۆلی دووبارە نەخشەکێشانی سنووری وشکانی | ٢٨٤ |
| ٣٩ | پرۆتۆکۆلی پێوەندیدار بە ئاسایش لەسەر سنووری عێراق - ئێران | ٢٨٨ |
| ٤٠ | لیستی ناوی ئەفسەرانی بەشداربووی شۆڕشی ئەیلوول | ٢٩٩ |
| ٤١ | چەند زانیارییەکی پەیوەست بە کات و پلە سەربازییەکان | ٣٠٨ |
| ٤٢ | ئەلبوومی وێنەکان | ٣١١ |
| ٤٣ | سەرچاوەکان | ٣٢٥ |

## دەروازە

ڕۆژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە عێراق بە سەرکردایەتی «عەبدولکەریم قاسم» کودەتای سەربازی کرا کە بەهۆیەوە سیستەمی پادشایی گۆڕا بۆ سیستەمی کۆماری، بەم ڕووداوە دەرفەتی زیاتر بۆ گەڕانەوەی مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ڕەخسا کە لە ساڵی ١٩٤٧ پەنایان بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بردبوو. دوای گرتنەبەری ڕێوشوێنە پێویستەکان، لە ٦/١٠/ ١٩٥٨ لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی موسەنا لە نێو ئاپۆرای جەماوەر بە کورد و عەرەب و تەواوی پێکهاتەکانەوە بە فەرمی لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەت پێشوازی لێکرا.

هەرچەندە هەموو پشتیوانییەکی خۆی و گەلی کوردی، بۆ سەرکەوتنی کۆماری عێراق، بە ئامانجی چارەسەرکردنی دۆزی گەلی کورد لە ڕێگەی گفتوگۆ و دیالۆگەوە دەربڕی و لەسەر ڕێکخستنەوەی حکومڕانی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم ڕێککەوتن، بەڵام لە ١٩٥٨/١١/٢٦، ڕەوتی شۆڤینی ناو حکوومەت لە شاری کەرکووک نیازخراپی خۆی ئاشکرا کرد، کاتێک هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانییاندا و چەند جارێکی تر دووبارە بوویەوە. دوای هەوڵە سەرنەکەوتووەکەی، بە مەبەستی لەکەدارکردن و شێواندنی پێگە و کەسایەتی مستەفا بارزانی کە وەکو پاڵەوانێکی سەردەم دەنگیدابوویەوە، کەوتنە دروستکردنی کێشە و گیروگرفت و کارکردن بە ئاڕاستەی دروستکردنی دووبەرەکی لە نێو کورددا.

لەگەڵ ئەوەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان لەپێناو چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد، بۆ دوورخستنەوەی شەڕ و خوێنڕشتن هەوڵی زۆری لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا، تەنانەت لە کۆنگرەی پێنجەمی خۆیدا کە لە ١٩٦٠/٥/١ لە بەغدا بە ئاشکرا بەستی، بۆ ڕازیکردنی وەزارەتی ناوخۆی عێراقی، هەندێک گۆڕانکاری لە بەند و ماددەی پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی کاری خۆیدا کرد، وەك گۆڕینی ناوەڕۆکی برگەی (٢٣)، کە تایبەت بوو بە (مافی سەربەخۆیی کورد لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان)، لە جێگای ئەو برگەیەدا ئەو دەقە دانرا(ئێمە هەوڵی پشتیوانیکردنی برا کوردەکانمان دەدەین، لە هەر کوێیەك بن لە تێکۆشاندا بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان و ڕزگاربوونیان، هەروەها هەوڵی پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی عێراقیان بۆ دەستەبەردەکەین)[1]، بەڵام

(١) د. شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی

ئەمانــە و زۆر هەنــگاوی تــری نیازپاکانــەی مســتەفا بارزانــی و پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، نەیانتوانــی هەڵوێســتی دەســتەڵاتدارانی بەغــدا بگــۆڕن، تەنانــەت عەبدولکەریـم قاسـم کەوتـە هانـدان و دەسـت لەپشـتدانی هەندێـک لـە سـەرۆك تیـرە و هــۆزە کوردییــەکان بــۆ دژایەتیکردنــی پارتــی و بارزانــی.

لــە مانگــی کانوونــی دووەمــی ١٩٦١ بــۆ گەیشــتن بــە چارەســەرێکی ئاشــتیانە، مســتەفا بارزانــی بــە ســەرکردایەتی شــاندێك ســەردانی بەغــدای کــرد، تــا لەگــەڵ عەبدولکەریــم قاســم گفتوگــۆ بــکات، بــەڵام عەبدولکەریــم قاســم نــەك بــە پیــر شــاندەکەوە نەهــات، بەڵکــو ئاهەنگــی بــۆ چەنــد ســەرۆك تیــرە و هۆزێــک ڕێکخســت کــە نەیــاری مافەکانــی کــورد بــوون. ســەرەنجام لــە ١١ی ئەیلوولــی ١٩٦١، شۆڕشــی ئەیلــوول بــە ڕابەرایەتــی مــەلا مســتەفا بارزانــی هەڵگیرســا.

لــەم پەرتووکــەدا هەوڵــمان داوە، لــە ڕوانگەیەکــی ســەربازییەوە بــاس لــە ڕووداوەکانــی ئــەو شۆڕشــە مەزنــە و ئامادەکارییەکانــی ســەرکردایەتی شــۆڕش بکەیــن، بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی هێــرش و پەلامــارە بــێ پاســاوەکانی ســوپا شــۆڤینیەکەیەوە بــۆ ســەر خــاک و گەلــی کوردســتان و ئــەو هێرشــانەمان بــە نەخشــەی ســەربازیی خســتووەتەڕوو. هەروەهــا لــە پێنــاو ڕوونکردنــەوەی زیاتــری مەبەســتی پەرتووکەکــە، بــە کورتــی باســمان لــە هــەوڵ و ڕێککەوتنــە سیاســی و ئاشــتیخوازانەکانی شۆڕشــی ئەیلــوول لەگــەڵ ڕژێمــی بەعســی لەناوچــوو کــردووە و بــۆ کارئاســانی ڕووداوەکانمــان دابەشــی ســەر چەنــد بەشــێک کــردووە. دیــارە هیــچ کارێکیــش بــێ کەموکــوڕی نابێــت، هاوکاریتــان لــە دەوڵەمەندکردنــی ئــەم پەرتووکــە جێگــەی ڕێــز و پێزانینــە.

**نووسەر**

---

نەتــەوەی کــورد لــە عێراقــدا ١٩٤٦-١٩٧٥، و. ســوارە قەڵادزێــی، چاپــی یەکــەم، (کەرکــووك _ چاپخانــەی شــەهید ئــازاد هەورامــی _ ٢٠١١ ) ل ١٧١.

# بەشی یەکەم

# هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول

## هەوڵە ئاشتیخوازەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

هەرچەنـدە حکوومەتـی عێـراق دەرگای چارەسـەرکردنی کێشـە و گرفتەکانـی داخسـت، بـەڵام پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە هەوڵـی ئاشـتیخوازانەی بەردەوامبـوو، مسـتەفا بارزانـی وەکـو سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، لـە ڕێـگای مەکتەبـی سیاسـییەوە یاداشـتنامەیەکی ئاڕاسـتەی عەبدولکەریـم قاسـم کـرد[1]، کـە ئەمـە دەقـی یاداشـتنامەکەیە:

بەڕێـز سـەرۆك وەزیـران و فەرمانـدەی گشـتی هێـزە چەکـدارەکان، لیـوا ڕوکـن عەبدولکریـم قاسـم

لای هیـچ کەسـێك شـاراوە نییـە کـە گەلـی کـورد هـەر لـە ڕاگەیاندنـی شۆڕشـەوە، تێکەڵـی ئـەو شۆڕشـە بـوو. پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی پێشـڕەوی گەلـی کـورد، هەمـوو توانایەکـی خـۆی خسـتە بەردەسـتی سـەرکردایەتیی شـۆڕش لـە سـاتەکانی بەراییـدا، کـە ئەمـەش کارێـك بـوو کاریگەرییەکـی زۆری لـە پووچەڵکردنـەوەی پیلانـی ئیمپریالسـتەکان هەبـوو، کـە بـە دانپێدانانـی دۆسـت و دوژمـن بـۆ کۆمارەکەمـان دەیاننایـەوە. گەلـی کوردیـش هیـوای وابـوو، کـە شـۆڕش واڵاکردنـی سـەردەمێکی تـازە بێـت، بـۆ پەیوەندیـی نێـوان هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـوردی بـرا بـە بنیاتنانـی لەسـەر بنچینـەی یەکسـانییەکی تـەواو لـە نێوانیانـدا، بـە جۆرێـك کـە ئـازادی و دیموکراسـی و ئاشـتی و بـواری بەرفـراوان بـۆ هەریەکەیـان برەخسـێنێ بـۆ وەدیهێنانـی ئـەو ئاواتـە نەتەوەییـە ڕەوایانـەی بۆیـان دەچێـت لـە چوارچێـوەی یەکێتییەکـی عێراقـی ڕاسـتگۆیانەدا، لـە سـۆنگەی ئـەو ئـارەزووە میللییـە دڵسـۆزانەیەوە، پارتیـمان هـەر لـە سـەرەتاوە ئـەو دروشـمانەی هەڵگـرت، کـە خوازیـاری ژیـان و چەسـپاندنی برایەتیـی کـورد و عـەرەب بـوون لـە سـایەی کۆمـاری عـەرەب و کوردانـدا، هەروەهـا ئـەو دروشـمانەش، کـە خوازیـاری بەرهەڵسـتی جیابوونـەوە و جیاخـوازی بـوون.

هەمووشـمان دڵـمان بـەوە خـۆش بـوو، کـە بنەمـای هاوبەشـی نێـوان عـەرەب و کـورد و دانـان بەمافـی نەتەوایەتـی کـورد خرایـە نـاو دەسـتووری کۆمـاری عێراقـەوە وەك دەقێـك، پێشـبینی ئەوەشـمان دەکـرد لـە هەمـوو لایەنێکـی ژیانـی

(١) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی کـورد- شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگـی سـێیەم، بەشـی یەکـەم، چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە _ ٢٠٠٤) ل ٢٧١.

کۆمەڵگــەی کوردســتانیدا، هەســت بــە شــوێنەوارەکانی بکرێــت، بــۆ پەرەپێــدان و پێشخســتنی گەلــی کــورد، بــەڵام هیــچ شــتێك لــەم بابەتــە ڕووی نــەدا، تەنانــەت پــڕۆژەی خوێندنــی کــوردی، کــە حکوومــەت دوای دەســتپێکردن و دواخســتنێکی زیاتــر لــە ســاڵێك، بــە شــەپڕێوی و پەککەوتەیــی و بــێ دەســەڵاتی و بێــزراوی هاتــە ئــاراوە و هیــچ شــتێکی لەوانــە تێــدا نەبــوو، کــە گەلــی کــورد لــە دامەزراندنــی ئــەو پڕۆژەیــەدا هیــوای بــۆ دەخواســت، تەنانــەت ناوەکەشــی، واتــە ناوەکەشــی وا لــێ نەنــرا، کــە گەلــی کــورد حــەزی لێــی بــوو و پێــی خــۆش بــوو. ڕاســتە گەلــی کــورد بــۆ چەنــد کاتێــك و ماوەیەکــی کــەم بــەو مافــە دیموکراتییانــەی شــۆڕش بەســەرتاپای گەلــی عێراقــی ڕەوا بینیبــوو، شــادبوو، بــەڵام ئەمــە زۆری نەخایانــد و هەروەهــا شــوێنەواری ئــەو نســکۆیەی بەســەر دیموکراســی هــات لــە وڵاتــدا، ســەبارەت بــە گەلــی کــوردەوە دوو هێنــدە بــوو، چونکــە هەســتی بــەوە دەکــرد، کــە نــە تەنیــا لــە هەمــوو مافــە نەتەوەییەکانــی بێبەشــە، بگــرە بــووە نیشــانە و ئامانجــی شــاڵاوێکی تونــدی چەوســانەوەی نەتەوەیــی، بــۆ نموونــە نــەك بــۆ دەستنیشــانکردنی گشــتی، وا لــە خــوارەوە هەندێــک ڕواڵەتــی سیاســەتی ئــەو چەوســانەوە نەتەوەییــەی دژی گەلــی کــورد لــە عێــراق پەیــڕەو دەکــرێ، دەخەینــەڕوو:

١. ڕاگرتــن و پەکخســتنی مــاددەی (٣) ســێی دەســتوور بــە تەواوەتــی و بەئەنقەســت پشتگوێخســتنی ئــەوەی، کــە کۆمــاری عێــراق کۆمــاری عــەرەب و کــوردە لــە هەمــوو بۆنەیەکــدا، کــە باســکردنی ئــەوە بــە پێویســت بزانرێــت.

٢. بــە کــردەوە ڕاگرتــن و پەکخســتنی کارەکانــی بەڕێوەبەرایەتیــی گشــتیی خوێندنــی کــوردی و گۆڕینــی بــۆ تەنیــا فەرمانگەیەکــی پێوەندیــی نێــوان وەزارەتــی مەعاریــف و، بەڕێوەبەرایەتیــی مەعاریــف لــە هەریــەك لــە ســلێمانی و هەولێــر.

٣. بێبەشــکردنی قوتابیــی کــورد لــە خوێنــدن بــە زمانــی نەتەوەیــی خــۆی لــە قوتابخانــە ناوەنــدی و دواناوەندییەکانــدا، هــەر وەکــو مافــی مــرۆڤ بــە پێویســتی دەزانێــت، ســەرەڕای ئــەوەی کــە ئــەو مافانــە بەپێــی دەســتوور دانیــان پێدانــراوە.

٤. کەمتەرخەمــی کــردن و پشتگوێخســتنی بەکارهێنانــی زمانــی کــوردی وەك زمانێکــی فەرمــی لــە فەرمانگــە حکوومییــەکان لــە پارێــزگا کوردیــەکان، لــە

کاتێکـــدا تەنانـــەت حکوومەتەکانـــی ســـەردەمی پاشـــایەتی، نەیانوێـــراوە گەلـــی کـــورد بەتەواوەتـــی لـــەم مافـــە بێبـــەش بکـــەن.

٥. دانەمەزراندنی فەرمانبەرانی کورد لە ناوچەکانی کوردستان.

٦. گوێزرانـــەوە و دوورخســـتنەوەی فەرمانبەرانـــی کـــورد بـــۆ باشـــووری عێـــراق و تەنانـــەت ئـــەو فەرمانـــە بەســـەر پۆلیسیشـــدا جێبەجـــێ دەکـــرا.

٧. تەرخاننەکردنـــی هیـــچ بەشـــێك لـــە پـــڕۆژەی پیشەســـازی و کشـــتوکاڵ و ئاوەدانـــکاری و پـــڕۆژەی تریـــش لـــە پلانـــی ئابـــووری بـــۆ لیـــوا کوردییـــەکان و، زیاتـــر لـــە ٩٠٪ ی ئـــەو پڕۆژانـــەش کـــە حکوومـــەت خۆیـــان پـــێ هەڵدەکێشـــێ و شـــانازییان پێـــوە دەکات، پـــڕۆژەی کۆنـــن، کـــە دەســـتییان پێکرابـــوو، یـــان خەریـــك بـــوو کۆتاییـــان پێدەهـــات کاتێـــك کـــە شـــۆڕش ڕووی دا. نـــەك تەنیـــا هـــەر ئەمـــە، بگـــرە حکوومـــەت کەوتـــە درێغـــی کـــردن لـــە تەواوکردنـــی هەندێـــك لـــەو پڕۆژانـــە هـــەر چەنـــدە گرنـــگ بـــوون و ماوەیەکـــی زۆریشـــیان بەســـەر تێپـــەڕ ببـــوو، هەروەهـــا هەندێکـــی تـــری لـــەو پڕۆژانـــە لابـــرد وەك پڕۆژەیەکـــی پیشەســـازی، کـــە حکوومـــەت بڕیاریدابـــوو لـــە هەولێـــر ئەنجامـــی بـــدات، بـــەڵام گوازرایـــەوە بـــۆ ناوچەیـــەك لـــە دەرەوەی کوردســـتان، ئـــەو پڕۆژەیـــەش کارگـــەی گـــۆرەوی و جلـــی ژێـــرەوە و شـــتی تـــر بـــوو.

٨. قبوڵنەکردنـــی قوتابیانـــی کـــورد لـــە کۆلێـــژی ســـەربازی و بەرزنەکردنـــەوەی پلـــەی ئـــەو ئەفســـەرە کوردانـــەی شایســـتەی پلـــە بەرزکردنـــەوەن و ئەنجامدانـــی کاری ســـتەمکارانە دەرهـــەق بـــە هەندێککیـــان، ئەمـــەش بەشـــێکی زۆری ناچارکـــردن داوای دەســـت لەکارکێشـــانەوە بکـــەن.

٩. هەندێـــك دامـــودەزگای حکوومـــەت باوەشـــیان بـــۆ دەرەبەگـــە کـــوردەکان کـــردەوە، کـــە هـــەواداری ئیمپریالـــزم و نۆکەرانـــی نـــوری ســـەعید و عەبدولئیـــلا بـــوون، ئەوانـــەی کـــە گەلـــی کـــورد بەخایـــن و ناپاکیـــان دەزانیـــن، ئـــەوان پـــارە و چەکیـــان بەســـەردا بارانـــدن و دەســـتیان لـــە پشـــتدان و هانیـــان دان، کـــە لەڕێگـــەی دوژمنایەتیکردنـــی بەرژەوەندیـــی گەلـــی کـــورد و بەرژەوەندیـــی کۆمـــاری عێـــراق بـــەردەوام بـــن.

١٠. ڕێزلێنانـــی هەندێـــك دامـــودەزگای دەوڵـــەت لـــەو فەرمانبەرانـــەی دوژمنایەتـــی خۆیـــان بـــۆ نەتـــەوەی کـــورد دەســـەلمێنن، هەروەهـــا لـــە خۆیـــان نزیـــك دەکەنـــەوە و پێـــش خەڵکـــی تریـــان دەخـــەن. مەبەستیشـــمان لەوانـــە ئـــەو

فەرمانبەرانـــەن، کـــە هیـــچ خەمێکیـــان نییـــە، ئـــەوە نەبـــێ درزی نێـــوان گەلـــی کـــورد و حکوومەتـــی ئێســـتا فراوانـــتر بکـــەن و بەکردەوەکانیـــان کـــە پێچەوانـــەی یاســـایە و دژ بـــە ئامانجەکانـــی گەلـــە لـــە شۆڕشـــی ١٤ی تەمـــووز کینـــە و ڕق لێکبوونـــەوە لـــە نێـــوان کـــورد و عـــەرەب بـــڵاو دەکەنـــەوە.

١١. چەوســـاندنەوەی پارتیـــمان، پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان پێشـــڕەوی گەلـــی کـــوردی خەباتگێـــڕ لەپێنـــاوی مافـــە نەتەوەییەکانـــی، دڵســـۆز بـــۆ یەکێتـــی عێـــراق و ئامانجەکانـــی ١٤ی تەمـــووزی ڕزگاریخوازانـــەی دیموکـــرات، چەوســـاندنەوەیەك زۆر لـــەوە زیاتـــر بـــوو، کـــە کـــورد لـــە ســـەردەمی دوابـــڕاودا گیـــرۆدەی ببـــوو و چێشـــتبووی.

١٢. ســـڕینەوە و لەنێوبردنـــی ڕۆژنامەوانیـــی کـــوردی و داخســـتنی ئـــەو ڕۆژنامـــە و گۆڤارانـــەی بـــە زمانـــی کـــوردی دەردەچـــوون وەك (خەبـــات و کوردســـتان و ئـــازادی و صـــوت الاکـــراد و ڕاســـتی و هەتـــاو ... هتـــد).

١٣. نواندنـــی هەڵوێســـتێکی تەماشـــاکەرانە بەرانبـــەر ئـــەو ڕۆژنامـــە و گۆڤارانـــەی داوای تواندنـــەوەی گەلـــی کـــورد و نکۆڵـــی مافـــە نەتەوەییەکانـــی دەکـــەن، ئـــەو شـــاڵاوە ســـتەمکارانەیەی ناوبەنـــاو هەندێـــک ڕۆژنامـــە دەینوێنـــن، ئەوانـــەی کـــە پێوەندیـــی پتەویـــان بـــەم لایـــەن یـــان بـــەو لایەنـــی بەرپرســـی دەوڵەتـــەوە هەیـــە.

١٤. ســـووکایەتیکردن بـــە گەلـــی کـــورد بـــە وەســـفکردن و ناونانـــی شـــۆڕش و ڕاپەڕینـــە ڕزگاریخـــوازە نیشـــتمانییەکانی، کـــە لـــە پێنـــاوی ڕزگارکردنـــی خـــۆی بـــە تایبەتـــی و گەلـــی عێـــراق بەگشـــتی ئەنجامـــی داون، گوایـــا تەنیـــا بەڕاســـپاردە و هانـــدان و دەســـت لەپشـــتدانی ئیمپریالیزمـــن.

١٥. بایـــەخ نـــەدان بـــە هەســـت و کەرامەتـــی گەلـــی کـــورد و دژایەتیکردنـــی لـــەوەی کـــە خـــۆی بـــە گەلێـــك دەزانێـــت و تایبەتمەندیـــی نەتەوەیـــی جیاکـــەرەوە و نیشـــتمانی تایبەتیـــی خـــۆی هەیـــە، دژایەتیکـــردن و ســـەرپێ دانەوانـــدن و بـــە کەمزانینـــی هەســـتە نەتەوەییەکـــەی بـــە ڕێگـــە و شـــێوازی جیـــاواز.

١٦. پێڕەوکردنـــی سیاســـەتی (دووبەرەکـــی بنێـــوە، زاڵ دەبیـــت)ی ئیمپریالیزمـــی، بـــە شـــێوەیەکی ئاشـــکرا، لـــە لایـــەن هەندێـــك لایەنـــی حکوومەتییـــەوە. لـــە ڕواڵەتـــی ئـــەو سیاســـەتەش گواســـتنەوەی مەڵبەنـــدی ڕاهێنانـــی تـــازە

بانگكـــراوەكان بـــۆ خزمەتـــی ئـــاڵا، لـــە كـــورد بـــۆ لیواكانـــی باشـــوور و بـــرا عەرەبەكانمـــان بـــۆ لیـــوا كوردییـــەكان و ڕاگوێزانـــی ســـەربازە كـــوردەكان بـــۆ باشـــوور و عەرەبـــەكان بـــۆ كوردســـتان وبەكارهێنانیـــان بـــۆ كوژاندنـــەوە و ســـەركوتكردنی هـــەر پشـــێوییەك كـــە دانیشـــتووان ئەنجامـــی دەدەن ودیارتریـــن نموونـــەی ئەمـــەش بەكارهێنانـــی ســـەرباز و پۆلیســـە كـــوردەكان بـــوو بـــۆ نەهێشـــتن وســـەركوتكردنی مانگرتنـــی شـــوفێری ئۆتۆمبێلـــەكان، بەتایبەتیـــش لـــە ناوچـــەی ئەعزەمیـــە.

١٧. گرتـــن و دوورخســـتنەوە و دەستبەســـەركردنی بـــە كۆمەڵـــی نیشـــتمانپەروەرانی كـــورد، بـــە تایبەتیـــش مامۆســـتایان، تەنانـــەت ســـەرجەم مامۆســـتایانی هەندێـــك قوتابخانـــە دەستبەســـەركراون بـــە بەڕێوەبەرەكانیشـــیانەوە، ئەمـــەش بـــووە هـــۆی ئـــەوەی دەرگای قوتابخانـــە بـــە ڕووی قوتابیانـــەوە دابخرێـــت، هـــەر وەكـــو لـــە قوتابخانـــەی بیبـــۆ لـــە ناوچـــەی ئامێـــدی ڕوویـــدا.

١٨. جیـــاوازی كـــردن لـــە نێـــوان عـــەرەب و كـــورد، تەنانـــەت لەوەشـــدا كـــێ پێوەندیـــی بـــە ئازادكـــردنی گیـــراو ودوورخـــراو و دەستبەســـەرەكانەوە هەیـــە، ئەوانـــەی كـــە دەســـەڵاتدارن بـــێ هیـــچ بەڵگـــە و هۆیـــەك فڕێیـــان دەدەنـــە گرتووخانـــە و زیندانەكانـــەوە. ئەوەتـــا حكوومـــەت دەیەوێـــت هەندێككیـــان ئـــازاد بـــكات، بـــۆ ئـــەوەی جێگـــە چۆڵبكرێـــت بـــۆ كۆمەڵێكـــی تـــر، زۆر بـــە ئاشـــكرا جیـــاوازی دەكرێـــت لـــە نێـــوان گیـــراو و دوورخـــراوە و دەستبەســـەری عـــەرەب و كـــورد. پێـــش ئێســـتە ڕووینـــەداوە هیـــچ لیســـتێك لەوانـــە كوردێكـــی تێـــدا بێـــت، مەگـــەر هەڵـــە و لێتێكچـــوون لـــە ڕەگەزنامەكـــەدا ڕوویدابێـــت.

١٩. بێدەنگیـــی حكوومـــەت بەرانبـــەر بـــەو دەســـتدرێژی و تیـــرۆرەی لـــە بەرانبـــەر كـــورد لـــە ئارادایـــە، بـــە تایبەتـــی لـــە كەركـــووك، هەروەهـــا وەســـتانی حكوومـــەت وەكـــو كەســـێكی ســـەیركەری ئـــەو كارانـــە و وەك هانـــدەر بۆیـــان. ئـــەم كارانـــە و گەلێكـــی تریـــش ئـــەو سیاســـەتە دوژمنایەتییـــە بـــە ڕوون و ئاشـــكرا دەریدەخـــەن، كـــە هەندێـــك لایەنـــی حكوومـــەت بەرانبـــەر بـــە گەلـــی كـــوردی دڵســـۆز بـــۆ ئامانجـــی شۆڕشـــی ١٤ی تەمـــووزی ڕزگاریخـــواز و دیموكـــرات و برایەتـــی عـــەرەب كـــورد و تێكۆشـــەری دژی ئیمپریالیـــزم و كلـــك و پیلانەكانـــی پێـــڕەوی دەكـــەن.

لــە دوا هەوڵیشــیدا لــە ٦/٩/١٩٦١[1] بڕیــاری مانگرتنــی سیاســی سەرتاســەری لــە کوردســتان درا، بــەڵام حکوومەتــی عەبدولکەریــم قاســم لەبــری ملــدان بــۆ ئــەو هەوڵــە ئاشــتیخوازانە، بــۆ وەڵامدانــەوەی میللــەت جووڵــەی بــە هێــزی ســەربازی کــرد و لــە ٩/٩/١٩٦١ هێزەکانــی ســوپا، دەربەندیخانیــان تۆپبــاران کــرد، ڕۆژی دوایــی بــە هــاوکاری هێــزی ئاســمانی پەلامارێکــی تــازەی دەســتپێکرد، بەمــەش گەلــی کــورد بــۆ بەدەســتهێنانی مافەکانــی لــە بەرگریکــردن، ڕێگایەکــی دیکــەی لــە بەردەمــدا نەمایــەوە. ســەرئەنجام لــە ١١/٩/١٩٦١ شۆڕشــی ئەیلــوول بــە ڕابەریــی مســتەفا بارزانــی و ســەرکردایەتی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و بەشــداری ســەرجەم چیــن و توێژەکانــی گەلــی کوردســتان هەڵگیرســا، کــە تێیــدا:

١. شۆڕش بە ناوی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ ناسرا.
٢. هێزی چەکدار بە هێزی پێشمەرگە ناونرا.
٣. دروشمی (کوردستان یان نەمان) بەرز کرایەوە.
٤. ئامانجی شۆڕش بە بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دیاری کرا.

---

(١) نجــم ســەنگاوی، کوردســتان و ســەرکردە و دەســەڵات و شۆڕشــەکانی لــە ١١٦٩ - ١٩٩٤، چاپــی یەکــەم (٢٠١٤) ل ٦٢٣.

## به‌ دامه‌زراوه‌كردنی شۆڕشی ئه‌یلوول

هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای هه‌ڵگیرسانی شۆڕشی ئه‌یلوول، یه‌كێك له‌كارنامه‌كانی مسته‌فا بارزانی به‌ ڕێكخراوه‌كردن و به‌ دامه‌زراوه‌كردنی دامووده‌زگاكانی شۆڕش بوو، به‌ڵام له‌به‌ر هه‌ندێك هۆكاری ناوخۆیی و ده‌ره‌كی بۆ ماوه‌یه‌ك ئه‌و به‌رنامه‌یه‌ دواكه‌وت، به‌تایبه‌ت دوای جیابوونه‌وه‌ی گرووپی ئیبراهیم ئه‌حمه‌د و جه‌لال تاڵه‌بانی، كاتێك بوار بۆ مسته‌فا بارزانی ڕه‌خسا سه‌ردانی ده‌ڤه‌ری سلێمانی بكات، سه‌ره‌تا چووه‌ چوارتا و ده‌وروبه‌ری و له‌ ڕێكه‌وتی ١٩٦٤/٩/١٦ به‌ ئۆتۆمبێلی شێخ حوسێن بۆسكین گه‌یشته‌ شاری سلێمانی و له‌وێشه‌وه‌ گه‌یشته‌ ڕانیه‌. له‌م سه‌ردانه‌یدا چاوی به‌ زۆربه‌ی چین و توێژه‌كانی كوردستان كه‌وت، دواتر له‌ ١٩٦٤/١٠/٩ له‌سه‌ر ڕاسپارده‌ی مسته‌فا بارزانی[١] له‌ ژێر ناوی (ئه‌نجوومه‌نی سه‌ركردایه‌تی شۆڕشی ئه‌یلوول) بڕیار له‌ به‌ ڕێكخراوه‌كردنی شۆڕش درا بۆئه‌وه‌ی حزب تاكه‌ بڕیارده‌ر نه‌بێت، به‌ڵكو له‌ ڕێگای نوێنه‌ری چین و توێژه‌كانی كوردستان، بڕیار له‌سه‌ر ناوچه‌كانیان بده‌ن و ئه‌ركه‌كانیان ڕایی بكه‌ن، (ئه‌نجوومه‌نی سه‌ركردایه‌تی شۆڕشی ئه‌یلوول) له‌ ٦٥-٦٣ كه‌سایه‌تی پێكهاتبوو، كه‌ ئه‌مانه‌ بوون[٢]:

١. كۆمیته‌ی ناوه‌ندیی پارتی دیموكراتی كوردستان.
٢. فه‌رمانده‌كانی له‌شكری شۆڕشگێڕی كوردستان.
٣. دوو ئه‌ندام له‌ سه‌ركردایه‌تی حزبی شیوعی عێراقی.
٤. دوو مه‌لای ئایینی.
٥. قه‌شه‌یه‌كی كریستیان به‌ناوی ئه‌بوونا.
٦. عه‌باس مامه‌ند ئاغا.
٧. كاكه‌ زیاد حه‌مه‌ ئاغا.
٨. ئه‌نوه‌ر به‌گی بێتواته‌.

---

(١) ره‌فیق ره‌حمان مام خوڵ، مسته‌فا بارزانی، ژیان و ڕۆڵ و هه‌ڵوێستی له‌ پێشهاته‌ سیاسیه‌كاندا ١٩٥٨-١٩٧٠، ل ١٤٦ .

(٢) حامید گه‌وهه‌ری، مسته‌فا بارزانی پێشمه‌رگه‌ و سه‌رۆك چاپی یه‌كه‌م (هه‌ولێر _ چاپخانه‌ی رۆژهه‌ڵات _ ٢٠١٧) ل ٣٨٩.

٩. مەحمود بەگی گولی.

١٠. شێخ ڕەئوفی هەنجیره.

١١. وەهاب ئاغای جوندیان.

١٢. بابەکر ئاغا.

١٣. حاجی برایمی چەرمەگا.

١٤. کوێخا سمایلی تەلان.

١٥. شێخ حوسێنی بۆسکین.

١٦. شێخ محەمەدی بالیسان.

ئەنجوومەن لە نێو خۆیدا لێژنەی بەڕێوەبەری مەکتەبی تەنفیزی هەڵبژارد و هەریەك لەوانە بۆ ماوەیەك سکرتێری ئەم لێژنەیە بوون:

١. مستەفا قەرەداغی

٢. نافیز جەلال

٣. مەحمود عوسمان

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول، وەك ڕۆڵی پەرلەمان و مەکتەبی تەنفیزیش وەك ڕۆڵی حکوومەت و بەشەکانی حکوومەت بوون، کە لە (شارەوانی، دارایی، دادوەریی، پەروەردە، پزیشکی، هەواڵگری و ئاسایش و..هتد) پێکهاتبوو.

یەکەمین ڕێکخستنی لەشکری کوردستان لە کۆبوونەوەی( عەودالان) لە ٥-١٩٦١/١٢/٢٩ بڕیاری لەسەر درا و لە ١٩٦٢/١/١ لە گوندی ڕێزنییە جێبەجێ کرا، کە لە (دەستە و پەل و لق و بەتالیۆن) پێکهێنران[1].

لە ساڵی١٩٦٤ هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوی ( لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان )ی لێ نرا، کە بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١. مستەفا بارزانی، فەرماندەی گشتی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان.

---

(١) ئاری فاروق نانەکەلی، دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی یەکەم (هەولێر _ ٢٠١٦) ل ١٣٥.

٢. نوری مەلا مەعروف، سەرۆك ئەرکانی لەشكر.

٣. لەشـــکری یەکـــی بادینـــان بـــە ســـەرکردایەتی ئەســـعەد خۆشـــەوی، هێزەکانـــی ئەمانـــە بـــوون[(١)] :

١. فەرماندەی هێزی زاخۆ، عیسا سوار.

٢. فەماندەی هێزی دهۆك، عەلی خەلیل.

٣. فەرماندەی هێزی شێخان و ئاکرێ، حەسۆ میرخان دۆلەمەری.

٤. لەشـــکری دووی هەولێـــر بـــە ســـەرکردایەتی ڕەشـــید ســـندی، هێزەکانـــی ئەمانـــە بـــوون:

١. فەرماندەی هێزی سەفین، تاهیر عەلی والی.

٢. فەرماندەی هێزی کاوە، حەسۆ میرخان ژاژۆکی.

٣. فەرماندەی هێزی بێتواتە، عەلی شەعبان.

٥. لەشـــکری ســـێی ســـلێمانی و کەرکـــووک بـــە ســـەرکردایەتی موقـــەدەم عەزیـــز ئاکرەیـــی، هێزەکانـــی ئەمانـــە بـــوون:

١. فەرماندەی هێزی خەبات، عەبدولوەهاب ئەتروشی.

٢. فەرماندەی هێزی قەرەداغ، فازڵ تاڵەبانی.

٣. فەرماندەی هێزی ڕزگاری، تاریق ئەحمەد.

هـــەر هێزێـــک لە(٣)بەتالیـــۆن کەمـــتر نەبـــوون، هـــەر بەتالیۆنێکیـــش لـــە (٣) لـــق کەمـــتر نەبـــوو.

هـــەر لـــە ســـەرەتای دەســـتپێکردنی شـــۆڕش، خەڵکێکـــی زۆر بـــە مەبەســـتی بـــوون بـــە پێشـــمەرگە ڕوویـــان لـــە ناوچـــە ئازادکراوەکانـــی کوردســـتان کـــرد، زۆربـــەی ئەفســـەر و ســـەربازەکانی نێـــو ڕیـــزی ســـوپای عێراقـــش پێوەندیـــان بـــە شۆڕشـــەوە کـــرد، لـــە هەمـــان کاتـــدا زۆربـــەی زۆری پۆلیســـە کـــوردەکان بـــە چـــەك و ئامێـــری بێتـــەل و کەلوپەلـــی ســـەربازی پێوەندیـــان بـــە شۆڕشـــەوە کـــرد، جگـــە لـــە کـــورد خەڵکـــی دیکـــەش

(١) مەســعود بارزانــی، بارزانــی و بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کورد،بەرگــی ســێیەم، بەشــی یەکــەم، شۆڕشــی ئەیلــوول ١٩٦١-١٩٧٥، چاپــی یەکــەم (هەولێــر _ چاپخانــەی وەزارەتــی پــەروەردە _ ٢٠٠٤) ل ١٨٧.

لـە پێکهاتەکانـی وەک (ئاشــووری و تورکـمان و عـەرەب) بەشــداریان کـرد و لـە نـاو شـۆڕش ڕۆڵـی بەرچاویـان هەبـوو و شـەهیدیشــیان داوە، لـە هەمـان کات ژمارەیـەک لـە کـوردە دڵسـۆزەکانی پارچەکانـی تـری کوردسـتان پێوەندیـان بـە شۆڕشـەوە کـرد و هەندێککیـان بـە مـاددی و مەعنـەوی هـاوکاری شۆڕشـیان دەکـرد.

لـەو کاتـەدا شـۆڕش توانـی سـنووری چالاکییەکانـی فراوانـتر بـکات، دوای شکسـتی سـوپای عێـراق لـە هەندێـک شـوێن کـە تـا ڕادەیـەك شـۆڕش دەسـتی کەوتبـوو، بـەڵام لەبــەر فراوانــی و پانتایــی ناوچــە ئازادکــراوەکان و زۆری پێشــمەرگە، لــە ســەرەتا شـۆڕش چـەك و جبەخانـە و توانـای مـاددی زۆری نەبـوو، هەرچەنـدە مسـتەفا بارزانـی هـەر زوو داوای هـاوکاری لـە هەندێـک وڵات کـرد، بـەڵام بـە بیانـووی جیاجیـا هـاوکاری شۆڕشــیان نەکـرد، ئەگــەر هاوکاریشــیان بکردبایــە، بــەراورد بــە توانـا و ئیمکانیاتــی سـوپای عێـراق شـایانی باسـکردن نەبـوون. لێـرەدا بـە گوێـرەی سـەرچاوەی بەردەسـت نـاوی ئـەو ئەفسـەرانە دەخەمـەڕوو، کـە لـە قۆناغـە جیاجیاکانـی شۆڕشـی ئەیلـوول بەشـداریان لـە شـۆڕش کـردووە[1]، هەرچەنـدە لـە هەندێـک سـەرچاوەی تـر بـە پلـەی تـر ناویـان هاتـووە، بـەڵام زۆربەیـان بـەو نـاو و پلانـە نـاسراون، کـە هەندێکیـان ئـەم بەڕێزانــەن:

(١) عـلي سـنجاري، حقيقـة مسـيرة ثـورة ١١ أيلـول ١٩٦١، الطبعـة الاولى (دهـوك _ مطبعـة خـاني _ ٢٠١٣) ص٧٢.

## پەیڕەوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش


ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش، بـە پێـی مـاددەی سـێیەمی دەسـتووری ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش و پاڵپشـت بـە مـاددەی نۆیەمـی تایبـەت بـە پێکهێنانـی نووسـینگەی ڕاپەڕاندنـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش، بـۆ باشـتر بەڕێوەچوونـی کاروبارەکانـی سـەرکردایەتی سـەربازی، پەیڕەوێکیشـی داڕشـت کـە لـەم ماددانـەی خـوارەوە پێکهاتبـوو:

**ماددەی یەکەم:**

١. سـەرکردایەتی سـەربازی ئەرکیـان تەنیـا کاروبـاری سـەربازییە، مافـی دەستخسـتنە نێـو کاروبـاری کارگێڕییـە نێوخۆییەکانیـان نییـە، تەنیـا لـە حاڵەتـی هاوکاریکـردن نەبێـت لـە نێـوان سـەرکردایەتی گشـتی و سـەرکردایەتی لەشـکرەکان لـە لایـەك و ئەنجوومەنـی کارگێـڕی بـاڵا و دەسـتەی بەڕێوەبردنـی هێـزەکان لەلایەکـی دیکـەوە، هەروەهـا لەگـەڵ دەسـەڵاتە دادوەرییـەکان لـە کاتـی پێویسـتدا بـە مەبەسـتی گۆڕینـەوەی بیروبۆچـوون و زانیـاری و گرتنەبـەری ڕێوشـوێنی پێویسـت، بەمەرجـی ئاگادارکردنـەوەی سـەرکردایەتی گشـتی و نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن بـەم پێوەندییـە لـە هـەردوو لایەنـەوە.

٢. لـە حاڵەتـی نـاکاو و شـەڕدا نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن بڕیـاری تایبـەت بـە هـاوکاری نێـوان دەسـەڵاتی سـەربازی، کارگێـڕی و دادوەری دەردەکات.

**ماددەی دووەم:** لەشکری کوردستان بەم شێوەیە دەبێت:



**ماددەی سێیەم:** پێکهاتەی ئەنجوومەنی بەرگری نیشتمانی:

1. **ئەندامەکان**

ئەندامە بنەڕەتییەکان

سوپاسالاری لەشکر

جێگری سوپاسالاری لەشکر

ئەندامانی زیادکراو

سەرکردەی لەشکرەکان (سەر لەشکرەکان)

ئەندامانی ڕاوێژکار

بەڕێوەبەری جووڵە و مەشقکردن و پلاندانان

بەڕێوەبەری هەواڵگری و ئاسایش

بەڕێوەبەری کارگێڕی

بەڕێوەبەری میرە و خواردەمەنی و گرێبەست و فرۆشتن

بەڕێوەبەری ژمێریاری

بەڕێوەبەری هۆبەی وردبینی

بەڕێوەبەری کەلوپەلی پزیشکی

بەڕێوەبەری ڕشتەکان

سەرۆکی دادگای باڵای سەربازی

ڕاوێژکاری دادی

2. **سکرتێر:** سکرتێری سوپا سالاری لەشکر، ئامادەکردنی پێویستییەکانی دانیشتن و ڕێکخستنی بڕیارەکان و نووسینەوە و دەرکردن و پێڕاگەیاندنی دەستەی ئەنجوومەن و نووسینگەی ڕاپەڕاندنی لە ئەستۆیە.

**ماددەی چوارەم:**

1. ئەنجوومەنی دادوەری بەرگری ئەم کارانەی خوارەوە ڕادەپەڕێنێت:

أ. وردبینیکردنی هەموو ئەو یاسا و ڕێسا دەرکراوانە، کە پەیوەستن بە

سـەرکردایەتی گشـتی و خسـتنەڕووی تێبینـی و پێشـنیاز.

ب. وردبینیکردنـی ئـەو ئـەرك و دەسـەڵاتانەی نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن دەیداتـە سـەرۆکی فەرمانگـەکان لـە بـارەگای گشـتی و دیاریکردنـی بیروبۆچوونـی.

ج. سـەیرکردنی هەمـوو ئـەو شـتانەی پەیوەسـتن بـە ڕێکخسـتنی لەشـکر و چەکدارکـردن و ئامادەکردنـی پێویسـتی و خـواردن و پێشکەشـکردنی پێشـنیازی تایبـەت لـەو بارەیـەوە.

د. سـەیرکردنی هەمـوو ئـەو کێشـە تایبەتیانـەی نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن دەینێرێتـە لایـان.

ه. هەڵبژاردنـی ئەفسـەری هـاوکار بـۆ بەرزکردنـەوەی پلـە و جێگیرکـردن و خانەنشـینی و ناردنـی پێشـنیازەکان بـۆ سوپاسـالاری لەشـکر، بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـەی خۆیـەوە بەمەبەسـتی بڕیـاردان بـۆ نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن بـەرزی بکاتـەوە.

٢. ئەنجوومەنـی بەرگـری سـیفەتی جێبەجێکردنـی نییـە، بەڵکـو ئەنجوومەنێکـی ڕاوێژکارییـە، مافـی ئـەوەی هەیـە، پێشـنیاز و بۆچوونـی خـۆی پێشـکەش بـە نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن بـکات.

٣. دانیشـتنەکانی ئەنجوومەنـی بەرگـری بـە سەرپەرشـتی سوپاسـالاری لەشـکر ئەنجـام دەدرێ، لـە حاڵەتـی ئامادەنەبوونـی، کۆنتریـن ئەنـدام سەرپەرشـتی دانیشـتنەکە دەکات.

٤. ئەنجوومەنـی بەرگـری لەسـەر داوای سـەرۆك، مـاوە نـا مـاوە کۆبوونـەوەی خـۆی دەبەسـتێ، بـۆ بڕیـاردان لەسـەر بابەتـە پەیوەسـتەکان.

**ماددەی پێنجە:** سوپاسالاری لەشکر

سوپاسـالاری لەشـکر، کـە لـە ڕاوێـژکاری سـەربازی بـاڵا لـە نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن و لەگـەڵ دوو ئەندامـی تـری سـەرکردایەتی شـۆڕش پێکدێـت، بەرپرسـن لـە کاری ئـەو فەرمانگانـە:

١. فەرمانگەی ئەرکانی گشتی.

٢. فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی.

٣. فەرماندەی لەشکرەکان (سەر لەشکرەکان).

**ماددەی شەشەم:** فەرمانگەی ئەرکانی گشتی.

١. سوپاسالاری لەشکر سەرۆکایەتی دەکات و لەم بەڕێوەبەرایەتیانە پێکدێت:

١. بەڕێوەبەرایەتی جووڵە و مەشق و پلاندانان.

٢. بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری و ئاسایش.

٣. بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی.

٤. بەڕێوەبەرایەتی میرە و خواردن و زیندەماڵ و گرێبەست و فرۆشتن.

٥. بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریی سەربازی.

٦. بەڕێوەبەرایەتی وردبینی.

٧. بەڕێوەبەرایەتی پزیشکی.

٨. ڕاوێژکاری داد.

٩. بەشی تێکۆشەران.

١٠. ڕشتەکان.

١١. دادگای سەربازی باڵا.

٢. ئەرکی ئەو بەڕێوەبەرایەتی و دەستانەی لە بڕگەی (١)ی سەرەوەدا هاتوون، خۆیان لەم ئەرکانەی خوارەوە دەبیننەوە:

١. سەبارەت بە پسپۆرییەکەی بەرچاوڕوونی بە سوپاسالاری لەشکر دەدات.

٢. سەرپەرشتیکردنی ئەو یەکانەی سەر بە ئەون بۆ دڵنیابوون لە باش بەڕێوەچوون و ڕێکخستنەکانیان و ڕاهێنانیان و پێدانی سەربەستی تەواو.

**ماددەی حەوتەم:** ئەرکەکان

**١. ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی جووڵە و پلاندانان و ڕاهێنان:**

١. دابەشکردنی یەکەکان.

٢. دانانی پلانی سەربازی .

٣. پێدانی ڕاوێژ سەبارەت بە جووڵەی شەڕ و ئەو فەرمانانەی لە بارەیانەوە دەدرێن.

٤. ڕەچاوکردنی بنەمای یاسا نێودەوڵەتییەکان. ئەوانەی پەیوەستن بە هێزە سەربازییەکانەوە.

٥. تێبینکردنی کاروباری ڕێکخستن و مەشقپێکردنی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

٦. ڕێکخستنی میلاکات و چاودێریکردنی.

٧. سەیرکردنی کاروباری هاتوچووکردن.

٨. پشکنینی یەکەکان و دامەزراوە سەبازییەکان.

٩. ئامادەکردن و هەڵبژاردنی ئەفسەری خولەکان.

١٠. دانانی کتێبی سەربازی و وەرگێڕان و سەرپەرشتیکردنی چاپ و بڵاوبوونەوەی.

١١. بەڕێوەبردنی کاری ڕشتەکان.

١٢. دەرکردنی ڕێنمایی سەبارەت بە لەپێشینەیی ئامادەکردنی یەکە و پێکهاتەکان.

١٣. کاروباری پۆستە.

١٤. ڕێکخستنی خشتەکانی تایبەت بەپێی لەشکرەکە بە هەموو کەرستە و پێداویستی و چەك و تەقەمەنی و کەسەکان و شتی تر.

**٢. کار و ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری و ئاسایش:**

١. هەواڵگری سەربازی.

٢. ئاسایشی سەربازی.

٣. ئەرکی پێوەندییە گشتییەکان و ڕیکلام ڕادەپەڕێنێت.

٤. سانسۆردانان لەسەر چاپکراو و بڵاوکراوەکان و وەرگرتنی هۆکاری پێویست بۆ شاردنەوەی نهێنی سەربازی.

**٣. بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی، چاودێری کاروباری ئەمانە دەکات:**

١. زاڵبوون بەسەر کارە خۆبەخشییە گشتییەکان.

٢. ڕێکخستنی دادگا گشتییەکان.

٣. دیلەکانی شەڕ.

٤. کارە خودییەکان.

٥. یاسا و ڕێساکانی لەشکر و بڕیارەکانی.

٦. بەکارخستنی ئەفسەرەکان و پێدانی پلە و خانەنشین کردنیان.

٧. پاداشتەکان.

٨. مامەڵەکانی ئەفسەر و پێشمەرگە.

٩. ڕێکخستنی نووسراو و تۆمار.

١٠. شەهید.

١١. ڕێکخستنی خشتەی کەسەکان .

**٤. کار و ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی میرە و خواردن و زیندەماڵ و گرێبەست و فرۆشتن:**

١. ڕێکخستنی پلانی کارگێڕی، چاودێریکردنی کاری خزمەتگوزاری گرێبەست و فرۆشراوەکان.

٢. دانیشتووان.

٣. بابەتی تاپۆکردن و بەکرێدان.

٤. گواستنەوە و کرێی گواستنەوە.

٥. بەڕێوەبردنی دوکان و ئاهەنگەکان(بۆنەکان).

٦. کەلوپەلی خواردن لە خواردەمەنی و ئالیك و دیاریکردنی پێوانە و بڕەکە و هەڵگرتن و دابەشکردنی.

٧. دابینکردنی کەلوپەلی نووسینگەکان (قەڵەم و کاغەز).

٨. فرۆشراوە ناوخۆییەکان.

٩. گرێبەستە دەرەکی و ناوخۆییەکان.

١٠. فرۆشتنی کەلوپەلی ڕاگوێزراو.

١١. کۆگاکردنی جلوبەرگ و کەرستە گرنگەکان.

١٢. کۆگاکردنی کەرستەی شەڕ(چەك و تەقەمەنی).

١٣. دابینکردنی پێداویستی گرنگ و یەدەگی شەڕ.

١٤. چاککردنەوەی جلوبەرگ.

١٥. چاککردنەوەی کەلوپەلی شەڕ(چەك و تەقەمەنی).

١٦. بەڕێوەبردنی کارگەکان.

١٧. ڕێکخستنی خشتەکان بەگوێرەی کەلوپەلەکان و کەرستە و چەك و تە قە مە نی .

**٥. کار و ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری سەربازی:**

١. پێشکەشکردنی زانیاریی دارایی بە سوپاسالاری لەشکر و نووسینگەی ڕاپەڕین.

٢. بەڕێوەبردنی دارایی هێزە چەکدارەکان و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی بۆی دەرکراون بەشێوەیەکی دروست.

٣. پێشکەشکردنی زانیاری لە لایەن وردبینی حیساباتەوە بە فەرماندەی یەکەکان.

٤. ئامادەکردن و خەمڵاندنی بودجەی لەشکر.

٥. دیاریکردنی پلانی دارایی و سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی پلانەکە.

٦. وردبینیکردن لە هەموو ژمێرياريیەکان.

٧. ڕەزامەندبوون لەسەر خەرجییەکان، بەر لە خەرجکردنی.

٨. سەیرکردنی ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە مووچە و دەرماڵە و پێشکەشکردنی پێشنیازی دارایی.

٩. ئامادەکردنی ڕێنمایی و پێشنیازی دارایی.

**٦. ئەرکەکانی ڕاوێژکاری دادی.**

پێشکەشکردنی ڕاوێژی یاسایی بە سوپاسالاری لەشکر لەگەڵ فەرمانگەکانی بارەگای گشتی.

**٧. کار و ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی پزیشکی.**

١. ڕێکخستنی خزمەتگوزاری چارەسەرکردنی پزیشکی و ئامادەکردنی

بەگوێـرەی پلانــی داڕێــژراو.

٢. دانانــی پلانــی مەشــقپێکردنی کارمەندانــی پزیشــکی و بەرزکردنــەوەی توانــا هونەرییەکانیــان.

**مــاددەی هەشــت**: ئــەو فەرمانگــە و بەڕێوەبەرایەتــی و دەزگایانــەی لەســەرەوە ناویــان هاتــووە، بەســەر گــەل دابــەش دەبــن، کــە نووســینگەی ڕاپەڕانــدن بەگوێـرەی پێویســت و لەســەر پێشــنیازی سوپاســالاری لەشــکر بڕیــار لــە بارەیــەوە دەدات.

**مـاددەی نۆیـەم**: مامەڵـەی بەرزکردنـەوە و جێگیرکـردن و دامەزرانـدن و گواسـتنەوە و خانەنشـیکردنی ئەفســەرانی ســەرکردە، جگــە لــە فەرمانــدەی بەتالیــۆن و هێــز و لەشــکر و ئەندامانــی ئەنجوومەنــی بەرگــری نیشــتمانی نەبێــت، کــە بــە پێشــنیازی سوپاســالاری لەشــکر بــۆ ئەنجوومەنــی بەرگــری نیشــتمانی بــەرزی دەکاتــەوە، بــۆ ئــەوەی نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن بڕیـاری لەسـەر بـدات، دانانـی بەتالیۆنـەکان و هێـزەکان و سەرلەشــکر و ئەندامانــی ئەنجوومەنــی بەرگــری نیشــتمانی و بەرزکردنــەوە و گواسـتنەوەیان و دەسـبەرداربوونی ڕاژەیـان لەسـەر پێشـنیازی سوپاسـالاری لەشـکر بـۆ نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن دەنێـردرێ بـە مەبەسـتی بڕیـاردان لەسـەری.

**ماددەی دەیەم**: ڕەزامەندی سوپاسالاری لەشکر لەم بابەتانە وەردەگیرێت:

١. دامەزراندنی ئەفسەران لە سوپا بۆ یەکەمجار.

٢. دامەزراندنی فەرماندەی یەکەکان و گواستنەوەیان.

٣. دامەزراندنی ئەفسەرانی ڕوکن و گواستنەوەیان.

**ماددەی یازدەیەم**: ئەم لێژنانەی خوارەوە لە سەرکردایەتی گشتی دادەنرێن:

**١. لێژنەی گرێبەست.**

١. لێژنەی گرێبەست لەمانە پێکدێت:

**یەکـەم**، بەڕێوەبـەری جووڵـە و ڕاهێنـان و پلاندانـان (یـان ئـەوەی لـە شـوێنی ئـەو دەبێت).

**دووەم**، بەڕێوەبەری میرە و خواردن و خۆراك و گرێبەست و فرۆشتن.

**سێیەم**، بەڕێوەبەری ژمێریاریی سەربازی.

**چوارەم**، بەڕێوەبەری هۆبەی وردبینی.

**پێنجەم**، بەڕێوەبەری کاروباری پزیشکی.

٢. لێکۆڵینــەوە لەبــارەی گرێبەســتەکانی لەشــکر و دەســکەوتەکانی دەکات و پێشــنیازەکانی بــۆ سوپاســالاری لەشــکر بــەرز دەکرێتــەوە، بــە مەبەســتی دیاریکردنــی ڕاوســەرنج، ئینجــا بــۆ بڕیــاردان ڕەوانــەی نووســینگەی ڕاپەڕانــدن دەکــرێ.

**٢. لێژنەی فرۆشتن، پێکدێت لە:**

١. بەڕێوەبــەری میــرە و خــواردن و خــۆراك و گرێبەســتەکان (یــان ئــەوەی لــە شــوێنی ئــەو دەبێــت) و دوو ئەنــدام، کــە لەلایــەن نووســینگەی ڕاپەڕاندنــەوە دادەمەزرێندرێــن، بــە مەرجێــك یەکێکــی بەشــدار لەگــەڵ لێژنەکــە شــارەزایی تــەواوی لــەو شــتومەك و پێداویســتیانە هەبــێ لــە هەمــوو جۆرێــك و کڕینــی هــەر کەلوپەلێــك، کــە پەیوەســتن بــە ســیفەتەکانی خۆیانــەوە.

٢. کڕینــی ئــەو کەلوپەلانــەی، کــە نووســینگەی ڕاپەڕانــدن بڕیــاری لەســەر دەدات، بــۆ کڕینــی ڕاســتەوخۆ لــە بازاڕەکانــی ناوخــۆ بەبــێ خســتنە نــاو کێبڕکێــی کەمکردنــەوە.

**مــاددەی دوازدەیــەم:** ئــەم یاســایە لــە ڕۆژی بڵاوبوونــەوەی بەشــێوەیەکی فەرمــی جێبەجــێ دەکرێــت.

**ماددەی سێزدەیەم:** لەسەر نووسینگەی ڕاپەڕاندن پێویستە جێبەجێی بکات.

لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ لە ڕانییە نووسراوە.

**مستەفا بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش**

| | | |
|---|---|---|
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |
| ئەندام | ئەندام | |

## هەموارکردنــەوەی دەســتووری ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شۆڕشــی کوردســتان[١] ئەیلوولــی ١٩٦٨

### بەناوی خوا و بەناوی گەلی کورد

عێـراق لـە دوو نەتـەوەی سـەرەکی، کـە ئەوانیـش نەتـەوەی عـەرەب و نەتـەوەی کـورد و کەمایەتیـی تورکـمان و ئاشـووری و ئەرمەنـی و هـی تـر پێکدێـت، ئـەو نەتـەوە و کەمایەتییانـە یەکێتـی قـەوارەی عێـراق پێـك دێنـن، بـۆ مەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی بنچینـەی پەرەسـەندنی سرووشـتی ئـەو قەوارەیـە و بەهێزکردنـی و برایەتـی و یەکگرتنـی ئارەزوومەندانـە لـە نێـوان هـەردوو نەتـەوەی سـەرەکیی عـەرەب و کـورد، بەسـوودوەرگرتن لـە ئەزموونـەکانی ڕابردوومـان و ئەزموونـی گـەلان، دامەزراندنـی کۆمارێکـی عێراقـی دیموکراتـی خاڵـی لـە هەمـوو جۆرێکـی چەوسـاندنەوەی نەتەوەیـی و دانپێدانانـی مافـە ڕەوا نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد لەسـەر بنچینـەی ئۆتۆنۆمی(حوکمـی زاتـی) بەپێویسـت دەزانیـن.

ئـەو ئۆتۆنۆمییـەی، کـە گەلەکەمـان دەیەوێـت، دەبـێ لەسـەر بنچینـەی ئـەوە دابمەزرێـت گەلـی کـورد بتوانێـت پێـڕەوی مافـە ئیدارییەکانـی خـۆی بـکات بـە ئاسایشـی ناوخۆشـەوە، لەگـەڵ مافـە ڕۆشـنبیرییەکان و نەخشەکێشـانی ئابووریـی هەرێمایەتـی و نوێنەرایەتیـی نەتەوەیـی لـە دامـودەزگای دەوڵەتـی عێراقـدا، لـە کاتێکـدا دەزگاکانـی ئۆتۆنۆمـی پابەنـدی هەمـوو بڕیارەکانـی حکوومەتـی ناوەنـدی دەبـن لـە پرسـی بەرگریـی نیشـتمانی و کاروبـاری دەرەوە و پرسـی دارایـی بـە نەخشەکێشـانی ناوەندیشـەوە، پێویسـتە لەسـەر حکوومەتـی ناوەنـدی یارمەتیـی مـاددی و ئەدەبـی پێشـکەش بـکات بـۆ لەناوبردنـی هەمـوو هۆیەکـی دواکەوتوویـی و بـۆ هەڵسـاندنەوەی نەتـەوەی کـورد و سـازکردنی پێویسـتییەکانی پەرەسـەندنی سـەرتاپێیی بـۆ تێکـڕای گەلـی عێـراق.

شۆڕشـی گەلەکەمـان لـە کوردسـتانی عێـراق وەك کاردانەوەیـەك دژی چەوسـاندنەوەی نەتەوایەتـی و جـەور و سـتەمی حکوومەتـە ناوەندییـەکان و داکۆکیکـردن لـە بوونـی گەلـی کـورد و مافـە خـوراوە نەتەوەییەکانـی هەڵگیرسـایەوە.

---

(١) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد . شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگـی سـێیەم، بەشـی یەکـەم، چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە _ ٢٠٠٤) ل ٣٤٤.

لەبەر ئەوە بوونی پێکهاتەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان، دەستەبەر و چەپەرێکی پێویستە بۆ پارێزگاریکردنی بوونی هەڕەشەلێکراوی کورد، هەڵبەت ئەو سوپایە ملکەچی هەموو چارەسەرێکی ئاشتییانەی بەجێی عادیلانە دەبێت لە نێوان سەرکردایەتیی گەلی کورد و حکوومەتی ناوەندیدا، ئێمە بەم کارە ئامانجمان ئەوە نییە، دەسەڵاتێکی دوو لایەنە دروست بکەین، یان کوردستان لە عێراق دابڕین، بەڵام ئەو ڕاستییانەی لە بەرچاون، وامان لەسەر پێویست دەکەن، ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئەم سوپایە بەشێوەیەکی مێژوویی بەهۆی هێرشە ستەمکارەکانی حکوومەتی ناوەندی پێکهاتووە و ئەو سوپایە ئێستا بەرژەوەندیی هاووڵاتیان لەو ناوچانەی حکوومەتی ناوەندی دامودەزگا ئیدارییەکانی لێ کشاوەتەوە، دەپارێزێت و بەم بۆنەیەوە، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئاماژە بەوە بکەین لە کاتی پێکهاتنی هەر یەکێتی یان یەکگرتنێك لە نێوان عێراق و هەر وڵاتێکی تری عەرەبدا، دەبێ ڕای گەلی کورد لەو بارەیەوە لەبەرچاو بگیرێ و گوێی لێ بگیرێ و هەموو کارێك بکرێت کە پێویست بێت بۆ دەستەبەری پەرەسەندنی نەتەوەی کورد، لەو دەوڵەتە تازەیەدا لەگەڵ ئاستی ئەو پێشکەوتنەی کە گەلی عەرەبی برا وەدەستی دەهێنێ، گەرنا بەپێچەوانەی ئەمەوە گەلی کورد ناچار دەبێت، خۆی بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەی ئەوتۆدا بگەڕێت کە مافی خۆی لە ئازادی و بەختیاری و پێشکەوتندا بۆ دەستەبەر بکات.

گەلی کوردمان کە لەپێناوی مافەڕەوا نەتەوەییەکانیدا خەبات دەکات و تێدەکۆشێت، بێ هیچ گومانێك دەبێتە پشتیوان و پشتگیری کەمە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دانیشتووی کوردستانی عێراق و ئەم دەستوورە وەك هەموو ڕۆڵەکانی تری گەلی کورد، دان بەوە دادەنێت کە پێڕەوی مافە ڕۆشنبیری و کارگێڕی و ئازادییە دیموکراتییەکانیان بکەن.

بە بڕواهێنانمان بە عەدالەتی ئەو ئامانجە باڵایانەی لەمەوپێش باسکران و بەڕەوایەتیی داواکارییەکانی شۆڕشی کورد کە لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ هەڵایسا و بەپێویستی بوونی سەرکردایەتییەکی ڕێکوپێك بۆ ئەو شۆڕشە، کە لە گەلەوە هەڵقوڵابێت و ئەرکی سەرکردایەتیکردنی شۆڕش و یاسادانان و پێڕەوی بەڕێوەبردنی کارەکانی کوردستانی عێراق، لە لایەنی سیاسی و سەربازی و ئابووری و دادگەییەوە بخاتە سەرشانی خۆی، ئێمەی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق کە لە بۆسکین لە مێژووی ٩ ی

تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ دا کۆبووینەتەوە، بڕیاری کارپێکردنی ئەم دەستوورەمان دا و واژوومان کرد و هەر خواش پشتوپەنایە.

**ماددەی یەکەم:**

ئەم دەستووره پێی دەگوترێت دەستووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق.

**مادەی دووەم:**

ئەنجوومەن باڵاترین دەسەڵاته له شۆڕشدا.

**ماددەی سێیەم:**

ئەنجوومەن لە ئەندامەکانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردەی ناوچە سەربازییەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و نوێنەرانی برا مەسیحییەکان و کەرتەکانی تری گەلی کورد پێکدێت، کەسایەتییە عێراقییەکان و نوێنەرانی حزب و نەتەوەکانی تر لە عێراق مافی ئەوەیان هەیە ببنە ئەندام لەم ئەنجوومەندا، لە حاڵەتێکدا ئەگەر لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشدا کار بکەن، بەمەرجێك لە لایەن ئەنجوومەنەوە هەڵبژێردرێن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەنجوومەن سیاسەتی گشتیی شۆڕش دادەڕێژێ و ئامانجەکانی دیاری دەکات و ئەو یاسا و پێڕەوانە دادەنێت، کە پێوەندییان بە کاروباری سەربازی و ئابووری و کارگێڕی و قەزایی و فێرکردن و تەندروستی و شتی ترەوە هەیە لە کوردستانی عێراقدا.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەنجوومەن سەرۆکی خۆی بە زۆرینەی ڕەها هەڵدەبژێرێت کە ئەویش سەرکردەی گشتیی شۆڕشە.

**ماددەی شەشەم:**

١- ئەنجوومەن نووسینگەیەکی ڕاپەڕاندنی لێ دەکەوێتەوە، کە لە نۆ ئەندام پێکدێت، جگە لە سەرۆك کە لە لایەن ئەنجوومەنەوە هەڵدەبژێردرێن.

٢- وا پێویست دەکات ئەندامی نووسینگەی ڕاپەڕاندن خۆی تەرخان بکات بۆ کارکردن لە نووسینگە.

٣- سکرتێرێك سەرپەرشتی کارەکانی نووسینگەی ڕاپەڕاندن دەکات کە بە زۆرینەی دەنگ لە لایەن ئەندامەکانییەوە هەڵدەبژێردرێت.

**ماددەی حەوتەم:**

١- ئەنجوومەن ساڵی جارێك کۆدەبێتەوە و دەشتوانێ لەسەر داوای سەرۆك، یان نووسینگەی ڕاپەڕاندن یان زۆربەی ئەندامەکانی، کۆبوونەوەی نائاسایی ببەستێت.

٢- بەئامادەبوونی زۆربەی ڕەهای ئەندامەکانی (نصاب) تەواو دەبێت.

٣- لە حاڵەتی ڕوودانی بارودۆخێکی لە توانابەدەر کە نەکرێ کۆبوونەوە ببەسترێت، نووسینگە بۆ ماوەیەك دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەن وەردەگرێت کە ئەوپەڕی شەش مانگە.

**ماددەی هەشتەم:**

نووسینگەی ڕاپەڕاندن، هەموو ئەو شتانە جێبەجێ دەکات کە ئەنجوومەن بۆی دادەڕێژێ و لە بەرانبەریدا بەرپرس دەبێت.

**ماددەی نۆیەم:**

١- ئەندامانی ئەنجوومەن ڕاوێژکاری دامودەزگا جیاجیاکانی شۆڕشن و پێویستە بەرپرسەکانی شۆڕش ڕێنوێنی لە ڕایەکانی ئەوان وەربگرن، هەریەکە لە ناوچەی خۆی ئەگەر یەکێك لەو ئەندامانە یان هەندێککیان لەو ناوچەیەدا بوون.

٢- ئەندامی ئەنجوومەن پارێزبەندیی تایبەتی هەیە و ئەمەش ڕێگەی لەوە دەگرێ لە لایەن دەسەڵاتەکانی تری شۆڕشەوە هیچ لێپێچینەوەیەکی دەرهەق بکرێت، مەگەر لە حاڵەتی تاوانی بینراودا بێت.

٣- لە حاڵەتێکدا ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەن کارێکی کرد و ئەو کارە زیانی بە بەرژەوەندیی شۆڕش گەیاند، ئەنجوومەن یان نووسینگەی ڕاپەڕاندن یەکێك لەم سزایانەی خوارەوە بەسەردا دەسەپێنێ:

١- سەرنجڕاکێشان.

٢- ئاگادارکردنەوە.

٣- لە کار وەستاندن.

٤- دەرکردن.

٥- لە حاڵەتی تۆمەتبارکردنی بەناپاکی، دەدرێتە دادگەی باڵای شۆڕش.

**ماددەی دەیەم:**

١- دەشێ حوکمەکانی ئەم دەستووره بەڕەزامەندیی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەن هەموار بکرێتەوە.

٢- دەشێ، بە ڕەزامەندیی دوو لەسەر سێی ئەندامانی، ژمارەی ئەندامانی زیاد یان کەم بکرێت.

٣- دەشێ ژمارەی ئەندامانی نووسینگەی ڕاپەڕاندن بەپێی پێویستیی بەرژەوەندی گشتی و بەڕەزامەندیی دوو لەسەر سێی ئەنجوومەن، زیاد یان کەم بکرێت.

**ماددەی یازدەم:**

سەرۆك وێڕای دەسەڵاتەکانی کە لە ماددەکانی تردا هاتوون، ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەشی هەیە:

١- سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن و نووسینگەی ڕاپەڕاندن دەکات.

٢- بە ڕاوێژکردن لەگەڵ نووسینگەی ڕاپەڕاندندا، نوێنەرانی شۆڕش و بەرپرسە سەربازییەکان دادەمەزرێنێ یان لەسەر کاریان لادەبا.

٣- یاسا و پێڕەو و بڕیارەکانی ئەنجوومەن و نووسینگەی ڕاپەڕاندن پەسند دەکات.

٤- بڕیاری شەڕ دەستپێکردنەوە و شەڕ وەستاندن و ئاشتەوایی دوای ڕەزامەندیی زۆربەی ئەندامانی نووسینگە، دەدات.

٥- حوکمی لە سێدارەدان پەسند دەکات و مافی ئەوەی هەیە بیانگۆڕێت و سزاکانی تریش کەم بکاتەوە، یان لای ببات.

٦- لێبووردنی تایبەت بۆ تاوانباران یان ئەوانەی دژی شۆڕش کاریانکردووە دەردەکات، یان لێبووردنی گشتی کە ئەنجوومەن، یان نووسینگەی ڕاپەڕاندن پێشنیازی دەکات، پەسند دەکات.

ماددەی دوازدەم:

لـە حاڵەتێکـدا ئەگـەر سـەرۆك لـە کوردسـتان نەبـوو، یـان ئەگـەر بـۆی نەکـرا ئەرکەکانـی ئەنجـام بـدات، ئینجـا بـە هـەر هۆیـەك بێـت، نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن لـە جیاتـی ئـەو دەسـەڵاتەکان وەردەگرێـت.

ماددەی سێزدەم:

ئەگـەر پایـەی سـەرۆك، لەبـەر هـەر هۆیـەك خاڵـی بـوو، ئـەوا نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن کارەکان ڕادەپەڕێنێـت و دەسـەڵاتەکانی دەگرێتـە دەسـت و سـەرۆکێکی تـازە لـە ماوەیـەك کـە ئەوپـەڕی سـێ مانگـە، هەڵدەبژێرێـت.

ماددەی چواردەم:

بـە ڕەزامەندیـی دوو لەسـەر سـێی ئەندامەکانـی نەبێـت، ناکـرێ ئەنجوومـەن هەڵبوەشـێنرێتەوە.

## دادوەری

**ماددەی پازدەم:**

دادوەری لە کوردستان لە هەموو کاروچالاکییەکیدا بەتەواوی سەربەخۆیە.

ماددەی شازدەم:

بـۆ سەرپەرشـتیکردن و چاودێریـی دامـودەزگا دادوەرییـە جیاجیـاکان بـۆ دەسـتەبەری پیادەکردنـی یاسـا و پێـڕەوەکان، دەبـێ بگەڕێنـەوە بـۆ بەشـی داد لـە نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن.

**ماددەی حەڤدەم:**

دادگەکان و پلەکانیان: دادگە لە کوردستان سێ پلەی هەیە:

١- ئـەو دادگەیانـەی دادوەری تـاك (منفرد)یـان هەیـە: سـەیری کێشـەکانی مـاف و شـەرعی دەکـەن لـە حاڵەتێکـدا ئەگـەر قـازی نەبـوو و سـەیری ئـەو کێشـە سـزاییانەش دەکـەن کـە سـزاکانیان لـە دوو سـاڵ زیاتـر نییـە. دادوەری تـاك سـەرەڕای دەسـەڵاتەکانی وەك دادوەری سـزای پلـە یەکـەم یـان دووەم، دادوەری بەرایـی بـێ سـنوور، یـان سـنوورداریش دەبێـت و هەروەهـا دەبێتـە دادوەری لێکۆڵینـەوە و سـەرۆکی جێبەجێکردنیـش.

٢- دادگـە بـاڵاکان: دادگـەی گـەورە لـە سـێ دادوەر پێکدێـت، بەمەرجێـك سـەرۆك و یەکێـك لـە ئەندامەکانـی دەرچـووی کۆلێـژی مـاف بـن و دەسـەڵاتی سـەیرکردنی کێشـە سـزاییەکانی هەیـە و لـەو پرسـانەی سـزاکەیان لـە دوو سـاڵ زیاتـرە و وەکـو دادگـەی تێهەڵچوونەوەوایـە سـەبارەت بـەو بڕیارانـەی لـە دادگەکانـی دادوەرییـەوە دەردەچـن.

٣- دادگـەی تەمییـز: باڵاتریـن دەسـەڵاتی دادوەرییـە لـە شۆڕشـدا و بـەلای کەمـەوە لـە سـەرۆکێك و دوو ئەنـدام پێکدێـت کـە نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن دەیانپاڵێـوێ و بـۆ کێشـەی شـەرعیش ئەندامێـك، یـان زیاتریـان لەوانـەی تایبەتمەندییـان لـە کاروبـاری شـەرعیدا هەیـە بـۆ زیـاد دەکرێـت، کـە سـەرۆکی دادگـە دەیانپاڵێـوێ و ئـەم دادگەیـە ڕاسـتەوخۆ بەنووسـینگەی ڕاپەڕاندنـەوە بەسـتراوەتەوە.

**ماددەی هەژدەم:**

لـە کاتـی پێویسـتیدا نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن مافـی پێکهێنانـی دادگـەی تایبەتیـی هەیـە.

**ماددەی نۆزدەم:**

دادگە شەرعییەکان تایبەتن بەسەیرکردنی کێشەی شەرعی.

**ماددەی بیستەم:**

دادگەکان بەپێی پسپۆرییان ئەم یاسایانەی خوارەوە پیادە دەکەن:

یاسـای سـزای بەغـدا، یاسـای سـزای سـەربازیی عێراقـی، یاسـای ئوسـووڵی، دادگـە سـزاییەکان سـەبارەت بـەو تاوانانـەش کـە دژی شـۆڕش دەکرێـن، ئەحکامـی بەشـی دوازدەم و سـێزدەمی هەمـان یاسـا پیـادە دەکرێـن، بەڕەچاوکردنـی ئـەوەی کـە دەسـەڵاتی شۆڕشـی کـورد جێگـەی دەوڵەتـی عێراقـی گرتووەتـەوە کـە لـە هـەردوو بەشـی ناوبـراودا باسـیان لێـوە کـراوە. سـەبارەت بەکێشـە مەدەنییەکانیـش، ئـەوا ئەحکامـی یاسـای مەدەنیـی عێراقـی و پێـڕەوی دادگـەی مەدەنـی و بازرگانیـی عێراقـی و یاسـاکانی تـر پیـادە دەکرێـن، کـە دژ نابـن لەگـەڵ بنەمـای شـۆڕش و ئـەو یاسـایانەی دەریـان دەکات، بـەڵام لـە بـارەی کێشـە شـەرعییەکانەوە، ئـەوا ئەحکامـی یاسـای ژمـارە ١٨٨ ی سـاڵی ١٩٥٩ ی بـاری کەسـایەتی پیـادە دەکرێـت کـە لـە عێـراق پیـادە کـراوە. لـەو حاڵەتانەشـدا کـە لـە یاسـای ناوبـراودا نەهاتـوون، ئـەوا ئەحکامـی شـەریعەتی ئیسـلامی پیـرۆز بەپێـی بـارودۆخ، پیـادە دەکرێـت.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

بەشی داد لە ئەنجوومەن یان نووسینگەی ڕاپەڕاندن، پەیڕەو و ڕێنوێنی تایبەت بەڕێکخستنی کاروباری دادوەری دەردەکات.

## کـــــارگێڕی

**ماددەی بیست و دووەم:**

لە کاتی پێویستدا، ئەنجوومەن، یان نووسینگەی ڕاپەڕاندن، یاسا و پێڕەوی تایبەت بەڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی لە کوردستان دەردەکات.

## دارایـــــی

**ماددەی بیست و سێیەم:**

١- بەمەبەستی ڕێکڕاگری و ڕێکخستنی کاروباری دارایی لە کوردستان، بەشی دارایی لە نووسینگەی ڕاپەڕاندن دەکرێتەوە کە ئەرکی پێکهێنانی دامودەزگایەکی دارایی بۆ ڕێکڕاگریی سەرچاوە و دەرامەتەکانی شۆڕش و گەشەپێدانیان و دیاریکردنی شێوەی خەرجکردنی سوودبەخشانە و دەرکردنی پێڕەو و ڕێنوێنی پێویست بۆ ئەو مەبەستە دەگرێتە ئەستۆ.

٢- بەشی دارایی لێژنەیەکی تایبەت لە کەسانی شارەزا پێك دەهێنێت بۆ توێژینەوەی پرسی زەوییە میرییەکان و زەوییەکانی چاککردنی کشتوکاڵ، بەتایبەتیش ئەوانەی دەستیان بەسەردا گیراوە، لەگەڵ دانانی باشترین ڕێگە بۆ بەکارهێنانیان بەشێوەیەك کە بەرژەوەندیی شۆڕش و ڕۆڵەکانی گەل، بەتایبەتیش ڕەنجدەرەکانیان، دەستەبەر بکات.

## کێشە سیاسییەکان

**ماددەی بیست و چوارەم:**

ڕێکخستن و ئاڕاستەکردنی کاروباری سیاسی لە شۆڕشدا لە هەردوو لایەنی ناوخۆ یان دەرەوە، ئەمەش بە ڕێککەوتن و ڕاوێژکردن لە نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و نووسینگەی ڕاپەڕاندن و سەرپەرشتیکردنی فەرماندەی گشتیی شۆڕشدا دەبێت.

# کاروباری سەربازی

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

بەشێکی سەربازی لە نووسینگەی ڕاپەڕاندن پێك دەهێنرێت، ئەرکەکەی ئەوە دەبێت کاروباری سەربازی لە شۆڕشدا ڕێك بخات و کاریش بکات بۆ پەرەپێدانی لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەم بەشە بەڕاوێژکردن لەگەڵ نووسینگەی ڕاپەڕاندن و فەرماندەی گشتیی شۆڕش، هەموو پێڕەو و ڕێنوێنییەکی پێویست بۆ ئەم مەبەستە دەردەکات.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

١. بەشێك بۆ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی لە نووسینگەی ڕاپەڕاندن پێك دەهێنرێت، ئەرکی فرەوانکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و فێرکردن و نەهێشتنی نەخوێندەواری و خزمەتگوزاری تری کۆمەڵایەتی و پەرەپێدان و بەهەموو لادا بڵاوکردنەوەی ( تەعمیم ) لە هەموو لایەکی کوردستانی ڕزگارکراودا دەگرێتە ئەستۆ.

٢. لایەنەکانی تر لە شۆڕش هەموو یارمەتییەك پێشکەش بەم بەشە دەکەن لە کارە مرۆییەکەیدا.

# بەشی دووەم
# شەڕ و ئاگربەست و ڕێککەوتنەکانی شۆڕش لەگەڵ حکوومەت

## ئامانجی مەلا مستەفا بارزانی لە ڕێککەوتنەکان

دوای ئـەوەی لـە کاتژمێـر (٠٨٣٠) ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨ بەعسـییەکان بـە یارمەتـی و کۆمەکـی هێـزە ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان توانیـان کودەتایەکـی سـەربازی سـەرکەوتوو بەسـەر (عەبدولکەریـم قاسـم) و حکوومەتەکـەی بکـەن، سـەرئەنجام جڵـەوی دەسـتەڵاتیان گرتـە دەسـت، بـە دانانـی هـەر یـەك لـە (عبدولسـەڵام مەحمـەد عـارف) بـە سـەرۆکی کۆمـار و (ئەحمـەد حەسـەن بەکـر)[1] بـە سـەرۆکی ئەنجوومەنـی وەزیـران و (سـاڵح مەهـدی عەمـاش) بـە وەزیـری بەرگـری، ئێـوارەی هەمـان ڕۆژ لـە لایـەن مسـتەفا بارزانـی بانگـەوازی ئاگربەسـت ڕاگەیەنـدرا[2]، دوو ڕۆژ دواتـر لـە ١٩٦٣/٢/١٠ مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـەم ناوەڕۆکـەی خـوارەوە برووسـکەیەکی بـۆ ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی حزبـی بەعـس نـارد، (لـەو کاتوسـاتە یەکلاکەرەوەیـەدا بـە لایـەن کۆمـاری عێراقـەوە، پیرۆزبایـی لـە کـورد و عـەرەب دەکەیـن لەگـەڵ سـەرجەم کەمایەتییـەکان بـە بۆنـەی ڕووخانـی ڕژیمـی قاسـمی دیکتاتـۆر، کـە هـەردوو دەسـتی بـە خوێـن سـوور بـوو.

دەمانـەوێ ئـەوە دووپـات بکەینـەوە کـە ئێمـە هەرگیـز حـەز بەشـەڕ ناکەیـن و شـەڕمان نـاوێ، بـەڵام ئێمـە تێکۆشـاوین و تێدەکۆشـین لـە پێنـاو مافەکانمانـدا. ئێـوە ئەرکێکـی گـەورە و گرینگتـان لەبـەردەم دایـە ناچارتـان دەکات کاربکـەن لـە پێنـاو یەکلاکردنـەوەی گیروگرفتـی کـورد بـە شـێوەیەکی برایانـە و دیموکراتـی بـۆ مانـەوە لەسـەر پەیوەندییـە برایەتییەکـەی نێـوان هـەدوو نەتـەوە. ئێمـە داوای ڕاگەیاندنـی ڕاگرتنـی شـەر دەکەیـن، بەردانـی گیـراوەکان، گێرانـەوەی ئاوارەکانـی

---

(١) ئەحمـەد حەسـەن بەکـر، لـە ١٩١٤/٧/١ لـە تکریـت لـە دایـك بـووە، لـە سـاڵی ١٩٣٨ پەیوەنـدی دەکات بـە خولـی(١٧)ی کۆلێـژی سـەربازی، یەکێـك بـۆ لـەو ئەفسـەرانەی سیسـتەمی پاشـاییان ڕووخانـد لـە عێـراق، بـە بیانـۆی بەشـداربوو لـە بزووتنـەوەی شـەواف خانەنیـش دەکرێـت، یەکێـك بـووە لـە ئەندامـە هـەرە دیارەکانـی حیزبـی بەعـس، لـە کودەتـای ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ بـۆ مـاوەی (١٠) مانـگ دەبێـت بـە سـەرۆك وەزیـران و دوای لـە لایـەن عبدولسـەڵام عـارف دوور دەخسـترێتەوە، لـە کودەتـای ١٧ی تەمـوزی ١٩٦٨ بەسـەر عبدولرەحـمان عـارف دەبێتـە سـەرکۆماری عێـراق تـا بـەرواری ١٩٧٩/١١/١٦، دوا پلـە سـەربازی موهیـب ڕوکـن بـوو، دوای ئـەوە ناچـار دەکرێـت لەلایـەن سـەدام حوسێنی جێگری کـە داوای دەسـت لـە کارکێشـانەوەی بـکات بـە بیانۆیـی نەخۆشـی، لـە ١٩٨٢/١٠/٤ کۆچـی دوایـی کـرد .

(٢) ئیبراهیـم جـەلال، خـوارووی کوردسـتان و شۆرشـی ئەیلـوول بنیاتنـان و هەلتەکانـدن ١٩٦١-١٩٧٥، چاپـی سـێیەم، (سـلێمانی _ چاپخانـەی ژیـار _ ١٩٩٩)، ل ٩٤ .

کورد بۆ شوێنەکانی خۆیان لە کوردستان، قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووەکان، کارکردن بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنانەی کاولکراون، لەگەڵ دانپێدانانی فەوری و فەرمی بە مافەکانی نەتەوەی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا، لەگەڵ ناردنی نوێنەری فەرمی بۆ بەرێوەچوونی دانوستان)[1]. دواتر سەرکردایەتی شۆڕش لە ١٩٦٣/٢/١٨ بۆ نیازپاکی و دۆزینەوەی میکانیزمی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان شاندێکی نارده بەغدا، کە لە (جەلال تاڵەبانی و ساڵح یوسفی) پێکهاتبوون و لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی عێراقی وەك (سالح مەهدی عەماش و عەلی سالح ئەلسەعدی و حەردان تکریتی) کۆبوونەوە و دووپاتیان لەو داواکارییانە کردەوە، کە لە بروسکەی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتبوو، لەئەنجامدا لە ١٩٦٣/٣/٤ حکوومەتی عێراقی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەرکانی سوپا (تاهیر یەحیا) شاندێکی نارده کوردستان، لەو دانیشتنەدا نوێنەرانی کورد هەندێ داواکاریان خستە بەردەستی شاندی حکوومەت، کە پێویستە لە ماوەی (٣) سێ رۆژ وەڵام بدرێنەوە، بەڵام حکوومەتی تازە لەبری ملدان بۆ چارەسەرییەکان هەوڵی دەدا تەنها کات بەدەست بخات.

سەرکردایەتی شۆڕش هەر لە سەرەتاوە هەموو هەوڵی دا بۆئەوەی بە دیالۆگ و گفتوگۆ چارەسەری دۆزی ڕەوای کورد بکرێت، هەر کاتێکیش ڕژێمەکانی حوکمڕانی بەغدا، هەنگاوی گفتوگۆیان بەسەر شەڕ زاڵ کردبێت، بێ سێ و دوو، بە ئامانجی نەهێشتنی شەڕ و بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان، بە پیر ئەو هەنگاوە چووە. ئەمەش بەشێک لە هۆکارەکانە:

١. شەڕ و ماڵوێرانی نامێنێت و کوردستان ئاوەدانی بەخۆیەوە دەبینێت.

٢. ڕاستەوخۆ لەگەڵ لایەنی یەکەمی بەعس بوو، نەك لەگەڵ لایەنی دووەم.

٣. گفت و بەڵێنەکانی شا و ئێران جێگای متمانە و پشت پێبەستن نەبوون.

٤. لە بارودۆخی ئێستای ناوچەکە کورد لەو ئۆتۆنۆمیە زیاتری بە دەست ناکەوێت.

٥. بە واژووکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە، ورەی کوردستانیان بەرز دەبێتەوە.

٦. حکوومەتی بەعس هیچکات لەوەی ئێستا زیاتر نادات بە کورد، ئەوەی ئێستاکەشی لە ناچاریە.

---

(١) د. شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو. ل ١٨٦.

٧. بــە فەرمــی داننانــی حکوومەتــی بەعــس بــە بەشــێك لــە مافەکانــی نەتــەوەی کــورد، لــە داهاتــوو دەبێتــە بەڵگەنامەیەکــی حاشــا هەڵنەگــر بــۆ گەلــی کــورد.

٨. بەعــس زیاتــر هــاوکاری جــاش و نەیارەکانــی شۆڕشــی کــورد دەکات و دەبێتــە کوردکــوژی.

٩. جاش و خۆفرۆشەکان بێ پاڵپشت دەمێننەوە و دەگەڕێنەوە باوەشی کوردستان.

١٠. حکوومەتەکانی پێشووتر ئەو مافەیان  بە کورد نەدابوو.

١١. درێژەکێشـانی شـۆڕش بـێ دەسـکەوت، ڕووی لاوازی نیشـان دەدات و لـە کۆتایـی بـە خۆڕسـکی لەبـار دەچێـت.

١٢. لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان پێگەی شۆڕشی کورد بەهێزتر دەبێت.

## شەڕە بەرگرییەکانی بەر لە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار

دوای کودەتاکـەی حزبـی بەعـس لـە مانگـی تەمـووزی ١٩٦٨ و پێکهاتنـی حکوومەتـی نوێـی عێـراق، حکوومەتـی عێراقـی لـە ڕێـگای باڵیـۆزی ئێرانـەوە نامەیەکـی ئاراسـتەی شـای ئێـران محەمـەد ڕەزا پەهلـەوی کـرد کـە (٣)سـێ خاڵـی تێدابـوون:

١. عێـراق دەیەوێـت پارێـزگاری لـە پێوەندییـە باشـەکەیان لەگـەڵ ئێـران وەکـو دراوسـێ بـکات.

٢. سیاسـەتی حکوومەتـی نـوێ نایەوێـت لـە دژی شـای ئێـران هیـچ کارێـك ئەنجـام بدات.

٣. سیاسـەتی حکوومەتـی نـوێ لـە عێـراق نەیـاری ڕژێمـی حوکمـی ئێسـتایە لـە سـوریا.

ئەو خالانەش وای لە شای ئێران کرد هاوکارییە سەربازییەکانی بۆ شۆڕشی ئەیلوول بوەستێنیت کە لەو ماوەیە سەرقاڵی مەشق و ڕاهێنان بووینە بە مەبەستی هێرش کردنەسەر سوپای عێراق لە ناوچەی ڕواندز، ئەگەر چی حکوومەتی عێراقی زانیاری نەبوو لەبارەی ئەو هێرشەوە، بەڵام شاراوە نەبوو کە شای ئێران هاوکاری ماددی و سەربازی شۆڕشی ئەیلوولی دەکرد، حکوومەتی عێراقی لە هەموو لایەکەوە هەوڵی بۆ دەستگیرکردن و بێسەروشوێن کردنی پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدا لە هەموو ئەو شوێنانەی کە ڕێکخستەنەکانی هەبوو، لە سەرەتاوە تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ حکوومەتی بەعسی عێراقی بە هەموو هێز و توانا سەربازییەکانییەوە کە ئەو کات تەنیا (٦) لەشکری(فرقە) هەبوو، چواریان لە ناوچەکانی کوردستان لە ئەرك و ئامادەباشی بوون، بە هاوکاری هێزی ئاسمانی و جاش و خۆفرۆشەکان، تا لە کاتی وەرگرتنی فرمان لە سەرووی خۆیان، دەست بە هێرشی سەرتاسەری بۆ کوردستان بکەن[1]، کە دواتر سوپای عێراق بە فەرمانی بەعسیەکان هێرشەکانی بۆ سەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەست پێکرد، بەم شێوەی خوارەوە:

١. شەڕی شاخۆڵان لە ١٩٦٩/٢/٢١، هێرشی سوپای عێراق.

٢. شـەڕەکانی ڕێـگای کەرکـووك – کۆیـە – قـەڵادزێ لـە ١٩٦٩/٤/٣ تـا ١٩٦٩/٤/١٤،

---

(١) علـی سـنجاري، القضیـة الکوردیـة و حـزب البعـث العـربي الشـتراکي في العـراق، الطبعـة الاولی، الاجـزء الاول، (اربیـل – مطبعـة حاجـي هاشـم – ٢٠٠٦)، ص ٣٨.

هێرشــی ســوپای عێــراق.

٣. شەڕی شنرویێ لە ١٩٦٩/٥/٢٠، هێرشی جاشەکان بۆ سەر پێشمەرگە.

٤. شەڕی ناوچەی شوان لە ١٩٦٩/٦/٢٢، هێرشی سوپای عێراق.

٥. شەڕی دۆڵی ئاڵانە لە ١٩٦٩/٧/١٣.

٦. شەڕی قەرەداغ لە ١٩٦٩/٨/١٦، هێرشی جاشەکان بۆ سەر پێشمەرگە.

٧. کۆمەڵکوژی گوندی دکا لە قەزای شێخان لە ١٩٦٩/٨/٨، هێرشی سوپای عێراق.

٨. شــەڕی شــەمکان لــە ناوچــەی شــێخان لــە مانگــی ئابــی ١٩٦٩، هێرشــی ســوپای عێــراق.

٩. شــەڕی ســەرگەڵوو لــە کۆتایــی مانگــی ئابــی ١٩٦٩، هێرشــی جاشــەکان بــۆ ســەر پێشــمەرگە .

٠١. کۆمەڵکوژیــی گونــدی ســوریا لــە قــەزای زاخــۆ لــە ١٩٦٩/٩/١٦، هێرشــی ســوپای عێــراق.

١١. شەڕی دوکان لە ١٩٦٩/٩/٢٠، هێرشی بەرانبەری پێشمەرگە.

١٢. شەڕی مەرگە لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩.

١٣. شــەڕی ناوچەکانــی چوارتــا و پێنجوێــن و هەڵەبجــە لــە مانگــی تشرینــی یەکەمــی ١٩٦٩.

١٤. شــەڕی دۆڵــی شــەهیدان لــە مانگــی تشرینــی یەکەمــی ١٩٦٩، هێرشــی ڕووبــەڕووی پێشــمەرگە.

١٥. شــەڕەکانی مەرگــە و چیــای ئاســۆس و سەنگەســەر لــە ١٩٦٩/١١/٦، هێرشــی بەرانبــەری پێشــمەرگە.

١٦. شەڕی چیای سووررداش لە ١٩٦٩/١١/١٥، هێرشی جاشەکان بۆ سەر پێشمەرگە.

١٧. شەڕی پیرەمەگروون ١٩٦٩/١١/١٨، هێرشی ڕووبەڕووی پێشمەرگە.

لــەو هێرشــانەدا ســوپای عێــراق بــە هــاوکاری جــاش و خۆفرۆشــەکان توانیــان بــۆ ماوەیەکــی کاتــی چەنــد شــوێنێك بگــرن و (٢٩٠)[1] گونــد لــە پارێزگاکانــی کەرکــووك،

(١) د. شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ؟؟

هەولێر، سلێمانی، موسڵ، دیالە لەلایەن سوپای عێراق خاپوورکران، بەڵام پێشمەرگە زۆر بە خۆڕاگری وەڵامی هێرشەکانی دایەوە و زیانێکی گەورەی لە سوپای عێراق و جاشەکان دا، حکوومەتی بەعسی بەو باوەرە گەیاند کە شەڕکردن لەو کاتەدا لە بەرژەوەندیاندا نییە، بۆیە ناچاربوون لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول ڕێگای گفتوگۆکردن بگرنەبەر.

## ڕێککەوتنە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠

دوای گەڕانـەوە بـێ ئەنجامەکـەی شـاندی کـوردی لـە سـەرەتای مانگـی شـوبات، تـا سـەرەتای مانگـی ئـادار هیـچ گفتوگۆیـەك لـە نێـوان حکوومەتـی عێـراق و سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـوول نەکـرا، تـا لـە ١٩٧٠/٣/٢[1] پارێـزگاری نوێـی هەولێـر بەنـاوی خالیـد عبدولحەکیـم کـە بەڕێوەبـەری ئەمـن و پۆلیسـی هەولێریشـی لەگـەڵ بـوو، بـە مەبەسـتی درێـژەدان بـە گفتوگۆکانـی پێشـووتر و زانینـی هەڵویسـتی نوێـی سـەرکردایەتی شـۆڕش لـە بـارەی ڕێککەوتنـەوە، سـەردانی مسـتەفا بارزانـی کـرد.

دوای ئـەوەی پارێـزگاری هەولێـر قسـە و نیازەکانـی سـەرکۆمار و سـەدام حوسـێنی بـە مسـتەفا بارزانـی ڕاگەیانـد، لـە وەڵامـدا مسـتەفا بارزانـی گوتـی ئێمـە لەسـەر هەمـان هەڵوێسـتی پێشـووی خۆمانیـن، پاشـان پارێـزگار و شـاندی یـاوەری گەڕانـەوە. لـە ١٩٧٠/٣/٧ پارێـزگاری هەولێـر نامەیەکـی بـۆ مسـتەفا بارزانـی نـارد تیایـدا هاتبـوو حکوومەتـی عێراقـی و حزبـی بەعـس بـە پێویسـتی دەزانـن شـەڕی براکـوژی واتـە شـەڕی (عـەرەب - کـورد) نەمێنێـت، ئەگـەر ئێـوە، مستەفا بارزانـی، قبووڵتـان بێـت لـە ١٩٧٠/٣/٩ شـاندێك بەمەبەسـتی گەیشـتن بـە ڕێککەوتـن بـە سـەرۆکایەتی سـەدام حوسـێن سـەردانتان دەکات، لـە وەڵامـدا مسـتەفا بارزانـی ئامادەیـی پێشـوازیکردنی لـە شـاندی حکوومەتـی عێراقـی نیشـاندا. لـە ئەنجامـدا لـە ڕۆژی ١٩٧٠/٣/٩ [2]شـاندی حکوومەتـی عێراقـی گەیشـتنە ڕوانـدز، کـە پێکهاتبـوو لـە:

١. سەدام حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس.

٢. فەریق ڕوکن ساڵح مەهدی عەماش  وەزیری ناوخۆ.

٣. مورتەزا حەدیسی وەزیری ئابووری.

٤. عەبدولخالق سامەڕایی.

٥. فوئاد عارف.

٦. عەمید ڕوکن ئیسماعیل تایە نعێمی.

---

(١) حامیـد گەوهـەری، مسـتەفا بارزانـی پێشـمەرگە و سـەرۆك چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی رۆژهـەڵات _ ٢٠١٧)، ل ٥١٦.

(٢) موحسـین دزەیـی، وێسـتگەکانی ژیانـم، وەرگێرانی(ئیسـماعیل بەرزنجـی)، چاپـی یەکـەم ( هەولێـر دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس _ ٢٠٠٩) ل٢٢٣.

٧. عەمید ڕوکن محەمەد عەلی سەعدی.

٨. تاریق عەزیز.

٩. عەزیز شەریف.

شاندەکە لەلایەن مەحمود عوسمان، سالّح یوسفی، نوری شاوەیس، حەبیب محەمەد کەریم و مەسعود بارزانی پێشوازیان لێکرا و بەیەکەوە بەرەو بارەگای مستەفا بارزانی لە ناوپردان چوون. دوای بەخێرهێنان و نانخواردن، کۆبوونەوە لە نێوان هەردوولا دەستی پێکرد، کە تا کاتژمێر ١٢ی شەوی ئەو ڕۆژە بەردەوام بوو، ڕۆژی ١٠ی ئادار لە کاتژمێر ٩ ی بەیانی دەستکرا بە تەواوکردنی کۆبوونەوەی ڕۆژی پێشووتر تا ئێوارەی هەمان ڕۆژ.

چەند کاتژمێرێك بەرلە واژووکردنی ڕێککەوتننامەکە، مستەفا بارزانی بە سەرکردایەتی شۆڕشی گوت ((من ڕازی نیم و باوەڕ و متمانەم بە گفتوگۆکردن لەگەڵ بەعس نییە، بەڵام لەبەر دوو شت ڕەتی ناکەمەوە:

١. ئێوە هەموو ڕازین، دواتر دەڵێن ڕای خۆی سەپاند.

٢. یەکەم جارە حکوومەت بە فەرمی دانی بە ئۆتۆنۆمی ناوە.

من ڕازی نەبم دەڵێن: بارزانی نەیهێشت کورد ئۆتۆنۆمی پێبدرێ، لەبەر ئەوە دووبارەی دەکەمەوە من متمانەم بە بەعس نییە))[١].

دوای ئەوە لە کاتژمێر ١١,٣٠ی شەوی ١٩٧٠/٣/١٠ بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و سەدام حوسێن ڕێککەوتننامەی بەناوبانگ و مێژوویی بەناوی (ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠) واژووکرا.

بەیانی ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١١ شاندی عێراقی بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن، لەگەڵ شاندی شۆڕشی ئەیلوول بە مەبەستی خوێندنەوەی پەیامی ئەو ڕێککەوتننامە و ئاهەنگگێڕان ڕوویان کردە بەغدا کە پێکهاتبوون لە [٢]:

١. مەحمود عوسمان.

(١) د. شوان محەمەدئەمین تەها خۆشناو، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣- ١٩٧٠ چاپی یەکەم (هەولێر_ چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین_٢٠١٦) ل ٣٣٠-٣٣١.

(٢) حامید گەوهەری، مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك، چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی رۆژهەڵات _ ٢٠١٧) ل٥٢٠.

٢. ساڵح یوسفی.

٣. نوری شاوەیس.

٤. محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان(سامی).

٥. موحسین دزەیی.

٦. دارا تۆفیق.

دوای ئــەوە ســەدام حوســێن بــۆی دەرکــەوت هیــچ کام لــە کوڕەکانــی مســتەفا بارزانــی لەگــەڵ شــاندی کوردی نیــن، داوای لــە مستەفا بارزانــی کــرد، ئیدریــس بارزانــی و مەســعود بارزانــی یــاوەری شــاندی کــوردی بکــەن بــۆ بەغــدا، ئەوەبــوو مســتەفا بارزانــی ڕەزامەنــدی نیشــاندا، ئیدریــس بارزانــی و مەسعود بارزانــی لەگــەڵ شــاندەکە بــەرەو بەغــدا بچــن، لــە ســەربازگەی ســپیلك بــە چــوار هەلیکۆپتــەر گواســترانەوە بــۆ فڕۆکەخانــەی کەرکــووك، لەوێــش بــە فڕۆکــە بــۆ فڕۆکەخانــەی موســەننا لــە شــاری بەغــدا، دوای گەیشــتن و پێشــوازیکردن لــە هــەردوو شــاندەکە، لــە ئێزگــە و تەلەفزیۆنــی عێراقــی لــە کاتژمێــر ٨ ی ڕۆژی ١١ی ئــاداری ١٩٧٠ ســەرکۆماری عێــراق، ئەحمــەد حەســەن بەکــر دەقــی ڕێککەوتننامەکــەی خوێنــدەوە، دوای ئەویــش پەیامــی مســتەفا بارزانــی بــۆ هەمــان مەبەســت لەلایــەن مەحمــود عوســمان خوێندرایــەوە[1]، لــە ١٩٧٠/٣/١٢ لــە شــەقامەکانی بەغــدا ڕێپێوانێکــی گــەورە بــە ئامادەبوونــی ســەرکردەکانی حزبــی بەعــس لــە بەرزتریــن ئاســت لــە (البـاب الشرقـي) کــرا، شانبەشــانی ئــەوان شــاندی کوردیــش ئامادەبــوون بــۆ پێشــوازیکردن لــە جەمــاوەر کــە بــە بەردەمیــان تێپەڕدەبــوون، لــە شــارەکانی کوردســتانیش ئاهەنــگ و خۆشــی دەســتیپێکرد.

ئەحمــەد حەســەن بەکــر لــە وتارەکەیــدا ئامــاژەی بــە تــەواوی ناوەڕۆکــی ڕێککەوتننامەکــەی نەکــرد تەنیــا خاڵــە ســەرەکییەکانی ڕێککەوتننامەکــەی خوێنــدەوە کــە (١٥) خاڵــی ســەرەکی لەخۆدەگــرت، بــۆ ئــەوەی بەرانبــەر شۆڕشــی کــورد بــە بچــووك دەرنەکــەون [2].

---

(١) شـکیب عقـراوي، سـنوات الامحنـة في كردسـتان، الطبعـة الاولى(اربيـل _ مطبعـة منـاره _ ٢٠٠٧) ص ٢٦٩.

(٢) جـيرارد جالايانـد، شـعب بـدون وطـن, ترجمـة (عبدلسـلام الانقشـبندي)، الطبعـة الاولى( اربيـل _ دار اراس للطباعـة و النـشر_ ٢٠١٢ ) ص ٢٣٨.

بەڵام کێشەی گەورە ئەوە بوو کە حکوومەتی بەعس بە زارەکی بە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی ڕاگەیاند، ((یاسای مافی خۆبەڕێوەبەری بۆ کورد بڕیاری لەسەر دەدرێت و کاری پێدەکرێت، تەنیا لە دوای چوار ساڵ لە دەرچوونییەوە))[1].

جگە لەو ئاهەنگەی کە لە بەغدای پایتەخت بەڕێوەچوو، لە ڕۆژانی دواتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حکومەتی عێراقی بە مانشێتی گەورە و لە لاپەڕەکانی یەکەم باسی ئەو ڕێککەوتننامەیەیان کردبوو، لە گوڤاری بەیان کە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی حکوومەتی عێراقی دەردەچوو، لە لاپەڕەی یەکەمی خۆی بە ناونیشانی (وتاری ژمارە) باس لە ڕێککەوتنەکە دەکات[2].

### دەقی بەیاننامەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠:

یەکەم هۆی شۆڕشی حەڤدەی تەمووز، دەربڕینی ڕکی هەموو جەماوەری عەرەب بوو بەرانبەر ئەوانەی بوونە هۆی شکستی حوزەیران و تێکدانی یەکدەنگی ڕای میللی لە عێراق، بە مەحکوومکردنی کۆنەپەرستیی تاکڕەوی پێشوو لە بەر بەشداریکردنی لە دەوری بەزینەی ئەم مەینەتییە نەتەوەییەدا هات، ئەمەش لەبەر گۆشەگیریی تەواوی لەگەڵ و دەستەوەستانیی ڕەهای لە چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە نیشتمانییانەی بە قەوارەی نیشتمانیدا دەچوونە خوارێ و کلۆریان دەکرد و چارەسەرکردنی ئەو پێشەکییە پێویستییەك بوو، دەبووایە ببێت بۆ هەموو نیازێکی ڕاستگۆیانە بۆ تەیار و ئامادەکردنی هەموو وزەیەکی مرۆیی و ماددی لە عێراقدا و بەبێ هیچ خەریککردنێك لە شوێنی خۆی دابنرێت و، بەپلەی یەکەمیش لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕی چارەنووسسازی میللەتی عەرەبدا.

لەبەرئەوە شۆڕش هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتاوە ئەرکی وەدیهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی بۆ گەلی عێراق لە بەرچاوی خۆی دانا بێ هیچ جیاوازییەك، بەهۆی ڕەگەز و زمان و ئاین و شوێنی پێگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکەی و ڕەخساندنی هەموو

(١) شلۆمۆ نکدیمۆن، مۆساد لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ، وەرگێرانی(ڕەهەند عبدولغفور)، چاپی یەکەم (٢٠١١) ل ٣١٦.

(٢) گۆڤاری (بەیان) وەزارەتی رۆشنبیری عیراقی، ژمارە (٣) ( بەغدا _ چاپخانەی دار الجمهورية _ ١٩٧٠) ل ١.

مەرجێکـی پێویسـتی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری، کـە بنەمـای ئـەم یەکێتییـە دەیانخوازێـت و پێویسـتی پێیانـە، بـۆ ئـەوەی عێـراق بەهەمـوو وزە و توانایەکـی بتوانێـت، ڕووبکاتـە شـەڕە نەتەوەییـە چارەنووسسـازەکەی، کـە بەدیـدی شـۆڕش لووتکـەی ململانێـی تـاڵ و سـەختی نێـوان ئیمپریالیـزم و زایۆنیـزم و چاوچنۆکییـە شـەڕخوازەکەی لـە نیشـتمانی عەرەبیدا دەنوێنێ لـە لایـەک و لـە نێوان بەرژەوەندیـی ڕزگاری و خەباتـی میللەتـی عـەرەب لەپێنـاو ئامانجـە پێشـکەوتنخوازییە مرۆییەکانـی لـە لایەکـی تـرەوە.

لەگـەڵ ئـەو گیروگرفتـە زۆرە ئاڵـۆزەی کـە شـۆڕش هـەر بـە لەدایکبوونـی ڕووبەڕوویـان بـووەوە، بەتوانـا و بـڕواوە هـەر بەڕێگـەی خۆیـدا ڕۆیشـت لەپێنـاو ڕزگارکردنـی عێـراق، لـە پاشـماوە و خاپەرۆکـی ئیمپریالیـزم و بەکرێگـیراوی دیکتاتۆریـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و بـۆ کارکـردن، بـۆ ڕەخسـاندنی هەمـوو مەرجێکـی پێویسـت بـۆ بنیاتنانـی عێراقێکـی تـازە، کـە بەشـێوەیەکی جیـدی، یەکسـانیی ڕاستەقینەی مـاف و ئـەرك و هاوهەلـی لـە نێـوان هاوولاتیانـدا دێتـەدی و چەنـدان ئاسـۆ لەبەردەمـی هەمـوو گەلـدا دەکرێنـەوە، لـە ڕێگـەی پابەندبوونـی نیشـتمانی بەکۆمـەڵ، بـۆ یەکێتیـی خاکـی نیشـتمان و یەکێتیـی گەلەکـەی و ئامانجـە بنەڕەتییـە گەورەکانـی یەکێتیـی نەتەوەیـی و ئـازادی و سۆشـیالیزم.

چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد لـە عێـراق لـە پێشـەوەی ئـەو گیروگرفتـە نیشـتمانییانەیە کـە شـۆڕش ڕووبـەڕووی بـووەوە، بەتایبەتـی بێتوانایـی سـەردەمەکانی پێشـوو لـە تێگەیشـتنی ئـەو گیروگرفتـە،  بگـرە نەبوونـی ئـارەزووی ڕاسـتگۆیانە بـۆ چارەسـەرکردن و دانانـی ڕێگەچـارەی ڕاسـت و دروسـت بـۆی لـەو سـەردەمانەدا، لەگـەڵ ئەوانـەدا بەکارهێنانـی لـە لایـەن ئیمپریالیـزم و نۆکـەر و بەکرێگیراوانیـەوە، بوونـە هـۆی زیاتـر ئاڵـۆزی، هەتـا وای لێهـات وەك بڵێـی گرفتێکـی بـێ چارەسـەرکردن بـێ، بەتایبەتیـش دوای ئـەوەی کـە  چەنـد سـاڵێکە نواندنـی توندوتیـژی بـۆ چارەسـەرکردن، جێگـەی گفتوگـۆی دیموکراتیـی برایانـە و بابەتییانـەی گرتووەتـەوە، ئـەو گفتوگۆیـەی سرووشـتی گیروگرفتـە نیشـتمانییەکە و ئـەو مافـە ڕەوایـە عادیلانـەی بەشـێکی گەلـی عێـراق بەپێویسـتی دەزانـێ.

شـۆڕش هـەر لـە ڕۆژانـی یەکەمیـدا هەوڵیـدا ئـەو گیروگرفتـە بەگیانێکـی پـڕ لـە بەرپرسـیاریەتی و ئـەو پـەڕی سـنووری پابەندبـوون بەبیروبـاوەڕی دیموکراتیـی شۆڕشـگێڕانە چارەسـەر بـکات.

شـۆڕش کـە لـە سـەرچاوەی تیۆریـی حزبـی بەعسـی سۆشیالیسـتی عەرەبـەوە ئـاو دەخواتـەوە، بـڕوای بـەوە هەیـە کـە مافـی نەتەوەیـی، لەگەوهـەردا مافـی دیموکراتـی و زیندووکردنـەوەی کەلەپـووری ڕۆشـنبیری و زمـان و داب و ڕێوڕەسـم و پێڕەوکردنـی خواسـت و ویسـتی ئـازادە و پتەوکردنـی ئـەو مافانـە لـە نێـوان نەتـەوەی جیاجیـادا، بەتایبەتـی لـە یـەك وڵاتـدا، وا پێویسـت دەکات ڕێگـەی ئەوتـۆ بدۆزرێتـەوە بـۆ پێوەندیـی نێـوان ئـەو نەتەوانـە بەشـێوەیەك کـە یارمەتـی هەڵسـانەوەی هەموویـان بـدات و ڕێکـی بخـات.

هەمـوو ئـەو پـڕۆژە و پلانانـەی ئامانجیـان بێهێزکردنـی پێوەندیـی نێوانیـان و چاندنـی تـۆوی دووبەرەکییـە، خزمەتـی بەرژەوەندیـی ناوخـۆی ڕۆڵەکانـی نـاکات و لـە هەمـان کاتیشـدا ڕێکخسـتن و بەهێزکردنـی پێوەندیـی نیشـتمانی و مرۆیـی لـە نێوانیانـدا و دانانیـان بـۆ خزمەتـی پێشـکەوتن، هـەر ئەوانـن هـۆی یەکێتیـی ژیانـی نیشـتمانی لـە کەشـوهەوایەکی پـڕ لـە برایەتیـی نەتەوەیـی، ئاشـتی دەڕەخسـێنن.

لـە سرووشـتی ئـەو بیروباوەڕانـە بـوو کـە کۆنگـرەی قوتـری حزبـی بەعسـی سۆشیالیسـتی عـەرەب لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٦٨ و سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٩ بەسـترا، دەستپێشـخەری ئایدیۆلۆجـی و تیۆریـی حـزبی بەرانبـەر ئـەو گیروگرفتـە نیشـتمانییە دیارکـرد و ڕێگـەی چارەسـەرکردنی لـە بەردەمـی شـۆڕش و دەسـەڵاتداریی شۆڕشـگێڕی دانـا، ئەمـەش لـەو بڕیارانـەی دوای ئـەو کۆنگرەیـە دەرچـوون، لـە بڕیارەکـەدا دەڵێـت:

کۆنگـرە جەختـی لەسـەر ئـەوە کـردەوە کـە مەسـەلەی ئاواتـی نەتەوەیـی کـورد لـە عێراقـدا، دەکەوێتـە پێـش ئـەو مەسـەلانەی ڕووبـەڕووی بزاڤـی شۆڕشـی عەرەبـی دەبنـەوە و چەنـد سـاڵێکیش تێپەڕیـن، بـێ گەیشـتن بەچارەسـەرێکی دروسـت بـۆ ئـەم مەسـەلەیە و لـە ئەنجامـی سـتەمکاری نوانـدن لـە چارەسـەرکردنیدا، بەدبەختـی و مەرگەسـاتێکی ترسـناك بـە هاووڵاتیانـی عـەرەب و کـورد گەیشـت، هێزەکانـی ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتی و دەسـتەی بەکرێگـیراو و هەڵپەرسـتان، هەمیشـە ئـەم مەسـەلەیان دەهێنایـە پێشـەوە و سەرنەکەوتنیشـیان لـە چارەسـەرکردنی بەکارهێنـا، بـۆ دەسـت خسـتنەناو کاروبـاری عێـراق و پاڵەپەسـتۆ خستنەسـەری و پیلانگێـڕان بـۆ سـەر مافەکانـی عـەرەب وکـورد و گەیاندنـی زیانـی زیاتـر بـەو پێگـە و دەسـکەوتە نەتەوەیـی و دیموکراتـی وپێشـکەوتنخوازانەی، لـە مـاوەی سـەردەمانێکی دوورودرێـژی خۆبەختکـردن و قوربانیـدان و خەباتـی ناوخۆیـی پێـی گەیشـتوون.

هـەروەك کۆنگـرە جەختـی لەسـەر ئـەوەش کـردەوە کـە حزبەکەمـان لـە خەبـات و

سیاسەتیدا لە بیروباوەڕە نەتەوەییە مرۆییە سۆشیالیستە دیموکراتەکەیەوە تەکان دەدات و هەمیشە ڕێزی لە ئاواتە نەتەوەییەکانی جەماوەری کورد بەناوەڕۆکە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکەی دەگرت و بەمافی مرۆڤانەی ڕەوای دادەنا و پێوەندییە بەتینەکەشی لە نێوان وەدیهێنانی ئەو مافانە و نێوان هێز و دروستی ڕێڕەوی جەماوەری گەل لە عێراقدا، بەڕووکار و ئاراستەی پاکتاوکردنی پاشماوەی ئیمپریالیزم و خۆتەرخانکردنی تەواو بۆ شەڕە نەتەوەییە چارەنووسسازەکەی ئێستا لە فەڵەستین و بەردەوامبوونی تێکۆشانی مێژوویی لە پێناوی وەدیهێنانی یەکێتیی عەرەبی و ئازادی و سۆشیالیزمدا.

لەبەرئەوە شۆڕش کە هەر لە سەرەتاوە پابەندی بیروباوەڕی حزب و بڕیارەکانی دەبێت، دانی نا بەمافە نەتەوەییەکان و پەرەپێدانی خاسیەتی نەتەوەیی هاووڵاتیانی کورد لە چوارچێوەی یەکێتیی گەل و نیشتمان و سیستەمی دەستووریدا.

لە کاتێکیشدا کە میللەتی عەرەب پێ دەنێتە نێو خەباتێکی بەرفراوان دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستیی ناوخۆ، ئەو خەباتە لە هێڵەکانی یەکەمی خەباتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دادەنێت، تەبای خەباتی توند گرێدراوی گەلی عێراق لەگەڵ خەباتی میللەتی عەرەب لە پێناوی دیموکراسی و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بەجیهانی و ناوخۆشەوە، بۆیە شۆڕش وای دادەنێت کە بنچینەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی عەرەب – کورد لە عێراقدا ئەوەیە، کە بزاڤی نەتەوەیی کوردی وەك بزاڤی نەتەوەیی عەرەبە، بزاڤێکی دیموکراسیی دژ بەهەمان ئەو هێزە کۆنەپەرستانەیە لە لایەنی بابەتییەوە، کە لە عێراقدا یەکێتیی تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپەرستە هاوپەیمانەکانی تر و دەست و پێوەندەکانی بە بزاڤی ڕزگاریخوازانەی عەرەبییەوە دەبەستێتەوە.

هەروەها دابونەریتی برایەتیی مێژوویی و یەکێتیی بەرژەوەندی ئابووری و پەرەسەندنی هاوئاهەنگ لە نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد، بەخەباتی گەلی عەرەبییەوە دەبەستێتەوە. هەر تێکدان و ناهاوسەنگیی ئەو هاوئاهەنگییە، سەرەنجام دەبێتە زیانگەیاندن بەو تێکۆشانە هاوبەشە و ڕابوونی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز بەشێوەیەکی گشتی.

ئیمپریالیزم درکی بەوە کردووە کە یەکێتیی تێکۆشانی عەرەب و کورد، بزاڤی

ڕزگاریی عەرەب و کورد بەتین دەکات و توانای ئەوەی پێ دەبەخشێت کە پێگەی گرنگ لە ڕووی پڕۆژەی دوژمنکاریی ئیمپریالیی زایۆنیی ئیسرائیلی لە ناوچەکەدا وەدەست بێنێ. بەتایبەتی سەبارەت بەو شەڕە نەتەوەییە چارەنووسسازەی ئێستا لە فەڵەستین و ئەو وڵاتە عەرەبییانەی دەورەیان داوە، لە ئارادایە. لەبەر ئەوە دامودەزگا ئیمپریالی و بەکرێگیراوەکان، خۆیان کوشت و هەوڵیاندا بۆ دۆزینەوەی زیاتر لە هۆیەك بۆ لێکترازاندنی پێوەندی لێکگرێدان و برایەتی لە نێوان جەماوەری عەرەب و کورد بەمەبەستی بێهێزکردنی بەرەی خەباتی نیشتمانیی شۆڕشگێڕی لە عێراقدا.

جا لەبەرئەوەی شۆڕش لە تێگەیشتنی بۆ مەسەلەی کورد لەوەوە بۆی دەچێت، کە بەشێکە لە شۆڕشی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی، گومان لەوەدا نییە کە شۆڕش لە هەموو هەنگاوێك کە دەیهاوێت پابەند دەبێت بەئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتمانیی کوردی، بەو شێوەیەی کە دەبێتە هۆی بەهێزکردن و چەسپاندنی خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی دژی تێکڕای ئەو هێزە نامرۆییانە.

لەبەرئەوە پێڕەوکردنی سەرجەم مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و وەدیهێنانی هاوکوفی ڕەها لە هەلی پەرەپێدانی ئازاد، هەردووکیان ڕێگەی پێویست بۆ یەکخستن و بەتینکردنی تێکۆشانی نیشتمانیی لە عێراقدا دژی دوژمنانی گەلان و دوژمنانی میللەتی عەرەب و گەلی عێراق، ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستیی بەکرێگیراو دەگرنەبەر.

کات دانانەوە بۆ پیلانە ئیمپریالیستە زایۆنییە کۆنەپەرستەکان بۆ سەرکۆماری عێراق هەر بەڕێکەوت نەبوو و لە هەمان ئەو کاتەدا دەستیپێکرد، کە مژدەی ئاشتی لە هەموو لایەکی باکووری خۆشەویستمان بەهۆی ئەو هەوڵە دڵسۆزانەیەی حکوومەتی شۆڕش ئەنجامی دا و ئەو بەدەنگەوەهاتنە دڵسۆزانەی لە لایەن مستەفا بارزانیی بەڕێزەوە پێشان درا، بە جەماوەر درا.

شتێکی شاراوە نییە کە شۆڕش لە لایەن خۆیەوە دەستپێشخەریی کرد بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێکی پێویست، بۆ گەڕاندنەوەی متمانە و ئاشتی لە هەموو لایەکی باکووری عێراق و کاری بۆ ئەمانەی خوارەوە کرد:

١. بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی حەوتەمی قوتری حزبی بەعسی سۆشالیستی عەرەب و لە ڕێگەی هەموو ئەو بەیانە ڕەسمی و ڕۆژنامەوانییانەی لە لایەن

دەسـەڵاتداریی شۆڕشـگێڕییەوە دەرچـوون، دان بەبوونـی شـەرعیی نەتـەوەی کـورددا نـراوە، ئـەم ڕاسـتیەش بەشـێوەیەکی ئێجگارەکـی لـە دەسـتووری هەمیشـەییدا دادەنرێـت.

٢. ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش بڕیـاری دامەزراندنـی زانکـۆی سـلێمانی و کـۆڕی زانیـاری کـوردی دا، هەروەهـا دانـی نـا بەهەمـوو مافێکـی ڕۆشـنبیری و زمانـی نەتەوەیـی کـورد، دەبـێ خوێنـدن لـە هەمـوو قوتابخانـە و پەیمانـگا و زانکـۆ و خانـەی مامۆسـتایانی کـوڕان و کچـان و کۆلێـژی سـەربازی و کۆلێـژی پۆلیـس بەزمانـی کـوردی بێـت، هەروەهـا دەبێـت نـووسراو و کتێبـی دانـراوی کوردیـی، زانسـتی و ئەدەبـی و سیاسـی کـە تەعبـیر لـە ئاواتـی نیشـتمانی و نەتەوەیـی گەلـی کـورد دەکـەن، بەهەمـوو لایەکـدا بڵاوبکرێنـەوە، بـۆ ئـەوەش کـە ئەدیـب و شـاعیر و نووسـەرانی کـورد بۆیـان بکرێـت، یەکێتییـەك بـۆ خۆیـان دامەزرێنـن، دانراوەکانیـان چـاپ بکـەن و بـۆ ڕەخسـاندنی هەمـوو هـەوڵ و توانایـەك لـە بەردەمیانـدا بـۆ گەشـەپێدانی توانـا و بەهـرە زانسـتی و هونەرییەکانیـان و دامەزراندنـی خانەیەکـی چـاپ و بڵاوکردنـەوە بەزمانـی کـوردی و پێکهێنانـی بەڕێوەبەرایەتییەکـی گشـتی بـۆ ڕۆشـنبیریی کـوردی، لـە نۆژەنـەوە و دەرکردنـی ڕۆژنامەیەکـی هەفتانـە و گۆڤارێکـی مانگانـە بەزمانـی کـوردی، زیادکردنـی بەرنامەیەکـی کـوردی لـە تەلەفزیۆنـی کەرکـووک تـا ئێسـتگەیەکی تایبـەت بەبڵاوکردنـەوەی تەلەفزیۆنـی بەزمانـی کـوردی دادەمەزرێـت.

٣. بـۆ داننـان بەمافـی هاووڵاتیانـی کـورد بەزیندووکردنـەوەی داب و ڕێوڕەسـم و جەژنـە نەتەوایەتییەکانیـان و لـە پێنـاوی بەشـداریکردنی هەمـوو گـەل لـە جەژنەکانـی ڕۆڵەکانیانـدا، ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش بڕیاریـدا، جەژنـی نـەورۆز لـە کۆمـاری عێراقـدا بەجەژنێکـی نیشـتمانی دابنرێـت.

٤. هەروەهـا ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش یاسـای پارێزگاکانـی دەرکـرد کـە ( لامرکـزی )ی کارگێڕیـی ناوخـۆ لەخۆدەگرێـت و بڕیـاری پێکهێنانـی لـە نوێـوەی پارێـزگای دهۆکـی دا.

٥. هەروەهـا ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش لێبووردنێکـی گشـتی گشـتگیری دەرکـرد، بـۆ هەمـوو ئـەو مەدەنـی و سـەربازانەی بەشـدارییان لـە کاری توندوتیژیـدا کردبـوو لـە باکـوور، بـۆ ئـەوەی هەمـوو شـوێنەوارێکی بارودۆخـی نەرێنیـی نائاسـایی پێشـوو لەنێـو ببـات و نەهێڵـێ و نیشـانەی ژیانـی نیشـتمانیی

تـازە لەسـەر زەمینەیەکـی پتـەوی ئاسایشـی گشـتی و برایەتیـی نەتەوەیـی گشـتگیر دابمەزرێنـێ.

جەمـاوەری عـەرەب و کـوردی عێـراق بەپشـتگیری و بەپیرەوەچـوون پێشـوازییان لـەو بڕیـار و کارانـەی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش کـرد، ئـەم کارەش بارودۆخـی لـە بـاری سـازکرد بـۆ بەردەوامبـوون لـە وەدیهێنانـی ئـەو ئامانجـە نموونەییانـەی یەکدەنگیـی گەلیـان لەسـەرە و خواسـت و هێـزی تـەواوی عێـراق لـە دەوریانـدا یەکیـان گـرت.

بەپێـی ئـەوەی پێشـەوە، ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش پێوەندییەکـی لـە نێـوان خـۆی و هێـژا مسـتەفا بارزانـی سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان سـازدا و ئاڵوگـۆڕی دیدوبۆچـوون کـرا و هەمـوو قەناعەتیـان بـەوە کـرد کـە پێویسـتە ناوەڕۆکـی ئـەم بەیاننامەیـە قبـووڵ و جێبەجـێ بکـەن، جەختیـش لەسـەر خواسـت و بڕیـاری خـۆی دەکاتـەوە بەقووڵکردنـەوە و فراوانکردنـی کارو چالاکیـان، بـۆ تەواوکردنـی بوژانـەوەی ڕۆشـنبیری و ئابـووری و پەرەسـەندنی گشـتی لـە ناوچـەی کوردیـدا و ئامانجـی پلـەی یەکەمـی ئەوەیـە، کـە جەمـاوەر بتوانێـت پێـڕەوی مافـە ڕەواکانـی خـۆی بـکات و ئـەو جەمـاوەرە بەکـردەوە لـە هاوبەشـیکردنی جیدییانـە لـە بنیاتنانـی نیشـتمانی و تێکۆشـان و لەپێنـاوی ئامانجـە نەتەوەییـە مەزنەکانـدا بەشـداریی پـێ بکرێـت، لەبەرئەمـە ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش بڕیـاری دا:

١. زمانـی کـوردی زمانـی ڕەسـمی دەبێـت لەگـەڵ زمانـی عەرەبـی لـەو ناوچانـەی کـە زۆربـەی زۆری دانیشـتووانیان کـوردن و زمانـی کوردیـش لـەو ناوچانـەدا زمانـی خوێنـدن و فێرکـردن دەبێـت و زمانـی عەرەبیـش لـە هەمـوو ئـەو قوتابخانانـەدا دەخوێنرێـت کـە بەکـوردی دەخوێنـن. لـە هەمـان کاتیشـدا زمانـی کـوردی وەك زمانـی دووەم لـەو سـنوورەی یاسـا دایدەنێـت لـە هەمـوو لایەکـی عێراقـدا دەخوێندرێـت.

٢. بەشـداریکردنی برایانـی کوردمـان لـە حوکـم و جیـاوازی نەکـردن لـە نێـوان کـورد و کەسـانی تـر. لەوانـەش پایـەی گرنـگ و بایەخـدار لـە دەوڵەتـدا وەك وەزارەت و سـوپا و هـی تریـش، ئەوانـە هەموویـان لـەو کارە گرنگانـەن کـە ئامانجـی شـۆڕش بـوون بـۆ وەدیهێنانیـان، حکوومـەت لـە کاتێکـدا کـە دان بـەو بنەمایـە دادەنێـت، جەخـت لەسـەر پێویسـتیی کارکـردن بـۆ وەدیهێنانـی ئـەو بنەمایـە بەڕێژەیەکـی عادیلانـە دەکاتـەوە، لەگـەڵ لەبەرچاوگرتنـی بنەمـای لێهاتوویـی و ڕێـژەی دانیشـتووان

و ئـەو بێبەشـییەی برایانـی کوردمـان لـە ڕابـردوودا دووچـاری بـوون.

٣. لەبەرئـەو دواکەوتوویـیـەی کـە لـە ڕابـردوودا لـە هـەردوو لایەنـی ڕۆشـنبیری و پەروەردەیـی بەسـەر نەتـەوەی کـورد هاتـووە، پلانێـك بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم دواکەوتوویـیـە دادەنرێـت لـە ڕێگـەی:

١. پەلەکـردن لـە جێبەجێکردنـی بڕیارەکانـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش لـە ڕووی زمـان و مافـی ڕۆشـنبیرییەوە بـۆ گەلـی کـورد و بەسـتنەوەی ئامادەکـردن و ئاراسـتەکردنی بەرنامـەی تایبـەت بەکاروبـاری نەتـەوەی کـورد لـە ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن بـە بەڕێوەبەرایەتـی گشـتیی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنـی کـوردی.

٢. گەڕاندنـەوەی ئـەو قوتابییانـەی دەرکـراون یـان لەبـەر بارودۆخـی توندوتیـژی لـە ناوچەکـە ناچاربـوون واز لـە خوێنـدن بێنـن، بـۆ قوتابخانەکانیـان، بەچاوپۆشـی کـردن لـە تەمەنیـان یـان دۆزینـەوەی ڕێگەچارەیەکـی لەبـار بـۆ گیروگرفتەکانیـان.

٣. کردنـەوەی قوتابخانـەی زۆر لـە ناوچـەی کوردیـدا و، بەرزکردنـەوەی ئاسـتی پـەروەردە و فێرکـردن و قبوولکردنـی قوتابیـی کـورد لـە زانکـۆ و کۆلێـژی سـەربازی و بەعسـە وزەمالـەی خوێنـدن بەڕێژەیەکـی عادیلانـە.

٤. لـەو یەکـە کارگێڕییانـەی کـە بەشـی زۆریـان کـوردن، دەبـێ فەرمانبەرەکانیـان کـورد بـن، یـان لـەو کەسـانە بـن کـە کـوردی بـاش دەزانـن، ئەگـەر ژمـارەی پێویسـتیان لـێ پەیـدا بـوو و بەرپرسـە بنچینەییـەکان (پارێـزگار، قایمقـام، بەڕێوەبـەری پۆلیـس، بەڕێوەبـەری ئاسـایش (( ئەمـن )) وهـی تـری لـەم جـۆرە) دادەمەزرێـن و دەسـبەجێ دەسـت دەکرێـت بـە پەرەپێدانـی دامـودەزگای دەوڵـەت لـە ناوچەکـە بەڕاوێژکـردن لـە چوارچێـوەی لێژنـەی بـاڵای سەرپەشـتیاری جێبەجێکردنـی ئـەم بەیاننامەیـە بـەو شـێوەیەی، کـە جێبەجێکردنـی مسـۆگەر دەکات ویەکێتیـی نیشـتمانی و ئارامـی لـە ناوچەکـەدا پتـەو دەکات.

٥. حکوومـەت دان بەمافـی گەلـی کـورددا دادەنێـت، لـە پێکهێنانـی ڕێکخـراوی قوتابییـان و لاوان و ئافرەتـان و مامۆسـتایانی تایبـەت بەخۆیـان و ئـەو ڕێکخراوانـە، ئەندامـی ڕێکخـراوە نیشـتمانییە عێراقییەکانـی هاوشـێوەی خۆیـان دەبـن.

٦. بڕگـەی (أ): کارکـردن بەهـەردوو بڕگـەی (١) و (٢)ی بڕیـاری ژمـارە (٥٩)ی مێـژووی ٥ / ٨ / ١٩٦٨ ی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش هەتـا مێـژووی دەرچوونـی ئـەم بەیاننامەیـە و ئەمـەش هەمـوو ئەوانـەی بەشـدارییان لـە کاری توندوتیژیـی ناوچـەی کوردیـدا کـردووە، دەگرێتەوە.

بڕگـەی ( ب ): کرێـکار و فەرمانبـەر و خزمەتگـوزارە مەدەنـی و سـەربازییەکان دەگەڕێنـەوە بـۆ خزمـەت و ئەمـەش بەبـێ خۆبەسـتنەوە بەبوونـی میـلاك جێبەجـێ دەکرێـت و سـوودیش لـە خەڵکـی مەدەنـی لـە ناوچـە کوردییـەکان بەپێـی پێویسـتی ئـەو ناوچانـە پێیـان، وەردەگیرێـت.

بڕگـەی (أ): دەسـتەیەك لـە کەسـانی پسـپۆر پێکدەهێنرێـت، بـۆ ئـەوەی بـەو پـەڕی خێراییـەوە ناوچەکـە لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە ببوژێتـەوە و قەرەبـووی سـاڵانی ئـەم دواییـەی بەسـەرهاتەکانی بکرێتـەوە و بوودجەیەکـی تەواویشـی بـۆ تەرخـان بکرێـت، بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەم کارە و ئـەو دەسـتەیەش سـەر بەوەزارەتـی کاروبـاری باکـوور دەبێـت.

بڕگـەی (ب): ئامادەکردنـی پلانـی ئابـووری بەشـێوەیەك کـە پەرەسـەندنی وەک یـەک و یەکسـانی لـە هەمـوو لایـە جیاجیاکانـی عێـراق دابیـن بـکات، بەچاودێریکردنـی بارودۆخـی دواکەوتوویـی لـە ناوچـەی کوردیـدا.

بڕگـەی (ج): تەرخانکردنـی مووچـەی خانەنشـینی بـۆ خێزانـی ئـەو کەسـانەی لـە بارودۆخـی داغبـاری شـەڕ، لـە بەشـداربووانی بزاڤـی چەکداریـی کـورددا شـەهید کـراون و بـۆ خەڵکـی تـر و بـۆ ئەوانـەی بەهـۆی ئـەو بارودۆخـەوە تووشـی شـێواوی هاتـوون، بەپێـی یاسـایەکی تایبەتـی لەسـەر شـێوەی یاسـا کارپێکـراوەکان.

بڕگـەی (د): کارکردنـی خێـرا بـۆ فریاکەوتنـی خەڵکـی زیانلێکەوتـوو و دەسـتکورت لـە ڕێگـەی تەواوکردنـی پـڕۆژەی خانـوو دروسـتکردن و شـتی تـر، کـە کار بـۆ بێـکاران دابـین دەکات و پێشکەشـکردنی یارمەتیـی کەلوپـەل و پـارە بەشـێوەیەکی گونجـاو، قەرەبوویەکـی ماقـووڵ بدرێـت بـەو زیانلێکەوتووانـەی پێویسـتییان بەیارمەتییـە، ئەمـەش بـە لێژنـەی بـاڵا دەسـپێردرێ و ئەوانـەی لـێ هاوێردەکرێـت کـە بڕگـەی پێشـوو گرتوونیەتـەوە.

٧. گەڕاندنـەوەی دانیشـتووانی گونـدە عـەرەب و کوردییـەکان بـۆ شـوێنەکانی پێشـوویان، بـەڵام ئـەو گوندانـەی کەوتوونەتـە ئـەو ناوچانـەی ناکـرێ بکرێـن بەناوچـەی لـێ نیشـتەجێبوون، ئـەوا حکوومـەت بـۆ مەبەسـتی سـوودی گشـتی بەپێـی یاسـا دەیانـکات بەموڵکـی خـۆی و لـە ناوچـەی نزیـك ئـەوێ نیشـتەجێیان دەکات و هـەر زەرەر و زیانێکیـش بەهـۆی ئـەوەوە لێیـان کەوتبـێ، قەرەبوویـان بـۆ دەکاتـەوە.

٨. پەلەکـردن لـە پیادەکردنـی یاسـای چاککردنـی کشـتوکاڵ لـە ناوچـەی کـوردی

و هەموارکردنــی بەشــێوەیەك، کــە پاکتاوکردنــی پێوەندیــی دەرەبەگایەتــی مســۆگەر بــکات و هەمــوو جووتیارەکانیــش پارچــە زەویــی گونجاویــان پــێ بدرێــت و لــەو باجــە کشــتوکاڵییەش کــە لــە مــاوەی ســاڵانی شــەڕی داغبــار لــە ســەریان کۆبووەتــەوە، بەخشرێــن و لێیــان خــۆش بــن.

٩. ڕێککەوتــن لەســەر هەموارکردنــەوەی دەســتووری کاتــی وەکــو ئەمــەی خــوارەوە کــرا:

١. گەلــی عێــراق لــە دوو نەتــەوەی ســەرەکی پێکدێــت، ئەوانیــش نەتــەوەی عــەرەب و نەتــەوەی کــوردن، ئــەم دەســتوورە دان دەنــێ بەمافــی نەتەوەیــی گەلــی کــورد و مافــی هەمــوو کەمایەتییــەکان لــە چوارچێــوەی یەکێتیــی عێراقــدا.

٢. زیادکردنی ئەم بڕگەیەی خوارەوە بۆ ماددەی چوارەمی دەستوور:

((زمانــی کــوردی زمانــی ڕەســمی دەبێــت لــە ناوچــە کوردییەکانــدا شانبەشــانی زمانــی عەرەبــی)).

٣. چەسپاندنی ئەوەی پێشەوە لە دەستووری هەمیشەییدا .

١٠. گەڕاندنــەوەی ئێســتگە و ڕادیــۆ و چەکــە قورســەکان بــۆ حکوومــەت و ئەمــەش بەنــد دەبێــت بەجێبەجێکردنــی قۆناغــە کۆتاییەکانــی ڕێککەوتننامەکــە.

١١. جێگرێکی سەرکۆمار کورد دەبێت.

١٢. یاســای پارێــزگاکان بەشــێوەیەك هەمــوار دەکرێتــەوە کــە لەگــەڵ ئــەم بەیاننامەیــەدا بگونجێــت.

١٣. دوای ڕاگەیاندنــی بەیاننامەکــە، بەڕاوێــژ لەگــەڵ لێژنــەی سەرپەرشــتیاری جێبەجێکردنــی بەیانەکــە، کاری پێویســت ئەنجــام دەدرێــت بــۆ یەکخســتنی ئــەو پارێــزگا و یەکــە کارگێڕییانــەی زۆرینــەی دانیشــتوانەکەیان کــوردن، بەپێــی ئــەو ئامــارە ڕەســمییانەی دەکرێــن و دەوڵــەت هەوڵــی پەرەپێدانــی ئــەو یەکــە کارگێڕییانــە و فراوانکردنیــان دەدات، بــۆ ئــەوەی گەلــی کــورد پێــڕەوی ســەرجەم مافــە نەتەوەییەکانــی خــۆی بــکات بــۆ شــادبوونی بــە ئۆتۆنۆمــی. تــا ئــەو یەکــە کارگێڕییــەش دێتــەدی، هاوئاهەنگیــی کاروبــاری نەتەوەیــی کــورد لــە ڕێگــەی کۆبوونــەوەی دەوری دەکرێــت کــە لــە نێــوان لێژنــەی بــاڵا و پارێزگارەکانــی ناوچــەی باکــوور دەبەســترێن و لەبەرئــەوەی ئۆتۆنۆمــی لــە چوارچێــوەی کۆمــاری عێراقــدا جێبەجــێ دەکرێــت، بێگومــان وەبەرهێنانــی هەمــوو ســامانێکی سرووشــتی لــەم ناوچەیــەدا، لــە دەســەڵاتی

ئـەم کۆمـارە دایـە.

١٤. گەلـی کـورد بەڕێـژەی دانیشـتووانی لـە چـاو دانیشـتووانی عێـراق، بەشـداری لـە دەسـەڵاتی یاسـدانانـدا دەکات.

**هاووڵاتییە کوردەکان:**

هــەر خواسـتی ئێـوە سـەبارەت بەیەکێتیـی نیشـتمانی سـەر دەکەوێـت، هەمـوو هـەوڵ و تەقەلایەکیـش بـۆ بێهێزکردنـی پێکەوەگرێدانـی تێکۆشـانتان، لەسـەر تاوێـرە بـەردی هۆشـیاریی بەرپرسـایەتیی مێژووییتـان وردوخـاش دەبێـت. کۆمەڵـە خەباتگێڕەکانتـان ئەمـڕۆ تەپەتـۆزی فڕتوفێڵـی دوژمنەکانتـان و ئەوانـەی چاویـان تـێ بڕیـون، لەسـەر شـانی خۆیـان دادەتەکێنـن، بـۆ ئـەوەی هەمـوو بەیەکـەوە و پـڕ هێـز و هۆشـیاری و وەرەی کار و تێکۆشـان پێکـەوە بـڕۆن، بـۆ پشـتگیری و سەرخسـتنی کێشــە گەورەکــەی میللەتــی عــەرەب کــە فەڵەســتینە و بــۆ وەدیهێنانــی ئامانجــە باڵاکانتـان لـە یەکێتـی و ئـازادی و سۆشـیالیزم.

**ئەی جەماوەرە خەباتگێڕەکەی میللەتی عەرەبمان:**

بـەم شـێوەیە لاپەڕەیـەك لـە لاپەڕەکانـی مێـژووی ئـەم وڵاتـە خەباتگێـڕە کۆتایـی دێـت، بـۆ ئـەوەی بەدەسـتی شـۆڕش و بەدەسـتی هەمـوو خەباتگێـڕە ئـازادەکان لـە ڕۆڵـەی ئـەم وڵاتـە لاپەڕەیەکـی تـازەی پڕشـنگدار بکرێتـەوە، تـا جارێکـی تریـش لەسـەر ئـەم خاکـە پـیرۆزە، مەرجـی خۆشەویسـتی و ئاشـتی و برایەتـی تـازە دەبێتـەوە لـە نێـوان هـەردوو نەتـەوە کـە مێـژووی تێکۆشـانی هاوبەشـی دووردرێژیـان بەدرێژایـی مێـژوو هەیـە و ئەمـڕۆ و سـبەینێ و هەتـا هەتایـە شـەرەفی زیندووکردنـەوەی خەباتـی هاوبەشـیان دەبێـت لـە پێنـاوی لـە نێوبردنـی دوژمنانـی هـەردوو نەتـەوە، دوژمنانـی تێکـڕای گـەلان و مرۆڤایەتـی و ئیمپریالیـزم و زایۆنـی و دواکەوتـن و شـەرەفی بەشـداریکردن لـە پشـتگیریکردنی تێکۆشـانی مرۆیـی، لەپێنـاوی ڕزگاری و پێشـکەوتن و چەسـپاندنی ژیـاری سـەردەم، لـە سـەر بنچینـەی مـاف و یەکسـانی و دادپـەروەری لـە نێـوان هەمـوو گەلێکـدا.

بـۆ خەباتـی هاوبـەش و ئاواتـی هاوبـەش و سـەرکەوتنی نەتەوەیـی و مرۆیـی هاوبـەش.

**ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش**

**١١ / ٣ / ١٩٧٠**

## پاشبەندی فەرمی نهێنی بەیاننامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش دانـی نـا بـەو مەسـەلانەی لـەم پاشـبەندەدا نـووسراون و لەبـەر پێویستی بەرژەوەندیـی نیشـتمانی، جاڕنەدانـی بەپێویسـت دانـا:

یەکـەم: بوونـی نەتەوەیـی کـورد لـە عێـراق لـە دەقـی دەسـتووری کاتـی و دەسـتووری هەمیشـەیی کۆمـاری عێـراق، لـە سـنووری ئـەم دەقـەی خـوارەوەدا دەچەسـپێندرێ:

((گەلـی عێـراق لـە دوو نەتـەوەی سـەرەکی پێکدێـت، ئەوانیـش نەتـەوەی عـەرەب و نەتـەوەی کـوردن و دەسـتوور دان بەمافـە نەتەوەییەکانـی کـورد و مافـی هەمـوو کەمایەتییەکانـدا دەنـێ لـە چوارچێـوەی یەکێتـی عێراقـدا)).

دووەم: ئـەم دەقـە لـە دەسـتوورەکەدا دێـت: ((بەمەرجێـك زمانـی کـوردی شانبەشـانی زمانـی عەرەبـی زمانـی فەرمـی بێـت لـە ناوچـەی کوردیـدا)).

سـێیەم: حوکمـی نیشـتمانی هەوڵـی پەرەپێدانـی بارودۆخـی ناوچـەی کـوردی دەدات بـەرەو ئۆتۆنۆمـی، ئەمـەش لـە ڕێگـەی (( نزیکتریـن دوو مـاوە، یـان بـۆ ماوەیـەك کـە ئـەو پـەڕی چـوار سـاڵە، یـان لـە کاتـی ڕاگەیاندنـی یەکـەم یەکێتیـی عەرەبـی لـە نێـوان عێـراق و هـەر وڵاتێکـی عەرەبیـدا )).

چـوارەم: مـاوەی دابـڕان سـەبارەت بەهەمـوو فەرمانبـەران، مەدەنـی و سـەربازی و گشـت کرێـکار و خزمەتگـوزارەکان، ئەوانـەی بەپێـی بەنـدی حەوتەمـی بەیاننامـەی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش گەڕاونەتـەوە بـۆ فەرمانەکانیـان بەخزمـەت دادەنرێـت بەمەبەسـتی مووچەبەرزکردنـەوە و خانەنشـینی.

پێنجـەم: ئـەو سـەربازانەی پێـش دەرچوونـی ئـەم بەیاننامەیـە، لەوانـەی کـە بەشـدارییان لـە بزاڤـی چەکداریـی کـورددا کـردووە، داواکرابـوون بـۆ خزمەتـی یـەدەگ( احتیـاط )، لـە خزمەتـی سـەربازی دەبەخشرێـن.

شەشـەم: دەوڵـەت سەرپەرشـتیی بەڕێوەبـردن و ژیاندنـی بەشـدارانی بزووتنـەوەی چەکداریـی کـورد دەگرێتـە ئەسـتۆ، بـۆ چاوەڕوانیـی دابەشـکردنیان بەسـەر کار و فەرمانـی مەدەنیـدا، ئەوانـەی کـە دەمێننـەوە بەسـیفەتی پاسـەوانی سـنوور دادەمەزرێـن بەمەرجێـك، ژمارەیـان لـە پێنـج بەتالیـۆن تێپـەڕ نـەکات و دەرماڵـەی ژیـان و کاری پارەپێدانیـان بەپێـی ئـەم تەرتیبانـەی خـوارەوە ڕێـك دەخرێـت:

أ – ٣٠٠ هەزار دینار لە مانگی یەکەم دوای دەرچوونی بەیاننامەکە.

ب – ٢٠٠ هەزار دینار لە مانگی دووەم دوای دەرچوونی بەیاننامەکە.

ج – ١٠٠ هەزار دینار لە مانگی سێیەم دوای دەرچوونی بەیاننامەکە.

د – ئـەو پێشـمەرگانەی دەمێننـەوە، دوای مانگـی سـێیەم دەگۆڕێـن و دەکرێـن بەپاسـەوانی سـنوور، بەمەرجێـك لـە پێنـج بەتالیـۆن تێنەپـەڕێ.

هـ – پاسـەوانی سـنوور پێـك دەهێنرێـت و کار و گرێدراوییـە کارگێڕییەکانـی بەیاسـا دیـاری دەکرێـت و هەمـوو ئـەو قەرەبووکردنـەوە و دەرماڵانـەی کـە لـە بەنـدی پێنجەمـی ئـەم پاشـبەندەدا دیـاری کـراون و لـەو بەیاننامـە گشـتییەدا کـە لـە ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شۆڕشـەوە دەرچـووە، دەدرێـن بـە مـەلا مسـتەفای بارزانـی بـۆ ئـەوەی خـۆی و لەسـەر بەرپرسـایەتی خـۆی، دابەشـیان بـکات بەسـەر ئەوانـەی شایسـتەن بەپێـی ئەحکامـە بڕیاردراوەکانـی بەیاننامـە و پاشـبەندی ناوبـراو.

حەوتـەم: هـەر لەگـەڵ جاڕدانـی ئـەم بەیاننامەیـەدا پێشـمەرگە و هەمـوو هێـزە نانیزامییەکانـی تـر دەسـت بەکشـانەوە دەکـەن، لـەو شـوێنانەی ئێسـتەیان بـۆ ئـەو مەڵبەندانـەی کـە لـە کۆبوونـەوە، لێژنـەی بـاڵا بۆیـان دیـاری دەکات و سـەرکردایەتییە سـەربازییە تایبەتمەنـدەکان، ئەرکـی ئاراسـتەکردنی هەندێـک کەرتـی سـەربازی دەگرنـە ئەسـتۆ بـۆ پڕکردنـەوەی پێگـە و شـوێنی گرنـگ، لەسـەر سـنووری عێـراق و ئێـران دەسـبەجێ بەدەرچوونـی ئـەم بەیاننامەیـە لـە لایـەک و کشـانەوەی کەرتەکانـی تـر بـۆ مۆڵگـە نیزامییەکانیـان لـە لایەکـی تـرەوە، دەوڵەتیـش هەمـوو دامـودەزگا چەکـدارە نانیزامییـەکان هەڵدەوەشـێنێتەوە، بەگوێـرەی ئـەو ئەحکامانـەی لـە بەیاننامـە گشـتییەکەی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شۆڕشـدا هاتـوون و وەرگرتنـەوەی هەمـوو چـەك و تفـاق و دەزگای ئێسـتگە دەگرێتـە ئەسـتۆ.

هەشـتەم: لـە حاڵەتـی دامەزراندنـی جێگـر بـۆ سـەرکۆمار، یەکێـك لـەو جێگرانـە لـە هاووڵاتیانـی کـورد دەبێـت.

نۆیـەم: ئامـاری گشـتی دانیشـتووان لـە عێـراق لـە مـاوەی ساڵێك لـە دەرچوونـی ئـەم بەیاننامەیـە ئەنجـام دەدرێـت.

دەیـەم: لێژنەیەکـی هاوبەشـی بـاڵا پێکدەهێنرێـت بـۆ سەرپەرشـتیکردنی پیادەکردنـی ئـەو ئەحکامـەی، لـە بەیاننامـە گشـتییەکەی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش و ئـەم پاشـکۆیەدا هاتـوون و لـە ڕێگـەی پێکهێنانـی ئـەم لێژنەیە و ئسـووڵی کارکـردن و بڕیـاردان لـە لێژنەکـە و پێوەندیـی لەگـەڵ دەسـەڵاتداری

ناوچەیـــی و مەرکـــەزی، بەبڕیارێـــك لـــە لایـــەن ئەنجوومەنـــی ســـەرکردایەتیی شۆڕشـــەوە  دیاردەکرێـــت.

یـــازدەم: ئـــەم پاشـــكۆ نهێنییـــە بەیـــەك دانـــەی ئەســـڵی لـــە لایەنـــی حکوومەتـــەوە ڕێـــك دەخرێـــت و یەکێـــك لـــە ئەندامانـــی ئەنجوومەنـــی ســـەرکردایەتیی شـــۆڕش یـــان کەسێك کـــە ئەنجوومـــەن دەســـەڵاتی ئـــەوەی پـــێ دەدات، واژووی دەکات و لـــە لایـــەن کوردیشـــەوە مـــەلا مســـتەفای بارزانـــی واژووی دەکات و بەئەمانـــەت لـــە لای بەڕێـــز ســـەرکۆمار دادەنرێـــت، بـــۆ ئـــەوەی لـــە کاتـــی پێویســـتدا بـــۆی بگەڕێنـــەوە.

دوازدەم: دوای بڵاوکردنـــەوەی بەیاننامەکـــەی ئەنجوومەنـــی ســـەرکردایەتیی شـــۆڕش، مـــەلا مســـتەفا بارزانـــی برووســـکەنامەیەکی پشـــتگیری بـــۆ ســـەرۆك و ئەندامانـــی ئەنجوومەنـــی ســـەرکردایەتیی شـــۆڕش دەنێرێـــت، کـــە پابەندیـــی خـــۆی ســـەبارەت بـــەوەی کـــە لـــەو بەیاننامـــە فەرمییـــە هاتـــووە و ئامادەیـــی تـــەواو بـــۆ دانانـــی هەمـــوو توانایەکـــی خـــۆی بـــۆ جێبەجـــێ کردنـــی دەگرێتەخـــۆ.

کاتژمێر دەی سەر لە ئێوارەی ١٠ / ١١ – ٣ / ١٩٧٠ ناوپردان

واژووی بارزانی و سەدامی لەسەرە

# بەشی سێیەم

# پێكهاتەی سەربازیی شـۆڕشـی ئەیلوول

## بڕیاری دروستکردنی پاسەوانی سنوور

لــە دوای ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــاداری ١٩٧٠، حکوومەتــی عێراقــی بڕیــاری دا بــە دروســتکردنی (١٢) بەتالیۆنــی پاســەوانی ســنوور، کــە پێکهاتبــوو لــە زیاتــر لــە (٦٠٠٠) شــەش هــەزار پێشــمەرگەی بــژاردە لــە نــاو بەتالیــۆن و هێزەکانــی هــەر ســێ لەشــکرەکەی شــۆڕش، بــەڵام بــە گوێــرەی وتەکانــی شــەوکەت مــەلا ئیســماعیل کــە دەنگەکــەی لای مــن پارێــزراوە، دەڵێــت لــە (٦٠٠٠) پێشــمەرگە زیاتــر بــوون کــە لــە نێــو ڕیزەکانــی پاســەوانی ســنوور جێگایــان بــۆ کرایــەوە[١]، کــە ئــەو کات فەرماندەیــی بەتالیۆنــی (٥)ی قــەرەداغ بــووە، بەتالیۆنەکــەی (٧٠٠) ئەفســەر و پێشــمەرگەی لەخــۆ گرتــووە. بــە گوێــرەی وتەکانــی عەبدولــڕەزاق گەرماڤــی کــە پێــش ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــادار جێگــری فەرمانــدەی هێــزی دهــۆك بــوو، دواتــر بــوو بــە جێگــری فەرمانــدەی بەتالیۆنــی (٨)ی پاســەوانی ســنوور، دەڵێــت هــەر بەتالیۆنێکــی پاســەوانی ســنوور پێکهاتبــوو لــە (٥٠٤)[٢]کــەس. بــە گوێــرەی وتەکانــی ســەرلق مســتەفا عەبدولقــادر هــەر بەتالیۆنێکــی پاســەوانی ســنوور لــە (٥١٢) کــەس پێکهاتبــوو[٣] .

بــۆ ئــەم مەبەســتە بــە گوێــرەی بڕیــاری ژمــارە (٨٢٦) لــە دانیشــتنی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕشــی حزبــی بەعــس، ڕێککەوتــی ١٩٧٠/٧/٢٤ بڕیــاری لەســەر درا و لــە ڕۆژنامــەی وەقایعــی عێراقــی ژمــارە (١٩٠٣) لــە ١٩٧٠/٨/٢ بڵاوکراوەتــەوە، ئــەو بەتالیۆنانــەی پاســەوانی ســنوور ســەر بــە بەڕێوەبەرایەتــی پۆلیســی گەڕۆکــی ســەر بــە وەزارەتــی ناوخــۆی عێراقــی بــوون. هەمــوو پێداویســتیەکانی ئــەو بەتالیۆنانــە لەلایــەن وەزارەتــی ناوخــۆی عێراقــی دابینکــرا، تەنیــا چــەك و تەقەمەنــی نەبێــت، ئەگەرچــی حکوومەتــی عێراقــی لــە مــاوەی ســاڵانی ١٩٧٢ تــا ١٩٧٣بــێ هیــچ هۆکارێــك (٢)دوو بەتالیۆنــی پاســەوانی ســنووری هەڵوەشــاندەوە، حکوومــەت هەوڵــی زۆری دا بــۆ گۆڕینــی فەرماندەکانــی ئــەو بەتالیۆنانــە بــە ئەفســەرانی تــر لــە نــاو ڕیــزی ســوپا و پۆلیــس، بــەڵام ســەرکردایەتی شــۆڕش ئەمــەی ڕەتکــردەوە، حکوومــەت بــە نیــاز بــوو ئەفســەرانی عــەرەب بخاتــە نــاو ڕیــزی بەتالیۆنەکانــی پاســەوانی ســنوور، ســەرکردایەتی شــۆڕش ڕازی بــوو بــەوەی ئەفســەرانی عــەرەب بێنــە نــاو ئــەو

(١) چاوپێکەوتــن لەگــەل بەرێــز شــەوکەت مــلا ئیســماعیل لــە مەســیف ســەلاحەددین لــە ڕێکــەوتی ٢٠١٩/٣/١١.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز عەبدولرزاق گەرماڤی لە دهۆك لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز مستەفا عەبدولقادر لە دهۆك لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩.

بەتالیۆنانـە بـە مەبەسـتی مەشـق و ڕاهێنانـی سـەربازی بـە پێشـمەرگە، لـە بەرانبـەر ئەمـە سـەرکردایەتی شـۆڕش داوای لـە حکوومـەت کـرد، ئەفسـەرانی کـورد لـە نـاو ڕیزەکانـی سـوپای عێـراق پلـە و پایـەی بەرزیـان هەبێـت، بـەڵام حکوومـەت بـەو داوایـەی شـۆڕش ڕازی نەبـوو.

١. بەتالیۆنـی (١)ی بەمـۆ، سـاڵح پێـداوی فەرمانـدەی بەتالیـۆن بـوو، لـە دوای ئەویـش عوسـمان حاجـی بـەدری سـندی بـووە فەرمانـدەی بەتالیـۆن.

٢. بەتالیۆنی (٢)ی بالیسـان، عەلی شەعبان فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٣. بەتالیۆنـی (٣)ی ئامێـدی، سـەلیم ئەسـعەد خۆشـەوی فەرمانـدەی بەتالیـۆن بوو.

٤. بەتالیۆنی (٤)ی زاخـۆ، عیسا سوار فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٥. بەتالیۆنـی (٥)ی قـەرەداغ، شـەوکەت مـەلا ئیسـماعیل فەرمانـدەی بەتالیـۆن بوو.

٦. بەتالیۆنـی( ٦)ی سـووورداش، ڕەئیـس عەبـدوڵا فەرمانـدەی بەتالیـۆن بـوو، دوای ماوەیـەك فـازڵ تاڵەبانـی بـوو بـە فەرمانـدەی بەتالیـۆن.

٧. بەتالیۆنـی (٧)ی هێـزی خەبـات، مـلازم تاهیـر عەلـی والـی فەرمانـدەی بەتالیـۆن بـوو.


٨. بەتالیۆنـی (٨)ی دهـۆک، عەلـی خەلیـل خۆشـەوی فەرمانـدەی بەتالیـۆن بـوو.

٩. بەتالیۆنـی (٩)ی شـێخان، حەسـۆ میرخـان دۆلەمـەری فەرمانـدەی بەتالیـۆن بوو.

١٠. بەتالیۆنـی (١٠)ی باڵـەک، عەبـدوڵا ئاغـای پشـدەری فەرمانـدەی بەتالیـۆن بـوو.

١١. بەتالیۆنی (١١)ی دەشـتی هەولێر، فارس باوە فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

١٢. بەتالیۆنـی(١٢)ی قـەڵادزێ، حەسـۆ میرخـان ژاژۆکـی فەرمانـدەی بەتالیـۆن بـوو.



العــــدد ١٩٠٣

السنة الثالثة عشرة

# الوقائع العراقية

الجريدة الرسمية للجمهورية العراقية تصدرها وزارة الثقافة والاعلام في العراق
مسجلة في دائرة البريد المركزي ببغداد تحت رقم (٦)

الاحد ٣٠ جمادي الاولى سنة ١٣٩٠ و ٢ آب سنة ١٩٧٠

بسم الله الرحمن الرحيم

قــرار
رقــم ٨٢٦

استنادا الى احكام الفقرة (١) من المادة (٤٢) من الدستور الموقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٤-٧-١٩٧٠ اصدار القانون الآتي :-

رقم (١٥٧) لسنة ١٩٧٠

## قانون

حرس الحــدود

باسم الشعب

مجلس قيادة الثورة

المادة الاولى ـ ١ ـ تشكل قوة باسم حرس الحدود ترتبط بمدير الشرطة العام من حيث الادارة والتجهيز والارزاق .

٢ ـ يعين وزير الداخلية مناطق اعمال قوة حرس الحدود ويأمر بحركتها من منطقة الى اخرى .

المادة الثانية ـ ١ ـ تتولى قوة حرس الحدود حماية سلامة الحدود للجمهورية العراقية بالاسلوب الذي يعينه وزير الداخلية او من يخوله ذلك .

٢ ـ تعين ازياء وشارات قوة حرس الحدود بتعليمات يصدرها وزير الداخلية .

المادة الثالثة ـ ١ ـ لوزير الداخلية تعيين ضباط صف وافراد قوة حرس الحدود دون التقيد بشروط التعيين المنصوص عليها في القوانين المرعية باستثناء شرط اللياقة البدنية .

الوقائع العراقية عـدد ١٩٠٣ ٢ ١٩٧٠/٨/٢

٢ ـ تكون رواتب حرس وضباط صف الحدود وفق ما يلي :ـ

| الرتبــة | الـرواتب | مخصصات الغلاء |
| --- | --- | --- |
| حارس حدود | ٩/ـ دنانير | ٧/ـ دنانير |
| حارس اول حدود | ١٠/ـ » | ٧/ـ » |
| نائب عريف حدود | ١١/ـ دينارا | ٧/ـ » |
| عريف حدود | ١٢/ـ » | ٧/ـ » |
| رئيس عرفاء حدود | ١٣/ـ » | ٧/ـ » |

٣ ـ يخضع منتسبو قوة حرس الحدود للاحكام الخاصة بالخدمة التي يخضع لها منتسبو الشرطة فيما لم يرد فيه نص في هذا القانون .

٤ ـ تصرف قياسات ارزاق جندي لمنتسبي قوة حرس الحـدود .

المادة الرابعة ـ تطبق القوانين الانضباطية والعقابية التي يخضع لها منتسبو الشرطة على منتسبي قوة حرس الحـدود .

المادة الخامسة ـ يجوز نقل وتنسيب منتسب الشرطة الى قوة حرس الحدود على ان يحتفظ بجميـع حقوقه المكتسبة وفق القوانين والانظمة الخاصة به .

المادة السادسة ـ يجوز اصدار انظمة وتعليمـات لتسهيل تنفيذ هذا القـانون .

المادة السابعة ـ ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية .

المادة الثامنة ـ على الوزراء تنفيذ هذا القانون .

كتب ببغداد في اليوم الحادي والعشرين من شـهر جمادى الاولى لسنة ١٣٩٠ المصادف لليوم الرابع والعشرين من شهر تموز لسنة ١٩٧٠ .

احمـد حسن البكـر
رئيس مجلس قيادة الثـورة

---

## الاسـباب الموجبـة

تمشـيا مع مقاصـد بيـان الحادي عشر من آذار ١٩٧٠ فقد رؤي تشـكيل قـوة لحراسة مناطق حـدود الجمهورية العراقيـة ولتأمين ذلك شرع هذا القانون .

## لەشکری یەک لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤

لەدوای ڕێککەوتننامەی ئادار لە ١٩٧٠/٣/١١، چوار بەتالیۆنی پاسەوانی سنوور لەسنووری لەشکری یەک دروست کرا کە لە زیاتر لە (٢٠٠٠) پێشمەرگەی هەڵبژاردە پێکهێنران، بەسەر چوار بەتالیۆن دابەش کران.

**١. بەتالیۆنی (٣)ی ئامێدی لە زیاتر لە (٥٠٠) پێشمەرگە پێکهاتبوو:-**

١. سەلیم ئەسعەد، فەرماندەی بەتالیۆن.
٢. (٥) پێنج فەرماندەی لق.
٣. (١٨) فەرماندەی پەل.
٤. (٩) جێگری ئەفسەر.
٥. (٦) سەرۆك پۆلەوانی لق.
٦. (٢٩) پۆلەوان.
٧. (٧٤) جێگر پۆلەوان.
٨. (١٠٤) پاسەوانی یەکەم.
٩. زیاتر لە (٢٥٤) ئەفسەر و پاسەوان.

**٢. بەتالیۆنی (٤)ی زاخۆ زیاتر لە (٥٠٠) پێشمەرگە پێکهاتبوو:**

١. عیسا سوار، فەرماندەی بەتالیۆن.
٢. (٥) پێنج فەرماندەی لق.
٣. (١٨) فەرماندەی پەل.
٤. (٩) جێگری ئەفسەر.
٥. (٦) سەرۆك پۆلەوانی لق.
٦. (٢٩) پۆلەوان.
٧. (٧٤) جێگر پۆلەوان.
٨. (١٠٤) پاسەوانی یەکەم.

٩. زیاتر لە (٢٥٤) ئەفسەر و پاسەوان.

### ٣. بەتالیۆنی (٩)ی شێخان زیاتر لە (٥٠٠) پێشمەرگە پێکهاتبوو:

١. حەسۆ میرخان دۆلەمەری، فەرماندەی بەتالیۆن.

٢. (٥) پێنج فەرماندەی لق.

٣. (١٨) فەرماندەی پەل.

٤. (٩) جێگری ئەفسەر.

٥. (٦) سەرۆك پۆلەوانی لق.

٦. (٢٩) پۆلەوان.

٧. (٧٤) جێگر پۆلەوان.

٨. (١٠٤) پاسەوانی یەکەم.

٩. زیاتر لە (٢٥٤) ئەفسەر و پاسەوان.

١٠. لەساڵی ١٩٧٣ دوای ئەوە بەتالیۆنی ٩ی شێخان، ئەرکی چارەسەرکردنی کێشەی جووتیارانی دەڤەری ئاکرێی پێدەسپێردرێ و لە ئەنجامدا گرژی دروست دەبێت، سوپای عێراقش کە لەو ناوچەیە بوو، ئەوەی بە هەل زانی و هێرشی کردە سەر پێشمەرگە، دوای ئەوەی لێژنەی ئاشتی لە بەرژەوەندی سوپای عێراق بڕیاریدا، وەزارەتی ناوخۆی عێراقی بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەتالیۆنە[1].

### ٤. بەتالیۆنی (٨)ی دهۆك زیاتر لە (٥٠٠) پێشمەرگە پێکهاتبوو:

١. عەلی خەلیل، فەرماندەی بەتالیۆن.

٢. عەبدولرەزاق گەرماڤی، جێگری فەرماندەی بەتالیۆن.

٣. (٥) پێنج فەرماندەی لق.

٤. (١٨) فەرماندەی پەل.

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز خالید شلی لە شێخان لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩.

٥. (٩) جێگری ئەفسەر.

٦. (٦) سەرۆك پۆلەوانی لق.

٧. (٢٩) پۆلەوان.

٨. (٧٤) جێگر پۆلەوان.

٩. (١٠٤) پاسەوانی یەکەم.

١٠. زیاتر لە (٢٥٤) ئەفسەر و پاسەوان.

پێشــمەرگەکانی تــری لەشــکری یــەک، ئەوانــەی پێشــتر ئەرکــی ســەربازی و مەدەنیـان هەبـوو گەڕانـەوە سـەر ئەرکەکانـی خۆیـان و ئـەوانی تریـش وەکـو جـاران لەنـاو لەشـــکر لەشـــوێنی خۆیـان مانـەوە، مانگانـە (١٠) دیناریـان پـێ دەدرا.

## لەشکری دوو لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤:

سنووری لەشکری دوو لە نێوان زێی گەورە و زێی بچووکە کە هەموو پارێزگای هەولێر و دۆڵی خەلەکان و بیتوێن و پشدەری دەگرتەوە، ڕەشید سندی بەرپرسی لەشکری دووی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بوو.

### هێزی باڵەک

بەتالیۆنی (١٠)ی پاسەوانی سنوور لە سنووری هێزی باڵەک لە(٥٠٠) پێشمەرگەی بژاردە پێکدەهات:

عەبدوڵڵا ئاغا پشدەری فەرماندەی بەتالیۆن، حاجی بێرۆخی جێگری فەرماندەی بەتالیۆن، حەمید ئەفەندی یاریدەدەری فەرماندەی بەتالیۆن.

**ئەوانەی تری بەتالیۆن بەم شێوەیە بوو:**

١. (٥) پێنج فەرماندەی لق.

٢. (١٨) فەرماندەی پەل.

٣. (٩) جێگری ئەفسەر.

٤. (٦) سەرۆك پۆلەوانی لق. ـ

٥. (٢٩) پۆلەوان.

٦. (٧٤) جێگر پۆلەوان. ـ

٧. (١٠٤) پاسەوانی یەکەم.

٨. زیاتر لە (٢٥١) ئەفسەر و پاسەوان. ـ

پێشمەرگەکانی تری هێزی باڵەک کە لە بەتالیۆنی١٠ی پاسەوانی سنوور جێگایان نەبوو، ئەوانەی پێشتر کارمەندی حکومەت بوون، گەڕانەوە سەر کارەکانی خۆیان. ئەوانی تریش دووبارە ناونووس کرانەوە لە بارەگای هێز و بەتالیۆنەکان، مانگانە یارمەتی دەدران و لە کاتی پێویست ئامادە دەبوون، حەسەن ناسر وەکو فەرماندەی هێز سەرپەرشتی دەکردن.

## هێزی کاوە

بەتالیۆنی(١٢)ی پاسەوانی سنوور لەقەڵادزێ، سنووری هێزی کاوە کە زیاتر لە (٥٠٠) پێشمەرگەی بژاردە پێکدەهات و بەتالیۆن لە پێشمەرگەکانی هێزی کاوە و هێزی سەفین و هێزی ڕزگاری پێکهاتبوو، حەسۆ میرخان ژاژۆکی فەرماندەی بەتالیۆن و دەروێش عەبدولعەزیز جێگری فەرماندەی بەتالیۆن بوون، عیزەددین قەرەمحەمەد یاریدەدەری فەرماندەی بەتالیۆن بوو، بەتالیۆنەکە پێکهاتبوو لە:

١. (٥) پێنج فەرماندەی لق.
٢. (١٨) فەرماندەی پەل.
٣. (٩) جێگری ئەفسەر.
٤. (٦) سەرۆك پۆلەوانی لق. ـ
٥. (٢٩) پۆلەوان.
٦. (٧٤) جێگر پۆلەوان. ـ
٧. (١٠٤) پاسەوانی یەکەم.
٨. زیاتر لە (٢٥٢) ئەفسەر و پاسەوان. ـ

## هێزی سەفین

لە ساڵی ١٩٧٠ هێزی سەفین لە (٤٠٠) پێشمەرگەی هەڵبژاردەی پێکهاتبوو، (٢٦٠) پێشمەرگە بۆ بەتالیۆنی ٢ی پاسەوانی سنووری بالیسان و (١٤٠) پێشمەرگە بۆ بەتالیۆنی ١٢ی پاسەوانی سنووری قەڵادزێ. پێشمەرگەکانی تری هێزی سەفین مەحمود عەزیز بەگ سەرپەرشتی دەکردن.

## هێزی بێتواتە

لەدوای ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، بەتالیۆنی(٢)ی پاسەوانی سنوور لە بالیسان پێکهێنرا، (٢٤٠) پێشمەرگەی هێزی بێتواتە و (٢٦٠) پێشمەرگەی بەتالیۆنی (١) و بەتالیۆنی (٣)ی هێزی سەفین لە بەتالیۆنەکە کرانە پاسەوانی سنوور:

١. عەلی شەعبان، فەرماندەی بەتالیۆن.
٢. ڕەسوڵ فەقێ، جێگری فەرماندەی بەتالیۆن.

٣. حەسەن ئەحمەد هەرنی، یاریدەدەری فەرماندەی بەتالیۆن.

٤. (٥) پێنج فەرماندەی لق.

٥. (١٨) فەرماندەی پەل.

٦. (٩) جێگری ئەفسەر.

٧. (٦) سەرۆك پۆلەوانی لق.

٨. (٢٩) پۆلەوان.

٩. (٧٤) جێگر پۆلەوان.

٠١. (١٠٤) پاسەوانی یەکەم.

١١. زیاتر لە (٢٥٢) ئەفسەر و پاسەوان.

**هێزی دەشـتی هەولێر:**

لەدوای ڕێککەوتنـی ئاداری ١٩٧٠ لە سـنووری هێزی دەشـتی هەولێر، بەتالیۆنی (١١) ی پاسەوانی سنوور (حرس حدود) پێکهێنرا، کە زیاتر لە (٥٠٠) پێشـمەرگەی هەڵبژاردە پێکهاتبوون.

١. فارس حەمەد باوە، فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٢. سابیر شـێخ جامی، جێگری بوو.

٣. عەریف سەلیم، یاریدەدەری فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٤. (٥) پێنج فەرماندەی لق.

٥. (١٨) فەرماندەی پەل.

٦. (٩) جێگری ئەفسەر.

٧. (٦) سەرۆك پۆلەوانی لق.

٨. (٢٩) پۆلەوان.

٩. (٧٤) جێگر پۆلەوان.

٠١. (١٠٤) پاسەوانی یەکەم.

١١. زیاتر لە (٢٥٢) ئەفسەر و پاسەوان.

## لەشکری سێ لە ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧٤

سنووری چالاکی لەشکری سێ لە زێی بچووک تا سیروان و تانجەڕۆ و پارێزگای کەرکووک و سلێمانی و بەشێک لە پارێزگای دیالەی دەگرتەوە. لە سەرەتادا پێکهاتەی لەشکری سێ (١٠) بەتالیۆن بوو، لەساڵی ١٩٦٥ بەتالیۆنەکان دابەشکرانە سەرهێزی خەبات و ڕزگاری و قەرەداغ، لەساڵی ١٩٧٤ هێزی زمناکۆ و هێزی ئەزمەڕ لە لەشکری سێ پێکهێنران.

### هێزی خەبات

سنووری چالاکی هێزی خەبات، لە ئاوی تانجەڕۆ بە بەری عەربەتەوە تاکو گوندی ئەحمەد برنۆ و ئەو بەری دەربەندیخان تا خانەقین، هەورامان و پێنجوێن و شارباژێڕ لە ماوەت کۆتایی دەهات. لەدوای ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، بەتالیۆنی (١) و (٧)ی پاسەوانی سنوور لەسنووری هێزی خەبات پێکهێنران، بۆ هەردوو بەتالیۆنەکە (١٠٠٠) پێشمەرگەی بژاردەی لێ دامەزرا.

### بەتالیۆنی (١):

١. ساڵح پێداوی، فەرماندەی بەتالیۆن بوو بۆ ماوەیەک و لە دوای ئەویش عوسمان حاجی بەدری سندی بووە فەرماندەی بەتالیۆن.

٢. جێگر و یاریدەدەر و ئەفسەرانی تری بەتالیۆن.

٣. (٥) پێنج فەرماندەی لق.

٤. (١٨) فەرماندەی پەل.

٥. (٩) جێگری ئەفسەر.

٦. (٦) سەرۆك پۆلەوانی لق.

٧. (٢٩) پۆلەوان.

٨. (٧٤) جێگر پۆلەوان.

٩. (١٠٤) پاسەوانی یەکەم.

١٠. زیاتر لە (٢٥٤) ئەفسەر و پاسەوان.

**بەتالیۆنی (٧):**

١. ملازم تاهیر عەلی والی، فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٢. جێگر و یاریدەدەری فەرماندەی بەتالیۆن  و ئەفسەرانی تری بەتالیۆن.

٣. (٥) پێنج فەرماندەی لق.

٤. (١٨) فەرماندەی پەل.

٥. (٩) جێگری ئەفسەر.

٦. (٦) سەرۆك پۆلەوانی لق.

٧. (٢٩) پۆلەوان.

٨. (٧٤) جێگر پۆلەوان.

٩. (١٠٤) پاسەوانی یەکەم.

١٠. زیاتر لە (٢٥٤) ئەفسەر و پاسەوان.

ئـەو پێشـمەرگانەی پێشـتر لـە دامودەزگاکانـی حکوومـەت بـوون، گەڕانـەوە سـەر کاری پێشـووی خۆیـان، ئـەوانی تریـش ناونووسـکرانەوە و مانگانـە یارمـەتی دەدران، لـە کاتی پێویسـت ئامـادە دەبـوون، فەتـاح ئاغـا فەرمانـدەی هێـز بـوو.

**هێزی ڕزگاری**

لـەدوای ڕێککەوتنـی ١١/ ٣ /١٩٧٠، بەتالیۆنـی ٦ی پاسـەوانی سـنوور لەسـنووری هێـزی ڕزگاری بەنـاوی بەتالیۆنـی سـووورداش لـە (٥٠٠) پێشـمەرگەی بـژاردە پێکهێـنرا.

١. ڕەئیـس عەبدولـڵا و فـازڵ تاڵەبـانی هەریەکەیـان ماوەیـەک فەرمانـدەی بەتالیـۆن بـوون.

٢. حەمە سـوور حوسێن، جێگری فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٣. فاتح حەمەڕەش، یاریدەدەری فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٤. (٥) پێنج فەرماندەی لق.

٥. (١٨) فەرماندەی پەل.

٦. (٩) جێگری ئەفسەر.

٧. (٦) سەرۆك پۆلەوانی لق.

٨. (٢٩) پۆلەوان.

٩. (٧٤) جێگر پۆلەوان.

٠١. (١٠٤) پاسەوانی یەکەم.

١١. زیاتر لە (٢٥٢) ئەفسەر و پاسەوان.

پێشـــمەرگەکانی تـری هێــزی ڕزگاری، ئەوانــەی لــە حکومــەت فەرمانبــەر بــوون گەڕانــەوە ســەر ئیشــەکانی خۆیـان، ئـەوانی تریـش مانگانـە یارمـەتی دەدران و لـە کاتی پێویســت ئامــادە دەبــوون. ڕەئیــس عەبدولــڵا سـەرپەرشــتی دەکـردن.

## هێزی قەرەداغ[1]

لــەدوای ڕێککەوتنــی ١١/ ئــاداری ١٩٧٠، بەتالیۆنــی (٥)ی پاســەوانی ســنوور لــە ســنووری هێــزی قــەرەداغ، لــە (٥٠٢) پلــەدار و پێشـــمەرگەی بــژاردە پێکهێــنرا.

١. شەوکەت مەلا ئیسماعیل، فەرماندەی بەتالیۆن.

٢. جێگر و یاریدەدەر و ئەفسەرانی تری بەتالیۆن.

٣. (٥) پێنج فەرماندەی لق.

٤. (١٨) فەرماندەی پەل.

٥. (٩) جێگری ئەفسەر.

٦. (٦) سەرۆك پۆلەوانی لق.

٧. (٢٩) پۆلەوان.

٨. زیاتر لە (٧٤) جێگر پۆلەوان.


٩. زیاتر لە (١٠٤) پاسەوانی یەکەم.

١٠. زیاتر لە (٢٥٤) ئەفسەر و پاسەوان.

---

(١) چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز شــەوکەت مــەلا ئیســماعیل لــە مەســیف ســەلاحەددین لــە ڕێکــەوتی ٢٠١٩/٣/١١.

**نموونەیەک لە ناسنامەی پاسەوانی سنوور**(١)







(١) ناسنامەی پاسەوانی سنووری بەڕێز (میکائیل حەجی میکائیل).

## هەر سێ لەشکری شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٤- ١٩٧٥

ئەگەر چی لە قۆناغی پێش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار ١٩٧٠ ژمارەی پێشمەرگە نزیکەی (٢٥٠٠٠) هەزار کەس دەبوو، کە بەسەر هێز و بەتالیۆنەکانی هەر سێ لەشکرەکە دابەش ببوون، بەڵام لە دوای کۆتایی هاتنی چوار ساڵەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، ئەو ژمارەیە زیادی کرد بۆ (٥٠٠٠٠) پێشمەرگە[١]، و چەکی باشتریش لە چەکی پێشووتر، کە هەندێک هێز و بەتالیۆنی تر لە سنووری هەر سێ لەشکرەکە پێکهێنران، لەگەڵ ژمارەیەك لە هێز و بەتالیۆن و لقی بەرگری میللی و یەدەگ، کە هەندێککیان ڕاستەوخۆ سەر بە بارەگای بارزانی بوون، جگە لە هێزی پیادەی لەشکر، لە ناو شۆڕش چەندین بەشی تر هەبوون وەك تۆپخانە و بێتەل و هەندەسەی سەربازی و دژە ئاسمانی و دژە تانك و هەواڵگری و دادگای سەربازی... هتد، بە گوێرەی پێویست و سەرچاوەی بەردەست لە دوای هێزەکانی پیادە باسیان دەکەم.

### هێزی هەڵگورد

ڕاستەوخۆ سەر بە بارەگای بارزانی بوو، لەم بەتالیۆنانە پێکهاتبوو[٢]:

١. عەریف سلێمان سەعید دۆسکی، فەرماندەی بەتالیۆن.

٢. سلێمان حەجی بەدری سندی، فەرماندەی بەتالیۆن.

٣. عەبدولڕەحیم جەسیم، فەرماندەی بەتالیۆن.

### بەتالیۆنی ئاسۆس[٣]

لە ساڵی ١٩٧٤ لە بەردەپان کە دەکەوێتە پشت قەڵادزێ پێکهێنرا و سەر بە بارەگای بارزانی بوو، مەحمود عەزیز بەگ فەرماندەی بەتالیۆن بوو، ملازم خدر هەمزە جێگری فەرماندەی بەتالیۆن بوو، ئەو بەڕێزانەش سەرلق بوون.

١. عیزەدین مەلا سلێمان، سەرلقی یەك.

---

(١) یونان هورمز، بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستان دا، وەرگێڕانی (ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل) چاپی دووەم (هەولێر _ چاپخانەی رۆشەنبیری و لاوان _٢٠٠٩) ل ٢٢٢ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز عەبدولڕەزاق گەرماڤی لە دهۆك لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩ .

(٣) چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز عیزەدین مەلا سلێمان لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٠ .

٢. ملازم یاسین، سەرلقی دوو.

٣. مەلا خالید، سەرلقی سێ.

٤. مامۆستا مەحمود،سەرلقی چوار.

## بەتالیۆنی شنگال(١)

لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٧١ دامـەزرا، لـە (٥٠٠) پێشـمەرگەی ئـەو ناوچەیـە پێکهاتبـوو، ئـەو بەتالیۆنـە لـە مانگـی ١٩٧٤/٢ هەڵوەشـایەوە.

بەتالیۆنـی تەلەعفـەر(٢) ، مـەلا حوسـێن مارۆنسـی فەرمانـدەی ئـەو بەتالیۆنـە بـوو، لـە مانگـی ١٩٧٤/٢ دامـەزرا و مانگـی ١٩٧٥/٣ هەڵوەشـایەوە.

(١) ئـاری فـاروق نانەکەلـی، دامەزراوەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و شۆڕشـی ئەیلـوول لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٦١- ١٩٧٥، چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ ٢٠١٦) ل ١٤٧ .

(٢) وەسـفی حەسـەن ردێنـی، هێزێـت پێشـمەرگەی ل سـەردەمێ شۆڕشـا ئەیلولـێ، گۆڤـاری پەیامـی ئەیلـوول، ژمـارە ٧، کانوونـی دووەمـی ٢٠٠٩، ل ٥٥.

## لەشکری یەک لە ساڵی١٩٧٤و ١٩٧٥:

سنووری لەشکری یەك هەموو پارێزگای دهۆک و قەزاکانی دەگرتەوە لەگەڵ بەشێك لە پارێزگای موسڵ[١]، لە زێی گەورە تاوەکو سنووری تورکیا لە باکوور و سنووری سوریا لە ڕۆژئاوا. لەدوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤ بەتالیۆنەکانی پاسەوانی سنوور هەڵوەشانەوە و لەشکری یەک وەکو پێشوو پێکهێنرایەوە لەگەڵ هەندێک گۆڕانکاری، هێزی ئاکرێ و شێخان کرا بە دوو هێز، هەروەها هێزی حەمرین و هەندێک بەتالیۆنی تر لە ساڵی ١٩٧٠ لەسنووری ئەو لەشکرە پێکهێنران.

لەشکری یەك بەو شێوەی خوارەوە بوو:

### هێزی دهۆك[٢]:

عەلی خەلیل خۆشەوی فەرماندەی هێز و عەبدولڕەزاق گەرماڤی جێگری بوو. لە مانگی ١٩٧٤/٨ دوای ئەوەی عەلی خەلیل خۆشەوی لە جێگای عەبدوڵڵا ئاغا پشدەری بوو بە فەرماندەی هێز، عەبدولڕەزاق گەرماڤی بوو بە فەرماندەی هێز بە وەکالەت و تا نسکۆی شۆڕش هەر مایەوە بە فەرماندەی هێزی دهۆك.

١. بەتالیۆنی (١) نەعمان سەمەد کۆچەر فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٢. بەتالیۆنی (٢) حەسەن عەلی گەرماڤی فەرماندەی بەتالیۆن بوو دوای ئەوەی شەهید بوو، قادر ئالەکینی بوو بە فەرماندەی بەتالیۆن[٣].
٣. بەتالیۆنی (٣) فارس کۆرەمارکی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٤. بەتالیۆنی (٤) محەمەد حەسەن باجلوری فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەل بەرێز عەبدولڵا مەلازادە لە مەسیف سەلاحەددین لە رۆژی ٢٠١٩/٩/٢٩ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەل بەرێز عەبدولرەزاق گەرماڤی لە دهۆك لە رۆژی ٢٠١٩/٧/٩ .

(٣) چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز ئیبراهیم مەجید شێڤی لە مەسیف سەڵاحەددین لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٣ .

### هێزی زاخۆ[1]:

عیسا سوار  فەرماندەی هێز بوو.

١. بەتالیۆنی (١) عەریف دەروێش فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٢. بەتالیۆنی (٢) بۆزی میرانی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٣. بەتالیۆنی (٣)  عەلی عەلی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٤. بەتالیۆنی (٤) سەید عەبۆش سلێڤانەیی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

### هێزی ئامێدی[2]:

سەلیم ئەسعەد خۆشەوی  فەرماندەی هێز بوو.

١. بەتالیۆنی (١) ئەحمەد شانە فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٢. بەتالیۆنی (٢) تەیمەز عەرەب فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٣. بەتالیۆنی (٣) محەمەد تاهیر ڕەشید نێروەیی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

### هێزی شـێخان[3]:

هەروەکـو قۆناغـی یەکـەم حســۆ میرخـان دۆلەمـەری فەرمانـدەی هێـز بـوو، شــەش بەتالیــۆنی هەبــوو:

١. بەتالیۆنی (١) حاجی میرخان دۆلەمەری فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٢. بەتالیۆنی (٢) تەیمور عەبدال فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٣. بەتالیۆنی (٣) یوسف عەلی سپینداری فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٤. بەتالیۆنی (٤) ساڵح نەرمۆ ئێزیدی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٥. بەتالیۆنی (١)ی بەرگری مللی، خالید شلی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٦. بەتالیۆنی (٢)ی بەرگری میللی، وەیسی بانی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز حەمید خواستی لە زاخۆ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٠ .

(٢) چاوپێکەوتــن لەگــەل بەڕێــز ســەلیم ئەســعەد خۆشــەوی لــە مەســیف ســەڵاحەددین لــە ڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢٤ .

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز خالید شلی لە شێخان لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩ .

**هێزی ئاکرێ:**

ماوەیـەک زوبێـر مەحمـود ئاغـای زێبـاری فەرمانـدەی هێـز بـوو، لـەدوای ئەویـش تەتـەر زێبـاری بـووە فەرمانـدەی هێـز، مسـتەفا خالیـد ئاغـا جێگـری هێـز بـوو، هێزەکــە چــوار بەتالیــۆنی هەبــوو.

بەتالیۆنەکانی هێزی ئاکرێ لە ١٩٧٤ و ١٩٧٥[١]

١. بەتالیۆنی (١) عەبدوڵڵا قادۆ فەرمانده‌ی بەتالیۆن بوو.
٢. بەتالیۆنی (٢) فەیزۆ سەلیم خان فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٣. بەتالیۆنی (٣) سەعید ئەحمەد عەبدوڵڵا فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٤. بەتالیۆنی (٤) مستەفا دۆسکی فەرماندەی بەتالیۆن بوو .

**هێزی حەمرین:**

لەســاڵی١٩٧٤ هێـزی حەمریـن لـەو بەتالیۆنانـەی خـوارەوە پێکهێـنرا، عەبدولڕەحیـم جەسـیم بـوو بـە فەرمانـدەی هێـز و سـەید عومـەر سـەید نـەبی کانی قـوڕی جێگـری فەرمانـدەی هێـز.

## بەتالیۆنەکانی هێزی حەمرین لە ١٩٧٤ و ١٩٧٥

١. بەتالیۆنی تایبەتی بارەگای هێز.
٢. بەتالیــۆنی کەندەگــول حەمیــد ئەفەنــدی ماوەیــەک و لــەدوای ئەویــش عەلــی میــرۆ زراری بــووە فەرمانــدەی بەتالیــۆن.
٣. بەتالیۆنی سـەری سـادا، عەریف سەلیم فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٤. بەتالیــۆنی گــەلی زەنتــە، حوسـێن تۆڤــی فەرمانــدەی بەتالیــۆن بــوو. محەمــەد عەبدولــڵا بامــەڕنی فەرمانــدەی بەتالیــۆن بــوو.

## هێزی بەرگری میللی لەشکری یەك[٢]

ئــەو هێــزە پێکهاتبــوو لــە چەنــد لقێکــی ســەربەخۆ، پێشــمەرگەکانی ئــەو هێــزە

---

(١)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز زکری عەبدوڵڵا قادۆ لە ئاکرێ لە رۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٢ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز عەبدولرەزاق گەرماڤی لە دهۆك لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩ .

بریتــی بــوون لــە کەســانی خۆبەخــش، تەنیــا لــە کاتــی پێویســت ئەرکیــان پــێ دەســپێردرا، فەرمانــدەی ئــەو هێــزەش لەزگیــن عبدولڕەحــمان ســندۆری بــوو.

**لقی دەستوەشێن**

بــە فەرمانــدەی حەمیــد عەبدولــڵا بــوو و حەمیــد خواســتی جێگــری بــوو، لــە هــەر شــوێنێك لــە ســنووری لەشــکری یــەك پێویســت ببوایــە ئــەو لقــە بــۆ پشــتیوانیان دەچــوون[1].

(١) چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز حەمید خواستی لە زاخۆ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٠ .

## لەشکری دوو لە ساڵی١٩٧٤و ١٩٧٥:

سنووری لەشکری دوو دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی بچووك و زێی گەورە، لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٥ ڕەشید سندی سەر لەشکری ئەو لەشکرە بووە، لەو هێزانە پێکهاتووە[١]

## هێزی باڵەک لە ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥:

لەدوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤، بەتالیۆنی ١٠ی پاسەوانی سنوور هەڵوەشایەوە، هێزی باڵەک دووبارە بە شێوەیەکی بەرفراوانتر پێکهێنرایەوە، عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری فەرماندەی هێز، لە مانگی (٨)ی ١٩٧٤ عەلی خەلیل خۆشەوی کرا بە فەرماندەی هێز[٢] و ئەو بەڕێزانەش هەر یەکیان ماوەیەک جێگری بوون:

١. ملازم یونس ڕۆژبەیانی.
٢. نەقیب عادل ئاکرەیی.
٣. نەقیب وریا مەعروف.
٤. نەقیب ئازاد میران.

## بەتالیۆنەکانی هێزی باڵەک لە ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥[٣]

١. بەتالیۆنی یەك، حاجی بێرۆخی فەرماندەی بەتالیۆن.
٢. بەتالیۆنی دوو، مستەفا نێروەیی فەرماندەی بەتالیۆن.
٣. بەتالیۆنی سێ، مەلا ئەمین بارزانی فەرماندەی بەتالیۆن.
٤. بەتالیۆنی چوار، عیزەت سلێمان بەگ فەرماندەی بەتالیۆن.
٥. بەتالیۆنی پێنج، یاسین محەمەد دۆسکی فەرماندەی بەتالیۆن.

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز ڕەشید سندی لە زاخۆ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/١٥ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز مکائیل حەجی لە مەسیف سەڵاحەددین لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/١٩.

(٣) عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری، پاشکۆی یاداشتەکانم لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم ( کەرکوك چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی _ ٢٠٠٧) ل ٣٢ .

٦. بەتالیۆنی شەش، سەید عاسی سەید محەمەد و بێجان جوندی و حەمید ئەفەندی هەریەکەیان ماوەیەک فەرماندەی بەتالیۆن بوون.

٧. بەتالیۆنی حەوت، عەلیکۆ نەبی حاجی ئۆمەرانی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

لە ساڵی ١٩٧٥ هێزی باڵەک زیاتر بەرفراوان کرا و بە سەرپەرشتی ئیدریس بارزانی سنوورەکەی کرایە محوەر، عەبدوڵلا ئاغا جگە لەوەی لە ساڵی ١٩٧٠ ببووە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری گشتی، لەگەڵ فرەنسۆ هەریری یاریدەدەری ئیدریس بارزانی بوون لەبەڕێوەبردنی میحوەرەکە. هێزی باڵەک کرایە دوو هێز و قوەتی سەرچیا کرایە هێز، لەگەڵ هێزی زۆزک سەر بە میحوەری باڵەك بوون.

## هێزی باڵەک لە دوای مانگی ٨/١٩٧٤[(١)]

سنوورەکەی گەرووی بێشە و چیای حەسەن بەگ و ئاشی خدر ئاغا و سەری بەردی و لە ڕووباری موسەکاوە تاوەکو جادەی سەرەکی جوندیان- گەڵاڵە بوو، عەلی خەلیل خۆشەوی فەرماندەی هێز بوو، ملازم یونس ڕۆژبەیانی جێگری فەرماندەی هێز بوو، چوار بەتالیۆنی هەبوون:

١. بەتالیۆنی یەک بە فەرماندەیی حاجی بێرۆخی.

٢. بەتالیۆنی دوو بە فەرماندەیی مستەفا نێروەیی.

٣. بەتالیۆنی پێنج بە فەرماندەیی عەریف یاسین.

٤. بەتالیۆنی شەش بە فەرماندەیی حەمید ئەفەندی.

## هێزی هندرێن[(٢)]:

سلێمان حاجی بەدری فەرماندەی هێز بوو،

١. بەتالیۆنی سێی دۆڵی ئاکۆیان، مەلا ئەمین بارزانی فەرماندەی بەتالیۆن

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز یونس محەمەدسەلیم، ناسراو بە ملازم یونس ڕۆژبەیانی لە هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵلا مەلازادە لە مەسیف سەڵاحەددین لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٩ .

بوو.

٢. بەتالیۆنی چواری باڵەك، عیزەت سلێمان بەگ فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٣. بەتالیۆنی حەوت، عەلیکو نەبی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

## هێزی سـەرچیا:

میرخان حەمەدئەمین میرخان فەرماندەی هێز و لە چوار بەتالیۆن پێکهاتبوو:

١. فەرماندەی بەتالیۆنی یەک، ئەحمەد حەسەن سلێمان.

٢. فەرماندەی بەتالیۆنی دوو، مەهدی حەسەن دۆسـکی.

٣. فەرماندەی بەتالیۆنی سێ، شـاباز ئەحمەد شـاباز.

٤. فەرماندەی بەتالیۆنی چوار، مەمێ ئیبراهیم کۆرەمارکی.

## بەتالیۆنەکانی زۆزک:

لـەو سـەربازە کوردانـە پێکهاتبـوو کـە سـوپای عێراقـان لەسـاڵی ١٩٧١تـا ١٩٧٤بەجـێ هێشـتبوو و هاتبوونـە نـاو ڕیـزی لەشـکری شـۆڕشـگێڕی کوردسـتان، لەپێنـچ بەتالیـۆن پێکهاتبوو[١]:

١. نەقیب حەسەن بارزانی فەرماندەی بەتالیۆنی یەک.

٢. مـلازم یونـس ڕۆژبەیانـی فەرمانـدەی بەتالیۆنـی دوو، دوای ئـەو مـلازم ئیبراهیـم پێـداوی بـوو بـە فەرمانـدەی بەتالیـۆن[٢].

٣. نەقیب عادل ئاکرەیی فەرماندەی بەتالیۆنی سـێ.

٤. ملازم دێوالی ئەتروشی فەرماندەی بەتالۆنی چوار.

٥. غازی ئەتروشی فەرماندەی بەتالیۆنی پێنچ.

(١) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بەڕێـز یونـس محەمەدسـەلیم، نـاسراو بـە مـلازم یونـس ڕۆژبەیانـی لـە هەولێـر لـە ڕێکـەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئیبراهیم پێداوی لە هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/١٢.

## هێزی کاوە لە ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥[(١)]:

لەدوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ و پاشگەزبوونەوەی ڕژێم لە ڕێککەوتننامەی ئادار، بەتالیۆنی (١٢)ی پاسەوانی سنوور(حرس حدود) هەروەک بەتالیۆنەکانی تر هەڵوەشایەوە، هێزی کاوە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر پێکهێنرایەوە، غەزالی میرخان کرا بە سەرپەرشتیاری هێز و حەسۆ میرخان ژاژۆکی فەرماندەی هێز و مەحمود کاکە زیاد کۆیی کرایە جێگری فەرماندەی هێز، دواتر شێخ یەزدین بۆماوەیەک و سەیدۆ یوسف چەلکی بۆماوەیەک جێگری فەرماندەی هێز بوون.

**بەتالیۆنەکانی هێزی کاوە لە ١٩٧٤ و ١٩٧٥**

١. بەتالیۆنی پشدەر، سەیدۆ یوسف چەلکی ماوەیەک فەرماندەی بەتالیۆن و دەروێش عەبدولعەزیز لەدوای ئەو بووە فەرماندەی بەتالیۆن.

٢. بەتالیۆنی بناری مەنگوڕایەتی، ملازم حەسەن فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٣. بەتالیۆنی دۆڵی شەهیدان، خەسرۆ کاوانی فەرماندەی بەتالیۆن.

٤. بەتالیۆنی بەری مەرگە، مام وسو دزەیی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٥. بەتالیۆنی بەرگری میللی، حاجی حاجی قادری فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٦. بەتالیۆنی بەرگری میللی، عەبدوڵڵا قادر خدر فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

## هێزی سەفین لە ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥:

دوای هەڵوەشانەوەی هەردوو بەتالیۆنەکەی پاسەوانی سنوور، هێزی سەفین لە ساڵی ١٩٧٤ دووبارە پێکهێنرایەوە، بەو شێوەیەی خوارەوە:

١. فازڵ سۆرانی ماوەیەک فەرماندەی هێز بوو لە دوای ئەویش ڕەسوڵ فەقێ بووە فەرماندەی هێز.

٢. مەحمود عەزیز بەگ ماوەیەک و معاون یاسین تەها ماوەیەک جێگری فەرماندەی هێز بوون.

---

(١)عەبدوڵڵا مەلازادە، چۆنیەتی پێکهاتەی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥_١٩٧٥، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە ٣٧، ساڵی ٢٠١٥، ل ٤٨ .

**بەتالیۆنەکانی هێزی سـەفین**

١. بەتالیۆنی یەکی دۆڵی سـماقوڵی، مەلا غەریب فەرماندەی بەتالیۆن.

٢. بەتالیـۆنی دووی حاجـی قـەڵا، واحیـد کوێخـا عەزیـز ماوەیـەک فەرماندەی بەتالیـۆن بـوو.

٣. بەتالیۆنی سـێی سـەفین، کەریم فەقێ گەرۆتەیی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

**هێزی بێتواتە لە سـاڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥[١]:**

لـەدوای هەڵوەشـانەوەی بەتالیۆنـی(٢)ی پاسـەوانی سـنوور لـە سـاڵی ١٩٧٤، هێـزی بێتواتـە بـەم شـێوەیە پێکهێـنرا: عەلـی شـەعبان فەرماندەی هێـز بـوو، مـلازم شـێخ مەهـدی هیـرانی جێگـری فەرمانـدەی هێـز بـوو.

**بەتالیۆنەکانی هێزی بێتواتە**

١. بەتالیۆنی ماکۆک، خەلیل ئیسماعیل سـیتۆ فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٢. بەتالیۆنی بەنی هەریر، تانجۆ یونس فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٣. بەتالیۆنی دۆڵی خەلەکان، گوڵەباخ کۆیی فەرماندەی بەتالیۆن.

**هێزی دەشـتی هەولێر لە ١٩٧٤ تا ١٩٧٥**

دوای هەڵوەشـانەوەی بەتالیۆنەکانـی پاسـەوانی سـنوور و هەڵگیرسـانەوەی شـەڕ لـە ١٩٧٤، هێـزی دەشـتی هەولێـر دووبـارە بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان تـر پێکهێنرایـەوە، فـارس حەمـەد بـاوە فەرمانـدەی هێـز بـوو، سـابیر شـێخ جامـی جێگـری فەرمانـدەی هێـز بـوو.

**بەتالیۆنەکانی هێزی دەشـتی هەولێر لە ١٩٧٤ و ١٩٧٥**

١. بەتالیۆنی یەک، سـەید کاکە فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٢. بەتالیۆنی دوو، عەریف عوسمان فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

---

(١) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بەڕێـز گوڵەبـاغ کۆیـی لـە مەسـیف سـەڵاحەددین لـە ڕێکـەوتی ٢٠١٨/١٢/٢٢ .

٣. بەتالیۆنی سێ، ئەحمەد حاجی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٤. بەتالیۆنی چوار، سمکۆ عەلی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٥. بەتالیۆنی پێنج، عەبدولڕەحمان حاجی عەلی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

## هێزی ئازادی

لە سنووری لەشکری دوو لە ساڵی ١٩٧٤ دروستکرا، سەرەتا کەماڵ شێخ غەریب[١] دوای ئەویش خورشید شێرە فەرماندەی هێز بوون، پێکهاتبوو لە[٢]:

١. بەتالیۆنی یەکەم، عەریف عەلی ڕەقەم یەك فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٢. بەتالیۆنی دووەم، مەلا غەریب فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٣. لە بارەگای هێزیش دوو لقی دەست وەشێن هەبوو.

٤. هەر لە ساڵی ١٩٧٤ بە بڕیارێکی سەرکردایەتی ئەو هێزە هەڵوەشایەوە و هەردوو بەتالیۆنەکە کەوتنە سەر هێزی سەفین.

---

(١) ئاری فاروق نانەکەلی، دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی یەکەم (هەولێر _ ٢٠١٦) ل ١٤٧ .

(٢) خورشید شێرە، خەبات و خوێن، بیرەوەرییەکانی ساڵانی خەباتی پێشمەرگایەتی، چاپی سێیەم (هەولێر _ چاپخانەی حاجی هاشم _ ٢٠١٥) ل ٢٦٧ .

## لەشکری سێ لە ساڵی١٩٧٤و ١٩٧٥

سەرەتای دروستبوونی لەشکری سێ لەو هێزانە پێکهاتبوو (خەبات و ڕزگاری و قەرەداغ)، لە ساڵی ١٩٧٤ هێزی (زمناکۆ و ئەزمەڕ کە لە پۆلیسەکانی لەشکری سێ) دروستکران.

### هێزی خەبات

لەدوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ١٩٧٤ و هەڵوەشانەوەی هەردوو بەتالیۆنی (١) و (٧)، سنووری هێزی خەبات کرا بە دوو هێز، هێزەکانیش بریتی بوون لە:

١. هێزی خەبات.

٢. هێزی زمناکۆ.

### هێزی خەبات لە ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥

سنووری هێزی خەبات لە قۆناغی سێیەم، قەزای پێنجوێن و شارباژێڕی دەگرتەوە، فەتاح حەمەدئەمین ئاغا فەرماندەی هێز بوو، تاهیر عەلی والی جێگری فەرماندەی هێز بوو.

### بەتالیۆنەکانی هێزی خەبات

بەتالیۆنی (٢)ی بەرزنجە ناسراو بە بەتالیۆنی شەهید دڵشاد. سەرەتا شێخ محەمەد باساکی فەرماندەی بەتالیۆن بوو، لە دوای ئەو دەروێش عەبدولڕەحمان ئاغا بووە فەرماندەی بەتالیۆن. ملازم حەمەسەعید و عەلی حاجی حەمەڕەش هەریەکە و ماوەیەک جێگری فەرماندەی بەتالیۆن بوون.

١. بەتالیۆنی (٤)ی پێنجوێن، نوری حەمە عەلی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٢. بەتالیۆنی (٥)ی پێنجوێن، ڕەئیس عورفا شەریف بە وەکالەت فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٣. بەتالیۆنی (٨)ی چوارتا، سەرەتا عومەر ئاغا فەرماندەی بەتالیۆن بوو، دوای عوسمان سندی بووە فەرماندەی بەتالیۆن.

## هێزی زمناکۆ

لە ساڵی ١٩٧٤ پێکهێنرا و جەمال نامیق کرا بە فەرماندەی ئەو هێزە و کەمال شێخ غەریب کرا بە جێگری فەرماندەی هێز .

### بەتالیۆنەکانی هێزی زمناکۆ

١. بەتالیۆنی (٢)ی هێزی زمناکۆ ، لەتیف ساڵح فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٢. بەتالیۆنی (٦)ی بەمۆ، قالە سوور فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٣. بەتالیۆنی (٧)ی بیارە، حەمە شەمیرانی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

## هێزی ڕزگاری

ڕەئیس عەبدوڵڵا سدیق بەرواری فەرماندەی هێز بوو.

### بەتالیۆنەکانی هێزی ڕزگاری(١)

١. بەتالیۆنی یەکی شوان، حەمە سور حوسێن فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٢. بەتالیۆنی دووی قەڵا سێوکە، حاجی شێخ قادر فەرماندەی بەتالیۆن و ئیسماعیل مەلازادە جێگری فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٣. بەتالیۆنی سێی سووورداش، ئەنوەر ئەزوەر فەرماندەی بەتالیۆن بوون.

٤. بەتالیۆنی (٤)، بەهجەت عەبدولکەریم فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٥. بەتالیۆنی (٥)، نازم حەمە سلێمان فەرماندەی بەتالیۆن بوو .

٦. بەتالیۆنی (٦)، عیزەدین قەرە محەمەد فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

## هێزی قەرەداغ(هێزی کەرکووک)

لە دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤ لە سنووری قەرەداغ، بەتالیۆنی (٥)ی پاسەوانی سنوور هەڵوەشایەوە و هێزی قەرەداغ دووبارە دروستکرایەوە و ناوی گۆڕا بۆ هێزی کەرکووک، لە هەمان کاتدا ناوی بەتالیۆنەکانیش گۆڕا و

(١) ئەنوەر ئەزوەر، شێرێکی ونبوو لە دارستانێکدا، چاپی یەکەم ( سلێمانی _ چاپخانەی یاد _ ٢٠١٢ ) ل ٩٣ .

بەتالیۆنــی (٤)یــش دروســتکرا، ئــەو بەڕێزانــە هەریەکەیــان ماوەیــەک فەرمانــدەی هێـز بـوون:

١. سالّح پێداوی.
٢. فازڵ سـۆرانی.
٣. فازڵ تاڵەبانی.

**بەتالیۆنەکانی هێزی کەرکووک لە ١٩٧٤ و ١٩٧٥**[1]

١. **بەتالیــۆنی (١)**، ئــەو بەڕێزانــە هەریەکەیــان ماوەیــەک فەرمانــدەی بەتالیــۆن بـوون:
   ١. عەبدوڵڵا حەمەدئەمین ئاغا سیوەیلی.
   ٢. فاتح حەمەڕەش.
٢. **بەتالیــۆنی (٢)**، ئــەو بەڕێزانــە هەریەکەیــان ماوەیــەك فەرمانــدەی بەتالیــۆن بـوون:
   ١. ملازم عەلی مستەفا.
   ٢. شـێخ محەمەد باسـاکی.
٣. **بەتالیۆنی (٣)** عەبدولڕەحمان پێداوی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
٤. **بەتالیۆنی (٤)** ملازم سەیفوڵا عەلی بەگ فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

(١)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عیزەدین مەلا سلێمان لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٠ .

## هێزی ئەزمەڕ

لـه سـاڵی ١٩٧٤ دروسـتکرا و لـه ئەفسـەر و پۆلیسـەکانی سـنووری لەشـکری سـێ پێکهێـنران، کـه شـێخ محەمـەد سـەید عەلـی حافـز بـه فەرمانـدەی ئـەو هێـزە دەستنیشـانکرا ، عەریـف سـابیر جێگـری فەرمانـدەی هێـز بـووە .

**بەتالیۆنەکانی هێزی ئەزمەڕ لە ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥**

١. بەتالیۆنی (١) ئەحمەد مجید شاسوار فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٢. بەتالیۆنی (٢) ئەحمەد سلێمان فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٣. بەتالیۆنی (٣) عەریف شریف فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

٤. عریف مەحەمەد مۆریاسی فەرماندەی هێزی گورز وەشێن بوو .

## یەکە سەربازییەکانی شۆڕش

جگـە لـەو پێکهاتـەی سـەرەوە( بەشـی پیـادە ) لـە هـەر لەشـکرێك بـە گوێـرەی توانـا و پێویسـت بەشـی تـری هەبـوو، وەك تۆپخانـە و هەندەسـە و دژە تانـك و بێتـەل و دژە ئاسـمانی و بەرگـری میللـی.

- **تۆپخانەی شۆڕش**

دەسـتە و یەکەکانـی تۆپخانـەی شـۆڕش هەمـوو کات بـە گوێـرەی چـەك و تەقەمەنـی بەردەسـت، بـە درێژایـی شـۆڕش ڕۆڵـی باڵایـان هەبـووە لـە پشـتیوانی پێشـمەرگە لـە بەرەکانـی شـەڕ، ئەگەرچـی لەسـەرەتای شۆڕشـدا بەشـی تۆپخانـە توانـای ئەوتـۆی نەبـووە، لەبـەر کەمـی چـەك و تەقەمەنـی و شـارەزایی لـەو چەکانـە، لـە سـەرەتا شـۆڕش تـۆپ و هاوەنـی ئەندازە(عیـار) گـەورەی نەبـوو، تـا لـە ساڵی ١٩٦٥، کـە شـای ئێـران (٨) هـاوەن بـە ئەنـدازەی (٨١) ملیـم و (٤) هـاوەن بـە ئەنـدازەی (١٢٠) ملیمـی بـە شـۆڕش درا[١]، دوای ئـەوەی ئـەو چەکانـە بـە دەسـتی شـۆڕش گەیشـتن، هەندێـک لـە ئەفسـەر و سـەربازی سـوپای عێـراق پێوەندییـان بـە ڕیزەکانـی شۆڕشـەوە کردبـوو، کـە لـە لـە بەشـی تۆپخانـە لـە سـوپا ئـەرك و خوولیـان بینیبـوو.

بـە ڕێککەوتنێـك لەگـەڵ ئێـران (٩) کـەس بـۆ خوولێکـی تایبـەت چـوون بـۆ ئێـران، بەمەبەسـتی بەشـداریکردن لـە خوولـی هاوەنـی ئەنـدازە (١٢٠) ملیـم کـە ئـەو (٩) کەسـە ئەمانـە بـوون [٢]:

١. موقەدەم نافیز جەلال، وەکو سەرپەرشتیاری خوول.

٢. ڕەئیس بەکر عەبدولکەریم ، بەشداربووی خوول.

٣. ملازم خدر دەباغ، بەشداربووی خوول.

---

(١) نازنـاز محەمـەد عەبدولقـادر، سیاسـەتی ئێـران بەرانبـەر بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد لـە کوردسـتانی عیراقـدا ١٩٦١ _ ١٩٧٥، چاپـی یەکـەم ( هەولێـر _ دەزگای چـاپ و بڵاوکـراوەی ئـاراس _ ٢٠٠٨ ) ل ١٤٨ .

(٢) رائـد / خـدر دەبـاغ، بیرەوەریەکانـم و تۆپخانـەی شۆڕشـی ئەیلولـی مـەزن، چاپـی یەکـەم ( هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە _ ٢٠٠٢) ل ٥٦ .

٤. ملازم خالید شەمسەدین، بەشداربووی خوول.

٥. ملازم نەوزاد ساڵح خۆشناو، بەشداربووی خوول.

٦. عومەر ئاغای دۆلەمەری، بەشداربووی خوول.

٧. مستەفا ڕەشۆ، بەشداربووی خوول.

٨. عەلی مستێ دۆلەمەری، بەشداربووی خوول.

٩. حالی دۆلەمەری، بەشداربووی خوول.

دوای مانگێـك خوولەکـە تـەواو بـوو، ئینجـا وڵاتـی ئێـران (٨) هاوەنـی ئەنـدازە (١٢٠) ملیمـی لەگـەڵ کۆتایهاتنـی خوولەکـە، کـردە دیـاری بـۆ شـۆڕش.

لـە سـاڵی ١٩٦٧ خوولێکـی تـر بـە سەرپەرشـتی مـلازم خـدر عەلـوان لـە کورسـتان کرایـەوە کـە لـە هەمانکاتـدا مـلازم خـدر عەلـوان مامۆسـتای خوولەکـە بـوو، خوولەکـە ژمارەیـەك بەشـداربووی لەخۆگـرت و ناوەڕۆکـی بریتـی بـوو لـە چۆنییەتـی بەکارهێنانـی هاوەنـی ئەنـدازە (٦٠) و (٨١) و (١٢٠)ملیـم و تۆپـی (٢٥) ڕەتـل و تۆپـی (٧٥)ملیـم چیایی(جبـلي) و تۆپـی (١٠٧)ملیـم.

ئیـتر بەشـی تۆپخانـە ڕۆژبـەڕۆژ لـە گەشەسـەندن بـوو، زۆر خـوول کرانـەوە بـۆ هاوەنـی (٨١) و (١٢٠) ملیـم و پێکان(رصـد) و نەخشـەی سـەربازی لـە سـاڵی(١٩٧٠_١٩٧٤)، چەندیـن خوولـی تـر کرانـەوەی بـۆ تۆپـی (٢٥) ڕەتـڵ و تۆپـی (١٢٢)ملیـم و تۆپـی (١٥٥)ملیـم، لـە مانگـی ١٩٧٤/٤ خوولێکـی هاوەنـی (١٢٠)ملیـم و (٦٠)ملیـم بـە بەشـداری (٢٥) پێشـمەرگە لـە گەلاڵـە کرایـەوە کـە مـاوەی (٤٠) ڕۆژی خایانـد.

لـە مانگـی ١٩٧٤/٥ خوولێکـی تـر کرایـەوە بـۆ تۆپی (١٢٢)ملیـم و لە مانگـی ١٩٧٤/٦ خوولێـك کرایـەوە بـۆ تۆپی (١٢٢)ملیم قـەوس بە سەرپەرشـتی ملازم فەرەیـدون[1]، دوای ئـەوە بـە گوێـرەی پێویسـت ڕەوانـەی بەرەکانـی شـەڕ دەکـران. لـە هاوینـی١٩٧٤ چەنـد پێشـمەرگەیەك بـە مەبەسـتی بەشـداریکردن لـە خوولـی تایبـەت بـە تـۆپ چوونـە ئێران و لـە سـەربازگەی پەسـوە لـە ژێردەسـتی مامۆسـتایانی ئێرانـی و بیانـی فێـر دەکـران و دوای تەواوبـوون گەڕانـەوە بـۆ کوردسـتان، کـە هەندێـك لەمانـە بـوون بـە مامۆسـتای

(١) م. عوسـمان خورشـید، بەشـێك لـە یادەوەریەکانـی ژیانـی پێشـمەرگایەتیم، گۆڤـاری پەیامـی ئەیلـوول، ژمـارە ٣٧، سـاڵی ٢٠١٥، ل ٨١ .

قوتابخانـەی تۆپخانـەی شـۆڕش بـە سەرپەرشـتی ملازمـی یەکـەم کەمـال پێـداوی[1].

لـە هەمـوو هێـز و بەتالیۆنـەکان، بـە گوێـرەی هەڵوێسـتی شـەڕەکان، تۆپخانـەی شـۆڕش پشـتیوانی دەکـردن، کاتێـک لـە سـاڵی ١٩٧٤ شـەڕ دەسـتیپێکرد، تۆپخانـەی شـۆڕش تەنیـا (٦) تۆپـی لـە جـۆری (٢٥) رەتـڵ هەبـوو، لەگـەڵ (٨١٢) گولـە تۆپـی هەمـان تـۆپ[2] . هـەر لـە سـەرەتاوە ئـەو تۆپـە (٧٥)ملیـم و هـاوەن (١٢٠)ملیمـە نـاوی تایبـەت بەخۆیـان هەبـوو، کاتێـك بـە بێتـەل داوای پشـتیوانییان بکردایـە، ناوەکانیـان (شـەماڵ ٦،٥،٤،٣،٢،١) بـوو بـۆ تۆپەکانی(٧٥)ملیـم، ناوەکانـی (بـرزۆ ٧،٦،٥،٤،٣،٢،١) بـۆ هاوەنـی (١٢٠)ملیـم[3] بـوو، ناوەکانـی (لافـاو ٤،٣،٢،١) بـۆ تۆپـە (٢٥)رەتڵـەکان[4] بەکاردەهـات.

لـە سـاڵی کۆتایـی شـۆڕش، تۆپخانـەی شـۆڕش ڕۆڵـی بـاڵای هەبـوو لـە لێدانـی مۆڵگـە و بارەگاکانـی سـوپای عێـراق لـە سەرەتاسـەری کوردسـتان و بـە تایبەتـی لـە بـەرەی سـەرکردایەتی شـۆڕشی ناوچـەی باڵەکایەتـی.

- **بەشی ئەندازە (هەندەسەی سەربازی)**

یەکێـك بـوو لـە بەشـە هـەرە گرنگەکانـی شـۆڕش بەگشـتی و بـە تایبەتـی لـە کۆتـا شـەڕەکانی شۆڕشـدا، هەمـوو کات بەشـی ئەنـدازەی شـۆڕش بایەخـی داوە بـەوەی زیاتـر خوولـی ئەنـدازە بکاتـەوە، تاوەکـو بەشـداربووانی ئـەو خوولانـە لـە کاتـی پێویسـتدا بتوانـن سـوود لـە وانەکانیـان وەربگـرن، لـە ڕووی دانانـەوەی مینـی دژە مـرۆڤ و دژە تانـك، لـە مانگـی ١٩٧٤/٤ خوولێکـی تایبـەت کرایـەوە کـە تایبـەت بـوو بـە ئەنـدازە و کاری تێکدان(تخریبـات).

ئـەو ئەفسـەرانەی لـە نـاو بەتالیۆنـەکان بـوون، بـە گوێـرەی ئـەو خاکـەی کـە

(١) حەمیـد گـەردی، قوتابخانـەی تۆپخانـەی گشـتی شـۆڕش و ڕۆڵـی لـە بەرگریکردنـدا، گۆڤـاری پەیامـی ئەیلـوول، ژمـارە ٦، ت١ ٢٠٠٨، ل ١٣

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بەڕێـز عومـەر عوسـمان مێرگەسـۆری لـە مەسـیف سـەلاحەددین لـە رۆژی ٢٠١٩/٤/٢٩ .

(٣) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بەڕێـز عەبدولـڵا مـەلازادە لـە مەسـیف سـەڵاحەددین لـە ڕێکـەوتی ٢٠١٩/٩/٢٩ .

(٤) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بەڕێـز عومـەر عوسـمان مێرگەسـۆری لـە مەسـیف سـەڵاحەددین لـە ڕێکـەوتی ٢٠١٩/٤/٢٩ .

بەرگـری لـێ دەکـەن، هەوڵیـان دا پێشـمەرگەکان ڕابهێنـن، سـەنگەر بۆخۆیـان لـێ بـدەن، تـا پارێـزراو بـن لـە ئاگـری زەوی و ئاسـمانی دوژمـن و خۆیـان بشـارنەوە لـە چـاوی دوژمـن [1]، هەروەهـا پێشـمەرگەش گەیشـتبووە ئـەو بیروڕایـە کـە ئـەو کارانـەی لـە سـوود و قازانجـی ئەوانـە و گیانیـان دەپارێزێـت، ئەگـەر جێبەجێـی بکـەن، بەشـی ئەنـدازە لـە کاتـی شـەڕ و پێـش ئـەوەی سـوپای عێـراق بـگات بـەو شـوێنانە جـا چ ڕێـگا بێـت، یـان بـە گشـتی سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە بێـت، بـە گوێـرەی پێویسـت مینیـان دادەنایـەوە لـە سـەر ڕێـگاکان و ئەگـەر پردیـش هەبێـت ئامادەیـان کـردووە بـۆ تەقاندنـەوە لـە کاتـی پێویسـتدا. لـە هەمـان کات بەشـی هەندەسـە لـە توانایـدا هەبـوو مینەکانـی دوژمـن هەڵبگرنـەوە و پاشـماوەی بۆمـب و تەقەمەنییـەکان لەنـاو ببـەن، لـە هەمـوو یەکەکانـی پێشـمەرگە بەشـی هەندەسـە هەبـوو بـۆ چارەسـەری تایبـەت بـە کاری خۆیـان. هەروەهـا ئەگـەر شـارەزاییان لـە جـۆری میـن و تەقەمەنـی نەبووایـە، داوایـان لـە مەکتەبـی عەسـکەری دەکـرد، تـا شـارەزایان بـۆ بنێرێـت بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی گیروگرفتەکەیـان.

- **بێتەل**

(بێتەل بڕبڕەی پشتی شۆڕشە، مستەفا بارزانی)

بێتـەل یەکێـك بـووە لـە بەشـە هـەرە کاریگەرەکانـی شـۆڕش، هـەر کاتێـك بێتـەل بەهێـز بووایـە، پێشـمەرگە توانیویەتـی گورزێکـی بـاش لـە دوژمـن بـدات، بەهـۆی ئـەوەی هەماهەنگـی هەبـوو لـە نێـوان یەکەکانـی پێشـمەرگە، ئـەو هەماهەنگییـەش بەبـێ گومـان بـە ئامێـری بێتـەل کـراوە، یەکـەم بنکـەی بێتەلـی گەڕۆکـی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە ١٩٦١/١٢/٢١، شـەوکەت مـەلا ئیسـماعیل بـە هـاوکاری مسـتەفا ئامێـدی لـە نزیـك بامەڕنـێ لـە بـارەگای مسـتەفا بارزانـی دایاننـاوە[2]. یەکـەم ئامێـری بێتـەل کـە لـە شـۆڕش کاری پێکـرا نـاوی (٢١) ئینگلیـزی بـوو کـە پێشـووتر مسـتەفا ئامێـدی ئـەو ئامێـرەی لـە نـاو سـوپای عێـراق هێنابـوو، سـەرەتا تەنیـا یـەك ئامێـری بێتـەل هەبـوو کـە برووسـکەکانی سـوپای عێراقیـان وەردەگـرت، لـە ترسـی بۆردومـان و دیاربوونـی شـوێنی ئـەو بێتەلـە مسـتەفا ئامێـدی لـەو شـوێنە

---

(١) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بەڕێـز یونـس محەمەدسـەلیم، نـاسراو بـە مـلازم یونـس ڕۆژبەیانـی لـە هەولێـر لـە ڕێکـەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨ .

(٢) شـەوکەت مـەلا اسـماعیل حسـن، ڕۆژانـێ لـە مێـژووی شۆڕشـی ئەیلـول، چاپـی دووەم ( هەولێـر _ نوسـینگەی تەفسـیر بـۆ بڵاوکردنـەوە و راگەیانـدن _ ٢٠١٦ ) ل ٤٢ .

نامێنێـت و دەچێتـە گونـدی یـەك مـالا لـە ناوچـەی بـەرواری[١]، دوای ئـەوەی ئامێـری تـر پەیدابـوون چەندیـن خوولیـان کـردەوە لەسـەر ئـەو جـۆرە بێتەلـە.

هـەر لـە سـەرەتاوە ئـەو بنکـەی بێتەلـە توانـی شـفرەی برووسـکەکانی سـوپای عێـراق بشـکێنن و سـوود لـە برووسـکەکان ببینـن، زۆربـەی کات توانییـان کات و شـوێنی هێـرش و جووڵـەی سـوپای عێـراق بزانـن و هەندێکجـار بۆردومانەکانـی هێـزی ئاسـمانییان ئاشـکرا کـردووە[٢].

یەکـەم پێوەنـدی بێتەلـی لـە یەکشـەممە لـە ڕێککەوتـی ١٩٦٢/٩/٢ بـە فەرمانـی مستەفا بارزانـی لـە نێـوان بـارەگای بارزانـی و لەشـکری یـەك کـرا[٣]، لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٦٢ یەکـەم شـیفرەی کـوردی دانـرا و لـە نێـوان هـەر دوو بنکـەی ئـاراس کـە تایبـەت بـوو بـە بـارەگای بارزانـی و بنکـەی پیرمـام کـە تایبـەت بـوو بـە مەکتەبـی سیاسـی، ئـەو شـیفرە کوردیـە بەکارهـات. لـە سـاڵی ١٩٦٥ هەندێـكك یارمەتـی سـەربازی لـە ئێرانـەوە بـۆ شـۆڕش نـاردرا کـە هەندێـک ئامێـری بێتەلـی لەخـۆ گرتبـوو[٤]، دوای ئـەوەی هەندێـک ئامێـری بێتـەل کەوتنـە دەسـتی پێشـمەرگە، یـان هەندێـک لـە پۆلیسـەکان کاتێـک هاتنـە نـاو ڕیـزی شـۆڕش، ئامێـری بێتەلیـان لەگـەڵ خۆیـان هێنایـە نـاو شـۆڕش. خوولـی بێتـەل کرانـەوە، بـۆ ئـەوەی بێتـەل تەنیـا لـە بـارەگا سـەرەکییەکان نەبێـت، بەڵکـو تـا ئاسـتی بەتالیۆنـەکان بێتـە خـوارەوە و زۆر کەسـی شـارەزا دروسـت بـوون لـە نـاو هێـز و بەتالیۆنـەکان بـۆ کاری بێتەلـی[٥]، زۆر کەسـیش کـە بێتـەل بـوون یـان خوولـی بێتەلییـان کردبـوو لـە نـاو حکوومـەت، جـا چ لـە بنکەکانـی پولیـس یـان سـوپا، پێوەندییـان بـە ڕیزەکانـی شـۆڕش کـرد، ئـەو کەسـانە لەگـەڵ ئەوانـەی خوولـی بێتەلییـان بینـی لـە نـاو شـۆڕش دابەشـکرابوون بەسـەر بەتالیـۆن و هێـزەکان، بـۆ

(١) چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز مستەفا ئامێدی لە دهۆك لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩ .

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بەڕێـز شـەوکەت مـەلا ئیسـماعیل لـە مەسـیف سـەڵاحەددین لـە ڕێکـەوتی ٢٠١٩/٣/١١ .

(٣) ئـاری فـاروق نانەکەلـی، دامەزراوەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و شۆڕشـی ئەیلـوول لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٦١- ١٩٧٥، چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ ٢٠١٦) ل ١٥٢ .

(٤) نازنـاز مەحمـەد عەبدولقـادر، سیاسـەتی ئێـران بەرانبـەر بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد لـە کوردسـتانی عیراقـدا ١٩٦١ _ ١٩٧٥، چاپـی یەکـەم ( هەولێـر _ دەزگای چـاپ و بڵاوکـراوەی ئـاراس _ ٢٠٠٨ ) ل ١٤٨ .

(٥) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بەڕێـز خـدر مەولـود لـە مەسـیف سـەڵاحەددین لـە ڕێکـەوتی ٢٠١٨/١١/٢٧ .

ئـەوەی تـەواوی یەکەکانـی پێشـمەرگە پێوەندییـان هەبێـت بـە یەکـەوە[1]، بـە درێژایـی شـۆڕش چەندیـن جـۆری ئامێـری بێتـەل بەکاردەهاتـن بـە گوێـرەی شـوێن و کات وەکـو ئامێـری ژمـارە (٢١) و (٩) و(١٢) و (١٩) و (١٠٤) و (١٠٥) و (هۆکـی تۆکـی).

یەکێـك لـە دەسـتکەوت و تواناکانـی بەشـی بێتەلـی شـۆڕش، بەشـی بێتـەل لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایـی شـۆڕش توانـی زیاتـر لـە (٥٠٠٠) شـیفرەی برووسـکەکانی زۆربـەی دامودەزگاکانـی حکوومەتـی عێراقـی بشـکێنن، وەك برووسـکەکانی وەزارەتـی بەرگـری، وەزارەتـی ناوخـۆ، هەواڵگـری، ئاسـایش کـە سـوودی تـەواوی هەبـووە بـۆ شـۆڕش لـە بـوارە جیاجیـاکان[2].

پێکهاتەی بێتەلی شۆڕش بەو شێوەیە بوو [3]:

١. بێتەلی گشتی.

٢. بێتەلی بارەگای بارزانی.

٣. بێتەلی مەکتەبی سیاسی.

٤. بێتەلی هێز و بەتالیۆنەکان.

ئەو بەڕێزانەش هەر یەك ماوەیەك بەرپرسی بێتەلی گشتی شۆڕش بوونە:

١. شەوکەت مەلا ئیسماعیل.

٢. معاون کەمال بەرقی.

٣. سەبری بۆتانی.

٤. محەمەد عەزیز.

ئـەو بەڕێزانـەش جێگـری بەرپرسـی بێتەلـی گشـتی شـۆڕش و لـە هەمانکاتـدا بەرپرسـی بەشـێك بوونـە:

١. ملازم هەجەر سندی، بەرپرسی بەشی دارایی.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مستەفا ئامێدی لە دهۆك لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩ .

(٢) شـەوکەت مـەلا اسـماعیل حسـن، ڕۆژانـێ لـە مێـژووی شۆڕشـی ئەیلـول، چاپـی دووەم ( هەولێـر _ نوسـینگەی تەفسـیر بـۆ بڵاوکردنـەوە و ڕاگەیانـدن _ ٢٠١٦ ) ل ٣٢٠ .

(٣) عەبدولـڵا مـەلازادە، ڕۆڵـی موخابـرە لـە شۆڕشـی مەزنـی ئەیلـوول دا، گۆڤـاری پەیامـی ئەیلـوول، ژمـارە ٣٦، ت١_ت٢_ك١_سـاڵی ٢٠١٤، ل ٤٠ .

٢. حەسەن خدر ڕەشۆ، بەرپرسی بەشی جفرە.

٣. جەمال ڕەشید، بەرپرسی بەشی ئیدارە.

٤. نوری حەیدەر ناسراو بە هۆشیار، بەرپرسی بەشی خوول و ڕاهێنانی بێتەل.

- **دژە ئاسمانی**

لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول، پێشمەرگە چەکی ئەوتۆی نەبوو بۆ بەرگری ئاسمانی، تەنیا هەندێکجار بە چەکی سووك و ڕەشاش برن و ڕەشاش ڤیکەرس، ڕووبەڕووی فڕۆکەکانی دوژمن دەبوونەوە، دوای ئەوەی شۆڕش توانی لە شەڕەکان هەندێک چەکی دەست بکەوێت و هەندێک یارمەتی بەدەست گەیشت، شۆڕش هەنگاوێکی تر پێشکەوت لە ڕووی دژە ئاسمانی، خوولی تایبەت بە چەکەکانی دۆشکا لە هەردوو جۆری (١٢،٥) و (١٤،٥) لەگەڵ (٢٣)ملیم و (٣٠) ملیم کرانەوە و چەندین پێشمەرگە ڕاهێندران و مەشقیان پێکرا، تاکو بتوانن ئەو چەکانە بەکار بهێنن و لە هەمان کات، بتوانن چارەسەری چەکەکەیان بکەن لە کاتی تێکچوونیان. هەر لە مانگی ١٩٧٤/٤ خوولی ڕەشاش دوشکا لە هەردوو جۆری (١٢،٥) و (١٤،٥) و چەکی (٣٠)ملیم کرایەوە.

تا ساڵی ١٩٧٤ کاتێك هێزی ئاسمانی عێراقی فڕۆکەی نوێی سۆڤیەتیی بەکارهێنا، ئیتر چەکی (دوشکای ١٢،٥ و ١٤،٥) و (٢٣)ملیم پێشمەرگە ئەو کاریگەرییەی نەما، سەرکردایەتی شۆڕش داوای دابینکرنی چەکی دژە ئاسمانی لە ئێران کرد و ئێران (٢) یەکەی دژە ئاسمانی ناردە کوردستان، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی عێراقی و لە ئەنجامدا چەند فڕۆکەیەکی دوژمنیان خستە خوارەوە و تێکشکاند.

- **دژە تانك**

ئەگەر چی بۆ شۆڕش چەکی دژە تانك زۆر کاریگەر بوو، بەڵام شۆڕش چەکی بەهێزی نەبوو لە سەرەتا، تەنیا هەندێک دژە تانکی (RPG٢) ی هەبوو، ئەویش توانایەکی بەهێزی نەبوو، دوای ئەوە چەکی دژە تانکی (B١٠) و (RPG٧) و (بازوکا) و تۆپی دژە تانکی (١٠٦) ملیم بە دەست گەیشت، کاریگەرترین چەك بۆ ئەو کاتە (RPG٧) بوو، چونکە ژمارەیەکی زۆر هەبوو لە ناو شۆڕش و بەهۆی سووکی ئەو چەکە، کە بە یەك کەس بەکاردەهێندرێت و

لـە هەمانکاتـدا کاریگەریـی هەبـوو بەسـەر تانـك و زریپۆشـەکانی سـوپای عێـراق، لـە پایـزی ١٩٧٤ تۆپەکانـی دژە تانکـی (١٠٦) ملیـم بەسـەر هـەردوو هێڵـی بەرگـری دابەشـکران کـە هێڵـی یەکەمیـان ڕۆژهەڵاتـی زنجیـرە چیـای (کـۆڕەك _دۆڵـی ئاکۆیـان _ چیایـی هندرێـن) و هێڵـی دووەم (چیـای زۆزك _ سـەرتیز _ گـەروی عومـەر ئاغـا) ئـەو تۆپـە ڕۆڵـی باشـی دیـت لـە دژی تانـك و زریپۆشـەکانی سـوپای عێـراق[١].

لــە هەمــوو هێــز و بەتالیۆنەکانــی تــری شــۆڕش چەکــی (RPG٧) و (B١٠) و لـە هەندێـك لـەو هێزانـە تۆپـی (١٠٦) ملیـم هەبـوون. لـە کاتـە جیاجیـاکان لـە نـاو شـۆڕش خوولـی تایبـەت بـەو چەکانـە کرانـەوە، بـۆ ئـەوەی لـە هەمـوو پـەل و لـق و بەتالیۆنــەکان پێشــمەرگە هەبێــت و توانــای بەکارهێنانــی ئــەو جــۆرە چەکانــەی هەبێـت، بـە تایبەتـی لـە مانگـی ١٩٧٤/٥ لـە نزیـك گەڵاڵـە خـوول بـۆ ڕۆکێتێکـی تایبـەت بـە دژە تانـك کرایـەوە.

## ● هەواڵگری

بەشــی هەواڵگــری یەکێکــە لــە بەشــە هــەرە گرنگــەکان بــۆ هــەر ســوپا و لەشـکرێك، هەمـوو کات ئەگـەر سـوپا هەواڵگـری باشـی نەبێـت، ناتوانێـت زانیاریـی تـەواو لەسـەر دوژمنەکـەی خـۆی دەسـتبکەوێت، ئەگـەر چـی لـە شۆڕشـی ئەیلـوول لــە نــاو یەکەکانــی پێشــمەرگە بەشــی هەواڵگــری نەبــوو، بــەڵام بەشــێکی تــر هەبـوو بـە نـاوی پاراسـتن کـە سـەر بـە بـارەگای بارزانـی بـوو، سـەرەتا بـە دیاریکـراوی لـە ١٩٦٨/١/٢٠ بـە فەرمانـی بـارەگای بارزانـی بڕیـاردرا بـە دانانـی شـەکیب ئاکرەیـی وەك لێپــسراوی بەشــی پاراســتنی شــۆڕش و دانانــی محەمــەد عەزیــز قــادر وەك یاریـدەدەری لێپـسراوی بەشـی پاراسـتنی شـۆڕش و لێپـسراوی یەکـەم لـە بەربەرەکانـی جاسوسـیەت[٢]، پاراسـتن لـە ڕێـگای ئـەو زانیاریانـەی بـە دەسـتی دەگەیشـت بەهـەر سـەرچاوەیەکی ناوخۆیــی یــان بیانــی، وەك باوەڕپێکراوەکانــی پاراســتن و ئەفســەر و ســەرباز و پۆلیــس و بێتەلەکانــی شــۆڕش[٣] و کەســانی مەدەنــی و ســەرچاوەی

(١) ئـاری کەریـم، چەنـد لاپەرەیەکـی زینـدوو لـە شۆڕشـی ئەیلـول دا، چاپـی یەکـەم (دهـۆك _ چاپخانـەی خەبـات _ ١٩٩٩) ل ١٨٢ .

(٢) مەحمــەد عەزیــز، شۆڕشــگێرانی دیــاری شۆڕشــی مەزنــی ئەیلــوول، گۆڤــاری پەیامــی ئەیلــوول، ژمــارە ٣٥، تەموز_ئاب_ئەیلــوول _ســاڵی ٢٠١٤، ل ٢٠ .

(٣) چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز عەبدولــڵا مــەلازادە لــە مەســیف ســەڵاحەددین لــە ڕێکــەوتی ٢٠١٩/٩/٢٩ .

بیانــی، ئــەو زانیاریانــە دوای ئــەوەی دڵنیادەبــوون لــە ڕاســتی ئــەو هەواڵــە، ئیــتر ڕێـکاری پێویسـت دەگیرایەبـەر، یـان بـە برووسـکە بـۆ ئـەو شـوێنە دەنـاردرا، تاکـو بـە گوێـرەی پێویسـت لـەو شـوێنە هەڵوێسـتی خۆیـان وەرگـرن و ئـاگادار بـن لـەو کارەی ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە و لـە هەمـان کات سـەرووی خۆیـان لـە ڕاسـتی و دروسـتی ئـەو زانیارییـە ئاگاداربکەنـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە چەندیـن خوولـی تایبـەت بـە هەواڵگـری و دەسـکەوتنی زانیـاری کرانـەوە، بـە تایبـەت خوولـی پاراسـتن لـە دیلـمان کرایـەوە، کـە (٢) مامۆسـتای بیانـی وانەکانیـان دەدایـەوە کـە زیاتـر تایبـەت بـوو لەسـەر جـۆر و ژمـارەی چـەك و ژمـارەی سـەربازانی سـوپای عێـراق و چۆنییەتـی زانیـاری کۆکردنـەوە کـە ژمـارەی بەشـداربووان (١٥-٢٠) کـەس بـوون[١] .

لـە هەمـان کات زۆر کـەس وەکـو پێشـمەرگەی ون، یـان شـانەی نهێنـی ژیانـی خۆیـان خسـتووەتە مەترسـی و کاریکـردووە لـەو بـوارە، تاکـو زانیارییەکانـی بـە دەسـت گەیشـتووە و ئەویـش گەیاندوویەتییـە دەسـتی پاراسـتن، یـان هـەر شـوێنێکی تـری پێشـمەرگە، بـۆ نموونـە: شـانەی نهێنـی ژمـارە (٣)[٢] کـە ئەنـوەر ئـەزوەر سەرپەرشـتی دەکـردن و پێوەنـدی لـە نێـوان ئەنـوەر ئـەزوەر و مـلازم عەدنـان عیـماد کەرکووکـی لـە ڕێـگای مـام قـادری سوسـێ بـووە، هـەر زانیاریـەك داواکرابووایـە کـە تایبـەت بـوو بـە سـەربازگەی سوسـێ، دەیاننـارد بـۆ لای ئەنـوەر ئـەزوەر، هەندێـک کاتیـش ملازمـی یەکـەم محەمـەد عەلـی قەرەچەتانـی لـە کاتێـک بـە مۆڵـەت دەرچـوون لـەو سـەربازگەیە ڕاسـتەوخۆ زانیارییەکانـی دەدا بـە ئەنـوەر ئـەزوەر[٣]، ئەوانـە و چەندانـی تـر هـاوکار و هەماهەنـگ بوونـە لەگـەڵ شـۆڕش، تاکـو زۆرتریـن زانیـاری لەسـەر دوژمـن بـدەن بـە شـۆڕش.

### ● دادگای سەربازی

یەکێـك لـە دامەزراوەکانـی شـۆڕش کـە تایبـەت بـوو بـە بـواری سـەربازیی شـۆڕش، دامەزراندنـی دادگایـی سـەربازی بـوو، بـۆ ئـەوەی ئـەو کێشـە و گیروگرفتانـەی لەنـاو یەکـە سـەربازییەکان دروسـت دەبـن ڕووبـەڕووی دادگای مەدەنـی نەکرێنـەوە و دادگایـەك هەبێـت تایبـەت بێـت بـە پێشـمەرگە. هـەر بـە گوێـرەی بڕگـەی (٣) لـە

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئەنوەر ئەزوەر لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٠ .

(٢) ئەنـوەر ئـەزوەر، شـێرێکی ونبـوو لـە دارسـتانێکدا، چاپـی یەکـەم ( سـلێمانی _ چاپخانـەی یـاد _ ٢٠١٢ ) ل ١٤٠ .

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز خالید قادر ئەحمەد لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٠ .

بڕیارەکانی لێژنەی دادوەری لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە لە ١٩٦٤/١٠/١٠ دا هاتووە ((جیاوازی کردن لە نێوان یاسای مەدەنی و یاسای سەربازی، یاساکانی باری کەسی لەسەر کەسانی بێ چەك جێبەجێ دەکرێت، پێویستە بڕیار لەسەر جیاکردنەوەی دادگای مەدەنی لە دادگای سەربازی بدرێت، یاسای سزادانی سەربازی لەسەر سەربازەکان جێبەجێ دەکرێت، تەنیا لەو دۆسیانە نەبێت کە لایەنێك مەدەنی بێت، ئەوا کاری دادگاییکردنەکە بە دادگای مەدەنی دەسپێردرێت))[1]، ئەو بەڕێزانەش لە هێزەکان کاری دادگای سەربازییان کردووە:

١. حاکم حەسەن پشدەری.

٢. حاکم تۆفیق.

٣. حاکم سەعید یەعقوبی.

٤. حاکم حوسێن خۆشناو.

٥. حاکم حەمەلاو سەعید.

٦. حاکم عەلا ئاکرەیی.

٧. حاکم سابیر ڕەشید ئاکرەیی.

٨. حاکم محەمەد حەدۆ.

٩. حاکم نوری.

١٠. حاکم سەدیق خۆشناو.

١١. معاون مارف بەرزنجی.

لە ساڵی حەفتاکان دادگای سەربازی کە بارەگاکەی لە چۆمان بوو، بەم شێوەی خوارەوە بوو [2]:

---

(١) ئاری فاروق نانەکەلی، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان - عێراق نووسینگەی راپەراندن دەستور و یاساکان ١٩٦٤- ١٩٦٥، چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی رۆژهەلات _ ٢٠١٧) ل ١٨ .

(٢) کەریم حەمەد حوسێن گەردی، بیرەوەری هەڤاڵی پێشمەرگە و مامۆستای شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، ژمارە ١٤، شوباتی ٢٠١٠، ل ٦٥ .

١. عەبدولڕەحمان قازی، سەرۆکی دادگای سەربازی.
٢. عەقید جەلال حەمەدئەمین، ئەندامی دادگای سەربازی.
٣. دادوەر کەمال، ئەندامی دادگای سەربازی.
٤. موقەدەم عەبدوڵلا تۆفیق، ئەندامی دادگای سەربازی.
٥. ملازمی یەکەم، عەلی مەحمود سەید داواکاری گشتی.
٦. کەریم حەمەد حوسێن، دادنووس.
٧. مەحمود حەسەن، دادنووس.
٨. ئیسماعیل ئیبراهیم، دادنووس.


- **بەشی تەندروستی سەربازی**

بەشی تەندروستی شۆڕش خزمەتێکی زۆری شۆڕشی کردووە بە درێژایی شۆڕش، شۆڕش بە گوێرەی پێویست هەوڵی داوە ئەو بەشە باشتر بکات و یەکەم قوتابخانە و خوولی برینپێچی و فریاگوزاری سەرەتایی و نەشتەرگەری لە ساڵی ١٩٦٤، لە گەڵالە کرایەوە[١] و دوای ئەوە دابەشکران بەسەر نەخۆشخانەکان و بنکەکان و هەندێکیش وەکو پێشمەرگە لە ناو هێز و بەتالیۆنەکان شانبەشانی پێشمەرگە بوون لە بەرەکانی شەڕ و هەندێک کات ئەشکەوتەکانییان کردووە بە بنکەی تەندروستی بۆ چارەسەری بریندار و نەخۆشەکان.

پەیمانگای برینپێچانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٨ کرایەوە، لەگەڵ دەرچووانی یەکەم خوول نازناوی دکتۆری شۆڕشیان وەرگرت[٢]، دوای ئەوە نەخۆشخانەیەکی گشتی بۆ سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە لە سەرتاسەری کوردستان کرایەوە و هەندێک بنکەی تەندروستیش لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان کرانەوە، بە مەبەستی چارەسەری پێشمەرگەی نەخۆش و بریندار کە بەم شێوەیە بووە نەخۆشخانەی مەرکەزی، لە ناوپردان و بۆ هەر (١٢) هێزەکانی پێشمەرگە،

(١) شەوکەت مەلا اسماعیل حسن، رۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول، چاپی دووەم ( هەولێر _ نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و راگەیاندن _ ٢٠١٦ ) ل ٢١٠ .
(٢) ئاری فاروق نانەکەلی، دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵانی ١٩٦١- ١٩٧٥، چاپی یەکەم (هەولێر _ ٢٠١٦) ل ١٥٢ .

نەخۆشـخانە کرایـەوە و بنکـەی تەندروسـتیش لـە نێـوان چەنـد گوندێـك لەنزیـك یەکـەوە کرانـەوە، کـە سـەرجەمیان (٨٣) بنکـەی تەندروسـتی بـوون[١]، لـە سـاڵانی حەفتـاکان و بـە تایبەتـی سـاڵی ١٩٧٤_١٩٧٥ لـە کاتـی شـەڕەکان بەشـی تەندروسـتی ڕۆڵـی بـاڵای هەبـوو لـە چارەسـەری برینـدارەکان، هەندێـک کات ئەگـەر بریندارەکـە برینەکـەی سـەخت بووایـە، بـۆ چارەسـەری ڕەوانـەی ئێـران دەکـرا.




**دیاریکردنی سنووری هەر سێ لەشکرەکەی کوردستان**

(١) فوئـاد حەمـە لاو، بۆچـی پێـمان دەگوتـرا مامۆسـتای شـۆڕش، گۆڤـاری پەیامـی ئەیلـوول، ژمـارە ٣، بەهـاری ٢٠٠٨، ل ٣٢،

## دەستپێکردنی شەڕ

دوای ئـەوەی حکومەتـی عێـراق و سـەرکردایەتی شـۆڕش نەگەیشـتنە ڕێککەوتـن، سـوپای عێـراق بڕیـاری هێرشـکردنە سـەر کوردسـتانی دا، حکومەتـی عێـراق ئـەو (٤) سـاڵەی کاتـی ئاشـتی بـوو لەگـەڵ شـۆڕش، لەبەرئـەوەی نیـازی شـەڕانگێزانەی هەبـوو، دژ بـە کـورد، بۆیـە لـە هەمـوو ڕوویـێك سـوپاکەی ئامـادە دەکـرد، تاکـو لـە دەرفەتێـك بتوانێـت شۆڕشـی کـورد لەنـاو ببـات، ئـەو ئامادەکاریانـەش بریتـی بـوون لـە:

١. دووبـارە ڕێکخسـتنەوەی کۆنـە جاشـەکان بەنـاوی (افـواج خفیفـە) کـە لـە سـەرەتا ژمارەیـان لـە (٦٠٠٠) زیاتـر بـوو.

٢. لە ساڵی ١٩٧٠ تیپی (٧)ی پیادەی لە سلێمانی دروستکرد کە پێکهاتبوو لە[1]:

   ١. هێزی (١٩)ی پیادە.

   ٢. هێزی (٣٨) ی پیادە.

   ٣. هێزی (٣٩)ی پیادەی.

٣. لـە سـاڵی ١٩٧٢ چەندیـن ڕەوە(سرب)[2] ی فڕۆکـە و هەلیکۆپتـەری دروسـت کـرد.

٤. لـە مانگـی (٨)ی سـاڵی ١٩٧٣ ، سـوپای عێـراق فڕۆکـەی جـۆری (توبولیـف ٢٢) و سـارۆخی دوور مـەودای لـە جـۆری (سـکود)ی سـۆڤیەتی بـە دەسـت گەیشـت.

٥. لـە سـاڵی ١٩٧٣ تیپـی (٨)ی لـە هەولێـر بـە سـەرکردایەتی عەمیـد ڕوکـن تەهـا شـەکرچی کـە دژی گەلـی کـورد بـوو دروسـت کـرد، کـە پێکهاتبـوو لـە[3]:

   ١. هێزی (٣)ی پیادە.

   ٢. هێزی (٢٢)ی پیادە.

   ٣. هێزی (٢٣)ی پیادە.

---

(١) انترنیت، منتدی القوات المسلحة العراقیة .

(٢) ڕەوەی ئاسـمانی (سرب):- یەکەیەکـی ئاسـمانیە لـە (٣-٤) پـۆل (رف) پێکدێـت بـە گوێـرەی جـۆری فڕۆکەکـە، پـۆل (رف) یەکێکـە لـە بەشـەکانی ڕەوە (سرب) پێکدێـت لـە (٤) فڕۆکـە یـان زیاتـر.

(٣) انترنیت، منتدی القوات المسلحة العراقیة .

٦. لــە ســاڵی ١٩٧٣ تیپــی (٩)ی زریپــۆش دروســتکرد، بــەڵام بەشــداری شــەڕی نەکــرد[١].

٧. لە ساڵی ١٩٧٣ تیپی (١٠) زریپۆشی دروست کرد، کە پێکهاتبوو لە[٢]:

١. هێزی (١٠) ی زریپۆش.

٢. هێزی (١٧)ی زریپۆش.

٣. هێزی (٢٤)ی پیادەی ئۆتۆماتیکی.

٨. لــە مانگــی ١٩٧٤/٣ تیپــی (٣)ی زریپۆشــی گواســتەوە بــۆ شــاری موســڵ بــۆ بەشــداریکردن لــە شــەڕ.

٩. ســوپای عێــراق (٩) موالیــد، واتــا (١٩٤٤تــا١٩٥٢) ئەوانــەی کــە خزمەتــی ســەربازییان تــەواو کردبــوو، دووبــارە بانگکرانــەوە بــۆ خزمەتــی ســەربازی، تــا گرفتــی کەمــی ســەرباز نەهێڵێــت[٣].

ســەرەتای هێرشــەکان بــە بۆمبارانکردنــی چەنــد ناوچەیەکــی کوردســتان بــە هــۆی فڕۆکــە نوێیەکانــی کــە لــە یەکێتــی ســۆڤیەتی کڕیبــوو[٤]، لــە دوای ئــەوەی زانکــۆی سـلێمانی لـە شـاری سـلێمانی چۆڵکـرا، زۆربـەی مامۆسـتاکان پێوەندیـان بـە ڕێزەکانـی شۆڕشــی ئەیلوولــەوە کــرد، ســەرکردایەتی شــۆڕش بڕیــاری دا زانکــۆی ســلێمانی لــە قــەڵادزی بــەردەوام بێــت لــە خوێندنــی ئاســایی خۆیــان لــە کاتژمێــر (٠٩:٤٥)ی ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤،[٥] کاتێــک هاونیشــتمانیانی قــەڵادزێ ســەرقاڵی ژیانــی تایبەتــی خۆیــان بــوون، چــوار فڕۆکــەی ســیخۆی هێــزی ئاســمانی عێراقــی بۆمبارانــی شــاری قەڵادزێیــان کـرد، بـەم هۆیـەوە نزیکـەی (١٦٠) هاونیشـتمانی شـەهیدبوون و زیاتـر لە (٢٤٠)کەسـی دیکــەش برینــدار وون، (٤) کاتژمێــر دوای ئــەو ڕووداوە دڵتەزێنــە، ســەرکردایەتی

(١) هەمان سەرچاوە .

(٢) هەمان سەرچاوە .

(٣) حبیـب تومـی، البارزانـی مصطفـی قائـد مـن هـذا العـصر، الطبعـة الاولی(اربیـل _ دار اراس للطباعـة و النـشر _ ٢٠١٢)ص ٦٢٤ .

(٤) الفریـق الرکـن/ رعـد مجیـد الحمـداني، معـارك الجیـش العراقـي الکـبری مـن عـام ١٩٧٣ الی عـام ٢٠٠٣، (عـمان _ الاردن _ امنـة للنـشر و التوزیـع _ ٢٠١٣) ص ٧٠ .

(٥) ئـاری کەریـم، چەنـد لاپەرەیەکـی زینـدوو لـە شۆڕشـی ئەیلـول دا، چاپـی یەکەم(دهـۆك _ چـاپ خانـەی خەبـات _ ١٩٩٩) ل ١٧٧.

شۆڕشــی ئەیلــوول بــۆ بــە هاناوەچوونــی لێقەومــاوان گەیشــتنە شــاری قــەڵادزێ [١]، لـە بەرانبـەر ئـەو کارە نامرۆڤایەتیـەی بەعـس و سـوپای عێـراق، شـۆڕش هێـچ کارێکـی ناجوامێرانــەی نەکــرد، تەنیــا مســتەفا بارزانــی ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ ی کــرد بــە ڕۆژی ماتەمینــی گەلــی کــورد[٢].

لــە ١٩٧٤/٤/٢٥ فڕۆکەکانــی ســوپای عێــراق شــاری هەڵەبجەیــان بۆمبــاران کــرد کــە زیاتــر لــە (١٤٠) هاووڵاتــی شــەهید و برینــدار بــوون[٣]. لــە ١٩٧٤/٤/٢٦ (٢) فڕۆکـەی هێـزی ئاسـمانی سـوپای عێـراق پـردی گەلاڵـەی بـە ناپاڵـم بۆمبارانکـرد، لـە ئەنجامــدا (٨٥)[٤] هاووڵاتــی کاســب و منــداڵ و ئافــرەت شــەهید و برینــدار بــوون، دوای ئـەوە شـارەدێی چوارتـا و پێنجوینـی بۆمبـاران کـرد و هـەر لـەو ماوەیـە شـاری زاخـۆی بۆمبارانکـرد، لـە مـاوەی مانگـی ١٩٧٤/٤ نزیکـەی (١٠٠٠) هـەزار هاووڵاتـی لـە ئەنجامــی بۆمبارانکردنــی ناوچەکانــی کوردســتان بوونــە قوربانــی.

دوای ئــەوە بــە هێــزی پیــادە و تانــك و زرێپــۆش، بەردەوامــی دا بــە هێرشــەکانی بــۆ ســەر شــارەکانی کوردســتان، ئامانجــی ســەرەکی لــەو هێرشــانە گرتنــی ناوچــەی باڵەکایەتــی بــوو لــە پارێــزگای هەولێــر کــە ناوچــەی ســەرکردایەتی شۆڕشــی ئەیلــوول بــوو.

بــۆ دەستبەســەرداگرتنی ناوچــەی باڵەکایەتــی (ســەرکردایەتی شۆڕشــی ئەیلــوول)، سـوپای عێـراق لـە دوو ڕێـگاوە ئـەو هەوڵـەی دەدا کـە بریتـی بـوو لـە:

١. ڕێگای هەولێر _ شەقڵاوە _ سۆران _ ناوچەی باڵەکایەتی، ڕێگای سەرەکییە.
٢. ڕێــگای ســلێمانیی _ دۆکان _ ڕانییــە _ دۆڵــی باڵەییــان_ ناوچــەی باڵەکایەتــی، ڕێــگای لاوەکییــە.

دوای بـەردەوام بۆمبارانکردنـی ناوچەکانـی کوردسـتان، سـوپای عێـراق دەسـتی کـرد

(١) مەحمــەد مــەلا قــادر، ســەربردە،کورتەیەك لــە بیرەوەرییــەکان، چاپــی یەکــەم ( هەولێــر _ دەزگای چـاپ و بڵاوکـراوەی ئـاراس _ ٢٠٠٩ )ل ١٠٥ .

(٢) ئـازاد بابـان، شـۆڕش یـان ئەیلـوول .... کامیـان مەزنـە ؟، گۆڤـاری پەیامـی ئەیلـوول، ژمـارە ٣، بەهــاری ٢٠٠٨، ل ٤٣.

(٣) شـکیب عقـراوی، سـنوات المحنـة فـی کردسـتان، الطبعـة الثانیـة، (اربیـل _ مطبعـة منـاره _ تموز ٢٠٠٧ )، ص ٣٧٧ .

(٤) ئیســماعیل گونــدەژۆری، شۆڕشــی ئەیلــوول لــە باڵەکایەتــی، چاپــی یەکــەم (هەولێــر _ چاپخانــەی ڕۆژهــەلات _ ٢٠١٨ ) ل ٩٦.

بــە جووڵــەی ســەربازی بــە هێــزی پیــادە و تانــك و زرێپــۆش، لــە ســەرەتا هەمــوو هەوڵەکانــی ســوپای عێــراق بــۆ ئــەو شــوێنانە بــوو کــە ســەربازگەی ســوپای عێراقــی لێیــە و گەمــارۆ درابــوون لەلایــەن هێــزی پێشــمەرگەوە، چونکــە پێــش دەســتپێکردنەوەی شــەڕ، هەندێــک ســەربازگەی ســوپای عێــراق هەبــوون و کەوتبوونــە قوڵایــی ناوچــە ئازادکراوەکانــی کوردســتان، دوای داگیرکردنــی هەندێــک لــە ڕێــگا ســەرەکییەکان، ســوپای عێــراق توانــی هەندێــک لــە گەمــارۆی ســەر ســەربازگەکان بشــکێنێت، بــەڵام هێشــتا لــە ژێــر تۆپەکانــی هێــزی پێشــمەرگە ڕزگارییــان نەبــوو.

# بەشی چوارەم
# پاشگەزبوونەوە و هەوڵە تیرۆرکارییەکانی حکوومەت

## تیرۆر چەکی دەستی دوژمن دژ بە سەرکردایەتی شۆڕش

بـە درێژایـی مێـژوو تیـرۆر هەوڵێـك بـووە، تـا لایەنـی بەرانبـەر بوەسـتێنێ لـەو ئامانجانــەی هەیەتــی، بــەڵام ئەگــەر شــۆڕش خــاوەن ئیرادەیەکــی بەهێــز بێــت، هەرگیــز تیــرۆر ناتوانێــت لاوازی بــکات و بیوەســتێنێت، شۆڕشــەکانی کوردیــش بــۆ گەیشــتن بــە ئامانجــی ڕەوای گەلەکەمــان وەکــو شۆڕشــانی تــری دونیــا بێبــەش نەبـووە لـەوەی کار و کـردەوەی تیـرۆری دەرهـەق بـە کەسـایەتیەکانی بکرێـت، جـا چ لـە ئاسـتی تیـرۆری کەسـی بێـت، یـان لـە ئاسـتی تیـرۆری ئەقڵـی دا، لـە شۆڕشـی ئەیلوولیــش چەندیــن کاری تیرۆرســتی بەرانبــەر کەســایەتیەکان کــرا، تــا دەگاتــە بڵندتریــن ئاســت، کــە هەوڵــی تیرۆرکردنــی مســتەفا بارزانــی و ئیدریــس بارزانــی و چەندیــن کەســایەتی دیکــە. ئەگــەر چــی هێشــتا شۆڕشــی ئەیلــوول هەڵنەگیرســابوو، کارهـی تیرۆرسـتی هـەر هەبـوو بەرانبـەر کەسـایەتیە کوردەکان، کاتێـک کـە مسـتەفا بارزانــی لــە مانگــی تشرینــی یەکەمــی ١٩٥٨، ســەردانی لەشــکری دووی ســوپای عێـراق دەکات لـە شـاری کەرکـووک، کـە چـاوی بـە گـەورە ئەفسـەرانی لەشـکری ناوبـراو دەکەوێـت، ئەفسـەرێکی تورکـمان بـە نـاوی هیدایـەت ئەرسـەلان[1] بۆمبێك دەخاتـە نـاو ئـەو هێلیکۆپتـەرەی کـە مسـتەفا بارزانـی تێدایـە تـا لـە کاتـی گەڕانـەوە بتەقێتــەوە، خۆشــبەختانە ئەفســەرێکی کــورد هەســتی بــەو کــردەوە کــرد و ســەرئەنجام پیلانەکـەی پووچـەڵ کـردەوە، ئەفسـەرە تورکمانەکـەش لـە ترسـان دڵـی دەوەسـتێت و دەمرێـت. زۆر جـار هەوڵـی تیرۆرکردنـی مسـتەفا بارزانـی بـە شـێوازی جۆراوجــۆر دراوە، بــەڵام ســەرکەوتوو نەبــوون.

(١) حامیـد گەوهــەری، مســتەفا بارزانــی پێشــمەرگە و ســەرۆك چاپــی یەکــەم (هەولێــر _ چاپخانــەی رۆژهــەڵات _ ٢٠١٧) ل ٢١١.

## هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی

دوای ئـەوەی لـە ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/١ لەسـەر ڕاسـپاردەی مسـتەفا بارزانـی، بـۆ هەندێـک کار و بەدواداچوونـی جێبەجێکردنـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار بـە تایبەتـی، بابەتـی ئـەو (١٢) بەتالیۆنـەی پاسـەوانی سـنوور[١]، ئیدریـس بارزانـی بـە یـاوەری محەمـەد عەزیـز قـادر دەچـن بـۆ بەغـدا، تـا چاویـان بـە بەرپرسـانی بـاڵای عێراقـی و وەزیـرە کوردەکانـی بەشـدار لـە حکوومەتـی عێراقـی بکەوێـت، دوای چەندیـن دیـدار و چاوپێکەوتـن لەگـەڵ سـەرکۆمار و جێگـری سـەرکۆمار، قـەدەری خـوای گـەورە وابـوو مەسـعود بارزانـی بەهـۆی بەڕێوبـەری پۆلیـس هەولێـر شـێخ ڕەزا گوڵانـی داوا دەکات کـە ئیدریـس بارزانـی بگەڕێتـەوە کوردسـتان، دوای ئـەوەی لەسـەر ئـەم داوایـەی گەڕانـەوەی بـۆ کوردسـتان نەیتوانـی کارەکانـی تـەواو بـکات، ئـەو کارانـەی کـە مـاون بـە محەمـەد عەزیـز قـادری دەسـپێرێت کـە لـە مـاوەی دوو ڕۆژ بـە تەواوبـوون، یـا نەبـوون بگەڕێتـەوە و بەغـدا جێبهێڵێـت و کاری حەمیـد بەرواریـیش تـەواو بـکات، هـەر ئـەو ڕۆژە ١٩٧٠/١٢/٦ ئیدریـس بارزانـی بەبـێ ئـەوەی کـەس پێـی بزانێـت، بـە تەکسـی دەگەڕێتـەوە بـۆ هەولێـر و هەمـان شـەو لـە بۆسـەیەك بـۆ تیرۆرکردنـی ئیدریـس بارزانـی کـە ئۆتۆمبێلەکـەی ناسرابـوو لـە چەنـد شـوێنك، لـە بۆسـەدا دەبـن لەسـەر ڕێـگای شـوێنی مانـەوەی لـە شـاری بەغـدا، سـەرئەنجام کاتژمێـر (١٠)ی شـەو ئۆتۆمبێلەکـەی ئیدریـس بارزانـی دەکەوێتـە بـەر دەسـتڕێژی گولـەی بۆسـەچیەکان و وا دەزانـن ئیدریـس بارزانییـە[٢]، لـە ئەنجـام حەمیـد بـەرواری زۆر بەسـەختی بریـنـدار دبێـت، بـەڵام محەمـەد عەزیـز و شـوفێرەکە سـەلامەت دەبـن، دوای ئـەوەی سـەرکۆماری عێـراق لـە ١٩٧٠/١٢/٨ شـاندێك کـە لـە سـەمیر نەجـم و فوئـاد عـارف[٣] پێکهاتبـوو دەنێرێـت بـۆ لای مستەفا بارزانـی، بەمەبەسـتی ئیدانەکردنـی ئـەو کارە تیرۆرسـتیە و بێئاگایـی حزبـی بەعـس و حکوومـەت لـەو کردەوەیـە، لەسـەر ئـەو کارە سـەدام حوسـێن وەك جێگـری سـەرکۆمار پەیـمان

(١) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی کـورد . شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگـی سـێیەم، بەشـی دووەم،چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە _ ٢٠٠٤) ل ٦٢.

(٢) فايـز الخفاجـي، الاغتيـالات السياسـية لكـورد العـراق (١٨٣٨-٢٠٠٣)، الطبعـة الاولى (بغـداد _ دار سـطور للنـشر و التوزيـع _ ٢٠١٩) ل ٩٧.

(٣) شـكيب عقـراوى، سـنوات المحنـة فـى كردسـتان، الطبعـة الثانيـة، (اربيـل _ مطبعـة منـاره _ تمـوز ٢٠٠٧ )، ص ٣١٠.

دەدات، کـە بـە ڕاسـتی بـە دوای ئـەو پرسـە بکەوێـت و سـزای ئـەو کەسـانە بـدات کـە ئـەو کارە قێزەونەیـان کـردووە، هــەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە سـەدام نامەیـەك بـۆ مسـتەفا بارزانـی دەنێرێـت کـە ئـەوەی خـوارەوە دەقـی نامەکەیـە[1]:

**برای ئازیزم باوکی ڕێزداری ئیدریس**

**سڵاوێکی برایانە ... هیوام وایە چاك بی.**

ڕێکـەوت هــەر وای دەوێــت لــە بـارەی گیروگرفتێکـەوە نەبێـت نامــەت بـۆ نەنووسـم. مـن هیـوام وایـە هـەوڵ و تەقەڵامـان هەمیشـە سـەرکەوتوو بێـت، بـۆ هەرچییـەك کـە چاکـەی گەلەکەمـان و بەتینکردنـی برایەتیمانـی تێـدا بێـت.

بـرام باوکـی ئیدریـس، ئۆتۆمبێلەکـەی ئیدریـس شـەوی دووشـەممە نێزیکـەی کاتژمێـر یـەك تووشـی دەسـتدرێژییەك بـوو بەتەقـە لێکردنـی. لـەو ڕووداوەدا حەمیـد بـەرواری پێـکا و ئەوانـی تـر ڕزگاریـان بـوو. ئـەی بـرا، مەبەسـت لـەم ڕووداوەدا ئیدریـس نەبـوو، هەرچەنـد ویسـتی خـودا ئـەوەی لادا کـە بـوو، مەبەسـت لـەم ڕووداوە پێوەنـدی ئێمـە و ئێـوە بـوو، مەبەسـت ئـەوە بـوو عێـراق سـەرلەنوێ بگەڕێتـەوە بـۆ خوێـن لەبەرچـوون و ڕۆڵەکانـی ئـەم گەلـە و سـەرکردە دڵسـۆزەکانی کـە بڕیاریـان دابـوو یەکێتیەکـەی وڵاتەکەیـان پتـەو بکـەن و لەسـەر بنەمایەکـی نەلەقیـو دایمەزرێنـن. لام وایـە ئـەو قسـەیەت لـە بیربـێ کـە ئـەو ڕۆژە پێـم وتـی کاتێـک بەیانەکەمـان واژوو کـرد بـەوەی پێویسـتە گەشـبین نەبیـن و ئیـتر لامـان وابـێ نارەحەتیـمان لەگـەڵ واژووکردنـی بەیانەکـەدا بڕایـەوە و پیاوخراپـە چڵکاوخۆرەکانـی نۆکـەری ئیمپریالیزمیـش بڕانـەوە. ئـەو ئیمپریالیزمـەی بـۆ یەکەمیـن جـار لـە ژیانیـدا لــە عێـراق بــەرەوڕووی کاری مەزنــی بەیانــی ئاشــتی، بەیانــی ١١ی ئــادار بــووەوە، بێگومـان هەناسـەی هاتووەتـەوە بەبـەردا و دەسـتی کـردووە بەنەخشەکێشـان بـۆ خراپکـردنی پێوەندیـی نێوانمـان و لەگـەڵ ئـەم وڵاتـە خۆڕاگـرە پاڵەوانـەدا. ڕووداوی لێدانـی ئۆتۆمبێلەکـە یەکەمیـن خراپـە نەبـووە لـە ئاسـت پێوەنـدی نێـوان ئێمـە و ئێـوە کـراوە و هەروەهـا دواخراپـەش نابێـت، بـەڵام بـە هیمەتـی ئێـوە و بـە هیمەتـی هەمـوو دڵسـۆزانی ئـەم وڵاتـە، ئێمـە لـە بەتینکردنـی برایەتیمانـدا هـەر بەرەوپێـش

(١) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد . شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگـی سـێیەم، بەشـی دووەم،چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە _ ٢٠٠٤) ل ٢٨٣.

دەچیـن و بـای شـەڕ و شـوومیش لەمەوپـاش ناتوانـێ زیانـی پـێ بگەینێـت. ئێمـە لەمەوپـاش لـە ڕێگـەی ئـەو لێکۆڵینەوەیـە کـە ڕاسـتەوخۆ چاودێـری و سەرپەرشـتی دەکەیـن، دەگەینـە ئـەو سـەرە داوانـە کـە لـە پشـت ئـەم ڕووداوە نامەردانەیـەوە خۆیـان حەشـار داوە. نۆکەرانیـش لەمـەولا دەبینـن کـەس نییـە لـە پێـش دەمـی سـزای مێـژوودا تکایـان بـۆ بـکات.

سڵاوم بۆ گشت برایان و هیوای سەرکەوتنم بۆتان

براتان

سەدام حوسێن

١٩٧٠/١٢/٧

## بڕیاری یه‌كلاییكردنه‌وه‌ی كێشه

دوای زیاتـر لـه سـاڵێك و شـه‌ش مانـگ ئینجـا دادگای شۆڕشـی به‌عـس، بڕیـاری به‌ســه‌ر چه‌نـد كه‌سـێك سـه‌پاند كـه لـه‌و كاره به‌شـدار بـوون، ئه‌مـه‌ی خـواره‌وه ناوه‌ڕۆكـی نـووسراوی ئاراسـته‌كراو بـۆ لێژنـه‌ی ئاشـتی نێـوان حكوومه‌تـی عێراقـی و شۆڕشـی ئه‌یلوولـه و بڕیـاری تۆمه‌تباركردنـی تاوانبـاران كـه دادگای شۆڕشـی به‌عـس ده‌ریكـردووه:

كۆماری عێراق

ژماره:ل.س /١٢٢١

ئه‌نجوومه‌نی سه‌ركردایه‌تی شۆڕش

مێژوو:١٩٧٢/٦/١٧

**زۆر نهێنی**

بۆ/ به‌ڕێز محه‌مه‌د مه‌حمود عه‌بدولڕه‌حمان / به‌ڕێز عه‌زیز شه‌ریف

بابه‌ت / یه‌كلایی كردنه‌وه‌ی كێشه

له‌سـه‌ر ئـه‌وه‌ی پێشـنیازتان كردبـوو لـه كۆبوونـه‌وه‌ی لێژنه‌یـه‌ك، وا بڕیـاری ئـه‌و حوكمه‌تـان بـۆ هاوپێـچ ده‌كه‌یـن كـه لـه مێـژووی ١٩٧٢/٤/٢٠، لـه ئه‌نجوومه‌نـی سـه‌ركردایه‌تی شۆڕشـه‌وه ده‌رچـووه، لـه بـاره‌ی كێشـه‌ی ده‌سـتدرێژی كردنه‌سـه‌ر ئۆتۆمبێله‌كـه‌ی ئیدریـس بارزانـی لـه به‌غـدا، بـۆ ئـاگاداری.

سكرتێری لێژنه‌ی ئاشتی

عوسمان محه‌مه‌د فایق

وێنه‌یه‌ك بۆ/ به‌ڕێزان ئه‌ندامانی لێژنه‌ی ئاشتی

**(ئه‌وه‌ی خواره‌وه بڕیاری تاوانباركردن و حوكمه‌كه‌یه)**

بڕیاری تاوانباركردن:

**١.** تاوانبارکردنی تۆمەتبار عاسف ئەحمەد زێباری بە گوێرەی مادده ٣٠/١٩٤ لە یاسای سزادان و دیاریکردنی سزاکەی بەپێی ئەوە.

٢. تاوانبارکردنی هەردوو تۆمەتبار محەمەد دێوانە و قەرتوس موسا بە گوێرەی مادده ٣٠/١٩٤ لە یاسای سزادان و دیاریکردنی سزاکەیان بە پاشملە (غیابی) بەپێی ئەوە.

٣. لەبەر ئەوەی نەسەلمێنرا کە هەردوو تۆمەتبار ئەحمەد لەتیف زێباری و عەبدولقەهار فارس تاوانەکەیان ئەنجام دابێت و ڕۆڵی ئەوان تەنیا دەستدرێژیکردن و نەخشەکێشان بووە، لەبەر ئەوە دادگا بڕیاری تاوانبارکردنی دان بە گوێرەی بڕگە(١) لە مادە (٥٦) لە یاسای سزادان و دیاریکردنی سزاکەیان بەپێی ئەو ماددەیە.

بڕیارەکە بەڕێککەوتنی هەموو ڕایەکان دەرچووە و بە ئاشکرا لە١٩٧٢/٤/٢٠ تێیگەیەنرا.

| | | |
|---|---|---|
| موقەددەمی یاسایی | عەقید | دادوەر |
| راغب فەخری | یونس مەعروف دووری | عەبدولکەریم ئیبراهیم نەجاڕ |
| ئەندام | ئەندام | سەرۆکی دادگای شۆڕش |

## بڕیاری حوکم

سەرۆکاییەتی دادگای شۆڕش

(بەغدا)

ژمارەی داوا:١٧٥٨/ج/١٩٧١

مێژوو:١٩٧٢/٤/٢٠

لە ١٩٧٢/٤/٢٠دا دادگای شۆڕش بە سەرۆکایەتی دادوەر عەبدولکەریم ئیبراهیم نەجاڕ و ئەندامیەتیی عەقید یونس مەعروف دووری و موقەددەمی یاسایی ڕاغب فەخری و بەناوی گەل ئەم بڕیارەی دەرکرد.

١. حوکمدانی عاسف زێباری بە بەندکردنی تا کۆتایی تەمەن (مؤبد)، بەمەرجێك ماوەی گیرانەکەی بۆ ئەژمار بکرێت بە گوێرەی مادده ٣٠/١٩٤

لـە یاسـای سـزادان.

٢. حوکمدانـی هـەردوو هەڵاتـوو محەمـەد دێوانـە و قەرتـوس موسـا بـە پاشـملە (غیابـی)، بـە بەندکردنـی تـا کۆتایـی تەمـەن (مؤبـد) بـە گوێـرەی مـادده ٣٠/١٩٤ لـە یاسـای سـزادان.

٣. حوکمدانـی هـەر یـەك لـە ئەحمـەد لەتیـف زێبـاری و عەبدولقەهـار فـارس بـە بەندکـردن بـۆ مـاوەی حـەوت سـاڵ، بەمەرجێـك مـاوەی گیرانەکەیـان بـۆ ئەژمـار بکرێـت ئەمـەش بـە گوێـرەی بڕگە(١)لـە مـادده ٥٦ لـە یاسـای سـزادان.

٤. دەسـت بەسـەرداگرتنی چـەك و فیشـەك و قەوانـە بەتاڵـەکان و ناردنیـان بـۆ بەڕێوەبەرایەتیی(عینـة) بەپێـی ڕێـکارەکان.

٥. وا دادەندرێـت تاوانەکانیـان بـە کەتنێکـی ئاسـایی زیـان بەشـەرەف نەگەیێنـێ، بەپێـی ئەحکامـی یاسـایی ئیعتیبـار بـۆ گەڕانـەوەی ژمـارە ٣ی سـاڵی ١٩٦٧ هەموارکـراو.

بڕیارەکـە بەڕێککەوتنـی هەمـوو ڕاکان دەرچـووە و بـە ئاشـکرا لـە١٩٧٢/٤/٢٠ تێیگەیەنـرا.

| | | |
|---|---|---|
| موقەدەمی یاسایی | عەقید | دادوەر |
| ڕاغب فەخری | یونس مەعروف دووری | عەبدولکەریم ئیبراهیم نەجار |
| ئەندام | ئەندام | سەرۆکی دادگای شۆڕش |

الجمهورية العراقية
مجلس
قيادة الثورة
لجنة السلام

العدد : ل . س. ٠/١٢٢١
التاريخ : ١٩٧٢/٦/١٧

<u>سري للغاية</u>

الى : -
السيد محمد محمود عبد الرحمن / السيد عزيز شريف
الموضوع : <u>حسم قضية</u>

بناء على ماطرحتموه في اجتماع هذه اللجنة ...
نرفق طيا قرار الحكم الصادر من محكمة الثورة بتاريخ ١٩٧٢/٤/٢٠ في قضية الاعتداء على سيارة ادريس البارزاني ببغداد للاطلاع .

نسخة منه الى : -
السادة اعضاء لجنة السلام

سكرتير لجنة السلام
عثمان محمد فائق

قرار الادانة بعد المقدمة ...
١- ادانة المتهم عاصف احمد الزيباري وفق المادة ٣٠/١٢٤ من ق . ع وتحديد عقوبته بمقتضاها .
٢- ادانة المتهمين الهاربين محمد ديوانه وفرطوس موسى وفق المادة ٣٠/١٩٤ من ق .ع وتحديد عقوبتهما غيابيا بمقتضاها .
٣- ولعدم ثبوت أشتراك المتهمين لطيف احمد الزيباري وعبد القهار فارس بارتكاب الجريمة بل ان دورهما كان هو الاعداد والتخطيط لها لذا قررت المحكمة ادانتهما وفق الفقرة : من المادة ٥٦ من ق . ع وتحديد عقوبتهما بمقتضاها .
قرار صدر باتفاق الاراء وافهم علنا في . ١٩٧٢/٤/٢٠ .

| المقدم الحقوقي | العقيد | الحاكم |
|---|---|---|
| راغب فخري | يونس معروف الدوري | عبدالكريم ابراهيم النجار |
| عضو | عضو | رئيس محكمة الثورة |

طبق الاصل
مجلس قيادة الثورة
لجنة السلام

رئاسة محكمة الثورة
بغداد
عدد الدعوى : ١٧٥٨/ج/١٩٧١
التاريخ : ١٩٧٢/٤/٢٠

<u>قرار الحكم</u>

تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ١٩٧٢/٤/٢٠ برئاسة الحاكم السيد عبدالكريم ابراهيم النجار وعضوية العقيد يونس معروف الدوري والمقدم الحقوقي راغب فخري واصدرت باسم الشعب القرار الاتي : -

١ - الحكم على عاصف الزيباري بالسجن المؤبد على ان تحسب له مموقوفيته وفق المادة ٣٠/١٩٤ من ق . ع .
٢ - الحكم على الهاربين محمد ديوانه وفرطوس موسى غيابيا بالسجن المؤبد وفق المادة ٣٠/١٩٤ من ق . ع .
٣ - الحكم على كل من عبد القهار فارس الزيباري ولطيف احمد الزيباري بالسجن لمدة سبع سنوات على ان تحسب لهم موقوفيتهم وذلكوفق الفقرة ١ من المادة ٥٦من ق.ع
٤ - مصادرة الاسلحة والاعتدة والظروف الفارغة وارسالها الى مديرية العينة وفق الاصول .
٥ - اعتبار جريمتهم جناية عادية غير مخلة بالشرف حسب احكام قانون ردالاعتبار المرقم ٣ لسنة ١٩٦٧ المعدل .
قرار صدر باتفاق الاراء وافهم علنا في ١٩٧٢/٤/٢٠ .

| المقدم الحقوقي | العقيد | الحاكم |
|---|---|---|
| راغب فخري | يونس معروف الدوري | عبد الكريم ابراهيم النجار |
| عضو | عضو | رئيس محكمة الثورة |

طبق الاصل
مجلس قيادة الثورة
لجنة السلام

## گۆڕینەوەی نامە لە نێوان مەلا مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی عێراق

**نامەی مستەفا بارزانی بۆ سەرکۆماری عێراق**

برای ئازیز سەدام حوسێنی بەڕێز، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

السلام علیکم و رحمه الله و برکاته

چەند زانیارییەکمان لەچەند سەرچاوەیەکەوە بۆ هاتووە، وا دەگەیەنن کە هەندێک برایان لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، دڵیان بەو هەڵوێست و گیروگرفتانە ناکرێتەوە کە برامان محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان دەیانخاتە ڕوو لە بارەی کێشەی کورد و بەیاننامەی ١١ی ئادارەوە، هەندێك پروپاگەندە و قسە و قسەڵۆکمان بیستووەتەوە کە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی ناکەن و زیان بەناو و ناوبانگی حزبی ئێمە و ئەو پێوەندییانە دەگەیەنن کە لە نێوانماندا هەن لەم ڕووەوە.

هەر لە دیداری یەکەمەوە، پێویستیی بەکارهێنانی ڕاشکاویتان بەباش زانی وەك هۆیەك بۆ تێگەیشتنی ئەو گیروگرفتانەی ڕێگە بە بەیاننامەی ئادار دەگرن و هەر لەم دەروازەیەشەوە دەمانەوێ ئەوە بەیان بکەین کە برامان محەمەد مەحمود بەتەواوەتی نوێنەرایەتیی دیدوبۆچوونی ئێمە دەکات و بەئەمانەت و دڵسۆزییەوە تەعبیر لەو ڕا و پێشنیازانە دەکات کە ئێمە بۆی دەنێرین، ئەمە ڕێگەی ڕاستە کە دەبێ بگیرێتەبەر و پێیدا بڕۆین و لە ڕێگەی ئەوەشەوە ئەو پێوەندییە بەهێز کەین کە لە نێوان هەردوو حزبەکەماندایە و ڕایەڵی پێوەندیی برایانەی، نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کورد قووڵ کەینەوە، ئەوەیش کە دەیخاتە ڕوو لە خۆیەوە نایهێنێ وەك هەندێك وا دەزانن، لەبەر ئەوە هیوام وایە لەو ڕاستییە بگەن و بەبرایانی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی ڕابگەیەنن، ئێمە وای دادەنێین کە بەردەوامبوونی لە بەرپرسارییەتییەکانی ئێستای خزمەتی بەرژەوەندی گشتی دەکات و ئەو جێی متمانە و باوەڕە لە لایەن ئێمە و برایەکانی ترمانەوە و ئەگەر وا نەبووایە، ئێمە بڕوامان وایە، ئەو وای بەباشتر دەزانی کە لێرە لای ئێمە کار بکات ئەگەر خوازیاری و ئارەزوو بدەینە دەست خۆی.

هیوامان وایە کە ئەم بابەتە جێی بایەخدانی ئێوە و براکانی ترتان بێت

و ئـەو بارودۆخـەش هەڵبسـەنگێنن کـە ناوچەکـەی ئێمـەی پێـدا تێپەڕبـووە، ئـەو بارگرانـی و ئاسـتەنگانەش ئێمـە ڕووبەڕوویـان دەبینـەوە و ناچاربووغـان لەسـەر گەورەتریـن ئاسـت کـە ئـەو پـەڕی ئـەرك بەکاربێنیـن بـۆ چارەسـەری ئـەم بارودۆخـە و لـە بـەر ڕۆشـنایی ئـەو ڕاسـتییانەدا لـە هەڵوێسـتی جەماعەتـی ئێمـە بگـەن.

لە کۆتاییدا ئەو پەڕی ڕێزمان قبووڵ بفەرموون.

براتان

مستەفا بارزانی

١٩٧١ / ٢ / ٥

**نامەی سەدام حوسێن بۆ مستەفا بارزانی**

**برای ئازیز باوکی ڕێزداری ئیدریس**

**سڵاوێکی برایانە ... هیوام وایە لە خۆشیدا بن**

نامەکـەی ئـەم دواییەتـان... ئێمـە ئـەو نیازانەمـان لـە بـارەی برامـان محەمـەد مەحمـودەوە نییـە کـە باسـتان کـردووە. هێشـتا هـەر جەخـت لەسـەر دوو کاری بنەڕەتـی دەکەمـەوە:

یەکەم ، ڕاشکاوی و ڕاشکاویی زیاتر و نیازچاکی.

دووەم، گـەورەی خێـزان لـە عـەرەب و کـورد دوور بێـت لـە هەڵـە، بـۆ ئـەوەی ڕۆڵـی چاکـەکار لـە نێـوان هـەر یەکێـك لـە تاکەکانـی خێزانەکەیـدا ببینـێ، چونکـە گـەر کەوتـە نـاو هەڵـەوە، ئەمـە وای لـێ دەکات، نەتوانێـت دەوری چاکـەکار و دادوەر ببینێـت.

ئـەی بـرای ئازیـز، بـڕوام وایـە، بگـرە بەدڵنیاییـەوە دەڵێـم، ئـەوەی زیاتـر ئیمپریالیـزم و نۆکەرەکانـی پەسـتکرد یەکێتیـی نیشـتمانیی گەلەکەمـان بـوو لـە دوای بەیاننامـەی ١١ی ئـادار و ئـەوەی زیاتریـش قەڵسـی دەکات، بوونـی ئـەو نیازچاکییەیـە لامـان، بـۆ هەنـگاو هەڵگرتـن بـۆ پتەوکردنـی یەکێتیـی نیشـتمانی و بـەرەی ناوخۆیـە بەشـێوەیەك کـە توانـای ڕووبەڕووبوونـەوەی ئیمپریالیزمـی هەبـێ لـە پێگـەی بەهێزتـر. ئـەو هەنـدە تێبینییانـەی هەندێـک بـرا لـە بـارەی محەمـەد مەحمـودی

برامانــەوە، یــان کەســێکی تــر جگــە لــەو تۆمــاری دەکــەن، ئــەوا هەندێــک لــە ڕەخنــە لــە شــێواز گرتــن و شــێوەی خســتنە ڕووەوە ســەر هەڵــدەدەن، چونکــە گرنــگ نییــە ئێمــە ڕەفتــار بــەوە بکەیــن کــە دەمانەوێــت، بگــرە گرنــگ ئەوەیــە ئــەو ناوەنــدەش کــە کار لــە ڕێگەیــەوە دەکــەی،ن قەناعــەت بــەوە بــکات کــە ئێمــە دەمانــەوێ، جــا لێــرەدا کــە شــێواز و ڕۆڵــی بنچینەیــی لــە یەکخســتنی قەناعەتەکانــدا دەگێڕێــت و هــەر ئەمەشــە دەبێــت هــەر هەموومــان لــە پێوەنــدی و یەکگرتنەکەمانــدا ســوور بیــن لــە ســەری.

مــن لــە ڕۆژنامــەی (التاخــی) و شــێوازی لــە چارەســەرکردنی کاروبــار کــە زۆرجــار وای دەردەخــات، هــەروەك ئــەوەی حیســابێکیش بــۆ دواڕۆژ بــکات لــە کۆکردنــەوەی ئۆپۆزسیۆن، یــان چارەســەرکردنی کێشــەی تــر، ڕازی نیــم و ئەمــەش ســوود بــەو کێشــە هاوبەشــە ناگەیەنێــت کــە کاری لــە پێنــاودا دەکەیــن.

لــەم ڕۆژانــەی دواییــدا قســە و قســەڵۆك و پڕوپاگەنــدە لــە بــارەی نیازەکانــەوە زۆر بــووە و مــن بەگیانــی بەرپرســایەتی و برایەتــی و بــڕوای بــاڵاوە ئــەوە دووپــات دەکەمــەوە، ئــەوەی ئێــوە دەیبیســتن لــە خــەون و خەیاڵــی قیــن لــە ســك و خــۆ دانووســێن و ئیمپریالیــزم بــەولاوە چیــتر نییــە و، بەپێــی داگرتنــەوە جەخــت دەکــەم کــە ئــەو خەونانــە ڕێگەیــەك بــۆ وەدیهاتــن نادۆزنــەوە، چونکــە نیــاز و بڕیارەکانمــان بەتــەواوی بەپێچەوانــەی ئەوەیــە.

هەڵوێســتی ئــەم دواییــەی برایــان لــە بــارەی یەکێتــی و ســەندیکاکانەوە، ئــەوەی کــە ئەگــەر خــوا ڕێــی نێــوان ئێمــە و جێبەجێکــردنی بگرتبایــە بــەر باشــتر بــوو، زۆر تونــد بــوو بەجۆرێــك ناکــرێ خزمەتــی کێشــەی هاوبــەش بــکات، بــە هەرحــاڵ هەڵوێســتی وشــك بــوون و ئێمــە بــەو هیوایــە بوویــن، تــۆ قورســایی خــۆت بخســتایەتە ســەر، تــا وای بکردایــە چارەســەرکردنەکان نەرمــتر بوونایــە، بــێ ئــەوەی ئەمــە وا بگەیەنێــت، گوایــا ئێمــە داوا لــە تــۆ و لــە برایــان بکەیــن، واز لــەو مافــە نەتەوایەتییانــە بێنــن کــە بەیاننامــەی ١١ی ئــادار لەخــۆی گرتــووە، چونکــە بەپێــی دیدوبۆچوونــی ئێمــە، بیرکردنــەوە لــەوە نــەك هــەر هەڵەیــە، بگــرە بەخیانــەت دادەنرێــت لــە ئاواتەکانــی گەلــی عێــراق و بەرژەوەندییەکانــی بەگشــتی.

زۆر ئــارەزوو دەکــەم ســەردانێکی ئێــوە و ناوچەکــە بکــەم، بــەڵام بــارودۆخ، وەکــو خــۆت دەیزانــی، وا لــە هەموومــان دەخوازێــت زیاتــر کار بکەیــن و بەپەرۆشــەوە بیــن بــۆ ئــەوەی بــە یەکجارەکــی عێــراق بخەینــە ســەر ڕێگــەی ئارامــی و خۆڕاگــری، لــە خــوا

دەپارێمەوە دەستی ئەو خێرخوازانە بگرێ کە گەلەکەی خۆیان خۆش ویستووە و لە پێناویدا چاکە و خێریان کردووە.

سڵاوم بۆ ئیدریس و مەسعود و دکتۆر مەحمود و براکانی تر و هەر بژین.

برات

سەدام حوسێن

٢ / ٣ / ١٩٧١

**وەڵامی مستەفا بارزانی بۆ نامەکەی سەدام حوسێن**

سیادەتی برای ئازیز سەدام حوسێنی بەڕێز

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

دوای سڵاو ڕێز

لە تەندروستیتان دەپرسم و ئومێدی بەردەوامیی تەندروستی و پێشکەوتنتان بۆ دەخوازم و لە سایەی خواوە ئێمە باشین. بەدڵخۆشییەوە نامەکەی ٢ / ٣ / ١٩٧١ تانم وەرگرت و بەبایەخەوە ئاگاداریی هەموو ئەوە بووم کە تێیدا هاتبوو و شێوازە برایانە ڕاشکاوییەکەتان دەنرخێنم و ئەوە بەباشترین ڕێگە دادەنێین، بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی وڵاتەکەمان و بۆ پیادەکردنی ئەو پرەنسیپە، ئێمە براکانمان ڕادەسپێرین کە هەمیشە لە هەموو بوارێکەوە پابەندی بن، تا بۆمان بکرێت دەستنیشانی کەموکوڕی و گیروگرفتەکان بەو ڕاستییەی خۆیان بکەین و بەمەش دەکرێ لە کاروبارەکان بگەین و لە ڕێگەی ئەوەشەوە دەکرێ چارەسەری لەبار بدۆزرێتەوە و جەخت لە سەر نیازچاکی بۆ خزمەتی ئەم وڵاتە بکرێتەوە.

برای ئازیز، هەموومان دەزانین چۆن بەیاننامەی ١١ی ئادار واژوو کرا و سەرەڕای تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان هەردوو حزبەکەمان لە بارەیەوە، بەڵام دەوری سەرەکیی ئێوە و کارکردنی جیدیانە و دڵسۆزیتان لە پێشەوەی هەموو ئەو کارانە بوون، کە ئەو دەسکەوتە مەزنەی بۆ هەردوو حزبمان و سەرتاپای گەلی عێراق وەدیهێنا و بەئەرکی خۆشمانی دەزانین، کە بۆ هەموو ئەوانە بەئەمەك بین و سەر لەنوێ وەستانمان شانبەشانی ئێوە و هەموو ئەو دڵسۆزانەی کاریان

کــردووە و بەدڵســۆزیش لــە پێنــاوی چەســپاندن و قووڵکردنــەوەی بەیاننامەکــە کار دەکــەن، دووپــات دەکەینــەوە و بەئاشــکرا و ڕاشــکاوی دەڵێیــن ئێمــە جیــدی بووینایــە لــە ڕۆیشــتن بەهەمــان ڕێگــە کــە ڕاســتەوخۆ دوای واژووکردنــی بەیاننامەکــە بــۆ ماوەیەکــی کــورت پێیــدا ڕۆیشــتین، پێویســتمان بــەوە نەدەبــوو گلەیــی و گازانــدە لــە یــەك بکەیــن لــە ئەنجامــی هەندێــك هەڵوێســت، بەرانبــەر هەندێــك کێشــە کــە لــەم دواییــەدا لەســەر شــانۆ دەرکەوتــن، بــەڵام ئێمــە هەســت بــەوە دەکەیــن کــە کەســانی ڕێگەگــر ئەوانــەی دەســکەوتیان لــە بەیاننامەکــەدا نییــە، تەنگــژە دروســت دەکــەن و کۆســپ دەخەنەبــەر ڕێــڕەوی گەلــی عێــراق، لــە گەلێــك ناوچــەدا و لــەو ڕێگەیەشــەوە شــەڕی حزبــی بەعســی سۆشیالیســتی عــەرەب و پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و یەکێتیــی نیشــتمانی دەکــەن و، بەمــەش ئەوانــە باشــترین خزمەتــی دوژمنانــی گەلەکەمــان دەکــەن.

بــرای ئازیــز... ناڵێــم ئێمــە لــە هەڵەکــردن پارێزراویــن، بــەڵام دەوری یەکلاکــەرەوە بەدەســتی بەرپرســە دڵســۆزەکانە و ئەوانــە لــە تواناياندايــە باشــترين داڕشــتن و شــێوە بدۆزنــەوە بــۆ گەیشــتن بەئامانجــی هاوبــەش و هەمووشــمان ئامادەبیــن پشــتگیری ئــەو جــۆرە هەڵوێســتانە بکەیــن کــە خزمەتــی هەمــووان دەکــەن. تێبینییەکانــی ئێوەمــان لەســەر (التاخــی) بەڕەچاوکردنــەوە وەرگــرت و بەبرایانمــان ڕاگەیانــد کــە چاودێــری لەســەر ئــەو شــتانەی لــە ڕۆژنامەکــەدا بڵاودەکرێنــەوە تونــد بکــەن.

ئــارەزووم لــە بەیەکگەیشــتن لەگەڵتانــدا لــە ئارەزووکردنــی ئێــوە کەمــتر نییــە، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا تەقدیــری بارودۆخــی ئێــوە دەکــەم و هــەر بەپشــتیوانێکی پتــەوی چەســپاوی ئێــوە و هەمــوو ئەوانــە دەمێنینــەوە، کــە ئامانجیــان خێــر و ئارامیــی ئــەم وڵاتــە و بەختیاریــی گەلــی عێراقــی ئازیزمانــە و داوا لــە خــوای گــەورە دەکەیــن دەســتمان بگرێــت بــۆ وەدیهێنانــی ئاواتــە هاوبەشــەکانمان و هــەر بەســەرکەوتوویی بمێنــن.

براتان

مستەفا بارزانی

٧ / ٣ / ١٩٧١

## نامەیەك لە مستەفا بارزانییەوە بۆ سەرکۆماری عێراق

سیادەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

برامان موهیب ئەحمەد حەسەن بەکر

السلام علیکم و رحمة الله و برکاته

بەسوپاس و ڕێزەوە، نامە برایانەکەتانم وەرگرت کە مورتەزا حەدیسیی برا هێنابووی و تێبینییەکانی ئێوە و برایانی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەڕێزی تێدا بوو لە بارەی نامەکەی پێشووم لە ١٧ / ٣ / ١٩٧١. جا پێش ئەوەی بچینە نێو ئەو وردەکارییانەی لەم نامەیەدا باسیان دەکەین، بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەهەندێک بنەمای بنچینەیی و ڕاستیی مێژوویی بکەین، کە دەیانکەین بەڕێبەر لەو هەوڵ و تەقەلایانەماندا کە دەیانەوێت قەلای پێوەندییەکی برایانە لە نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد لە عێراق و نێوان هەردوو حزبی هاوپەیمانمان و نێوان هەموو ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە هەموو لایەکی کۆماری عێراق بنیات بنێن.

ئێمە، سیادەتی سەرۆك، لە دروستکردنی پێوەندییەکانمان لەگەڵ حکوومەتی نیشتمانیدا و هەموو حکوومەتە عێراقییەکانی پێشوو لەوەوە سەرچاوە دەگرین، کە ئێمە و ئێوە سەر بەدوو میللەتین لەم ناوچەیەدا لە کۆنەوە بووین بە برا و مێژوو ڕایەڵی پێوەندیی برایانە و خەباتی زۆری لە نێوانیاندا توندوتۆڵ کردووە، ئێمە هەمیشە ئەرکی کارکردن لە پێناوی پشتگیری و بەهێزکردنی ئەو پێوەندییە مێژووییە پتەوەمان لەسەرە، ئەمە لەسەر ئاستی نەتەوەیی، خۆ لەسەر ئاستی نیشتمانیش لە عێراق، ئەوا حزبی ئێمە، هەر لە دامەزراندنیەوە، دروشمی پێکهێنانی یەکێتی نیشتمانی لە هەموو لایەکی عێراق لەسەر بناخەی یەکگرتنی خۆویستانە و یەکسانی نێوان هەردوو نەتەوەیی عەرەب و کورد و ڕۆڵەکانی گەلی عێراق بەشێوەیەکی گشتی و دانانان بەماف و ئەرکی یەکتر و بەیەکەوە تێکۆشانی بەرزکردووەتەوە، لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی عێراقمان بەعەرەب و کورد و کەمایەتییەکانییەوە. سالانی شەڕی پڕ لە داخ کە لە نێوان ئێمە و حکوومەتە عێراقییە یەك لە دوای یەکەکاندا ڕوویدا بۆ ماوەی نزیکەی دە ساڵ، هۆیەکەی دەسەلات سەپاندن و زۆرداریی ئەو حکوومەتانە بوو لەمەوپێش و حەزکردنیان بەتێکدانی ئەو هاوسەنگی و بەهایانە بوو کە

لەسـەرەوە بـاس کـراون.

بەیاننامـەی ١١ی ئاداری مێژوویـی بـۆ ئـەوە هـات، تـا سـنوورێك بـۆ ئـەو گاڵتـە و یاریکردنـە بـە بەرژەوەندیـی گـەل و نیشـتمان دابنێـت و لـە کاتـی خۆیشـیدا هەمـوو قەناعەتیـان بـەوە هێنـا و هـەر هەمووشـمان لەسـەر ئـەو قەناعەتـە تـەواوە و بـڕوا ڕەهایـە دەمێنینـەوە کـە هـەر جێبەجێکردنـی بەیاننامـەی ئـادار بـەدەق و ناوەڕۆکـەوە ئـەو ڕێگـە ڕاسـتەیە کـە دەبـێ بـە حکوومـەت و گەلـەوە، بەعـەرەب و کـوردەوە، لەگـەڵ هەمـوو حزبـەکان و هێـزە چاکەخـوازەکان لـە وڵاتـدا پێیـدا بڕۆیـن، چونکـە هـەر ئـەو تاکـە ڕێگەیـە بتوانێـت ئارامـی و ئاسـایش و گەشـانەوە لـە نـاوەوە بـۆ گەلەکەمـان وەدی بێنێـت و پێویسـتییەکانی هێـز و خەباتیـش بـۆ وڵاتەکەمـان سـاز بـکات، بـۆ ئـەوەی دەوری کارای خـۆی لەسـەر هـەردوو ئاسـتی عەرەبـی و نێودەوڵەتـی بگێڕێـت.

ئـەم ڕاسـتییانە وامـان بەسـەردا دەسـەپێنن کـە لـە ئاسـتی ئـەو ئەرکـە مێژوویـی و نیشـتمانی و مرۆییـە قورسـانەدا بیـن، کـە کەوتوونەتـە سەرشـانمان، کاتێـك بەرەنـگاری چارەسـەرکردنی هەندێـك لـەو کەموکـوڕی و کارە نەرێنیانـە دەبینـەوە کـە بەشـێوەیەکی هاوبـەش بەدەسـتیانەوە دەناڵێنیـن. تۆمەتبارکردنـی یەکـتر بـە نامـە و بەیـان نەکردنـی ئـەو ڕێگایانـەی دەکرێـت بەپێـی ئەوانـەوە ڕێگـە چـارەی ڕاسـت و دروسـت بـۆ کێشـە خـراوەڕووەکان بدۆزرێتـەوە و پەنابردنەبـەر بـە ئاردکردنـی شـانی لایەنێـك دوور لـە لایەکـەی تـر و هەندێـك جاریـش بارکردنـی شـتەکان زیاتـر لـەوەی کـە واقیـع و ڕاسـتی هەڵیـان دەگـرن، خوانەخواسـتە بـەرەو ڕێگەیەکـی داخراومـان دەبـەن، کـە ناکرێـت دڵسـۆزانی گـەل، پێـی ڕازی بـن و لـە پێـش هەمووشـیانەوە سـیادەتتان. خواسـتی ئێمـە لـە پێشـاندانی ئـەو گیروگرفتانـەی بڕوامـان وایـە هـەن، دەبێـت کارکردنـی جیدییانـەی هاوبـەش بێـت، بـۆ لـە نێوبـردن و پاکتاوکردنیـان و دانانـی بناخـەی کـرداری بـۆ ئەمـە، لەپێنـاوح٠ج وەدیهێنانـی یەکبوونـی زیاتـر لـە نێـوان ڕۆڵەکانـی گەلەکەمـان و بەهێزکردنـی ئـەو هاوپەیمانییـەی لـە نێـوان هـەردوو حزبەکەمانـدا هەیـە و چەسـپاندنی بناخـەی برایانـە و یەکێتیـی نیشـتمانیی گـەل لـە عێراقـی خۆشەویسـتماندا.

سـیادەتی سـەرۆك، لـە نێـو نامەکەتانـدا کـە وەڵام بـوو، هەندێـك کێشـە هاتبـوون ئێمـە بەلایەنێکـی زۆر گرنـگ و مەترسـیداریان دادەنێیـن و لـە بەرانبەریانـدا خۆمـان بەناچـار دەزانیـن کـە دیدوبۆچوونـی خۆمـان لـە بارەیانـەوە بەیـان بکەیـن، وەك کارکـردن بـۆ مافـی ڕەوای بەرگـری لەخۆکـردن و بـۆ ئـەوەی لـەم ڕێگەیـەوە و لەسـەر

بنچینـەی برایەتـی و ئـەو زەحمـەت و ئاسـتەنگانە دەستنیشـان بکەیـن کـە هەمـوو بەدەسـتیانەوە دەناڵێنیـن و بـەوردی دیاریـان بکەیـن و لەسـەر بەرنامـەی کارێـک ڕێکبکەویـن، بـۆ زاڵبـوون بەسـەریاندا، لەپێنـاو وەدیهێنانـی هاندەرێکـی زیاتـر کـە لـە توانـادا بێـت سـەبارەت بـەو پێوەندییـە چاکانـەی هیوامـان پێیانـە، کار لـە پێنـاوی بەهێـز و بەرفراوانکـردن و پێکهێنانیانـدا بکەیـن لەسـەر بنچینـەی ڕاسـت و دروسـت و پتـەوی بـڕوا بەیەکـتر کـردن و تێگەیشـتنی هاوبەشـی کاروبـارەکان، هـەر بـەم بۆنەیەشـەوە دەمـەوێ ئامـاژە بـەوە بکـەم کـە ئـەو خاڵانـەی لـە نامەکـەی پێشـوومدا هاتبـوون و لـە کاتـی خۆیـدا بـۆ پایەبڵندتـان بەرزکرابـووەوە، لای مـن زۆر ڕوون و ئاشـکرا بـوون، چونکـە ئـەو خاڵانـە جێـی بـاس و تاوتوێکردنـی شەخسـی بـوون لـە نێـوان مـن و نێـوان ئـەو بـرا بەرپرسانەی زیاتـر لـە جارێك لـە ناوچـەی گەڵاڵـە چـاوم پێیـان کەوتـووە، ئەمـە وێـڕای ئـەو زانیارییانـەی لـە برایـان ئەندامانـی لێژنـەی ئاشـتی پێـم دەگـەن و لـە ڕێگـەی ئـەو خولـە دیدارانـەی لـە نێـوان نوێنەرانـی هـەردوو حزبـی دۆسـت لـە بەغـدا ڕوو دەدەن، سـەرەڕای ئـەو بەڵگـە و گەواهییـە هەسـتپێکراوانەی لـە ڕەوتـی ئـەو ڕووداوانـەی نـاو بەنـاو دەردەکـەون، تێبینییـان دەکەیـن.

سـیادەتی بـرای بەڕێـز، لـەم نامەیـەدا تێبینییەکانـم لـە چـوار بـەش دەخەمـەڕوو: بەشـی یەکـەم، پێوەندیـی بـەو کاروبارانـەوە هەیـە کـە لـە نامەکـەی پێشـووماندا هاتبـوون، کـە ئێـوە بەیانکردنـی ڕوونکردنەوەکانـی خۆتـان بەشـەش خـاڵ لـە لاپـەڕەی یەکـەم و دووەم و سـێیەم لـە نامەکەتانـدا فەرمـوو بـوو. بەشـی دووەم، لـە بـارەی ئـەو چـوار خاڵەوەیـە کـە ئێـوە لـە لاپـەڕەی چوارەمـدا هێناوتانـە و بـە ڕێگرتـان داناون بـۆ پیادەکردنـی ئـەو بەندانـەی بەیاننامـەی ١١ی ئـادار کـە مـاون و داوای هاوکاریتـان کـردووە بـۆ لابردنیـان. بەشـی سـێیەم، تایبەتـە بـەو چـواردە خاڵـەی لـە هـەردوو لاپـەڕەی پێنجـەم و شەشـەم لـە نامەکـەدا باسـتان کـردوون. بەشـی چوارەمیـش، پێشـنیازن کـە بەرزیـان دەکەینـەوە بـۆ ئێـوەی پایەبڵنـد و بـۆ برایـان ئەندامانـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش وەك بەرنامەیەکـی کار بـۆ داهاتـوو.

**بەشی یەکەم:**

١. سـیادەتی سـەرۆك ئێمـە لەگـەڵ ئێـوەدا کۆکیـن کـە لـە کاتـی خۆیـدا بـە پێشـنیازەکەی ئێـوە ڕازی بوویـن، بەدواخسـتنی سـەرژمێری لـە بەرئـەوەی قەناعەتـی هاوبەشـمان هەبـوو، کـەوا پێویسـتە ئـەو کاروبارانـە دواخەیـن کـە دەبنـە هـۆی

دەرکەوتنــی کەشــوهەوای نەرێنــی و بەمەبەســتی ڕەخســاندنی بــواری زیاتــر، بــۆ نەهێشــتنی ئاســتەنگەکان و وەدیهێنانــی پێشــکەوتنی زیاتــر لــە زۆر بوارەکانــی تــردا.

هەروەهــا لــە کاتــی خۆیشــیدا تێبینــی بوونــی جــۆرە کێبڕکێیەکــمان کــرد لــە نێــوان ڕێکخراوەکانــی هــەردوو حزبمــان، لــەو ناوچانــەی ناکۆکیــن لەســەر ئــەوەی کــە ناوچــەی کوردیــن، یــان کــوردی نیــن و هەروەهــا ئەوەشــمان ڕوونکــردەوە کــە چڕکردنــەوەی بەرپرســیاریەتی کارگێــڕی لــەو ناوچانــەدا و ســپاردنی تەنیــا بەبرایانمــان ئەندامانــی حزبــی بەعــس، دەبێتــە هــۆی توندبوونــی ئــەو کێبڕکێیــە لەگــەڵ ئــەوەی گیروگرفتــی تــری بــەدوادا دێــت کــە هێشــتا هەموومــان بەدەســتیانەوە دەناڵێنیــن و هــەر لەبــەر ئــەو هۆیــەش پێشــنیازی دابەشــکردنی ناوەنــدی دەســەڵات و بەرپرســایەتیمان کــرد لــەو ناوچانــەی ناویــان هــات، بەجۆرێــك بەشــێوەیەکی خەملاندنیــش بێــت، واقیعــی دانیشــتووان و نەتەوەیــی ئــەو ناوچانــەی تێــدا ڕەنگبداتــەوە، بــۆ ســنووردانانێك بــۆ توندیــی ئــەو کێبڕکــێ و دروســتکردنی کەشــوهەوایەکی سرووشــتی و ئاســایی تێیانــدا، پێــش هەوڵــدان بــۆ ئەنجامدانــی ســەرژمێریی گشــتیی دانیشــتووان لــەو ناوچانــەدا و یاداشــتنامەیەکمان پێشــکەش بەســیادەتتان کــرد، دوای ئــەوەی ڕاســتەوخۆ لــە کاتــی خۆیــدا کارمــان بەپێشــنیازە تایبەتییەکەتــان کــرد، بەدواخســتنی ســەرژمێری ئــەم پێشــنیازانەی خۆمانمــان تێــدا ڕوون کردبــووەوە. چەنــد جارێکیــش لــە لێژنــەی ئاشــتی باســی مەســەلەی کارگێڕیــی هاوبەشــمان کــرد، هەروەهــا لــە خولــە دیــدارە حزبییەکانیشــدا و برایــان زیاتــر لــە جارێــك بەڵێنــی لێتوێژینەوەیــان دا و ســەرباری ئەمانــەی پێشــەوەش، ئێمــە لــەو بڕوایــەدا نیــن کــە پێکهێنانــی کارگێڕییەکــی هاوبــەش، لــەو ناوچانــەدا یەکێتیــی دەوڵەتــی عێــراق لاســەنگ بــکات، چونکــە ئــەو یەکــە کارگێڕییانــە لــە هەمــوو حاڵێکــدا بەپارێــزگاکان بەســتراونەتەوە کــە ئەوانیــش لای خۆیانــەوە فەرمــان و ڕێنوێنــی، بەپێــی سیســتەم و یاســای کارپێکــراو، لــە وەزارەتــی ناوخــۆ وەردەگــرن.

ئێمــە هێشــتا هــەر بڕوامــان وایــە کــە دەرگا دانەخســتن، لــە پێــش ئەنجامدانــی ســەرژمێری، لەبەردەمــی فەرمانبــەرە کارگێڕییــە کــوردەکان، بــۆ بەشــداریکردن لــە هەڵســووڕاندنی کاری ئــەو ناوچانــەی، کــە کــورد ڕێژەیەکــی بــەرزی دانیشــتووانیان تێــدا پێــك دێنــن، بەپشــت بەســتن بەســەرژمێرییەکانی پێشــوو و ڕاســتییە مێژوویــی و جوگرافییــەکان دەبێتــە هۆکارێــك کــە متمانــە و کەشــوهەوای ئیجابییانــە بگەڕێنێتــەوە بــۆ ئــەو ناوچانــەی ناویــان هــات، چونکــە هێشــتنەوەی بــاری کارگێــڕی لــەو ناوچانــەدا بــەو شــێوەیەی کــە ئێســتا هەیــە، بێگومــان دەبێتــە هــۆی دروســتبوونی کاردانــەوەی

نەرێنــی لای هاووڵاتییــانی کــورد لــەو ناوچانــەدا.

هەروەهــا ئــەوەش بــە پێویســت دەزانیــن لەســەر خۆمــان ئامــاژە بــەوە بکەیــن کــە ئێمــە لــە مــاوەی ئــەو چــاو بەیەککەوتــن و وتووێــژە زۆرانــەی لــە دەرچوونــی بەیاننامــەی١١ی ئــادار لــە پــارەوە تــا ئێســتا، گوێــمان لــێ نەبــوو یەکێــك بڵێــت کــە ئــەو ناوچانــە ناوچــەی عەرەبیــن، بگــرە هەموومــان بڕیاردانــی واقیعــی دانیشــتووان و ئینتیــمای نەتەوەیــی ئــەو ناوچانەمــان بەســەرژمێریی چاوەڕوانکــراوەوە ســپاردووە و داومانەتــە دەســت ئــەو. مادامیــش هەموومــان لــە پێنــاوی بــڕوا بەهێزکــردن کاردەکەیــن و دەســتمان لــە پێوەندییەکانــی یەکێتیــی نیشــتمان و یەکێتیــی دەوڵــەت گیردەکەیــن، کــە هەمــوو بســتێك و هەمــوو پارچەیــەك مــل بــۆ خواســت و ویســتی ئــەو دادەنەوێنــن لــە خاکــی وڵاتەکەمــان پێــش ســەرژمێری و دوای ســەرژمێری، بۆیــە ئێمــە هیــچ پاســاوێك بــۆ ئــەوە نادۆزینــەوە، کــە ســەبارەت بــەو ناوچانــەی ڕێککەوتنیــان لەســەر کــراوە لێــی دەرچیــن، هــەر بــەم بۆنەیەشــەوە نابــێ ئەوەمــان لــە بیــر بچێــت کــە بــە ڕێــزەوە بــاس لــە ئامادەیــی ئێــوە بکەیــن، بــۆ باســی دیاریکردنــی وادەیــەك بــۆ ئەنجامدانــی ســەرژمێری لــە لێژنــەی ئاشــتی و جەختیــش لــە ســەر بایەخــی کارکــردن بــە چەمکــی «ئێمــە» بــۆ کارگێڕیــی هاوبــەش بکەیــن، نــەك بــۆ مەبەســتی ڕەخساندنی کەشــوهەوایەکی ئاســایی بــۆ ســەرژمێری و بــەس، بگــرە لەپێنــاوی دانانــی بنچینــەی کاری نیشــتمانیی هاوبــەش، لــە فەرمــان و خزمەتگوزاریــی گشتیشــدا وەکــو لــە پێشــەوە گوتمــان، بــەڵام ســەبارەت بەکرانــەوەی کارگێــڕی، ئێمــە لــە نامەکــەی خۆمانــدا باســی ئەوەمــان نەکــردووە کــە پێکهێنانــی هەندێــك یەکــەی کارگێڕیــی تــازە لــە ناوچــەی کوردەواریــدا، لــە دوای بەیاننامــەی ١١ی ئــادار ڕوویــان داوە، بگــرە گوتوومانــە لــە (مــاوە و دوای دەرچوونــی بەیانەکــە) و ئێمــە هەندێــك گومــان دایگرتیــن و هێشــتا هــەر بەگومانیــن لــەوەی کــە هەندێــك لــەو گۆڕانکارییانــەی لــە ناوچــەی باکــوور ڕوویــان دا، بــەو مەبەســتە بــوون کــە کار لــە واقیعــی نەتەوەیــی بکــەن و پێــش ئێســتا وەزارەتــی ناوخــۆ فەرمانــی هەڵوەشــاندنەوەی بەســتنەوەی ناحیــەی بەعاجــی بەقــەزای شــنگار، لەســەر داواکاریــی دووبارەکــراوەی ئێمــە دەکــرد و ئێمــە کــە ئــەوە بــاس دەکەیــن هــەر بــۆ نموونەیــە.

ســیادەتی ســەرۆك، ئێمــە دژی کرانــەوەی کارگێــڕی و تیــۆری کارگێڕیــی زانســتیی تــازە ناوەســتین، بــەڵام ئێمــە باوەڕمــان بــەوە نییــە کــە پێویســتی پیادەکردنــی ئــەو تیۆرانــە، دەبــێ ئەوەبــێ کــە کار بکاتــە ســەر ئینتــمای نەتەوەیــی دانیشــتووان تێیــدا، بەتایبەتیــش کــە ئێمــە لەبــەر دەرگای ئەنجامدانــی ســەرژمێریدایـن، تەنیــا ئــەم

هۆیــەش مایــەی دەردەدڵ و گومــان بــووە لــە لای ئێمــە.

٢. ئــەوەی پێوەندیشــی بــە ئامــاژە کردنمانــەوە هەیــە، ســەبارەت بەبەشــداری نەکردنمــان لــە پلاندانــان و ئاراســتەکردنی سیاســەتی گشــتیی دەوڵــەت لەســەر ئاســتی نــاوەوە و دەرەوەدا، ناچاربوویــن ئــەوە بخەینــە لیســتی شــتە سلبییەکانەوە، چونکــە لــە جارێــك زیاتــر ئێمــە لەســەر ئــەوە ڕێککەوتوویــن، بــەڵام ئــەم کارە هەمیشــە دووچــاری گــوێ پێنــەدان و کەمتەرخەمــی و لەبیرچــوون بــووە، تەنانــەت هەندێــك یاســا کــە لــە کاتــی جیاجیــادا داوامــان لێکــراوە پێــش دانانیــان، دیدوبۆچوونــی خۆمــان لــە بارەیانــەوە دەربڕیــن، بــێ ئــەوەی تێبینــی و پێشــنیازەکانی ئێمــە لــە بارەیانــەوە لــە بەرچــاو بگیرێــن، پێشــەکی دانــراون، هــەروەك ئــەوەی ســەبارەت بەدەســتووری کاتیــی ئێســتا و یاســای پارێــزگاکان و یاســای ئەنجوومەنــی نیشــتمانی و گرفتەکانــی ڕەگەزنامــە ڕوویــدا، جگــە لــە کێشــە تایبەتەکانــی کاروبــاری یاســادانان، ئێمــە لەمەوپێشــیش نیگەرانیــی خۆمــان لــە بۆنــەی جیاجیــادا دەربڕیــوە، وەك بەکارهێنانــی شــێوازی پەڕگیرکــردن و توندوتیــژ کــە هەندێــك کــەس دژی هێــز و خــاوەن ئاراســتە سیاســییە نیشــتمانییەکانی تــر پێــڕەوی دەکــەن لــە بــارەی هەڵوێســت لــە ئازادییــە دیموکراتییــەکان و بــەرەی نیشــتمانیی ئــاوات بــۆ خــوازراو، بــەڵام هەســتمان بەهیــچ شــتێك نەکــرد ئامــاژە بــەوە بــکات ئایــا ئــەم پێشــنیازانە لــە بەرچاوگیــراون یــان نــا، ســەرەڕای ئەمــەش تێبینــی ئــەوە دەکەیــن کــە جــۆرە خۆپەســندی و چاوتەنگییــەك بەرانبــەر هەندێــك کاروبــاری لای هەندێــك برایانــی بەرپــرس زاڵــە، ئەمــەش بەشــێوەیەکی ڕوون و ئاشــکرا لــە سیاســەتی گشــتیی دەوڵــەت لەســەر ئاســتی نــاوەوە و لەســەر ئاســتی پێوەندییــە عەرەبــی و نێودەوڵەتییەکانیــش ڕەنگیداتــەوە، ئەمــەش بەبــڕوای ئێمــە دەبێتــە هــۆی زیادبوونــی دوژمــن لــە نــاوەوە و دەرەوەدا، بــێ هیــچ پاســاوێك و بەردەوامبــوون لەســەر پێڕەوکردنــی ئــەم سیاســەتە لــە زیــان و گۆشــەگیری بــەولاوە، ناکــرێ هیچــی تــری بــۆ ئێمــە لــێ بکەوێتــەوە. ئێمــە هەســت بەجــۆرە ئیحراجییــەک دەکەیــن لــە بەرانبــەر بنکــەی حزبەکەمــان و بەرانبــەر حزبــەکان و ناوەندەکانــی ڕای گشــتی لــە عێــراق، چونکــە سیاســەتی دەوڵــەت لــە هەمــوو بوارەکانــدا بەبــێ ئێمــە دادەنرێــت و دواتریــش ئێمــە دەبــێ کاریگــەری ئــەو سیاســەتەی کــە ئێمــە لــە بنەڕەتــەوە لایــەك نەبوویــن تێیــدا، بکەوێتــە سەرشــانمان.

چارەســەرکردنی ڕاســت و دروســت بــۆ ئــەوەی کــە ســیادەتتان و ئێمــەش بەدەســتیەوە دەناڵێنیــن، کارکردنــە بــۆ بەشــداریکردنمان بەکــردەوە لــە پلاندانــان و ئاراســتەکردنی سیاســەتی گشــتیی دەوڵــەت، لەســەر هــەردوو ئاســتی نــاوەوە

و دەرەوەدا، وەك لەمەوپێش و لە کاتی دیارکردنی حزبەکاندا لەسەری ڕێککەوتبووین، کە هیوامان وایە ئەمە ببێتە هۆی ڕەخساندنی هاوبەشیکردنی زیاترمان لەم ڕووەوە و پەلەکردن لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کە لێی دەڕوانین، بۆ ئەوەی بەکردەوە دەسەڵاتی یاسادانان لە وڵاتدا بگرێتە دەست و پێڕەوی بکات و هیواشمان وایە پێشنیازە تایبەتەکانمان لەم بارەیەوە جێی بایەخ بن و لەبەرچاو بگیرێن.

٣. سەبارەت بەجێبەجێنەکردن، یان تەگەرە تێکەوتنی هەندێک بڕیاری لێژنەی ئاشتی، ئێمە شەش نموونەمان لەسەر ئەوە هێنایەوە و لەو نموونانەدا ئەوەمان دەرخستبوو کە ئێمە ئەو لایەنە نین، کە بەرپرسایەتی تەگەرە تێکەوتنی ئەو بڕیارانەی دەکەوێتە ئەستۆ و داوای جەختکردنمان لەسەر هیچ نەکردووە، ئەوە نەبێت کە بڕیارەکانی لێژنە بەسەر هەمووانــدا بەپێویست دابنرێت و ئاماژەکردنیشمان بۆ دەسەڵات، بۆ ئەوەبوو کە جۆرە هاوسەنگییەک لە نێوان لایەنە پێکهێنەرەکانی لێژنەی ئاشتیدا هەبێت و کارکردنیش لەو لێژنەیەدا بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو بڕوات بەڕێوە، کە ماوەیەك لەمەوپێش وەك پێشنیازێك پێشکەشمان کردووە، بەڵام سەبارەت بەکۆنەکردنەوەی پێشمەرگە لە بارەگای ئەو بەتالیۆنانەی بۆیان تەرخانکراوە، بێگومان سیادەتتان دەزانن کە تا ئێستا حەوت بەتالیۆن لە ئەسڵی دوازدە بەتالیۆن، لەو مەڵبەندانەدا کۆکراونەتەوە کە بۆیان دیارکراون، هۆی نەکردنەوەی بەتالیۆنەکانی تریش بۆ ئێمە ناگەڕێتەوە، بگرە بۆ دەستەپاچەیی و بێ توانایی لایەنە حکوومییەکان دەگەڕێتەوە، لە ڕەخساندنی پێویستی و کەلوپەلی تایبەت بەو بەتالیۆنانە، سەرەڕای بەڵێنەکانیان کە دووبارەیان کردوونەتەوە.

سیادەتی سەرۆك، ئاماژەتان بەهەندێک شت کردبوو گوایا ئاشتی لە کوردستان تێکدەدەن وەك ڕفاندن و گرتن و تیرۆرکردنی هاووڵاتیان و چەك بەکارهێنان لە ڕووی ڕێکاری کارگێڕی لە گەلێك ناحیە و قەزای باکوور، بێ دیاریکردنی ئەو کارانە، لای سیادەتتان شاراوە نییە کە ناوچەی کوردەواری لە ماوەی ساڵانی ئەم دواییەدا، مەیدانی شەڕی پڕ داخ و خەفەت بووە و ئەو ڕووداوانە جێی پەنجەی خۆیان لەسەر ناوچەکە جێ هێشتووە و گەلێك ناحەزی و کوشت و کوشتاری لە نێوان ڕۆڵەکانی دروستکردووە و لەو بارودۆخە نائاساییەشدا، دەشێت هەندێكك کەس پەنا ببەنەبەر ئەنجامدانی هەندێکك کار بۆ دەربڕینی کۆنە قینەکانیان، ئێمە لە کاتێکدا ناڕەزایی دەردەبڕین و ئەو جۆرە ڕووداوە تاکە

کەسـیی و نابەرپرسـانە مەحکـووم دەکەیـن، دەمانەوێـت لـە هەمانکاتـدا ئامـاژە بەبڵاوبوونـەوەی تیـرۆر و ڕفاندنـی سیاسـی لـە چەنـدان لای جیاجیـای عێـراق بکەیـن، لەوانـەش پایتەخـت و بەدڵسـۆزییەوە هیوامـان وایـە هەمـوو دەستپێشـخەر بـن بـۆ دانانـی سـنوورێکی بنەبـڕ و ئێکجارەکـی بـۆ ئـەو ڕووداوانـە.

٤. ئـەوەی پێوەندیـی بەپلانـی گەشـەپێدانەوە هەیـە، ئـەوا شـیکارە هەژمارەییەکانمـان بـۆ پلانـی پێنـج سـاڵی کـە لـە دوای بەیاننامـەی ئـادارەوە بڕیـار دراوە، ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە ئـەو گوژمـە پارانـەی بـۆ ناوچـەی کـوردەواری تەرخـان کـراون لـە ٨ ٪ تێپـەڕ ناکـەن و ئەمـەش پاڵـی پێوەنایـن کـە دووبـارە بیخەینـەوە بەرچـاو و داوای زیادکردنـی بکەیـن، دوای ئـەوەی کـە بارودۆخـی دارایـی وڵات لـەو تەنگانـە قورسـە دەرچـوو، ئێمـە هیوامـان وایـە ئـەو هەموارکردنـەی بـۆ پلانـی پێنـج سـاڵی داهاتـوو پێشـنیازکراوە، نیـاز هەبـوو بـۆ تەرخانکردنـی پـارەی زیاتـر بـۆ ناوچـەی کـوردەواری لـە بەرنامـەی وەبەرهێنـان بـۆ سـاڵی داهاتـوو بەشـداری بـکات، لـە وەدیهێنانـی هەنـگاوی گرنگـی بـۆ خۆشـگوزەرانیی ئاوەدانکردنـەوە لـە ناوچەکـەدا و ئـەوەی تێبینیشـمان کـرد ئـەو گوژمـە پارانـەی لـە لیسـتە هاوپێچەکـەی نامـەی سـیادەتتان نـووسراوە بـۆ بوارەکانـی گەشـەکردن لـە باکـوور، نیـوەی زیاتـری ئـەو گوژمـە پارانـەی تێـدا هاتـوون، هیـچ پێوەندییـەکان بەناوچـەی کوردەوارییـەوە نییـە و ئێمـە تـکا لـە سـیادەتتان دەکەیـن بفەرمـوون چاوێکیـان پێـدا بگێڕنـەوە تـا لـەوە دڵنیابـن.

٥. بـەڵام سـەبارەت بـە هێـزە چەکـدارەکان، پەرۆشـی و سـووربوونی خۆمـان دووپاتدەکەینـەوە بـۆ دەسـت نەخسـتنە نێـو کاروبارەکانیـان و ئێمـە بـاش دەزانیـن کـە ئـەو هێزانـە، هێـزە چەکدارەکانـی عێراقـن، نـەك هـی هەرێمێـك یـان پارێزگایـەك، یـان حزبێکـی دیاریکـراو و ئێمـە داوای بوونـی یەکـە سـەربازییەکی عەرەبـی و یەکێکـی تـری کوردیـمان نەکـردووە، بگـرە لـە دیـاردەی گوێزرانـەوەی سـەربازە پلـەدارە کـوردەکان، دواویـن بـۆ ناوچەکانـی ناوەڕاسـت و باشـووری عێـراق لـە کاتێکـدا یەکـە ئەسـڵییەکانیان هـەر لـە بـارەگا ئاسـاییەکانی خۆیـان لـە ناوچـەی باکـوور ماونەتـەوە و لـە سـەرۆکی لێژنـەی ئاشـتیی برامـان زانـی کـە ئـەم بڕیارانـەی گواسـتنەوە تەنیـا سـەربازە پلـەدارە کوردەکانـی نەگرتووەتـەوە، مەبەسـتیش لـەوەدا ئەوەبـوو کـە ئـەو زیـادە زۆرەی لـە هێـزە چەکدارەکانـدا هەیـە کـەم بکرێتـەوە و لـە بـواری تـردا بەکاربهێنرێـن، بـەڵام ئـەوەی تێبینیـمان کـرد، زۆربـەی ئـەو بڕیارانـە ژمارەیەکـی زۆر ئـەو پێشـمەرگانەی گرتووەتـەوە کـە بـەم دواییـە گەڕێنراونەتـەوە بـۆ سـوپا و

ژمارەیەکـی تریشـی لـە ئەندامانـی حزبـی ئێمـەی گرتووەتـەوە، لـە کاتێکـدا ئـەو ڕێکارانـە دەسـتیان بـۆ هیـچ پلەدارێـك نەبـردووە بـۆ برایانـی حزبـی بەعسـمان و ئەمـەش وەك لای سـیادەتتان شـاراوە نییـە، جـۆرە فـەرق و جیاوازییەکـی تێدایـە.

**بەشی دووەم:**

٦. بـرام سـیادەتی سـەرۆك، ئێمـە لـەوەدا لایەنـی تـۆ دەگریـن کـە بەیاننامـەی ئـاداری سـەرکەوتنێکی زۆر گـەورە بـوو بـۆ هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـوردی بـرا و گەلێـك پـۆرگ و کـەس هـەن، ئـەو ئەنجامـە گـەورە پیرۆزەیـان پـێ ناخۆشـە کـە بەیاننامەکـەی لێکەوتـەوە و ئەمانـەش گرووپـی هەڵگـەڕاوە و بەکرێگیـراو و کۆنەپەرسـت و سـوودوەرگرن. ئـەو گرووپانـەش وەك ئێمـە بزانیـن لـە هەمـوو شـوێنێك لـە نێـوان عـەرەب و کـورد و لـە نێـوان دامـودەزگای دەسـەڵاتدا وەك یـەك لانەیـان دروسـتکردووە و هـەر ئـەو توخمـە گومانلێکراوانەشـن، کـە ڕووداو دروسـتدەکەن و شـت دەورووژێنـن و پێشـتر بـە پـارە دەسـتدرێژییەکی چەکدارانەیـان ڕێکخسـت بـۆ سـەر بـارەگای حزبمـان لـە مووسـڵ و تەقەیـان لـە ئۆتۆمبێلەکـەی ئیدریـس بارزانـی لـە بەغـدا کـرد و وەك لای هەموومـان ئاشـکرایە و حەمیـد بەرواریـی برامانـی تێـدا بەسـەختی برینـدار بـوو و هـەر ئەوانەشـن کـە لـە دوای ڕووداوە ئیسـتیفزازییە چەندبارەبـووەوەکانی ناوچـەی سـپیلك و ئاکـرێ و شـنگار و ناوچەکانـی تـر دەوەسـتن و ئەرکـی دەستنیشـانکردنی ئـەو جـۆرە کەسـانە و زەبـر لێدانیـان بەتونـدی و ناردنیـان بـۆ دادگا، بـۆ ئـەوەی بەسـزای عادیلانـەی خۆیـان بگـەن دەکەوێتـە سەرشـانی ئێمـە و ئێـوە. ناشـزانین بەتـەواوی ئـەو ڕێکارانـە چیـن کـە تـا ئێسـتە گیراونەتـە بـەر دەرهـەق بەتاوانـکاران، بگـرە بەپێچەوانـەی ئـەوە، تێبینـی ئـەوە دەکەیـن کـە هەندێـك هـەوڵ و تەقـەڵا لـە ئـارادا هـەن، بەئامانجـی شـاردنەوەی ڕاسـتی، لـەم ڕووەوە.

٧. سـیادەتی سـەرۆك، ئێمـە لەگـەڵ ئێوەدایـن کـە دەبـێ سـنوورێك بـۆ زاڵبوونـی ئەقڵییەتـی سـەندیکایی لـە هاژۆشـتن و ڕواندنـی جڵـەوی حوکـم و بەڕێوەبردنـی کاروبـاری وڵات دابنێیـن، بێگومـان ئێـوە خۆتـان بەدەسـت ئـەوەوە ناڵاندووتانـە کـە تەنانـەت پێـش دەرچوونـی بەیاننامـەی ئـادار دەسـەڵات بەدەسـت خۆتانەوەیـە. ئێمـە دان بـەوە دادەنێیـن کـە ئـەو ئەقڵییەتـە لای کـورد و عەرەبیـش هەیـە و پێویسـتە لەسـەرمان هـاوکار بیـن و کار بکەیـن لـە پێنـاو سـنوورێک بۆیـان و ئامـاژە کـردن بـەوەی کـە کاردانەوەکـەی تەنیـا دەکەوێتـە سـەر هاووڵاتیـی عـەرەب لـە

عێراقـی هاوبەشـماندا بەشـێوەیەکی بنەبـڕ، هیـچ پاسـاوێکی بـۆ دانانرێـت.

٨. ئێمـە لەگـەڵ سـیادەتتان لـەو ڕایـەدا کـۆك نیـن کـە پێکهێنانـی کۆمەڵەیـەك بـۆ دۆسـتایەتیی کـوردی و ئەمریکایـی، ڕەفتارێـك بێـت بەخیانـەت و بریندارکـەری هەسـتی نەتەوەیـی عەرەبـی بەشـێوەیەکی گشـتی و عێراقـی بەشـێوەیەکی تایبەتـی لـە قەڵـەم بدرێـت، چونکـە ئـەو کۆمەڵانـە، کۆمەڵـەی میلیـن ئامانـج لەوانـە ئەوەیـە ڕای گشـتی ئەمریـکا گەلـی کوردمـان بناسـن و هەروەهـا کارکردنـە بەپێـی توانـا، لەپێنـاوی داکۆکیکـردن لـە کێشـە ڕەواکانـی عـەرەب لـەو وڵاتانـەدا و ڕیسـواکردنی لایەنـە دوژمنـکارەکان بـۆ عـەرەب و موسـوڵمانان لـە سیاسـەتی حکوومەتـی وڵاتـە یەکگرتـووەکان و هەروەهـا چەنـدان کۆمەڵـەی دۆسـتایەتیی عێراقـی و عەرەبـی – ئەمریکایـی و ئینگلیـزی هـەن لەگـەڵ گەلانـی دەوڵەتـە عەرەبییەکانـی تـر، باشـە بۆچـی پێکهێنانـی ئـەو کۆمەڵـە کارێـك بـێ حـەزی پـێ بکـرێ، بـەڵام سـەبارەت بەکـوردان دەبـێ بەخیانـەت و لـە ڕێـی چاکـە لادان دابنرێـت.

٩. هەرچـی سـەبارەت بەبڕگـەی سـێیەم وچوارەمـە کـە سـیادەتتان باسـیان دەکات لـە بـارەی ڕەفتـاری ئێرانـەوە بەرانبـەر بـە عێـراق و لـە بـارەی هاوپەیمانیـی کـورد لەگـەڵ دوژمنانـی عێـراق و پووچەڵکردنـەوەی پیلانەکانـی ئیمپریالیـزم بەرانبـەر بـە عێـراق، تەنیـا هـەر بەخەباتـی عـەرەب ناکرێـت. ئێمـە حـەز دەکەیـن بەهەمـوو ڕوونـی و ڕاشـکاوییەك لـەم خاڵـە بدوێیـن. حزبـی ئێمـە پێـش هەمـوو شـتێك، حزبێکـی دیموکراتـی پێشـکەوتنخوازی شۆڕشـگێڕە و بەتونـدی دژی ئیمپریالیـزم بەهـەردوو شـێوەی کـۆن و نوێیـەوە، وەسـتاوە و دەشوەسـتێ و بەرگریکارێکـی چەسـپاو و جێگیـرە لـەو خەباتـە ڕزگاریخوازانەیـەی گەلانـی تێکۆشـەڕ دەیکـەن لـە پێنـاوی ئازادیـی مافـی خۆیـان لـە بڕیاردانـی چارەنووسـیان. ئەمـەش ڕاسـتییەکی ڕوون و ئاشـکرایە کـە حـزب هـەر لـە دامەزراندنییـەوە لەسـەر ئاسـتی ڕاگەیانـدن و بەکـردار، پێـڕەوی کـردووە و هەمـوو حـزب و هێـزە نیشـتمانی و پێشـکەوتنخوازان لـە عێـراق پشـتگیریی ئـەو ڕاسـتییە نەگـۆڕە دەکـەن و ئەوەنـدە پاشەکەوتەشـمان(رصید) هەیـە کـە لـەم ڕووەوە شـانازیی پێـوە دەکەیـن لەسـەر ئاسـتی وڵاتـە عەرەبییـەکان و لای دەسـتە و حـزب و ناوەنـدە پێشـکەوتنخوازەکان لـە جیهانـدا.

سـیادەتی سـەرۆك، ڕەنگـە شـتێکی بەڵگـە نەویسـت بێـت، کـە بڵێیـن ئێمـە بەشـێکین لـە گەلـی عێراقـی یەکگرتـوو، بـە گونجـاوی نازانیـن بەشـی بکەیـن بـۆ ئـەو عەرەبانـەی داکۆکیـی لـێ دەکـەن و ئـەو کوردانـەی سـوێندخۆری لەگـەڵ دوژمنەکانیـدا دەکـەن، خۆمـان بەناچـار دەزانیـن کـە بڵێیـن ئێمـە وەسـفکردنی گەلـی کـورد بـەم

شـێوەیە ڕەتدەکەینــەوە و چەنــدان جــار و چەنــدان بــار، بــە ئاشــکرا گوتوومانــە کــە هــەر هەڵوێســتێك حکوومەتەکەمــان لــە بــارەی کێشــە چارەنووســازەکان بیگرێتەبــەر، ئــەوە هەڵوێســتی هەمووانــە و ئێمــە لــەو باوەڕەدایــن کــە کــورد لــە هیــچ هەڵوێســتێکی جیــدی دواناکەوێــت کــە حکوومــەت لــەم بارەیــەوە بیگرێتەبــەر، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا ئێمــە حــەز بەبەشــداریکردنی کۆمەڵــە چــەك بەدەســتێك ناکەیــن، کــە لــە هەندێــك ناوچــەی دیاریکــراو ڕێــك دەخرێــن، بــۆ ئەنجامدانــی هەندێــك کاری بــێ ســەروبەر کــە دەبنــە هــۆی ئــەوەی هاووڵاتیانــی پــاك و بێبــەری لــە هــەردوو لای ســنوور، تووشــی گیروگرفــت و مەینەتییەکــی بێهــوودە بکــەن. ئێمــە بڕوامــان وایــە مەزنتریــن دەســکەوت کــە پێشکەشــی یەکخســتنی خەباتــی عــەرەب و کــوردی بکەیــن، پەلەکردنــە لــە جێبەجێکردنــی ئــەو بەندانــەی ڕێککەوتنامــەی ١١ی ئــادار کــە مــاون، چونکــە هــەر جێبەجێکردنــی ئــەوە، ڕەهەنــدە تــەواوەکان بــەم خەباتــە دەبەخشــێت.

ســیادەتی ســەرۆك، ئێمــە بەتــەواوی بەهــا باڵاکانــی داکۆکیکــردن لــە نیشــتمان و پارێزگاریکــردن لــە ئــازادی و بەرگریکــردن لــە ســنوور و شــەڕەف و کەرامەتــی عێراقییــان بــاش تێدەگەیــن و باشیشــمان لەبــەرە، لــەم پێناوەشــدا تووشــی گەلێــك زوڵــم و زۆری و دووچــاری ئــازادی زۆر هاتوویــن و حزبەکەمــان هــەر لــە دامەزراندنییــەوە لــە بــەر بەشــداریکردنی کارای لــە بزاڤــی نیشــتمانی لــە عێــراق و بەشــداریکردنی لــە هەمــوو ڕاپەڕیــن و شۆڕشــە نیشــتمانییەکان، کــە لــە هەمــوو لایەکــی عێــراق بەرپابــوون، گەلێــك قوربانیــی داوە و گەلــی کوردیــش هــەر بەئەمینــی دەمێنێتــەوە لــە ســەر کەلەپــووری خەباتەکــەی و دابونەریتــە نیشــتمانییە ڕەســەنەکانی.

**بەشی سێیەم:**

ســیادەتی ســەرۆك، لــە نامەکەتانــدا، لاتــان وابــوو بــۆ باســکردنی هەندێــک کاروبــار کــە توندتریــن جــۆری ئــازار بەدەســتیانەوە دەکێشــن و خۆگرتنتــان بــە خــەون و ئارامــی بــەو هیوایــەی لــە داهاتــوودا چارەســەری ڕاســتیان بــۆ بدوزرێتــەوە و هەندێــك نموونەتــان لــەو شــتانە هێنابــوو کــە گەیشــتبوونە ڕادەی تۆمەتبارکردنــی ئاشــکرا لــە بــارەی هەندێــك کێشــەی مەترســیدار کــە ئەگــەر ڕاســت بــن، ناکــرێ لــە هیــچ حاڵەتێکــدا خۆیــان لــێ لابدرێــت، یــان ئارامییــان لەســەر بگیرێــت. ئێمــەش بــە نــۆرەی خۆمــان بەکورتــی باســی هەندێــك لــەو خاڵانــە دەکەیــن و لــە باســکردنی هەندێککیــان

خـۆ بـەدوور دەگریـن، چونكـە لـە پێشـەوە تێبینـی خۆمـان لـە نێـوان دێرەكانـی ئـەم نامەیـەدا دەرخسـتووە و لـە بـەر ئەوەشـە كـە لـە نامەكـەی سـیادەتتاندا دووبـارە بووەتـەوە.

١٠. لـە نامەكـەدا باسـی مەسـەلەی ڕێگەگرتنـی شـێوازی چاودێریـی كارگێـڕی و گومرگیتـان كـردووە لـە پڕكردنـی باكـوور بـە چەندیـن جـۆر كەلوپەلـی دروسـتكراوی قاچاخـی بێگانـە، سـیادەتی سـەرۆك، ڕەنگـە شـتێكی بەڵگەنەویسـت بێـت، ئامـاژە بـەوە بكەیـن كـە ناوچـەی كوردەواری لـە ڕابـردوودا مەیدانـی شـەڕ بـووە و سیاسـەتی سـەپاندنی ئابڵووقـەی ئابـووری بەسـەر ناوچەكـەدا كـە حكوومەتەكانـی عێـراق بەدرێژایـی سـاڵانی ڕابـردوو لەسـەر دەڕۆیشـتن، دانیشـتووانیان ناچـار كـرد كـە پەنـا ببەنـە بـەر هاوردەكردنـی پێویسـتییەكانیان لـە ناوچـە سـنوورییە لێـك نزیكـەكان، دوای دەرچوونـی بەیاننامـەی ئـادار و گەڕانـەوەی كاروبـار بـۆ ڕێگـەی ئاسـایی خـۆی، قاچاخچییەتـی وەسـتا و چەنـدان مەفـرەزەی هاوبەشـمان لـە پێشـمەرگە و پۆلیسـی گومـرگ پێكهێنـا، بـۆ نەهێشـتنی لـە گەلێـك ناوچـەی جیاجیـادا و كاریگەرییەكـی بـەكاری هەبـوو لـە زەبـر وەشـاندن لـە پاوانخـواز و قاچاخچییـان. پارێـزگاری سلێمانی كـە ئێسـتا ئەندامـی مەكتەبـی سیاسـیی حزبەكەمانـە، نووسراوێكـی سـوپاس و ڕێزلێنانـی لـە لایەنـە تایبەتمەندەكانـەوە پێگەیشـت، لەسـەر ئـەو ئەركانـەی لەگـەڵ دامـودەزگا جیاجیاكانـی دەوڵـەت كێشـاونی، بـۆ قەڵاچۆكردنـی قاچاخـی و ئـەو كەلوپـەل و كاڵا قاچاخانـەی لـەم ڕۆژگارەی ئێسـتە، لـە ناوچـەی كوردەواریـدا هـەن زۆر زۆر كەمـتڕن لـەو كەلوپەلـە قاچاخانـەی لـە ناوچەكانـی سـنووری وڵاتەكەمانـدا هـەن، لەگـەڵ دەوڵەتەكانـی دراوسـێ و ئێمـە تـكا لـە بەڕێزتـان دەكەیـن، كـە لێژنەیـەك لـە لایەنـی خۆتانـەوە بنێـرن بـۆ گـەڕان لـەو ناوچانـەدا، بـۆ دڵنیـا بـوون لـەوەی كـە لـەم ڕووەوە دەیڵێیـن.

١١. بـەڵام لـە بـارەی بەرفراوانكردنـی پێوەنـدی لەگـەڵ كۆنەپەرسـتی و پێكهێنانـی دەزگایەكـی تایبـەت، كـە بـە بەرپرسـێكی دیـار لـە بزاڤـی كوردیـدا بەسـتراوەتەوە و كەسـانی گومانلێكـراوی كـورد و عـەرەب لـە نێـو ڕێكخسـتنەكەیدا كۆبوونەتـەوە، ئێمـە لـە كاتێكـدا بەئاراسـتەكردنی ئـەم جـۆرە تۆمەتانـە تووشـی سەرسـوڕمان دەبیـن، بوونـی ئـەو جـۆرە ڕێكخسـتنە بەشـێوەیەكی بنەبـڕ ڕەتدەكەینـەوە چونكـە نییـە و ئێمـە تـكا لـە سـیادەتتان دەكەیـن نـاوی ئـەو بەرپرسـە دیارەمـان بـۆ بێنـن و ڕوونكردنـەوەی زیاترمـان لـە بـارەی ئـەو بابەتـەوە بـۆ ئاشـكرابكەن و دەلیـل و بەڵگەنامـەی چەسـپاو پێشـكەش بەلایەنـە تایبەتمەندەكانـی دادگـە بكـەن، تاكـو

ئـەو کەسـەی ئەنجامـی ئـەو کارەی بەسـەردا سـاغ دەبێتـەوە، سـزای عادیلانـەی خـۆی وەربگرێـت.

.١٢

١. سـیادەتی سـەرۆك، ئێمـە هیـچ شـتێك لـەوەدا نابینیـن کـە ببێتـە هـۆی دڵگـرانی لای هەندێـک بـرا، سـەبارەت بـەو هەوڵـە دڵسـۆزانەیەی ئێمـە داومانـە لـە پێنـاوی گەڕانــەوەی (سـواره)کانی لەمەوپێــش، بــۆ پێڕەوکردنــی کاره ئاسـاییەکانی خۆیـان و کردنــەوەی لاپەڕەیەکــی تــازەی برایانــەی پێوەندیــمان، لــە نێــوان ڕۆڵەکانــی گەلــی کوردمانــدا و پــەردە دادانــەوە بەســەر ڕابــردوو و لــە بیرخۆبردنــەوەی ڕک و کینــەی پێشـوو.

٢. جەماعەتــی تاڵەبانیــی بــرا بەهەمــان ئــەو هەســت و پاڵنــەرە، لــە بــاوەش گێڕانــەوە بــۆ نێـو ڕیزەکانـی حـزب کـە لـە ڕۆحـی بەیانامـەی ئـادارەوە هەڵقوڵابـوون. ئــەو ئەرکانــەی ئێمــە ڕایاندەپەڕێنیــن لــە پێنــاو یەکخســتنی ڕیزەکانــی ڕۆڵەکانــی گەلـی کوردمـان، بەشـێکن لـەو ئەرکـە گشـتییەی هەموومـان دەیکێشـین لـە پێنـاوی بەهێــزی و پتەوکردنــی یەکێتیــی نیشــتمانی لەســەر ئاســتی هەمــوو وڵاتــدا و لــە هەمـوو حاڵەتێکـدا دەبێـت پشـتگیریی لـێ بکرێـت و جێـی ڕەزامەنـدی بێـت، نـەك مایـەی گومانلێکـردن و دڵگـرانی.

.١٣ ئێمـە ئـەو پـەڕی داخ دەخۆیـن سـەبارەت بـەو وەسـفانەی دژی ڕۆژنامـەی (التاخــی) لــە نامەکەتانــدا هاتبــوو. (التاخــی) بەزمانــی پارتــی دیموکراتــی کوردسـتانمانەوە، کـە لەگـەڵ حزبـی بەعسـی سۆشیالیسـتی عـەرەب لەسـەر بنچینـەی بەیاننامــەی ئــادارردا هاوپەیمانــە، قســە دەکات و ئێمــە ئەگــەر لەســەر بەیاننامــەی یــازدەی ئــادارردا کــۆك بیــن، بــەڵام لــە دیــد و بیرکردنــەوە ســەبارەت بەگەلێــك کێشـەی گرنگـی تـر لێـك جیاوازیـن، (التاخـی) نـاو بەنـاو ڕاوبۆچوونـی ئێمـە لـە نێـو چوارچێوەیەکــی بابەتیــی بنیاتنەرانــە لــە بارەیانــەوە دەخاتــەڕوو، ئێمــە دڵنیایــن و بڕوامـان وایـە کـە ڕۆژنامـەی (التاخـی) کاری لـە پێنـاوی برایەتیـی عـەرەب و کـورد کــردووە و دەشــیکات و مینبەرێکــی ئــازادە بــۆ هێزەکانــی گــەل و ئــەو ڕێــز و شـانازیکردنەی ڕای گشـتییەی ئـەو هەیەتـی لـە عێراقـدا، باشـترین گەواهیـن لەسـەر ئـەوەی کـە دەیڵێیـن و ئێمـە پێـمان وایـە کـە هەڵوێسـت وەرگرتـن بەرانبـەر (التاخـی)، پێویسـتی بـە وردبوونـەوە و سـنگ فراوانیـی زیاتـر دەکـرد، پێـش دەستپێشـخەریکردن بــۆ دەرکردنــی حوکمێکــی دیاریکــراو لەســەری.

١٤. بەسەرسوڕمانەوە ئەو تۆمەتانەمان وەرگرت کە لە بڕگەی هەشتەم و نۆیەمی نامەکەتاندا دابووتانە پاڵ ئێمە، باشە بۆ (ئەو کوردەی کاروبارەکانی بە بابەتییانە دەخاتەڕوو و مێشکی بە بیرۆکەی برایانە دەکرێتەوە کە هەردوو گەل بەڕایەڵی ژیانی و ئۆرگانی پێکەوە دەبەستنەوە) بەناپاك و بەکرێگیراو لە قەڵەم بدرێت و بۆ تەنیا (کورد ئەو کەسە بێت کە هیچ پێوەندییەك بەحزبی بەعس و حوکمەوە نایبەستێتەوە)؟

ئێمە بەم بۆنەیەوە دەمانەوێت بپرسین کە چ لایەنێك بوو بەیاننامەی ئاداری هێنایەئارا؟ ئایا ئەو ئەحکام و بنەمایانەی لە بەیاننامەکەدا هاتوون، کاروبارەکان بەشێوەیەکی بابەتییانە ناخەنەڕوو، بیرۆکەی برایانەمان نییە کە هەردوو گەل بەڕایەڵی ژیانی و ئۆرگانی دەبەستنەوە؟ ئەرێ دەرچوونی بەیاننامەکە ئەنجامی ئەو ئەرکە قورسە نەبوو کە هەموومان کێشامان؟ باشە بۆ ئێمە بەشداری لەگەڵ ئێوەدا بکەین لە بەدەستەوەگرتنی چەندان ناوەندی دەسەڵات و بەرپرسایەتی لەسەر ئاستی جیاجیاشدا؟ سیادەتی سەرۆك پەیمان بە هیچ لێکدانەوەیەکی بەجێ و ڕێ تێچوو نەبرد، بۆ ڕاستیی ئەو تۆمەتانە و داوا لە پایەبڵندتان دەکەین، زانیاریی ڕوونترمان لە بارەیانەوە بدەنێ.

١٥. ئێمە هیچ دەزگایەکی ڕێکخراومان نییە کە کار بۆ تیرۆرکردن بکات و ئەندامانی حزبی بەعسیش بگرێتەوە، کە بەیاننامەی ١١ ی ئاداری هێنایەکایەوە و کوردی خۆش ویستووە و باوەڕی بەبرایەتی و ژیانی ئازاد و کەرامەتمەندانەی عێراقییان هەیە، ئێمە تکای ئەوەتان لێ دەکەین کە ناوی هەر عێراقییەکمان بدەنێ کە بەعسی بووبێت، یان بەعسی نەبووبێت ئەو دەزگایە تیرۆری کردبێت، تا لەبەر ڕۆشنایی ئەوە هەر ڕێکارێك پێویست بێت بیگرینەبەر، بۆ ئەوەی تاوانباران بدەینە دەست لایەنە تایبەتمەندەکانی دادگە.

١٦. بەڵام سەبارەت بەو تۆپ و چەکە قورسانەی کە لە پێش بەیاننامەی ١١ی ئادار و دوای ئەوەش لامان بوون، ئێمە بەتەواوەتی دەڵێین کە هیچ چەکێکی قورسمان لە دوای بەیاننامەی ئادارەوە بۆ نەهاتووە و تکا لە سیادەتتان دەکەین بەو بەڵگانەی لای لایەنە تایبەتمەندەکان هەن لە بارەی ئەمەوە، بۆمان ڕوونبکەنەوە، ئێمە بەگوێرەی بەیاننامەکە پابەندی ئەوە بووین کە ئێستگە و چەکە قورسەکان، لە قۆناخە کۆتاییەکانی جێبەجێکردنی بەیاننامەکە بدەینە دەست سەرچاوە حکوومەتییە پێوەندیدارەکان و ئەوەبوو ئێستگەکەمان ڕادەستکرد لەگەڵ وەجبەی یەکەمی ئەو چەکانە پێش چەند مانگێك، بەڵام

بەداخــەوە تێبینیــمان کــرد کــە ئــەو دەستپێشــخەرییە ئیجابییــە بەســاردی و گــوێ پێنەدانــەوە لــە لای لایەنــە تایبەتمەنــدە حکوومەتییەکانــەوە پێشــوازیی لێکــرا.

ســەبارەت بــە ئاماژەکردنتــان بــە دەرچوونــی ڕێنوێنیــی حزبــی لــە لایــەن ئێمــەوە لــە بــارەی ئۆتۆنۆمییــەوە، ئەمەیــە، پێشــتر هەندێــک بــرا لــە ســەرکردەکانی حزبــی بەعســی دۆســت، لــە بــارەی ئــەم مەســەلەیەوە پرســیاریان لێکردیــن و لــە کاتــی خــۆی پێــمان ڕاگەیانــدن، کــە ڕێنوێنــی حزبــی ناوبــراو لــە حزبــی ئێمــەوە دەرنەچــووە. فێــڵ لــە حــزب کــراوە و ڕوونکردنەوەیەکیشــمان لــەم بارەیــەوە لــە ڕۆژنامــەی (التاخــی) دا بڵاوکــردەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا هەندێــک بــرا قەناعەتیــان بــەوە نەهــات، ئێمــە تکایــان لــێ دەکەیــن بۆمــان بەیــان بکــەن، بزانیــن چییــان لێــمان دەوێ، تــا قەناعەتــی تەواویــان لا پەیــدا بێــت کــە هیــچ پێوەندییەکــی حزبــی ئێمــە بــەو ڕێنوێنییــەوە نییــە.

**بەشی چوارەم:**

ســیادەتی بــرا، بێگومــکان ســیادەتتان ئاگاداریــی تەواوتــان لــە بــارەی مەترســیی ئــەو بارودۆخــە هەیــە کــە لــە ناوچــەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا زاڵــە و هەروەهــا ئــەو هــەوڵ و تەقەلایانــەی دەدرێــن بــۆ ئەنجامدانــی هەندێــك گۆڕانــکاری تێیــدا، ئێمــە لــە ڕەوتــی ئــەو ڕووداوانــەی بەڕێــوەن لــە وڵاتەکەمانــدا، هەســت بــەوە دەکەیــن کــە عێــراق بەدوورنابێــت لەوانــەی لــە ناوچەکــەدا دەگەڕێــن و ڕوو دەدەن و هەندێــك لایــەن بــە فێــڵ و زیرەکــی و خۆگونجاندنــەوە لەگــەڵ ئــەو پلانانــەدا کار دەکــەن، بــۆ ئاڵۆزکردنــی پێوەندیــی نێوانمــان و پــاڵ پێوەنانــی بــە ئاراســتەی ئاڵۆزکــردن و دەســت لێکبــەردان و هەڵتەکاندنــی بەیاننامــەی ١١ی ئــاداری مێژوویــی، لــە ڕێگــەی بەخێوکردنــی هەندێــک پۆرگــی گومــان لێکــراو لــە ناوچــەی کــوردەواری و دروســتکردنی هەندێــك ڕووداوی وروژێنــەر و بەرزکردنــەوەی ڕاپــۆرت و زانیاریــی نادروســت و درۆ لــە لایــەن کلکەکانیانــەوە، لــە بــارەی ئــەو بارودۆخــەی لــە کوردســتاندا هەیــە بــۆ پایــە باڵاکانــی حکوومــەت.

ئێمــە بێگومــان نامانەوێــت لــە هەندێــک شــێوەی کەموکــووڕی و درێغیکــردن کــە هەمووانمــان هەمانــە، خۆمــان وەدەرنێیــن و لــە بوونــی کەســانی خــۆ تێخزێــن و ســوودخواز لێــرە و لــەوێ و لــە نێــوان کــورد و عــەرەب لــە یەککاتــدا، بــەڵام بەرپرســایەتیمان بەرانبــەر گــەل و نیشــتمان و مێــژوو وا پێویســت دەکات، هــەر تەنیــا بەناوهێنانیــان وازنەهێنیــن، بگــرە کاری هاوبــەش و بــەردەوام بکەیــن

لەپێنـاوی بـەوردی دەستنیشـانکردنی ئـەو نەخۆشـییانەی بەدەسـتیانەوە دەناڵێنیـن و ئەنجامدانـی ڕێـکاری تونـد بـۆ چارەسـەرکردنیان بەشـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت لـە ڕێگـەی پێکهێنانـی لێژنەیـەك، لەسـەر بەرزتریـن ئاسـت کـە جێبەجێکردنـی ئـەم ئەرکـە نیشـتمانییە باڵایـە بەزووتریـن کات بخاتـە ئەسـتۆی خـۆی و هیـچ لارییـەك لـەوەدا نییـە کـە ئـەو لێژنەیـە لێژنـەی ئاشـتی، یـان لێژنەیەکـی حزبیـی هاوبـەش، یـان لایەنێکـی تـر بێـت کـە خۆتـان فەرمـان بەپێکهێنانـی دەکـەن و گرنـگ لـە کاری ئـەم لێژنەیـەدا ئەوەیـە، لـە ئاسـتی ئـەو کێشـە گرنگانـەدا بێـت کـە توویژینـەوە و بڕیـار لەسـەردانیان دەگرێتـە دەسـت و لەگـەڵ ئـەم نامەیـەدا هاوپێچکـراوە.

سـیادەتی سـەرۆك، باشـترین شـت کـە کۆتایـی پـێ بـەم نامەیـە بێنـم، پابەندبوونـە بەهەندێـک لـەو بڕگانـەی لـە وتـارە بەنرخەکەتانـدا هاتـووە، کـە پێـش چەنـد ڕۆژێـك لـە جیاتـی ئێـوە برامـان فەریـق ڕوکـن سـاڵح مەهـدی عەمـاش لـەو ڕێ ڕۆیشـتنە جەماوەرییـە خوێندییـەوە، کـە لـە بەغـدا بەبۆنـەی ڕۆژی یەکەمـی ئایـار سـازکرا و تێیـدا گوتبووتـان کـە (پەرۆشـیتان بـۆ جێبەجێکردنـی بەیاننامـەی ١١ی ئاداری مێژوویـی بـەدەق و ناوەڕۆکـەوە بـۆ کاری بـەردەوام هانمـان دەدات و هـەر هەڵەیەکیـش ڕێگـە لـە پیادەکـردن بگرێـت، هیـچ لـە پەرۆشـیی ئێمـە بـۆ ئـەو پابەندییـە بەجێبەجێکردنـی کـەم ناکاتـەوە، بگـرە بەپێچەوانـەوە ئـەو هەڵانـە، پەرۆشـییەکە زیاتـر دەکـەن و هێـزی وەبەردەنێـن، بەمەرجێـك ئەرکـی ڕاسـتکردنەوەی هەڵـەکان دەبێـت هەمـوو لایـەك ئەنجامـی بـدەن، چونکـە بەرپرسـایەتی چیـتر تەنیـا بەرپرسـایەتی لایەنێـك نییـە، بگـرە بەرپرسـایەتیی هەمـوو نیشـتمانپەروەر و پێشـکەوتنخوازێکە بەعـەرەب و کـوردەوە). داوامـان لـە خـوای گـەورە ئەوەیـە ڕابـەری هەموومـان بـێ بـۆ هەمـوو شـتێك کـە خێـر و چاکـە و خزمەتـی گەلـی عێراقـی ئازیزمانـی تێـدا بێـت، بەگیانێکـی پـڕ لـە هـاوکاری و نیازچاکـی. فەرمـوون بەقبووڵکردنـی ئـەو پـەڕی ڕێـز و تەقدیـر.

دڵسۆز و براتان

مستەفا بارزانی

١٩٧١ / ٥ / ٧

## خاڵە پێشنیازکراوەکانی بەرنامەی کاری لێژنەی ئاشتی

١. خستنەڕووی گشتیی بەندەکانی بەیاننامەی ئادار.

٢. دیاریکردنی وادەیەك بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری.

٣. کۆتاییهێنــان بەپێکهێنانــی ئــەو بەتالیۆنــە پاســەوانانەی ســنوور کــە هێشــتا پێــك نەهاتــوون.

٤. بەدواداچــوونی جێبەجێکردنــی ئــەو لایەنــە ڕۆشــنبیرییانەی بەیاننامەکــە کــە تــا ئێســتا جێبەجــێ نەکــراون.

٥. ئاوەدانکردنەوە و پلانی گەشەکردن.

٦. بەشداریکردن لە حوکم و بەرپرسایەتی و پێکهێنانی ئەنجوومەنی نیشتمانی.

لـە دوای ئـەوە بـە بڕیـاری ژمـارە ٦٨٣ لـە ١٩٧١/٥/١١ ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕشی حزبـی بەعـس بڕیـاردا بـە پێکهێنانـی لێژنـەی بـاڵا بـۆ چارەسـەری کێشـەکانی تاییــەت بــە ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــاداری ١٩٧٠، ئەمــە دەقــی نووسراوەکەیــە بــە زمانـی عەرەبـی[١].

(١) الدكتـور جبـار قـادر و المحامـي طـارق جامبـاز، قـرارات مجلـس قيـادة الثـورى المنحـل الخاصـة بالكـورد و كوردسـتان، الطبعـة الاولى (اربيـل _ مطبعـة الحـاج هاشـم _ ٢٠١٣) ل ٦٠.

مجلس
قيادة الثورة

رقم القرار/٦٨٣
تاريخ القرار ١٩٧١/٥/١١

بسم الله الرحمن الرحيم

## قـــرار

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتأريخ ١٩٧١/٥/١١ ما يلي :ـ

تشكيل لجنة عليا برئاسة السيد صدام حسين نائب رئيس مجلس قيادة الثـــورة وعضوية كل مـــن :

| | |
|---|---|
| آ . السيد مرتضى الحديثي | عضو مجلس قيادة الثورة |
| ب . الفريق سعدون غيدان | عضو مجلس قيادة الثورة |
| ج . السيد نعيم حداد | عضو القيادة القطريـــة |
| د . السيد سمير عزيز النجم | عضو القيادة القطريـــة |
| هـ . السيد تايه عبدالكريم | عضو القيادة القطريـــة |
| و . السيد محمد فاضل | عضو القيادة القطريـــة |

٢ . تمنح اللجنة المتشكلة بموجب الفقرة (١) من هذا القرار كافة صلاحيات مجلس قيادة الثورة لاتخاذ ما ترى من قرارات كفيلة بتنفيذ بيان ١١/آذار .

٣ . اصدار القرارات والتعليمات المتعلقة بالمهمة الموكولة اليهـا وتبليغهـا الى كافـة الوزارات والدوائر المختصة .

٤ . قرارات اللجنة ملزمة وواجبة التنفيذ من قبل كافة الوزارات والدوائر المختصة فور تبليغها بها .

٥ . ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره .

أحمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

## پیلانی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی

دوای ئـەوەی چەندیـن هەوڵـی جیاجیـا بـە زۆر شـێوە بـۆ تیرۆرکردنـی مسـتەفا بارزانـی دران، بـەڵام لەبـەر لاوازیـی بیرۆکـەکان، یـان ئاشـکرابوونیان لـە لایـەن دەزگای پاراسـتنی شۆڕشـەوە، دوا جـار بیرییـان لـەوە کـردەوە کـە لـە ڕێـگای کەسـایەتییە ئایینییـەکان کردەوەیەکـی تیـرۆری ئەنجـام بـدەن.

لـە ١٩٧١/٩/١٥ دوو پیـاوی ئایینـی بەناوەکانـی عەبدولجەبـار ئەعزەمیـی سـونە مەزهـەب و عەبدولحوسـێن دەخیلیـی شـیعە مەزهـەب[١] سـەردانی مسـتەفا بارزانـی دەکـەن لـە شـوێنی حەوانـەوەی خـۆی لـە نزیـك شـارۆچکەی چۆمـان[٢]، مسـتەفا بارزانـی بەگەرمـی پێشـوازی و بەخێرهاتنیـان لـێ دەکات، ئـەوان گواییـە خۆیـان و هەندێککـی تـری پیاوانـی ئاینـی بـە نیـازی کاری خێـر و چاکـە، بـە نوێنـەری ئـەوان هاتـوون بـۆ نێوەندگیـری لـە نێـوان سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـوول و دەسـەڵاتدارانی بەغـدا و لێکنزیککردنـەوە و چارەسـەرکردنی کێشـەی نێـوان هـەردوولا، دوای ئـەوەی گفتوگۆیەکـی چەنـد کاتژمێـری لەگـەڵ مسـتەفا بارزانـی دەکـەن و مسـتەفا بارزانـی خۆشـحاڵی و پشـتگیری خـۆی بۆیـان دەردەبڕێـت و هـاوکاری تەواویـان بـکات لـەو پێنـاوە، دوای گەڕانەوەیـان و لـە ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩ بـۆ دووەم جـار هاتنـەوە بـۆ ئـەوەی چاویـان بـە مسـتەفا بارزانـی بکەوێـت، کـە ئـەم جـارە بـە دوو ئۆتۆمبێـل هاتـن و شـوفێرەکانیان سـەر بـە دەزگای موخابەراتـی عێراقـی بـوون، کـە ئەمانـەی خـوارەوە ناوەکانیانـن[٣]:

١. عەبدولجەبار ئەعزەمی، مامۆستای ئاینی.

٢. عەبدولحوسێن دەخیلی، مامۆستای ئاینی.

٣. ئیبراهیم خوزاعی، مامۆستای ئاینی و هەڵگری بۆمبەکە.

---

(١) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی کـورد . شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگـی سـێیەم، بەشـی دووەم،چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە _ ٢٠٠٤) ل ٦٧-٦٨.

(٢) جیـرارد جالیانـد، شـعب بـدون وطـن الكـرد و كردسـتان، ترجمـة / عبدالسـلام النقشـبندي، الطبعـة الاولـى (اربيـل _ دار اراس للطباعـة و النـشر _ ٢٠١٢) ص ٢٤٤.

(٣) حامیـد گەوهـەری، مسـتەفا بارزانـی پێشـمەرگە و سـەرۆك، چاپـی یەکـەم (هەولێـر - چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات - ٢٠١٧) ل ٥٤٧.

٤. عەبدولوەهاب ئەعزەمی، مامۆستای ئاینی.

٥. ئەحمەد عەبدوڵلا یاسین هیتی، مامۆستای ئاینی.

٦. ئەحمەد محەمەد قاسم، مامۆستای ئاینی.

٧. باقر موزەفەر، مامۆستای ئاینی.

٨. سەید نووری حوسێنی، مامۆستای ئاینی.

٩. غازی دلێمی، مامۆستای ئاینی.

١٠. محەمەد کامیل ئیسماعیل، شوفێر.

١١. عەبدولڕەحمان سلێمان کوخی، شوفێر.

لە کاتژمێر (١٦:٤٥) کاتێک مستەفا بارزانی بە یاوەری دکتور مەحمود عوسمان لەگەڵ نێردراوەکان دانیشتن، لە سەرەتای دانیشتنەکە بۆمبەکە دەتەقێتەوە کە ئیبراهیم خوزاعی هەڵگری بۆمبەکە بوو بەرانبەر مستەفا بارزانی و لە ناوەڕاستی هەر (٩) کەسەکەی تر دانیشتبوو، لەو کاتەش محەمەد شەریف هۆستانی کە چایچی بوو، لەو کاتەدا چای بۆ میوانەکان هێنابوو، هێشتا لە دانانی چا بۆیان تەواو نەببوو، ئەو کاتە دەکەوێتە نێوان مستەفا بارزانی و بۆمب هەڵگرەکە، بۆمبەکە دەتەقێتەوە و سەرەتا محەمەد شەریف هۆستانی بە سەختی بریندار دەبێت و دوای لەبەر سەختی برینەکەی شەهید دەبێت، ئیبراهیم خوزاعی هەڵگری بۆمبەکە لەگەڵ تەقینەوەکە دەکوژرێت و ئەگەر چی مستەفا بارزانی بانگی پێشمەرگەکانی کرد، کە دەست هەڵگرن و ئەوانی تر نەکوژن، بەڵام پێشمەرگەکان مەودایان پێنادەن و هەموویان دەکوژن[1]، لە هەمان کات هەردوو شوفێری ئۆتۆمبێلەکە کە پیاوی موخابراتن، هەوڵی کردەوەی تری تیرۆرستی دەدەن بە هاوێشتنی نارنجۆك بە ئاراستەی مستەفا بارزانی و دکتۆر مەحمود عوسمان، دوای ئەویش ئەو دوو ئۆتۆمبێلەی کە شاندەکەی هێنابوو بتەقێنەوە، چونکە ئۆتۆمبێلەکانیش بۆمبڕێژ کرابوون، بەڵام پاسەوانەکان بواریان پێ نادەن و ئەوانیش دەکوژن، لێرەدا شایەنی باسە مستەفا بارزانی بە موعجیزە ڕزگاری دەبێت و دکتۆر مەحمودیش سەلامەت دەردەچێت، جگە لە محەمەد شەریف هۆستانی، سەلیم زوبێر بارزانیش شەهید دەبێت و لەگەڵ (١٤) چوارده

(١) هەمان سەرچاوە .

پاسـەوان برینـدار دەبـن[1]. دوای ئـەو کـردەوە تیرۆرسـتیە لـە سـەر ئاسـتی ناوخـۆ و دەرەوە ئیدانـەی ئـەو کارە کـرا و لـە زۆربـەی دەزگا ڕاگەیاندنـە بەناوبانگەکانـی ئـەو سـەردەمە باسـیان لـەو کـردە تیرۆرسـتیە کـرد، دوای ئـەو کـردەوە تیرۆرسـتیە فەرمانبـەرە کـوردە پلـە باڵاکانـی بەشـدار لـە حکوومەتـی عێراقـی، گەڕانـەوە کوردسـتان و سـوپای عێـراق کەوتـە حاڵەتـی ئامـادە باشـی[2] و ئاگادارکردنـەوەی(ج) (انـذار ج)[3] بـە تایبەتـی ئەحمـەد حەسـەن بەکـر کـە نوێنـەری خـۆی نـارد بـۆ لای مسـتەفا بارزانـی کـە لـە کـردەوە تیرۆرسـتیە ڕزگاری بـووە، نوێنەرەکـە بڕیـاری دا بـە پێکهێنانـی لێژنەیـەك لـە هـەردوولا بـۆ دۆزینـەوەی ئـەو کەسـانەی کـە لـە پشـت ئـەو کارە بوونـە، وە لێـرەدا مـن ناتوانـم بڵێـم ئاخـۆ ئـەو کەسـایەتیانە هەموویـان ئـاگاداری ئـەو کـردەوە تیرۆرسـتیە بوونـە یـان نـا، بـەڵام ئەگـەر خوێنـەر سـەیری ناسـنامەی شـاندەکە بـکات، هەندێـک شـتی گومانـاوی دەبینێـت، بـۆ نموونـە ئـەو دوو ناسـنامەی فەرمانبـەران کـە لێـرە دانـراون، ئـەوەی ئەحمـەد عەبدوڵـڵا ئەلهیتـی لـە شـوێنی ناونیشـان(العنوان) نـووسراوە (سـکرتیر دار الثقافـة الاسـلامیة) و ژمـارەی ناسـنامە(رقم الهویـة) نـووسراوە (١٠٢) و مێـژووی دەرچوونی(تاریـخ الاصـدار) نـووسراوە ١٩٧١/١/١، بـەڵام لـە ناسـنامەی ئەحمـەد محەمـەد قاسـم لـە شـوێنی ناونیشـان نـووسراوە (بغـداد) و ژمـارەی ناسـنامە(رقم الهویـة) نـووسراوە (١٠٥) و مێـژووی دەرچوونی(تاریـخ الاصدار) نـووسراوە ١٩٧٠/١٠/٢٠، پرسـیار ئەوەیـە چـۆن دەبێـت ژمـارەی ناسـنامەی (١٠٥) پێـش ناسـنامەی ژمـارە(١٠٢) دروسـتکرابێت؟

وە ئەگـەر سـەیری ناسـنامەی بـاری شارسـتانی (هویـة الاحـوال المدنیـة) بکەیـن بـۆ مامۆسـتای ئاینـی لـە شـوێنی (الحالـة العلمیـة) نـووسراوە (یقـرأ و یکتـب)، هەندێـک شـتی گومانـاوی هـەن کـە جێـگای ئەوەیـە هەڵوەسـتەی لەسـەر بکرێـت و بەدواداچـوون و لێکۆڵینەوەیـان لەبارەوەبکرێـت.

---

(١) وەلـی زبێـر هۆسـتانی، چەنـد داسـتان و ڕووداو و بەسـەرهاتێك لـە شـۆڕش و ڕاپەرینەکانـی بارزانـدا، چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات _ ٢٠١٧)، ل١٢٧.

(٢) الدکتور عصام عزیز شریف، مذکرات عزیز شریف، طبعة الاولی (شباط ٢٠١٠)، ص ٣٣٩ .

(٣) ئاگادارکردنـەوەی(ج) (انـذار ج)/ ئـەو ئاگادارکردنـەوە لەلایـەن فەرماندەیـی گشـتی هێـزە چەکدارەکان دەردەچێـت بـۆ بەشـێك یـان تـەواوی سـوپا، ئـەو بڕیـارە لـەو بارودۆخانـە دەدرێـت: (١)ئامادەبـوون بـۆ کاری بەرگریکـردن و پارێـزگاری. (٢) ئاماژەکـردن بـە ئاگادارکردنەوەیەکـی ترسـناك یـان هێرشـێکی ئاسـمانی. (٣) یەکەکانـی سـوپا ئامـادە بـن بـۆ وەڵام دانـەوەی بـۆ ئـەرك. (٤) بـۆ وریایـی و ئامادەباشـی بـۆ هـەر کارێـك.



هـــوية

المنتسبين والعاملين في دار الثقافة

الاسلامية - بغداد - ص . ب ٤٣٢

هاتف ٢٥٦٦٤ ، ٦٢١٧٩

الاسم الكامل احمد عبد الله الهيتي

العنوان سكرتير دار الثقافة الاسلامية

رقم الهوية ١٠٢

تاريخ الاصدار ١/١/١٩٧١

توقيع صاحب الهوية

رئيس هيئة الدار

تجدد هذه الهوية سنوياً



هـــوية

المنتسبين والعاملين في دار الثقافة

الاسلامية - بغداد - ص . ب ٤٣٢

هاتف ٢٥٦٦٤ ، ٦٢١٧٩

الاسم الكامل

العنوان بغداد

رقم الهوية ١٠٥

تاريخ الاصدار

توقيع صاحب الهوية

رئيس هيئة الدار

تجدد هذه الهوية سنوياً



هـــوية

المنتسبين والعاملين في دار الثقافة

الاسلامية - بغداد - ص . ب ٤٣٢

هاتف ٢٥٦٦٤ ، ٦٢١٧٩

الاسم الكامل محمد كامل اسماعيل

العنوان بغداد

رقم الهوية ١٠٨

تاريخ الاصدار ١/١/١٩٧١

توقيع صاحب الهوية

تجدد هذه الهوية سنوياً

رئيس هيئة الدار



هـــوية

المنتسبين والعاملين في دار الثقافة

الاسلامية - بغداد - ص . ب ٤٣٢

هاتف ٢٥٦٦٤ ، ٦٢١٧٩

الاسم الكامل

العنوان النجف الاشرف العراق

رقم الهوية

تاريخ الاصدار

توقيع صاحب الهوية

تجدد هذه الهوية سنوياً



ديوان الاوقاف

توقيع صاحب الهوية

التوقيع



الجمهورية العراقية

هوية

رقم الهوية : ١٧٠

تاريخ الاصدار :


هوية
المنتسبين والعاملين في دار الثقافة
الاسلامية - بغداد - ص . ب ٤٣٢
هاتف ٢٥٦٦٤ / ٩٢١٧٩
الاسم الكامل
العنوان
رقم الهوية
تاريخ الاصدار
توقيع صاحب الهوية
تجدد هذه الهوية سنوياً


٤٠٨٥٠٧
م/ق
جابر مرزة الجبوري


١٨٩٢٠٨
م/ص


موظف حكومي


هوية الموظفين
الأسم واسم الأب
الدائرة
المهنة
العنوان
الراتب
رقم البطاقة
تاريخ الأصدار
توقيع صاحب الهوية


المهنة
تاريخ الولادة
محل الولادة
العلامات الفارقة
الحالة الزوجية
الاوصاف
توقيع صاحب الهوية


الجمهورية العراقية
وزارة الداخلية
رقم الهوية
١٦٩٩٨٢
هوية الأحوال المدنية
(البطاقة الشخصية)
الاسم واللقب
اسم الاب والجد
اسم الام والجد
الحالة المدنية
تاريخ الاصدار

## نامەی سەدام حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بۆ مستەفا بارزانی

ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

جێگری سەرۆك

برای بەڕێز باوکی ئیدریس

سڵاوێکی برایانە، هیوام وایە باش بیت

ڕاستەوخۆ، دوای خۆماڵیکردن، دوای لێکدابڕانێکی درێژ لە نێوانمان لە مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتردا، یان لە ڕێگەی نامەوە و لێشت ناشارمەوە کە دوودڵ بووم و تەنانەت بیرۆکەکەشم وەلا نا، تا نیوەڕۆی ڕۆژی ٤ / ٧ چاوم بەبرایان ساڵح یوسفی و محەمەد عەبدولڕەحمان کەوت و سەیرم کرد پێویستییەکە هێشتا لە ئارادایە، سێ و دوو کردنم لە نەنووسین بۆتان لە خودی حەز پێنەکردن خۆی و هۆ و هەندێک ئیعتیباری بێ بنەما نییە، بگرە هۆیەکەی، بەشێوەیەکی دیاریکراو مەترسیی تۆ و هەندێک لە وتەبێژییەکانت بوو، بۆ ئەوانەی لێتەوە نزیکن کە هەمیشە پێم دەگەیشتنەوە، ئەمەش وای لێ دەکرم دوودڵیی زۆرم هەبێت لە نووسین بۆت، نەوەك نووسینەکە بەشێوەیەك لێك بدرێتەوە من خۆم بەدڵم نەبێت و بۆ پێوەندییەکەی نێوانیشمان پێی ڕازی نەبم.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرژەوەندیی گشتی لە هەموو ئیعتیبارێکی تر بەهێزترە و هەر لە سەر بنچینەی ئەوەشە، کە دووبارە نامەت بۆ دەنووسمەوە، بەچاوپۆشیکردن لەوەی کە چۆن سەیری ئەم نامەیە دەکەیت، بەڵام ئەوەی هەمیشە و هەردەم بە لای ئێمەوە گرنگە، ئەوەیە لە داهاتوودا بێتەوە بیرت بەو شێوەیەی کە جەخت لەسەر ڕاستیی ئەوەی باسی دەکەم بکاتەوە و ئەوەی باسی دەکەم بەو پەڕی قەناعەتەوە، قەناعەتم بەڕاستییەکەی هەیە.

کارێکی بەڵگە نەویستە کە ئێستا بڵێی، حاڵەتەکە گەیشتووەتە قۆناخێك،

مەترسیداری تێپەڕاندووە و وای لێهاتووە خەریکە دەتەقێتەوە، بگرە من خۆیشم نازانم بۆچی تا ئەم کاتەی ئێستە نەتەقیوەتەوە. لەوانەیە هۆیەکەی ئەوە بێت ئێمە هەردوو لامان هێشتا بەشێوەیەکی ئێکجارەکی بڕیارمان نەداوە بیتەقێنینەوە، بە یەکجاری پێوەندی بپچڕێنین، جا بۆ ئەوەی بچمە ناو باسەکەوە، دەڵێم گەیشتنی کارەکە بەم حاڵەتە، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك ڕەنگە لە پێش هەموویانەوە و لەسەر هەموویانەوە نەبوونی متمانە بێت لە نێوانماندا، بەشێوەیەکی دیاریکراو لە نێوان ئەو کەسانەی پلە پلەی هەرەمی ناوەندی یەکەم لە حزبی بەعس و دیموکراتی کوردستان داگیر دەکەن، وێڕای هۆکارەکانی ئەم دواییە کە هەموویان پێکەوە ئەوەندە قورساییە لە هاوسەنگیدا دروست ناکەن کە هاوتای ئەو قورساییە بێت، ئەوەی هۆکارە سەرەکییەکەی ئاماژەمان پێ کرد، دروستی دەکات، خۆ ئامادەکردن و وریایی لە هەردوو لاوە شاراوەیە و هێڵی تان و پۆش ئاماژە بە زیادبوونێکی پڕ مەترسی لە بەرەو خراپ چوونی بارودۆخەکە دەکات، هەر هەمووش ماوەی شەڕ بەتەواوەتی لە ناو نابەن و هەریەکەش خۆی بۆ حاڵەتێك ئامادە دەکات کە بەهۆیەوە بەهێزتر بێت، لەو هەلومەرجەی ئێستای و سووتەمەنییەکەش لە هەموو حاڵەتێکدا بەچاوپۆشی لەوەی کێ سەردەکەوێت گەلە چاکەکەمان دەبێت، بەڵام دەمەوێت پرسیارێك بکەم و خۆیشم لەو پرسیارلێکردنە نابەخشم، تۆ بڵێی هیچ کامێکمان لە دەروازەی مێژووەوە بچینە ژوورەوە، ئەگەر مێژوو لەسەری بنووسێت کە گەلەکەی خۆی دەکوشت و دەربەدەری دەکرد، من بڕوا ناکەم و باوەڕم وایە ئەگەر ئاشتی بەرپابوو، ئەو ئاشتییەش من مەبەستمە ئەو ئاشتییە ڕووکەشە نییە دوای چەند مانگێك لە بەیاننامەی ئاداری مەزن باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، بگرە ئاشتیی ڕاستەقینە کە دەرگای پێ لە ڕووی دەروازەی شەڕ و تابوورەکانی و بەڕووی هەموو قیژ و هۆڕی بانگکردن، بۆ وێرانکاری و شەڕ و خۆئامادەکردن بۆیان دادەخات. من قسەت لە بارەی ئەو چەمکانەوە بۆ دەکەم، نامەوێ خۆم لە میحرابی ئاشتی و تۆش لە نێو تەندووری شەڕ دابنێم، بگرە بەتەواوەتی بەم چەمکانە چەند مەبەستم تۆیە، ئەوەندەش مەبەستم خۆمە، برا، هیواشم وایە زۆر بیر لەوە بکەیتەوە کە ئەمریکا و ئینگلیز و حکوومەتی ئێرانی چی لە تۆ و لە من دەکەن، بەشێوەیەکی دیاریکراویش لە تۆ، دوای ئەوەی مەبەستە هەنووکەییەکانیان کۆتایی دێت، ئەوەی ئەوانە دەیانەوێت بەختیاریی گەلی کورد نییە و ئەوەشیان ناوێت کارەکە سەبارەت بەکورد بەجیابوونەوە کۆتایی بێت، بگرە ئەوان دەیانەوێت کە شەڕ دەست پێ بکات، بێ ئەوەی کۆتایی

بێت و بەشێوەیەکی دیاریکراو دەیانەوێت سەر لە نوێ خوێن لەبەر ڕۆیشتنی گەلی کورد دەستپێبکاتەوە، ئینجا حکوومەتی بەغداش بڕووخێنن وەك هەمیشە وەسفمان دەکەیت، دوای ئەوە هەوادارانی خۆیان هان بدەن و ئینجا جارێکی تر پانتان بکەنەوە بەپێی ڕێککەوتنێکی گەورە و هەمەلایی لە ناوچەکەدا، ئێمە شتەکە وا وێنا دەکەین و دەیخەینە بەرچاوی خۆمان و پێشم وانییە ئێوە بەرانبەر ئەم بۆچوونانە شتێکتان لەزەیندا نەبێت، بەڵام ئەوەی لەم نامەیەمدا دەمەوێت ئەوەیە، هۆکار و ترسی سۆزەکی ناواقیعی هەندێک جار پاڵتان پێوە نەنێت بۆ لەبیرچوونەوەی ئەم ڕاستییە.

ئینجا پرسیارێکی تر دەمێنێتەوە، چی بکەین؟ و وشەی چی بکەین ناکرێت لە چەند کاغەزۆکەیەکی کەمدا یەکلایی بکرێتەوە و لە قسەیەکی بەپەلەی لەم جۆرە کە ئێستا لەسەر ئەم کاغەزە دەنووسرێت، بەڵام لێرە دەمانەوێت ئێمە لە لایەنی خۆمانەوە جەخت لە ئامادەیی خۆمان بکەینەوە، ئەگەر حەزتان کرد بۆ باسکردنی کاروبارەکان لەسەر ئاستی ڕاشکاوانەی دووردرێژ و بنچینەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ پێوەندییەکانی نێوانمان دابنێین، کە ئارەزوو و پلان و نیازی پشت پەردە گەرداویی نەکەن و ئاسۆکانی بەشێوەیەك دەستنیشان بکرێت، کە خزمەتی ئاواتەکانی گەلی کوردمان و ئاواتەکانی هەموو گەلی عێراق بکات، ویستم بەکورتی ئەوەی لە مێشك و لە دڵمدایە بیڵێم، تاکو لە قورسایی بەرپرسایەتییەکی مێژوویی بەرانبەر کێشەیەك خۆم ڕزگار بکەم، کە خۆم یەکێك بووم بەجیدی و دڵسۆزی کارم بۆ چارەسەرکردنی کردووە، تا ئەرکی دڵسۆزان دەستەگوڵی بەیاننامەی ئاداری مێژوویی لێکەوتەوە. لەگەڵ ئاواتم بۆ ئەوەی خوا دەستی هەموومان بگرێت بۆ ئەو شتەی خێر و داهاتووی گەلەکەمانی تێدایە و هەربژین.

سەدام حوسێن

١٩٧٢ / ٧ / ٤

## وەڵامی مستەفا بارزانی بۆ نامەکەی سەدام حوسێن

سیادەتی برا سەدام حوسێنی بەڕێز

السلام علیکم و رحمه الله و برکاته

نامەکەی ٤ / ٧ / ١٩٧٢ تانم بەسوپاسەوە وەرگرت و دەمەوێت لە وەڵامدانەوەدا ڕاشکاو بم، چونکە هەر ڕاشکاوییە دەمانگەیەنێتە زانینی ڕاستی.

کاتێک بەیاننامەی ١١ی ئادارمان مۆرکرد، هیوایەکی زۆرمان پێی بوو کە ئەو ڕووداوە مێژووییە کۆتاییەك بۆ مەرگەسات و ئازاری گەلی عێراقمان بەگشتی و گەلی کوردمان بەتایبەتی دابنێت و ببێتە بناخەیەکی چەسپاوی ئاشتی و برایەتی و یەکسانیی نەتەوەیی لە لایەکانی وڵاتەکەماندا.

بەڵام پێنج حەفتە تێنەپەڕی بوو تا ئەو دەستانەی ماوەیەکی درێژ لەسەر شەڕ دەژیان و زیانیان لە ئاشتییەوە پێ گەیشتبوو، بە نهێنی و بەئاشکرا دژی بەیاننامەی ئادار دەستیان بەکارکردن کرد و هەر زوو ڕووداوە داخاوییەکان یەك بەدوای یەکدا هاتن و نیازەکان دەرکەوتن، ئەوانە ویستیان ئەوەی بەشەڕ نەهاتە دی، ئەوان بەئاشتی وەدیی بهێنن، ئینجا ئەمە چ سەبارەت بەلێکهەڵوەشاندنەوەی بزاڤی کوردایەتی بێت، یان گۆڕینی نیشانەی هەندێک ناوچەی کوردەواری و لە هەموو جۆر و لە هەموو لایەك لە گەلی کوردمان درا و بە شێوەیەك کە لە شەڕ ئاڵۆزتر بوو، تەنانەت دەتوانم بڵێم گەلەکەمان چێژی ئاشتی و ئارامیی ڕاستەقینەی نەکرد.

لە لایەکی تریشەوە، دوژمنانی گەلەکەمان لە لایەنی دامودەزگا حکوومەتییەکانەوە پشتگیریکران و لاگیری کران و ئەو تەنگ پێ هەڵچنینەی دڵسۆزان دووچاری هاتن، ڕوو لە زیادیە، تەنانەت وای لێهات ناردنی نەخۆش بۆ بەغدا و شارەکانی تر وە زەحمەت کەوت و سەرەڕای ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەش، ئێمە لە لایەنی خۆمانەوە لە تەکبیری وریایی و ئاگا لە خۆبوون و داکۆکیکردن لە بوونی گەلەکەمان و قوربانییە زۆرەکانی بەولاوە، چیترمان نەکرد.

هەرچی چۆنێك بێت، من لەگەڵ ئێوەدا کۆکم کە حاڵەتەکە گەیشتووەتە قۆناخێکی پڕ مەترسی و تەنگژە بڕوا سەبارەت بەهەردوولا گشتگیرە، ئێمە

لەگـەڵ ئێـوەدا کۆکیـن کـە وردە بابەتەکانـی ئـەم کێشـە گەورەیـە ناکرێـت لـە نامەیـەك، تەنانـەت لـە چەنـد نامەیەکیشـدا بـاس بکرێـت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بەپێـی هەڵسـەنگاندنی ئێمـە، کلیلـی چارەسـەرکردنەکە لـە دانپێدانانـە بـە واقیعـی بزاڤـی کوردایەتـی و ئـەو نیـاز گۆڕینانەیـە کـە بەدرێژایـی ئـەو دوو ساڵەی ڕابـردوو زاڵ بـوو و گۆڕینـی شـێوازی مامەڵەکـردن و دانانـی سـنوورێك بـۆ ئـەو سیاسـەتە جیـاوازی کردنـەی لـە هەمـوو لایەکـی ژیـان، دژی کـورد پێـڕەو دەکرێـت و کۆتایـی هێنانـە بـەو دوژمنایەتییـەی دامـودەزگا حکوومەتییـەکان دژی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و ئەندامـانی پێـڕەوی دەکـەن و دانانـی چوارچێوەیەکـی چارەسـەرکردنی، دیاریکردنـی ناوچەکانـی کـوردەواری و هەڵهێنانـی هەنـگاوی ئەوتـۆ وا لـە هاووڵاتـی بـکات، هەسـت بەیەکسـانی بـکات، بـە چاوپۆشـین لـە هـەر شـتێکی تـر و پێڕەوکردنـی سیاسـەتی بەتونـدی لێدانـی ئـەو دەسـتانەی لـە ژێـر هـەر پەردەیـەك بێـت، زیـان بەبرایەتیـی نێـوان عـەرەب و کـورد و کەمـە نەتەوەییـەکان دەگەیەنـن.

ئـەو هەنگاوانـە ئەگـەر پێڕەوبکرێـن، دەبنـە هـۆی دەسـتپێکردنەوەی ڕێـڕەوی ئـاداری مەزنـی مێژوویـی.

ئێمـە لـە لایەنـی خۆمانـەوە ئامادەیـن هـەر هەنگاوێـك بهاوێیـن، یـان هـەر ئەرکێـك بکێشـین کـە گەلـی عێراقـمان بەعـەرەب و کـوردەوە لـە ماڵوێرانـی شـەڕ دوورخاتـەوە و بـەرەو ئاشـتییەکی هەمیشـەیی و چەسـپیو لەسـەر بنچینـەی جێبەجێکردنـی ڕێکەوتنـی ١١ی ئـادار، بـڕوات.

لەگەڵ ئەو پەڕی تەقدیر و ڕێزدا ...

دڵسۆزتان

مستەفا بارزانی

٦ / ٧ / ١٩٧٢

## هەوڵە بەردەوامەکانی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی

دوای ئـەوەی پیلانـی شکسـت خـواردووی جـاری پێشـوو بـە هـۆی پیاوانـی ئاینی، کە کۆتایـی هـات بـە ژیانـی هەمـوو ئەوانـەی کـە کارەکەیـان ڕادەپەڕانـد و سـەرکەوتنیان بەدەسـت نەهێنـا، جارێکـی تـر سـەدام حوسـێن و داروودەسـتەکەی لـە ڕێـگای بەڕێوبـەری ئاسایشـی گشـتی نـازم گـزار هەوڵییـان دا لـە ڕێـگای کوردپەروەرێکـی خەڵکـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـە نـاوی ئیبراهیـم گابـاری کردەوەیەکـی تـری تیـرۆر ئەنجـام بـدەن. دوای ئـەوەی ئیبراهیـم گابـاری لـە سـوریا دەردەکرێـت و پەنـا بـۆ عێـراق دەهێنێـت، نـازم گـزار لـە ڕێـگای گابـاری هـەوڵ دەدات کردەوەیەکـی تیـرۆر ئەنجـام بـدات، بـەڵام لەسـەرەتا داوا لـە گابـاری دەکات خـۆی لـە سـەرکردایەتی شـۆڕش نزیکبکاتـەوە تـا متمانـەی تـەواوی پـێ بکـەن، سـەرئەنجام لـە ١/٦/١٩٧٢[1] گابـاری چـاوی بـە مەسـعود بارزانـی دەکەوێـت وەکـو بەرپرسـی پاراسـتنی شـۆڕش، گابـاری ناوەڕۆکـی پیلانەکـەی گـزار بـۆ مەسـعود بارزانـی ئاشـکرا دەکات، دوای ئـەوەی مەسـعود بارزانـی هەندێـک پرسـیاری ئاراسـتە دەکات، هەسـت بـە ڕاسـتی و دروسـتی قسـەکانی گابـاری دەکات و ڕێنوێنـی دەکات کـە بـەردەوام بێـت لەسـەر کارەکـەی تـا دوا هەنـگاو، کاتێـک گابـاری دەگەڕێتـەوە بـۆ بەغـدا ئەفسـەرانی ئاسایشـی گشـتی عێراقـی پێشـنیازی دوو ڕێـگا دەکـەن بـۆ گـزاری بەڕێوەبەریـان، تـا کۆتایـی بـە ژیانـی مسـتەفا بارزانـی بهێنـن، ئەوانیـش پێدانـی ژهـر و تەقینـەوە[2]، دەگەنـە ئـەو ئەنجامـەی کـە بـە ڕێـگای تەقینـەوە کـردەوە تیرۆرسـتیەکە ئەنجـام بـدەن، بـەڵام بـۆ ئـەو کارەیـان پێویسـتە گابـاری تـەواو نزیـك ببێتـەوە لـە مسـتەفا بارزانـی، تـا جەنتـای ئامادەکـراو بـۆ تەقینـەوە لـە نزیکـی ئـەو جـێ بهێڵێـت، و داوا لـە گابـاری دەکـەن بۆمـان بسـەلمێنە کـە تـۆ دەتوانـی نزیـك ببیتـەوە لێیـان، بـۆ ئـەو سـەلماندنەش پێویسـتە تـۆ وێنەیـان لەگـەڵ بگریـت، دوای هەفتەیـەك جارێکـی تـر گابـاری دەگەڕێتـەوە و بـە مەسـعود بارزانـی دەڵێـت ،داوایـان لـێ کـردووم کـە وێنـە لەگـەڵ هـەر یـەك لـە مسـتەفا بارزانـی و ئیدریـس بارزانـی و تـۆ بگـرم، تـا بڕوایـان هەبێـت کـە مـن لـە ئێـوە نزیکـم، مەسـعود بارزانیـش ئـەوەی بـۆ دەکات

---

(١) حامیـد گەوهــەری، مسـتەفا بارزانـی پێشـمەرگە و سـەرۆك چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانــەی رۆژهــەڵات _ ٢٠١٧) ل ٥٦٦.

(٢) الدكتور عصام عزيز شريف، مذكرات عزيز شريف، طبعة الاولى (شباط ٢٠١٠) ص ٣٤٧.

کـە داوایـان لـێ کـردووە[١]، دوا جـار ئیبراهیـم گابـاری لـە ١٩٧٢/٧/١٥[٢] بـە خۆیـی و ئـەو جانتایـەی کـە ئامادەکرابـوو بـۆ تەقینـەوە، گەیشـتە سـەرکردایەتی شـۆڕش لـە حاجـی ئۆمـەران بـۆ ئـەوەی مسـتەفا بارزانـی تیـرۆر بـکات، ئەگـەر بـواری بـۆ نەڕەخسـا ئیدریـس بارزانـی تیـرۆر بـکات، ئەگـەر نـا هەوڵـی خـۆی بـۆ تیرۆرکردنـی مەسـعود بارزانـی بـدات، دوای ئـەوەی دەسـت بەسـەر جانتاکـەدا گیـرا و پووچـەڵ کرایـەوە، لـە ڕۆژنامـەی (التاخـی) ئـەو پیلانـە شکسـتخواردووە بڵاوکرایـەوە.

دوای ئـەو هەواڵـە وەزارەتـی ناوخـۆی عێراقـی بـە تونـدی نکۆڵـی لـەوە کـرد کـە حکوومەتـی عێراقـی دەسـتی لـەو کارەدا هەبێـت، دوای ئـەوە لێژنەیەکـی لێکۆڵینـەوە بـۆ ئـەم مەبەسـتە پێکهێنـدرا و لـە لایـەن شۆڕشـەوە هەمـوو بەڵگـەکان و، کەسـی تاوانبـار هاتـە پێـش لێژنـە و دانـی نـا بـە تاوانەکـەی، بـەڵام ئـەو لێژنەیـەش وەکـو ئـەوەی پێشـوو هیچـی نەکـرد، تـا کاتـی نـازم گـزار لـە هەوڵـە شکسـتخوادووەکەی بـۆ کودەتـا دەسـتگیر کـرا، دانـی نـا بـە تاوانەکـەی و حکوومەتـی عێراقیـش دانـی نـا بـەوەی هـەردوو هەوڵـی تیرۆرسـتی بـۆ سـەر ژیانـی مسـتەفا بارزانـی لـە ڕێـگای نـازم گـزاری بەڕێوەبـەری ئاسایشـی گشـتی عێـراق بـووە.

ئـەو کردەوانـە و چەندیـن کـردەوەی تـر لـە شـوێنە جیاجیـاکان و بەسـەر کەسـایەتیە جیاجیاکانـی شـۆڕش بەردەوامـی هەبـوو، هەمـوو هەوڵێکیـش بـۆ ئـەوە بـوو کـە ئـەو ئارامـی و سـەقامگیریەیی لـە کوردسـتان هەیـە، بشـێوێنن و کارێکـی وا بکـەن سـەرکردایەتی شـۆڕش بیـر لـە هەڵوێسـتی بەرانبـەر بکاتـەوە لـە دژی حکوومەتـی عێـراق و ببێتـە هـۆی هەڵوەشـاندنەوەی بەیانـی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠، بـەڵام سـەرکردایەتی شـۆڕش بـە ڕابەرایەتـی مسـتەفا بارزانـی زۆر بـە حەکیمانـە دەیڕوانییـە کێشـەکان.

---

(١) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی کـورد . شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگـی سـێیەم، بەشـی دووەم،چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە _ ٢٠٠٤) ل ٧٨.

(٢) حبیـب تومـی، البارزانـی مصطفـی قائـد مـن هـذا العـصر، الطبعـة الاولی (اربیـل _ دار اراس للطباعـة و النـشر_ ٢٠١٢) ل٦١٠.

## مانۆڕەکانی حزبی بەعس

حزبـی بەعـس لـە سـەرەتاوە ڕێککەوتنـی لەگـەڵ سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـوول کـرد، ئامانجـی سـەرەکییان بەدەستخسـتنی کات بـوو، چونکـە لـەو سـەردەمە شـەڕ لەگـەڵ کـورد لـە بەرژەوەنـدی بەعـس نەبـوو، ئەویـش لەبـەر چەنـد هۆیـەك:

١. حزبـی بەعـس ماوەیەکـی کـورت بـوو کودەتـای کردبـوو، ترسـی هەبـوو پێـش ئـەوەی پێگـەی خـۆی قایـم بـکات، کودەتـای لـە دژ بکرێتـەوە.

٢. لـە کاتـی کودەتاکەیـان لـە ١٧ی تەمـووزی ١٩٦٨ تـا سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٠ سـوپای عێـراق زیانێکـی زۆری بەرکـەوت لـە بەرەکانـی شـەڕ دژ بـە پێشـمەرگە.

٣. حکوومەتـی عێراقـی لـە ڕووی ئابووریـەوە لـە بارێکـی ناجێگیـر بـوو، توانـای تـەواوی نەبـوو بـۆ بەڕێوەبردنـی وڵات، بـە تایبەتـی لـە بـواری سـوپادا، چونکـە خەرجیـی سـوپا ئێجـگار زۆر بـوو.

ئێسـتا تەنیـا بەدەستخسـتنی کات، حزبـی بەعـس ڕزگار دەکات لـەو بـێ هێـزی و بـێ دەسـەڵاتیە، بۆیـە حزبـی بەعـس هەمـوو هەوڵێکـی خسـتەگەڕ بـۆ ڕێککەوتـن لەگـەڵ سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـوول، ئـەوە بـوو ڕێککەوتنـی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ی لێکەوتـەوە کـە تـا (٤) چـوار سـاڵی تـر حزبـی بەعـس توانـی کات بەدەسـت بخـات، ئەمـە وای کـرد لـە بـەری کـوردەوە کێشـەی نەمێنێـت، یـان ئەگـەر هەبێـت هێـدی هێـدی بـە جۆرێـك لـە جـۆرەکان لـە مـاوەی ئـەو چـوار سـاڵە دوایـان بخـات بـۆ کاتـی نادیـار.

ئـەو چـوار سـاڵە، دەوڵەتـی عێراقـی بـە ڕابەرایەتـی حزبـی بەعـس ڕۆژ بـە ڕۆژ لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە پێگـەی خـۆی قایـم دەکـرد. دوای ئـەوەی چەندیـن هەوڵـی تیرۆرکردنـی ئەنجـام دا و ئەنجامەکانیشـی بـە شکسـت کۆتاییـان دەهـات، ناچـار بـوو بیـر لـە ڕێـگای تـر بکاتـەوە بـۆ بەهێزکـردن و داکوتینـی پێگـەی حزبـی بەعـس لـە عێراقـی ئـەو سـەردەمە، کـە گرنگترینیـان ڕێککەوتـن بـوو لەگـەڵ یەکێتـی سـۆڤیەت، ئـەوە بـوو عێـراق لـە ١٩٧٢/٤/٧ پەیمانـی بیسـت سـاڵەی لەگـەڵ یەکێتـی سـۆڤیەت[١] بەسـت، ئەگـەر چـی لەسـەرەتاوە سـۆڤیەت بـاوەڕی بـە حزبـی بەعـس نەبـوو، بـەڵام لـە دوایـی بـۆ سـۆڤیەتیەکان دەرکـەوت کـە لـە ئێسـتا باشـترین دۆسـت بـۆ

---

(١) سـەید کاکـە، بیـرەوەری پێشـمەرگەیەك، چاپـی سـێیەم (هەولێـر - چاپخانـەی شـەهاب - ٢٠٠٠ ) ل٨٤.

ئـەوان لـە ناوچەکـە عێراقـە.

بـە گوێـرەی پەیماننامەکـە حکوومەتـی عێراقـی ڕێـگای دا بـە کۆمپانیاکانـی سـۆڤیەتی، کار بکـەن لـە بەشـێك لـە کۆمپانیـا نەوتییەکانـی عێراقـی و کارکـردن لـە بەنـدەری ئاویـی عێـراق و مۆرکردنـی چەندیـن گرێبەسـت کـە گرنگترینیـان گرێبەسـتی سـەربازی بـوو لـە نێوانیانـدا، بـە گوێـری ئـەو گرێبەسـتە سـەربازییەوە حکوومەتـی عێراقـی توانـی نوێتریـن چەکـی سـۆڤیەتی بـە دەسـت بخـات، کـە بریتـی بـوون لـە بالەفڕەکانـی (TU٢٢)و (سـیخۆی) و (میـگ٢٥) و تانکـی (تـی٥٥) و مووشـەکی جـۆری (سـام)ی دژە ئاسـمانی و تۆپـی ئەنـدازە (١٥٢)ملیـم و(١٣٠)ملیـم[1] و چەندیـن چەکـی جۆراوجـۆری تـری ئـەو سـەردەمە.

لـەو کاتـەی عێـراق و سـۆڤیەت لـە یـەك نزیکبوونـەوە، حکوومەتـی عێراقـی لـە مانگـی حوزەیرانـی ١٩٧٢ بڕیـاری خۆماڵیکردنـی نەوتـی خۆیـی ڕاگەیانـد، ئەگـەر چـی لـە سـەرەتادا کۆمپانیـا نەوتیـەکان دژایەتـی خۆیـان ڕاگەیانـد کـە نـەوت لـە عێـراق نەکـڕن، بـەڵام دواتـر بـە ناچـاری بـۆ پێداویسـتی نـەوت، جارێکـی تـر خواسـت لەسـەر نەوتـی عێراقـی پەیدابوویـەوە.

---

(١) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی کـورد . شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگـی سـێیەم، بەشـی دووەم،چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە _ ٢٠٠٤) ل ٩٣.

## هەوڵەکانی حکومەت بۆ لەباردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار

بەعس بە ناچاری لەگەڵ کورد ڕێککەوت، دوو ساڵ نەدەبوو هاتبوونە سەرحوکم، هێشتا خۆیان نەگرتبوو، بنکەی جەماوەریی لاواز و ناکۆکی ناوخۆیان هەبوو، لەڕووی ئابووری لاواز بوو، پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە کز و لاواز بوو، شۆڕشی کوردستانیان لەسەر خۆیان بەمەترسی گەورە دەزانی لە ئێستا و لە داهاتوو، دەیانەویست تاکو پێگەی خۆیان لەدەسەڵات قایم دەکەن، بەرانبەر بە هێزە شۆڕشگێڕ و دیموکراتخوازەکان نەرمی بنوێنن، لەو بارەیەوە حەردان تکریتی وەزیری بەرگری عێراقی ئەو کات دەڵێت: ((پێش دوو مانگ هەوڵ و تەقەلاکانمان بۆ لەناوبردنی بەرگری شکستی هێنا، بۆیە بڕیارماندا بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی وتووێژ بکەین، چونکە هەر بەوە دەمانتوانی دەرفەتێکی زیاتر بڕەخسێنین بۆ مانەوەمان لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی، مەبەستمان لەم وتووێژە لەگەڵ مەلا مستەفادا ئەوە بوو، هەرچی بیەوێ بیدەینێ، بەو نیازەی لەئەنجامدا بەسەریدا زاڵ بین)).

هەر لەسەرەتاوە بەعس بەمەبەستی چارەسەری کێشەی کورد نەهاتبووە ناو ڕێککەوتننامەکە، بەڵکو تەنیا بەدوای کات و دەرفەتێکی باشتر و لەباردا دەگەڕا بۆ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی خۆی، لەکاتێکدا بەعس هەڵوێستی لەسەر کورد و دیموکراسی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان ڕوون و ئاشکرا بوو، سەرسەخترین دوژمنی کورد بوو. حزبی بەعس ئامانجەکەی خۆی پێکا و دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئادار خۆی لەبوارەکانی سەربازی و ئابووری بەهێز کردەوە و ڕیزەکانی ڕێکخستەوە و ناحەزان و نەیارانی لەناو سوپا و حزب لەناوبرد و دۆستی بۆ حکومەت زیاتر کرد. نەوتی خۆماڵی کرد، لەدوای خۆماڵیکردنی نەوت باری ئابووری عێراق زۆر باشتر بوو، ئەمەش بووە هۆی ئاڵۆزی پێوەندی کورد و بەعس، هەر لەو ماوەیەشدا لە ساڵی ١٩٧٢، عێراق پێوەندی و هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بەست و گرێبەستی کڕین و هێنانی چەکی واژوو کرد، بەمەش حکومەتی بەعس لە ڕووی سەربازیەوە خۆی بەهێزکرد، بەهۆی هاوپەیمانێتی لەگەڵ سۆڤیەت دوو وەزیر درا بە حزبی شیوعی عێراق (حشع) بەمەش هەڵوێستی ئەو حزبە گۆڕا، دوای ئەمە (حشع) ڕاکێشرایە ناو بەرەیەکی ناهاوسەنگ بەناوی (بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی و پێشکەوتووخواز) کە لە ١٩٧٣/٧/١٧ ڕاگەیەنرا، لە هەمانکاتدا داوا لەپارتیش کرا بێتە ناو ئەم بەرەیە، بەڵام

لەبــەر کەمتەرخەمــی بەعــس لــە ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــادار، پارتــی قبووڵــی نەکــرد.

لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٧٣ ئەگـەری دووبـارە بەرپابوونـەوەی شـەڕ هەبـوو لـە نێـوان شۆڕشـی ئەیلـوول و سـوپای عێـراق، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی بەشـێکی سـوپای عێـراق لـە سـوریا و ئـوردن بـوون، بۆیـە سـوپا توانـای هێرشـیکردنی بـۆ سـەر کوردسـتان نەبـوو[١].


لــە کۆتــا مانگەکانــی ســاڵی ١٩٧٣ حکوومەتــی عێــراق لــە کۆبوونەوەیەکــی بەرفـراوان کـە چەندیـن کەسـایەتی کوردیـش ئامادەبـوون، سـەدام حوسـێن ڕایگەیانـد کـە پـڕۆژەی تـازە لـە ئارادایـە لـە بـارەی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان، کـە پێچەوانـەی خاڵـە سـەرەکییەکانی ڕێککەوتنـی ١١ی ئـادار بـوو. داواشـیان لـە مسـتەفا بارزانـی کـرد کوڕێکــی خــۆی وەك نوێنــەری لایەنــی کــوردی بنێرێــت بــۆ دانوســتانەکان لەگــەڵ حکوومەتـی عێراقـی، بـەڵام مسـتەفا بارزانـی، سـامی عەبدولڕەحـمان دەنێرێـت بـۆ بەغـدا، لـە ١٩٧٣/١٢/١٦ سـەدام حوسـێن لـە ڕێـگای سـامی عەبدولڕەحـمان پڕۆژەکـە بـۆ مسـتەفا بارزانـی دەنێرێـت و ئامـاژە بـەوە دەکات ((ئەگـەر ئامـادە نەبـن مـل بـۆ دەقـی ئـەم پڕۆژەیـە و ویسـتی حکوومـەت بـدەن، حکوومـەت نیـوەی شـەتولعەرەب دەدات بـە ئێـران))[٢].

(١) کریـس کۆچێـرا، کـورد لـە سـەدەی نـۆزدە و بیسـتەم دا، وەرگێرانـی (حەمەکەریـم عـارف) چاپـی چـوارەم (هەولێـر _ کتێبفرۆشـی سـۆران _ ٢٠٠٧) ل ٣٧٦.

(٢) حامیـد گەوهـەری، ئیدریـس مسـتەفا بارزانـی و بارزانیـەکان باشـتر بناسـن، چاپـی یەکـەم ( هەولێـر _ چاپخانـەی شـەهاب _ ٢٠١٤) ل ٢٠١ .

## پێکهێنانــی لێژنــەی بــاڵا بــۆ کاروبــاری باکــوور و هەڵوەشــاندنەوەی لێژنــەی ئاشــتی

بــە بڕیــاری ژمــارە ٦٧ لــە ١٩٧٤/١/٣١ بــە واژووی ئەحمــەد حەســەن بەکــر وەك ســەرۆکی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شــۆڕش، بڕیــاردرا بــە پێکهێنانــی لێژنــەی بــاڵا بــۆ کاروبــاری باکــوور و هەڵوەشــاندنەوەی لێژنــەی ئاشــتی، کــە ئەمــە دەقــی بڕیارەکەیــە بــە زمانــی عەرەبــی[1]. دوای ئــەو بڕیــارە بڕیارێکــی تریــان دەرکــرد بــە ژمــارە ٨٦ لــە ١٩٧٤/٢/٥ بــە هەڵوەشــاندنەوەی بڕگــەی دوو لــە بڕیــاری ژمــارە ٦٧ لــە ١٩٧٤ /١/٣١.



مجلس
قيادة الثورة

رقم القرار/٦٧
تاريخ القرار ١٩٧٤/١/٢١

بسم الله الرحمن الرحيم

قــــرار

استناداً الى أحكام الفقرة ( آ ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتأريخ ١٩٧٤/١/٣١ ما يلي :ـ

١ • تشكيل اللجنة العليا لشؤون الشمال برئاسة السيد صدام حسين نائب رئيس مجلس قيادة الثورة وعضوية السادة كل من :
- الفريق اول يسعدون غيدان •
- عـزت ابراهيم الدوري
- الدكتور عزت مصطفى الاحمد •
- طه ياسين رمضان الجزراوي •
- غانـم عبدالجليـــــل •
- عبدالفتاح محمد امين الياسين •
- محمـــيد محجـــوب •
- نعيم حميـد الحـداد •

٢ • الغـاء لجنـــة الســـلام •

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

---

(١) الدكتــور جبــار قــادر و المحامــي طــارق جامبــاز، قــرارات مجلــس قيــادة الثــورى المنحــل الخاصــة بالكــورد و كوردســتان، الطبعــة الاولى (اربيــل _ مطبعــة الحــاج هاشــم _ ٢٠١٣) ل ٨٢ .

## نامەی مەلا مستەفا بارزانی بۆ سەدام حوسێن

لــە ڕێککەوتــی ١٩٧٤/٣/٥ مســتەفا بارزانــی نامەیەکــی بــە دارا تۆفیــق نــارد بــۆ ســەدام حوسـێن کــە داوای لــێ دەکات بارودۆخەکــە هێمــن بکاتــەوە، کــە ئــەوە ناوەڕۆکــی نامەکەیــە[١].

برای بەڕێزم سیادەتی مامۆستا سەدام حوسێن

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەسەلامو عەلەیکوم وە ڕەحمەتوڵاهی وە بەڕەکاتوهو

ناسـکیی هەڵوێسـتەکە سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد لـە لای سـیادەتتان شـاراوە نییـە. ئێمـە لـە لایـەن خۆمانـەوە زنجیـرە هەڵوێسـتێك و کاری ئەرێنیـمان پێشـان دا، بەمەبەسـتی گەیشـتن بـە چارەسـەرێکی ڕەزابەخـش بـۆ کێشـەکە کـە خزمەتـی گەلـی کوردمـان و سـەرجەم گەلـی عێـراق بـکات، دوای ئـەو زنجیـرە هەڵوێسـتانە هاتنـی مامۆسـتا ئیحسـان شـێرزاد بـوو بـۆ لامـان، دوای چاوپێکەوتنـی سـیادەتتان کـە لـەو چاوپێکەوتنـەدا ئامادەییتـان پێشـان دابـوو بـۆ لێکتێگەیشـتن و چارەسـەرکردنی کێشـەکە، ئەوەبـوو بـە شـێوەیەکی ماقـووڵ گەیشـتینە بڕیـاری ناردنـی یەکێـك لـە کوڕەکانمـان لەگـەڵ چەنـد برایـەك لـە ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی و کۆمیتـەی ناوەنـدی بـۆ بەغـدا، بـۆ چاوپێکەوتنـی سـیادەتی سـەرکۆمار موهیـب ئەحمـەد حەسـەن بەکـر و سـیادەتتان و دەسـتپێکردنەوەی دانوسـتان.

بـەڵام بڵاوکردنـەوەی ئـەو بڕیارانـە لـە بـارەی شـێوەی کۆتایـی ئۆتۆنۆمـی بـەلای ئێمـە شـتێکی کتوپـڕ بـوو. دوای ئـەوە کاك شـەفیق ئەحمـەد لـە پـاش کۆبوونـەوەی مامۆسـتا ئیحسـان شـێرزاد لەگـەڵ مامۆسـتا غانـم عەبدولجەلیـل گەڕایـەوە و جارێکـی تـر بڕیارمـان دا ئـەو شـاندە بنێریـن کـە لـە سـەرەوە باسـکراوە، بـەڵام بـۆ جـاری دووەم تووشـی سەرسـوڕمان بوویـن بـە بڵاوکردنـەوەی ڕاپۆرتـی سیاسـیی کۆنگـرەی هەشـتەمی حزبـی بەعسـی سۆشیالیسـتی عەرەبـی، کـە وتـەی زۆر خراپـی تێدابـوو بـۆ حزبـی

(١) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد . شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگـی سـێیەم، بەشـی دووەم،چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە _ ٢٠٠٤) ل ٣٢٩ .

ئێمە و بزاڤی کورد، بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات، ئەمەش کارێك بوو وای لێکردین بچینە سەر ئەو بڕوایەی کە ناردنی شاند لەم بارودۆخانەدا بێ سوودە.

ئێمە هیچ گومانێکمان لەوەدا نییە کە ئێوە بایەخی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی و جێبەجێکردنی پابەندیی هەردوو لامان بەپێی بەیاننامەی ١١ی ئاداری مێژوویی کە خۆتان ڕۆڵێکی گەورەتان لە تەواوکردنیدا هەبوو، دەنرخێنن.

ئێمە لەم بارەیەوە چاومان بڕیوەتە دەستپێشخەریی ئێوە بۆ سنووردانان بۆ کاری نەرێنی و هەنگاونانی ئەرێنی، ئێمەش لە لایەنی خۆمانەوە دەمانەوێت بۆ سیادەتتانی دووپاتبکەینەوە کە هیچ درێغییەك ناکەین لە هەوڵدان و ئەنجامدانی هەمووو ئەوانەی دەستەبەری کێشەی کورد، بە ئاشتی و لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی و بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی دەکەن. فەرموون بەقبووڵکردنی ئەوپەڕی ڕێز و تەقدیرمان.

براتان

مستەفا بارزانی

١٩٧٤/٣/٦_٥

## وەڵامی سەدام حوسێن

لە١٩٧٤/٣/٧سـەدام حوسـێن وەڵامـی نامەکـەی مسـتەفا بارزانـی دایـەوە، بانگهێشـتی سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلوولـی کـرد بـۆ کۆبوونـەوە لـە بـارەی وادەی کۆتایـی هاتنـی چـوار سـاڵە بەسـەر ڕێککەوتنـی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠.

کە ئەمەی خوارەوە دەقی نامەکەیە(1) .

نامەی سەدام حوسێن

بسم الله الرحمن الرحيم

ژمارە/

مێژوو ١٩٧٤/٣/٧

بەڕێز مستەفا بارزانی

سڵاوێکی جوان

ئـاگاداری نامەکـەی مێـژووی ٥-٦/ئـاداری/١٩٧٤ تـان بوویـن، بێگومـان ئێـوە لەبیرتانـە کـە ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٢ وادەیەکـی دانراوبـوو بـۆ کۆبوونەوەمـان لەگـەڵ شـاندەکەتان بـۆ بەردەوامبـوون لـە دانوسـتان بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە ڕێککەوتنێـک لەبـارەی شـێوەی ئۆتۆنۆمـی و هـەر کاروبارێـک کـە پێوەنـدی پێـوە هەبـێ، هەرچەنـدە هەمـوو لایەنـە نیشـتمانییەکان ئامادبـوون، بـەڵام ئـەوەی بـۆ ئێمـە کتوپـڕ بـوو، شـاندەکەی ئێـوە ئامـادە نەبـوو و سـەرباری ئـەوەش فەرمـان لـە ئێـوەوە دەرچـووە بـۆ بەرپرسـەکانتان لـە بەغـدا و پارێزگاکانـی تـر کـە لـە شـوێنەکانی کار و دانیشـتنیان بکشـێنەوە و خۆیـان بگەیەننـە بارەگاکانتـان لـە بەرزایـی شـاخەکان. بەپێـی بۆچوونـی ئێمـە، ئەمـە کۆتاییهێنـان بـە دانوسـتان دەگەیەنێـن لەلایـەن ئێـوەوە و سـەرەڕای ئـەوەش و لەبەرئـەوەی ئێمـە تەقدیـری بەرپرسـایەتیی خۆمـان بەرانبـەر بـە گەلەکەمـان و بەرژەوەنـدی بـاڵای وڵات دەکەیـن، لەلایـەن خۆمانـەوە بـەردەوام بوویـن لـە هەوڵـدان لەگەڵتانـدا لـە ڕێگـەی بەڕێـز ئیحسـان شـێرزادەوە و هێشـتاش ئێمـە تـا ئـەم کاتـە لەسـەر هەڵوێسـتی خۆمانیـن کـە پێـی

(1) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی کـورد. شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگـی سـێیەم، بەشـی دووەم،چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە _ ٢٠٠٤)ل ٣٣٠-٣٣١

ڕاگەیاندوون و سەبارەت بە ئێمە و تا ڕۆژی ١١ی ئاداری ١٩٧٤، دەرفەت کراوەیە بۆ بەردەوامیی دانوستان لەگەڵ شاندەکەتان، ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەو خێراییە بێت کە پێویستە و دەسەڵاتی تەواویشی پێ درابێت بۆ ڕێککەوتن لەسەر هەموو مەسەلەیەک، لە چوارچێوەی بەند و ڕۆحی بەیاننامەی ١١ی ئادار بەو شێوەیەی خزمەتی یەکێتی وڵات و سەروەری تەواو و بەهێزی دەکات و ئاسایش و ئارامیی تێدا دەپارێزرێت. پێش ئێستا بەڕێز فوئاد عارف لە مێژووی ١٩٧٤/٢/١٥ پێی ڕاگەیاندین کە ئارەزووی ئەوەتان هەیە یەکێک لە کوڕەکانتان بنێرن بۆ بەغدا و هەرچەندە ئێمە چەندان جار بەخێرهاتنی دەکەین، بەڵام هەتاکو ئێستا ئەمە نەهاتووەتە دی.

براکەم: لەبەرئەوەی ئێمە تەقدیری بەرپرسیارەتی خۆمان دەکەین بەرانبەر بە گەلی کوردمان بە تایبەتی و گەلی عێراقمان بە گشتی، نەمانهێشتووە ئەو کارە نەرێنییە و ڕووداوە زۆر و مەترسیدارانەی کە بەرپرس و چەکدارەکانتان لە ناوچە جیاجیاکان لە کاتی دانوستان و تاکو ئێستاش ئەنجامیان داوە، کار بکەنە سەر ئارەزووی ڕاستگۆیانەمان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵتاندا.

ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی هەشتەمی قوتریی حزبمان نەخوێندنەوەییێکی بابەتییانە و تەواوی ڕێڕەوی سەرکەوتووی شۆڕش دەگرێتە خۆ، لەوانەش پەسندکردنی هێزە کاراکان بە کۆمەڵگادا بە کارە ئەرێنی و نەرێنییەکانەوە و هیچی ئەوتۆی تێدا نابینین، کار بکاتە سەر هاتنی شاندی ئێوە لە حاڵەتی بوونی ئارەزووی ڕشت لە ناردنی ئەو شاندە و باسکردنی کاروبارە هەڵپەسێردراوەکان و یەکلاکردنەوەیان بە شێوەیەکی ئێجگاری بە ئاراستەیەکی ئەرێنییانە، بە تایبەتیش ئەگەر پەرۆشیمان بۆ ئەو کاتەی تا ١١ی ئاداری ١٩٧٤ ماوە و بڕیارمان بۆ بڵاوکردنەوەی حوکمی زاتی لە کاتە بڕیاردراوەکەی خۆیدا لەبەرچاو بگرین. ئێمە بەخێرهاتنی شاندەکەتان دەکەین و هیواشمان وابوو ئەوەی کە تێپەڕی لەبەرچاو بگیرایە و خواش مەبەستمان دەزانێت لەگەڵ ڕێزدا.

براتان

سەدام حوسێن

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی

سەرکردایەتی شۆڕش

## هەوڵە ئاشتیخوازەکانی سەرکردایەتی کورد

وەفدی کورد لە ١٩٧٤/٣/٨ بەسەرۆکایەتی ئیدرس بارزانی و ئەندامیەتی هەر یەك لە ساڵح یوسفی و نوری شاوێس و محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان(سامی) و دارا تۆفیق و ئیحسان شێرزاد و فوئاد عارف چوون بۆ بەغدا، لە شەوی هەمان ڕۆژ دەست کرا بە کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا باسی سنوور و کەرکووک و ناوچەکانی تری جێناکۆك کرا و جەختی لەسەر کرایەوە، بەڵام لە پڕۆژەی بەعسدا کەرکووک لەسنووری دەسەڵاتی ناوەند بوو، ئامادەش نەبوو سازش لەسەر ئەو پڕۆژەیەدا بکات، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بەم پڕۆژەیە ڕازی نەبوو، لە بەرانبەر پڕۆژەکەی حزبی بەعس، وەفدی کورد پڕۆژەیەکی جێگرەوەی ئامادەکرد، بەڵام حزبی بەعس پێی ڕازی نەبوو.

دوای ئەوە بەبێ ڕەزامەندی شۆڕشی کورد و تاك لایەنە حزبی بەعس، بە پەسندکراوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پڕۆژەکەی خۆی بە بڕیاری ژمارە ٢٤٧ لە ١٩٧٤/٣/١١ بڵاوکردەوە[1]، و هەمان بڕیار لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی بە بڕیاری ژمارە (٣٠٧) لە ١٩٧٤/٣/٢٦ بڵاوکرایەوە.

لە شەوی ١٩٧٤/٣/١١ لقی دووی پارتی، شاری هەولێری بەجێهێشت[2] و بارەگای خۆی گواستەوە بۆ سماقوڵی، خەڵکی بە گشتی شارەکانیان چۆڵ کرد بە تایبەتی شارە گەورەکان و ڕوویان لەو ناوچانە کرد کە شۆڕش لێی باڵا دەستە، ئەوەش کاریگەری خراپی بەسەر شۆڕشەوە هەبوو کە بریتی بوو لەمانە:

١. شۆڕش لە توانای نەبوو جێگا و خواردن و خواردنەوە بۆ ئەو هەموو خەڵکە زۆرە دابین بکات.

٢. شارەکان چۆڵکران، بەوەش حکوومەت زووتر کۆنترۆڵی شارەکانی کرد.

٣. هەندێکك لەوانەی تازە ڕوویان کردبووە ناوچەکانی ژێردەستی شۆڕش، پلە و پایەیان پێ درا، بەوەش ئەو پێشمەرگانەی کە قارەمان و ماوەیەکی زۆر

(١) الدكتور جبار قادر و المحامي طارق جامباز، قرارات مجلس قيادة الثورى المنحل الخاصة بالكورد و كوردستان، الطبعة الاولى (اربيل _ مطبعة الحاج هاشم _ ٢٠١٣) ل ٨٦ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەل بەرێز خدر مەولود لە مەسیف سەلاحەددین لە ڕۆژی ٢٠١٨/١١/٢٧ .

بــوو لــە نــاو ڕیزەکانــی پێشــمەرگە بــوون، کەوتنــە ژێــر فەرمانــدەی تــازە[1].

٤. چوڵکردنی شارەکان تا ڕادەیێك کاریگەری لەسەر ورەی پێشمەرگە دروستکرد.

٥. کاتێـک هاووڵاتیـان شـارەکانیان چوڵکـرد، پێشـمەرگە بیروهـزری زیاتـر لای خێـزان و خانەوادەکانیـان بـوو.

دوای ئـەوەی لـە شـەوی ١٠-١٩٧٤/٣/١١ لقـی دووی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـارەگای خـۆی لـە شـاری هەولێـر گواسـتەوە بـۆ هیـران، لـەوێ کۆبوونەوەیەکـی سیاسـی و سـەربازی تایبـەت بـە لقـی دوو لەگـەڵ هـەردوو هێـزی دەشـتی هەولێـر و هێـزی سـەفین بەسـترا، بـۆ ئـەوەی کاروبـارەکان ڕێـك بخرێنـەوە لـە سـنووری شـاری هەولێـر، لـە هەمـان کات زیاتـر لـە (٢٠٠٠) ئەفسـەر و پۆلیـس پێوەندیـان بـە ڕیزەکانـی شۆڕشـەوە کردبـوو، لـەو کۆبوونەوەیـە بـە فەرمانـی سـەرکردایەتی شـۆڕش بڕیاریـان دا، کـە هێزێکـی تایبـەت دروسـت بکـەن لـەو پۆلیسـانەی کـە پێوەندیـان بـە شۆڕشـەوە کـرد، لـە ئەنجامـدا هێزێکیـان دروسـت کـرد بـە نـاوی هێـزی ئـازادی و بەڕێوەبـەری پۆلیسـی هەولێـر کـە کەمـال شـێخ غەریـب بـوو، کـرا بـە فەرمانـدەی هێـزی ئـازادی[2]. ئـەو هێـزە لـە دوو بەتالیـۆن پێکهاتبـوو، بەتالیۆنـی یەکـەم عەریـف عەلـی ڕەقـەم یـەك فەرمانـدەی بەتالیـۆن بـوو، بەتالیۆنـی دووەم مـەلا غەریـب فەرمانـدەی بەتالیـۆن بـوو، لـە بـارەگای هێزیـش دوو لقـی دەستوەشـێنیش هەبـوو.

دوای ئـەوەی هێرشـەکانی سـوپای عێـراق بـۆ سـەر ناوچەکانـی کوردسـتان دەسـتیپێکرد، لـە کۆتایـی مانگـی نیسـانی ١٩٧٤ بـە بڕیـاری سـەرکردایەتی خورشـید شـێرە لـە جێـگای کەمـال شـێخ غەریـب بـووە فەرمانـدەی هێـزی ئـازادی و کەمـال شـێخ غەریـب بـوو بـە جێگـری فەرمانـدەی هێـز لـە هێـزی زمناکـۆ، بـەڵام هێـزی ئـازادی زۆر کەموکورتـی هەبـوو کـە جگـە لـەوەی چەکـی قورسـییان نەبـوو، پێشـمەرگەکانی ئـەو هێـزە تەمـەن و ئاسـتی سـەربازییان جیـاواز بـوو، بۆیـە بڕیاریانـدا ئەوانـەی بـە تەمەنـن و شـارەزای شـەڕیان نییـە لەوانـەی تـر جیـا بکرێنـەوە، دوای ئـەو جیاکردنەوەیـە نزیکـەی (٤٠٠) پێشـمەرگەیان لـێ دەرهێنـا، ڕەوانـەی سـەرکردایەتی کـران، تـا کاری تریـان پـێ بسـپێردرێت، دوای ئـەوە ئـەو دوو

(١) سـەید کاکـە، بیـرەوەری پێشـمەرگەیەك، چاپـی سـێیەم (هەولێـر _ چاپخانـەی شـەهاب _ ٢٠٠٠ ) ل ٨٧ .

(٢) خورشـید شـێرە، خەبـات و خوێـن بیرەوەرییەکانـی سـاڵانی خەباتـی پێشـمەرگایەتی، چاپـی سێیەم (هەولێر _ چاپخانـەی حاجـی هاشـم _ ٢٠١٥) ل ٢٦٦ .

بەتالیۆنە لە بەرەکانی شەڕ دابەشکران، لەگەڵ هەردوو هێزی دەشتی هەولێر و هێزی سەفین کە بەتالیۆنی عەریف عەلی لە دەربەندی گۆمەسپان و چیا سارتکە بوو، بەتالیۆنی مەلا غەریب لە چیای باواجی لەگەڵ هێزی دەشتی هەولێر لە بەرگری دا بوون.

ئەگەر چی لە ڕۆژی ١٩٧٤/٣/١١ هاووڵاتییان لە ترسی سوپای عێراق شارە گەورەکانیان چوڵکرد و لە ١٩٧٤/٤/١، سوپای عێراق بە هەموو هێز و توانایەکی دەستی کرد بە هێرش و پێشڕەوییەکانییەوە، سەرەتا بەو شێوەیە بوو:

١. داگیرکردنی ڕێگای موسڵ _دهۆك _ زاخۆ لە سنووری لەشکری یەك.

٢. داگیرکردنی ڕێگای هەولێر _ شەقڵاوە _ خەلیفان لە سنووری لەشکری دوو.

٣. داگیرکردنی ڕێگای کەرکووک _ چەمچەماڵ _ سلێمانی لە سنووری لەشکری سێ.

حزبی بەعس بڕیاری ژمارە (٦١٤)ی دەرکرد کە بڕیاری لێخۆشبوون بوو بۆ هەموو ئەو ئەفسەر و سەرباز و پۆلیسانەی پێوەندیان کردووە بە شۆڕشی ئەیلولەوە، لە ٦ی نیسانی ١٩٧٤ تا ١٥ی نیسانی ١٩٧٤ مۆڵەتی لێخۆشبوون درا[١]. لە ١٩٧٤/٤/١٤ حکوومەتی عێراقی لە ناو شاری هەولێر، (١١) هاوڵاتی لە سێدارە دان.[٢]

جێگای ئاماژەپێکردنە لە ماوەی (٤) چوار ساڵی ڕابردوو زۆربەی ئەفسەر و پلەدار و سەرباز و پۆلیسە کوردەکانی لە ناو سوپا و پۆلیسی عێراقی لە ئەرك بوون، ڕێزەکانی سوپا و پۆلیسی عێراقیان بەجێ دەهێشت و پێوەندییان بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە دەکرد، کە ژمارەیان سەرەتا لە (١٠٠٠) هەزار کەس زیاتر بوو[٣]. لەو ماوەیە (٥) پێنج بەتالیۆن دروستکران، کە سەرجەمیان لە ئەفسەر و سەربازانی کوردی ناو ڕیزەکانی سوپای عێراق بوون، بە ناوەکانی بەتالیۆنی یەکی زۆزك تا بەتالیۆنی پێنجی زۆزك[٤]، و لە ماوەی کۆتایی هاتنی ئەو (٤) چوار

(١) الدكتور عصام عزيز شريف، مذكرات عزيز شريف، طبعة الاولى (شباط ٢٠١٠) ل٤٦٢.

(٢) شلۆمۆ نکدیمۆن، مۆساد لە عێراق و ولاتانی دراوسێ، وەرگێڕانی(ڕەهەند عبدالغفور)، چاپی یەکەم (٢٠١١) ل ٣٧٠ .

(٣) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا، وەرگێڕانی (حەمەکەریم عارف) چاپی چوارەم (هەولێر _ کتێبفرۆشی سۆران _ ٢٠٠٧) ل ٣٧٦ .

(٤) چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز یونس محەمەدسەلیم، ناسراو بە ملازم یونس ڕۆژبەیانی

ساڵەی ڕێککەوتنەکە، هاونیشتمانیان لە زۆربەی چین و توێژەکان پێوەندیان بە شۆڕش کردەوە کە (٤٠٠) مامۆستا و (١٠٠) پزیشك و (٣٠٠) ئەندازیار و (٣٠) مامۆستای زانکۆ کە زۆربەیان بڕوانامەی دکتۆرایان هەبوو، لەگەڵ زیاتر لە (٢٠٠) قوتابی زانکۆی سلێمانی کە ئەوە بەشی زۆری قوتابیەکانی ئەو زانکۆیەی پێکدەهێنا. لەو ماوەیە زانکۆی سلێمانی گوازرایەوە بۆ قەڵادزێ بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن[1].

لە هەولێر لە ڕۆژی ٢٠١٩/٧/٢٨ .

(١) حبيب تومي، البارزاني مصطفى قائد من هذا العصر، الطبعة الاولى (اربيل _ دار اراس للطباعة و النشر _ ٢٠١٢)ل ٦٢٢ .

## پێکهێنانی دامودەزگا ئیدارییو سەربازییەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش

دوای ئەوەی نێوانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و حکوومەتی عێراقی تێکچوو و نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، لە بارەی ئۆتۆنۆمی کوردستان و گەڕانەوەی وەزیرە کوردەکان بۆ ناو شۆڕش، سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بڕیاریدا بە دامەزراندنی چەند دامەزراوەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش و هاووڵاتیان، ئەوە بوو لە کۆتایی مانگی ئاداری ١٩٧٤، شۆڕش چەند دامەزراوەیەکی دامەزراند کە لە شێوەی کابینەی حکومەت، بەڵام بەشێوەی بچووکتر لە وەزارەت کە پێکهاتبوو لە[١]:

١. سامی عەبدولڕەحمان، سەرۆك وەزیران _ وەزیری کاروباری دەرەوە.

٢. دکتۆر مەحمود عوسمان، وەزیری تەندروستی.

٣. موحسین دزەیی، وەزیری ناوخۆ.

٤. عەلی عەبدوڵا، وەزیری دارایی.

٥. دارا تۆفیق، وەزیری پەروەردە و ڕاگەیاندن.

٦. ساڵح یوسفی، وەزیری داد.

٧. نوری شاوەیس، وەزیری کاروباری گشتی.

٨. سدیق ئەمین، وەزیری کاروباری پەنابەران.

٩. وەزارەتی بەرگری مەکتەبی عەسکەری کە عەبدولوەهاب ئەتروشی بەڕێوەی دەبرد، لە هەمان کات ئیدریس بارزانی لەگەڵی بوو.

بوودجەی حکوومەتەکەی شۆڕش (١٨) ملیۆن دیناری عێراقی بوو بۆ ماوەی شەش مانگ واتا لە مانگی ١٩٧٤/٤ تا مانگی ١٩٧٤/٩. لەبەر ئەوەی ئەو وەزارەتانە زۆر کێشە و ئاستەنگییان هەبوو، بۆیە ئیش و کارەکانیان وەکو پێویست بەڕێوە نەدەچوو[٢].

---

(١) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا، وەرگێرانی (حەمەکەریم عارف) چاپی چوارەم (هەولێر _ کتێبفرۆشی سۆران _ ٢٠٠٧) ل ٤٠٠ .

(٢) شکیب عقراوی، سنوات المحنة فی کردستان، الطبعة الثانیة، (اربیل _ مطبعة منارە _ تموز ٢٠٠٧) ص ٣٧٠ .

سەرکردایەتی شۆڕش و بەتایبەتی ئیدریس بارزانی دەیەویست سوود لەو ئەفسەر و جێگری ئەفسەرانە وەرگرێت، کە ڕێزەکانی سوپای عێراقان جێهێشتووە و پێوەندیان بە شۆڕشەوە کردووە[1]، تاوەکو لە ڕێگای زانیاری ئەوان و پێشمەرگە کۆنەکان، بتوانن زانیاریە سەربازیەکان ئاڵوگۆڕ بکەن و سوود لە یەکتر ببینن.

(١) کاروان جوهر محمد، ئیدریس بارزانی ١٩٤٤-١٩٨٧ ژیان و ڕۆڵی سیاسی و سەربازی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی هێڤی _ ٢٠١٩) ل ٢٠٩ .

# بەشی پێنجەم

# لەشــکرکێشی و هێرشــەکانی ســوپای عێــراق بــۆ ســەر کوردســتان

## پێکهاتـە و سرووشـتی کوردسـتانی باشـوور لـە ڕووی گۆڕەپانـی جموجۆڵـی سـەربازییەوە

بـە شـێوەیەکی گشـتی باشـووری کوردسـتان ناوچەیەکـی شـاخاوییە، تـا زیاتـر بـەرەو باکـوور هەڵکشـێی، چیـاکان بەرزتـر و جموجوڵـی سـەربازی قوڕسـتر دەبێـت، تـا بـەرەو باشـوور بـڕۆی، دەبێتـە ناوچەیەکـی دەشـتایی و گردۆڵکـە، لـە نێـوان چیاکانـدا دۆڵـی زۆر قـووڵ و ئاسـێ هـەن، هەروەهـا گەلـی و دەربەنـدی زۆر دروسـت بـوون، ئەمـەش وایکـردووە هەمـوو جموجوڵێکـی سـەربازی لـەو ناوچانـە کارێکـی قـورس و ناخـۆش بێـت بـۆ فەرمانـدە و یەکـە سـەربازییەکان، لـە هەمـان کات سـنوورەکانی لـکاوە بـە هـەر سێ پارچەکانـی تـری کوردسـتان لـە ئێـران و تورکیـا و سـوریا. زۆربـەی هـەرە زۆری ناوچـە شـاخاویەکان بـە دارسـتانێکی چـڕ داپـۆشراون ئـەوە تایبەتمەنـدی دەدات بـە هێـزی بەرگریکـەر بـۆ شـەڕی پارتیزانـی[1]، لـە هەمـان کات ئـەو دارسـتانانە سـوودی تـەواوی هەیـە بـۆ خۆ شـاردنەوە لـە ئاگـری زەوی و ئاسـمانی دوژمن. لـە ڕووی ڕێگاوبانـەوە لـە سـاڵانی شۆڕشـی ئەیلولـەوە، ڕێـگاکان کـەم بـوون، تەنیـا لـە نێـوان هەندێـک شـار و شـارۆچکەکان ڕێـگای قیرتاوکـراو هەبـوون. لـەو سـەردەمەش ڕێـگاکان تەسـك و ناخـۆش بـوون، لەهەمـان کات ڕووبـاری جۆراوجـۆری پێـدا تێپەڕدەبێـت کـە گرنگترینیـان لقەکانـی ڕووبـاری دیجلـەن. لـە ڕووی شاروشـارۆچکەوە جگـە لـە شـارە گـەورەکان چەندیـن قـەزا و ناحیـە و گونـد هـەن، کـە دابەشـبوون بەسـەر شـارە گەورەکانـدا. لەبـەر ئـەوەی کوردسـتان بـە ناوچەیەکـی شـاخاوی ناوزەنـد دەکرێـت و بـە درێژایـی شـۆڕش و سـەرهەڵدانەکان هەمـوو کات پێشـمەرگە و سـەرکردەکان چیاکانیـان بـە پشـت و دۆسـت دانـاوە.

(١) شـەڕی پارتیزانـی:- چالاکییەکـی سـەربازی و نیمچـە سـەربازیە لـەو شـوێنەی کـە دوژمـن داگیریکـردووە، یـان لـە ناوچـەی دوژمـن لـە لایـەن هێزیـك یـان دانیشـتووانی نارێکخـراو ئەنجام دەدرێـت.

## ئامادەکارییەکانی سوپای عێراق بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان

١. کۆکردنـــەوەی زانیـــاری لەســـەر هێزەکانـــی پێشـــمەرگەی کوردســـتان، لـــە ڕووی ژمـــارە و چـــەك و توانـــای جەســـتەیی.

٢. دیاریکردنی شوێنی بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش و بارەگای هێز و بەتالیۆنەکان.

٣. دوای ئـەو ماوەیـەی وەکـو مۆڵـەت دابـووی، تـەواو بـوو، هەمـوو ڕێگاکانـی بـە ڕووی کوردســتان داخســت.

٤. لـە کاتـی دیاریکـراو کـە کاتژمێـر سـفرە، سـەرەتا ڕێـگا سـەرەکییەکانی داگیرکـرد، تـا ئـەو ناوچانـەی کـە توانـی داگیریـان بـکات، ئەوەش بـە هـاوکاری و ڕێنیشـاندانی جاشـەکان کـرا.

٥. بەشـی ئەنـدازەی سـەربازی شانبەشـانی جـاش و هەندێـک هێـزی تایبـەت، ڕێگاکانیـان خاوێـن دەکـردەوە لـەو بەربەسـتانەی کـە هێزەکانـی پێشـمەرگە لەبـەر بەرەوپێشـچوونەکانی سـوپا دایئابـوو، وەکـو مینـی دژە تانـك و مینـی دژە مـرۆڤ و تێکدانـی ڕێـگا و تەقەمەنـی ڕێژکردنـی پـردەکان و ... هتـد.

٦. دوای پاککردنـــەوەی ڕێـــگا ســـەرەکییەکان، ڕێـــگا لاوەکییەکانـــی نزیـــك ڕێـــگا ســـەرەکیەکان پاکدەکرانـــەوە.

٧. دوای ئـــەوەی ڕێـــگاکان پـــاك دەکرانـــەوە و دەگەیشـــتنە شـــار و شـــارۆچکەیەك، ئامـــادەکاری دەکـــرا بـــۆ هێرشـــکردن بـــۆ ســـەر ئـــەو شـــوێنە.

٨. بـە دوای جـاش و هێـزی تایبەتـەوە هێـزی زرێپـۆش لە زەمینـەوە و لە ئاسمانیشـەوە هێزی ئاسـمانی پاڵپشـتی دەکردن.

٩. کاتێـک هێرشـەکانی سـوپای عێـراق دەشـکان، تۆپبارانـی سـەختی ئـەو ناوچەیـە دەکـرا بـە یارمەتـی تۆپخانـە و هێـزی ئاسـمانی.

١٠. دوای سـەرکەوتنی هێرشـییان بـۆ سـەر هـەر ناوچەیـەك، ناوچەکـە دەپشـکنرا، تـا دڵنیـا ببنـەوە لـە نەمانـی هیـچ بەربەسـتێك.

١١. دوای پێشـڕەوی و هێرشـی قۆناغـی دواتـر، هەندێـک هێـزی بچـووك لـەو شـوێنانە دەمانـەوە بـە مەبەسـتی چاودێـری ڕێـگای داگیرکـراو و پێکان(رصـد).

١٢. لـە دوای داگیرکردنـی هـەر شـوێنێك ئـەو هاووڵاتییانـە کـە لـە شـار و دێهاتـەکان مـاون، ڕووبـەڕووی لێپێچینـەوە و ئەشـکەنجە و ئـازار دەبوونـەوە.

١٣. لـە شـار و دێهاتـە داگیرکـراوەکان، لـە ئێـوارەوە تـا بەیانیـان قەدەغـەی هاتوچـۆ جێبەجـێ دەکـرا.

١٤. لــە هەندێــک کات و شــوێن وەکــو چاودێــری ئــەو ناوچەیــە، بــە بەردەوامــی ئۆتۆمبێلـی سـەربازی لـە جووڵـەدا بـوو، بـۆ چاودێریکـردنی هێرشـی بەرانبـەر لـە لایــەن پێشــمەرگەوە.

١٥. لەبـەر ئـەوەی لـە وەرزی زسـتان لـە توانایـان نەبـوو، هێـرش و پێشـڕەویەکانیان ڕادەگـرت و شـێوەی بەرگرییـان وەردەگـرت و ئامـادەکاری تەواویـان دەکـرد بـۆ ئەگــەری هێرشــکردنە ســەریان لەلایــەن پێشــمەرگەوە.

١٦. هــەر کاتێــك ســوپای عێــراق لــە توانــای نەبووایــە، یــان لــە کردەوەیــەك ســەرکەوتوو نەبووایــە، هانــای بــۆ ڕاوێــژکارە ســۆڤیەتیەکان دەبــرد، بــە گوێــرەی برووسـکە نووسـینگەی پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا لـە بەغـدا کـە بـۆ وەزارەتــی دەرەوەی ئەمریــکای نــاردووە:

لە / نووسینگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە بەغدا[١]

بۆ / وەزارەتی دەرەوە، واشنتۆن دی سی ٨٧٩

٣١ی ئاداری ١٩٧٤

بابەت:پشتیوانی سۆڤیەت لە سیاسەتی عێراق سەبارەت بە کورد

بــۆ زانیــاری: باڵیــۆزی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا لــە تــاران، تەلئەبیــب، ئەنقــەرە، بەیــرووت، جــەددە، کوێــت، لەنــدەن، مۆســکۆ، پاریــس، ڕۆم و نووســینگەی پاراســتنی بەرژەوەندییەکانــی ئەمریــکا لــە جەزاییــر و دیمەشــق.

١. وەفدێکــی کاربەدەســتانی پایەبــەرزی ســۆڤیەت بــە ســەرۆکایەتی وەزیــری بەرگـری مارشـاڵ گریشـکۆ لـە ٢٣تـا١٩٧٤/٣/٢٦ و وەفدێکـی دیکـە بـە سـەرۆکایەتی وەزیـری ناوخـۆی یەکێتـی سـۆڤیەت شـیلیکۆڤ لـە ٢٨تـا-١٩٧٤/٤/١ سـەردانی

(١) وریـا ڕەحمانـی، شۆڕشـی ئەیلـوول لـە بەڵگەنامـە نهێنیەکانـی ئەمریـکادا، چاپـی یەکـەم (تـاران _ ئـێران _ ٢٠١٣) ل٤٦٤-٤٦٥ .

بەغدایـان کـرد. ئـەو دوو دیـدارە هەوڵێکـی هاوبـەش بـوو بـۆ ئـەوەی پێگـەی سـۆڤیەت لـە عێـراق قایـم بکـەن و پشـتیوانی تـەواوی سـۆڤیەت لـە سیاسـەتی ڕژێمـی عێـراق سـەبارەت بـە کـورد دەرببـڕن و نیشـانی بـدەن کـە عێـراق نـە گۆشـەگیرە و نـە لـە دەرەوەی بازنـەی ڕاوڕاوێـژی سـۆڤیەت و جیهانـی عەرەبدایـە. تەنانـەت ئەگـەری ئـەوە هەیـە کـە کاربەدەسـتانی پایەبـەرزی سـۆڤیەت لـە سـاڵیادی واژووکردنـی پەیمانـی سـۆڤیەت و عێـراق لـە ٩ی نیسـان سـەردانی عێـراق بکـەن.

٢. بـە ڕواڵـەت وا دیـارە کـە سـەردانەکەی مارشـاڵ گریشـکۆ بـاش بـووە. جێگـری ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش سـەدام حوسـێن ڕۆژێـك پـاش گەیشـتنی مارشـاڵ گریشـکۆ، چـوو بـۆ هندسـتان، بـەڵام سـەفەرەکەی تەنیـا ڕۆژێکـی خایانـد و زوو گەڕایـەوە عێـراق، بـۆ ئـەوەی مارشـاڵ گریشـکۆ بتوانێـت لـە دانیشـتنی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش، لـە ٢٧ی ئـادار بەشـداری بـکات. مارشـاڵ گریشـکۆ لـە ٢٥ی ئـادار بـە فڕۆکـە گەشـتێکی دەرەوەی بەغـدای کـردووە، بـەڵام بـۆ کـوێ ڕۆیشـتووە؟ دیـار نییـە. بـە گوێـرەی زانیارییـەکان مارشـاڵ گریشـکۆ پەیامێکـی لەگـەڵ ڕێبـەری کـورد ئاڵوگـۆڕ کـردووە و لـەو پەیامـەدا پشـتیوانی تـەواوی سـۆڤیەتی لەگـەڵ پلانەکـەی ڕژێمـی عێـراق بـۆ ئۆتۆنۆمـی کوردسـتانی دووپـات کردووەتـەوە. هەروەهـا بـەو هۆیـەی کـە داهاتـی نەوتـی عێـراق زیـادی کـردووە و عێـراق لـە ئێـران و کـورد توڕەیـە، ئەگـەری ئـەوە زۆرە کـە عێـراق چەکـی نوێیـی لـە سـۆڤیەت کڕیبێـت.

٣. دوابـەدوای چارەسـەربوونی ناکۆکـی عێـراق و سـۆڤیەت لەسـەر بـە هـەرزان کڕینـی نەوتـی ئێسـتای عێـراق لـە لایـەن سـۆڤیەتەوە، پێوەندیەکانـی عێـراق و سـۆڤیەت لـە قۆناغـی پتەوبووندایـە، بـەڵام سـەرەڕای ئـەم سـەردانانەی کاربەدەسـتانی پایەبـەرزی سـۆڤیەت، پێشـبینی ناکرێـت کـە پێوەندییەکانـی سـۆڤیەت و عێـراق لـە نـاکاو بەرەوپێشـەوە بچـن.

## بنەماکانی بەرگری[1]

بۆ هەر سوپایەك کە لە بەرگریکردن دابێت، دەبێ ڕەچاوی بنەماکانی بەرگری بکات، تاوەکو بتوانێت ڕووبەڕووی هێرشەکانی دوژمن ببێتەوە، ڕەنگە هەموو سوپایەك لەبەر هەر هۆکارێك بێت، نەتوانێت بەتەواوی یان تەواوی خاڵەکانی بنەماکانی بەرگری جێبەجێ بکات، بەڵام هەرچەند هەوڵی جێبەجێکردنیان بدات، زیانی کەمتر دەبێت و خۆڕاگرتر دەبێت لەبەرانبەر هێرشەکانی دوژمن. بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو لە کاتی شەڕ و جەنگەکان، شارەزایانی بواری جەنگی بە تاقیکردنەوە بەو بنەمایانە گەیشتوون لە کاتی بەرگریدا.

١. کرداری تووشبوون ،کرداری هێرش (العمل التعرضي).

٢. بەرگری لە هەموو لایەکان(الدفاع الى جميع الجهات).

٣. قووڵی، قووڵایی (العمق).

٤. پشتیوانی یەکتری (الاسناد المتبادل).

٥. شاردنەوە و حەشاردان (الاختفاء).

٦. فێڵبازی و تەڵەکەبازی (المخادعة).

٧. یەدەکی گەڕۆك (الاحتياط السيار).

لە ١٩٧٤/٤/١٦ پێشمەرگە هێرشی کردە سەر سەربازگەی سوپای عێراق لە سپیلك، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، ئەوەش ورەی سەربازانی سوپای عێراق بەرزکردەوە[2]، دوای ئەوەی سوپای عێراق ئامادەکاریی شەڕی دژ بە شۆڕشی تەواوکرد، دەستیکرد بە پێشڕەوی و هێرشەکانی لە سەرتاسەری کوردستان، بەعس شاڵاوێکی گەورەی سەربازی لەناوچەی بادینانەوە لەدژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستپێکردەوە، لەسەرەتادا بەرگری کرا، بەڵام دوایی هێزەکانی سوپای عێراق توانیان دەست بەسەر ناوچەکاندا بگرن، ئەوەش لە ئەنجامی ئەوە بوو کە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بڕیاری دا، لەشکری یەکی بادینان خۆیان

---

(١) كراسة رسمية الرقم ٣٠٣، فوج المشاة في المعركة، الطبعة الاولى ( رئاسة اركان الجيش العراقي _ مطبعة وزارة الدفاع _ ١٩٨٩ ) ل٤٠٧ .

(٢) طيب الكيشكي، محطات مختارة من ثورة ايلول ١٩٦١، طبعة الاولى (دهوك _ مطبعة محافظة دهوك _ ٢٠١٧) ص ١١٩.

بـە دووربگـرن لـە شـەڕ و هێـدی هێـدی پاشەکشە[1](انسـحاب) بکـەن بـۆ ناوچـە شـاخاوییەکانی ئـەو سنوورە، سـوپای عێـراق هـاوکاری هێـزی ئاسمانی لـە پشـت بـوو کـە بـە نوێتریـن فڕۆکـەی سـۆڤیەتی بۆردومانـی ناوچەکانـی کوردسـتانی دەکـرد.

دوای ئـەوەی سـەرکردایەتی شـۆڕش پلانەکانـی سـوپای عێراقـی بـۆ ئاشـکرا بـوو، شـارە گـەورەکان لـە هێـزی پێشـمەرگە چۆڵکـران و زیاتـر لـە دەوروبـەری ناوچـەی سـەرکردایەتی کۆکرانـەوە، بۆیـە لەنـاو پارێزگاکانـی کوردسـتان هیـچ ڕووبەڕووبونەوەیـەك ڕووی نـەدا لـە نێـوان پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق، چونکـە پێشـمەرگە بـەو هێـزە کەمـە نەیدەتوانـی بەرگـری لـە هەمـوو شـوێنەکانی کوردسـتان بـکات، بۆیـە مەکتەبـی عەسـکەری لەگـەڵ فەرمانـدەی هێـز و بەتالیۆنـەکان کۆبوونـەوە، بـۆ دانانـی نەخشـەی بەرگریکـردن لـە ناوچـە گرنـگ و پێویسـتەکان و سـەرکردایەتی شـۆڕش لـە ناوچـەی باڵەکایەتـی بڕیـاردرا بـە دانانـی سـێ هێڵـی بەرگـری سـەرەکی، لـە سـنووری هـەر سـێ لەشـکرەکە کـە یەکێکیـان لـە سـنووری لەشـکری یـەك، ئـەوەی تریـان لـە سـنووری لەشـکری دوو بێـت، هـی سێیەم لـە سـنووری لەشـکری سـێ.

هێڵـە بەرگرییەکـەی لەشـکری یـەك، هێـزی دهـۆك بـە فەرمانـدەی عەلـی خەلیـل خۆشـەوی لـە لوتکـەی فەرعیـن و لوتکـەی شـەدا، کـە دەکەوێتـە پشـت دهـۆك لـە باکـوور و بەرزایەکانـی زاوێتـە لـە ڕۆژهـەڵات و لـە سـنووری هێـزی زاخـۆ بـە فەرماندەیـی عیسـا سـوار، هێڵـی بەرگـری سـەرەتا لـە گەلـی زاخـۆ بـوو، هێـزی شـێخان بـە فەرمانـدەی حسـۆ میرخـان دۆڵەمـەری بـۆ بەرگـری لـە ناوچەکانـی نزیـك ئاکـرێ تـا نزیـك دهـۆك.

لـە سـنووری لەشـکری دوو، دوای ئـەوەی شـاری هەولێـر چۆڵکـرا و هێـزی دەشـتی هەولێـر بـە فەرماندەیـی فـارس بـاوە، کشـانەوەی بـۆ دەربەنـدی گۆمەسـپان و چیـای سـەفین تـا نزیـك هەیبـەت سـوڵتان، هێـزی بێتواتـە بـە فەرماندەیـی عەلـی شـەعبان لـە چیـای ماکـۆک و شیشـار و چیـای هـەورێ و زینەتیـر و بەنـی هەریـر، هەندێـک لـە بەتالیۆنەکانـی زۆزك لـە سـەرچیا، هێـزی سـەفین لـە هیـزۆپ و هەیبـەت سـوڵتان و دۆڵـی سـماقوڵی و باواجـی و دەربەنـدی گۆمەسـپان. هێـزی باڵـەك لـە ناوچـەی باڵەکایەتـی بـە شـێوەیەکی گشـتی بـۆ بەرگریکـردن لـە بنکـە

---

(١) پاشەکشـە (انسـحاب):- مەبەسـت لـە پاشەکشـەکردن ئەوەیـە کـە پاشەکشـە بکـەی لەگـەڵ بەرەوڕووبوونـەوەی دوژمـن و دانانـی هێڵێکـی بەرگـری بـە کەمتریـن زیـان.

و بارەگاکانــی ســەرکردایەتی شــۆڕش لــەو ناوچەیــە. هێڵــە بەرگرییەکــەی لەشــکری سـێ کـە بەگشـتی لـە سـنووری هـەردوو پارێـزگای کەرکـووك و سـلێمانی بـوو، بۆیـە زۆربـەی هێـز و بەتالیۆنەکانـی سـنووری لەشـکری سـێ لـەو شـوێنانە کۆکرانـەوە بـە مەبەسـتی بەرگریکـردن، جگـە لـە بەجێهێشـتنی هەندێـک دەسـتەی بەرگـری لـە شـوێنە گرنگەکانـی ڕێـگا لاوەکیەکانـی ئـەو سـنوورە، بـۆ ئـەوەی سـوپای عێـراق بـە ئاسـانی نـەگات بـە هێڵـە بەرگرییەکـە و لـە هەمـان کاتـدا سـوپای عێـراق وا هەسـت نـەکات، کـە هیـچ هێزێـك لەسـەر ڕێـگای هێرشـەکانیان نەمـاوە.

لـە پێـش دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ و لـە کاتـی شـەڕەکانیش، شـۆڕش بـەردەوام بـووە لەســەر خوولەکانــی بەگشــتی و بــە تایبەتــی خوولــە پێویســتەکان وەکــو خوولــی هــاوەن و تــۆپ، دژە ئاســمانی، بەرگــری میللــی، برینپێچــی، مامۆســتایانی شــۆڕش، پێگەیاندنــی کادیــران کــە زۆر جاریــش بەشــداربووانی خوولــەکان، دەکەوتنــە بــەر هێرشـە ئاسـمانییەکان و شـەهید و برینـدار دەبـوون، بـەڵام ورەیـان هـەر بـەرز بـوو کەسـیش بیـری لـە وازهێنـان لـە خوولـەکان نـە دەکـردەوە[1].

(١) زێـوەر محەمـەد سـەدیق، سـەرکردەی بلیمـەت و بـە وەفـا، گۆڤـاری پەیامـی ئەیلـوول، ژمـارە ٣، بەهـاری ٢٠٠٨، ل ٥٣ .

## شەڕەکانی سنووری لەشکری (١)ی بادینان

### شەڕی زاخۆ

پێش دەستپێکردنەوەی شەڕ، یەکێك لەو سەربازگانەی سوپای عێراق کە لە قووڵایی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بوو، لە شاری زاخۆ بوو، دوای ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و حکوومەتی عێراقی نەگەیشتن بە هیچ ئەنجامێك و حکوومەتی عێراقی شارەکانی بۆمبارانکرد، سەربازگەی سوپای عێراق لە زاخۆ لەلایەن هێزی زاخۆ بە فەرماندەی عیسا سوار گەمارۆدرا، هێزی ئاسمانی سوپای عێراق لە ١٢تا١٩٧٤/٤/٣٠ بەردەوام بوو لە بۆمبارانکردنی شاری زاخۆ[١]، لە ٢٥-١٩٧٤/٤/٢٦ بۆردومانی شاری دهۆکی کرد، سوپای عێراق کە پێکهاتبوو لە تیپی چوارەم بە سەرکردایەتی عەمید ڕوکن عەبدولجەبار ئەسەدی و جاشە خۆفرۆشەکان، هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ وەزارەتی بەرگری عێراق بڕیاری دا بە دووبارە دروستکردنەوەی بەتالیۆنی جاش کە ڕاستەوخۆ سەر بە سوپای عێراقیەوە بن، هەروەها دانانی ئەفسەرێکی سەربازی بۆ هەر بەتالیۆنێك وەکو فەرماندەی بەتالیۆن و سەرۆکی جاشەکان ببێت بە ڕاوێژکاری ئەو ئەفسەرە، کە ژمارەیان زیاتر لە (٦٠٠٠) جاش بوو لە هۆزەکانی سوورچی و هەرکی و زێباری و هەندێک لە هۆزی برادۆست و خۆشناو[٢].

لە شاری موسڵەوە پێشڕەوی و هێرشەکانی لە ١٩٧٤/٤/١٥ دەستپێکرد بەهێزی پیادە و تانك و زرێپۆش بە مەبەستی شکاندنی گەمارۆکەی سەر سەربازگەی زاخۆ، سەرەتا پێشڕەویەکانی سوپای عێراق بەبێ هیچ بەربەستێك بەردەوام بوو تا نزیك گەلی زاخۆ، بەڵام لە گەلی زاخۆ پێشمەرگەکانی هێزی زاخۆ، بەرگرییان کرد تا پێشڕەوی و هێرشەکانی سوپای عێراق بوەستێنن و بیشکێنن.

سەرەڕای ئەوەی پێشمەرگەکان سەنگەرێکی باشیان هەبوو و بە هاوەن بۆردومانی پێشڕەویەکانی سوپا و سەربازگە گەمارۆ دراوەکەیان دەکرد، بەڵام


---

(١) شلۆمۆ نکدیمۆن، مۆساد لە عێراق و وولاتانی دراوسێ، وەرگێرانی(رەهەند عبدالغفور)، چاپی یەکەم (٢٠١١) ل ٣٧١ .

(٢) شکیب عقراوی، سنوات المحنة فی کردستان، الطبعة الثانیة، (اربیل _ مطبعة مناره _ تموز ٢٠٠٧ ) ص ٣٧٢ .

لەبــەر زۆری ژمــارەی ســەرباز و تانــك و زرێپۆشــەکانی ســوپای عێــراق، پێشــمەرگە نەیتوانــی زیاتــر لــە ســێ هەفتــە ئـەو هێـزە گەورەیـەی سـوپای عێـراق بوەسـتێنێت و دوای زیانێکــی زۆر لــە ســەرباز و تانــك و کەلوپەلــی ســەربازی، سـوپای عێـراق توانــی گەمــارۆی ســەر ســەربازگەکەیان بشــکێنێ[1] و لــە ١٩٧٤/٥/١ شــاری زاخــۆ داگیــر بــکات، لـە لایـەن سـوپای عێـراق دەسـتدرێژی گولـە کرایـە سـەر هاووڵاتیانـی ئـەو شــارە کــە (٦٣) کەســی شــەهید و نزیکــەی (١٥٠) کەسیشــی برینــدار کــرد[2].


دوای ئــەوەی شــاری زاخــۆ لــە لایــەن ســوپای عێــراق داگیرکــرا، هێــزی زاخــۆ پاشەکشـەی کـرد بـۆ گوندەکانـی دەرکار و هیـزاوا، جارێکـی تـر هێڵێکـی تـری بەرگـری دروسـت کـرد، تـا ڕێگـری بـکات لـە پێشـڕەوی و هێرشـەکانی سـوپای عێـراق، ئیـتر ئـەو هێڵـە بەرگریـە مایـەوە تـا نسـکۆی شـۆڕش.




**نەخشەی شەڕی زاخۆ**

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عەریف دەروێش لە زاخۆ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٠ .

(٢) شـلۆمۆ نکدیمـۆن، مۆسـاد لـە عێـراق و وڵاتانـی دراوسـێ، وەرگێڕانی(رەهەنـد عبدالغفـور)، چاپــی یەکــەم (٢٠١١) ل ٣٧١ .




**نەخشەی هەڵوێستی هێزی زاخۆ دوای شەڕ**

## شەڕی دهۆك

دوای ئـەوەی عەبدولـڕەزاق گەرماڤـی فەرمانـدەی هێـزی دهـۆك بـە وەکالـەت فەرمـان دەدا بـەو پێشـمەرگانەی لـە ئەشـکەوتی سـمتی کـە هاوەنـی (١٢٠)ملیمیـان لـە لایـە، ئەگـەر هاتوچـۆی ژمـارەی ئۆتۆمبێـل لـە (٤بۆ٥) زیاتـر بـوو، ئـەوا تۆپبارانیـان بکـەن، لـە سـەرەتای مانگـی ١٩٧٤/١٠ کاتێـك نزیکـەی (١٠) ئۆتۆمبێـل و زرێپـۆش کـە یـاوەری عەبدولفەتـاح یاسـین ئەندامـی سـەرکردایەتی ناوەنـدی حزبـی بەعـس بـوو، بـەرەو بـارەگای هێـزی(١٨)ی سـەر بـە تیپـی (١)ی سـەر بـە سـوپای عێـراق لـە نـاو شـاری دهـۆك دەچـن، پێشـمەرگەکان بـەو هاوەنـە تۆپبارانیـان دەکـەن، لـە ئەنجـام گولـە هاوەنێـك بـەر زرێپۆشـێك دەکەوێـت سـەرجەم سـەربازەکانی نـاو زرێپـۆش دەکوژرێـن، دوای ئـەوەی کـە عەبدولفەتـاح یاسـین گەڕایـەوە بـۆ موسـڵ، لـە ١٩٧٤/١٠/١١ هەرچـی یەکهـی سـەربازی و جـاش هەبـوون لـەو سـنوورە کـۆی کردنـەوە، بـۆ ئـەوەی هێـرش بکاتـە سـەر هێـزی پێشـمەرگە[1]، لـە هەمـان کات فشـار بخاتـە سـەر سـەرکردایەتی شـۆڕش بـۆ ئـەوەی ئـەو بەتالیۆنانـەی، کـە لـە لایـەن لەشـکری یـەك نـاردراون بـۆ ناوچـەی باڵەکایەتـی، بگەڕێنـەوە سـنووری لەشـکری یـەك کـە گوایـە لـە دەڤـەری لەشـکری یەکـی بادینانیـش فشـار لەسـەر ئـەو هێـزی پێشـمەرگە هەیـە[2]، سـوپای عێـراق کـە بریتـی بـوون لـە هێـزی(١٨) و هێـزی(٥)ی تیپـی(٢) و تۆپخانـە و جاشـی هۆزەکانـی کۆچـەر و دۆسـکی و سـوورچی و زێبـاری و هەرکـی، لـە ئەنجامـدا شـەڕێکی قـورس بـۆ مـاوەی (١١) ڕۆژ بـەردەوام بـوو، بـۆ یارمەتیدانـی هێـزی دهـۆك لـە هێـزی زاخـۆوە بەتالیۆنـی عەلـی عەلـی و بەتالیۆنـی بـۆزی میرانـی هاتـن، سـەرەتا سـوپای عێـراق هێرشـیکردە سـەر چیـای ڕەش کـە بەرگـری ئـەو چیایـە لـە ئەسـتۆی بەتالیۆنـی(١)ی هێـزی دهـۆك بـە فەرمانـدەی نعـمان سـەمەد بـوو، سـەرەتا سـوپای عێـراق زۆر بـە چـڕی تۆپبارانـی ئـەو ناوچەیـەی کـرد و دوای ئـەوە هێـزی پیـادە و جـاش هێرشـیان هێنایـە سـەر چیـای ڕەش لـە ڕۆژی یەکەمـەوە داگیرکـرا، لـە ئەنجامـی ئـەو تۆپبارانـە و هێرشـە، (٥) شـەهید و نزیکـەی (٤٠) برینـدار[3] هەبـوون. دوای ئـەوە هێـزی دهـۆك لـە کەڤـرێ بسـکێ و تەحـا

(١) عبدالكريـم فنـدي، ثـورة ايلـول في كردسـتان العـراق، الطبعـة الاولى (دهـوك _ مطبعـة كليـة الشريعـة _ ١٩٩٥ ) ص ١٣٤ .

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەل بەڕێـز سـەلیم ئەسـعەد خۆشـەوی لـە مەسـیف سـەڵاحەددین لـە ڕێکـەوتی ٢٠١٩/٨/٢٤ لـە .


(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مستەفا عەبدولقادر لە دهۆك لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩ .

و شــکەفتا ســەمتی لــە بەرانبــەر چیــای ڕەش (٤) دوشــکا و هاوەنــی(١٢٠) و (٨٢) ملیمـی دانـا، بـۆ ئـەوەی بـەردەوام سـوپای عێـراق لـە ژێـری ئاگـری پێشـمەرگە بێـت و ڕێگەیـان نـەدا سـوپای عێـراق نـە سـەنگەر لێبـدەن و نـە میـن دابنێـن، تـا لـە مـاوەی هەفتەیـەك هێـزی دهـۆك پلانیـان دانـا بـۆ هێرشـی بەرانبـەر، فەرمانـدەی هێـز عەبدولـڕەزاق گەرماڤـی خـۆی چـووە دیدەوانی(رصـد)[1]، دوای ئـەوەی پلانیـان دانـا هێزێـك کـە ژمارەیـان (٤٠) پێشـمەرگەی بـژاردە بـە فەرماندەیـی قـادر ئالەکینـی بـوو، زۆربـەی ئـەو پێشـمەرگانە لـە لقـی هەندەسـەی هێـزی دهـۆك بـوون، بەڕێکەوتـن بـۆ شـوێنی ئـەرك بـە تـەواوی پێداوسـتی وەك خـواردن و ئـاو و فیشـەك بـە شـەو بەڕێکەوتـن بـۆ شـوێنی مەبەسـت، لـە دامێنـی چیـای ڕەش لـە شـوێنێك کـە لـە نـاو داروبـار خۆیـان حەشـار دا و فەرمانیـان پێکرابـوو کـە نابـێ جووڵـە بکـەن، چونکـە دوژمـن لێیانـەوە نزیکـە، تـا ڕۆژی دواتـر کـە بڕیـارە لەگـەڵ ڕۆژئاوابـوون لـە کاتژمێـر(١٧:٠٠) کاتێـك بۆردومانـی هێـزی پێشـمەرگە بوەسـتێت، لـە کاتژمێـر (١٧:٣٠) ئینجـا هێـرش بکەنـە سـەر سـوپای عێـراق لـە چیـای ڕەش، پێـش کاتـی دیاریکـراو و لـە کاتژمێـر (١٦:٠٠) ئـەو (٤٠) پێشـمەرگەیە هێرشـیان کـردە سـەر شـوێنی دوژمـن[2]، لـەو کاتـە فەرمانـدەی هێـز کـە لـە دیدەوانـی بـوو، فەرمانـی دا بۆردومـان ڕابگـرن، تـا زیـان بـەو پێشـمەرگانە نـەگات کـە هێـرش دەکـەن، دوای ئـەو ڕووداوە بـۆ فەرمانـدەی هێزیـان ڕوون کردبوویـەوە کـە دوژمـن ئەوانـی بینیـوە، بۆیـە بـە ناچـاری لـەو کاتـە دەسـتیانکرد بـە هێرشـکردن، لـە هەمـان کات لـە ڕۆژئـاوای چیـای ڕەش بەتالیۆنـی (١) ئـاگادار کرابوونـەوە، کاتێـك ئـەو (٤٠) پێشـمەرگەیە دەسـت بـە هێـرش دەکـەن، ئێـوەش لـە لای خۆتانـەوە هێـرش دەکـەن، لـە ئەنجامـی هێرشـی بەرانبـەر هێـزی پێشـمەرگە توانـی لـە مـاوەی کاتژمێرێـك تـەواوی چیـای ڕەش لـە دەسـتی دوژمـن ڕزگار بکـەن و زیانێکـی گـەورە لـە سـوپای عێـراق بـدەن، ئـەو سـەرباز و جاشـانەی لـەوێ بـوون هەندێکیـان کـوژران و برینداربـوون و هەندێکیشـیان ڕایـان کـرد و برینـدارەکان بەندکـران لـە بەندیخانـەی ئامێـدی و (٦) سـەربازیش بەدیـل گیـران کـە دواتـر ڕەوانـەی سـەرکردایەتی کـران لـە گەڵاڵـە. دەسـتکەوتی پێشـمەرگە لـەو شـەڕە بریتـی بـوو لـە (١٤) کلاشـینکۆف و یـەك (RPG٧) و ژمارەیەکـی زۆر فیشـەکی هەمـە جـۆر و نزیکـەی دە هـەزار میـن کـە نەیانتوانیبـوو دابنێنـەوە کەوتـە دەسـت پێشـمەرگە و بـێ ژمـار گولـەی هاوەنـی (٦٠)ملیـم و (٨٢)ملیـم و (١٢٠)

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عەبدولرزاق گەرماڤی لە دهۆك لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مستەفا عەبدولقادر لە دهۆك لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩ .

ملیم و جلوبەرگ و کەلوپەلی سەربازی[1] کەوتنە دەست پێشمەرگە. بە داخەوە ئەو هێرشەی پێشمەرگە بۆ ڕزگارکردنی چیای ڕەش بە خوێنی (٦) پێشمەرگەی قارەمان و (١٥-٢٠) بریندار تەواوبووو. دوای ئەو شەڕە تا ڕێککەوتننامەی جەزاییر لە ١٩٧٥/٣/٦ سوپای عێراق هیچ هێرشێکی دیکەی نەکردە سەر هێزی دهۆك لە پارێزگای دهۆك.




**نەخشەی شەڕی دهۆك**

(١)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عەبدولرزاق گەرماڤی لە دهۆك لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩ .

## شەڕەکانی سنووری لەشکری (٢)ی هەولێر

### شەڕی سەرچیا

بەهـۆی گەمارۆدرانـی سـەربازگەی حامیـەی ڕوانـدوز لـە لایـەن پێشـمەرگەوە و بـە گوێـرەی زانیارییـە هەواڵگریەکانـی سـوپای عێـراق، پێـش ئـەوەی شـەڕ ڕووبداتـەوە، لـە سـەرەتای مانگـی ١٩٧٤/٤ بـارەگای هێـز و بەتالیۆنێکـی سـوپای عێـراق کـە لـە حامیـەی ڕوانـدز بـوون، پاشەکشـەیان کـرد بـۆ سـەربازگەی سـپیلك. لـە ١٩٧٤/٤/١٦[1] بـە فەرمانی مستەفا بارزانـی پـلان دانـرا، بـە مەبەسـتی هێرشـکردنە سـەر سـەربازگەی سـپیلك و داگیرکردنـی، پێشـمەرگە دەسـتیکرد بـە هێـرش بـۆ سـەربازگەی ناوبـراو، بـەڵام لەبـەر توندوتۆڵـی بەرگریەکانـی سـەربازگەی سـپیلك، هێـزی پێشـمەرگە سـەرکەوتوو نەبـوو لـە هێرشـەکەی و پاشەکشـەیان کـرد بـۆ شـوێنەکانی خۆیـان.

پێـش ئـەوەی شـەڕ دەسـت پێبـکات، سـوپای عێـراق ئـەو سـەربازگەیەی کـە لـە ڕوانـدوز بـوو، پاشەکشـەی پێکرد بۆ سـەربازگەی سـپیلك، بەڵام کاتێک شـەڕ دەسـتیپێکرد سـەربازگەی سـپیلك لەژێـر ئاگـری پێشـمەرگە بـوو، ئـەو هێـزەی پێشـمەرگە کـە لـە سـەرچیا بـوو میرخـان محەمەدئەمیـن فەرماندەیـی دەکـرد، دوای ئـەوەی مەکتەبـی عەسـکەری شـۆڕش ئـەو زانیاریانەی بەدەسـت گەیشـت کە سـوپای عێـراق بەردەوامە لە پێشـڕەوی و هێرشـەکانی بـۆ سـەر کوردسـتان بۆ زیاتـر توندکردنـی ئەو هێڵـە بەرگرییەی سـەرچیا لـە کۆتـا ڕۆژەکانـی مانگـی ١٩٧٤/٤ فەرمانـی دا بـە بەتالیۆنـی (٢)ی زۆزك، بـە فەرمانـدەی مـلازم یونـس ڕۆژبەیانـی کە بچێتە سـەرچیا[2] شانبەشـانی ئـەو بەتالیۆنانەی سـەر بـە هێـزی سـەرچیا کـە لەوێـن بەرگـری بکـەن و ڕێگە نـەدەن سـوپای عێـراق زیاتر بەرەوپێـش بێـت و لە هێرشـەکانی بەردەوام بێـت. بەتالیۆنـی (١)ی زۆزك بە فەرماندەیی نەقیـب حەسـەن بارزانـی لـە دۆڵـی ئاڵانـە بوو کـە زۆر کات ملازم مەنسـور شـێخ کەریم سەرپەرشـتی دەکـرد لـەو دۆڵـە [3].

---

(١) شـكيب عقـراوى، سـنوات المحنـة فـى كردسـتان، الطبعـة الثانيـة، (اربيـل _ مطبعـة منـاره _ تموز ٢٠٠٧ )ص ٣٧٦.

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بەڕێـز یونـس محەمەدسـەلیم، نـاسراو بـە مـلازم یونـس ڕۆژبەیانـی لـە هەولێـر لـە ڕێکـەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨ .

(٣) چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز مەنســور شــێخ کەریم(فەریــق مەنســور) لــە ســلێمانی لــە ڕێکــەوتی ٢٠١٩/٢/٢٥ .

سەرەتا لقێکی بەتالیۆنی (٢)ی زۆزك بە پیادە لە هاودیانەوە بەڕێکەوتن و دوای ئەوەی ئەو لقە لە ڕێگای خەلان بیاو گەیشتە سەرچیا، فەرمانیان پێکرا کە ئەرکی بەرگریکردنی ئێوە ڕێگای سەرەکی سپیلك _ خەلیفان دەبێت و ئەو لقەش دەست بەجێ بۆ شوێنی خۆیان بەڕێدەکەون، بەمەبەستی دانانی هێڵە بەرگرییەکە لەسەر هەمان ڕێگا. دوای ئەوە تەواوی بەتالیۆنی (٢) بە فەرمانی فەرماندەکەیان ملازم یونس ڕۆژبەیانی[1] کە ئاگادار بوو مەترسیەك لەسەر سەرچیا هەیە، هەر بە ڕێگای خەلان بیاو بەڕێ دەکەون بۆ سەرچیا، بەڵام لەبەر ماندووبوونی ئەو بەتالیۆنە، شەو ناگەنە شوێنی مەبەست، تەنیا ملازم یونس ڕۆژبەیانی کە فەرماندەی بەتالیۆنەکە بوو هەر بەو شەوە بە خۆی و (١٠) پێشمەرگە، دەچێتە لای میرخان محەمەدئەمین بۆ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە لە گەیشتنیان و دوایین گۆڕانکاری بزانێت لە بەری شەڕ، هەر ئەوە ڕۆژە سەر لە بەیانییەکە ئەو لقەی کە بەرگری دەکرد، لەسەر ڕێگای سەرەکی سپیلك _ خەلیفان ڕووبەڕووی هێرشێك ببوونەوە لەگەڵ هێزێکی سوپای عێراق کە مەبەستیان بوو پێشڕەوەی بکەن بەرەو خەلیفان، بەڵام ئەو لقە قارەمانانە پێشیان بەو هێزەی سوپای عێراق گرتوو و لە ئەنجامدا، شەڕێکی قورس ڕوویدا بە شەهیدبوونی (٥) پێشمەرگەی قارەمان[2] و برینداربوونی هەندێکی تر، توانیان زیانێکی گەورە لەو هێزەی سوپای عێراق بدەن و پاشەکشەیان پێبکەن.

هەر ئەو شەوەی کە ملازم یونس ڕۆژبەیانی گەیشت و هەواڵەکەی زانی، بانگی ئەو سەرلقەی کرد کە بەرگرییان کردووە و ڕێگەیان لە پێشڕەویەکانی سوپا گرتووە، تا بزانێت دوایین هەڵوێست چییە، دوای ئەوە پێداویستی تەقەمەنی و ئازووقەی بۆ دابینکرا، هەمان کات سەرلقەکە گەڕایەوە شوێنی خۆی، لە هەمان کات ملازم یونس ڕۆژبەیانی داوا لە میرخان محەمەدئەمین دەکات، ئەگەر هەست بە هێرش دەکەی لە لایەن سوپای عێراق، با هەر بەو شەوە تەواوی بەتالیۆنەکەم سەر بخەم بۆ سەرچیاوە، ئەگەر شتێکی وا لە ئارادا نییە لەبەر ماندووبوونیان با بەیانی سەرکەون، لە وەڵامدا میرخان محەمەدئەمین گووتی نەخێر هیچ زانیارییەکی وامان لەبەر دەست نییە کە دوژمن جووڵە بکات، بەیانی زوو بە دەنگی تەقە هەستان و سەرەتا پرسیاریانکرد گووتیان شتێکی وا نییە، دوای دەرکەوت بەڵێ سوپای عێراق هێرش دەکاتە سەرچیا، لەو کاتە ملازم یونس ڕۆژبەیانی داوا لە میرخان محەمەدئەمین

---

(١)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز محەمەد علی سۆفی لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٥.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز یونس محەمەدسەلیم، ناسراو بە ملازم یونس ڕۆژبەیانی لە هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨ .

دەکات کە ئەو بچێت بۆ بە هاناوەچوونی لقەکەی کە بەرگرییان دەکرد، لە ڕێگای سەرەکی سپیلك _ خەلیفان، دوای ئەوەی سوپای عێراق توانی سەرچیا داگیربکات، ملازم یونس ڕۆژبەیانی فەرمان دەدات بە لقەکەی بۆ ئەوە بچنە پانە سەر لە کۆتایی زنجیرە چیای سەرچیا، کە بەرزترین خاڵە لە کۆتایی زنجیرە چیای سەرچیا کە زاڵە بەسەر خەلیفان، بەتالیۆنی (٢)ی زۆزك کە هەتا سەرچیا شارەزایی تەواویان نەبوو لەو ناوچەیە و نەخشەی سەربازیش لەبەر دەست نەبوو تاوەکو سوودی لێ ببینن[١].

دوای ئەوە سەرچیا داگیرکرا. مەکتەبی عەسکەری فەرمانی دا بۆ ئەوەی هێرشی پێچەوانە بکرێت بۆ ڕزگارکردنەوەی سەرچیا، ئامادەکاری کرا و هێزێکی زۆر بەڕێکەوتن بەمەبەستی هێرشی بەرانبەر، ئەو ڕۆژەی کە دیاریکرا بۆ هێرشەکە، بە درێژایی ڕۆژ فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی عێراقی بەسەر ناوچەکەدا دەسوڕانەوە و ئەو هێزانەی دەکردە ئامانج کە لە خەلان بیاوهوە هەوڵیان دەدا بگەن بە پانە سەر[٢] بۆ خۆئامادەکردن بۆ هێرشی بەرانبەر، لە ئەنجامدا هەندێک پێشمەرگە بریندابوون، دوای ئەوەی هێزەکە گەیشتە پانەسەر و ئامادەبوون بۆ هێرشی بەرانبەر، سوپای عێراق بە پەلێك هێرشی کردە سەر سەنگەری پێشمەرگە لە پانەسەر، لە ئەنجامدا ئەو پەلەی سوپای عێراق کە هێرشی هێنا، هەمووی کوژران و تەنیا (٣_٤) سەرباز نەبێت بە برینداری کەوتنە دەستی پێشمەرگە، لە هەمانکاتدا پێشمەرگەش شەهید و برینداری هەبوو. دوای ئەوە پێشمەرگە دەستیکرد بە هێرشی بەرانبەر، بەڵام لەبەرئەوەی سوپای عێراق کاتژمێری سفری دەزانی چ کاتێکە، کە بە داخەوە لە بەرپرسێکی پێشمەرگەی هێزی هێرشی بەرانبەر بەدەستیان گەیشتبوو، لە ئەنجامی ئەو خیانەتە هێرشی بەرانبەری پێشمەرگە بۆ سەر سوپای عێراق شکستی هێنا.


دوای ئەو شکستە مستەفا بارزانی سەردانی چیای پیرس دەکات، بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی بەرەکانی شەڕ لەوێ، ملازم یونس ڕۆژبەیانی ئەو دیدارە بە هەل دەزانێت و بە مستەفا بارزانی ڕادەگەێنیت کە زۆربەی هێزەکانی سوپای عێراق لە سەربازگەی سپیلکن، خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی لە هێرشەکانیان بەردەوام بن، ملازم یونس ڕۆژبەیانی داوا لە مستەفا بارزانی دەکات بە دابینکردنی تۆپ بۆ ئەوەی بتوانن سەربازگەی سپیلك تۆپباران بکەن[٣].

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئیبراهیم پێداوی لە هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/١٢ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز یونس ڕۆژبەیانی لە هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨ .

(٣) چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز محەمەد عەلی سۆفی لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٥ .

مستەفا بارزانی داوا لە ملازم  یونس ڕۆژبەیانی دەکات، بەیانی بچێت بۆ لای ئیدریس بارزانی بۆ ئەو داواکاریە، لە ئەنجام ئیدریس بارزانی فەرمان دەدات بە حالی دۆلەمەری بە دوو تۆپەوە بچن بۆ تۆپبارانکردنی سەربازگەی سپیلك، بۆ ئەوە گەیشتن بە دۆڵی خەلان بیاو و تۆپەکانیان لە شوێنی پێویست ئامادەکرد، ملازم  یونس ڕۆژبەیانی و حالی دۆلەمەری بۆ ڕەسەد چوون بۆ سەر چیای برادۆست لەگەڵ ڕۆژهەڵات فەرمانیان دا بە تۆپبارانکردنی سەربازگەی سپیلك لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانە، زیانێکی زۆر گەورە بەر سەربازگەی سپیلك کەوت بە هۆی تەقینەوەی جبەخانە و شوێنی سووتەمەنی لە ناو سەربازگەکە، سوپای عێراق بۆردومانی زنجیرە چیای سەرچیای دەکرد وای دەزانی ئەوێ گیراوە و پێشمەرگە لەوێوە سەربازگەی سپیلك بۆردومان دەکات[1].




**نەخشەی شەڕی سەرچیا**

(١) چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز یونس محەمەدسەلیم، ناسراو بە ملازم یونس ڕۆژبەیانی لە هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨ .

## شەڕی دەربەندی گۆمەسپان

دوای ئـەوەی هێـزی دەشـتی هەولێـر لـە شـاری هەولێـر کشـایەوە، هاتـە دەرەوەی شـاری هەولێـر، بەتالیۆنەکانـی لەسـەر بەرەکانـی شـەڕ دابەشـکران بـە مەبەسـتی دروسـتکردنی هێڵێکـی بەرگـری، تاوەکـو ڕێگـە لـە پێشـڕەوی و هێرشـەکانی سـوپای عێـراق بگـرن کـە بـەم شـێوەیە بـوو[1]:

١. بارەگای هێز بە فەرماندەیی فارس باوە بۆ چیای پشت پیرەروتەکەور.
٢. (٢) لقی سەر بە بارەگای هێزی دەشتی هەولێر بۆ ناوچەی بێستانە.
٣. بەتالیۆنـی (١) بـە فەرماندەیـی سـەید کاکـە بـۆ زنجیـرە چیاکانـی پشـت باوەقـوت و گۆمەتـاڵ.
٤. بەتالیۆنی (٢) بە فەرماندەیی عەریف عوسمان بۆ دەربەندی گۆمەسپان.
٥. بەتالیۆنی (٣) بە فەرماندەیی ئەحمەد حاجی عەلی بۆ باواجی.


هێـزی سـەفین و هێـزی ئـازادی کـە تـازە دروسـتکرابوون، هـەر لـە سـەرەتاوە لـە چیـای سـەفین تـا چیـای باواجـی و هەیبـەت سـوڵتان لـە بەرگریدابـوون، شانبەشـانی هێـزی دەشـتی هەولێـر و لـە هەمـان کات بەرپـرس و کارگێـڕ و ئەندامانـی لقـی (٢) ی هەولێـری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، لەگـەڵ ئـەو هێزانـە بەرگریـان لـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان دەکـرد[2] .

لـە سـەرەتای مانگـی ٥ی ١٩٧٤، سـوپای عێـراق دوای ئـەوە زیاتـر پشـتی بـە تانـك و زریپـۆش بەسـت بـۆ هێرشـەکانیان، لـە دوو لاوە هێرشـی کـردە سـەر سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە، کـە ڕێـگای یەکـەم لـە سـەرێ ڕەش و ڕێـگای دووم ئـەو هێزانـەی لـە دەوروبـەری دەربەنـدی گۆمەسـپان بـوون، هێرشـیان کـردە سـەر سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە، بـەردەوام لـە هـەردوو لا شـەڕ و زیـان هەبـوو، بـەڵام لەبـەر زۆری سـوپای عێـراق زیانـی ئـەوان زیاتـر بـوو، لـە ئەنجامـدا سـوپای عێـراق شـکا، بـەڵام تۆپخانـەکان و فڕۆکەکانـی سـوپای عێـراق بـەردەوام بـوون لـە بۆردومانـی سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە، لەبـەر ئـەوە پێشـمەرگە هێڵێکـی بەرگـری تـەواو پتـەوی نەبـوو لـە ڕۆژی دواتـر، دووبـارە هێرشـی کـردەوە سـەر سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە

(١) سـەید کاکـە، بیـرەوەری پێشـمەرگەیەك، چاپـی سـێیەم (هەولێـر _ چاپخانـەی شـەهاب _ ٢٠٠٠ ) ل ٨٦ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ڕەشید سندی لە زاخۆ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/١٥ .

لە ئەنجامی ئەو هێرشەی سوپای عێراق، (٥)پێشمەرگەی قارەمان شەهید دەبن و (١١)ی تریش بریندار دەبن[1] و لەهەمان کات، پێشمەرگە پاشەکشە دەکات لە دەربەندی گۆمەسپان بەرەو گوندی زیارەت و سوسێ، سوپای عێراقیش بەردەوام بوو لە پێشڕەوی و هێرشەکانی و توانی ئەو ناوچەیە هەمووی داگیر بکات وەك بێستانەی گەورە و پەلکە ڕەش و دەربەندی گۆمەسپان، دوای ئەوەش سوپا توانی چیای دەربەند تا گوندی دێرێ و ڕێگای سەرەکی نێوان هەولێر _ کۆیە بگرێت، پێشمەرگەش بە فەرمانی سەرکردایەتی پاشەکشەی کرد بۆ چیای سەفین.




**نەخشەی شەڕی دەربەندی گۆمەسپان**

(١) خورشید شێرە، خەبات و خوێن بیرەوەرییەکانی ساڵانی خەباتی پێشمەرگایەتی، چاپی سێیەم (هەولێر _ چاپخانەی حاجی هاشم _ ٢٠١٥) ل ٢٦٨ .

## شەڕی سەفین

کاتێـک لـە سـەرەتاوە سـوپای عێـراق هێرشـیکردە سـەر کوردسـتان، هێـزی سـەفین فەرمانـی پێکـرا، لـە چیـای سـەفین بەرگـری بکـەن و ڕێگـە نـەدەن سـوپای عێـراق داگیـری بـکات، چونکـە سـوپای عێـراق چەنـد سـەنگەرێکی لەسـەر چیـا هەبـوو، هــەر بــە مەبەسـتی بەهێزکردنــی چیــای ســەفین، فەرمــان درا بــە بەتالیۆنــی(١)ی هێـزی دەشـتی هەولێـر بـە فەرماندەیـی سـەید کاکـە، بەشـێك لـە بەتالیۆنەکـەی هـاوکاری هێـزی سـەفین بکـەن بـۆ بەرگـری لـە چیـای سـەفین، سـەید کاکـە بـە خـۆی و دوو لـق لـە بەتالیۆنەکـەی دەچنـە سـەر چیـای سـەفین و تۆپێـك و دۆشـکەیەك لەگـەڵ خۆیـان دەبـەن، پێشـمەرگە هێرشـی کـردە سـەر یەکێـك لـە ڕەبیـەکان، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوون، چونکـە هێشـتا بەفـری زسـتان لـە هەندێـک شـوێنی چیـا هـەر مابـوو.

لـە هەمـان کات ڕۆژانـە هێـزی ئاسـمانی عێـراق بۆردومانـی سـەنگەرەکانی پێشـمەرگەی دەکـرد. سـەرنەکەوتنی هێرشـی پێشـمەرگە زیاتـر لەبـەر کەمتەرخەمـی فەرمانـدە و هەندێـک لـە پێشـمەرگەکان بوو، چونکـە ئەوەندەی بیریـان لای کۆکرنەوەی پاشـماوەی نـاو ڕەبیـەکان بـوو، ئەوەنـدە بیریـان لـە بەرگـری نەدەکـردەوە، دوای ئـەوەی فەرماندەکانـی پێشـمەرگە بۆیـان ئاشـکرا بـوو کـە لـە ناوچـەی نیمچـە دەشـتایی، توانـای ڕووبەڕووبوونـەوەی تانـك و زریپۆشـەکانی سـوپای عێراقیـان نییـە، فـارس بـاوە فەرمانـی دا هێزەکانـی ئـەو ناوچەیـە بچنـە چیـای سـەفین، لەبـەر ئـەوەی زانیارییـان هەبـوو کـە دوژمـن نیـازی داگیرکردنـی چیـای سـەفینی هەیـە.


لـە مانگـی ١٩٧٤/٦ لـەو کاتـە سـوپای عێـراق هێرشـێکی بەرفراوانـی کردبـووە سـەر چیـای سـەفین، لقـی نایـف فـارس باوە لـە چیـای ئاوەگـرد بـوو، بەتالیۆنی سـەید کاکە لە کانـی سـمایلی پشـت هیـران بوو.

لـە دوای چەنـد ڕۆژێـك دوژمـن توانـی چیـای سـەفین داگیـر بـکات و شـەڕیش لـە چیایـی ئاوەگـرد تونـد بـوو، ئـەو لقـەی نایـف فـارس باوە سـەرەڕای ئـەوەی زیانـی زۆری لـە دوژمنـدا، بـەڵام بەداخەوە لەو لقـە (١٤) شـەهید و (٢٠) بریندار هەبوو[1]، سـەرەڕای زیانەکانـی دوژمـن، بـەڵام بـەردەوام بـوون لـە هێرشـکردن بـۆ سـەر سـەنگەرەکانی

(١) سـەید کاکـە، بیـرەوەری پێشـمەرگەیەك، چاپـی سـێیەم (هەولێـر _ چاپخانـەی شـەهاب _ ٢٠٠٠ )ل٩١ .

پێشمەرگە، دوای ئەوەی فەرماندەکانی ئەو ناوچەیە زانییان چیتر ناتوانن بەرگری بکەن، مەکتەبی عەسکەرییان ئاگادارکردەوە تاوەکو پاشەکشە بکەن بۆ چیای هەورێ و دۆڵی بالیسان، دوای ئەوەی فەرمانی پاشەکشە درا، لەو شەوە هێزی دەشتی هەولێر و هێزی ئازادی پاشەکشەیان کرد بۆ گوندی کونەفلوسە و چیای هەورێ، ڕۆژی دواتر هێزی سەفین و بەتالیۆنی عەریف عەلی کە هاوکاری هێزی سەفین بوون، بەیەکەوە کشانەوە بۆ چیای هەورێ[1].

دوای ئەوەی پێشمەرگە پاشەکشەی کرد بۆ چیایی هەورێ و سوپای عێراق بەردوام بوو لە داگیرکردنی ناوچەکە، جارێکی دیکە لە نزیك چیای هەورێ شەڕ ڕوویدا، لەسەرەتا زۆربەی پێشمەرگەکان بەبێ پرس پاشەکشەیان کرد و سەنگەرەکانیان چۆڵکرد، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو ئەو پێشمەرگانە لە بەرگریدابوون و لەبەر شکست و پاشەکشەکانی پێشووتر، ورەیان کەم و لاواز ببوو، بەڵام سەید کاکە لەگەڵ کۆمەڵێك لە پێشمەرگەی قارەمان، بواریان نەدا بە سوپای عێراق بۆ پێشڕەوییەکانی و زیانێکی باشیان لە دوژمندا، ئیتر چیای هەورێ بە دەستی پێشمەرگە مایەوە تا نسکۆی شۆڕش.




**نەخشەی شەڕی سەفین**

(١) خورشید شێرە، خەبات و خوێن بیرەوەرییەکانی ساڵانی خەباتی پێشمەرگایەتی، چاپی سێیەم (هەولێر _ چاپخانەی حاجی هاشم _ ٢٠١٥)ل ٢٦٩ .

## داگیرکردنی کۆیە و چیای هەیبەت سوڵتان و باواجی

لـە سـەرەتای مانگـی ١٩٧٤/٧، هێـزی زرێپۆشـی(٨)ی تیپـی (٢)ی سـوپای عێـراق بـە هەمـوو یەکەکانییـەوە و بـە هـاوکاری تانـك و تۆپخانـە و جـاش، لەسـەر زەوی و لـە ئاسـمانەوە بـە پاڵپشـتی فڕۆکەکانـی هێـزی ئاسـمانی دەسـتیان کـرد بـە پێشـڕەوی و هێرشـەکانیان بۆ سـەر ناوچەکانی کوردسـتان لە ڕێگای کەرکووک _ شـوان _ تەق تەق _ کۆیـە[1]، لەبـەر ئـەوەی پێشـمەرگە ناو شـارەکانی چۆڵ کردبوو پێش ئەوەی شـەڕ دەسـت پـێ بـکات، بۆیـە سـوپای عێـراق هیچ بەربەسـتێکی تا شـاری کۆیە لـە پێش نەبـوو، بەڵام دوای شـاری کۆیـە پێشـمەرگەکانی بەتالیۆنـی(٣)ی دەشـتی هەولێـر لـە چیـای باواجـی، لـە بەرگریدابـوون و بەتالیۆنـی (٢)ی هێـزی ئـازادی لـە پشـت گونـدی میـر سـەید لـە بەرگریدابـوون، لـە هەمـان کاتـدا هێـزی بێتواتـە لـە بیسـتانە و هیـزۆپ لەسـەر ڕێـگای کۆیـە _ ڕانییـە بـوون[2]، سـوپا بـەردەوام بوو لـە پێشـڕەویەکانی، بەڵام لە چیـای هەیبەت سـوڵتان و باواجـی ڕووبـەڕووی بەرگرییەکانـی پێشـمەرگە بوویـەوە و سـەرئەنجام شـەڕ ڕوویـدا، سـەرەتا سـوپای عێـراق بـە کەتیبـەی تانـك هێرشـی کـردە سـەر سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە، ئەگـەر چـی چەکەکانـی پێشـمەرگە زۆر سـادە بـوون و چەکـی قورسـیان نەبـوو و چەکـی دژە تانـك کـەم بـوو، بـەڵام چەنـد ڕۆژێـك توانییـان بەرگـری بکـەن لـەو ناوچەیـە، بەداخـەوە دوای شـەهیدکردنی ئەحمـەد حاجـی عەلی[3]کـە فەرمانـدەی بەتالیۆنـی (٣)ی دەشـتی هەولێـر بـوو، ورەی پێشـمەرگەکان لـە دابەزیندابـوو، ئەوە وای کـرد ئیـتر نەتوانـن لـە بەرگریکردنیـان بـەردەوام بـن و سـوپای عێـراق توانـی هـەردوو چیایەکـە واتـە چیـای هەیبـەت سـوڵتان و باواجـی داگیربـکات و پێشـمەرگە پاشەکشـە بـکات بـۆ چیـای ئاوەگـرد و بنەبـاوی، زیانەکانـی پێشـمەرگە بـە (١٠) شـەهید و (٢٥) برینـدار تـەواو بـوو، جگـە لـە داگیرکردنـی ئـەو ناوچەیـە لەلایـەن سـوپای عێراقـەوە.

سـوپای عێـراق بـەردەوام بـوو لـە پێشـڕەویەکانی، لـە شـەوی ١٩٧٤/٧/٥ توانـی بگاتـە هیـزۆپ و بـە کەتیبـەی تانـك هێرشـی خێرا[4](هجـوم سریـع) بکاتـە سـەر ئـەو


(١) الفريـق الركـن/ رعـد مجيـد الحمـداني، معـارك الجيـش العراقـي الكـبرى مـن عـام ١٩٧٣ الى عـام ٢٠٠٣، (عـمان _ الاردن _ دار امنـة للنـشر و التوزيـع _ ٢٠١٣) ص٧٣ .

(٢) سـەید کاکـە، بیـرەوەری پێشـمەرگەیەك، چاپـی سـێیەم (هەولێـر _ چاپخانـەی شـەهاب _ ٢٠٠٠ ) ل ٩٠ .

(٣) خورشـید شـێرە، خەبـات و خوێـن بیرەوەرییەکانـی سـاڵانی خەباتـی پێشـمەرگایەتی، چاپـی سێیەم (هەولێـر _ چاپخانـەی حاجـی هاشـم _ ٢٠١٥) ل ٢٦٩ .

(٤) هێرشـی خێـرا (هجـوم سريـع):- ئـەو هێرشـەیە کـە دەکرێتـە سـەر ئـەو سـەنگەرانەی دوژمـن

لقەی شینەی بۆلی و لقی کەمال بەگ کە سەر بە هێزی بێتواتە بوون، کاتێک لقەکەی شینەی بۆلی لایاندا بۆ گوندی گرد گۆران پاشەکشەیان کرد[1]، لە ئەنجامدا نزیکەی (٣٢) پێشمەرگە بە گوێرەی سەرچاوەکانی سوپای عێراق[2] و بە گوێرەی سەرچاوەکانی پێشمەرگە (١٥) پێشمەرگەی ئەو دوو لقە بەدیل گیران[3]، بە گوێرەی وتەکانی محەمەد خۆشناو، (٣٦) پێشمەرگەی ئەو دوو لقە بەدیل گیران[4]. پێشمەرگەکانی تر هەر لەو دەشتە خۆیان شاردەوە تاوەکو ئەوانیش وەکو هاوسەنگەرەکانیان بەدیل نەگرن و نەکەونە دەستی دوژمن.




**نەخشەی شەڕی هەیبەت سوڵتان و باواجی**

---

کە لەبەر هەر هۆیەك بێت، بە باشی ئامادە نەکراوە بۆ بەرگری .

(١) ئامادەکردنی/حاجی خلیل دەرگەڵەیی، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە ٦، ت١ ٢٠٠٨، ل ٢٢ .

(٢) الفريق الركن/ رعد مجيد الحمداني، قبل ان يغادرنا التاريخ، الطبعة الاولى (بيروت _ لبنان _ الدار العربية للعلوم_نشرون _٢٠٠٧) ص ٤٧ .

(٣) سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپی سێیەم (هەولێر _ چاپخانەی شەهاب _ ٢٠٠٠ ) ل ٩٠ .

(٤) ئامادە کردنی/حاجی خلیل دەرگەڵەیی، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە ٦، ت١ ٢٠٠٨، ل ٢٢ .

## داگیرکردنی چیای کۆڕەك

ماوەیەکی زۆر سوپای عێراق بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا بتوانێت بە کورترین کات و بە کەمترین زیان شۆڕشی ئەیلوول کۆتایی پێبهێنێت، بەڵام ورەی پۆڵاین و خۆڕاگری پێشمەرگە و فەرماندەکانیان ئەو بوارەیان بەو سوپایە زەبەلاح و پڕ چەکە نەدەدا، کاتێك سوپای عێراق بە دوو تیپی سەربازی و چەندین یەکەی تری سەربازی، کە خرابوونە پاڵ ئەو دوو تیپەوە و ژمارەی زۆری جاش و هێزی ئاسمانی سوپای عێراق بە یارمەتی شارەزایانی سەربازی سۆڤیەت، هەوڵیان دەدا لە پێشڕەوی و هێرشەکانیان بەردەوام بن، بەڵام پێشمەرگە بەرگری قارەمانانەی دەکرد و ڕێگا سەرەکیەکەی سوپای عێراق گەلی عەلی بەگ بوو کە دەکەوێتە دۆڵێکی قووڵ، لە ڕووی سەربازییەوە بۆ سوپا کارێکی ئەستەمە بە ئاسانی ئەو گەلیە ببڕێت، جگە لەو پردانەی کە لەسەر ڕێگاکە بوون، ئامادە کرابوون بۆ تەقاندنەوە و سەنگەرەکانی توند کردبوو و مینڕێژی کردبوون، دوای ئەوەی سوپای عێراق سەرچیای داگیرکرد و شارۆچکەی خەلیفانی داگیرکرد، بەردەوام بوو لە پێشڕەوی و هێرشەکانی، بەڵام سەختترین بەربەستی سرووشتی هاتە پێش، ئەویش گەلی عەلی بەگ بوو.

سوپای عێراق چەندین جار هەوڵی دا لە چیای گۆڕەز بگاتە دەشتی دیانا، بەڵام هیچ کات پێشمەرگە ڕێگەی نەدا سەنگەری بەرگرییەکانی ببڕێت، زۆر زیانیش بەر هەردوولا کەوت، بەڵام زیانەکانی سوپای عێراق زۆر زیاتر بوو لە پێشمەرگە[1].

سرووشت و هەڵکەوتەی گەلی عەلی بەگ لە ڕووی سەربازییەوە بۆ لایەنی بەرگریکار بە باشترین شوێن دادەنرێت، بە تایبەت ئەگەر هەردوو چیای کۆڕەك لە دەستی ڕاستەوە و چیای باڵەکیان لە دەستی چەپیەوە بە دەستی بەرگریکار بێت، ئەگەر چی لە دەستی ڕاستەوە کە چیای کۆڕەك بوو، پێشمەرگەی لێ نەبوو، چونکە فەرماندە سەربازییەکانی شۆڕش بیریان لەوە نەکردبووەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دوژمن لەسەر چیای کۆڕەك بەڕووی ڕواندوز ڕێگا بهێنێتە خوارەوە.

درێژی گەلی عەلی بەگ زیاتر لە (٥)کم و لە هەمان کات بە هۆی ئاوێکی

---

(١) ئاری کەریم، چەند لاپەڕەیەکی زیندوو لە شۆڕشی ئەیلول دا، چاپی یەکەم( دهۆك _ چاپ خانەی خەبات _ ١٩٩٩) ل ١٨١.

زۆرەوە چەندین پردی لەسەر دروست کراوە، هەر کات ئەو پردانە بڕوخێن، ئەوا هاتوچۆ لەو ڕێگایە دەوەستێت، کاتێك کە سوپای عێراق ویستیهێرش بکاتە سەر ڕواندوز و باڵەکایەتی و پێشڕەوی بکات، پێشمەرگە ئەو پردانەی تەقاندەوە و لە هەمان کاتدا زۆربەی زۆری ئەو ڕێگایە مینڕێژکرابوو، تاوەکو پێشڕەویەکانی سوپای عێراق بوەستێنێت یان دوایان بخات، بەڵام سوپای عێراق نیازی وەستانی نییە، بەڵکو دەبێت شۆڕشی کورد لە ناو ببات، کاتێک کە هەوڵەکانی سوپای عێراق بەردەوام بوو بۆ چاککردنەوەی پردەکان، لە هەمان کات تۆپبارانی پێشمەرگە بەردەوام بوو لە سەر گەلی عەلی بەگ، کە تۆپەکانی پێشمەرگە لە گەرووی عومەر ئاغاوە ئاراستەی سوپای دەکرد[1]، جگە لە تۆپبارانی ئەو ناوچەیە لە دوورەوە لەسەر چیای باڵەکیان بە چەکی کاریگەر بواریان بە سوپای عێراق نەدەدا بە ئاسانی پردەکان چاك بکەنەوە، جگە لەوەی بەشی هەندەسەی سەربازی سوپای عێراق خەریکی چاککردنەوەی پردەکان و هەڵگرتنەوەی مینەکان بوو، فەرماندە سەربازییەکانی سوپای عێراق کە پلانی سەربازیان دانابوو بە هاوکاری ڕاوێژکارە سۆڤیەتیەکان، بیریان لە ڕێگای تر کردەوە تا بگەن بە ناوچەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول، چونکە فەرماندەی سەربازی زیرەك دەزانێت ئەگەر ئەو پردە ڕووخاوانەی سەر ڕێگاش چاك بکرێنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە شوێنێکی وەکو گەلی عەلی بەگن، سوپایەکی وا گەورە ناتوانێت لەو شوێنە دەربچێت بەبێ لەناوچوون یان زیانێکی زۆر گەورە، چونکە کاتێك لە گەلی عەلی بەگ دەردەچیت، دەبێتە ناوچەیەکی کراوە ئەوەش لە ڕووی سەربازییەوە ئەستەمە بیر لە دەرچوون بکەیەوە، سوپای عێراق بە هۆی وێنەی مانگە دەستکردەکانی سۆڤیەتی و زانیاری هەواڵگری و سەردانی مەیدانی فەرماندەکان و لێگەڕان و دیتنی ناوچەکە، بۆیان دەرکەوت کە چیای کۆڕەك هیچ هێزێکی پێشمەرگەی لێ نییە لە بەری ڕواندوز، پێشمەرگە هیچ کاتێك بیری لەوە نەدەکردەوە کە سوپای عێراق بیر لەو ڕێگایە بکاتەوە، ئەگەر چی پلانەکەی سوپای عێراق کەمێك زەحمەت بوو، بەڵام نابێت هیچ کات فەرماندەی سەربازی بە چاوی کەم سەیری شتەکان بکات، یان هەندێک شت پشتگوێ بخات، سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولیش یەکێك لەو شتانەی

(1) عومەر عوسمان مێرگەسۆری، ژیانی کوڕێك، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی سێیەم ( هەولێر _ چاپخانەی حاجی هاشم _ ٢٠١٣) ل ٧١.

کە پشتگوێی خستبوون و بیری لەوە نەکردبوویەوە، سوپای عێراق ڕێگا لەسەر چیای کۆڕەك بباتە خوارەوە، ئیتر سوپای عێراق هەموو هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ ئەوەی تەواوی چیای کۆڕەك داگیر بکات، واتا ڕووی ڕواندزیش داگیربکات[1]، بەڵام سەرکەوتنە سەر چیای کۆڕەك بۆ پیادە ناخۆشە و سوودی ئەوتۆی نابێت بۆ سوپا، ئەگەر نەتوانن لەوێوە ڕێگا بۆ خوارەوە بە ڕووی ڕواندوز، کۆڕەك _ بێخاڵ دروست بکەن، چونکە هیچ هێزێکی تانك و زرێپۆش، ناتوانێت لە ڕووی ڕواندوز دابەزێتە خوارەوە، لەبەرئەوەی هیچ ڕێگایەکی نییە.

لە دوای پلاندانانێکی تۆکمەی سوپای عێراق بە سەرکردایەتی لیوا ڕوکن ئیسماعیل تایە نەعیمی بۆ داگیرکردنی ڕواندوز و دیانا، لە ١٩٧٤/٨/٨ سوپای عێراق لە کاتژمێر سفر لە هەردوو بەرەی کۆڕەك و گۆڕەزوە دەستیانکرد بە هێرش، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر چیاوە تەنیا بە پیادە هاتنە خوارەوە و هیچ پاڵپشتیەکی تانك و زرێپۆشیان لەگەڵ نەبوو، بۆیە سوپای عێراق لەو هێرشە زۆر بە قورسی شکان و زیانێکی گەورەیان بەرکەوت کە (٤٠٠) لاشەیان لە گۆڕەپانی شەڕ بەجێهێشت و ئەم سەرکەوتنەش بە خوێنی (٦) پێشمەرگەی قارەمان تەواو بوو.

لە ١٩٧٤/٨/١٨[2] ئەفسەرێکی عێراقی بە ناوی عەقید ڕوکن عەبدولوەهاب[3]بیری لەوە کردەوە و بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لەبەر دەستییان بوو، لە شەودا بلدۆزەری قورس و شۆفەل و کەلوپەلی سەربازی پێویستی هێنا، تا بتوانێت ڕێگایەك دروست بکات و لەو ڕێگایەوە تانك و زرێپۆشی سوپا بتوانن، لە سەر چیای کۆڕەك بەرەوڕووی بێخاڵ و ڕواندوز بڕوات، سەرئەنجام سوپای عێراق توانی لە کارەکەی سەرکەوتوو بێت، ئەو بەردە گەورانە لەسەر ئەو ڕێگایە لا ببات کە نیازیان بوو بیکەن بە ڕێگا و توانییان ئەرکەکە بە سەرکەوتووی ئەنجام بدەن و ڕێگاکە دروست بکەن، ئەو هێز و بەتالیۆنانەی

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز محەمەد عەلی سۆفی لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٥ .

(٢) شكيب عقراوی، سنوات المحنة فی کردستان، الطبعة الثانية، (اربيل _ مطبعة مناره _ تموز ٢٠٠٧ )ص ٣٧٩ .

(٣) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد . شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم،چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە _ ٢٠٠٤) ل ١٥٨ .

سـەرکەوتن بـۆ سـەر چیـای کـۆڕەك، بریتـی بـوون لەمانـە[1]:

١. هێزی پیادەی چیایی (٥)ی تیپی (٤).

٢. کەتیبەی تانکی (٢)ی هێزی زریپۆشی (٨).

ئـەو بەتالیۆنـە زریپۆشـەی کـە سـەرکەوتە سـەر چیـای کـۆڕەك، تانـك و زریپۆشـەکانی بریتیبـوون لـە تانکـی (تـی ٥٥)ی سـۆڤیەتی و زریپۆشـی (ئـم ١١٣) ئەمریکـی، کاتێـك ئـەو هێزانـەی سـوپای عێـراق تـەواو بـاڵا دەسـت بـوون بەسـەر چیـای کـۆڕەك، دەسـتیان کـرد بـە توندکردنـی سـەنگەرەکانیان لـە ترسـی هێرشـی بەرانبـەری پێشـمەرگە، ئەگـەر چـی هێـزی پێشـمەرگە بـەو توانـا کەمـەی هەیبـوو، نەیدەتوانـی لـە شـوێنێکی وا ڕووبەڕووی سـوپای عێـراق ببێتـەوە، بـەڵام وەکـو سـوپا دەبـێ هەمـوو ئەگەرێـك لەبـەر چـاو بگریـت بەرانبـەر بـە دوژمنەکـەت.

بەمـەش جگـە لـە داگیرکردنـی چیـای کـۆڕەك بەبـێ شـەڕ، لـە هەمـان کاتـدا چەندیـن سـوودی تـری هەبـوو بـۆ سـوپای عێـراق کـە ئەمانـەن:

١. ڕێگایەکـی تـر دروسـت بـوو جگـە لـە ڕێـگای گەلـی عەلـی بـەگ بـۆ گەیشـتن بـە دەشـتی دیانـا و ڕوانـدوز.

٢. زاڵبوون بەسەر دەشتی دیانا و ڕواندوز.

٣. هاتوچۆی سوپا ئاسان تر بوو لە ناو گەلی عەلی بەگ.

٤. بـە داگیرکردنـی چیـای کـۆڕەك، چیاکـە بـوو بـە شـوێنێکی گونجـاو بـۆ دیدەوانـی تۆپخانـە و هەواڵگـری.

٥. لـە کاتـی پێویسـت لەسـەر چیـای کـۆڕەك دەتوانرێـت چیـای هندرێـن و زۆزك و سـەرتیز[2] و تـەواوی ئـەو ناوچەیـە تۆپبـاران بـکات.

بە داگیرکردنی چیای کۆڕەك سوپای عێراق ئەو ڕێوشوێنانەی گرتە بەر:

---

(١) اللـواء المشـاة / فـوزي جـواد هـادي البرزنجـي، مذكـرات امـر لـواء مشـاة في زمـن الحـرب، صفحـات مـن ماثـر الجيـش العراقـي الباسـل ١٩٦٤-٢٠٠٨، الطبعـة الاولى (عـمان _ الاردن _ مطبعـة دار الرمـال للنـشر و التوزيـع _ ٢٠١٨) ص ٧٨ .

(٢) چیـای سـەرتیز:- ئـەو چیایـە دەکەوێتـە پشـت چیـای زۆزك کـە بڵندیەکـەی نزیکـە (١٨٥٠) مەتـرە لەسـەر ئاسـتی ڕووی دەریـا لەسـەر نەخشـەی سـەربازی و هەندێـک لـە نەخشـەی تریـش بـە (چیـای تاتـان) نـاو دەبردرێـت .

١. لێدانی سەنگەر بۆ ئەو هێزانەی لەسەر چیاکە بوون.

٢. بەردەوامیـان دا لـە پێشـڕەویەکانیان لـە گەلـی عەلـی بـەگ بـەرەو دیانـا و ڕوانـدوز.

٣. هێـزی تایبەت(قـوات الخاصة)یـان هێنـا، تـا لـە پێشـەنگی هێزەکانـی تـر بێـت، بۆئـەوەی بتوانێـت گەلـی عەلـی بـەگ بـە تـەواوی داگیربـکات.

٤. بەتالیۆنی (٢)ی هێزی (٢٢)ی نارده سەر چیای کۆڕەك.

٥. بەتالیۆنێ (٣)ی هێزی (٢٢)ی نارد بۆ سەر چیای باڵەکیان.

٦. بنکـەی پۆلیسـی سـپیلك کـە لـە نزیـك خەلیفـان بـوو، کـردی بـە نەخۆشـخانەی سـەربازی.

٧. ئـەو تانکانـەی لەسـەر چیـای کـۆڕەك بـوون، ڕووی لوولەکانیـان لـە باپشـتیان کـرد بەمەبەسـتی ئـەوەی نەهێڵـن پێشـمەرگە لـەو ناوچەیـە جووڵـە بـکات.

ئەو ئەفسەرانەی ئەو پلانەیان دانا بریتی بوون لە[1]:

١. فەریق ڕوکن عەبدولجەبار شەنشەل، سەرۆك ئەرکانی سوپای عێراق.

٢. فەریق سەعد حەمۆ، سەرکردەی ناوچەی باکوور.

٣. عەمیـد ڕوکـن عەبدولمونعیـم لفتـە ئالریفـی، سـەرکردەی تیپـی (٨)ی داهاتـوو.

٤. عەمید ڕوکن عەبدولڕەحمان سیساوە، بەڕێوەبەری جموجوڵی سەربازی.

٥. عەمید ڕوکن تەها نوری شەکرچی، سەرکردەی تیپی(٨)ی پێشوو.

ئـەو ئەفسـەرانەی لـە جێبەجـێ کردنـی پلانەکـە، فەرمانـدەی یەکەکانیـان دەکـرد:

١. عەمیدی تۆپچی جەعفەر کەرکوش ئەلحلی فەرماندەی تۆپخانەی تیپی (٨).

٢. عەقیـد ڕوکـن عەبدولکەریـم نەسـیف ئەلحەمدانـی، فەرمانـدەی هێـزی

---

(١) اللـواء المشـاة / فـوزي جـواد هـادي البرزنجـي، مذكـرات امـر لـواء مشـاة في زمـن الحـرب، صفحـات مـن ماثـر الجيـش العراقـي الباسـل ١٩٦٤-٢٠٠٨، الطبعـة الاولى (عـمان _ الاردن _ مطبعـة دار الرمـال للنـشر و التوزيـع _ ٢٠١٨) ص ٨٠-٨١ .

زرێپۆشــی (٨).

٣. عەقید ڕوکن سەلمان باقر ئەلزبیدی، فەرماندەی هێزی (٢٠).

٤. عەقید ڕوکن عەبدولجەبار ئەلسافی، فەرماندەی هێزی (١٤).

٥. عەقید ڕوکن کەمال جەمیل عەبود، فەرماندەی هێزی (٢٢).

٦. موقەدەم ڕوکن عەبدولجەواد زەنون، فەرماندەی هێزی پێنجەم.


٧. موقەدەم ڕوکن حەسەن عەلی ساڵح، فەرماندەی بەتالیۆنی (٣)ی هێزی (٥).

٨. موقەدەم عەبدولجەبار غائب، فەرماندەی بەتالیۆنی (٢)ی هێزی (١٥).

٩. ڕائد موەفەق محەمەد ساڵح، فەرماندەی بەتالیۆنی (٣)ی هێزی (٢٢).

١٠. نەقیب ڕوکن ئەحمەد ئەلحاج داود، فەرماندەی بەتالیۆنی (١)ی هێزی (١٥).

دوای ئـەوەی سـوپای عێـراق لـە شـەوی ١٩٧٤/٨/١٨ تـەواوی چیـای کۆڕەکـی داگیـر کـرد و بـەردەوام بـوو لـە هێرشـەکەی و توانـی بەبـێ هیـچ بەرگرییـەك لـە ڕێکـەوتی ١٩٧٤/٨/١٩ ڕوانـدوز داگیـر بـکات.




**شەڕی چیای کۆڕەك**

## شەڕی چیای كێوەڕەش

سوپای عێراق بەردەوام بوو لە هێرشەكانیان بەرەو چیای كێوەڕەش و سەنگەسەر و قەڵادزێ، بۆ ئەوەی زنجیرەی چیای كێوەڕەش داگیربكەن، سەركردەی تیپی (١) ی سوپای عێراق ئەو ئەركەی سپارد بە هێزی (١٤) بە فەرماندەیی عەقید ڕوكن عەبدولجەبار ئەلسافی كە بەم شێوەیە بوو[١]:

١. بەتالیۆنی (٣) لە ڕانییە تاوەكو كۆتایی چیای كێوەڕەش لە دەستی ڕاست.

٢. بەتالیۆنی (١) لە ڕانییە تاوەكو پەلكانە لە دەستی چەپی چیای كێوەڕەش.

٣. بەتالیۆنی (٢) لە دواوەی ئەو دوو بەتالیۆنە بێت لە پەلكانە.

لە ١٩٧٤/٨/٢٠ سوپای عێراق هێرشیكرد، ئەوەی پەیوەست بوو بە سوپای عێراق لەسەر چیای كێوەڕەش، بەتالیۆنی (٣) توانی دەستە ڕاستی چیاكە داگیر بكات، چونكە دوای داگیركردنی ڕانییە فەرماندەكانی هێزی پێشمەرگە بە شوێنێكی باشیان نەزانی لە ڕووی سەربازییەوە بەرگری لەو شوێنە بكەن، بەڵام بەتالیۆنی (١) ئەو شوێنەی بۆی دیاریكرابوو نەیتوانی بەو ماوەیە داگیری بكات، چونكە بۆ هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق شوێنێكی ستراتیجی بوو، چەندین جار سوپای عێراق هەوڵی دەدا بۆ داگیركردنی تەواوی چیای كێوەڕەش، بەڵام شكستی دەهێنا، ئەگەر چی سوپای عێراق توانی زۆربەی چیای كێوەڕەش داگیربكات، بەڵام نەیتوانی بە تەواوی داگیری بكات، دواجار سوپای عێراق بەو توانا زۆرەی هەیبوو، بە هۆی ژمارەی سەربازەكانی و باشترین چەكی سەردەم، بەڵام نەیتوانی ڕووبەڕووی ورەی پۆڵاینی پێشمەرگە ببێتەوە.

دوا خاڵ سوپای عێراق توانی داگیری بكات خالی (٢٠١٣)[٢] لەسەر چیای كێوەڕەش بوو، لە دوای ئەو خاڵەوە بە دەستی پێشمەرگەوە بوو، ئەگەر چی ئەو لووتكەیە بەرزترین و ستراتیجیترین شوێن نەبوو، بەڵام پێشمەرگە بەردەوام هەوڵی دەدا ئەو شوێنەش لە دەستی سوپای عێراق ڕزگاربكاتەوە، سوپای عێراق لەسەر چیای كێوەڕەش زیاتر لە (٢٠) مۆڵگەی یەك بە دوای یەكی دروستكرد، تاوەكو سەربازەكانی پارێزراو بن لە هێرشەكانی

---

(١) اللواء المشاة / فوزي جواد هادي البرزنجي، مذكرات امر لواء مشاة في زمن الحرب، صفحات من ماثر الجيش العراقي الباسل ١٩٦٤-٢٠٠٨، الطبعة الاولى (عمان _ الاردن _ مطبعة دار الرمال للنشر و التوزيع _ ٢٠١٨) ص ٦٢ .

(٢) خاڵی (٢٠١٣) :- یەكێكە لە خاڵە هەرە بەرزەكان كە دەكەوێتە سەر زنجیرە چیای كێوەڕەش و ئەو ژمارەیەش كە (٢٠١٣)هـ واتا ٢٠١٣ مەتر لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە .

پێشمەرگە و هەموو مۆڵگەکانیش مینیان لە دەوروپشتی خۆیان دانابوو.

یەکێك لە هێرشەکانی پێشمەرگە لە ٩/٥/١٩٧٤[1] بۆ سەر ئەو مۆڵگانەی دوژمن، کە بەتالیۆنی (٢)ی زۆزك و بەتالیۆنێك لە هێزی دەشتی هەولێر و بەتالیۆنی سلێمان سندی بوو، هێزی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی ملازم شوان بوو، پلانی شەڕ دانرا و لەو ڕۆژە کاتژمێر (١٧:١٥) کاتێك ویستیان ڕێڕەوێك لە کێڵگە مینی دوژمن دوروست بکەن، تاوەکو بتوانن لەوێوە بپەڕنەوە، بەڵام لە هەڵەی پێشمەرگەیەك کە بەر مین دەکەوێت، دوژمن وشیار دەبێتەوە و بە هەموو جۆرە چەکێك لە پێشمەرگە دەدەن، دوای شەهیدبوونی ٢ پێشمەرگە و (١١) بریندار، هێرشی پێشمەرگە دەشکێت و پاشەکشە دەکەن بۆ سەنگەرکانی خۆیان[2].

لەو ماوەیە سوپای عێراق هەندێک چەکی نوێی بۆ هات کە بریتی بوو لە گۆڕینی هاوەنی ئەندازە (٨٢) ملیمی سۆڤیەتی بە هاوەنی ئەندازە (٨٢) ملیمی یوگسلاڤی، لەبەر ئەوەی مەوداکەی زیاتر بوو لە سۆڤیەتیەکە، لەهەمان کات ڕەشاشی ئەندازە (٧،٦٢) ملیم گرینوفی کە کێشی (٤٤،٥) کگم بوو ئاڵوگۆڕ کرا بە ڕەشاشی (PKC) ئەندازە (٧،٦٢) ملیم کە کێشەکەی بە تەواوی کەلوپەلەوە نزیکەی (١٥) کگم بوو[3]، دوای ئەوەی کە وەرزی زستان هات و سوپای عێراق جلوبەرگی زستانەی سۆڤیەتی بەدەست گەیشتبوو، بەڵام توانای هێرشکردنی نەبوو لە وەرزی زستان، لە ئەنجامدا وەزارەتی بەرگری عێراق بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، بڕیاریان دا بە ڕاگرتنی هێرش و فەرمان درا کە بکەونە حاڵەتی بەرگریکردن و شوێنی بەرگرییان تەواو قایم بکەن تا پارێزراو بن و کەمترین زیانیان پێ بگات، لە کاتی هێرشی هێزی پێشمەرگە بۆ سەریان، بە درێژایی وەرزی زستان و سەرماوسۆڵە و بارینی بەفرێکی زۆر، پێشمەرگە بەردەوام بوو لە هێرشی ناکاو یان بۆردومانکردنی شوێنەکانی دوژمن بە هاوەن و تۆپ، سوپای عێراقیش لە ڕێگای تیپی دووەمەوە، نووسراوێکی ئاراستەی بەتالیۆنی (١)ی هێزی (١٤) کرد کە لووتکەی (٢٠١٣) بەرزترین

---


(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عەبدولئیلاهـ محەمەدەمی (ملازم شوان) لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٤ .

(٢)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عەبدولئیلاهـ محەمەدەمین(ملازم شوان) لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٤ .

(٣) اللواء المشاة / فوزي جواد هادي البرزنجي، مذكرات امر لواء مشاة في زمن الحرب، صفحات من ماثر الجيش العراقي الباسل ١٩٦٤-٢٠٠٨، الطبعة الاولى (عمان _ الاردن _ مطبعة دار الرمال للنشر و التوزيع _ ٢٠١٨) ص ٥٧ .

و باشترین شوێنە لەسەر چیای کێوەڕەش کە بە دەستی سوپاوە بێت، بۆیە دەبێ تا دوا فیشەك و دوا سەرباز بەرگری لێ بکەن، ناوەڕۆکی ئەو نووسراوە ئەوە دەگەیێنێت بە هەموو توانایەکتان بەرگری لەو لووتکەیە بکەن، ئەگەر سەری هەموو ئەفسەر و سەربازانیشی تیا بچێت.

لەبەر ئەوەی ئەو لووتکەیە بەرزترین لووتکە بوو بە بەراورد لەگەڵ لووتکەکانی تر کە سوپای عێراق داگیری کردبوو، بۆیە سوپای عێراق کردبووی بە شوێنی دیدەوانی(مرصد)، سوپای عێراق ئەو لووتکەیەی تەواو قایم کردبوو لە ڕووی بەرگریەوە، تەواوی سەنگەرەکانی مینرێژ و تەلبەند کردبوو، لەو ماوەیەی کە سوپای عێراق بەشێك لە چیای کێوەڕەشی داگیرکرد، پێشمەرگە چەندین جار هێرشی بردە سەر مۆڵگەکانی دوژمن[1]. سوپای عێراق تا کۆتاییهاتنی شۆڕشی ئەیلوول، نەیتوانی لەو شوێنەی کە لێی بوو، بستێکی تر لە خاکی پیرۆزی کوردستان داگیر بکات.




**شەڕی چیای کێوەڕەش**

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عەبدولئیلاهـ محەمەدەمین(ملازم شوان) لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٤ .

## داگیرکردنی قەڵادزێ

ئەگـەر چـی سـوپای عێـراق زیانێکـی زۆری بەرکەوتبـوو، بـەڵام بـەردەوام بـوو لـە هێرشـەکانی بـە پاڵپشـتی هێـزی ئاسـمانی عێراقـی و شـارەزایانی سـەربازی یەکێتـی سـۆڤیەتی و جاشـەکان. کاتێـك سـوپای عێـراق توانـی لای دەسـتە ڕاسـتی چیـای کێـوەڕەش داگیـر بـکات، لـە ١٩٧٤/٨/٧[1] هێـزی پیـادەی ئۆتۆماتیکـی /١ و هێـزی زریپۆشـی /١٢ بـە پاڵپشـتی کەتیبـەی تانکـی/ ٣ پێشـڕەوییان کـرد تاوەکـو گەلـی سەنگەسـەر داگیـر بکـەن کـە دەکەوێتـە نێـوان سـەرەتای چیـای ئاسـۆس لـە ڕاسـتەوە و سـەرەتای چیـای کێـوەڕەش لـە لای چەپـەوە و ڕێـگای نێـوان ڕانییـە و قـەڵادزێ پێـدا تێپـەڕ دەبێـت و لـە هەمـان کاتـدا دەریاچـەی دۆکان لـەوێ کۆتایـی پـێ دێـت، لـە بەرانبـەر ئـەو هێـزەی سـوپای عێـراق کـە بـەرەو شـاری قـەڵادزێ دەچـوون، بەتالیۆنێـك لـە هێـزی کاوە و بەتالیۆنـی ئاسـۆس لـە بەرگـری دابـوون[2]، تـا سـوپای عێـراق بـگات بـە قـەڵادزێ، دەبـێ گەلـی سەنگەسـەر داگیـر بـکات، پێشـمەرگە سـوودی لـەوە وەرگرتبـوو کـە تاکـە ڕێـگای سـوپای عێـراق بـۆ گەیشـتن بـە قـەڵادزێ ئـەو ڕێگایەیـە، بۆیـە پێشـمەرگە هەوڵـی دا زیاتریـن بەربەسـتی دەسـتکرد لەسـەر ئـەو ڕێگایـەدا دابنێـت و دروسـت بـکات، ئەوانیـش بـە دانانـی مینـی دژە تانـك و دژە مـرۆڤ، دانانـی بـەردی گـەورە لەسـەر ڕێـگادا، تێکدانـی ڕێـگا، سـوپای عێـراق بـەردەوام بـوو لـە تۆپبارانـی سـەنگەرەکان و هێرشـکردن، بـەڵام هێـزی پێشـمەرگە بەرگرییـان دەکـرد و زیانێکـی زۆری گیانـی و مـاددی لـە سـوپای عێـراق دا، لـە ڕیزەکانـی هێـزی پێشـمەرگەش شـەهید و برینـدار هەبـوون، دوای زیاتـر لـە (١٠) ڕۆژ سـوپای عێـراق توانـی لـە ١٩٧٤/٨/١٩ شـاری قـەڵادزێ داگیربـکات[3].

دوای ئـەوەی قـەڵادزێ داگیرکـرا و لـە ١٩٧٤/٩/٣ پێشـمەرگە هێرشـی کـردە سـەر سـەربازگەیەکی سـوپای عێـراق لـە تووەسـووران[4] کـە دەکەوێتـە سـەر ڕێـگای

---


(١) الفريـق الركـن/ رعـد مجيـد الحمـداني، قبـل ان يغادرنـا التاريـخ، الطبعـة الاولى (بـيروت _ لبنـان _ الـدار العربيـة للعلوم_نـشرون _٢٠٠٧) ص ٤٧ .

(٢) عزەدیـن مـەلا سـلێمان، بەشـێك لـە چیرۆکـی داسـتانەکانی شۆڕشـی ئەیلـول بـۆ مێـژوو، چاپـی یەکـەم (سـلێمانی _ چاپخانـەی بزاڤـی ڕۆشـنبیری سـلێمانی _ ٢٠٠٦) ل ٣٨ .

(٣) شـلۆمۆ نکدیمـۆن، مۆسـاد لـە عێـراق و وولاتانـی دراوسـێ، وەرگێڕانی(ڕەهەنـد عبدالغفـور)، چاپـی یەکـەم (٢٠١١) ل ٣٧٢ .

(٤) عزەدیـن مـەلا سلێمان، بەشـێك لـە چیرۆکـی داسـتانەکانی شۆڕشـی ئەیلـول بـۆ مێـژوو، چاپـی

ڕانییــه _ قــەڵادزێ، ســەرەتا تۆپبارانــی ســەربازگەکەیان کــرد و دوای هێرشــیان کــردە ســەر ســەربازگەکە، توانییــان زیانێکــی گــەورە لــە دوژمــن بــدەن، بــەڵام لەبــەر شــەهیدبوونی فەرمانــدە عیزەدیــن قــەرە محەمــەد هێرشــەکەیان تــەواو نەکــرد و پاشەکشــەیان کــرد(1).




**نەخشەی سەرسەنگ و قەڵادزی**

یەکەم (سلێمانی _ چاپخانەی بزاڤی ڕۆشنبیری سلێمانی _ ٢٠٠٦)ل ٣٨ .

(١) مەســعود بارزانــی، بارزانــی و بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کــورد . شۆڕشــی ئەیلــوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگــی سێیەم،بەشــی دووەم، چاپــی یەکــەم (هەولێــر _ چاپخانــەی وەزارەتــی پــەروەردە _ ٢٠٠٤) ل ١٦١ .

## شەڕی ماکۆك

سەرەتا سوپای عێراق بە هێزی پیادەی ئۆتۆماتیکی ١/ بۆ خاوێنکردنەوەی ڕێگا، پێشڕەوییەکەیان لە کۆیە تا چوارقوڕنە دەستپێکرد، بەڵام دوای ئەوەی سوپای عێراق گەیشتە چوارقوڕنە و بۆ ئەوەی بەرەو دەشتی بتوێن بڕۆن، نیازی ئەوە بوو سەرەتا بەرزاییەکانی ماکۆك بگرێت و شوێنی بەرز تا باڵادەستی سەرەتایی خۆیی دیار بکات لەو ناوچەیە، دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، سەربازەکانی لقێك لە بەتالیۆنی ١ی هێزی پیادەی ئۆتۆماتیکی یەکەم، ویستییان سەربکەون بۆ سەر بەرزایەکانی چیایی ماکۆك، بەڵام لە بەرزایەکانی ماکۆك پێشمەرگە قارەمانانە بەرگرییان کرد و زۆربەی سەربازەکانی ئەو لقە کوژرا و بریندار بوون و لە گۆڕەپانی شەڕ ڕایانکرد و پێشمەرگە ڕێگای بە دوژمن نەدا بگەن بە ئامانجییان و ئەو بەرزاییانە داگیربکەن. لاشەی سەربازی عێراقی ئەو شەوە لەوێ مانەوە تا ڕۆژی دواتر، دوای ئەو ڕۆژە سەختەی کە زیانێکی گەورە بە سوپای عێراق کەوت، جارێکی تر سوپا هێرشی کردەوە بۆ بەرزایەکانی چیایی ماکۆك، توانی لای ڕاستی بەرزایەکانی چیایی ماکۆك بگرێت[١].

سوپای عێراق دووبارە خۆی کۆ کردەوە کە پێکهاتبوو لە دوو تیپی سەربازی بە پاڵپشتی تانك و تۆپخانە و فڕۆکە و جاشەکان، لە ١٩٧٤/٨/٣٠[٢] بەمەبەستی هێرشکردن بۆ ئەو ناوچەیە و چیای ماکۆك ئامادەکاری دەکرد، دوای چەند ڕۆژێك دەستیان کرد بە هێرشکردن و سەرەتا هێرشەکەیان بە بۆردومانی بەرایی(قصف تمهيدي)[٣]دەستی پێکرد، کە یەکەم جار بوو لەو بۆردومانە سوپای عێراق (کاتیوشا) بەکاربهێنێت، دوای ئەوە هێرشیان کردە سەر شاخی ماکۆك تا گەیشتنە سەروچاوە و گوندەکان، لە بەرانبەر ئەو هێزە گەورەی سوپای عێراق، هێزیکی کەمی پێشمەرگە لە بەرگریدابوون کە بریتی بوون لە مانە[٤]:

---

(١) اللـواء المشـاة / فـوزي جـواد هـادي البرزنجـي، مذكـرات امـر لـواء مشـاة في زمـن الحـرب، صفحـات مـن ماثـر الجيـش العراقـي الباسـل ١٩٦٤-٢٠٠٨ الطبعـة الاولى (عـمان _ الاردن _ مطبعـة دار الرمـال للنـشر و التوزيـع _ ٢٠١٨) ل ٦٢.

(٢) مـەلا فـاروق شـوانی،هەموو کـورد بیبلۆگرافیایەکـی تێکۆشـەرانە، چاپـی یەکـەم ( هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـەنبیری _ ١٩٩٧) ل ١٨٠.

(٣) بۆردومانـی پێشـەکی(قصف تمهيـدي) / بـۆ ئـەو ئەرکـە تۆپخانـە جێبـی جـێ دەکات پێـش دەسـت پـێ کردنـی هێـرش کـردن وە مەبەسـت لـەو بۆردومانـە :

ئاگربارانی سەنگەری دوژمن بکەی بە ڕێك و پێکی و بنکەی پەیوەندەیەکان .

ڕووخانی ورەی دوژمن کە تواناى ڕووبەڕووبونەوەی هێرشی نەبێت .

(٤) سـەید کاکـە، بیـرەوەری پێشـمەرگەیەك، چاپـی سـێیەم (هەولێـر _ چاپخانـەی شـەهاب _

١. هێزی بێتواتە بە سەرپەرشتی عەلی شەعبان.

٢. بەتالیۆنی ٢ی هێزی دەشتی هەولێر بە سەرپەرشتی سەعدی عەزیز.

٣. بەتالیۆنی ١ی هێزی سەفین بە سەرپەرشتی کەریم فەقێ .

٤. لقێکی سەر بە هێزی دەشتی هەولێر بە سەرپەرشتی عەبدولڕەحمانی حاجی عەلی.


یەکەم هێرشی سوپای عێراق لە ١٩٧٤/٩/٤ بۆ سەر چیای ئەندێك و ئەنگۆز کرا، کە سوپا بە هەموو توانایەکی و بە یارمەتی جاشەکان بۆ ئێوارە چیای ئەندێك و ئەنگۆز داگیرکرد. دوای ئەوە برووسکەیەکی خێرا کرا لە لایەن ڕەشید سندی سەرلەشکری (دوو) بۆ ئەوەی هێزی ئەو ناوچەیە بە هانای هێزی پێشمەرگە بچن، هێزی پشتیوانی بریتی بوو لە بەتالیۆنی عەریف عەلی مەولود لە هێزی سەفین و بەتالیۆنی سەید کاکە لە هێزی دەشتی هەولێر تا لە چیای ماکۆك بەرگری بکەن، ئەگەر چی ئەو بەتالیۆنانەی پێشووتر کە لەو ناوچەیە بوون شکستیان هێنابوو، بەڵام لە شەوی ٦_١٩٧٤/٩/٧ سەرکەوتنە سەر چیای ماکۆك و دووبارە سەنگەری بەرگرییان داناوە، دووبارە شەڕ بە پاڵپشتی قورسی هێزی ئاسمانی و تۆپخانەکان و جاشە خۆفرش و خاك فرۆشەکان دەستی پێکردەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگە بەردەوام بوو لە بەرگریکردن و بەرپەرچی هێرشە یەك بە دوای یەکەکانی سوپای عێراق دەدایەوە و بواریان نەدا سوپای عێراق چیایی ماکۆك داگیربکات.

شەوی ١٩٧٤/٩/٨ سوپای عێراق کاتژمێر (٢٣:٠٠) دووبارە هێرشی کردەوە بۆ سەر چیای ماکۆك تا ڕۆژهەڵات بەردەوام بوو، لەو شەڕە سوپای عێراق شکا و زیاتر لە (٥٠) لاشەی سەربازەکانی لێ بەجێ مان، هێزی پێشمەرگە بە درێژایی دوو مانگ بەردەوام بوو لە بەرگریکردن لەو ناوچەیە، لەبەر ئەوەی فەرماندەکانی پێشمەرگە لە شەڕەکانی ساڵانی ڕابردوو، شارەزایی باشیان پەیدا کردبوو لە بواری هێرش و بەرگری، بۆیە بە گوێرەی توانا و ئیمکانیاتی بەردەست، بەرگری خۆیان توندتر دەکرد بە دانانی مین و تەلبەند و لێدانی سەنگەر و ڕەچاوکردنی بنەماکانی بەرگریکردن،  لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا سوپای عێراق زیاتر لە (١٥) هێرشی بەهێزێکی زۆرەوە کردە سەر پێشمەرگە، بەڵام بە شکستهێنان هێرشەکانیان تەواو دەبوو، ئەگەر چی پێشمەرگە شەهید و برینداری هەبوو، بەڵام زیانەکانی سوپای عێراق بێ ژمار بوو، جگە لە زیانی گیانی سوپای عێراق، پێشمەرگە توانی دەسکەوتی باشی هەبێت لەو هێرشە بەردەوامانەی سوپا کە لە هەر هێرشیك لەو هێرشانە دەسکەوتی جیاوازیان هەبوو، لە هێرشێك (١٠) پارچە چەك و لە هێرشێکی تر

٢٠٠٠)ل ٩٥.

(١٥) کلاشنکۆف و (٣) هاوەن و (٤) ئامێری بێتەلی کۆڵەپشت و (٢) قەناسی سۆڤیەتی بوو، لە هێرشێکی تر پێشمەرگە توانی بەتالیۆنێکی سوپای عێراق تەفروتونا بکات [١].

لە ناوەڕاستی مانگی ١٩٧٤/٩ لە کاتژمێر(٢٤:٠٠) سوپای عێراق دەستیکرد بە تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە، دوای ئەوە بەتالیۆنێکی هێزی تایبەت(قوات خاصة) هێرشیکردە سەر بەتالیۆنەکەی سەید کاکە، فەرماندەی بەتالیۆن زانیاری هەبوو لەسەر هێرشەکەی دوژمن و بە پێشمەرگەکانی ڕاگەیاندبوو بوار بدەن، تا تەواو دوژمن لێیانەوە نزیك ببێتەوە تا بتوانن زوورترین زیان لە دوژمن بدەن، بواریان دا دوژمن تا نزیکەی (١٠٠) مەتر نزیك بوویەوە و ئینجا لێیان هاتنە دەست و توانییان ئەو بەتالیۆنە تەفروتونا بکەن کە زیانی دوژمن زیاتر لە (١٥٠) کوژراو و لەگەڵ زیاتر لە (١٠٠) بریندار و چەك و تەقەمەنییێکی باش کەوتە دەستی پێشمەرگە، ئەو شەڕە بە گیان لەدەستدانی (٩) پێشمەرگەی قارەمان و بریندار بوونی (٢٧) پێشمەرگەی تر تەواو بوو [٢].




**نەخشـــەی شـــەڕی ماکـــۆك**

(١) ســەید کاکــە، بیــرەوەری پێشــمەرگەیەك، چاپــی ســێیەم (هەولێــر _ چاپخانــەی شــەهاب _ ٢٠٠٠ )ل ٩٦_٩٧ .

(٢) خورشــید شــێرە، خەبــات و خوێــن بیرەوەرییەکانــی ســاڵانی خەباتــی پێشــمەرگایەتی، چاپــی سێیەم (هەولێـر _ چاپخانـەی حاجـی هاشـم _ ٢٠١٥)ل ٢٧٥ .

## شەڕی شیشار

چیـای شیشـار یەکێکـە لـە چیـا سـتراتیجیەکانی کوردسـتان لای ڕاسـتی چیـای ماکـۆك و سـەروچاوەیە و لـە لای چەپـی بێتواتـە و بالیسـانە، جیـاوازی چیـای شیشـار لەگـەڵ چیاکانـی نزیکـی، سـەرکەوتن بەسـەری ئاسـان نییـە و لـە سـەری چیاکـە پانتایـی نییـە وەکـو هەندێـک چیـای تـر، هـەر هێزێـك چیـای شیشـاری بـە دەسـتەوە بێـت بـاڵا دەسـت دەبێـت بەسـەر ناوچەکـە، چیـای شیشـار یەکێکـە لـە چیـا بەرزەکانـی ئـەو ناوچەیـە کـە بەرزتریـن لووتکـەی نزیکـەی (١٧٠٠) مەتـرە لەسـەر ئاسـتی ڕووی دەریـا زاڵـە بەسـەر تـەواوی ئـەو ناوچەیـە، دەکەوێتـە سـەر ڕێـگای سـەروچاوە _ بالیسـان، شانبەشـانی چیـای ماکۆکـە.

لـە ناوەڕاسـتی مانگـی ١٩٧٤/٩ لـە دوای ئـەوەی سـوپای عێـراق لـە چیایـی هـەورێ و چیایـی ماکـۆك و کێـوەڕەش نەیتوانـی زیاتـر بەرەوپێـش بچێـت، سـەرکردەکانی سـوپا پلانیـان دانـا بـۆ چیـای شیشـار تاوەکـو بتوانـێ باڵادەسـت بێـت بەسـەر تـەواوی ئـەو ناوچەیـە، بـە داگیرکردنـی چیـای شیشـار سـوپای عێـراق دەگات بـە چەنـد ئامانجێـك کـە ئەمانـەن:

١. ئـەو بەتالیۆنانـەی پێشـمەرگە کـە لـە چیـای هەورێـن، هەمـوو لایەکیـان لـێ دەگیرێـت.

٢. بـە داگیرکردنـی چیـای شیشـار ئـەو دۆڵـەی لـە نێـوان چیـای ماکـۆك و شیشـارە، پێشـمەرگە ناتوانێـت هاتوچـۆی پێـدا بـکات.

٣. سـوپای عێـراق فشـاری زیاتـر دەخاتـە سـەر هێـزی بێتواتـە لـە سـەروچاوەوە تـا دەگاتـە دۆڵـی بالیسـان.

٤. مەودای ئاگری تۆپخانەکانی سوپای عێراق درێژتر دەبێت لەوەی پێشووتر.

٥. بـە داگیرکردنـی بەرزتریـن لووتکـەی چیـای شیشـار کـە بەرزییەکـەی نزیکـەی (١٧٠٠) مەتـرە لەسـەر ئاسـتی ڕووی دەریـا، دەبێتـە بەرزتریـن لووتکـە و باڵادەسـت دەبێـت بەسـەر تـەواوی ئـەو ناوچەیـە.

٦. چیـای شیشـار دەبێتـە پاڵپشـت بـۆ هـەردوو چیـای ماکـۆك و کێـوەڕەش، کـە پێشـمەرگە نیـازی هێرشـکردنی هەبێـت بـۆ سـەر ئـەو دوو چیایـە.

سـەرکردەی لەشـکری (٢)ی پێشـمەرگە کـە ڕەشـید سـندی بـوو، فەرمانـی دا پێشـمەرگەی هێزەکانـی دەشـتی هەولێـر و سـەفین و بێتواتـە سـەنگەری

بەرگرییـــان لـــە تـــەواوی دۆڵـــی بالیســـان بێـــت و بەشـــێك لـــە هێـــزی دەشـــتی هەولێـر لـە هـاوکاری هێـزی کاوە بێـت لـە ناوچـەی پشـدەر[1]، سـوپای عێـراق کـە پێکهاتبـوو لــە تیپــی(٢) بــە تــەواوی پێکهاتەکەیــەوە و کەتیبــەی تانــك لــە هێــزی (١٦)ی زریپـۆش و هێـزی ئاسـمانی و جاشـەکان. لووتکـەی چیـای شیشـار تەنیـا (٣) لقــی پێشــمەرگەی بەتالیۆنــی (٣)ی هێــزی ســەفین بەرگرییــان لــێ دەکــرد کــە ئەمانــە بــوون:

١. محەمەد سابیر، سەرلقی یەك.

٢. عومەر سوڵتان، سەرلقی دوو.

٣. سادق محەمەدئەمین، سەرلقی سێ.


ســوپای عێــراق وەکــو تاکتیکــی بەردەوامــی ســەربازی، ســەرەتا تۆپبارانــی ســەنگەرەکانی پێشــمەرگەی کــرد لــە چیــای شیشــار، بــە هەمــوو توانایەکیــەوە تۆپبارانــی چیاکــەی کــرد و ســوپای عێــراق وا پێشــبینی دەکــرد دوای ئــەو تۆپبارانــە کــەس لــە چیاکــە نەمــاوە ئــەوەی کــوژراوە و ئــەوەی هەڵاتــووە، دوای ئــەوە تۆپبارانــی وەســتاند و پیــادە هێرشــی کــردە ســەر ســەنگەرەکانی پێشــمەرگە، بــەڵام پێشــمەرگە قارەمانــەکان چاوەڕێیــان کــرد، تــا تــەواو دوژمــن نزیــك بوویــەوە، ئینجــا لێیــان هاتنــە دەســت و چــاوی دوژمنیــان شــکاند و زیانێکــی زۆریــان لێــدا، کــە چەندیــن کوژراویــان لــە گۆڕەپانــی شــەڕەکە بەجێهێشــت و لــەم بەرگرییــە قارەمانانــەی پێشــمەرگە بــە خوێنــی (٣) شــەهید تــەواو بــوو، کــە لــە کاتــی ئاوهێنــان بــۆ بــرا و هاوســەنگەرەکانیان بــە تۆپبارانــی دوژمــن شــەهید بــوون جەمیــل خالیــد ســنجاوی و عەبــدە ئیســماعیل عالایــی و محەمــەد هەمــزە[2]و چەنـد بریندارێـك، هێرشـەکان و بۆردومانەکانـی سـوپای عێـراق بـەردەوام بـوو بـە درێژایــی ئــەو ماوەیــە، بــەڵام هێــچ کات نەیتوانــی ســەرکەوتن بــە دەســتبهێنیت و چیــای شیشــاریش یەکێــك بــوو لــەو چیایانــەی بــە دەســتی پێشــمەرگە مایــەوە تــا نســکۆی شــۆڕش.

دوای ئــەوەی ســوپای عێــراق نەیتوانــی شیشــار داگیربــکات، لــە کۆتایــی مانگــی

(١) خورشـید شـێرە، خەبـات و خوێـن بیرەوەرییەکانـی سـاڵانی خەباتـی پێشـمەرگایەتی، چاپـی سـێیەم (هەولێـر _ چاپخانـەی حاجـی هاشـم _ ٢٠١٥)ل ٢٧٤ .

(٢) عومـەر سـوڵتان عەڵلایـی، شـەڕی شیشـار، گۆڤـاری پەیامـی ئەیلـوول، ژمـارە ٤، تەممـوزی ٢٠٠٨، ل ٨٠ .

١٩٧٤/٩ سوپای عێراق زنجیرەیەك هێرشی کردە سەر دۆڵە ڕەقە، تا بتوانێت بگات بە بێتواتە و دۆڵی بالیسان، بەڵام پێشمەرگەکانی هێزی کاوە و هێزی بێتواتە و هێزی دەشتی هەولێر و بەتالیۆنی (٤)ی زۆزك ڕووبەڕوویان بوونەوە و هێرشەکانی دوژمنیان تێکشکاند[١].




**نەخشەی شەڕی شیشار**

(١) شکیب عقراوی، سنوات المحنة فی کردستان، الطبعة الثانیة، (اربیل _ مطبعة مناره _ تموز ٢٠٠٧)ص ٣٧٩ .

## هێڵی بەرگری نوێ

دوای ئـەوە سـوپای عێـراق توانـی ڕوانـدوز داگیـر بـکات و تانـك و زرێپۆشـەکانی لـە چیایـی کـۆڕەك و گەلـی عەلـی بـەگ گەیشـتنە باپشـتیان و سـەرەتای دیانـا، ئیدریـس بارزانـی وەکـو بەرپرسـی مەکتەبـی عەسـکەری بـەرەی شـەڕ دابـەشی سـەر دوو بـەش دەکات کـە یەکێکیـان بـەرەی چیـای هندرێـن و کارۆخـە کـە دەکەونـە دەسـتی ڕاسـتی ڕێـگای هاملتـۆن بـە سەرپەرشـتی عەبدولـڵا ئاغـای پشـدەر، ئـەم بەشـە پێکهاتبـوو لـە بەتالیۆنەکانـی مـەلا ئەمیـن بارزانـی و عیـزەت سـلێمان بـەگ و عەلـی کۆنەبـی، بـەرەی دووەم چیـای زۆزك و گـەروی عومـەر ئاغـا کـە دەکەوێتـە دەسـتە چەپـی ڕێـگای هاملتـۆن بـە سەرپەرشـتی مـلازم یونـس ڕۆژبەیانـی، فەرمـان درا بـە بەتالیۆنەکانـی حاجـی بێرۆخـی و مسـتەفا نێروەیـی و حەمیـد ئەفەنـدی و بێجـان جونـدی بـە دروسـت کردنـی هێڵێکـی بەرگـری لـە بادلیـان _ گـەرووی عومـەر ئاغـا _ سـەروکانی دیانـان _ ڕێـگای جوندیـان[1]و، تەواوکـەری فەرمانەکـە ئەوەیـە نابێـت دوژمـن ئـەو هێڵـە بەرگرییـە ببەزێنێـت، لـە هەمـان کات فەرمـان دەکات بـە عومـەر عوسـمان دووبـارە شـوێنی تـۆپ و هاوەنەکانـی ١٢٠ ملیـم ڕێکبخاتـەوە بـۆ هـەر ڕووبەڕووبونەوەیـەك، فەرمـان درا بـە بەشـی هەندەسـە لەسـەر ڕێـگاکان مینـی دژە تانـك دابنێـت و لـە پێشـی سـەنگەرەکانی پێشـمەرگەش مینـی دژە مـرۆڤ دابنێـن، فەرمـان درا بـە فەرمانـدەی یەکـەکان لـە هەمـوو سـەنگەرەکانی بەرگـری، بـە قایمتریـن و باشـترین شـێوە سـەنگەر لـێ بـدەن، دوای ئـەوە شـەڕ بەردەوامـی هەبـوو فەرمـان درا بـە هەمـوو هێزەکانـی تـر لـە لەشـکرەکانی تـر، کـە لـە هـەر هێزێـك دەبـێ بەتالیۆنێـك بنێرێـت بـۆ ئـەو دوو بـەرەی شـەڕ.

بەمەبەسـتی پشـتیوانی زیاتـری لـە سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە، ڕەشـید سـندی داوای لـە مسـتەفا بارزانـی کـرد، تاوەکـو داوا لـە ئێـران بـکات بـە دابینکردنـی تۆپـی دوور مـەودا و دژە ئاسـمانی[2]، دوای ئـەوە مسـتەفا بارزانـی داوای لـە شـای ئێـران کـرد و شـاش داواکـەی قبـوڵ کـرد بـە ناردنـی کەتیبەیەکـی تۆپـی (١٣٠)ملیـم و (٢) یەکـەی موشـەکی دژە ئاسـمانی لـە جۆری(ڕاپێـر).

---

(١)عومـەر عوسـمان مێرگەسـۆری، ژیانـی کوڕێـك، بەرگـی یەکـەم و دووەم، چاپـی سـێیەم(هەولێر _ چاپخانـەی حاجـی هاشـم _ ٢٠١٣)ل ٧٤-٧٥.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ڕەشید سندی لە زاخۆ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/١٥ .

## گەرووی عومەر ئاغا (جبل نزاری شێخان)

سوپای عێراق بیری لەوە کردەوە پێش هاتنی وەرزی زستان هەموو تواناکانی یەکبخات، تا کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلوول بهێنێت، چونکە بە هاتنی وەرزی بەفر و باران، سوپاکەیان توانای شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی نییە و ناتوانێ ئەو ماوەیەش چاوەڕێ بکات تا بەفری زستان تەواو دەبێت.

دوای ئەوەی پێشمەرگە لە ڕواندوز و گۆڕەز کشایەوە و هێڵێکی بەرگری نوێی دانا، تا ڕێگە لە هێرشەکانی سوپای عێراق بگرێت، بەڵام سوپای عێراق بەردەوام بوو لە هێرشەکانی و پلانی دانا بۆ هێرشکردنە سەر گەرووی عومەر ئاغا.

گەرووی عومەر ئاغا لەسەر نەخشەی سەربازی بەو دۆڵە دەگوترێت کە دەکەوێتە پشت چیای نزاری شێخان، بەرزی چیاکە (١٢٠٠) مەترە لەسەر ئاستی ڕووی دەریا و نێوان هەردوو گوندی شێخان و هەسنان.

بە داگیرکردنی گەرووی عومەر ئاغا سوپای عێراق باڵا دەست دەبێت بەسەر سەرتیز و گەمارۆی چیایی زۆزکیش دەدات، بۆیە سوپای عێراق بڕیاری دا لە ١٩٧٤/٩/٣[١] هێرش بکاتە سەر گەرووی عومەر ئاغا، جگە لەو بەتالیۆنانەی کە پێشووتر لەو شوێنە لە ئەرك بوون، بەشێك لەو هێزەی لەشکری (١)ی بادینان بە فەرماندەی عەلی خەلیل خۆشەوی هاتبوون و ئەوانیش شانبەشانی براکانیان لە سەنگەری بەرگریدابوون[٢] و لە لەشکری (٣)ی پێشمەرگەی شۆڕش بە هەمان شێوە شانبەشانی براکانیان بەشدار بوون.

سەرەتای هێرشەکەی سوپای عێراق بە تۆپخانە و فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی تۆپبارانی تەواوی ناوچەکەی کرد و شەڕیان کرد، دوای ئەوە هێزی(٣)ی تیپی (٨) ی پیادە بە فەرماندەی عەقید ڕوکن حامد دلیمی[٣] بە هاوکاری کەتیبەیەکی تانك، هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، سەرەتا پێشمەرگە توانی بە


---

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد . شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە _ ٢٠٠٤) ل١٦٠ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز خالید شلی لە شێخان لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩ .

(٣) شکیب عقراوی، سنوات المحنة فی کردستان، الطبعة الثانیة، (اربیل _ مطبعة منارە _ تموز ٢٠٠٧)ص ٣٨٠ .

تۆپـی دژە تانکی(١٠٦)ملیـم، (٤) تانکـی دوژمــن تێـك بشـكێنێت[١]، بـەڵام فەرمانـدەی هێـزی (٣) بـەردەوام بـوو لـە هێرشـەکەی، سـوپای عێـراق توانـی چەنـد شـوێنێك داگیـر بـکات، بـەڵام تۆپبارانـی پێشـمەرگە بـۆ هێرشـەکەی دوژمــن زۆر کاریگـەر بـوو، ڕێگـەی نـەدا دوژمـن زیاتـر پێشـڕەوی بـکات[٢]، لـە هەمـان کات پێشـمەرگەکان هێرشـی بەرانبەریـان کـرد و توانیـان شـوێنە داگیرکـراوەکان ئـازاد بکەنـەوە، سـوپای عێـراق لەبـەر ئـەوەی زیانێکـی زۆری بەرکـەوت کـە زیاتـر لـە (٢٣٠)[٣] کـوژراوی لـە گۆڕەپانـی شـەڕ بەجێهێشـت جگـە لـە سـەدان برینـدار، هەروەهـا بەجێهێشـتنی چـەك و تەقەمەنییەکـی زۆر، ورەی ئـەو هێـزە بـە تـەواوی دابـەزی و پاشەکشـەیان کـرد بـۆ بادلیـان.




**نەخشەی داگیرکردنی گەرووی عومەر ئاغا**

---

(١)مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی کـورد، شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگـی سـێیەم، بەشـی دووەم، چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە _ ٢٠٠٤) ل١٦٠ .

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بەڕێـز عومـەر عوسـمان مێرگەسـۆری لـە مەسـیف سـەڵاحەددین لـە ڕێکـەوتی ٢٠١٩/٤/٢٩ .

(٣) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی کـورد، شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگـی سـێیەم، بەشـی دووەم، چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە _ ٢٠٠٤) ل١٦٠ .

## شەڕی زۆزك


کاتێك سوپای عێراق لە گەرووی عومەر ئاغا شکستی هێنا و پاشەکشەی کرد، لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو بۆ داگیرکردنی ئەو شوێن و چیا ستراتیجیەکان، بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی بەدەستی سوپای عێراق کەوتبوو کە لە سەر چیای زۆزك هێزی زۆری پێشمەرگەی لێ نییە، بۆیە بە بەتالیۆنێك لە تیپی(٨) لە ١٩٧٤/٩/٢٠ توانییان چەند سەنگەرێکی پێشمەرگە لە چیایی زۆزك داگیربکەن[١]، دوای ئەوە پێشمەرگە هێرشی پێچەوانەی کرد تاوەکو سەنگەرە داگیرکراوەکان لە دەستی دوژمن ئازاد بکات، لە ئەنجامدا بە هاوکاری تۆپخانەی شۆڕش و تۆپەکانی کەتیبەی ئێرانی توانیان چیای زۆزك لە دوژمن پاك بکەنەوە، لە ٢٧-١٩٧٤/٩/٢٨ هێزێك لە تیپی(٥)ی پیادە لەگەڵ بەتالیۆنێك لە هێزی (٢٩)ی تایبەت(قوات خاصة)ی سوپای عێراق بە پشتیوانی کەتیبەی تانك هێرشی کردە سەر چیای زۆزك، پێشمەرگە لە بۆسە بوون بۆ سوپای عێراق، تا ئەو هێزانەی دوژمن گەیشتە نزیك بۆسەی پێشمەرگە و ئینجا پێشمەرگە لێیان هاتنە دەست و بە هەموو جۆرە چەکێك ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە، زەرەر و زیانێکی گەورەیان لە هێزی هێرشبەر دا، زۆربەی ئەفسەر و سەربازانی ئەو بەتالیۆنە کوژران، یەکێك لە کوژراوەکان فەرماندەی لق بوو. سەرکردەکانی سوپای عێراق فشاری زۆریان خستە سەر یەکەکانی سەربازی بە پیادە و تانك و زریپۆش و تۆپخانە و هێزی ئاسمانی، تا جارێکی تر هێرش بکەنەوە سەر چیاکە و لە ئەنجام دوژمن توانی چیای زۆزك بگرێت. لە ١٩٧٤/٩/٣٠[٢] دوای ئەوهی فەرماندەی هێز و بەتالیۆنەکانی بەرەی شەڕ بە سەرپەرشتی مەسعود بارزانی پلانیان دانا بۆ هێرشی بەرانبەر، لە ئەنجامی ئەو هێرشە پێشمەرگە سەرکەوت و زیانێکی گەورەیان لە سوپای عێراق دا، توانییان (٥) تانك تێکبشکێنن و (٥٠٠) کوژراو بە دوژمن جێبهێڵن لە گۆڕەپانی شەڕ. ڕۆژی ١٩٧٤/١٠/٣ جارێکی تر سوپای عێراق هێرشی پێچەوانەی کردەووە و توانی بە تەواوی چیای زۆزك داگیر بکات. پێشمەرگەش پاشەکشەی کرد و بە ناچاری هێڵێکی تری بەرگرییان دانا لە گەرووی بێشێ و چیای حەسەن بەگ تاوەکو ڕێگە بە سوپای عێراق نەدەن لەوە زیاتر خاکی کوردستان داگیر

(١) شکیب عقراوی، سنوات المحنة فی کردستان، الطبعة الثانیة، (اربیل _ مطبعة مناره _ تموز ٢٠٠٧ )، ص ٣٨٠.

(٢) ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی سێیەم (سلێمانی، چاپخانەی ژیار، ١٩٩٩) ل ٣٨٣ .

بـکات و نزیکـتر ببێـت لـە سـەرکردایەتی شـۆڕش[١] .

دوای ئـەوەی وەرزی زسـتان هـات و سـوپای عێـراق لـە توانـای نەبـوو ڕووبـەڕووی پێشـمەرگە ببێتـەوە و پێشـمەرگە لـە مانگـی ١٩٧٤/١٢ هەندێـک هێرشـی کـردە سـەر سـوپای عێـراق و لـە مانگـی ١٩٧٥/١ توانـی نیـوەی چیـای زۆزك لـە دەسـتی دوژمـن ڕزگار بـکات[٢].




**نەخشـــەی شـــەڕی زۆزك**

(١) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بەڕێـز یونـس محەمـەد سـەلیم، نـاسراو بـە مـلازم یونـس ڕۆژبەیانـی لـە هەولێـر لـە ڕێکـەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨ .

(٢) ئیبراهیـم جـەلال، خـوارووی کوردسـتان و شۆڕشـی ئەیلـوول بنیاتنـان و هەڵتەکانـدن ١٩٦١-١٩٧٥، چاپـی سـێیەم (سـلێمانی، چاپخانـەی ژیـار، ١٩٩٩) ل ٣٨٦ .

## شەڕی سەرتیز (جبل تاتان)

دوای ئـەوەی سـوپای عێـراق توانـی چیـای زۆزك داگیـر بـکات هەوڵـی دا چیـای سـەرتیزیش داگیـر بـکات، چیـای سـەرتیز دەکەوێتـە باکووری چیـای زۆزك و بڵندیەکـەی نزیکـەی (١٨٥٠)مەتـرە لەسـەر ئاسـتی ڕووی دەریـا و لەسـەر نەخشـەی سـەربازی نـاوی بـە (جبـل تاتـان) هاتـووە، بـە داگیرکردنـی ئـەو چیایـە، ناوچـەی سـەرکردایەتی شـۆڕش زیاتـر ڕووبـەڕووی مەترسـی دەبێتـەوە.

دوای ئـەوەی مەکتەبـی عەسـکەری داوای لـە هێزەکانـی (هەڵگـورد، زمناکـۆ، زاخـۆ، کاوە، سـەفین، ئەزمـەڕ) کـرد، تـا هـەر هێزێـك بەتالیۆنێـك بنێرێـت بـۆ شـەڕی سـەرتیز، لـە مانگـی ١٩٧٤/٨ ئـەو بەتالیۆنانـە گەیشـتنە شـوێنی مەبەسـت[١]، لـە سـەرەتای مانگـی (١٠)ی ١٩٧٤ ئـەو پێشـمەرگانەی لەسـەر چیـای سـەرتیز بـوون، هەواڵیـان دا کـە سـوپای عێـراق وا پێشـڕەوی دەکات و گەیشـتووەتە گونـدی سـیتکان لـە خـوارووی چیـای سـەرتیز[٢]، بـە گەیشـتنی ئـەو هەواڵـە فەرماندەکانـی ئـەو بەرەیـە لـە گونـدی بێشـە کۆبوونـەوە بـە مەبەسـتی ڕێگەگرتـن لـە سـوپای عێـراق، فەرمـان درا بـە حەمیـد ئەفەنـدی وەك پیـادە و عومـەر عوسـمان وەك تۆپخانە هێرش بکەنە سـەر سـوپای عێراق و لـەو ناوچەیـە دەریبکـەن[٣]، سـوپای عێراق بەمەبەسـتی خۆشاردنەوەی لە پێشـمەرگە، تـا فەرمانـی هێرشـیان بۆ دێت بـە کۆمەڵە خۆیـان حەشـاردابوو، دوای ئەوەی پێشـمەرگە زانـی ئـەوە حەشـارگەیە و لقێکـی سـوپای عێـراق خـۆی بـە دار شـاردووتەوە، تۆپخانـەی شـۆڕش تۆپبارانیـان دەکات و ئـەوەی دەکـوژرێ و برینـدار دەبێـت، ئەوەی تـر ڕادەکات. لـە بەرانبـەر ئەوە سـوپای عێراق بـە چڕی بۆردومانی گـەرووی عومەر ئاغـا دەکات و ئیتر سـوپای عێـراق بـەوە ناوەسـتێت، بـە گوێرەی ئـەو پلانەی کە سـوپای عێراق بـۆی دانابوو، لـە ١٩٧٤/١٠/٧[٤]هێرشـی هێنـا سـەر چیای سـەرتیز، سـەرەتا بۆردومانی تـەواوی چیاکەی کـرد هـەر بـە تۆپخانەکانـی سـوپا و چەکـی (گـراد) و فڕۆکەکانـی هێـزی ئاسـمانی، کە بە (ناپاڵـم و فسـفۆر) تـەواوی ئـەو چیایەیان سـووتاند و سـوپای عێراق توانی چیای سـەرتیز

---

(١) وەسـفی حەسـەن، داسـتانی چیایـێ سـەرتیز لـە پاییـزی سـاڵی ١٩٧٤، پەیامـی گۆڤـاری پەیامـی ئەیلـوول، ژمـارە ١٠، تەممـوزی ٢٠٠٩، ل ٦٠ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز محمد علی سۆفی لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٥ .

(٣) عومـەر عوسـمان مێرگەسـۆری، ژیانـی کوڕێـك، بەرگـی یەکـەم و دووەم، چاپـی سـێیەم (هەولێـر _ چاپخانـەی حاجـی هاشـم _ ٢٠١٣) ل ٩٢.

(٤) عزەدیـن مـەلا سـلێمان، بەشـێك لـە چیرۆکـی داسـتانەکانی شۆڕشـی ئەیلـول بـۆ مێـژوو، چاپـی یەکـەم (سـلێمانی _ چاپخانـەی بزاڤـی ڕۆشـنبیری سـلێمانی _ ٢٠٠٦) ل ٣٥ .

داگیر بکات، دوای هەفتەیەك بەتالیۆنێك لە هێزی خەبات بە فەرماندەی حەمە شەمیرانی و بەتالیۆنێك لە هێزی زمناکۆ بە فەرماندەی نوری حەمە عەلی توانییان هێرش بکەنە سەر سوپای عێراق و تەواوی چیاکە لە دەستی دوژمن دەربهێنن[1] و، زیانێکی زۆر لە دوژمن بدەن کە زیاتر لە (٢٠٠) کوژراویان هەبوو لەگەڵ بریندارى بێ ژمار، لە هێزەکانی پێشمەرگەش تەنیا شەهیدێك و (٦) بریندار هەبوو. دوای یەك ڕۆژ جارێکی تر سوپای عێراق توانی دووبارە چیای سەرتیز داگیربکاتەوە و بە داگیرکردنی جاری دووەمی چیای سەرتیز، فەرماندەی ئەو بەرەیەی پێشمەرگە بە فەرمانی سەرووی خۆی فەرمانی دا بە کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە گەرووی عومەر ئاغا [2]، دوای دوو مانگ لە بەردەوامی شەڕ کە (٤) مۆڵگەی ستراتیجی سوپای عێراق لەسەر چیای سەرتیز بوو، هەندێک کات بە دەستی پێشمەرگەوە بوو هەندێک کاتیش بە دەستی سوپای عێراقەوە بوو، دوای ئەو زیانە گەورەیە پێشمەرگە پاشەکشەی کرد.

دوای (٣) ڕۆژ لەو پاشەکشەیە برووسکەی مەکتەبی عەسکەری هات، بۆئەوەی پێشمەرگە هێرشی پێچەوانە بکاتە سەر مۆڵگەکانی سوپای عێراق کە ئەو (٤) مۆڵگە ستراتیجیە لە دەستی دوژمن دەربهێنن، زیاتر لە (٢٠٠) پێشمەرگە قارەمان خۆیان تەرخانکرد لە هێزەکانی هەڵگورد و باڵەك و ئەزمەڕ، بە فەرماندەیی حەمید ئەفەندی پلان دانرا کە کاتژمێر (١٧:٠٠) کاتژمێری سفر بوو لە ڕۆژی ١٩٧٤/١١/١٥[3]، سەرەتای هێرشەکە، تۆپخانەی شۆڕش بە هاوکاری کەتیبەی تۆپخانەی ئێرانی تۆپبارانی چڕی مۆڵگەکانی دوژمنیان کرد کە لە کاتژمێر (٠٧:٠٠) تا (١٦:٣٠) بەردەوام بوو، ئینجا دەستەی هێرشبەر هێرشیکردە سەر دوژمن و توانیان لە ماوەی نیو کاتژمێر چیای سەرتیز بۆ جارێکی تر لە دوژمن پاکبکەنەوە و زیانێکی گەورە لە دوژمن بدەن، جگە لە کوژراو و برینداری زۆر لەو شەڕە، شۆڕش ئەو دەسکەوتانەی هەبوون، (٤٥) کلاشنکۆف و (١٤٠) نارنجۆك و (٧) دەمانچە و (٢) ئامێری بێتەل و (٣٨) دەمانچەی ڕووناك کەرەوە(تنویر) و (٤) ڕەشاش.

---


(١) عزەدین مەلا سلێمان، بەشێك لە چیرۆکی داستانەکانی شۆڕشی ئەیلول بۆ مێژوو، چاپی یەکەم (سلێمانی _ چاپخانەی بزاڤی رۆشنبیری سلێمانی _ ٢٠٠٦) ل ٣٥ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز یونس محەمەدسەلیم، ناسراو بە ملازم یونس ڕۆژبەیانی لە هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨ .

(٣) وەسفی حەسەن، داستانی چیایێ سەرتیز لە پاییزی سالی ١٩٧٤، پەیامی گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە ١٠، تەمموزی ٢٠٠٩، ل٦١ .

بـۆ ڕۆژی دواتـر واتـە لـە ١٩٧٤/١١/١٦ بەتالیۆنێکـی تایبەتـی سـوپای عێـراق جارێکی تـر توانـی ئـەو (٤) شـوێنە داگیـر بکاتـەوە و لـە ڕۆژئاوابوونـی ١٩٧٤/١١/٢٠ جارێکـی تـر پێشـمەرگە توانـی چیاکـە ڕزگار بـکات، بـەڵام لەبـەر ماندووبونـی ئـەو بەتالیۆنانـەی لـەو زنجیـرە هێرشـانە بەشـداریان کردبـوو، نەیانتوانـی خۆڕاگـر بـن و هەمـان شـەو سـەنگەرەکانیان چۆڵکـرد و جارێکـی تـر سـوپای عێـراق داگیریکـردەوە[١].

بـە هاتنـی برووسـکەیەك لـە بـارەگای بارزانـی کـە ناوەڕۆکـی برووسـکەکە ئـەوە بـووە، بەتالیۆنەکـەی هێـزی هەڵگـورد چیـای سـەرتیز بگرنـەوە و ئینجـا بەتالیۆنـی سـەید عەبـۆش لـە هێـزی زاخـۆ لـە شـوێنی ئـەوان جێگیـر دەکرێـن، دوای ئـەوەی جارێکـی تر پێشـمەرگەی هێـزی هەڵگـورد و ئەزمـەڕ توانیـان جارێکـی تـر سـەرتیز ڕزگار بکـەن و بەتالیۆنـی سـەید عەبـۆش چوونە شـوینی ئەوان، سـوپای عێـراق بە چـڕی تۆپبارانی چیای سـەرتیزی کـرد و بەداخـەوە لـە ئەنجامـی ئـەو تۆپبارانـەی دوژمـن (١٨) شـەهید و (١٤) برینـدار لـە هێـزی هەڵگـورد، (١١) شـەهید و (٤) برینـدار لـە هێـزی زاخۆ، یەك شـەهید و (٢) لـە هێـزی زمناکـۆ[٢] هەبـوون.




**نەخشەی شەڕی سەرتیز**

(١)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز حەمید ئەفەندی لە مەلا ئۆمەر لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٧.

(٢)وەسـفی حەسـەن، داسـتانی چیایـێ سـەرتیز لـە پاییـزی سـاڵی ١٩٧٤، پەیامـی گۆڤـاری پەیامـی ئەیلـوول، ژمـارە ١٠، تەممـوزی ٢٠٠٩، ل ٦٠ .

## تێکشکانی فڕۆکەکانی دوژمن لە سنووری لەشکری دوو

لــە دوای دەســتپێکردنەوەی شــەڕ و هێرشــەکانی ســوپای عێــراق بــۆ ســەر سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە و هـەر لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایـی شـۆڕش، هێـزی ئاسـمانی عێـراق بـەردەوام بـوو لـە بۆردومانـی شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان و سـەنگەری پێشـمەرگە، جگـە لـەوەی بـە ڕاوێـژی ڕاوێـژکارە سـۆڤیەتیەکان کاریـان دەکـرد، بـێ زیـان نەبـوون، سـەرەڕای ئـەوەی هێـزی پێشـمەرگە هەندێـک چەکـی دژەئاسـمانی هەبـوو، بـەڵام بـۆ فڕۆکـە نوێیەکانـی هێـزی ئاسـمانی عێراقـی کـە سـۆڤیەتی بـوون، لـە توانـای چەکـی بەرگـری ئاسـمانی هێـزی پێشـمەرگە نەبـوو ڕووبەڕوویـان ببێتـەوە، تـا ئـەوەی سـەرکردایەتی شـۆڕش داوای لـە شـای ئیـران کـرد بـە هێنانـی تۆپـی قـورس و چەکـی دژە ئاسـمانی، لـەو ماوەیـەدا توانـرا چەنـد فڕۆکەیەکـی هێـزی ئاسـمانی عێراقـی تێکبشـکێنن.

١. لـە ١٩٧٤/٩/٢٣ فڕۆکەیەکـی (مێـك ١٩) لـە نزیـك گونـدی بەرزێـوە بـە دوشـکا کەوتـە خـوارەوە و فڕۆکەوانەکـە بـە نـاوی ملازمـی یەکـەم سـەفا شـەلال بـە دیـل گیـرا[1].

٢. فڕۆکەیەکـی تـر لـە ١٩٧٤/١٢/١٤ لـە جـۆری (باجـەر TU١٦) لـە نزیـك گونـدی مەمـی خـەلان خرایـە خـوارەوە و لـە ئەنجـام (٥) فڕۆکـەوان و ئەندازیـاری فڕۆکـەوان کـوژران.

٣. ڕۆژی ١٩٧٤/١٢/١٥ فڕۆکەیەکـی تـر لـە جـۆری (سـیخۆی - ٧) لـە نزیـك گونـدی بەرزێـوە کەوتـە خـوارەوە.

٤. فڕۆکەیەکـی تـر لـە جـۆری (میـك ١٩) لـە چیـای زۆزك کەوتـە خـوارەوە و فڕۆکەوانەکـەی بـە نـاوی هاشـم قـەدوری کـوژرا.

٥. فڕۆکەیەکـی تـر لـە جۆری(میـك ٢١) لـە چیـای هندرێـن کەوتـە خـوارەوە و فڕۆکەوانەکـە بـە پەرەشـووت ڕزگاری بـوو لـە مـەرگ و خـۆی گەیانـدەوە سـەربازگەی ڕوانـدوز[2].

---

(١) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی کـورد، شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگـی سـێیەم، بەشـی دووەم، چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە _ ٢٠٠٤) ل ١٥٨ .

(٢) عەبدوڵـڵا ئەحمـەد ڕەسـوڵ پشـدەری، پاشـکۆی یاداشـتەکانم لـە شۆڕشـی ئەیلولـی مـەزن،

**پلانی دوژمن لە سنووری لەشکری سێ ئەمەی خوارەوە بوو:**

١. داگیرکردنــی تــەواوی هــەردوو شــاری کەرکــووک و ســلێمانی، تــا پێشــمەرگە نەتوانێــت لــە دواوە و لــە نــاو خاکــی ئێرانــەوە فشــار بخاتــە ســەر ســوپاکەیان واتــە ســوپای عێــراق.

٢. پێشــکەوتن لــە دۆڵــی شــەهیدانەوە بــۆ ناوچــەی ناودەشــت و هەڕەشــەکردن لــە ناوچــەی دیلــمان و قــەسرێ و دواجاریــش گەڵاڵــە، بــۆ یارمەتیــدانی ئــەو هێزانــەی لــە هەولێــرەوە بــۆ گەڵاڵــە دەچنــە پێــش، ئەگــەر ســەرکەوتن.

٣. چوونــە پێشــەوە لــە دۆڵــی ســەرکەپکانەوە لەگــەڵ داگیرکردنــی چیــای کێــوەڕەش و ماکــۆک بــۆ داگیرکردنــی گــەرووی کارۆخ و، داکشــان بــۆ وەرتــێ و دەرگەڵــە و تێککردنەوەیــان بــەو هێزانــەی لــە بەرزێــوەوە بــەرەو پــردی حافیــز دەچنــە پێــش. هەروەهــا بڕینــی هاتوچــۆ و گەیاندنــە لەگــەڵ بــەرە دەشــتییەکان لــە هەولێــر و کۆیــە. پاڵەپەســتۆی دوژمــن لــەوێ لــە پاڵەپەســتۆی بــەرەی ڕوانــدز کەمــتر نەبــوو و هەروەهــا زیانەکانیشــی زۆر بــوون و خــۆی لــە زیانەکانــی بــەرەی ڕوانــدز نزیــک دەکــردەوە، چونکــە دوژمــن هەرچەنــدە توانــی ئامانجــی گرنــگ و زۆر لــەوێ داگیربــکات، بــەڵام ڕووبــەڕووی بەرگرییەکــی تونــد و لــە مــەرگ نەترســان بــووەوە لــە لایــەن پێشــمەرگەوە، هەمــوو هێــزە هێرشــبەرەکانی لەدەســت دا و کەوتــە بارودۆخێکــی بەرگــری و ئــەو پێگەیانــەی دەپاراســت کــە داگیــری کردبــوون، دوژمــن بــە ســەرکەوتوو دانانرێــت لەمــەدا بــۆ وەدیهێنانــی ئامانجەکانــی [1].

بەرگــی دووەم، چاپــی یەکــەم (کەرکــوك _ چاپخانــەی شــەهید ئــازاد هەورامــی _ ٢٠٠٧) ل٧٤-٧٥ .

(١) مەســعود بارزانــی، بارزانــی و بزووتنــەوەی رزگاریخــوازی کــورد، شۆڕشــی ئەیلــوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگــی ســێیەم، بەشــی دووەم،چاپــی یەکــەم (هەولێــر _ چاپخانــەی وەزارەتــی پــەروەردە _ ٢٠٠٤) ل ٤٢٢ .

## شەڕەکانی سنووری لەشکری سێ

سوپای عێراق لە سنووری لەشکری (٣)ی پێشمەرگەی شۆڕش کە ئەو لەشکرە تایبەت بوو بە سنووری هەردوو پارێزگای کەرکووک و سلێمانی لە سەرەتای مانگی ١٩٧٤/٤ دەستیکرد بە پێشڕەوی و هێرشەکانی.

سوپای عێراق بە تیپی دوو کە بارەگاکەی لە کەرکووک بوو، لەگەڵ تەواوی یەکەکانی و ئەو یەکە سەربازیانەی کە کەوتە ژێر فەرمانی فەرماندەی تیپی دوو، بە پاڵپشتی تانك و زریپوشی هێزی(١)ی تیپی (١) و هێزی ئاسمانی و جاشەکان لە ڕێگای کەرکووک _ سلێمانی پێشڕەوی بکەن و تیپی شەش و هێزی (١٤)ی سەر بە تیپی (١) بە پاڵپشتی تانك و زریپۆش و هێزی ئاسمانی و جاشەکان، لە ڕێگای (دیالە _ خانەقین _ هەڵەبجە _ عەربەت _ سلێمانی) پێشڕەوی بکەن، بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی شۆڕشی ئەیلوول لە سنووری لەشکری سێ.

سەرەتا لە کەرکوکەوە پلانیان دانا بۆ لادانی ئەو سەربازگە گەمارۆدراوانەی سوپاکەیان، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش لەو سنوورە، کە سەربازگەیەك لە دوکان بوو و ئەوەی دیکە هی هێزی(٣٦)ی سەر بە تیپی (٢)ی کەرکووک بوو لە گوندی سوسێ، بەڵام بۆ لادانی ئەم گەمارۆیانە، دەبێت ڕێگایەکی زۆر ببڕن و پاکبکرێنەوە لە سەنگەر و بەربەستەکانی هێزی پێشمەرگە، چونکە ڕێگای سەرەکی کەرکووک _ سلێمانی و ڕێگای (دیالە _ خانەقین _ هەڵەبجە _ عەربەت _ سلێمانی) بەدەستی هێزی پێشمەرگەوەیە و سوپای عێراق بەو ئاسانییە، ناتوانێت بگات بە سەربازگە گەمارۆدراوەکانی.

شەڕی شیوە سوور

لەو کاتەی سوپای عێراق بەردەوام بوو لە پێشڕەوی و هێرشەکانی لە ڕێگای کەرکووک _ سلێمانی و لە ١٩٧٤/٤/٢٥[1] کاتێك ویستی بەشێك لە یەکەکانی کە بریتی بوون لە بەتالیۆنی (٢)ی هیزی (٤)ی تیپی (٢)ی کەرکووک بە هاوکاری لقێك لە تانك کە لە پێشەوەی ئەو بەتالیۆنە بوون و جاشەکان، پێش ئەوەی بگەن بە شارۆچکەی چەمچەماڵ لەوێوە بەرەو سەنگاو بچێت و داگیری بکات، بەڵام سوپای عێراق بێ ئاگایە لەوەی پێشمەرگە قارەمانەکانی بەتالیۆنی (١)ی هێزی

(١) عزەدین مەلا سلێمان، بەشێك لە چیرۆکی داستانەکانی شۆڕشی ئەیلول بۆ مێژوو، چاپی یەکەم (سلێمانی _ چاپخانەی بزاڤی رۆشنبیری سلێمانی _ ٢٠٠٦) ل ٢٣ .

دووی کەرکـووک[١]، کـە بەوپـەڕی توانـاوە بەرپەرچـی هێرشـەکەیان دەدەنـەوە، لـە ناوچـەی شـیوە سـوور پێشـمەرگە قارەمانـەکان کـە لـە سـەنگەری بەرگریدابـوون و لـە پێـش سـەنگەرەکانیان و بـە تایبەتـی سـەر ڕێـگاکان مینـی دژە تانکیـان دانابـوو و لـە شـوێنی ئاسـایی مینـی دژە مرۆڤیـان دانابـوو، شـەڕ روویـدا و لەبـەر ئـەوەی سـەرەتا هێرشـەکە ژمارەیـەك لـە تانکەکانـی دوژمـن بـە مینـی دژە تانـك تێکشـکان[٢]، لـەو کاتـە فەرمانـدەی بەتالیۆنـی (٢)ی پیـادە بـە نـاوی مقـەدم ڕوکـن  زیائەدیـن جەمـال فەرمانـی دا کـە تانکـەکان لـە پێشـەوەی هێرشـەکە نەبـن، تەنیـا لـە کاتـی پێویسـت، دوای ئـەوە پیـادە بەردەوامـی دا بـە هێرشـەکانیان، بـەڵام ئەوانیـش کەوتنـە بـەر ئاگـر و مینەکانـی پێشـمەرگە قارەمانـەکان کـە یەکێـك لـە کـوژراوەکان پاسـەوانی تایبەتـی فەرمانـدەی بەتالیـۆن بـوو، لـە دوای هەشـت کاتژمێـر لـە شـەڕکردن، سـوپای عێـراق بـە زیانێکـی زۆرەوە لـە بەرانبـەر بەرگرییەکانـی پێشـمەرگە تێکشـکا و زیانـەکانی دوژمـن بریتـی بـوو لـە تێکشـکانی (٦) تانـك و (٣) زرێپـۆش و چەندیـن ئۆتۆمبێلـی سـەربازی و دەیـان کـوژراو و بەدیلگرتنـی (١٣٥) سـەرباز و جـاش[٣]، دەسـت بەسـەرداگرتنی چەندیـن پارچـە چەکـی سـوك و مامناوەنـد و نارنجـۆك .

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عزەدین مەلا سلێمان لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٠ .

(٢)  الفريـق الركـن/ رعـد مجيـد الحمـداني، قبـل ان يغادرنـا التاريـخ، الطبعـة الاولى (بـيروت _ لبنـان _ الـدار العربيـة للعلـوم - نـشرون _٢٠٠٧) ص ٤٢ .

(٣)  عزەدیـن مـەلا سـلێمان، بەشـێك لـە چیرۆکـی داسـتانەکانی شۆڕشـی ئەیلـول بـۆ مێـژوو، چاپـی یەکـەم (سـلێمانی _ چاپخانـەی بزاڤـی ڕۆشـنبیری سـلێمانی _ ٢٠٠٦) ل ٢٣ .

## گەمارۆی سەربازگەی سوسێ

لـە دوای ئـەوەی سـەرکردایەتی شـۆڕش و حزبـی بەعـس نەگەیشـتن بـە هیـچ ئەنجامێـك و نێوانـی هـەردوولا بـەرەو گـرژی و ئاڵـۆزی دەچـوو، بەتالیۆنـی (٣)ی سـووررداش سـەر بـە هێـزی ڕزگاری لەشـکری سـێ گەمـارۆی سـەربازگەی سوسـێی دا، سـەربازگەی ناوبـراو دەکەوێتـە سـەر ڕێـگای سـلێمانی _ دوکان نزیـك پیرەمەگـروون کـە بـارەگای یەکەیەکـی سـەربازی سـوپای عێـراق بـوو، هـەر لـە سـەرەتاوە ئـەو سـەربازگەیە گەمارۆدرابـوو، لـە مانگـی ٥/ ١٩٧٤[1] سـوپای عێـراق بـۆ ئـەوەی گەمـارۆی سـەر ئـەو سـەربازگەیە لا ببـات، هێزەکانـی خـۆی لـە سـلێمانی و دوکان بـەرەو سـەربازگەی سوسـێ نـارد، بـەڵام بەتالیۆنـی (٣)ی سـووررداش بـە فەرمانـدەی ئەنـوەر ئـەزوەر لقەکانـی خـۆی دابەشـکرد لـەو شـوێنانەی کـە ئەگـەری هەبـوو سـوپای عێـراق لەوێـوە هێـرش بـکات، دابەشـبوونی بەتالیۆنـی (٣)ی سـووررداش لەسـەر ڕێـگای سـلێمانی _ دوکان بـەو شـێوەیە بـوو:

١. لقی کوێخا سمایلی تەلان لە گوندی کانی خان بوو.

٢. لقی عەبدوڵای حاجی ڕەشید لە تاسڵوجە بوو.

٣. فەرماندە و بارەگای بەتالیۆن بە درێژایی ڕێگا لە گوندی خری زێوێ بوو.


٤. لقی عومەری حەمە عەلی لە گوندی کەلەوانان بوو.

٥. لقـی حەمەتاڵـی حاجـی قـادر بـەگ بـە درێژایـی ڕێـگا لـە گونـدی خـری زێـوێ بـوو.

سـوپای عێـراق لـە سـلێمانییەوە هێرشـی هێنـا، لـە سـەرەتاوە لقـی عەبـدوڵای حاجـی ڕەشـید کـە لـە تاسـڵوجە بـوو لەگـەڵ سـوپای عێـراق ڕووبـەڕووی یەکـتر بوونـەوە و توانییـان زیانێکـی گـەورە لـە سـوپای عێـراق بـدەن، بـەڵام لەبـەر تانـك و ژمـارەی زۆری سـوپا، لقێـك ناتوانێـت بـۆ ماوەیەکـی زۆر بەرگـری بـکات، دوای ئـەوە سـەرلق عەبـدوڵای حاجـی ڕەشـید و سـەرپەل شـێخ جەعفـەر گولیجەیـی شـەهید دەبـن، لـەو ڕووبەڕووبونەوەیـە ئـەو لقـەی پێشـمەرگە پاشەکشـەی کـرد و سـوپای عێـراق بـەردەوام بـوو، تـا بگاتـە سـەربازگەی سوسـێ.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئەنوەر ئەزوەر لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٠ .

لـە کاتژمێـر(٠٨:٠٠) سـوپای عێـراق بـە تانـك و پیـادە بـە هـاوکاری جاشـەکان لـە تاسـڵوجە دەهاتـن بـەرەو سـەربازگەی سوسـێ، ئـەوان پێیانوابـوو کـە پێشـمەرگە تەنیا لـە تاسڵوجە بـووە، بـە دووری (٦)کـم لـە سـەربازگەی سوسـێ و بـە دیاریکـراوی لەسـەر پـردی گونـدی خـرەی زێـوێ، پێشـمەرگە قارەمانـەکان لەسـەر پـردی ناوبـراو هێرشـیان بـردە سـەر سـوپای عێـراق و توانیـان هـەر لـە سـەرەتاوە بـە (٧RPG) دوو تانـك تێکبشـکێنن و ژمارەیـەك لـە سـەرباز و جـاش بکـوژن، دوای ئـەوەی پێشـمەرگە تـا دوای نیـوەڕۆ ڕێـگای نـەدا بـە دوژمـن تـا بـگات بـە سـەربازگە گەمارۆدراوەکـە، بـەڵام کاتێـك (٢) پێشـمەرگە بـە ناوەکانـی ئیبراهیـم کانـی شـەیتان و ڕەحیـم قامیشی[1]شـەهید دەبـن و فەرمانـدەی بەتالیـۆن ئەنـوەر ئـەزوەر هەوڵـدەدات تەرمـی ئـەو دوو شـەهیدە نەکەوێتـە دەسـتی دوژمـن، چونکـە هـەر لەسـەرەتاوە فەرمانـدەی بەتالیـۆن بینـی ئـەو دوو پێشـمەرگە قارەمانـە چـوون هێرشـیان کـردە سـەر دوژمـن و گورزێکـی گـەورەی لـە دوژمـن دا، لـەو هەوڵـەی ڕزگارکردنـی تەرمـی ئـەو دوو پێشـمەرگەیە، فەرمانـدەی بەتالیـۆن بەسـەختی برینـدار دبێـت، بـەڵام پێشـمەرگەکانی دیکـە تەرمـی هـەردوو شـەهیدەکە و فەرماندەکەیـان ڕزگار دەکـەن و پاشەکشـە دەکـەن بـۆ گونـدی قەرەچەتـان.




**نەخشەی گەمارۆی سەربازگەی سوسێ**

(١) ئەنـوەر ئـەزوەر، شـێرێکی ونبـوو لـە دارسـتانێکدا، چاپـی یەکـەم ( سـلێمانی _ چاپخانـەی یـاد _ ٢٠١٢ ) ل ١٤٣ .

## ڕێگای سلێمانی _ عەربەت _ دەربەندیخان

بـۆ ئـەوەی سـوپای عێـراق هێزەکانیـان بگەنـەوە یـەک و زۆرتریـن ڕووبـەری خاکـی کوردسـتان داگیـر بکـەن، هەوڵیـان دا ناوچـەی گەرمیـان داگیربکـەن ئەویـش، لـە سـێ لاوە کـە بریتـی بـوو لـە:

١. لە باکوور و ڕۆژهەڵات، سلێمانی و عەربەت.

٢. لە باشوور، هەڵەبجە و دەربەندیخان.

٣. لە ڕۆژئاوا، کەرکووک.

ئەگـەر چـی هێشـتا پێشـمەرگەکانی سـەر چیـای ئەزمـەڕ مەترسـی بـوون بـۆ شـاری سـلێمانی، بـەڵام سـوپا سـالاری سـوپای عێـراق فەریقـی یەکـەم ڕوکـن عەبدولجەبـار شەنشـەل و سـەرکردەی ناوچـەی باکـوور فەریـق سـەعید حەمـۆ داگیرکردنـی تـەواوی ناوچـەی گەرمیانیـان بـە باشـتر زانـی لـە ڕووی سـەربازییەوە لەبـەر ئـەو هۆیانـە:

١. ناوچەیەکـی فراوانـە و هەندێـک شـاری گـەورە و گرنگـی تێدایـە وەکـو (خورمـاڵ، هەڵەبجـە، سـیروان، عەربـەت، سـەید سـادق، دەربەندیخـان، سـەنگاو، قـەرەداغ ).

٢. داگیرکردنـی چیاکانـی ئـەو ناوچەیـە کـە هەمـوو کات پشـت و پەناگـەی پێشـمەرگە بـووە.

٣. داخستنی بەشێك لە سنووری ئێران لەگەڵ کوردستان.

٤. ئـەو دابەشـبوونەی پێشـمەرگە نەهێڵـن و هێـزی پێشـمەرگە لـە چەنـد شـوێنێکی دیاریکـراو گەمارۆبدەن.

٥. زووتـر ئـەو ناوچەیـە داگیـر بکرێـت تاوەکـو پێشـمەرگە نەتوانێـت لـە نێـوان شـار و شـارۆچکەکان، گـورز لـە سـوپای عێـراق بوەشـێنن.

بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ئەگـەر لـە باکـوور و ڕۆژهـەڵات هێـرش بکـەن، دەبێـت ڕێـگای عەربـەت _ سـلێمانی لـە بەربەسـتەکان و سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە پـاك بکرێتـەوە، هێـزی پێشـمەرگە لـە ڕێـگای عەربـەت _ سـلێمانی لـە ئەسـتۆی بەشـێك لـە پێشـمەرگەکانی هێـزی خەبـات بـوو.

دوای ئـەوەی سـوپای عێـراق یەکەکانـی خـۆی دەستنیشـان کـرد بـۆ ئـەو هێرشـە

کە بریتی بوون لە:

١. هێزی (١٤)ی تیپی (١) بە فەرماندەی عەقید ڕوکن عەبدولجەبار ئەلسافی.

٢. لقی تانك بە فەرماندەیی جێگری لق ملازمی یەکەم ڕەعد حەمدانی.

٣. هێزی ئاسمانی.

٤. جاش.


لە ١٩٧٤/٦/١ یەکەی دیاریکراوی سوپای عێراق لە ناوچەی قلیاسانی باشووری سلێمانی، دەستیان کرد بە ئامادەکاری بۆ هێرشەکەیان کە لە ماوەی سێ ڕۆژدا خۆیان ئامادەکرد، لە کاتژمێر (٠٥:٣٠)ی ڕۆژی ١٩٧٤/٦/٤[1]، سوپای عێراق دەستیکرد بە هێرشکردن، هەر لە سەرەتاوە هێزێکی پێشمەرگە لە نزیك گوندی فەرەجاوە توانیان دەستپێکی هێرشەکەی سوپای عێراق تێکبشکێنن و زیانی زۆریان لێ بدەن، شەڕ تا دوای نیوەڕۆ بەردەوامبوو لە ئەنجامی ئەو شەڕە ژمارەیەکی زۆر لە سوپا و جاش کوژرا و بریندار بوون و نزیکەی (٢٠) سەرباز و جاش بەدیل کەوتنە دەستی پێشمەرگە[2]، پێشمەرگەی قارەمانیش (٣) شەهید و ژمارەیەك بریندداری هەبوو، دوای ئەو شکستە، سوپای عێراق دەستیکرد بە تۆپبارانی گوند و دێهاتەکانی ئەو ناوچەیە و سەنگەرەکانی پێشمەرگە.


ڕۆژی دواتر سوپا بەردەوامی دا بە هێرشەکانی بە پاڵپشتی فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی و جاشە خۆفرۆشەکان، توانیان عەربەت داگیربکەن و بەردەوام بن لە پێشڕەوی و هێرشەکانیان بەرەو دەربەندیخان، پێش ئەوەی بگەن بە دەربەندیخان لە پردی تانجەرۆی زەڕایەن، پێشمەرگە توانی زیان لە پێشڕەویەکانی سوپای عێراق بدات، بەڵام نەیتوانی بەو هێزە بچووکەوە پێش لەو هێزە گەورەیە بگرێت و تا ئەو هێزەی سوپای عێراق توانی هەموو بەرگرییەکانی هێزی پێشمەرگە لەسەر ڕێگای خۆی لا ببات و لە دەربەندیخان بگات بەو هاوهێزانەی خۆیان، کە بریتی بوو لە هێزی (١٦)ی زریپۆش بە فەرماندەیی عەقید ڕوکن مەحمود وەهیب کە لە جەلەولاوە هاتبوون.

(١) الفريق الركن/ رعد مجيد الحمداني، قبل ان يغادرنا التاريخ، الطبعة الاولى (بيروت _ لبنان _ الدار العربية للعلوم_نشرون _٢٠٠٧) ص ٤٣ .

(٢) عزەدین مەلا سلێمان، بەشێك لە چیرۆکی داستانەکانی شۆڕشی ئەیلول بۆ مێژوو، چاپی یەکەم (سلێمانی _ چاپخانەی بزاڤی رۆشنبیری سلێمانی _ ٢٠٠٦) ل٣٤ .

لـە ١٩٧٤/٦/٩ لـە ناوچـەی قـەرەداغ هێـزی پێشـمەرگە هێرشـیکردە سـەر سـوپای عێـراق، تەنیـا بەمەبەسـتی وەشـاندنی گورزێـك و زیانگەیانـدن بـە سـوپای عێـراق، چونکـە ئیـتر بـەو هێـزە لاواز و ژمـارە کەمـەی پێشـمەرگە، ناتوانێـت هێرشـی پێچەوانـە بکاتـە سـەر سـوپای عێـراق، لـە ١٩٧٤/٦/١١ بـە هەمـان شـێوە پێشـمەرگە توانـی زیـان بگەیێنێـت بـە هێـزی یەدەگـی (٩٠) کـە ئەرکـی پاراسـتنی زەرایـەنی لـە ئەسـتۆ بـوو.




**نەخشەی ڕێگای سلێمانی _ عەربەت _ دەربەندیخان**

## شەڕی چیای ئەزمەڕ

چیای ئەزمەڕ دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی، لەبەر ئەوەی زیاتر لە (١٧٠٠)مەتر بەرزە لەسەر ئاستی ڕووی دەریا و زاڵە بەسەر شاری سلێمانی، بۆیە لە ڕووی سەربازییەوە بە خاکێکی گرنگ دادەنرێت(ارض مهمة) یان (ارض حيوية)[1]، سوپای عێراق هەر لە سەرەتای هێرشەکانی هەوڵی دەدا، تا بتوانێت چیای ئەزمەڕ داگیربکات، چونکە هەر چەند ئەو چیایە بە دەستی پێشمەرگەوە بێت، سوپای عێراق لە ناو شاری سلێمانی جموجوڵیان ئاسان نابێت، لە کاتژمێر(٠٥:٣٠)ی ڕۆژی ١٩٧٤/٦/١٨ سوپای عێراق بڕیاری دا هێرش بکات، بۆ داگیرکردنی چیای ئەزمەڕ کە بەتالیۆنی (٤)ی پێنجوینی هێزی خەبات بە فەرماندەیی نوری حەمە عەلی لە بەرگریدابوون و یەکەکانی سوپای عێراق کە ئەرکی داگیرکردنی چیایی ئەزمەڕیان پێسپێردرابوو، بریتی بوون لە[2]:

١. هێزی (٤)ی تیپی (٢)ی کەرکووک.

٢. هێزی تایبەت(القوات الخاصة).

٣. لقی تانك لە هێزی (٨).

٤. هێزی ئاسمانی.

٥. تۆپخانەی تیپی (٢).

٦. جاش.

سوپای عێراق سەرەتا وەکو تاکتیکی ئاسایی سەربازی دەستیکرد بە تۆپبارانی چیاکە بە هۆی تۆپخانە و فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشمەرگە قارەمانەکان پێشبینی ئەوەیان کردبوو بە تەواوی سەنگەرەکانیان توند کردبوو، ئەگەر چی لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانە هەندێک بریندار هەبوو، بەڵام ورەی پۆڵاینی پێشمەرگە هەر بەرز بوو بۆ بەرگریکردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان.

---

(١) خاکی گرینگ(ارض مهمة) یان (ارض حيوية):- خاکێکە داگیرکردنی بە گرینگ دادەندرێت و ئەگەر دوژمن داگیری بکات، دەبێتە شوێنێکی باش بۆ بەرگری و زاڵ بوون بەسەر دەوروبەری ئەو ناوچەیە، ئەو شوێنەش لە لایەن فەرماندەی هێز دەست نیشان دەکرێت.


(٢) الفريق الركن/ رعد مجيد الحمداني، معارك الجيش العراقي الكبرى من عام ١٩٧٣ الى عام ٢٠٠٣، (عمان _ الاردن _ دار امنة للنشر و التوزيع _ ٢٠١٣) ص ٧٤ .

لەوکاتەی هەلیکۆپتەرەکانی هێزی ئاسمانی عێراقی بۆردومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان لە چیای ئەزمەڕ دەکرد، هێزی پیشمەرگە توانیان یەکێك لە هەلیکۆپتەرەکان بە گولەی دۆشکە تێکبشکێنن[1]، ئەوەش وای لە پێشمەرگە کرد ورەی بەرزتر بێت، دوای وەستانی تۆپبارانی چیاکە، سوپای عێراق دەستیکرد بە هێرشکردن، لەو شوێنانەی کە ڕێگا هەبوو تانکەکان لە پێشەوەی هێزی پیادە و جاش بوون و تا کاتژمێر (١٤:٣٠) تانکەکان توانیان جووڵە بکەن، بەڵام دوای ئەوە لەبەر مینی دژە تانك و خراپی ڕێگا نەیانتوانی زیاتر بجوڵێن و، لە شوێنەکانی تریش هێزی پیادە و جاش شانبەشانی یەکتری هێرشیان دەکرد، تا نزیکبوونەوە لە سەنگەری پێشمەرگە قارەمانەکانی بەتالیۆنی (٤)ی پێنجوێن، پێشمەرگە توانیان بە درێژایی ئەو ڕۆژە، سوپای عێراق تێکبشکێنن و زیانی گەورە لەو سوپایە گەورە بدەن، کە لاشەی چەندین سەرباز و ئەفسەری سوپای عێراق و جاش، لە گۆڕەپانی شەڕ بەجێ مابوون، لە کاتژمێر (١٧:٣٠) سوپای عێراق پاشەکشەی کرد و لەو کاتەی کە پاشەکشەیان دەکرد، ئەوەندەی توانیان لاشەی کوژراو و برینداەکانیان بە تانکەکان گواستەوە[2]، لە هەمان کاتدا لە ڕیزەکانی پێشمەرگەش شەهید و بریندار هەبوون، دواجار سوپای عێراق ئەو ڕۆژی نەیتوانی ئامانجەکەی بپێکێت، سەرەڕای ئەو زیانەی بەرییان کەوتبوو ڕۆژی دواتر واتا لە ١٩٧٤/٦/١٩ دووبارە دەستیان کرد بە هێرشکردن بەهۆی گرنگی ستراتیژی چیای ئەزمەڕ کە بەهەمان شێوازی ڕۆژی پێشوو لە ڕووی تۆپبارانەوە، بەڵام ئەم جارە ئاگری زیاتر و چڕتر و دواتر بە تانك و پیادە و جاش هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، دوای شەڕێکی خوێناوی و کوژرانی سەرباز و جاشی زۆر و شەهید و بریندار لە هێزی پێشمەرگە، سوپای عێراق سەرەڕای ئەو چەك و ژمارەی سەربازە زۆرە، بەڵام توانای ئەوتۆیان نەبوو لە بەرانبەر پێشمەرگە قارەمانەکان و چەندین تانك و زریپۆشیان بە مینەکانی هێزی پێشمەرگە تێکشکێنران، بەڵام فشاری سەرکردەکانی سوپای عێراق لەسەر فەرماندەکانی یەکەکان ئەوەندە زۆر بوو، تا کار گەیشتە ئەوەی

(١) عزەدین مەلا سلێمان، بەشێك لە چیرۆکی داستانەکانی شۆڕشی ئەیلول بۆ مێژوو، چاپی یەکەم (سلێمانی _ چاپخانەی بزاڤی رۆشنبیری سلێمانی _ ٢٠٠٦) ل ٢٥ .

(٢) الفريق الركن/ رعد مجيد الحمداني، قبل ان يغادرنا التاريخ، الطبعة الاولى (بيروت _ لبنان _ الدار العربية للعلوم_نشرون _٢٠٠٧) ص ٤٥ .

هەندێــک لــە ئەفســەران ســزادران، تــا ببێتــە تــرس بــۆ ســەرباز و ئەفســەرانی تــر، تاکــو بتوانــن چیــای ئەزمــەڕ داگیــر بکــەن، لــە کۆتایــی ئــەو فشــارە ســەریگرت و ســوپای عێــراق توانــی چیــای ئەزمــەڕ داگیربــکات.




**نەخشەی شەڕی چیای ئەزمەڕ**

## وەرزی زستان و سوپای عێراق

دوای ئـەوەی سـوپای عێـراق هێرشـی کـردە سـەر ناوچـەی ڕانیـە و قـەڵادزێ و توانـی ئـەو شـار و شـارۆچکانە داگیربـکات و چیاکانـی ئـەو سـنوورەش داگیربـکات، بـەڵام هێـزی پێشـمەرگە بـواری بـە سـوپای عێـراق نـەدەدا، نـە زیاتـر پێشـڕەوی نـە هێـرش بکـەن و لـە هەمـان کاتـدا، بـە شـێوەی نیمچـە بەردەوامـی تۆپبارانـی بـارەگا و سـەربازگە و سـەنگەرەکانی سـوپای عێراقـان دەکـرد لـەو سـنوورە و زیانـی زۆریـان بـە سـوپای عێـراق گەیانـد.

ڕائـد خـدر دەبـاغ کـە یەکێـك بـوو لـە ئەفسـەری تۆپخانـەی شـۆڕش، زۆر کات دەوری بـاڵای هەبـووە لـە تۆپبارانـی سـوپای عێـراق کـە لـە چەنـد شـوێنی جیاجیـا زەبـری باشـی لـە سـوپای عێـراق داوە، ئـەو (٣) تۆپـەی بـە ئەنـدازە (١٣٠) ملیـم کـە لـە گەلـی نـۆرێ بـوو، بـەردەوام ناوچەکانـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی تۆپبـاران دەکـرد، کاتێـك ڕائـد خـدر دەبـاغ شـوێنی تۆپەکانـی (١٣٠) ملیمـی سـوپای عێـراق دەستنیشـان دەکات، سـەرەتا بـەو تۆپـەی کـە لای ئـەوان بـوو (٢٥) ڕەتـل تۆپبارانـی بەرانبـەر دەکات، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی تۆپەکەیـان قـەوس نییـە ناتوانـن شـوێنی تۆپـی دوژمـن بپێکـن، ئیـتر ڕائـد خـدر دەبـاغ داوا لـە هاوەنـی ئەنـدازە (١٢٠) ملیمـی بەتالیۆنـی سلێمان سندی دەکات بـۆ ئـەوەی تۆپبارانـی دوژمـن بـکات[١]، دوای ئـەوەی ڕائـد خـدر دەبـاغ داوا لـە ڕەسـەد دەکات ئامـادە بـن و ئیـتر دووری و ئاراسـتەی ئامانجەکـە دەدات بـەو پێشـمەرگانەی لەسـەر هاوەنەکـە کار دەکـەن، گولـەی یەکەمیـان هاوێشـت و توانیـان ئاگـری هاوەنـی (١٢٠) ملیـم ڕاسـت بکەنـەوە و بیبەنـە سـەر شـوێنی مەبەسـت، دوای ئـەوە لـە دیدەوانـی بینیـان دووکـەڵ لـەو شـوێنە بـەرز دەبێتـەوە، ئیـتر ڕائـد خـدر داوایکـرد بـەردەوام بـن لـە تۆپبارانـی زیاتـر، تـا زیانـی زیاتـر بـە تۆپـە ئەنـدازە (١٣٠) ملیمەکـە بگەینـن، سـەرئەنجام توانیـان سـوپای عێـراق ناچـار بکـەن، تۆپەکانیـان لـەو شـوێنە بگوازنـەوە، ئیـتر هێـدی هێـدی وەرزی سـاردی نزیـك دەبوویـەوە و سـوپای عێـراق لـە شـێوازی هێرشـکردن چوونـە شـێوازی بەرگـری، بـە درێژایـی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە سـاڵی ١٩٦١ وە سـوپای عێـراق لـە توانـای نەبـووە لـە وەرزی زسـتان هێـرش بـکات، ئەگـەر چـی سـوپای عێـراق (١٥٠٠٠٠) سـەد و پەنجـا هـەزار جلوبەرگـی زسـتانەی لـە وڵاتـی هینـد کڕیبـوو[٢]، بۆئـەوەی لـە وەرزی زسـتان

---

(١) ڕائـد / خـدر دەبـاغ، بیرەوەریەکانـم و تۆپخانـەی شۆڕشـی ئەیلولـی مـەزن، چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە _ ٢٠٠٢) ل ٩٦-٩٧ .

(٢) کریـس کۆچێـرا، کـورد لـە سـەدەی نـۆزدە و بیسـتەم دا، وەرگێڕانـی (حەمەکەریـم عـارف)

ســەربازەکانی ســوپای عێــراق بتوانــن خۆیــان لــە ســەرمای زســتان بپارێــزن، بــەڵام پێشــمەرگە بــە شــێوەی نیمچــە بــەردەوام تۆپبارانــی ئاگــری بێزارکەر[1](نــار الازعــاج) و هێرشــی لەنــاکاوی دەکردنەســەر، تــا ســوپای عێــراق وا بیرنەکەنــەوە کــە پێشــمەرگە توانــای نەمــاوە و هیــچ جموجوڵــی نییــە.

لــە ســەرەتای چیــای کێــوەڕەش لەســەر ڕێــگای ســەرەکی ڕانییــە _ قــەڵادزێ، تــا خاڵــی ژمــارە (٢٠١٣) لەســەر زنجیــرە چیــای کێــوەڕەش بــە دەســتی ســوپای عێراقــەوە بــوو، لــە دوای ئــەو خاڵــەوە بــە دەســتی پێشــمەرگەوە بــوو، مــاوە مــاوە پێشــمەرگە هێرشــی دەکــردە ســەر ئــەو خاڵــە ســتراتیجیە، یەکێــك لــەو جارانــەی کــە پێشــمەرگە تۆپبارانــی خاڵــی (٢٠١٣)ی دەکــرد، ئــەو ســووتەمەنی و تەقەمەنیــەی دایاننابــوو کەوتــە بــەر ئاگــری تۆپبارانــی پێشــمەرگە، لــە ئەنجامــدا تــەواوی ســووتەمەنی و تەقەمەنــی ئــەو شــوێنە ســووتا و تەقیــەوە[2].

چاپی چوارەم (هەولێر – کتێبفرۆشی سۆران- ٢٠٠٧) ل ٤١٠ .

(١) ئاگری بێزارکەر:- ئاگرێکە بۆ دوو مەبەست بەکاردێت:

وەرەی دوژمــن لاواز بــکات و بــە ئاســانی کەلوپەلەکانــی نەگوازێتــەوە و نەهێڵێــت دوژمــن چالاکــی هەبێــت.

دوژمن ناچار بکات بڵاوە بکات و کاتیان لێ ببات.

(٢) اللــواء المشــاة / فــوزي جــواد هــادي البرزنجــي، مذكــرات امــر لــواء مشــاة في زمــن الحــرب، صفحــات مــن ماثــر الجيــش العراقــي الباســل ١٩٦٤-٢٠٠٨، الطبعــة الاولى (عــمان _ الاردن _ مطبعــة دار الرمــال للنــشر و التوزيــع _ ٢٠١٨) ص ٦٨ .

## شوێنەکانی دوژمن لە بەرەی ڕانییە و قەڵادزێ تا کۆتایی ١٩٧٤/١٢/٤

**١. پیادە و زرێپۆش و میکانیك**

١. هێزی دووەم لە ماکۆک.

٢. هێزی چواردەیەم لە کێوەڕەش.

٣. هێزی پازدەمی میکانیکی لە ڕانیە.

٤. هێزی سی و شەشەم لە قەڵادزێ.

٥. هێزی نۆزدەیەم، دوو بەتالیۆنی ئەو هێزە لە ناوچەی قەڵادزێن.

٦. هێزی بیست و چوارەمی میکانیکی لە ناوچەی ڕانیە.

٧. هێزی زرێپۆشی دوازدەیەم لە ناوچەی ڕانییە و قەڵادزێ.

٨. هێزی یەدەگ لە ناوچەی ڕانیە و قەڵادزێ.

٩. بەتالیۆنێکی هێزی تایبەت لە ماکۆک.

١٠. کەتیبە تانکەکانی سەر بە تیپی شەشەم.

**٢. تۆپخانە:**

١. کەتیبەی تۆپخانەی ١٢٢ ملم مەیدان لە سەروچاوە.

٢. کەتیبەی تۆپخانەی ١٢٢ ملم مەیدان لە سەرکەپکان.

٣. کەتیبەی تۆپخانەی ١٢٢ ملم مەیدان لە پاش قۆتەڵە.

٤. کەتیبەی تۆپخانەی ١٢٢ ملم کەوانە، لە شکارتە.

٥. کەتیبەی تۆپخانەی ١٥٢ ملم لە ڕانیە.

٦. کەتیبەی تۆپخانەی ١٢٠ ملم هاوەن لە ماکۆک.

٧. کەتیبەی تۆپخانەی ١٢٠ ملم هاوەن لە هەنجیرە.

٨. کۆمەڵە تۆپخانە(بطریە)ی ١٣٠ ملم مەیدان لە قەڵادزێ.

٩. کۆمەڵە تۆپخانە(بطریە)ی ١٣٠ ملم مەیدان لە سەرکەپکانە.

١٠. کۆمەڵە تۆپخانە(بطریە)ی ١٢٢ ملم کەوانە، لە قەڵادزێ و ژاراوە و توەسوورانە.

٣. دوای ئـەوەی تۆپـەکانی ئێـران گەیشـتنە ئێنـزە، لـە سـەرەتاوە دەسـتیکرد بـە تۆپبارانکردنـی پێگەکانـی دوژمـن لـە قـەڵادزێ و هەندێـک شـوێنی تـری پێویسـت، بارودۆخەکـە زۆر گـۆڕا و ئـەو یەکـەی تۆپخانـە ڕۆڵێکـی گـەورەی بینـی لـە زیانگەیانـدن بـە دوژمـن.

٤. بەرگریـی پێشـمەرگە و پشـتیوانیکردنی تۆپخانـە، وایـان لـە دوژمـن کـرد، هەسـت بـکات کـە دەبێـت تاکتیکـی خـۆی بگۆڕێـت و لـە جیاتـی ئـەوەی ئامێرەکانـی لـە سـەربازگەیەک کۆبکاتـەوە، پەرتیکـردن بـۆ چەنـد شـوێنێکی نادیـار و هەروەهـا سـەبارەت بـە پیـادە و تۆپخانـەش و بەپێـی زانیاریـی خۆمـان ئـەم زیانانـەی خـوارەوەی بـە دوژمـن گەیەنـران:

١. هێـزی یەکەمـی میکانیکـی لـە قـەڵادزێ زیانێکـی زۆری بەرکـەوت بـە جۆرێـک، کـە کێشرایـەوە بـەرەو کەرکـووک بـۆ دووبـارە ڕێکخسـتنەوەی و ٥٠ لـە سـەدی سـەربازەکانی و ٨٥ لـە سـەدی ئامێرەکانـی لـە دەسـتدا بـوو.

٢. زیاتر لە ٣٠ تانک و زیاتر لە ١٧٠ مدەرەعە تێکشکان.

٣. زیاتر لە ٢٥ تۆپ تێکشکێنران.

٤. زیاتر لە ٢٣٠ ئۆتۆمبێلی جۆری جیاجیا تێکشکێنران.

٥. دوژمـن ناچـار بـوو بـارەگای فیرقـەی دووەم لـە چوارقوڕنـەوە بکشـێنێتەوە بـۆ کۆیـە، دوای ئـەوەی کەوتـە بـەر تۆپبارانێکـی خەسـت و تونـد و کاریگـەر.

٦. زیانـە گیانییەکانـی دوژمـن لـە قـەڵادزێ و ناوچـەی ڕانیـە نزیکـەی ٢٨٠٠ کـوژراو و ٣٩٠٠ برینـدار بـوون.

٥. زانیارییـەکان وا دەگەیەنـن کـە سـەرۆکایەتیی ئەرکانـی سـوپا، نیـازی وایـە لیـوا محەمـەد فەتحـی فەرمانـدەی فیرقـەی سـێیەم، بنێرێـت بـۆ سـەرکردایەتیکردنی کەرتـە سـەربازییەکان لـەم بەرەیـەدا، لـە جیاتـی عەمیـد ڕوکـن تاڵیـب محەمـەد کازم فەرمانـدەی فیرقـەی دووەم، کـە بـە هیـچ لـە دەسـت نەهاتـوو دانـرا.

## شوێنەکانی دوژمن لە بەرەی ڕواندوز تا کۆتایی ١٢/٤/١٩٧٤[(١)]

**١. پیادە و زرێپۆش و میکانیك**

١. هێزی سێیەم لە هەریر دووبارە ڕێک دەخرێنەوە.

٢. هێزی چوارەم لە دیانەیە.

٣. هێزی بیست و دووەم، لە کۆڕەک و گۆڕەزە و بارەگاکەشی لە سپیلکە.

٤. هێزی زرێپۆشی شەشەم، لە ئەستێلی ڕواندوز دابەشکراوە.

٥. هێزی هەشتەم، لە حەوزی ڕواندوز دابەشکراوە و بارەگاکەی لە باڵەکیانە.

٦. هێزی بیستەم، لە ڕواندزە لە نێو کارگەی مافور.

٧. هێزی بیست و نۆیەم، لە دێڵزیان و گردەکەوانە.

٨. هێزی پێنجەم لە زۆزک و سیدەکانە.

٩. چوار بەتالیۆن لە هێزی تایبەت دابەشکراون لە زۆزک، سیدەکان، ڕواندوز.

١٠. کەتیبەی حەوتەمی تانک لە باڵەکیانە.

١١. کەتیبەی تانک لە هێزی زرێپۆشی حەڤدەیەم لە کانی قوڕ.

١٢. کەتیبەی تانک لە هێزی زرێپۆشی شازدەیەم لە دیانا.

١٣. سریەی سەرانسۆ(استطلاع)ی تانکەکانی فیرقەی هەشتەم لە خەلیفان.

**٢. تۆپخانە**

١. سێ کەتیبەی تۆپخانە لە بێخاڵ لە نێوان ڕواندز و چیای کۆڕەکدا هەن، کە جۆرەکانیان ١٢٢ ملم مەیدان و ٧٥ ملم چیایی و ١٢٠ ملم هاوەنن.

٢. کەتیبەی ١٢٢ ملم کەوان لە باپشتیان، ئەسقەڵا.

٣. کەتیبەی ١٥٢ ملم کەوان لە باڵەکیان.

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥،بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە _ ٢٠٠٤) ل٤٢٣-٤٢٤ .

٤. کەتیبەی ١٢٠ ملم هاوەن لە حامیەی ڕواندز.

٥. کەتیبەی ١٢٢ ملم کەوان لە کاولۆکان.

٦. کەتیبەی ١٣٠ ملم مەیدان لە خەلیفان.

٧. کەتیبەی ٧٥ ملم چیایی لە گوان باشووری زۆزک و ڕۆژهەڵاتی دیانا.

٨. کەتیبەی ١٢٢ ملم لە دێلزیان و گردەکەوانە.

٩. کەتیبەی ١٢٢ ملم کەوان لە سەروچاوەی دیانا.

١٠. بەتەریەکی(بطریـە) ١٥٢ ملـم کـەوان، بەتەریەکـی ١٢٢ ملـم مەیـدان لـە ڕوانـدز.

٣. ناوچـەی هەریـر بـە بـارەگای دواوەی ئـەو هێزانـە دادەنرێـت، چونکـە یەکـەکان بـۆ ئـەوێ دەکێشـنەوە، بـۆ دووبـارە ڕێکخسـتنەوە و حەسـانەوە، هەروەهـا کارگەیەکـی مەیـدان لـە هەریـر هەیـە، بـۆ چاککردنـەوەی ئـەو ئۆتۆمبێـل و تانـک و تۆپانـەی لـە بـەرەکان زیانیـان پـێ دەگات.

٤. ئـەو زانیارییانـەی گەیشـتوون لـە بـارەی زیانـی دوژمـن لەوکاتـەی پێـی ناوەتـە ئەسـتێلی ڕوانـدز ئەمـەی خوارەوەیـە:

١- هێزی سێیەم خەریکە تێکدەشکێ.

٢- تێکشـکاندنی هێـزی بیسـتەم بـە جۆرێـک کـە توانـای هێرشـهێنانی نەمـاوە و ئەرکـی هێزەکـە لەسـەر داکۆکـی لەخۆکـردن وەسـتاوە.

٣- تێکشـکاندنی دوو بەتالیۆنـی هێـزی تایبـەت، کـە بـە تەواوەتـی پەکیـان خـرا و توانـای ئەوەیـان لـە دەسـتداوە کـە هێـرش بکـەن.

٤- زیاتر لە ٦٠ تانک و پتر لە ٢٠٠ ناقیلە تێکشکێنران.

٥- پتر لە ٣٥٠ ئۆتۆمبێلی لۆری و جیێب تێکشکێنران.

٦- تێکشکاندنی زیاتر لە ٤٠ تۆپی جۆراوجۆر.

٧- کۆگەکانی جبەخانە لە باپشتیان و دیانە و گوان تێکوپێک دران.

٨- ژمارەیەکـی زۆر سـەربازی دوژمـن تووشـی نیشـانەی نـۆرە دەمارگیری(نوبـات عصبیـە) هاتـوون لـە ئەنجامـی زیـان و تۆپبارانـی خەسـت.

٩- هێـزی پێنجـەم و هێـزی بیسـت و نۆیـەم، لـە ئەنجامـی تۆپبارانـدا، تووشـی زیانێکـی زۆر هاتـوون، توانـای هێرشـکردنیان لـە دەسـت داوە.

٥. پلانـی دوژمـن ئـەوە بـوو بچێتـە پێـش بـۆ داگیرکردنـی گـەروی بێشـێ و سـەری حەسـەن بـەگ و پێشـکەوتنی بـۆ سـیدەکان بـۆ ڕێگەگرتـن، ئینجـا چوونـە پێـش بـۆ هندرێـن و سـەرچاوەی ئـاوی ڕوانـدز، دوای ئـەوەش پێشـکەوتن لـە بێشـە و بەرزێـوەوە بـە ئاراسـتەی گەڵاڵـە، بـەڵام بەرگـری تونـدی پێشـمەرگە و گەیشـتنی تۆپـەکان، ڕۆڵێکـی گەورەیـان هەبـوو لـە گەیاندنـی ئـەو هەمـوو زیانانـە بـە هێزەکانـی دوژمـن و دوای ئـەوە پـاش پووچەڵبوونـەوەی پلانەکانـی، ناچاریـان کـرد تاکتیکـی خـۆی بگۆڕێـت بـە شـێوەیەک کـە کەوتـە حاڵەتـی بەرگرییەکـی قـورس، دوای ئـەوەی لـە هەوەڵـەوە لـە حاڵەتـی هێرشـکردنێکی خەسـتدا بـوو، زانیارییەکامنـان ئـەوە دووپاتدەکەنـەوە کـە زیانـە گیانییەکانـی دوژمـن لـە بـەرەی ڕوانـدز گەیشـتوونەتە پـتر لـە ٣٥٠٠ کـوژراو و زیاتـر لـە ٥٧٠٠ برینـدار، کـە لـە سـەدا هەشـتایان لـە ئەنجامـی تۆپبـاران بـووە. خـۆ ئامێـرەکان و تانکـەکان ئـەوا زۆربەیـان تۆپخانـە تێکـی شـکاندوون. ئەمـەش هـی ئـەو ماوەیەیـە کـە لـە مانگـی ئابـی ١٩٧٤ دەسـت پـێ دەکات .

٦. پێـش هەفتەیـەک سـەرۆکایەتی ئەرکانـی سـوپا هـەر یـەک لـە سـەعید حەمـۆی فەرمانـدەی سـوپای یەکـەم و عەبدولمونعیـم لەفتـەی فەرمانـدەی فیرقـەی هەشـتەم و ئەفسـەرەکانی ئەرکانـی بانگکـردووە بـۆ بەغـدا، بـۆ تاوتوێکردنـی بارودۆخـی سـوپا. زانیارییـەکان ئـەوە دووپـات دەکەنـەوە کـە ورەی دوژمـن، واتـە سـوپای عێـراق ڕووخـاوە و بێـزاری لـە نێـو ڕیزەکانیـدا زاڵـە، پەنابردنـی دوژمـن بـۆ بۆمبارانـی خەسـتی ئامانجـە مەدەنییـەکان، بـۆ داپۆشـینی شکسـت هێنانییەتـی لـە بـەرەی شـەڕ و تێبینـی هەڵاتنـی زۆر دەکرێـت لـە سـوپا، کاتێـک بـە مۆڵـەت دەگەڕێنـەوە ماڵـەوە لـە ناوەڕاسـت و باشـووری عێـراق و تەنانـەت چەنـد ژمارەیەکیـش ئەفسـەر و سـەرباز گولەبـاران کـراون، یـان حەواڵـەی ئەنجوومەنـی لێکۆڵینـەوەی سـەربازی کـراون لەبـەر ئـەوەی لـە بـەرەی شـەڕ ڕایانکـردووە. هەروەهـا دەستپێشـخەری حکومـەت بـۆ داواکردنـی هێـزی یـەدەگ بـۆ خزمـەت، بەڵگەیـە بـۆ داڕمانـی سـوپاکەی کـە توانـای شـەڕکردنی لـە دەسـت داوە.

## پێکهێنانی دەستەی پیلاندانانی سەربازی[1]

ئەگەر چی لە ڕووی سەربازییەوە دەبووایە پێش دەستپێکردنەوەی شەڕ، واتا هەر لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٤) سەرکردایەتی شۆڕش ئەو دەستەیەی دروست کردبایە، تا لە ڕووی سەربازیەوە زیاتر هەماهەنگی و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی شۆڕش باشتر بووایە، بەڵام ئەو کات دروست نەکرا.

سەرئەنجام لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٩-١٩٧٤/١٢/٣١ ی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، بڕیاردرا بە پێکهێنانی دەستەیەکی پیلاندانانی سەربازی و دواتر بە بڕیاری ژمارە (١٥)ی ڕۆژی ١٩٧٥/١/٤ی مەکتەبی سیاسی بڕیارەکە کەوتە بواری جێبەجێکردن، بڕیارەکەش ئەم بڕگانەی لەخۆ گرتبوو:

١. پێکهێنانی دەستەیەك بۆ دانانی پلانی سەربازی و بڕیاردان لە هەموو کاروبارەکانی سەربازیدا، پێکدێت لە مانەی خوارەوە:
   ١. ئیدریس بارزانی.
   ٢. مەسعود بارزانی.
   ٣. محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان(سامی).
   ٤. عەبدولوەهاب ئەتروشی.
   ٥. ڕەشید سندی.
   ٦. حەمید بەرواری.
٢. ئەم دەستەیە هەموو هەفتەیەك كۆ دەبێتەوە و لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا دانیشتنامەیەك دەنووسرێ، بڕیارەکانی دەستەکەی تێدا دەنووسرێتەوە.
٣. پێویستە دەستەی پیلاندانانی سەربازی داوای دانیشتنامەی ئەو کۆبوونەوانە بکات، کە لە نێوان فەرماندەی هێزەکان و بەتالیۆنەکان دەکرێن، بۆ ئەوەی مانگانە بەرز بکرێنەوە بۆ لێکۆڵینەوەیان لە لایەن دەستە.

---

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە _ ٢٠٠٤) ل١٥٣-١٥٤.

٤. دەستە مانگانە خشتەی ئەرك و كاری هەموو هێز و بەتالیۆنەكان دیاری دەكات و بە نامەی نهێنی دەنێردرێن بۆ فەرماندەی هێزەكان، بەناوی فەرماندەی هێزەوە.

٥. سەرەڕای كۆبوونەوەی سەربازی، دەبێت هەموو مانگێك كۆبوونەوەی هاوبەش بكرێن لەگەڵ بەرپرسە حزبی و سەربازی و بەڕێوەبەرە ئیدارییەكان و بەرپرسی پاراستن لە لقەكان. دانیشتنامەكانی ئەو كۆبوونەوانە بەرزبكرێنەوە بۆ بارەگای بارزانی و مەكتەبی سیاسی و مەكتەبی عەسكەری و ئەمینداریەتی گشتیی و كاروباری ناوخۆ، بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر كەموكووڕیەكاندا.

٦. لە مانگی داهاتووەوە یارمەتی مانگانە بەهەموو تاكێكی هێز دەدرێ، لە ڕێگەی لێژنەیەكەوە كە لە نوێنەری مەكتەبی عەسكەری و نوێنەری لقی حزب و نوێنەری هێزەكە پێكهاتووە بەم جۆرەی خوارەوە:

۱. یارمەتیەكە ڕاستەوخۆ بە خاوەنەكەی دەدرێ لەگەڵ دڵنیابوون لە ناو و تەمەنی، ئاماژە بە كەسی پەككەوتە دەدرێت لە تێبینیەكان.

۲. دڵنیابوون لە میلاكی ئێستای هەموو لق و بەتالیۆنێك و بەراوردكردنیان لەگەڵ لیستە كۆنەكان و بەرزكردنەوەیان بەشێوەی ڕاپۆرت بۆ مەكتەبی عەسكەری، بۆ جێگیركردنی میلاكەكان بەپێی ڕێنمایی.

۳. ڕێكخستنی لیستێك بە ژمارەی چەك و ئەو شتومەكانەی كە هی شۆڕشن و دیاریكردنی هەر جۆرێك لەگەڵ ناوی ئەو كەسەی كە ئێستا بەرپرسە لێی.

٤. بەر لە دابەشكردنی داهاتوو، مەكتەبی عەسكەری بڕیاری جیا جیا دەردەكات بۆ پێكهێنانی ئەو لێژنانە.

٧. دەستەی سەربازی كاری چارەسەركردن و بڕینەوەی گیروگرفتی هێزەكانی پێ سپێردراوە.

٨. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەكرێ.

**مەكتەبی سیاسی**

**پارتی دیموكراتی كوردستان**

## پلانی سەربازیی سوپای عێراق بۆ بەهاری ١٩٧٥[(١)]

حکومەتی عێراق بۆ وەرزی بەهاری ساڵی ١٩٧٥، بەمشێوەی خوارەوە پلانێکی سەربازی دژ بە لەشکری شۆڕشی ئەیلوول داڕشتبوو:

١. چوونە پێشەوە لە ڕێگای سیدەکان و سەری حەسەن بەگ بۆ بڕینی ڕێی سیدەکان بۆ گەمارۆدانی ناوچەی بادینان لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە.

٢. بەردەوامیدان بە پێشڕەوی و هێرش لە بەرەی قەڵادزێ تا سنووری ئێران.

٣. بەردەوامیدان بە پێشڕەوی و هێرش لە بەرەی هەڵەبجە تا سنووری ئێران.

٤. بەردەوامیدان بە پێشڕەوی و هێرش لە بەرەی پێنجوێن تا سنووری ئێران.

٥. دابەشکردن و لێکدابڕاندنی ناوچەکانی کوردستان بەیەکەوە و بۆ گەمارۆدانی سەربازی و ئابووری.

٦. هەوڵ و کۆششی زیاتر بەهەر ڕێگایەك بێت بۆ داگیرکردنی ناوچەی باڵەکایەتی کە بارەگا سەرەکیەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی لێیە.

دووبارە دابەشکردنەوەی سوپای عێراق لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥[(٢)]

سوپای عێراق بارەگای جموجۆڵی باکووری دروستکرد بە سەرکردایەتی فەریق سەعید حەمۆ، لە مانە پێکهاتووە:

١. **تیپی یەکەمی پیادە**، بارەگای پێشەوە لە چەمچەماڵ بوو، بارەگای دواوەی لە دیوانییە بوو، لەم هێزانە پێکهاتبوو.

١. هێزی یەکی پیادە، بارەگای هێز لە چەمچەماڵ.

یەکەم . بەتالیۆنێك لە چەمچەماڵ.

دووەم . بەتالیۆنێك لە سەنگاو.

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم،چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە _ ٢٠٠٤)ل ٤١٨ تا ٤٢٥ .

(٢) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم،چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە _ ٢٠٠٤)ل ٤١٨ تا ٤٢٢ .

سێیەم . بەتالیۆنێك لە دووز.

٢. هێـزی ١٤ ی پیـادە، بـارەگای هێـز و دوو بەتالیـۆن لـە کێـوەڕەش و بەتالیۆنێـك لـە نزیـك پڵنگانە.

٣. هێزی ٢٧ ی پیادە، بارەگای هێزە شوعیبەیە لەگەڵ بەتالیۆنێك.

یەکەم . بەتالیۆنێك لە بلجانییە.

دووەم . بەتالیۆنێك لە سیبە.

**٢. تیپی دووەمی پیادە**، بارەگاکای لە کەرکووکە.

١. هێزی ٢ی پیادە، لە ماکۆك.

٢. هێزی ٤ی پیادە.

یەکەم . بەتالیۆنێك لە ڕانییە.

دووەم . بـارەگای هێـز و دوو بەتالیـۆن لـە کەرکووکـە بـۆ دووبـارە ڕێکخسـتنەوە و مەشــق.

٣. هێزی ٣٦ی پیادە.

یەکەم . بارەگای هێز لە سۆسێیە لەگەڵ بەتالیۆنێك.

دووەم . بەتالیۆنێك لە ئەزمەڕ.

سێیەم . بەتالیۆنێك لە دوکان.

**٣. تیپی سێیەمی زریپۆش**، بارەگاکەی لە تکریت.

١. هێزی ٦ ی زریپۆش، لە ناوچەی ڕانییە و قەڵادزێ.

٢. هێزی ٨ی میکانیکی، لە هەولێر.

٣. هێزی ١٢ی زریپۆش، لە ناوچەی خانەقین.

**٤. تیپی چوارەمی پیادە**، بارەگاکەی لە موسڵە.

١. هێـزی ٥ی پیـادە لـە زۆزك، بارەگـەی هیـز لەگـەڵ دوو بەتالیـۆن لـە موسـڵن بـۆ دووبـارە ڕێکخسـتنەوە و مەشـق.

٢. هێزی ١٨ی پیادە.

یەکەم . بارەگاکەی لە دهۆکە لەگەڵ بەتالیۆنێك.

دووەم . بەتالیۆنێك لە زاخۆ.

سێیەم . بەتالیۆنێك لە شێخان.

٣. هێـزی ٢٩ی پیـادە، بـارەگای هێـز و دوو بەتالیـۆن لـە موسـڵە بـۆ ڕێکخسـتنەوە و مەشـق، بەتالیۆنێـك لـە چیـای سـەفین.

**٥. تیپی پێنجەم،** بارەگاکەی لە بەسڕایە.

١. هێزی ١٩ی میکانیکی.

یەکەم . بارەگای هێز و دوو بەتالیۆن لە ناوچەی ڕواندز.

دووەم . بەتالیۆنێك لە بەسڕا.

٢. هێزی ٢٠ی میکانیکی.

یەکەم . بارەگای هێز لەگەڵ دوو بەتالیۆن لە هەریر.

دووەم . بەتالیۆنێك لە ڕواندز.

١. هێزی ٢٧ی میکانیکی.

یەکەم . بارەگای هێز لەگەڵ بەتالیۆنێك لە چەمچەماڵ.

دووەم . بەتالیۆنێك لە سەنگاو.

سێیەم . بەتالیۆنێك لە بازیان.

**٦. تیپی شەشەمی زرێپۆش،** بارەگاکەی لە جەلەولایە.

١. هێزی ١٦ی زرێپۆش لە نێوان خانەقین و دەربەندیخان.

٢. هێزی ٣٠ی زرێپۆش لە سلێمانی و قەرەداغ و دەربەندیخان.

٣. هێزی ٢٥ی میکانیکی.

یەکەم . بارەگای هێز لەگەڵ بەتالیۆنێك لە دەربەندیخانن.

دووەم . بەتالیۆنێك لە عەربەتە.

سێیەم . بەتالیۆنێك لە سلێمانییە.

**٧. تیپی هەشتەمی پیادە،** بارەگاکەی لە هەولێرە.

١. هێــزی ٣ی پیــادە، لــە هەولێــرە بــۆ ڕێکخســتنەوە و مەشــق، بەتالیۆنێــك لــە گــەروی عومــەر ئاغایــە.

٢. هێزی ٢ی پیادە لە کۆڕەکە.

٣. هێــزی ٢٣ی پیــادە، بــارەگای هێــز لــە ســپیلکە لەگــەڵ دوو بەتالیــۆن و بەتالیۆنێــك لــە شــەقڵاوە.

**٨. تیپی دەیەمی زرێپۆش**، بارەگاکەی لە بەغدایە.

١. هێزی ١٠ی زرێپۆش لە ناوچەی ڕواندزە.

٢. هێزی ١٧ی زرێپۆش لە کەرکووکە.

٣. هێزی ٢٤ی میکانیکی.

یەکەم . بارەگای هێز و بەتالیۆنێك لە سوێرەیە.

دووەم . بەتالیۆنیك لە ڕانیەیە.

سێیەم . بەتالیۆنێك لە دەربەندی ڕانیەیە.

**٩. هێزە یەدەگەکان.**

١. هێزێك لە سلێمانییە.

٢. هێزێك لە هەولێرە.

٣. هێزێك لە دەشتی هەولێرە.

٤. هێزێك لە کۆیە و هەیبەت سوڵتانە.

٥. هێزێك لە دهۆك.

٦. هێزێك لە موسڵ و شێخان.

٧. هێزێك لە ئاکرێ و ناوچەی سوورچیانە.

٨. هێزێك لە سپیلکە.

٩. هێزێك لە ڕانیە و قەڵادزێ و سەروچاوە.

١٠. هێزێك لە خانەقینە.

**١٠. هێزەکانی پۆلیس.**

١. هێزێك لە هەولێرە.

٢. هێزێك لە سلێمانییە.

٣. هێزێك لە کەرکووکە.

٤. هێزێك لە موسڵە.

٥. هێزێك لە هەریرە.

٦. هێزێك لە دامەزراواکانی نەوتی کەندیناوە.

٧. هێزێك لە دامەزراوەکانی نەوت لە کەرکووک و جەمبور.

**١١. هێزە تایبەتیەکان.**

١. بەتالیۆنێك لە قلیاسانە.

٢. بەتالیۆنێك لە زۆزك.

٣. بەتالیۆنێك لە دیانە.

٤. بەتالیۆنێك لە دۆڵەڕەقە.

٥. بەتالیۆنێك لە سیدەکان و سەرتیزە.

٦. بارەگای هێز لە دیانەیە.

**١٢. هێزی ئاسمانی.**

١. پۆلی یەکەم، سیخۆی ٢٠، لە بنکەی ئاسمانی کەرکووک.

٢. پۆلی دووەم، هەلیکۆپتەری می ٨، لە باڵەفڕخانەی (K١) کەی وەن لە کەرکووک.

٣. پۆلی سێیەم، گواستنەوە، لە باڵەفڕخانەی موسەنا لە بەغدا.

٤. پۆلی چوارەم، هەلیکۆپتەری ویسکس، لە بنکەی ئاسمانی کەرکووک.

٥. پۆلی پێنجەم، سیخۆی ٧، لە بنکەی ئاسمانی کەرکووک.

٦. پۆلی شەشەم، هەنتەر، لە بنکەی ئاسمانی کەرکووک.

٧. پۆلی حەوتەم، میك ١٧، لە بنکەی ئاسمانی موسڵ.

٨. پۆلـی هەشـتەم، سـیخۆی ٢٠، لـە بنکـەی ئاسـمانی کـوت، ڕەوە فڕۆکەیـەك لـە بنکـەی ئاسـمانی کەرکووک.

٩. پۆلی نۆیەم، میك ٢١، لە بنکەی ئاسمانی کەرکووک.

١٠. پۆلی دەیەم، ئیلیووشن - باجەر ١٦، لە باڵەفڕخانەی هەزەبە.

١١. پۆلی یازدەم، میك ٢٣، لە باڵەفڕخانەی هەزەبە.

١٢. پۆلـی دووازدەم، هەلیکۆپتـەری مـی ٨، لـە باڵەفڕخانـەی (K1) کـەی وەن لـە کەرکـووک.

١٣. پۆلی چواردەم، میك ٢١، لە بنکەی ئاسمانیی بەغدا.

١٤. پۆلی پازدەم، هەلیکۆپتەری می ٨، لە بنکەی ئاسمانیی بەغدا.

١٥. پۆلی شازدەم، هەلیکۆپتەری می ٨، لە بنکەی ئاسمانیی شوعەیبە.

١٦. پۆلی حەڤدەم، میك ٢١، لە بنکەی ئاسمانیی بەغدا.

١٧. پۆلی هەژدەم . تۆپۆلیڤ ٢٢، لە باڵەفڕخانەی هەزەبە.

١٨. پۆلی بیست و دوو، هەلیکۆپتەر، لە سەربازگەی تاجی.

١٩. پۆلی بیست و چوار، هەلیکۆپتەری می ٦، لە بنکەی ئاسمانی کەرکووک.

٢٠. پۆلی سی، هەلیکۆپتەری ئەلویت، لە باڵەفڕخانەی موسەنا لە بەغدا.

## دوو نامەی ئیدریس بارزانی بۆ مەسعود بارزانی

دوای ئـەوەی لـە وەرزی زسـتان سـوپای عێـراق نەیتوانی بـەردەوام بێت لە پێشـڕەوی و هێرشـەکانی بـۆ داگیرکردنـی خاکـی کوردسـتان و کۆتاییهێنـان بـە شۆڕشـی ئەیلـوول، بـەڵام بـە فڕۆکەکانـی هێـزی ئاسـمانی و تۆپخانەکانـی، بـەردەوام بـوو لـە بۆردومانـی سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە لـە سەرتاسـەری بەرەکانـی شـەڕ، تـا لـە سـەرەتای مانگـی ٣ی ١٩٧٥ پلانیـان دانـا بـۆ دووبـارە دەسـتکردنەوە بـە هێرشـکردن لـە ڕۆژانـی ٦و١٩٧٥/٣/٧ بـۆ زۆربـەی شـوێنەکان وەك (سـەرتیز، ناورۆیـن، بەرزێـوە، کۆتایـی چیـای زۆزك) و چیـای هندرێـن، پێـش ئـەوەی سـوپای عێـراق دەسـت بـە هێرشـکردن بـکات، ئیدریـس بارزانـی نامەیـەك بـۆ مـلازم یونـس ڕۆژبەیانـی دەنێرێـت و فەرمانـی پێـدەکات، کـە نابێـت سـوپای عێـراق لـەو شـوێنانەی داگیـری کـردووە، زیاتـر بێتـە پێشـەوە و ئیـتر پێشـمەرگە لـە ئامادەباشـیدا دەبێـت بـۆ هـەر ڕووبەڕووبونەوەیـەك، کاتێـک سـوپای عێـراق دەسـتدەکات بـە هێرشـەکانی بـۆ ئـەو شـوێنانە، فەرماندەکانـی پێشـمەرگە داوا لـە تۆپخانـەی ئێرانـی دەکـەن کـە ئـەو شـوێنانە تۆپبـاران بکـەن، بـەڵام کەتیبـەی تۆپخانـەی ئێرانـی پاشەکشـەی کـردووە بـۆ نـاو خاکـی ئێـران[1]، چونکـە ڕێککەوتنـی جەزاییـر بەسـتراوە لـە نێـوان عێـراق و ئێـران، بـە گوێـرەی ئـەو ڕێککەوتنـە ئێـران هیـچ هاوکاریـەکی شـۆڕش نـاکات، دوای ئـەوە پێشـمەرگە بـە توانـای خـۆی توانـی ڕووبـەڕووی سـوپای عێـراق ببێتـەوە و ڕێـگا نـەدات زیاتـر خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان داگیـر بکـەن و لەهەمـان کاتـدا ئیدریـس بارزانـی بـە دوو نامـەی جیـا، مەسـعود بارزانـی ئـاگاداری دەکاتـەوە بـە دواییـن هەڵوێسـت لـە بـارەی بەرەکانـی شـەڕ، ئـەوە دەقـی دوو نامەکـەی ئیدریـس بارزانیـە:

**برای ئازیزم مەسعود بارزانی بەڕێز**

سڵاو و ڕەحمەت و بەرەکاتی خودا لە ئێوە و ئێمە

نامەکەتانـم بـە مێـژووی ١٩٧٥/٣/٧ وەرگـرت و پێـش گەیشـتنی، نامەیەکـی نیمچـە دوور و درێـژم بەدەسـتی ئەحمـەد حاجیـدا بـۆ ناردبـوون، بـەڵام مسـتۆ لێـی وەرگرتبـوو لـە خانـە و نامەکـەی سـەرەوەتامی بـۆ هێنـام، تکایـە ئـاگاداری لـەوە

---

(١) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بەڕێـز یونـس محەمەدسـەلیم، نـاسراو بـە مـلازم یونـس ڕۆژبەیانـی لـە هەولێـر لـە ڕێکـەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨ .

پەیـدا بکـە کـە بـۆم نـاردووی.

دەڵێن زیانەکانی گەڵالە (٤٥) برینداری و برینەکانیان سەخت نییە.


شـەڕ لـە بـەرەدا تونـدە و هیـچ شـتێکی تازەمـان لـە بـارەی سـەرکەوتنی دوژمنـەوە پـێ نەگەیشـتووە.

هەرچەنـدە ئەمـڕۆ بارودۆخەکـە سـەبارەت بـە ئێمـە گـران و ناخۆشـە، بـەڵام (لا حـول ولا قـوة الا باللـه العلـی العظیـم) دەتوانیـت سـبەینێ بگەڕێیتـەوە و ئەگـەر کـرا، داوا لـە زەکـی بکەیـت تـا بـە ڕەشـید سـندی و عەبدولوەهـاب ئەتروشـی و ئەوانـی تـر لـە بەرپرسـەکانمان ڕابگەیەنـێ کـە دەسـبەجێ بگەڕێنـەوە کوردسـتان.

ئیدی هەر لە پەنای خوادا بمێنن و پارێزراو بن.

برات: ئیدریس بارزانی

١٩٧٥/٣/٧


أخي العزيز مسعود البارزاني المحترم
السلام عليكم وعلينا ورحمة الله وبركاته
استلمت رسالتكم المؤرخة في ٧/٢/٧٥ وقبل وصولها
كنت قد ارسلت لكم رسالة جوابية مفصلة بيد أحمد حاجي
وكاكه مصطفى استلمها منه في طائرة وجاء عندي برسالتكم
أعلاه. يرجى الاطلاع على ما أرسلته لكم.
هنا الحالة يقال أن (٤٥) شخص قد جرحوا
وان جروحهم غير خطيرة.
القتال مستمر في الجبهة بشدة — لم يصلنا شيء
جديد عن انتصار العدو.
رغم ان الظروف صعبة وعصيبة اليوم بالنسبة لنا
والله لا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم ويمكنك
العودة غداً وإذا أمكنه الطلب من زكي لأخبار
رشيد السندي وعبدالوهاب وغيره من مسؤولينا بالعودة
فوراً الى كردستان.
هذا ودمتم في حفظ الله محروسين أخوك
ادريس البارزاني
٧/٢/٧٥

**برای ئازیز مەسعود بارزانی هێژا**

السلام عليكم و رحمة الله و بركاته

چاوی بچووکەکان ماچ دەکەم و سڵاو لە هەمووان دەکەم، هیوام وایە کە لە خۆشیدا بن و چاک بن.

دوا بە دوای ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان شای ئێران و سەدام ڕوویدا، سەر لەبەیانی ئەمڕۆ هەستاین، دیتمان هەموو تۆپە دژە ئاسمانییەکان دەکێشرێنەوە بۆ خانە، لێم پرسین، گوتیان: ئەوان هیچ نازانن، ڕەنگە بیانگۆڕن، بەڵام ئەمە درۆیە. لە محێدینیشم پرسی، ئەو هیچ زانیارییەکی نەبوو.

دەوروبەری کاتژمێر یازدە، تیمسار مهام هات و گوتی فەرمانی بۆ دەرچووە کە تۆپەکان بکێشنەوە، یەکەم هاوەنەکان و ١٥٥ ملم، دوایی ١٣٠ ملم، بەڵام ئێستا کاتژمێر سێ و نیوە دەبینین هەموو تۆپەکان دەکێشرێنەوە و دەبرێنەوە خانە.

بروسکەنامەم بۆ باوکم و بۆ ناوەندەکەیان ناردووە لە ڕێگەی محێدینەوە، داوامان لێ کردوون هۆی ئەو گۆڕانە لە پڕە ڕوون بکەنەوە.

تیمسار مهام پێی گوتم کە سەیادیان پێی ڕاگەیاندووە ئەوەم بۆ دووپات بکاتەوە کە ئەوان ئێمە لە مەیدانەکەدا بە تەنیا ناهێڵن، گوتم کشانەوە بەم شێوەیە پێچەوانەی بنەمای جێ نەهێشتنمانە لە مەیدانەکەدا و داخی زۆری خۆمم بۆ دەربڕی و پێم گوتن ئەگەر ژیانێکی کەرامەتمەندمان وەگیر نەکەوت دەکرێ مەرگ بە شەرەفمەندانە قبووڵ بکەین.

سەر لەبەیانی ئەمڕۆ دوژمن هێرشی کرد بۆ سەرتیز و ناوڕۆیین و کۆتایی زۆزک و بەرزێوە و هەندرێن و ئێستا شەڕێکی قورس لە نێوان هێزەکانی ئێمە و هێزەکانی دوژمن لە گەڕدایە و، فەرمان هەر بۆ خوایە، بەرگریمان لە بەرزێوە کزە و هێزی تانکەکان پێش کەوتوون تا خەلەکان و مەفرەزەکانی مووشەکەکانمان ناردووە و هەر خوا پشتیوانە. ئەوە بوو ئەوەی ویستمان پێتانی ڕابگەیەنین و (لا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم) هەر لە پەنای خوادا بمێنن و پارێزراو بن.

باوکم دەڵێت هیچ زانیارییەکی نییە ئەوە نەبێت کە لە ڕادیۆ گوێی لێ بووە و، دەڵێ کەوا خوا خۆی چاکە و پێویست بە نیگەرانی ناکات، بەڵام من پێش

ئـەوەی ئـەو بروسـکەنامەی ئێمـە لـە بـارەی ئـەو گۆڕانکارییانـەی سـەرەوە بەدەسـت گەیشـتبێت، بروسـکەنامەکەی ئــەوم وەرگـرت.

برات

ئیدریس بارزانی

٧٥/٣/٧

أخي العزيز مسعود البارزاني المحترم

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

أقبل عيون الصغار وأسلم على الجميع - أرجو من الله أن تكونوا بخير.

على أثر الاتفاق الذي حصل بين شاه إيران وصدام حتى صباح اليوم رأينا الطائرات مدافع ضد الجو تنسحب الى خانة وقد استفسرت منهم فقالوا أنهم لا يعرفون وربما يتم تبديلهم وكلفت الدكتور سألت محي الدين فلم يكن لديه معلومات —

حوالي الساعة الحادية عشرة صباحاً تلفن لي (مرحاً) وقال بأنه صدرت اليهم الأوامر بسحب المدفعية أولاً الهاونات و ١٥٥ ملم ثم ١٣٠ ملم ولكن الآن الساعة الثالثة والنصف ظهراً جميع أنواع المدافع تنسحب وتذهب الى خانة

أرسلنا برقيات للوالد والى مراكزهم عن طريق محي الدين طلبنا منهم توضيح لهذا التبدل المفاجئ

قال لي (مرحاً) بأن صياديان أخبره بأن يؤكد لي بأنهم سوف لن يتركونا لوحدنا في الميدان - قلت له إن الانسحاب بهذا الشكل يخالف مبدأ عدم تركنا لوحدنا في الميدان وأعربت له عن أسفي البالغ. وقلت لهم بأننا إذا لم نحصل على حماية كبيرة فيمكن قبول الموت بشرف.

هاجم العدو صباح اليوم سرتيز وناوپردان ومنطقة زوزك وبرزيوه والهندرين ويدور الآن قتال عنيف بين قواتنا وقوات العدو على طول الجبهة.

لم نسمع عن انتصارات للعدو لحد الآن ولكن لعدم وجود إسناد المدفعية أخشى من سقوط بعض المواقع بيد العدو والله الأعلم - مقاومتنا في برزيوه ضعيفة وقد تقدمت قوات الدبابات حتى خلكان وقد أرسلنا طائرات الصواريخ والله المستعان.

هذا ما رأينا من الضروري إخباركم به ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم ودمتم في حفظه تعالى محروسين

المخلص
إدريس البارزاني
٧/٣/٧٥

يقول الوالد بأنه ليست لديه معلومات حول ما تم من الاتفاق ويقول بأنه تخيل ولا داعي للقلق ولكنه استلمت برقيته قبل أن يستلم هو برقيتنا بخصوص التطورات أعلاه

## زیانەکانی سوپای عێراق لە ١٩٧٤/٣/١١ تا ١٩٧٥/٣/١١[1]

| ز | یەکە | کوژراو | بریندار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هێزی ١ ی میکانیکی | 330 | 480 | ٦٥٪ی ئامێرەکانی تێکشکان |
| 2 | هێزی ٢ ی پیادە | 380 | 590 | |
| 3 | هێزی ٣ ی پیادە | 660 | 900 | |
| 4 | هێزی ٤ ی پیادە | 600 | 800 | |
| 5 | هێزی ٥ ی پیادە | 620 | 870 | |
| 6 | هێزی ٦ ی زرێپۆش | 170 | 140 | ٤٠ تانك تێکشکێنرا |
| 7 | هێزی ٨ ی میکانیکی | 435 | 560 | ٧٥٪ی ئامێرەکانی تێکشکان |
| 8 | هێزی ١٤ی پیادە | 270 | 345 | |
| 9 | بەتالیۆنی لە هێزی١٤ | 85 | 120 | |
| 10 | هێزی ١٦ ی زرێپۆش | 140 | 280 | ٤٥ تانك تێکشکێنرا |
| 11 | هێزی ١٧ ی زرێپۆش | 35 | 90 | ٣٥ تانك تێکشکێنرا |
| 12 | هێزی ١٨ ی پیادە | 300 | 490 | |
| 13 | هێزی ١٩ ی پیادە | 200 | 350 | |
| 14 | هێزی ٢٠ ی پیادە | 550 | 850 | |
| 15 | هێزی ٢٢ ی پیادە | 350 | 530 | |
| 16 | هێزی ٢٣ ی پیادە | 280 | 390 | |
| 17 | هێزی ٢٤ ی میکانیکی | 270 | 480 | ٣٥٪ی ئامێرەکانی تێکشکان |
| 18 | هێزی ٢٥ ی میکانیکی | 180 | 230 | ٢٥٪ی ئامێرەکانی تێکشکان |
| 19 | هێزی ٢٧ ی پیادە | 360 | 450 | |

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە _ ٢٠٠٤) ل ٤٢٦- ٤٢٧ .

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 20 | هێزی ٢٩ ی پیادە | 290 | 470 | |
| 21 | هێزی ٣٠ ی زرێپۆش | 130 | 270 | ٤٥ تانك تێکشکێنرا |
| 22 | هێزی ٢٦ ی پیادە | 170 | 385 | |
| 23 | هێزی ٣٨ ی پیادە | 165 | 280 | |
| 24 | هێزی تایبەت | 700 | 1190 | لە پێنج بەتالیۆن پێك هاتووە |
| 25 | هێزی مغاویر | 1000 | 1700 | زیانی سەرجەم تیپەکان |
| 26 | هێزی یەدەگەکان | 2000 | 4000 | سوپای عێراق ١٠ هێزی یەدەگی هەبوو |
| 27 | هێزی ئاسمانی | 9 | | ٦ فڕۆکەی جۆراوجۆر |
| 28 | دیل | | | ٢٣٠ کەس |

**زیانەکانی هێزەکانی شۆڕش**(١)

| | | |
|---|---|---|
| 1 | شەهید | 1535 |
| 2 | بریندار | 2360 |
| 3 | دۆشکا | 9 |
| 4 | دژە ئاسمانی ٣٠ ملیم | 2 |
| 5 | ڕەشاش | 28 |
| 6 | چەکی سووك | 985 |
| 7 | هاوەنی ١٢٠ ملیم | 4 |
| 8 | هاوەنی ٨٢ | 7 |
| 9 | ئار بی جی RPG | 23 |
| 10 | بی ١٠ / B١٠ | 11 |
| 11 | تۆپی ١٠٦ ملیم | 5 |

**دەسکەوتەکانی شۆڕش**(٢)

| ز | جۆری چەك | ژمارەیان |
|---|---|---|

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە _ ٢٠٠٤) ل ٤٢٧ .

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٤٢٨ .

| | | |
|---|---|---|
| 1 | چەکی سووك | 1879 |
| 2 | ئامێری بێتەل | 75 |
| 3 | ڕەشاش | 82 |
| 4 | هاوەن | 43 |
| 5 | تۆپی ١٠٦ ملیم و بی ١٠ | 35 |
| 6 | ئار بی جی | 97 |

## هۆکاری شکستی سوپای عێراق بەرانبەر شۆڕشی ئەیلوول

١. سرووشـتی چیایـی ناوچـەی کوردسـتان، دابەشـبوونی پێشـمەرگە لـەو ناوچانـەدا، هێـزی سـوپای عێـراق لەگـەڵ هەبوونـی کەرەسـتە و جبەخانـەی پێشـکەوتوو، کاریگەریـی ئەوتـۆی نەبـوو، فڕۆکـەکان هەرچەنـدە لـە بۆمبارانکردنـی شـار و شـوێنە نیشـتەجێبووەکاندا بـێ بەزەییانـە ڕەفتاریـان دەکـرد، بـەڵام لـە ناوچـە چیاییەکانـدا کاریگەرییـان نەبـوو.

٢. سـوپای عێـراق کـە زۆربەیـان خەڵکـی باشـوور بـوون، ئاشـنای کەشـوهەوا و سرووشـتی ناوچەکـە نەبـوون، جیـا لەوانـەش لـە ڕووی جووڵـە و لێهاتوویـی بـۆ شـەڕ لەگـەڵ پێشـمەرگە بـەراورد نەدەکـران، بۆیـە هـەر پێشـمەرگەیەك بـە ئەنـدازەی زیاتـر لـە ٢٠ سـەربازی عێراقـی بەتواناتـر بـوو.

٣. زیانەکانـی سـوپای عێـراق لـە مـاوەی ساڵێکی شـەڕ، زۆر لـەوە زیاتـر بـوو لـەوەی سـوپا و حزبـی بەعـس پێشـبینیان کردبـوو، تـا دواتـر سـەدام حوسـێن خـۆی دانـی نابـوو بـەوەی کـە ناچـار بـووە لەگـەڵ شـا بگەنـە ڕێککەوتـن، تـا شۆڕشـی ئەیلـوول کۆتایـی پـێ بێـت.

٤. جگـە لـە زیانـی گیانـی، لـە ڕووی ئابوورییـەوە ئەگـەر چـی نرخـی نـەوت بـەرز ببـووەوە، بـەڵام خەرجیەکانـی سـوپا زۆر زیاتـر بـوو، ئـەو زیانـە سـەربازیانەی وەك چـەك و تەقەمەنـی و تانـك و فڕۆکـە و کەلوپەلـی سـەبازی بـە گشـتی کاریگـەری زۆری لەسـەر ژێرخانـی ئابـووری عێـراق کردبـوو.

٥. پاڵنـەری شـەڕکردن، کـە گرنگتریـن هـۆکاری گیانبەخشـینە، لای سـەربازانی سـوپایی عێراقـی لەئـارادا نەبـوو، کەچـی ئـەم پاڵنـەرە لای پێشـمەرگەکان کـە لەبـەر ڕزگاربـوون لـە سـتەم و جیـاکاری چەکیـان هەڵگرتبـوو، بـە ورەیەکـی بـەرزەوە بەشـداری شـەڕەکانیان دەکـرد.

٦. ئەگـەر چـی سـوپای عێـراق هەندێـک شـوێنی داگیرکـرد، بـەڵام زۆربەی هێرشـەکانی سـوپای عێـراق کـە ئەنجامیـان دەدا بـە زیانێکـی زۆر تـەواو دەبـوو، هەندێـک جاریـش نەیاندەتوانـی بگـەن بـە ئامانجەکانیـان و دەشـکان.

٧. فەرماندەکانـی پێشـمەرگە ئەگـەر چـی زۆربەیـان دەرچـووی هیـچ قوتابخانـە و کۆلێژێکـی سـەربازی نەبـوون، بـەڵام ئەزمـونی سـاڵانی ڕابردوویـان زانیـاری ئـەوەی پێدابـوون، بتوانـن ڕووبـەڕووی هێرشـەکانی سـوپای عێـراق ببنـەوە.

٨. بەهـۆی کراوەیـی سـنوورەکانی ئێـران بـە ڕووی شۆڕشـی ئەیلوولـدا، هێزەکانـی عێـراق نەیاندەتوانـی بیانخەنـە تەڵـەوە، ئـەو پێشـمەرگانە هـەر کاتێـک فشـاریان بخرابایەسـەر، لـە سـنوور دەپەڕینـەوە و لەنـاو خاکـی ئێرانـەوە خۆیـان بـۆ هێرشـکردنی دووبـارە سـاز دەکـردەوە.

٩. دوای ئـەوەی کەتیبەیـەك لـە تۆپخانـەی ئێرانـی و چەکـی دژە ئاسـمانی هاتـن بـۆ هـاوکاری شـۆڕش و شـۆڕش چەکـی دژە تانکـی بـە دەسـت گەیشـت، سـنوورێك دانـرا بـۆ هێرشـەکانی سـوپای عێـراق بـە هـۆی ئـەو زیانانـەی بەریکـەوت.

١٠. سـەرباری ئـەوەی یەکێتـی سـۆڤیەت بـەردەوام بـوو لـە فرۆشـتن و پێدانـی چـەك بـە عێـراق و ڕاوێژکارەکانیـان بـەردەوام یارمەتـی سـوپای عێراقیـان دەدا لـە پلانەکانـی شـەڕ، بـەڵام پێداویسـتی ئـەو شـەڕە لـەوە گەورەتـر بـوو.

١١. ئەحمـەد حەسـەن بەکـر و سـەدام حوسـێن و سـەرکردەکانی تـری حزبـی بەعـس، گەیشـتنە ئـەو بڕوایـەی بەردەوامـی شـەڕ بـەو شـێوەیە سـوپای عێـراق لـە نـاو دەچێـت، بـە تایبەتـی ئەگـەر پێشـمەرگە خـۆی ڕێکبخاتـەوە و چەکـی زیاتـر و باشـتری بـە دەسـت بـگات.

١٢. لـە مانگـی ١٩٧٥/٢ سـەرکردایەتی حزبـی بەعـس گەیشـتنە ئـەوەی لەگـەڵ شـای ئێـران ڕێکبکـەون و بـە داواکاریەکانـی ڕازی بـن بەرانبـەر بـەوەی دەسـت هەڵبگـرێ لـە یارمەتیەکانـی بـۆ شۆڕشـی ئەیلـوول.

١٣. بـۆ ئـەوەی ورەی سـەربازانی سـوپای عێـراق نەشـکێت، حزبـی بەعـس لـە ڕێـگای ڕێکخسـتنەکانیان لـە نـاو سـوپا ئەوەیـان بڵاوکـردەوە، کـە لەگـەڵ شـای ئێـران ڕێکبکـەون باشـترە نـەك زیانـی گیانـی و مـاددی زیاتـر بـدەن.

## نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و گەلەکۆمەکی نێودەوڵەتی

لـە سـەرەتا سـاڵی ١٩٧٥ بـە هـاوکاری نووسـینگەی پاراسـتنی بەرژەوەندیەکانـی ئەمریـکا لـە بەغـدا، چەندیـن جـار هـەوڵ درا بـۆ لێکنزیـك بوونـەوە و کۆتاییهاتنـی کێشـەکانی نێـوان عێـراق و ئێـران، بـەڵام بـێ ئەنجـام بـوون، چونکـە ئێـران داوای شـەتوول عەرەبـی دەکـرد، بـەڵام عێـراق بـەو داوایـەی ڕازی نەدەبـوو.

لـە مـاوەی شـەڕی سـاڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ زۆر لەوڵاتـان و سـەرکردەکانی ئـەو وڵاتانـە بـە ڕاستەوخۆ و ناڕاستوخۆ هەوڵـی لێکنزیـك بوونـەوەی عێـراق و ئێرانیـان دەدا. جـاك شـیراك کـە ئـەو کات سـەرۆك وەزیرانـی فەڕەنسـا بـوو بـە هـۆی نزیکـی لـە سـەدام حوسـێن و شـا، زۆر هەوڵـی ئـەو نزیکبوونـەوەی دەدا، وڵاتانـی عـەرەبی زۆربەیـان ڕۆڵیـان هەبـوو لـەو نزیکبوونـەوە و ڕێککەوتنـەی نێـوان عێـراق و ئێـران.

تـا مانگـی شـوباتی ١٩٧٥ شـای ئێران بـەردەوام بـوو لـە هـاوکاری شۆڕشـی ئەیلوول، بـەڵام لـە کۆتایـی هەمـان مانـگ و سـەرەتای مانگـی ئـادار، لەبـەر لاوازی سـوپا و حکوومەتـی عێراقـی، بـۆ شـا ڕوون بوویـەوە کـە ئێسـتا کاتـی ڕێککەوتنـە لەگـەڵ عێـراق، ئەگـەر چـی لـە مانگـی ١ی ١٩٧٥ سـەرۆکی لیبیـا موعەمـر قەزافـی لـە کۆنگـرەی (لاوانـی نـاسری) کـە مـام جـەلال ئامـادە ببـوو، موعەمـر قەزافـی ئـاگاداری کردبوویـەوە لـەوەی وەزیـری دەرەوەی عێـراق سـەعدون حەمـادی و وەزیـری دەرەوەی ئێـران خەلعـەت بـەری لـە ئەسـتەنبۆل یەکـتر دەبینـن و پێکهاتنیـان زۆر نزیکـە[1]. نێوەندگیـری و ناوبژیوانـی نێـوان هـەردوولا زۆر بـوون لـە سـەرووی هەموویانـەوە بـە ئامادەبوونـی هێـنری کیسـنجەر[2] وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا و سـەرۆك کۆمـاری جەزاییـر هـواری بومدیـەن[3].

---

(١) سـەلاح ڕەشـید، مـام جـەلال دیـداری تەمـەن لـە لاوێتییـەوە تـا کۆشـکی کۆمـاری، چاپـی چـوارەم ( سـلێمانی _ ناوەنـدی ڕۆشـنبیری ئەدیبـان _ ٢٠١٩) ل ٤٠٦-٤٠٧ .

(٢) هێـنری کیسـنجەر:- نـاوی تـەواوی (هێـنری ئەلفریـد کیسـجەر)ە لـە ١٩٢٣/٥/٢٧ لـە ئەڵمانیـا لـە دایـك بـووە، بـە ڕەچەڵـەك جوولەکەیـە، لـە سـاڵی ١٩٣٨ لـە ترسـی نازیـەکان ئەڵمانیـا جێهێشـتووە و چـووە بـۆ ئەمریـکا، پەیوەنـدی کـردووە بـە پەیمانـگای جـۆرج واشـنتۆن و لـە سـاڵی ١٩٤٨ مافـی هاووڵاتـی بوونـی ئەمریـکای وەرگرتـووە و چووەتـە ڕیزەکانـی سـوپای ئەمریـکا، لـە سـاڵانی ١٩٧٣ تـا ١٩٧٧ وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا بـووە، لـە ڕێککەوتنـی نێـوان شـا و سـەدام بـە هـاوکاری سـەرۆکی جەزاییـر ڕۆڵـی بـاڵای هەبـوو، تـا ئێسـتا چەندیـن کتێبـی بـە چـاپ گەیانـدووە.

(٣) هـواری بومدیـەن:- نـاوی تـەواوی هـواری مەحمـەد ئیبراهیـم لـە ١٩٣٢/٨/٢٣ لـە دایـك بـووە،

لە ١٩٧٥/٣/٧ سوپای ئێران هەموو ئەو چەکە قورسانەی لە کوردستان بوو، پاشەکشەی پێ کرد بۆ ناو خاکی ئێران و لە هەمان ڕۆژ ئەو چەند ڕاوێژکارە ئیسرائیلیە کە لە کوردستان بوون، ئەوانیش گەڕانەوە بۆ تاران، لەو کاتە مستەفا بارزانی بە هۆی نەخۆشی لە تاران بوو.

لە ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٨ جەنەراڵ نیعمەت نەسیری سەرۆکی ساواك چووە لای مستەفا بارزانی، بە ڕوویەکی خەمناکەوە بە مستەفا بارزانی گوت کە ئیتر بە فەرمانی شا هەموو هاوکاریەکان و سنوور بە ڕووی ئێوە و شۆڕشی ئەیلوول دادەخرێت[1].

لە ١٩٧٥/٣/٩ دوای ئەو دیدارە مستەفا بارزانی بە موحسین دزەیی کە یاوەری مستەفا بارزانی بوو، پێی ڕاگەیاند کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و ئەو خاڵانە بە سەرکردایەتی شۆڕش ڕابگەینێت.

١. لە ١٩٧٥/٤/٦ سنووری ئێران _ عێراق دادەخرێت بە ڕووی کورد.

٢. چەکدارەکان و هاوڵاتیانی کورد ئەوانەی لە ناو خاکی ئێرانن سێ ڕێگایان لە بەردەم دا هەیە:

١. داوای پەنابەری لە ئێران بکەن.

٢. بەردەوام بن لە شەڕی دژی سوپای عێراق لە ناو خاکی کوردستان.

٣. یان بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس.

٣. لە ١٩٧٥/٣/٦ تا ١٩٧٥/٤/٦ وا بڕیارە سوپای عێراق هێرشەکانی ڕابگرێت بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بە مەبەستی ڕێگادان تاکو پاشەکشە بکەن بۆ ناو خاکی ئێران.

لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ لەسەر ڕاسپاردەی مستەفا بارزانی موحسین دزەیی

---

بە کودەتا بوو بە دووەم سەرۆکی جەزاییر وەکو سەرۆکی وڵات مایەوە تا لە ١٩٧٨/١٢/٢٧ کۆچی دوایی کرد، پێش ئەوەی ببێت بە سەرۆکی وڵات، وەزیری بەرگری بووە تا کۆتایی ژیانی هەر خۆی وەزیری بەرگری بووە. بە هاوکاری وڵاتانی عەرەبی بیانی توانی ڕۆڵی سەرەکی ببینێت لە نزیکبوونەوەی عێراق و ئێران لە ساڵی ١٩٧٥ کە ئەو ڕێککەوتنە بووە هۆی کۆتایی هاتن بە شۆڕشی ئەیلول .

(١) شکیب عقراوی، سنوات المحنة فی کردستان، الطبعة الثانیة، (اربیل _ مطبعة منارە _ تموز ٢٠٠٧ )، ص ٤١٢ .

گەیشــتەوە کوردســتان و لــە بــارەگای بارزانــی کۆبوونــەوە کــرا بــە ئامادەبوونــی:

١. ئیدریس بارزانی.

٢. مەسعود بارزانی.

٣. حەبیب فەیلی.

٤. عەلی عەبدوڵا.

٥. ساڵح یوسفی.

٦. نوری شاوەیس.

٧. محەمەد مەحمود(سامی).

٨. عەبدولوەهاب ئەتروشی.

٩. ڕەشید سندی.

٠١. شەکیب ئاکرەیی.

١١. عەلی سنجاری.

١٢. عەلی هەژار.

١٣. دارا تۆفیق.

دوای ئــەوەی موحســین دزەیــی ناوەڕۆکــی پەیامەکــەی مســتەفا بارزانــی گەیانــدە ئامــادە بــووان، تــا هــەر یەکــە و بیروبۆچوونــی خۆیــان بڵێــن لــەو بارەیــەوە کــە بــەو شــێوەیە بــوو[1]:

١. بیروبۆچوونــی ڕەشــید ســندی و عەبدولوەهــاب ئەتروشــی و عەلــی ســنجاری و عەلــی هــەژار بەردەوامبــوون بــوو لــە بەرگریکــردن بــە شــێوەی پارتیزانــی.

٢. بیروبۆچوونــی نــوری شــاوەیس هــەوڵ دان بــۆ بەردەوامــی بەرگریکــردن و بەبــێ پەنابــردن بــۆ ئێــران و هەڵوێســتی دوژمنانــەی شــا، ئەگــەر بڕیــاری ڕاوەســتانی شــەڕ بدەیــن، باشــترە پەنــا بــۆ یەکێتــی ســۆڤیەت ببەیــن، بەڵکــو لــە داهاتــوو پشــتیوانی لــە دۆزی کــورد بــکات.

(١) شـكيب عقـراوى، سـنوات المحنـة فـى كردسـتان، الطبعـة الثانيـة، (اربيـل _ مطبعـة منـاره _ تموز ٢٠٠٧ )، ص ٤١٢-٤١٣ .

٣. بیروبۆچوونــی ســاڵح یوســفی بــەردەوام بــوون لــە شــەڕ تاوەکــو کات گونجــاو دەبێــت، دانوســتان لەگــەڵ حکوومەتــی عێــراق بکەیــن.

٤. بیروبۆچوونــی دارا تۆفیــق دەتوانیــن شــەڕی پارتیزانــی بکەیــن، بــەڵام بــە هــۆی تەکنەلوجیــا و چەکــی پێشــکەوتووی عێــراق، شــەڕی پارتیزانــی لاواز و بــێ توانایــە و ناتوانیــن خۆمــان بەســەر ســوپا و حکوومەتــی عێراقــی دابســەپێنین.

٥. بیروبۆچوونــی مەســعود بارزانــی بــەردەوام بــوون لــە شــەڕ و بەرگریکــردن تاوەکــو جووڵانــەوەی چەکــداری کــوردی دەتوانێــت خــۆی بســەپێنێت بەســەر بارودۆخێکــی نــوێ.

ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٠ موحسـین دزەیـی گەڕاویـەوە تـاران، تـا بیروبۆچـوون و بڕیـاری ئامادەبـوان بـە مسـتەفا بارزانـی ڕابگەیێنێـت کـە بـەم شـێوەیە بـوو [(١)].

پـاش گفتوگـۆ و لێدوانێکـی دوورودرێـژ، ڕامـان لەسـەر چەنـد بیروبۆچوونێـك یەکـی گـرت و لـە چەنـد خاڵێکـدا دامـان ڕشـتن و دامانـە دەسـتی موحسـین دزەیـی بیانبـات بـۆ مسـتەفا بارزانـی لـە تـاران.

١. داواکــردن لــە دەســەڵاتی ئێــران کــە بکەوێتــە ناوبــژی بــۆ وەســتاندنی شــەڕ لــە نێــوان ئێمــە و حکوومەتــی عێراقیــدا بــۆ ئــەوەی کاروبــارەکان بەشــێوەیەکی ماقــووڵ چارەســەربکەین.

٢. پرســیارکردن لــە دەســەڵاتی ئێرانــی ئاخــۆ دەکــرێ بــەوە ڕازی بــێ کــە هەمــوو هێزەکانمــان بکشــێنەوە بــۆ ئێــران؟

٣. باســی تواناکانــی بەرگریکــردن کــرا، دەرکــەوت زەحمەتــە، بــەڵام زۆر لــە بــرادەران ئەوەیــان پــێ باشــتر بــوو پــاش لێکۆڵینــەوەی هەمــوو ڕووەکانــی شــەڕی پارتیزانــی، ئاخــۆ کاردانــەوەی بــۆ ســەر ئەوانــەی لــە ئێــران نیشــتەجێ بــوون چــی دەبێــت، ئەگــەر بگەڕێنــەوە بــۆ شــەڕی پارتیزانــی. تێکــڕا بــاوەڕ وایــە زۆرینــەی پێشــمەرگە ئــەوەی لا پەســندە کــە بــەردەوام بیــن لــە شــەڕ، ئەنجــام هــەر چییــەك بــێ.

٤. بــۆ ڕێخۆشــکردنی ئەمــە، لەمــەولا داوا لــە فەرمانــدەی هێــزەکان دەکــرێ هەریــەك لــە نــاو هێزەکــەی خۆیــدا (٣٠٠) تــا (٥٠٠) پێشــمەرگە، لــە لاوانــی شــایەن و بــە

(١) مەســعود بارزانــی، بارزانــی و بزووتنــەوەی رزگاریخــوازی کــورد . شۆڕشــی ئەیلــوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگــی ســێیەم، بەشــی دووەم، چاپــی یەکــەم (هەولێــر _ چاپخانــەی وەزارەتــی پــەروەردە _ ٢٠٠٤) ل١٧٥-١٧٧ .

توانا ئامادە بکا لەگەڵ چەك و فیشەك و کەلوپەل کە پێویستییان بێت، ئینجا شوێنی ستراتیجیان بۆ دیاربکا هەر یەك لە چوارچێوەی ناوچەی هێزەکەی خۆیدا، ئەمەش لە پێناو خۆئامادەکردن بۆ دەستپێکردنی شەڕی پارتیزانی و چاوەڕوانیکردنی ئەو ڕێنوێنیانەی بۆیان دێت.

٥. فەرمان درا بە هێزی دەشتی هەولێر بکشێنەوە بۆ ناوچەکانی بێتواتە و باڵەك، هێزی حەمرین بکشێتەوە بۆ ناوچەی بارزان، بەتالیۆنی شوان و قەڵاسێوەکە بکشێنەوە بۆ سەرگەڵو و شارباژێر، هێزی کەرکووک بکشێتەوە بۆ ناوچەی بیارە و ناوچەی هێزی خەبات و زمناکۆ.

٦. دەستکردن بە کشانەوەی وردە وردەی هێزەکانی لەشکری یەك بە فەرماندەی ئەسعەد خۆشەوی.

٧. داواکردن لە دەسەڵاتی ئێرانی کە سنوور بە کراوەیی بهێڵنەوە، ئەوەش بە درێژکردنەوەی ئەو ماوەی بڕیار دراوە بۆ داخستنی، تا کاروبارەکان چارەسەردەکەین و لە کشانەوەی هێزە دوورەکانمان بە کشانەوەیەکی ڕێکوپێك.

٨. لە بارەی ڕاستییەکانی بارودۆخەکە، بە فەرماندەی هێزەکان ڕابگەیەنن و داوایان لێ بکەن، بە خەڵك ڕابگەیەنن لە کوێن هەر لەوێ بمێننەوە، بۆ پێشمەرگەش دەیدەینە دەستی خۆیان بمێننەوە یان بگەڕێنەوە و خۆیان لەسەر بەرپرسیاریەتی خۆیان بدەن بە دەست حکوومەتی عێراقیەوە.

٩. لە دەسەڵاتی ئێرانی بپرسێ ئاخۆ لاریان نییە، ئەگەر لە ڕێگەی شێخ محەمەد خالید یان لە هەر ڕێگەیەکی ترەوە پێوەندی بە دەسەڵاتی عێراقیەوە بکرێت؟

١٠. داوا لە دەسەڵاتی ئێران بکرێت بیرۆکەیەکی گشتی لە بارەی ئەو شوێنانەی تیایاندا کۆدەکرێنەوە بخاتەڕوو، ئاخۆ شوێنی هەموومانی تیا دەبێتەوە و کامانەن ئەو شوێنانەی سەر سنوور کە خەڵکەکە لێیانەوە دەچنە خاکی ئێرانەوە، چەك و کەلوپەل چۆن دەدرێت بەدەستەوە و لە کوێ کۆدەکرێنەوە.

١١. بیرۆکەیەك لە بارەی ئەوە هەیە کە دیلەکان بدەین بەدەست دەسەڵاتی عێراقەوە و بەندییە ئاساییەکان لە دوا قۆناغی شوێن چۆڵکردنمان بەرەڵلا بکەین.

١٢. تێکڕا ئەو پارمەتیە چییە کە دەدرێت بەوانەی لە سنوور دەپەڕنەوە؟

لــە هەمــان ڕۆژ واتــە لــە ١٩٧٤/٣/١٠ لــە ڕێگــەی بێتەلــەوە مســتەفا بارزانــی وەڵامــی بڕیارەکانــی بــەو شــێوەیە دایــەوە[1]:

موحسین گەیشتە لامان و ئەمەش وەڵامەکانی ئێمەیە.

١. پێوەندیــمان کــردووە و بەردەوامیــش بــۆ ئــەم مەبەســتە پێوەنــدی دەکەیــن و لــە ئەنجــام ئاگادارتــان دەکەینــەوە.

٢. ئێــران لارییــان نییــە، بــەڵام ئێمــە بــە ڕاســتی نازانیــن. بەرژەوەنــد لەوەدایــە ئەوەنــدە هێــز بهێڵینــەوە بەشــی کردەوەگەلــی پارتیزانــی بــکات.

٣. ئێمــە لایەنــی ئــەوە دەگریــن کــە بەربەرەکانێــی ڕێکوپێــك تــا ئەوپــەڕی ڕادەیــەك کــە لــە توانــا بــێ، بــەردەوام بــێ، کــە ئــەوەش نەکــرا، دەبــێ پەنــا ببەینــە بــەر شــەڕی پارتیزانــی، چونکــە نەهێشــتنەوەی هیــچ جــۆرە چالاکیــەك واتــا ســڕینەوەی پرســی گەلەکەمــان.

٤. ڕازیــن پێشــمەرگەی تایبــەت هەڵبژێریــن، وا باشتریشــە ئەمــان لەوانــە بــن کــە خۆیــان دەکــەن بــە قوربانــی و ئامــادەن بــۆ قوربانیــدان و ئــەرك و مەینەتــی بــێ ڕادە و بــێ ســنوور بگرنــە ئەســتۆ. باشتریشــە ژن و منداڵیــان نەبێــت، یــان ژن و منداڵیــان لــە ئێــران نەبــن. مــن لام وایــە دەســتدانە شــەڕی پارتیزانــی، بــا بــۆ ماوەیەکــی کەمیــش بــێ، لەوانەیــە بــاری ســەرنجی چەنــد لایەنێکــی تایبەتــی لــە بــارەی ڕادەی نیــاز و بڕیــاری ئێمــە بگۆڕێــت. ئەمــەش بێگومــان لــە بارودۆخــی ئێســتاماندا، ســوودی تێدایــە.

٥. لــە بــارەی جووڵــەی ئــەم هێزانــە و گرتنــی شــوێنی تــازە، پشــتگیریی پێشــنیازەکەتان دەکەیــن.

٦. لامــان وایــە پەلــە لــە کشــانەوەی هێزەکانــی لەشــکری یەکــدا نەکــەن، بــەش بــە حاڵــی هێزەکانــی خەبــات و زمناکــۆ و کاوە و ئەوانــی تریــش هیــچ پێویســتییەك نییــە بــۆ پەلەکــردن. لــە هــەر کوێیــەك بکــرێ بەربەرەکانێــی تێــدا بکــرێ، پێویســتە لەســەر ئــەو هێــزەی لەوێیــە خــۆی ڕابگــرێ و لــە شــوێنی خۆیــدا

(١) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگــی ســێیەم، بەشــی دووەم، چاپــی یەکــەم (هەولێــر _ چاپخانــەی وەزارەتــی پــەروەردە _ ٢٠٠٤) ل١٧٧-١٧٨ .

بمێنێتەوە و بەردەوام بێ لە بەرگری لەخۆکردن. لە بارەی بەڕێوەبردنی شەڕی بەرەیی یان ڕاپەڕاندنی کردەوەی پارتیزانییەوە، پێم باشە دەسەڵاتی تەواو بە فەرماندەی هێزگەل بدرێت هەرچەندێك هەوڵیان بۆ بڕەخسێت، بیکەن.

٧. ئەوەندەی لە توانا بێ هەوڵ بۆ درێژکردنەوەی ماوە دیاریکراوەکەی سنوور داخستن دەدەین.

٨. ڕازین کە فەرماندەی هێزەکان لە حەقیقەتی بارودۆخەکە ئاگادار بکەنەوە. هیچ لارییەك نییە لە دوا ساتەکاندا ڕاستیی ڕووداوەکانیان پێ بڵێین و بەربەرەکانێ لە باڵەك دەبێ بەردەوام بێ بەوپەڕەی لە تواناداییە.

٩. لاریمان نییە پێوەندی بە دەسەڵاتی عێراقیەوە بکەن. زوو ئەوە بکەن، بەڵکو سوودێکی تێدا بێ، هەوڵ بدەن لە ڕێگەی ئیحسان شێرزادەوە، یان لە ڕێگەی هەر کەسێکی ترەوە کە شایەنی بەجێهێنانی ئەو کارە بێ، بەهەر جۆرێك کە بە گونجاوی دەزانن پێوەندییان پێوە بکەن، بەڵام با بەنهێنی بێ.

١٠. لە بارەی جێبوونەوەی پەنابەران و چەك بەدەستەوەدان، هەوڵ دەدەین بزانین و پاشان لە ئەنجامی هەوڵ و تەقەڵای خۆمان ئاگادارتان دەکەینەوە.

١١. ڕازین دیل و بەندییەکان بەرەڵلا بکرێن و دەبێ زۆرترین ژمارە کەلە تواناداا بێ، کەڵك لە لێبووردن وەربگرن.

١٢. لە بارەی ئەو یارمەتییەوە کە لەمەوپاش لە ئێران بە پەنابەرەکان دەدرێ، داوایان لێ دەکەین بەهەر جۆرێ بکرێ دەستەبەری بکەن.

ئەم برووسکەی بێتەلە دوایین برووسکە بوو لە وێستگەی بێتەلی ئێرانەوە، دوای ئەوە ئیتر ئەو وێستگەیە نەما.

لە ١٩٧٥/٣/١١ مستەفا بارزانی بە یاوەری دکتۆر مەحمود عوسمان و موحسین دزەیی و دکتور شەفیق قەزاز لە دیدارێکی تایبەت چاوی کەوت بە شا، لە ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیە شا باسی لەو خاڵانە کرد[(١)]:

١. شا بە ئامادەبووانی گوت لە بەرژەوەندی ئێوەیە وەکو شۆڕشی کورد پەنا

(١) شكيب عقراوى، سنوات المحنة فى كردستان، الطبعة الثانية، (اربيل _ مطبعة مناره _ تموز ٢٠٠٧) ص ٤١٤ .

بـۆ ئێـران ببـەن وەکـو میوانێکـی بەڕێـز، مسـتەفا بارزانـی وەڵامـی دایـەوە باشـترە بـەردەوام بیـن لـە شـەڕ لـە کوردسـتان ئەگـەر بەبـێ هـاوکاری ئێرانیـش بێـت، ئیـتر شـا وەڵامـی دایـەوە و وتـی دەترسـم لـە نـاو چیـاکان لـە نـاو بچـن و کـەس گوێـی لـە دەنگتـان نەبێـت، ڕەنگـە نیازەکـەی شـا ئـەوە بێـت کـە بەردەوامـی لـە شـەڕ کـردن هیـچ سـوودی نییـە.

٢. شـا بـە شـاندی کـوردی گـوت کـە ئـەو ناچـار بـووە لەگـەڵ حکوومەتـی عێراقـی ڕێکبکەوێـت، چونکـە هیـچ کات کـورد ناتوانێـت هێرشـەکانی سـوپای عێـراق ڕابگرێـت.

٣. شـا بـۆ مسـتەفا بارزانـی ئامـاژەی بـەوە دا کـەوا ئێـوە هەوڵتـان دا پێوەنـدی بـە سـەدام حوسـێن و حکوومەتەکـەی بکـەن، بـە تایبـەت لـە ڕێـگای ئەنـوەر سـادات بەبـێ ئـاگاداری ئێمـە، مسـتەفا بارزانـی وەڵامـی دایـەوە و وتـی هەوڵـی پێوەندیـمان نـەداوە لەگـەڵ سـەدام حوسـێن و دانوسـتان لەگـەڵ حکوومەتـی عێراقـی بکەیـن، ناردنـی نوێنـەر بـۆ لای ئەنـوەر سـادات تـا بـۆ سـەرۆکی میسری و جیهانـی عەرەبـی ڕوون بکەینـەوە ئێمـەی کـورد لـە عێـراق ئاشـتیمان دەوێـت و جەنگـمان ناوێـت و ئـەو جەنگـەی ئێسـتا لـە کوردسـتان هەیـە، بەسـەرماندا سـەپاوە لـە لایـەن حکوومەتـی عێراقیـەوە و کـورد دووچـاری جەنگـی لەناوچـوون بووەتـەوە.

٤. پێـش ئـەوەی نوێنەرانـی کـورد ئـەو شـوێنە بەجێبهێڵـن مسـتەفا بارزانـی بـە شـای گـوت ئێـوە ئـەی جەنابـی شـای ئێـران و شـای شـاکان بـەردەوام یارمەتـی گەلـی کوردتـان داوە، داوا دەکـەم بـەردەوام بـن لـەو هاوکاریانـە، چونکـە ئێمـە وای دادەنێـن ئێـوە باوکـی کوردەکانـن و داواتـان لـێ دەکـەم یارمەتـی و هاوکاریەکانتـان لـەو گەلـە نەبـڕن کـە تـۆ بـە باوکـی خۆیـان دەزانـن.

٥. ئەوجـارە شـا بـە مسـتەفا بارزانـی گـوت هـەر لایـەك بـۆ بەرژەوەندیەکانـی خـۆی کار دەکات و ئێـوە سـەرکردایەتی کـورد لـە ١٩٧٠/٣/١١ لەگـەڵ حکوومەتـی عێراقـی ڕێککەوتـن، چونکـە بەرژەوەندیەکانـی ئێـوە ئـەو کات وای دەخواسـت.

لـە ١٩٧٥/٣/١٢ مسـتەفا بارزانـی و یاوەرانـی گەڕانـەوە بـۆ کوردسـتان، تـا بڕیـار لـە چارەنووسـی شۆڕشـی ئەیلـوول بـدەن. لـە ١٩٧٥/٣/١٢ تـا ١٩٧٥/٣/١٩ پێشـمەرگە هـەر لـە سـەنگەرەکانی بەرگـری بـوون، تاوەکـو بـوار بـە سـوپای عێـراق نـەدەن زیاتـر خاکـی کوردسـتان داگیـر بکـەن.

لـە ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٣ برووسـکەیەك لـە سـەرکردایەتی شۆڕشـەوە بـۆ لەشـکری یـەك لـە بادینـان هـات، ناوەڕۆکـی ئـەو برووسـکەیە ئـەوە بـوو کـە لەشـکری یـەك لـە توانایـدا هەیـە شـەڕ بـکات لـە دژی سـوپای عێـراق، بەبـێ هـاوکاری هیـچ لایـەك[1]، واتـا بـەوەی لەبـەر دەسـتی خۆتـان هەیـە لـە چـەك و تەقەمەنـی و خـواردن، سەرلەشـکری یـەك ئەسـعەد خۆشـەوی برووسـکەی کـرد بـۆ عەبدولـڕەزاق گەرماڤـی کـە شـوێن و خـواردن ئامـادە بـکات بـۆ زیاتـر لـە (٢٠٠) کـەس، کـە لای ئـەوان دەبـن بەمەبەسـتی کۆبوونـەوەی سـەربازی و حزبـی، لـە هۆڵـی قوتابخانـەی سـەرەتایی ناحیـەی مانگێـش ئەوانـەی کـە لـەو کۆبوونەوەیـە ئامـادە بـوون بریتـی بـوون لـە[2]:

١. ئەسـعەد خۆشـەوی، سەرلەشـکری یـەك و بەرپرسـەکانی تـری نـاو بـارەگای لەشـکری یـەك.

٢. محەمـەد مـەلا قـادر، بەرپرسـی لقـی یەکـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە دهـۆك و لەگـەڵ کارگێـڕان و ئەندامانـی لقـی یـەك و هەمـوو بەرپرسـی ناوچەکانـی سـنووری لقـی یـەك.

٣. عەبدولـڕەزاق گەرماڤـی، فەرمانـدەی هێـزی دهـۆك بـە وەکالـەت لەگـەڵ هەمـوو فەرمانـدەی بەتالیۆنەکانـی هێـزی دهـۆك.

٤. عیسـا سـوار، فەرمانـدەی هێـزی زاخـۆ لەگـەڵ هەمـوو فەرمانـدەی بەتالیۆنەکانـی هێـزی زاخۆ.

٥. حەسـۆ میرخـان، فەرمانـدەی هێـزی شـێخان لەگـەڵ هەمـوو فەرمانـدەی بەتالیۆنەکانـی هێـزی شـێخان.

٦. سـەلیم ئەسـعەد خۆشـەوی، فەرمانـدەی هێـزی ئامێـدی لەگـەڵ هەمـوو فەرمانـدەی بەتالیۆنەکانـی هێـزی ئامێـدی.

٧. لەزگیـن عەبدولڕەحـمان سـندۆری، فەرمانـدەی هێـزی بەرگـری میللـی لەشـکری یـەك.

سەرلەشـکری یـەك لـە سـەرەتای کۆبوونەوەکـە باسـی دوایـن پێشـهاتەکانی کـرد و ناوەڕۆکـی ئـەو برووسـکەیەی بـۆ ئامادەبـووان خوێنـدەوە و دواتـر پرسـیاری لـە ئامادەبووانـی سـەربازی کـرد، تـا بزانێـت هـەر هێزێـك چ توانایەکـی هەیـە لـە دژی

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مستەفا عەبدولقادر لە دهۆك لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عەبدولرزاق گەرماڤی لە دهۆك لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩ .

سوپای عێراق، بەبێ ئەوەی شۆڕش پشتگیری و پاڵپشتی بکات، هەر فەرماندەیەك بە جۆرێك وەڵامی دایەوە، بەڵام هەموویان هاوڕابوون لە بەرگریکردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەگەر بە شێوازی شەڕی پارتیزانیش بێت[1]، لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا هەردوو بەرپرسی سەربازی و حزبی واژووی خۆیان لەسەر ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیە کرد و بە برووسکە وەڵامی سەرکردایەتی شۆڕشیان دایەوە لە بارەی ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیە.

دوای کۆبوونەوەکە فەرماندەی هێز و بەتالیۆنەکان، گەڕانەوە شوێنی خۆیان و بە گروتینەوە بۆ پێشمەرگەکانی هێز و بەتالیۆنەکانی خۆیان ناوەڕۆك و ئەنجامی کۆبوونەوەکەیان باسکرد، پێشمەرگەکانیش وەکو سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕش بە ورەیەکی بەرزەوە پاڵپشتیان لە شۆڕش و بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان کردەوە.

لە ١٩٧٥/٣/١٨ سەرکردایەتی سیاسی و سەربازی شۆڕشی کوردستان لە حاجی ئۆمەران کۆدەبێتەوە، لە کۆبوونەوەکەدا مستەفا بارزانی دەڵێت:

((دەوروبەرمان گیراوە، ئێران و عێراق ڕێککەوتوون، ئەمریکا و سۆڤیەتیان لەگەڵە، OPEC یان لەگەڵە، ئێمە بە تەنیا هیچمان پێناکرێت. من ڕام ئەوەیە بۆ ماوەیەك بچینە ئێران و پاش ئەوە کە پێوەندیەکانی ئێران و عێراق تێکچوو، کە بە بڕوای من تێکدەچێت، بگەڕێینەوە بۆ عێراق و درێژە بە خەباتی خۆمان بدەین، چونکە لەم بارودۆخەدا ئەگەر شەڕ بکەین، خوێن بەبێ سوود دەڕژێت و خەڵك بێ ئەنجام دەکوژرێت))[2].

١٩٧٥/٣/١٩ برووسکەیەکی تر لە سەرکردایەتی شۆڕشەوە بۆ لەشکری یەك هات و لەشکری یەکیش هەمان بروسکەی بۆ سەرجەم هێزەکانی سنووری لەشکری یەك نارد، لە ناوەڕۆکی ئەو برووسکەیەدا هاتبوو کە ئەوەی ئێستا (ڕێککەوتننامەی جەزاییر) پیلانێکی نێو دەوڵەتییە، ئامانج لەوە لە ناوچوونی شۆڕشی کوردە، حکوومەتی عێراقی و شای ئێران لێبووردنیان داوە، هەموو کەسێك ئازادە لە بڕیاردان، چ بچێتەوە ناو حکوومەتی عێراقی یان بێتە ئێران،

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز سەلیم ئەسعەد خۆشەوی لە مەسیف سەلاحەددین لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٤ .

(٢) وریا ڕەحمانی، شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا، چاپی یەکەم ( تاران _ ئێران _ ٢٠١٣) ل ٥٤ .

لـەو برووسـکەیە ئاماژە بـەوە کرابـوو کـە چـەك و تەقەمەنـی لەنـاو ببـەن و هەمـوو پـەڕاوەکان بسـووتێنن و هیـچ بەڵگەیـەك نـەدەن بـە دەسـتی سـوپا و حکوومەتـی عێراقـی.

لـە ١٩٧٥/٣/١٨ مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، برووسـکەیەکی نـارد بـۆ حزبـی بەعـس و داوایـان لـێ دەکات کـە هێشـتا کات مـاوە بـۆ چارەسـەری کێشـەکان و بـا دوور بکەوینـەوە لـە شـەڕ و ماڵوێرانـی، زیاتـر خوێـن نەڕژێـت لـە هـەردوولا.

ڕۆژی دوای ئـەوە واتـا لـە ١٩٧٥/٣/١٩ ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی حزبـی بەعـس وەڵامـی برووسـکەکەی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دایـەوە، وەکـو گاڵتـە پێکـردن لـەو داوایـەی کردبوویـان، حزبـی بەعـس بـەوە وەڵامـی دانـەوە کـە بـۆ ئـەوەی خوێـن نەڕژێـت ئـەوا سـوود لـەو ماوەیـە وەرگـرن کـە بـۆ لێخۆشـبوون دراوە تـا ١٩٧٥/٤/١ خۆتـان بەدەسـتەوە بـدەن[1].

مسـتەفا بارزانـی لـە ١٩٧٥/٣/٢٥ خاکـی کوردسـتانی باشـووری بەجێهیشـت و چـووە شـارۆچکەی نەغـەدە لـە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان و لـە ١٩٧٥/٣/٢٦ هەریـەك لـە مەسـعود بارزانـی و مەحمـود عوسـمان خاکـی باشـووری کوردسـتانیان بەجێهێشـت، بـەڵام ئیدریـس بارزانـی لـە کوردسـتان مایـەوە و داوای هەلیکۆپتـەری کـرد لـە ئێـران، تاوەکـو ئەوانـەی لـە سـنووری لەشـکری یەکـی بادینـان دەگـەن بـە حاجـی ئۆمـەران لەبـەر بەفـری زۆری ڕێـگا و ماندووبونیـان بـە هەلیکۆپتـەر بگوازرێنـەوە.

دوای ئـەوەی پێشـمەرگە بـە تـەواوی پاشەکشـەی کـرد بـۆ نـاو خاکـی ئێـران، سـوپای عێـراق لـە ١٩٧٥/٤/٢[2] تـەواوی خاکـی پیـرۆزی کوردسـتانی داگیرکـرد بەبـێ ئـەوەی هیـچ ڕووبەڕووبوونـەوەك ڕوو بـدات.

---

(١) عـلي سـنجاري، القضيـة الكورديـة و حـزب البعـث العـربي الاشـتراكي في العـراق، الطبعـة الاولى، جـزء الاول (اربيـل _ مطبعـة الحـاج هاشـم _ ٢٠٠٦) ل ٧٣ و ٧٥ .

(٢) اوفـرا بينغيـو، كـرد العـراق بنـاء دولـة داخـل دولـة، ترجمـة / عبدالـرزاق عبداللـه بوتانـى، الطبعـة الاولـى (اربيـل، دار السـاقي و دار اراس للطباعـة و النـشر، ٢٠١٤) ص ١٩٤ .

## دەقی ڕێککەوتننامەی جەزایر لە نێوان حکومەتی ئێران و عێراق

لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥، لە جەزاییر بە نێوەندگیری هەواری بومیدیەنی سەرۆکی جەزاییر، کۆمەڵێک کەسی دیکە، سەدام حوسێن بە پێدانی خاک و ئاو بە ئێران لە دژی شۆڕشی ئەیلوول ڕێککەوتن کە لە مێژووی کورددا بە ڕێککەوتنی جەزاییر ناسراوە.

**یەکەم: ڕێککەوتننامەی جەزاییر ٦ی ئاداری ١٩٧٥.**

بۆ پیادەکردنی بنەماکانی سەلامەتیی خاک و ڕێزگرتنی سنوور و دەست نەخستنە ناو کاروباری ناوخۆ، هەردوو لای ڕێککەوتوو بڕیاریان دا:

١. نەخشەکێشانی ئێکجارەکی سنووری وشکانی هەردوو لا بە پشت بەستن بە پرۆتۆکۆلی قوستەنتینییەی ساڵی ١٩١٣ ز و کۆنووسەکانی لێژنەی دیاریکردنی سنووری ساڵی ١٩١٤ ز.

٢. دیاریکردنی سنوورە وشکانییەکان بەپێی هێلی ((تالوگ)) (کە ئەویش هێڵێکە لە ناوەڕاستی ئاوەڕۆی سەرەکی کە بەکەڵکی کەشتییەوانی بێت لە کاتی نزمبوونەوەی ئاستی ئاو بەدەست پێکردن لەو خاڵەی سنووری وشکانی لە شەتلعەرەبەوە تا دەریا دادەبەزێت)[1].

٣. بەپێی ئەمە، هەردوو لا ئاسایش و متمانە بە درێژایی سنووری هاوبەشیان دەگەڕێننەوە و پابەندی چاودێرییەکی توند و کاریگەر دەبن لەسەر سنوورەکانییان، بۆ دانانی سنوورێکی ئێکجارەکی بۆ هەموو خۆدزینەوەیەک کە مەبەستی تێکدانی تێدا بێت و لە هەر لایەکەوە هاتبێت.

٤. هەردوو لا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئەو تەرتیبەی لە سەرەوە دەستیان پێکراوە، ڕەگەزی چارەسەرێکی کۆگرن و لێی جیا نابنەوە. لە کۆتاییشدا دەستلێدانی بنەمای هەر یەکێکیان، بێگومان، پێچەوانەی گیانی ڕێککەوتنی جەزاییرە و هەردوو لاش گرێدراوی بەردەوامیان لەگەڵ سەرۆک هەواری بومەدین دەبێت کە لە کاتی پێویستیدا یارمەتی برایانەی جەزاییر، لە

(١) تالوگ/ وشەیەکی ئەڵمانییە لە دوو بەش پێک هاتووە، Thal بە مانای دۆڵ و Weg ماناکەی (ڕێگەی دۆڵ)ە و Thalweg بوو بە زاراوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاریی ناوەڕاستی ئاوەڕۆی ئاو، یان ئەو تەوژمەی دەکەوێتە ناوەڕاستی ئاوەڕۆی زێ. عەبدولرەزاق ئەلحەسەنی، (تاریخ الوزارات العراقیة، ج٥، بەغدا، ١٩٨٨) ل٢٤.

پێناوی پیادەکردنی ئەم بڕیارە، پێشکەش دەکات. هەردوو لا ئەوەش بە ڕەسمی ڕادەگەیەنن کە دەبێت ناوچەکە لە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی پارێزراو بێت.

**دووەم: پەیماننامەی سنووری عێراق - ئێرانی ساڵی ١٩٧٥**

دەقەکانی پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێ دۆستیی نێوان عێراق و ئێران و هەر سێ پرۆتۆکۆلە پاشکۆکەی، کە تایبەتن بە سنووری وشکانی و ئاوی و ئاسایشی سنوور[١].

ئەم دەقانە لە بەغدا لە ڕۆژی ١٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥، دکتۆر سەعدون حەمادی وەزیری دەرەوە لە لایەنی عێراقەوە و لە لایەنی ئێرانیشەوە، بەڕێز عەباس خەلعەتبەری وەزیری دەرەوەی ئێران واژووکرا و هەروەها بەڕێز عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی وەزیری دەرەوەی جەزاییریش واژووی کرد. ئەمەی خوارەوەش دەقی پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێ دۆستیی نێوان عێراق و ئێرانە.

سەرکۆماری عێراق و خاوەنشکۆ ئیمپراتۆر شاهەنشای ئێران، لەبەر خواستی دڵسۆزانەی هەردوو لا کە لە ڕێککەوتننامەی جەزاییر لە ئاداری ١٩٧٥ تەعبیری لێکراوە، بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئێکجارەکی هەمیشەیی، بۆ هەموو ئەو هۆیە جێبەجێنەکراو و هەڵواسراوانەی نێوان هەردوو وڵات و لەبەر ئەوەی هەردوو لا چاویان بە نەخشەی ئێکجارەکی سنووری وشکانی خۆیاندا گێڕایەوە، لەسەر بنچینەی پرۆتۆکۆلی قوستەنتینییەی ساڵی ١٩١٣ و کۆنووسی دانیشتنەکانی کۆمیسیۆنی دەستنیشانکردنی سنوور، لە ساڵی ١٩١٤ بۆ سنوورە ڕووبارییەکان بەپێی هێڵی تالوگ و لەبەر ئەو پێوەندییە دراوسێیەتییە مێژوویی و ئاینی و ڕۆشنبیری و ژیارییەی لە نێوان هەردوو گەلی عێراق و ئێراندا هەیە و لەبەر ئارەزووی هەردوولا بۆ چەسپاندنی پێوەندی دۆستایەتی و دراوسێدۆستی و قووڵکردنەوەی پێوەندییەکانیان لە مەیدانی ئابووری و ڕۆشنبیری و گەشەپێدانی پێوەندی نێوان ڕۆڵەکانی هەردوو گەل و بەرزکردنەوەی بۆ ئاستێکی باشتر لەسەر بناغەی بنەمای سەلامەتیی هەرێمەکە و ڕێزگرتنی سنوور و دەستێوەرنەدانی کاروباری

(١) زۆربەی دەوڵەتانی جیهان هیچ ئاگادارییەکیان لەبارەی ئەم دەقانەوە نەبوو.

ناوخـۆ و لەبـەر نیازی هـەردوولا بـۆ کارکـردن لـە پێنـاو پێکهێنانـی سـەردەمێکی تـازەی پێوەندیـی نێـوان عێـراق و ئێـران، لەسـەر بناخـەی ڕێزگرتنـی تـەواوی سـەربەخۆیی نیشـتمانی و یەکسـانیی دەوڵەتـان لـە سـەروەرییان و لەبـەر بـڕوای هـەردوولا بـەم سـیفەتە، بـۆ پیادەکردنـی بیروبـاوەڕ و وەدیهێنانـی ئامانجـەکان، ئـەو مەبەسـتانەی لـە میسـاقی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا هاتـوون، بڕیـاری بەسـتنی ئـەم پەیماننامەیـان دا و نوێنـەری ڕاسـپێردراوی خۆیـان دانـا.

سەرکۆماری عێراق، سیادەتی سەعدون حەمادی وەزیری دەرەوەی عێراق.

خاوەنشـکۆی ئیمپراتـۆری شاهەنشـای ئێـران، سـیادەتی عەبـاس خەلعەتبـەری وەزیـری دەرەوەی ئێـران، کـە هەردووکیـان بەڵگەنامـەی دەسـەڵات پێدانـی تـەواوی خۆیـان گۆڕییـەوە و بینییـان کـە ڕاسـتە و بەپێـی ڕێوشـوێنە، لەسـەر ئـەم ئەحکامانـەی خـوارەوە ڕێککەوتـن:

**زۆربەی دەوڵەتانی جیهان هیچ ئاگادارییەکیان لەبارەی ئەم دەقانەوە نەبوو.**

**مـاددەی یەکـەم:** هـەردوو لای بـاڵای پەیمانبەسـتوو جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە کـە سـنووری نێودەوڵەتیـی وشـکانیی نێـوان عێـراق و ئێـران، ئەوەیـە کـە لەسـەر بنچینـە و بەپێـی ئـەو ئەحکامـەی پرۆتۆکۆلـی سـنووری وشـکانی و پاشـکۆکانی پرۆتۆکۆلـی ناوبـراو لـە پێشـەوە؛ کـە هاوپێچـی ئـەم پەیماننامەیـە کـراون، گرتووتیـە خـۆ، دووبـارە هێڵیـان بـۆ کێشرایـەوە.

**مـاددەی دووەم:** هـەردوو لای بـاڵای پەیمانبەسـتوو جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە سـنووری نێودەوڵەتـی شـەتلعەرەب ئەوەیـە؛ کـە لەسـەر بناخـە و بەپێـی ئەحکامـی پرۆتۆکۆلـی دەستنیشـانکردنی سـنووری ئـاوی و پاشـبەندەکانی پرۆتۆکۆلـی ئـەم پەیماننامەیـە کـە لـە پێشـەوە ناوبـراون، گرتوونییـە خـۆ، دیـاری کـراون.

**مـاددەی سـێیەم:** هـەردوو لای بـاڵای پەیمانبەسـتوو بەڵێنـی ئـەوە دەدەن، چاودێرییەکـی تونـد و کاریگەریـی هەمیشـەیی و بـەردەوام بخەنـە سـەر سـنووری خۆیـان، بـە مەبەسـتی ڕاگرتنـی هەمـوو خۆدزینەوەیـەک کـە مەبەسـتی تێکدانـی پێـوە دیـار بێـت، جـا لـە هـەر کوێیەکـەوە هاتبێـت، ئەمـەش لەسـەر بنچینـە و بـە گوێـرەی ئـەو ئەحکامـەی کـە پرۆتۆکۆلـی ئاسایشـی سـنوور گرتوویەتیـە خـۆ کـە پاشـکۆی ئـەم پەیماننامەیەیـە.

**ماددەی چوارەم:** هەردوو لای باڵای پەیمانبەستوو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەحکامی هەر سێ پرۆتۆکۆل و پاشبەندە ناوبراوەکانیان لە ماددەی ١ و ٢ و ٣ی ئەم پەیماننامەیەدا و پێیەوە هاوپێچکراون و بەشێکی لێک نەترازاوی پەیماننامەکە پێکدەهێنن، ئەوانە ئەحکامی ئێکجارەکی و هەمیشەیین و لەبەر هەر هۆیەک بێت نابێت پێشێل بکرێن و ڕەگەزێک پێکدێنن کە لە لێکجیاکردنەوە نایەت بۆ یەکلاییکردنەوەی گرفتەکان بە شێوەیەکی گشتگیر، دەستلێدانی هەر یەکێک لە بنەماکانی ئەم گرفتە یەکلایی کردنەوە گشتگیرە بەبێ سێ و دوو پێچەوانەی گیانی ڕێککەوتننامەی جەزایر دەوەستێت.

**ماددەی پێنجەم:** لە چوارچێوەی دەستکاری نەکردنی سنوور و ڕێزگرتنی وردی سەلامەتیی هەرێمایەتیی نیشتمانیی هەردوو دەوڵەت، هەردوو لای باڵای پەیمانبەستوو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە هێڵی سنووری وشکانی و ئاوییان نابێت دەستکاری بکرێت و ئەو هێڵە هەمیشەیی و ئێکجارەکییە.

**ماددەی شەشەم:**

١. لە حاڵەتی ڕوودانی ناکۆکییەک کە پێوەندیی بە لێکدانەوە، یان پیادەکردنی ئەم پەیماننامەیە و سێ پرۆتۆکۆلەکانی و پاشکۆکانییەوە هەبوو، ئەوا ئەو ناکۆکییەکە لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی هێڵی سنووری عێراق و ئێران کە لە ماددەی یەکەم و دووەمی ئاماژە بۆ کراو لە سەرەوەدا بەیانکراوە، چارەسەر دەکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئاسایشی عێراق - ئێران بە گوێرەی ماددەی ٣.

٢. ئەو ناکۆکییە لە قۆناغی یەکەمدا لە لایەن لایەنە باڵاکانەوە لە ڕێگەی دانوستانی دوو قۆڵییەوە لە ماوەی دوو مانگدا لە مێژووی پێشکەشکردنی داواکاریی یەکێک لە دوو لایەنەکە چارەسەر دەکرێت.

٣. لە حاڵەتی ڕێکنەکەوتنی لایەنە باڵا پەیمانبەستووەکان لە ماوەی سێ مانگدا، پەنا دەبەنە بەر داواکردنی هەوڵدانی دانوستان لە دەوڵەتی سێیەم.

٤. لە حاڵەتێکدا ئەگەر یەکێک لە دوو لایەنەکە پەنابردنە بەر هەوڵی دۆستانەی ڕەتکردەوە، یان هەوڵەکان سەرکەوتوو نەبوون، ئەوا بۆ چارەسەری ناکۆکییەکە لە ماوەیەک کە لە مانگێک تێپەڕ نەکات لە مێژووی ڕەتکردنەوە یان سەرنەکەوتنەکە، ڕێگەی دادوەری(تحکیم) دەگیرێتەبەر.

٥. لە حاڵەتی ڕێکنەکەوتنی هەردوو لای باڵای پەیمانبەستوو لە بارەی کاری

ناوبژیـوکاری، ئـەوا یەکێـک لـە هـەردوو لای بـاڵای پەیمانبەسـتوو مافـی ئـەوەی هەیـە لـە مـاوەی پـازدە ڕۆژدا، کـە لـە دوای ڕێکنەکەوتنەکـە دێـت، پەنـا بباتـە بـەر دادگەیەکـی دادوەری، بـۆ مەبەسـتی پێکهێنانـی دادگەیەکـی داوەری بـۆ چارەسـەرکردنی هـەر کێشـەیەک، ئـەوا پێویسـتە لەسـەر هـەر یـەک لـە هـەردوو لای بـاڵای پەیمانبەسـتوو، یەکێـک لـە هاووڵاتییەکانـی خـۆی دابنێـت وەک دادوەر و ئـەو دوو دادوەرەش دادوەرێکـی بـاڵا هەڵدەبژێـرن و لـە حاڵەتێکـدا ئەگـەر هـەردوو لای بـاڵای پەیمانبەسـتوو دادوەری خۆیـان دانەنـا لـە مـاوەی مانگێـک لـەو مێـژووەی کـە یەکێـک لـە هـەردوو لایەکـە ڕاگەیانـد، لایەکـەی تـری وەرگرتـووە بـۆ داوای دادوەری، یـان لـە حاڵەتێکـدا ئەگـەر هـەردوو لا پێـش کۆتایـی هاتنـی مـاوەی ناوبـراو بـە ڕێککەوتنێـک نەگەیشـتن لـە بـارەی هەڵبژاردنـی دادوەری بـاڵا، ئـەوا ئـەو لایـە بـاڵا پەیمانبەسـتووەی داوای دادوەری کـردووە مافـی ئـەوەی هەیـە داوا لـە سـەرۆکی دادگـەی دادی نێودەوڵەتـی بـکات کـە چەنـد دادوەرێـک یـان دادوەری بـاڵا دابنێـت، بەپێـی کارەکانـی دادگـەی هەمیشـەیی دادوەر دانـان.

٦. بڕیـاری دادگـەی دادوەریـی هەمیشـە سـیفەتی یەکلاکـەرەوە و جێبەجێکردنـی هەیـە سـەبارەت بـە هـەردوو لای بـاڵای پەیمانبەسـتوو.

٧. هەردوو لای باڵای پەیمانبەستوو خەرجیی دادوەرییەکە بە نیوەیی دەدەن.

**مـاددەی حەوتـەم:** ئـەم پەیماننامەیـە و هـەر سـێ پرۆتۆکۆلەکانـی کـە پاشـبەندی کـراون بەپێـی مـاددەی ١٠٢ لـە میسـاقی نەتـەوە یەکگرتـووەکان تۆمـار دەکرێـت.

**مـاددەی هەشـتەم:** هـەر یـەک لـە دوو لا بـاڵا پەیمانبەسـتووەکە ئـەم پەیماننامەیـە و هـەر سـێ پرۆتۆکۆلەکانـی پاشـبەند کـراوی بـە پێـی یاسـای ناوخۆیـی پەسـند دەکات.

ئـەم پەیماننامـە و هـەر سـێ پرۆتۆکۆلـە پاشـبەندکراوەکانی لـە کاتـی گۆڕینـەوەی بەڵگەنامـەی پەسـندکردن، کـە لـە تـاران ئەنجـام دەدرێـت، دەچێتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە. لەبـەر ئـەوە هـەردوو لای دەسـەڵات پێـدراو لـە لایـەن هـەردوو لای بـاڵای پەیمانبەسـتووەوە ئـەم پەیماننامـە و هـەر سـێ پرۆتۆکۆلـە پاشـبەندکراوەکانیان واژوو کـرد.

لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥ز لە بەغدا نووسراوە

عەبــاس عەلــی خەلعەتبــەری وەزیــری دادوەری ئێــران - ســەعدون حەمــادی وەزیــری دەرەوەی عێــراق

ئــەم پەیماننامــە و هــەر ســێ پرۆتۆکۆلــە پاشــبەندەکەی بــە ئامادەبوونــی ســیادەتی عەبدولعەزیــز بوتەفلیقــەی ئەندامــی ئەنجوومەنــی شــۆڕش - وەزیــری دەرەوەی جەزایــر واژووکــران.

## پرۆتۆکۆلی دەستنیشانکردنی سنووری ئاوی

بەپێـی ئـەوەی کـە لـە بەیانـی جەزایـر لـە ٦ی ئـاداری ١٩٧٥ دا بڕیـار درا، هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو لەسـەر ئـەو ئەحکامـە ڕێککەوتـن:

**مـاددەی یەکـەم:** هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو جەختدەکەنـەوە و دان بـەوە دادەنێـن کـە دیاریکردنـی سـنووری ئاویـی نێودەوڵەتـی لـە نێـوان عێـراق و ئێـران لـە شـەتلعەرەب بەپێـی هێڵـی تالـوگ لەلایـەن لێژنـەی هاوبـەشی عێراقـی – ئێرانـی – جەزایـری ئەنجامـدراوە لەسـەر بنچینـەی ئەمانـەی خـوارەوە:

١. پرۆتۆکۆلی تاران لە مێژووی ١٧ی ئاداری ١٩٧٥.

٢. کۆنووسـی کۆبوونـەوەی وەزیرانـی دەرەوە لـە بەغـدا لـە ٢٠ی نیسـانی ١٩٧٥ کـە لـە نێـو شـتی تریشـدا ڕەزامەنـدی لەسـەر کۆنووسـی ئـەو لێژنەیـە ڕاسـپێردراوە پێشـان دا، بـۆ دەستنیشـانکردنی سـنووری ئـاوی و کۆنووسـەکە لەسـەر پشـتی کەشـتیی عێراقـی (الثـورة) لـە شـەتلعەرەب لـە ١٦ی نیسـانی ١٩٧٥ دا واژووکـرا.

٣. ئـەو نەخشـە ئاوییـە هاوبەشـانەی کـە لـە دوای دڵنیابـوون لێیـان لـە شـوێن و ڕاسـتکردنەوەیان و گوێزانـەوەی تانوپـۆی جوگرافـی بـۆ خاڵەکانـی تێپەڕینـی هێڵـی سـنوور لـە سـاڵی ١٩٧٥، لەسـەر ئـەو نەخشـانەی کـە تەکنیـکارە تایبەتمەندەکانـی ئاوزانـی لـە لێژنـەی هونەریـی تێکـەڵاو واژوویـان کـرد و بـە واژووی پەسـندکراوی سـەرۆکی شـاندەکانی عێـراق و ئێـران و جەزاییـر لـە لێژنەکـەدا کـرا بـە بەڵگـە، ئـەو نەخشـانەی لـە پێشـەوە و ئەوانـەی لـە خـوارەوەش باسـکران، خرانـە پـاڵ ئـەم پرۆتۆکۆڵـە و بوونـە بەشـێک کـە لـە یەکـتر جیانابنـەوە.

نەخشـەی ژمـارە (١): دەروازەی شـەتلعەرەب، ژمـارە ٣٨٤٢ کـە لـە لایـەن ئەمیراڵـی بەریتانیـاوە بڵاوکراوەتـەوە.

نەخشـەی ژمـارە (٢): بەنـداوی نـاوەوە تـا خاڵـی کبـدا ژمـارە ٣٨٤٣ کـە لـە لایـەن ئەمیراڵـی بەریتانیـاوە بڵاوکراوەتـەوە.

نەخشـەی ژمـارە (٣): خاڵـی کبـدا تـا عەبـادان ژمـارە ٣٨٤٤ کـە لـە لایـەن ئەمیراڵـی بەریتانیـاوە بڵاوکراوەتـەوە.

نەخشـەی ژمـارە (٤): عەبـادان تـا دوورگـەی ئومولتەویلـە ژمـارە ٣٨٤٥ کـە لـە لایـەن ئەمیراڵـی بەریتانیـاوە بڵاوکراوەتـەوە.

**ماددەی دووەم:**

١. بـۆ هێڵـی سـنوور لـە شـەتلعەرەب، تالـوگ پەیـڕەو دەکرێـت، واتـە ناوەڕاسـتی ئـاوەڕۆی سـەرەکیی کـە لـە نزمتریـن ئاسـتی توانـای دەریاوانـی بـە کەڵکـی کەشـتیوانی بێـت، لـە دەسـتپێکردنی ئـەو خاڵـەی کـە سـنووری وشـکانیی نێـوان عێـراق و ئێرانـی لێـوە دێتـە خـوار لـە شـەتلعەرەبەوە تـا دەریـا.

٢. هێڵـی سـنوور کـە بـەو شـێوەیەی لەبڕگـەی یەکەمـی سـەرەوە پێناسـەکرا، لەگـەڵ ئـەو گۆڕانکارییانـەی لـە ئەسـڵدا دەگەڕێنـەوە بـۆ هـۆی سرووشـتی لـەو ئـاوەڕۆ سـەرەکییەی بـە کەڵکـی کەشـتیوانیی دێـت دەگۆڕێـت و هێڵـی سـنوور بـە هـی گۆڕانکاریـی تـر ناگۆڕێـت، تـا هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو ڕێککەوتننامەیـەک بـۆ ئـەم مەبەسـتە واژوو نەکـەن.

٣. دڵنیابـوون لـەو گۆڕانکارییـە باسـکراوانەی بڕگـەی (٣)ی سـەرەوە بـە شـێوەیەکی هاوبـەش لـە لایـەن دامـودەزگای تەکنیکـی تایبەتمەندیـی هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو ئەنجـام دەدرێـت.

٤. ئەگـەر بەهـۆی دیـاردەی سرووشـتییەوە ئـاوەڕۆ یـان ئاوڕێژکـەی شـەتلعرەب گوێزرایـەوە و ئـەو گوێزرانەوەیـە بـوو بـە هـۆی گۆڕانـی (عائدییەتـی) نیشـتمانی هەرێمـی هـەردوو دەوڵەتـی تایبەتمەندیـدار، یـان موڵـک و ماڵـی نەگوێـزراوە یـان بینـا و شـتی تـر، ئـەوا هێڵـی سـنوور هـەر بـەردەوام دەبـێ لـەوەی کـە لـە تالوگـە بەپێـی ئـەوەی لـە بڕگـە (١)ی سـەرەوەدا بـاس کـراوە.

٥. ئەگـەر هـەردوو لا بـە ڕێککەوتنێکـی هاوبـەش بڕیـار نـەدەن کـە هێڵـی سـنوور دەبێـت لـە ئێسـتە بـە دواوە لەسـەر ئـاوەڕۆ تازەکـە بـڕوات، ئـەوا ئاوەکـە بـە خەرجیـی هـەردوو لا دەگەڕێنرێتـەوە بـۆ ئـەو ئاوەڕۆیـەی سـاڵی ١٩٧٥ هـەر وەکـو لەسـەرەوە لـە نـاو نەخشـە هاوبەشـەکە ئامـاژەی بـۆ کـراوە و لـە بڕگـە (٣)ی مـاددەی یەکـەم لـە سـەرەوە دەقبەنـدی لەسـەر کـراوە، ئـەوە ئەگـەر یەکێـک لـە دوو لایەکـە داوای ئـەوەی کـرد لـە مـاوەی ئـەو دوو ساڵەی دوای ئـەو کاتـەی کـە گوێزرانەوەکـەی تێـدا وەدی هاتـوو، بەدەسـتی یەکێـک لـە هـەردوو لایەکـە و لـەو کاتەشـدا هـەردوو لا پارێـزگاری لـە مافـی خۆیـان دەکـەن لـە کەشـتیوانی و سـوود وەرگرتـن لـە ئـاوەڕۆ تازەکـە.

**ماددەی سێیەم:**

١. سـنووری ئـاوی لـە شـەتلعەرەب لـە نێـوان عێـراق و ئێـران هـەر وەک پێناسـەکەی لـە مـاددەی دووەمـی سـەرەوەدا هاتـووە، بـەو هێڵـە کێـشراوە کـە لـە نەخشـە هاوبەشـە ناوبـراوەکان لـە بڕگـە (٣)ی مـاددەی یەکەمـی سـەرەوەدا بەیـان کـراوە.

٢. هـەر دوو لای پەیمانبەسـتوو لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتـن کـە خاڵـی کۆتایـی سـنووری ئـاوی دەکەوێتـە سـەر هێڵێکـی ڕاسـت، کۆتایـی نێـوان هـەردوو کەنارەکـە و لای ئاوڕێژگـەی شـەتلعەرەب لـە نزمتریـن ئاسـتی دەریـا داکشـان (نزمتریـن ئاسـتی ئـاو بـە حسـابی گـەردوون) بەیەکـەوە دەگەیەنێـت و وێنـەی ئـەم هێڵـە ڕاسـتە لـە نەخشـە ئاوییـە هاوبەشـە ناوبـراوەکان لـە بڕگـە (٣)ی مـاددەی یەکەمـی سـەرەوەدا گوێزراوەتـەوە.

**مـاددەی چـوارەم:** ئـەو هێڵـی سـنوورە پێناسـەکراوەی لـە ماددەکانـی (١) و (٢) و (٣) لـەم پرۆتۆکۆلـەدا هەروەهـا بـە ئاراسـتەیەکی سـتوونی بـواری ئاسـمانی ناخـی زەویـش دیـاری دەکات.

**مـاددەی پێنجـەم:** هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو لێژنەیەکـی تێکەڵـی عێراقـی - ئێرانـی پێـک دێنـن تـا لـە مـاوەی دوو مانگـدا، بـاری موڵـک و ماڵـی نەگوێـزراوە و بینـا و دامـەزراوە هونەرییـەکان و هـی تـر کـە تەبەعیـەتی نیشـتمانییان لـە ئەنجامـی دیاریکردنـی سـنووری ئـاوی عێراقـی - ئێرانـی دەگۆڕێـت، یـان بـە ڕێگـەی پاککردنـەوە یـان لـە ڕێگـەی بـۆ بـژاردن، یـان بـە شـێوەیەکی تـری لەبـار دیـاری بکـەن، بـۆ خـۆ دوورخسـتنەوە لـە هـەر سـەرچاوەیەکی ناکۆکـی.

**مـاددەی شەشـەم:** لەبـەر ئـەوەی کاری ڕووپێـوی لـە شـەتلعەرەب و دانانـی نەخشـەی ئاویـی هاوبـەش کـە لـە بڕگـەی (٣)ی مـاددەی یەکەمـی سـەرەوە ناوبـراوە، تـەواو بـووە، هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو لەبـەر ئەنجامدانـی ڕووپێوییەکـی تـازەی هاوبـەش، هەمـوو دە سـاڵ جارێـک لـە مێـژووی واژووکردنـی ئـەم پرۆتۆکۆلـەوە ڕێککەوتـن، بـەڵام هـەر لایەکیـش مافـی ئـەوەی هەیـە پێـش تەواوبوونـی مـاوەی دە سـاڵەکە داوای ڕووپێویـی تـازە بـکات کـە بـە شـێوەیەکی هاوبـەش دەکرێـت.

هـەر یـەک لـە هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو نیـوەی خەرجیـی ڕووپێوەکەیـان دەکەوێتـە سـەر شـان.

**ماددەی حەوتەم:**

١. هەمــوو کەشــتییەکی بازرگانــی و حکوومەتــی و ســەربازی هــەردوو لای پەیمانبەســتوو، ئازادیــی کەشــتیوانییان لــە شــەتلعەرەبدا هەیــە، ئینجــا ئــەو هێڵــەی دەریــای هەرێمایەتــی هــەر یــەک لــەو دوو وڵاتــە دیــاری دەکات، لــە هەمــوو لایەکانــی ئــەو کەناڵانــەی بــە کەڵکــی کەشــتییەوانی دێــن لــە دەریــای هەرێمایەتــی کــە دەگەنــە ئاوڕێژگــەی شــەتلعەرەب، هەرچــی چۆنێــک بێــت.

٢. ئــەو کەشــتییانەی بــۆ مەبەســتی بازرگانــی بەکاردێــن و هــی وڵاتــی ســێیەمن، مافــی ئازادیــی کەشــتیوانییان لــە شــەتلعەرەبدا هەیــە بــە یەکســانی و بەبــێ جیــاوازی و ئــەو هێڵــە هــەر چۆنێــک بێــت کــە دەریــای هەرێمایەتیــی هــەر یــەک لــە دوو وڵاتەکــە لــە هەمــوو لایەکــی ئــەو کەناڵانــەی بــۆ کەشــتیوانیی چاکــن و کەوتوونەتــە دەریــای هەرێمایەتییــەوە و دەگەنــە ئاوڕێژگــەی شــەتلعەرەب دیــاری دەکات.

٣. دەشــێ هەریــەک لــە دوو لایەنــە پەیمانبەســتووەکە، مۆڵــەت بــدات بــە کەشــتیی ســەربازیی بێگانــە کــە بێنــە نــاو شــەتلعەرەبەوە بــۆ ســەردانی بەندەرەکانــی، بــە مەرجێــک ئــەو کەشــتییانە ســەر بــە وڵاتێــک نەبــن کــە لــە حاڵەتــی بەشــداری شــەڕ یــان ناکۆکــی چەکدارانــە یــان شــەڕ بێــت لەگــەڵ یەکێــک لــەو دوو لایەنــە پەیمانبەســتووەکەدا و بــە مەرجــی ئــەوەی کــە لــە ماوەیــەک لــە ٧٢ کاتژمێــر کەمــتر نەبێــت، پێشــوەختە بەلاکــەی تــر ڕابگەیەنرێــت.

٤. هــەردوو لای پەیمانبەســتوو لــە هەمــوو حاڵەتێکــدا خــۆداری لــەوەدا دەکــەن کــە ڕێگــە بــدەن بــە کەشــتیی بازرگانیــی ســەر بــە وڵاتێــک کــە لــە حاڵەتــی بەشــداریی شــەڕ، یــان ناکۆکــی چەکــداری یــان شــەڕ بێــت لەگــەڵ یەکێــک لــە دوو لایەنەکــە.

**ماددەی هەشتەم:**

١. ڕێســای پێوەندیــدار بــە کەشــتیوانی لــە شــەتلعەرەب لــە لایــەن لێژنەیەکــی تێکەڵــی عێراقــی ئێرانــی بەپێــی بنەمــای مافــی یەکســانی کەشــتیوانیی بــۆ هــەردوو دەوڵــەت دادەنرێــت.

٢. هــەردوو لای پەیمانبەســتوو لێژنەیــەک پێــک دەهێنــن بهــۆ دانانــی بنەمــای پێوەندیــدار بــە نەهێشــتنی پیســبوون و زاڵبــوون بەســەریدا لــە شــەتلعەرەب.

٣. هــەردوو لای پەیمانبەســتوو لێژنەیــەک پێــک دەهێنــن، ئەرکەکــەی بەســتنی

ڕێککەوتنــی لەمــەو دوایــە لــە بــارەی ئــەو مەســەلانەی لــە بڕگــەی یەکــەم و دووەمــی ئــەم ماددەیــەدا باســکراون.

**مـاددەی نۆیـەم:** هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو دان بـەوە دادەنێـن کـە شـەتلعەرەب بــە شــێوەیەکی ســەرەکیی ڕێگــەی کەشــتیوانیی نێودەوڵەتییــە و لەبــەر ئــەوە پابەنــدی ئــەوەن کــە خــۆداری بکــەن لــەوەی کــە شــتێک نەکــەن ببێتــە هــۆی ڕێگەگرتنــی کەشــتیوانی لــە شــەتلعەرەب و دەریــای هەرێمایەتیــی هــەردوو وڵات، لــە هەمــوو بەشــەکانی ئــەو کەناڵانــەی بــۆ کەشــتیوانی باشــن و کەوتوونەتــە دەریــای هەرێماتییــەوە و بــەرەو ئاوڕێژگــەی شــەتلعەرەب دەچــن.

لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥ لە بەغدا نووسراوە

عەبــاس عەلــی خەلعەتبــەری - وەزیــری دەرەوەی ئێــران - ســەعدون حەمــادی وەزیــری دەرەوەی عێــراق، بــە ئامادەبوونــی ســیادەی عەبدولعەزیــز بوتەفلیقــەی ئەندامــی ئەنجوومەنــی شــۆڕش، وەزیــری دەرەوەی جەزایــر واژووکــرا.

## پرۆتۆکۆلی دووبارە نەخشەکێشانی سنووری وشکانی

بەپێـی ئـەوەی  لـە بەیانەکـەی مێـژووی ٦ی ئـاداری ١٩٧٥ی جەزایـردا بڕیـار درا، هــەردوو لای پەیمانبەسـتوو لەسـەر ئـەم ئەحکامـەی خـوارەوە ڕێککەوتـن:

**ماددەی یەکەم:**

**أ/**

١. پرۆتۆکۆلـی قوسـتەنتینیەی سـاڵی ١٩١٣ و کۆنووسـی دانیشـتنەکانی لێژنـەی دیاریکردنـی سـنووری تورکیـا و فارسـی سـاڵی ١٩١٤.

٢. پرۆتۆکۆلی تاران لە مێژووی ١٧ی ئاداری ١٩٧٥.

٣. کۆنووسـی کۆبوونـەوەی ئەنجوومەنـی وەزیرانـی دەرەوە کـە لـە بەغـدا لـە ٢٠ی نیسـانی ١٩٧٥ واژووکـراوە و لەنێـو کاروبـاری تریشـدا، ڕەزامەنـدی لەسـەر کۆنووسـی ئـەو لێژنەیـە پێشـان دا کـە دووبـارە نەخشەکێشـانی سـنووری وشـکانیی پـێ سـپێردرابووەوە و لـە تـاران لـە ٣٠ی ئـاداری ١٩٧٥ واژووکرابـوو.

٤. کۆنووسـی کۆبوونـەوەی وەزیرانـی دەرەوە کـە لـە ٢٠ی ئـاداری ١٩٧٥ لـە جەزاییـر واژووکراوە.

٥. کۆنووسـی وەسـفکاری کارەکانـی نەخشەکێشـانی سـنووری وشـکانیی نێـوان عێـراق و ئێـران کـە لێژنـەی ڕاسـپێردراو بـە نەخشەکێشـانی سـنووری وشـکانی لـە مێـژووی ١٣ی حوزەیرانـی ١٩٧٥ تۆمـاری کـردووە و ئـەو کۆنووسـە پاشـکۆی ژمـارە (١) پێکدێنـێ کـە بەشـێکی لـە یـەک جیانەبـووەوەی ئـەم پرۆتۆکۆڵـە پێـک دێنـن.

٦. نەخشــەکان بــە پێــوەری ٥٠٠٠٠/١ کــە ســنووری وشــکانی و هەروەهــا شــوێنی ســتوونە کــۆن و تازەکانــی لەســەر وێنــە کێــشراوە و ئــەو نەخشــانە پاشــکۆی ژمــارە (٢) پێــک دێنــن کــە ئەویــش بەشــێکە و لــەم پرۆتۆکۆڵــە جیــا ناکرێتــەوە.

٧. کارتی وەسفکاری بۆ ستوونە کۆن و تازەکان.

٨. بەڵگەنامەیەک کە پێوەندی بە تانوپۆی ستوونە سنوورییەکانەوە هەیە.

٩. وێنـەی ئاسـمانیی ڕووبـەری سـنووری عێـراق – ئێرانـی بـە کونـی بچـووک شـوێنی سـتوونە کـۆن و نوێیەکانـی لەسـەر کێـشراوە.

**ب/** هـەردوو لا بەڵێـن دەدەن کـە لـە مـاوەی دوو مانگـدا نیشـانەی سـنوور لەنێـوان سـتوونەکانی ١٤ و ١٥ دابنێـن.

**ج/** هەردوو لای پەیمانبەستوو هاوکاری دەکەن بۆ دانانی وێنەی ئاسمانیی تایبەت بە سنووری وشکانیی عێراق - ئێران، بە مەبەستی بەکارهێنانیان بۆ وێنەکێشانی ئەو هێڵی سنوورانەی، کە لەمەوپێش باسکران لەسەر نەخشە بە پێوانەی ٢٥٠٠٠/١ لەگەڵ نیشانەکردنی ستوونەکان، هەموو ئەمانە لە ماوەیەک کە لە ساڵێک تێپەڕ نەکات لە ٢٠ی ئاداری ١٩٧٥هوە، بێ ئەوەی کار بکاتە سەر بارودۆخی پەیماننامەکە کە ئەم پرۆتۆکۆلە بەشێکی لێک جیا نەبووەوەی پێک دەهێنێت و دەست بەجێبەجێکردنی دەکرێت و لە ئەنجامی ئەوەشدا کۆنووسە وەسفکارییەکەی سنووری وشکانی کە لە بڕگە (٥)ی سەرەوەدا باسکراوە هەموار دەکرێتەوە و ئەو نەخشانەی کە بە گوێرەی ئەحکامی بڕگە (ج)ی ئێستا دانراون، جێگەی هەموو نەخشەکانی تر دەگرنەوە کە هەن.

**ماددەی دووەم:** سنووری نێودەوڵەتی نێوان عێراق و ئێران پێڕەوی ئەو هێڵە دەکات کە لە کۆنووسە وەسفکارییەکەدا بەیانکراوە و لەسەر نەخشە ناوبراوەکان یەک لە دوای یەک لە بڕگە (٥) و (٦)ی ماددەکەی سەرەوە وێنە کێشراوە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بڕگەی (أ).

**ماددەی سێیەم:** ئەو هێڵی سنوورەی کە لە ماددەی یەکەم و دووەمی ئەم پرۆتۆکۆلەدا پێناسەکراوە، هەروەها بە ئاراستەی ستوونی بواری ئاسمانی و ناخی زەوی دیاری دەکرێت.

**ماددەی چوارەم:** هەردوو لا لێژنەیەکی هاوبەشی عێراقی ئێرانی پێکدەهێنن بۆ یەکلاییکردنەوەی موڵک و ماڵی نەگوێزراوە و بینا و دامەزراوەی هونەری یان هی تر، کە شوێنی موڵکایەتییەکەی لە ئەنجامی دووبارە نەخشەکێشانی سنووری وشکانی عێراقی و ئێرانی دەگۆڕێت، بە گیانی دراوسێ دۆستی و هاوکاری یان بە ڕێگەی پاککردنەوە یان بە ڕێگەی بۆ بژاردن یان بە شێوەیەکی گونجاوی تر، ئەمەش بۆ خۆ دوورخستنەوە لە هەر سەرچاوەیەکی ناکۆکی.

لێژنەی ناوبراو لە ماوەی دوو مانگدا باری موڵک و ماڵە گشتییەکان یەکلادەکاتەوە، بەڵام سەبارەت بەو داواکارییانەی پێوەندییان بە موڵک و دارایی تایبەتییەوە هەیە، ئەوا لە ماوەیەک کە لە دوو مانگ تێپەڕ نەکات پێشکەش بە لێژنەکە دەکرێت، دەبێ ئەوەش بزانرێت کە یەکلاییکردنەوەی ئەو موڵک و داراییە تایبەتییانە لە ماوەی سێ مانگی دوای ئەوە تەواو دەکرێت.

**ماددەی پێنجەم:**

١. لێژنـەی تێکـەڵ لـە دەسـەڵاتدارانی تایبەتمەنـدی هـەردوو دەوڵـەت بـۆ مەبەسـتی دۆزینـەوەی سـتوونەکانی سـنوور و دڵنیابـوون لـە حاڵەتـی ئـەو سـتوونانە پێکهـات و هەمـوو سـاڵێکیش لـە مانگـی ئەیلـوول، ئـەو کەشـفە لـە لایـەن لێژنـەی ناوبـراو لــە پێشــەوە بەپێــی خشــتەیەکی زەمەنــی کــە لێژنەکــە لــە کاتێکــی شــیاودا دایدەنێــت، دەکرێتــەوە.

٢. هـەر یەکێـک لـە دوو لای پەیمانبەسـتووەکان دەشـێ بـۆ لایەکـەی تـر بنووسـێت کــە لێژنەکــە لــە هــەر کاتێکــدا کەشــفێکی زیاتــری ســتوونەکان بــکات. لــەم حاڵەتەشــدا لــە مــاوەی ســێ ڕۆژ لــە مێــژووی پــێ ڕاگەیاندنەکــەدا ئەنجــام دەدرێــت.

٣. لێژنــە هاوبەشــەکە لــە حاڵەتــی کەشــفەکەدا کۆنووســی پێوەنــد بــەوە دەنووسـێت و دوای واژووکردنــی لــە لایــەن لێژنەکــەوە، بەرزدەکرێتــەوە بــۆ دەسـەڵاتدارانی تایبەتمەنـد لـە هـەردوو دەوڵـەت و لێژنەکـە بـۆی هەیـە لـە کاتـی پێویسـتدا بڕیـاری دروسـتکردنی سـتوونی تـازە بـدات بـە هەمـان شـێوەی سـتوونەکانی ئێسـتایان، بـە مەرجێـک ئەمـە نەبێتـە هـۆی گۆڕانـی تێپەڕانـدنی هێڵـی سـنوور. لـەم حاڵەتەشـدا پێویسـتە دەسـەڵاتدارانی تایبەتمەنـدی هـەردوو دەوڵـەت لـە سـتوونەکان و تانوپۆیەکانیـان لەسـەر نەخشـە و ئـەو بەڵگەنامـە پێوەندیدارانــەی لــە مــاددەی یەکەمــی ئــەم پرۆتۆکۆڵــەدا هاتــوون دڵنیــا بــن. ئـەو دەسـەڵاتدارانەش ئـەو سـتوونانەی لـە پێشـەوە باسـکران، بـە سەرپەرشـتی لێژنــەی تایبەتمەنــد دادەنێــن و دەســەڵاتدارانی تایبەتمەنــد بــۆ هــەر یەکێــک لـە دوو دەوڵەتەکـە بـۆ ئـەوەی بخرێتـە سـەر ئـەو بەڵگەنامانـەی لـە مـاددەی یەکەمــی ئــەم پرۆتۆکۆڵــەدا بــاس کــراون.

٤. هــەردوو لای پەیمانبەســتوو پێکــەوە پــارەی تێچــووی پاراســتنی ســتوونەکان دەخەنــە ئەســتۆی خۆیــان.

٥. پێویسـتە لێژنـە تێکەڵەکـە بـاری سـتوونە گوێـزراوەکان بگێڕێتـەوە بـۆ شـوێنەکانی خۆیــان و ســتوونە شــکێنراو و ونبــووەکان دووبــارە دروســت کاتــەوە، ئەمــەش لەســەر بنچینــەی ئــەو نەخشــە و بەڵگەنامانــەی لــە مــاددەی یەکەمــی ئــەم پرۆتۆکۆڵــەدا ناویــان هاتــووە لەگــەڵ پەرۆشــی بــۆ نەگۆڕینــی شــوێنی ئــەو سـتوونانە لـە هیـچ حاڵەتێکـدا و لێژنـە تێکەڵاوەکـە لـەو حاڵەتانـەدا کۆنووسـێک

لـە بـارەی ئـەو کارانـەی تەواوکـراون، بکرێتـە پاشـبەند و بخرێتـە سـەر ئـەو بەڵگەنامانـەی لـە مـاددەی یەکەمـی ئـەم پرۆتۆکۆڵـەدا باسـکراون.

٦. دەسـەڵاتدارە تایبەتمەندەکانـی هـەردوو حکومـەت، زانیاریـی پێوەندیـدار بـە حاڵەتـی سـتوونەکان ئاڵوگـۆڕ دەکـەن، بـۆ دابینکردنـی باشـترین هـۆ و ڕێگـە بـۆ پاراسـتن و چاککردنەوەیـان.

٧. هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو بەڵێـن دەدەن هەمـوو کار و ئامادەییـەک بکـەن بـۆ دابینکردنـی پاراسـتنی سـتوونەکان و دادگەییکردنـی ئـەو کەسـانەی ئـەو سـتوونانەیان کـە لـە پێشـەوە باسـکران لـە شـوێنی خۆیـان گواسـتووەتوە یـان خراپیـان کـردووە یـان تێکیـان شـکاندووە.

**ماددەی شەشەم:**

هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو ڕێککەوتـن لەسـەر ئـەوەی کـە ئەحکامـی ئـەم پرۆتۆکۆڵـە بەبـێ هیـچ خـۆ پارێزییـەک واژووکـراوە، لـە ئێسـتە بـە دواوە هـەر مەسـەلەیەکی سـنووری لـە نێـوان عێـراق و ئێـران ڕێکدەخـات.

**لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥ لە بەغدا نووسراوە.**

## پرۆتۆکۆلی پێوەندیدار بە ئاسایش لەسەر سنووری عێراق - ئێران

عەبـاس عەلـی خەلعەتبـەری - وەزیـری دەرەوەی ئێـران - سـەعدون حەمـادی وەزیـری دەرەوەی عێـراق، بـە ئامادەبوونـی سـیادەی عەبدولعەزیـز بوتەفلیقـەی ئەندامـی ئەنجوومەنـی شـۆڕش، وەزیـری دەرەوەی جەزایـر واژووکـرا.

بەپێـی ئـەو بڕیارانـەی ڕێککەوتنـی مێـژووی ٦ی ئـاداری ١٩٧٥ی جەزایـر گرتوونییـە خـۆ و لەبـەر بایەخدانـی هـەردوو دەوڵـەت بـە گەڕاندنـەوەی ئاسـایش و بـڕوا بـە یەکترکـردن بـۆ ئەسـڵی خۆیـان، بـە درێژایـی سـنووری هاوبەشـیان و لەبـەر نیازهێنانیـان بـۆ پێڕەوکردنـی چاودێرییەکـی تونـد و بـەکار لەسـەر ئـەو سـنوورانە لـە پێنـاوی وەسـتاندنی هەمـوو ڕووداوێکـی خۆدزینـەوەی تێکدەرانـە و پێکەوەنانـی هاوکارییەکـی پتـەو لـە نێوانیانـدا بـۆ ئـەم مەبەسـتە و ڕێگەگرتـن لـە هەمـوو کارێکـی خۆدزینـەوە یـان تێپەڕینـی ناشـەرعی، لـە سـنووری هاوبەشـیاندا بـە مەبەسـتی تێکـدان و یاخیبـوون و سەرکێشـی و بـە ئاماژەکـردن بـە پرۆتۆکۆلـی مێژوویـی ١٥ی ئـاداری ١٩٧٥تـاران و کۆنووسـی کۆبوونـەوەی وەزیرانـی دەرەوە کـە لـە بەغـدا لـە مێـژووی ٢٠ی نیسـانی ١٩٧٥ واژووکـراوە و کۆنووسـی کۆبوونـەوەی وەزیرانـی دەرەوە کـە لـە مێـژووی ٢٠ی ئـاداری ١٩٧٥ لـە جەزایـر واژووکـراوە.

هەردوو لای پەیمانبەستوو لەسەر ئەم ئەحکامانەی خوارەوە ڕێککەوتن:

**ماددەی یەکەم:**

١. هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو ئـەو زانیارییانـە پێـک دەگۆڕنـەوە کـە تایبەتـن بـە جووڵانـەوە و هەڵسـوکەوتی ئـەو ڕەگـەزە تێکدەرانـەی لەوانەیـە هەوڵـی خۆدزینـەوە بـدەن بـۆ نێـو یەکێـک لـەو دوو وڵاتـە، بـە مەبەسـتی ئەنجامدانـی کاری تێکـدان یـان یاخیبـوون یـان سەرکێشـی لـەو وڵاتـەدا.

٢. هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو ئـەو کارە گونجاوانـە ئەنجـام دەدەن کـە پێوەندییـان بـەو ڕەگەزانـەوە هەیـە کـە لـە بڕگـەی یەکەمـی ئـەو ماددەیـەدا ئامـاژەی پێکـرا.

هـەر یەکەیـان دەسـبەجێ لایەکـەی تـر لـە پێناسـەی ئـەو کەسـانە ئـاگادار دەکاتـەوە و ئـەوەی ڕێککەوتنیشـی لەسـەر کـراوە ئەوەیـە؛ کـە هەردووکیـان هەمـوو شـێوازێک بەکاردێنـن بـۆ ڕێگەگرتـن لـە ئەنجامدانـی کاری تێکـدان و هەمـان ڕێگـەکار دەگیرێتـە بـەر بەرانبـەر ئـەو کەسـانەی ڕەنگـە لەنێـو هەرێمـی یەکێـک لـە دوو لا پەیمانبەسـتووەکەدا، بـە مەبەسـتی ئەنجامدانـی کاری ڕووخانـدن و تێکـدان

لـە هەرێمەکـەی تـر کۆببنـەوە.

**مـاددەی دووەم:** هـاوکاری هەمەشـێوە کـە لـە نێـوان دەسـەڵاتدارە تایبەتمەندەکانـی هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو پێکهێـنرا، لـە بـارەی داخسـتنی سـنوور بەمەبەسـتی نەهێشـتنی خۆدزینـەوەی کەسـانی تێکـدەر لەسـەر ئاسـتی دەسـەڵاتدارانی سـنوور بـۆ هـەردوو وڵات، پێـی پابەنـد دەبـن و بـەردەوام دەبێـت تـا دەگاتـە بەرزتریـن ئاسـتی وەزیرانـی بەرگـری و دەرەوە و نـاوەوەی هـەردوو وڵات.

**مـاددەی سـێیەم:** هەروەهـا دەرووەکانـی خۆدزینـەوە نیشـانکران کـە دەشـێن بـۆ ئـەوەی کەسـانی تێکـدەر دزەیـان لێـوە بکـەن:

١. سـنووری باکـوور: لەخاڵـی یەکتربـڕی سـنووری عێـراق - تورکیـا - ئێرانـەوە تـا خانەقیـن - قـەسری شـیرین ((نـاوەوە)) ٢١ خـاڵ.

٢. سـنووری باشـوور: لـە خانەقیـن - قـەسری شـیرین ((دەرەوە)) و تـا کۆتایـی سـنووری عێـراق - ئێـران ١٧ خـاڵ.

٣. ئـەو خاڵانـەی خۆدزینـەوە کـە لـە سـەرەوە باسـکران لـە پاشـبەندەکەدا بەیانکـراون.

٤. هـەر خاڵێکـی تـر کـە لەوانەیـە بدۆزرێتـەوە و پێویسـت بـە داخسـتن و چاودێـری بـکات، دەچێتـە نێـو جـۆری خاڵـە دیاریکراوەکانـی سـەرەوە.

٥. هەمـوو ئـەو خاڵـە سـنووریانەی پێـدا تێپەڕبـوون، جگـە لەوانـەی ئێسـتا لەژێـر چاودێـری دەسـەڵاتدارانی گومرگـدان، هەمـوو پێداڕۆیشـتنێکیان تێـدا قەدەغەیـە.

٦. لەبـەر پەرەسـەندنی پێوەندیـی هەمەشـێوە لەنێـوان هـەردوو وڵاتـی دراوسـێدا، هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتـن کـە لـە پاشـەڕۆژدا بـە ڕەزامەندیـی هـەردوو لا خاڵـی تـری تێپەڕیـن بکرێتـەوە و لەژێـر چاودێریـی دەسـەڵاتدارانی گومـرگ بێـت.

**ماددەی چوارەم:**

١. هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو بەڵێنـی ئـەوە دەدەن کـە هـۆی مرۆیـی و ماددیـی پێویسـتە تەرخـان بکـەن بەمەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی سـنوور داخسـتن و چاودێریکردنـی بەشـێوەیەکی کارایانـە، بـە جۆرێـک کـە ڕێگـە لـە دزەکردنـی هەمـوو کەسـێکی تێکـدەر بگرێـت لـەو خاڵانـەی تێپەڕیـن کـە لـە مـاددەی

سـێیەمی سـەرەوەدا بـاس کـراون.

٢. لـەو حاڵەتانەشـدا کـە ئەگـەر شـارەزایان لـە ئەنجامـی شـارەزایی پەیداکردنیـان لـە بابەتەکـە وایـان دانـا، کـە دەبێـت تەگبیـر بکرێـت بـۆ کاری پێویسـت و لـە حاڵەتـی ڕوودانـی ناکۆکـی لـە نێـوان دەسـەڵاتدارانی سـنووردا، ئـەوا سـەرۆکە پێوەندیـدارە کارگێڕییـەکان کـۆ دەبنـەوە ئینجـا چ لـە بەغـدا بێـت یـان لـە تـاران، بـۆ نزیککردنـەوەی نێـوان دیـد و بۆچوونیـان و تۆمارکردنـی ئەنجامـی کۆبوونەوەکانیـان لـە کۆنووسـێکدا.

**ماددەی پێنجەم:**

١. ئـەو کەسـە تێکدەرانـەی دەسـگیر دەکرێـن دەدرێنـە دەسـت دەسـەڵاتدارانی لایەکـەی تـر کـە لـە هەرێمەکەیـدا ئەوانـە دەسـگیر کـراون و یاسـای کارپێکـراو پیـادە دەکرێـت.

٢. هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو ئـەو کارانـەی بەرانبـەر ئـەو کەسـانەی لـە بڕگـەی (١)دا ئاماژەیـان پێکـراوە، ئەنجـام دراون بـە گۆڕینـەوە دەیانـدەن بـە یەکـتر.

٣. لـە حاڵەتـی بەزانـدنی سـنوور لـە لایـەن کەسـانی تێکـدەر و ڕاکـردوو، ئـەوا بـە پەلـە بـە دەسـەڵاتدارانی وڵاتەکـەی تـر ڕادەگەیەنرێـت، تـا بـە پەلـە ڕێگـەکاری پێویسـت و خێـرا بگرێتـە بـەر، بـۆ یارمەتیدانـی دەسگیرکردنی ئـەو کەسـانەی لـە پێشـەوە باسـکراون.

**مـاددەی شەشـەم:** دەشـێ لـە کاتـی پێویسـتدا و بـە ڕێککەوتـن لـە نێـوان هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو، بڕیـاری ناوچـەی قەدەغەکـراو بـدەن لـە پێنـاوی ڕێگەگرتـن لـە کەسـانی تێکـدەر نەبـادا مەبەسـتەکانیان وەدی بهێنـن.

**مـاددەی حەوتـەم:** لێژنەیەکـی تێکـەڵاوی پێکهاتـوو لـە سـەرۆکی یەکـە کارگێڕییـە سـنووریەکان و لـە نوێنەرانـی وەزارەتـی دەرەوەی هـەردوو وڵات پێـک دەهێنرێـت، بـە مەبەسـتی پێکهێنـان و پەرەپێدانـی هاوکاریـی بەکەڵـک و بـە گۆڕینـەوە بـۆ هـەردوو لا و لێژنەکـەش سـاڵانە دوو کۆبوونـەوە دەکات لـە سـەرەتای هەمـوو نیـوەی سـاڵێک بەپێـی ڕۆژژمێـر گریگـۆری.

دەکرێ لەسـەر داوای یەکێـک لـە هـەردوو لایەکـە کۆبوونـەوەی نائاسـایی بکرێـت، بـە مەبەسـتی توێژینـەوەی باشـترین بەکارهێنانـی هۆیـە واتایـی و ماکییـەکان بـۆ

سـنوور داخسـتن و چاودێریکردنـی، هەروەهـا کارایـی چـاک پیادەکردنـی ئەحکامـە بنەڕەتییـەکان بـۆ ئـەو هاوکارییـەی لـەم پرۆتۆکۆلـەدا دەقبەندیـی لەسـەر کـراوە.

**مـاددەی هەشـتەم:** ئەحکامـی ئـەم پرۆتۆکۆلـە کـە پێوەندیـدارە بـە سـنوور داخسـتن و چاودێریکردنـی بـە لای ئەحکامـی ئـەو ڕێککەوتننامـە تایبەتییانـەوە ناچێت، کـە لـە نێـوان عێـراق و ئێرانـدا بەسـتراون و پێوەندییـان بـە مافـی لەوەڕانـدن و قومیسـێریی سـنوورەوە هەیـە.

**مـاددەی نۆیـەم:** بەمەبەسـتی مسـۆگەرکردنی ئاسایشـی سـنووری هاوبـەش لـە شـەتلعەرەب و ڕێگەگرتـن لـە دزەکردنـی کەسـانی تێکـدەر لـە هـەردوولا، هـەردوو لای پەیمانبەسـتوو ڕێـکاری گونجـاو دەگرنـە بـەر و بـە تایبەتیـش بـە هەرێمکردنـی مەڵبەنـدی چاودێـری و بەلەمـی پاسـەوانییان پـێ دەدرێـت.

عەبـاس عەلـی خەلعەتبـەری - وەزیـری دەرەوەی ئێـران - سـەعدون حەمـادی وەزیـری دەرەوەی عێـراق، بـە ئامادەبوونـی سـیادەی عەبدولعەزیـز بوتەفلیقـەی ئەندامـی ئەنجوومەنـی شـۆڕش، وەزیـری دەرەوەی جەزایـر واژووکـرا.

**سێیەم: دەقی ئەو نامانەی لە نێوان هەردوو وەزیری دەرەوەدا ئاڵوگۆڕ کراون:**

**(١)**

وەزیری بەڕێز

شـەرەفمەندم بـەوەی بـۆ سیادەتتانی دووپات بکەمـەوە کـە بـە پێـی ڕێککەوتنمان لـە ڕۆژی واژووکردنـی ئـەو پەیماننامەیـەی پێوەندیـی بەسـنووری نێودەوڵەتـی و دراوسـێ دۆسـتیی نێـوان عێـراق و ئێـران و سـێ پرۆتۆکۆلـەکان و پاشـبەندەکانیانەوە هەیـە، ڕێککەوتننامـە ناوبـراوەکان ئەمانـەی خـوارەوەن:

١. ڕێککەوتن لەبارەی کەشتیوانییەوە لە شەتلعەرەب.

٢. ڕێککەوتن لە بارەی مافی لەوەڕاندن.

٣. ڕێککەوتن لەبارەی زێیە سنوورییەکان.

٤. ڕێککەوتن لەبارەی ماف و دەسەڵاتەکانی قومیسێرەکانی سنوورەوە.

دەبـێ لـە یەککاتـدا لـە نێـوان هـەردوو لای بـاڵای پەیمانبەسـتوو لـە ماوەیـەک

کـە لـە سـێ مانـگ تێنەپەڕێـت لـە ئیعتیبـاری ئەمـڕۆوە، دابنرێـت و واژوو بکرێـن.

سیادەتی وەزیر هیوام وایە زیاترین ڕێزم قبووڵ بفەرموون

عەباس عەلی خەلعەتبەری

وەزیری دەرەوەی ئێران

**(٢)**

وەزیری بەڕێز

شـەڕەفمەند دەبـم پێتـان ڕابگەیەنـم کـە نامەکـەی مێـژووی ١٣ی حوزەیرانـی ١٩٧٥تانـم وەرگـرت و ئـەوەش دووپـات بکەمـەوە کـە بەپێـی ڕێککەوتنـمان لـە کاتـی واژووکردنـی پەیماننامـەی سـنووری نێودەوڵەتـی و دراوسـێ دۆسـتی لـە نێـوان ئێـران و عێراقـدا و سـێ پرۆتۆکۆلەکـەی و پاشـبەندەکانی و ئـەو ڕێککەوتننامـە نێوبراوانـەی خـوارەوە ئەمانـەن:

١. ڕێککەوتن لەبارەی کەشتیوانییەوە لە شەتلعەرەب.

٢. ڕێککەوتن لە بارەی مافی لەوەڕاندن.

٣. ڕێککەوتن لەبارەی زێیە سنوورییەکان.

٤. ڕێککەوتن لەبارەی ماف و دەسەڵاتەکانی قومیسێرەکانی سنوورەوە.

دەبـێ لـە یەککاتـدا لـە نێـوان هـەردوو لای بـاڵای پەیمانبەسـتوو لـە ماوەیـەک کـە لـە سـێ مانـگ تێنەپەڕێـت لـە ئیعتیبـاری ئەمـڕۆوە، دابنرێـت و واژووبکرێـن.

هیوام وایە، سیادەتی وەزیر، ئەوپەڕی ڕێزم قبووڵ بفەرموون.

سەعدون حەمادی وەزیری دەرەوەی عێراق

**(٣)**

١٣ حوزەیرانی ١٩٧٥

وەزیری بەڕێز

شـەڕافەتمەندم بـۆ سـیادەتتانی دووپـات بکەمـەوە کـە بەپێـی ئـەو ڕێککەوتنـەی ئەمـڕۆ پێـی گەیشـتین، وا پێویسـت دەکات کـە هـەردوو لای بـاڵای پەیمانبەسـتوو لـە ماوەیـەک، کـە لـە سـاڵێک تێپـەڕ نـەکات هەمـوو ئـەو شـتە ناسەرەکییانە(شـکلیات)

ئەنجام بدەن کە پێوەندییان بەڕێکاری پەسندکردنی پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێ دۆستیی نێوان ئێران و عێراق و سێ پرۆتۆکۆلەکە و پاشکۆکانیانەوە هەیە، بەپێی یاسای ناوخۆیی هەر لایەک.

سیادەتی وەزیر باڵاترین ڕێزم قبووڵ بفەرموون.

عەباس عەلی خەلعەتبەری

وەزیری دەرەوەی ئێران

**(٤)**

١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥

وەزیری بەڕێز

شەرافەتمەندم پێتان ڕابگەیەنم کە نووسراوی مێژوویی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥تانم وەرگرت و ئەوە دووپات بکەمەوە کە لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنەی ئەمڕۆ ئەنجام درا، هەر لایەکی پەیمانبەستوو بەڵێنی ئەوە دەدات کە لە ماوەیەک ئەو پەڕەکەی یەک ساڵ بێت، هەموو کارە ناسەرەکییەکانی پێوەندیدار بە ڕێگەکاری پەسندکردنی پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێ دۆستی لە نێوان ئێران و عێراق و هەر سێ پرۆتۆکۆلەکەی و پاشکۆکانی بەپێی یاسای ناوخۆی هەر لایەک جێبەجێ دەکات.

سیادەتی وەزیر باڵاترین ڕێزم قبووڵ بفەرموون.

سەعدون حەمادی

وەزیری دەرەوەی عێراق

## شای ئێران و ڕێککەوتننامەی جەزاییر

شـای ئێـران زیاتـر بـە دوای بەرژەوەندییەکانـی خـۆی بـوو، لـەوەش دەترسا، شـەڕی نێـوان حکومەتـی عێـراق و شۆڕشـی ئەیلـوول، بگـۆڕێ بـۆ شـەڕی نێـوان ئێـران و عێـراق، دواجـار ئـەوەی دەیویسـت سـەدام حوسـێن، وەک دەڵێـن لەسـەر سـینیەکی زێـڕ خسـتییە بندەسـت، ئەمانـەش بەشـێک لـە هۆکارەکانـی ئـەو ڕێککەوتنـە بـوو:

١. هاوکاریکردنـی شۆڕشـی کـورد پێویسـتی بـە هـاوکاری مـاددی و مەعنـەوی هەیـە، بـە تایبـەت دوای ئـاداری ١٩٧٤، چونکـە شـەڕ هەڵگیرسـایەوە لـە نێـوان حکوومەتـی عێراقـی و شۆڕشـی کـورد.

٢. هـاوکاری و پشـتیوانی لـە کـورد و شۆڕشـەکەی لـە ڕووی سیاسـیەوە، دەسـکەوتێکی ئەوتـۆی نییـە بـۆ ئێـران، چونکـە کوردسـتان دەوڵـەت نییـە، تـا بتوانـێ هاوپەیمانـی لەگـەڵ ببەسـتێت.

٣. بـەو هاوکاریـە سـەربازی و ماددییانـەی ئێـران بۆ شۆڕشـی کـورد، ئێران ڕادەکێشـێت بـۆ شـەڕی نێـوان ئێـران و عێراق.

٤. شـای ئێـران بـە پێویسـتی زانـی دەسـتکەوتێك بەدەسـت بهێنێـت بـۆ ئێـران، تـا متمانەیـان زیاتـر بـە شـا هەبێـت، ئـەوەش تەنیـا لەگـەڵ عێـراق دەکرێـت بـە پێدانـی هەندێـک ناوچـەی سـنووری بـە تایبـەت لـە باشـووری عێـراق تـا دەگاتـە کەنـداوی عـەرەب.

٥. شـای ئێـران گەیشـتە ئـەو بـاوەڕە کـە ئیـتر ناتوانێـت کودەتـا بەسـەر حزبـی بەعسـدا بـکات، چونکـە ڕۆژبـەڕۆژ حزبـی بەعـس بەهێزتـر دەبـوو، بـە تایبـەت دوای ڕێککەوتنـی نێـوان یەکێتـی سـۆڤیەت و عێـراق، حزبـی بەعـس زیاتـر بەهێـز بـوو.

٦. شـای ئێـران بـاوەڕی بـەوە بـوو کـە لـەوە زیاتـر هـاوکاری کـورد هیـچ سـوودێکی بـۆ ئێـران نابێـت، چونکـە حزبـی بەعـس تـەواو خـۆی قایـم کـرد لـە دەسـەڵات.

٧. بەهێزبوونـی سـوپای ئێـران وای لـە شـای ئێـران کـرد، ئیـتر پێویسـتی بـە شۆڕشـی کـورد نییـە لـە ڕووی هێـزەوە، تـا هاوسـەنگی هێـزی پـێ ڕابگرێـت لەگـەڵ سـوپا عێـراق.

٨. بەهـۆی بەرزبوونـەوەی نرخـی نـەوت، پێگـەی ئێـران بەهـۆی ئـەو نەوتـە زۆرەی هەنـاردە دەکـرد، بەرزتـر بـووەوە، ئـەوە وای لـە دەسـەڵاتدارانی ئێـران کـرد، ئیـتر

پێویستیان بە هێزی شۆڕشی کورد نییە بۆ پارێزگاری لە سنوور و ئاسایشی ئێران.

٩. دوای هاتنی تۆپخانە و دژە ئاسمانی ئێرانی، فەرماندەکانی ئەو هێزانە بەردەوام ڕاپۆرتیان دەنارد بۆ سەرووی خۆیان، ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکانیان وابوو کە پێشمەرگە شەڕی دروستی ناکات لە بەرانبەر سوپای عێراق.

١٠. لە بەردەوامی هێرشەکانی سوپای عێراق و پاشەکشەی هێزەکانی شۆڕشی کورد، دەبێت سوپای ئێران هێزی زیاتر بنێرێت بۆ هاوکاری شۆڕشی کورد، بەوەش ئێران ڕادەکێشێتە شەڕی نێوان سوپاکەی و سوپای عێراق کە ئەوەش ئاشکرایە لە بەرژەوەندی ئێران نییە.

١١. عێراق دەستبەرداربوونی گەورەی پێشکەش بە شای ئێران کرد بە پێدانی نیوەی ئاوی کەنداوی عەرەب(شط العرب)، ئەوەش وای لە شای ئێران کرد کە زەحمەتە دەستبەرداری ئەو سەروەتە گەورەیە ببێت بە ئاسانی.

١٢. ئەو ناکۆکیانەی لە نێوان ئێران و عێراق هەبوون، بە تایبەت دوایین هەوڵی شکستخواردووی دەست لەپشتدانی کودەتای ساڵی ١٩٧٠ بەسەر حکوومەتی عێراقی، وای لە ئێران کرد ئیتر واز لەو ناکۆکیانە بهێنێت.

١٣. دوای ساڵێك شەڕکردن لە دژی شۆڕشی کورد، شای ئێران هەستی بەوە کرد کە یەکێتی سۆڤیەت ڕێگا نادات حکوومەتی عێراقی بە سەرۆکایەتی حزبی بەعس .

١٤. دەزگای هەواڵگری ئێرانی چەندین کەسی لە نێو ڕیزەکانی سوپای عێراق کردبوو بە بەکرێگیراوی خۆی، لەو ڕاپۆرتانەی کە بۆ دەزگای ناوبراویان دەنارد کە سوپای عێراق زیانی زۆری ماددی و مەعنەوی لێکەوتووە، حکوومەتی عێراقی دوو ئەگەری لەبەردەمدا هەیە، ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران یان ڕێککەوتن لەگەڵ کورد، ئیتر ئێران هەوڵ بدات ئەوە لە بەرژەوەندی خۆی کۆتایی پێبهێنێت بە ڕێککەوتن لەگەڵ عێراق.

١٥. بە بڕوای شا ئەگەر لەگەڵ عێراق بگات بە ڕێککەوتن، ئیتر عێراق پێویستی بەو چەکانە نابێت و ئەوەندە نزیك نابێت لە یەکێتی سۆڤیەت و سۆڤیەتیش ئەو پێگەیەی نامێنێت لە ناوچەکە.

١٦. شای ئێران لە ساڵی ١٩٧٥ گەیشتە ئەو بیروڕایەی بەو ڕێککەوتنە لەگەڵ

عێــراق، پێگــەی خــۆی گەورەتــر دەکات لــە جیهــان، بەتایبەتــی دوای ئــەوەی عێـراق بـە داواکانـی ئێـران ڕازی دەبێـت.

١٧. بـە شـکان و کۆتایهاتنـی شۆڕشـی ئەیلـوول، ئیـتر هیـچ هۆکارێـك نامێنیـت، تـا شـا فشـار بخاتـە سـەر عێـراق و بـە داواکانـی شـا ڕازی ببێـت و وا لـە عێـراق بـکات، هەمـوو شـتێك لـە ئێـران قبـووڵ بـکات.

١٨. شـای ئێـران بـە هـۆی ئەنـوەر سـاداتی سـەرۆکی میـسر کـە یەکێـك بـوو لەوانـەی زۆر هەوڵــی نزیککردنــەوەی عێــراق و ئێرانــی دەدا، ئــەو هەوڵانــەی شۆڕشــی ئەیلوولـی بـۆ بەدەرکـەوت کـە نیـازی نزیکبوونەوەیـان هەیـە لەگـەڵ عێـراق و کۆتـای بـە شـەڕ بهێـت.

١٩. بـە هـۆی ئـەو ڕێککەوتنـە، ئیـتر عێـراق وەکـو پێشـووتر ناتوانێـت هـاوکاری حزبـە ئۆپوزسـیۆنە ئێرانییـەکان بـکات.

## ئەنجام و کاریگەرییە خراپەکانی ڕێککەوتننامەی جەزاییر

ڕێککەوتنی نێوان شای ئێران و سەدام حوسێن، کە خاک بەرامبەر پشتکردن لە شۆڕشی ئەیلوول، بە کاتی کۆمەڵێک کاریگەری نەرێنی دانا، لەوانە:

١. ئەو ڕێککەوتنە وای لە مستەفا بارزانی کرد کە بڕیاری کۆتایی بدات بە کۆتایهێنان بە شۆڕش بۆ ماوەیەکی کاتی، تا دەرفەتی گونجاو ببێت و دووبارە شۆڕش دەستپێبکاتەوە، چونکە زیاتر بەرگریکردن، واتا زیانی زیاتر بە خەڵك و خاکی کوردستان.

٢. لە ئەنجامی ڕێککەوتنی جەزاییر و کۆتایی هاتن بە شۆڕشی ئەیلوول، لیکجیابوونەوە لە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوویدا، کە بووە هۆی دروستبوونی پارتی دیکە و بەجێهێشتنی هەندێک لە بەرپرسەکانی سیاسی و سەربازی ئەو پارتە.

٣. بە لێکجیابوونەوەی هەندێک لە کەسایەتیە باڵاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دروستبوونی پارتی نوێ، سەردەمێکی نوێ دروست بوو ئەویش سەردەمی فرە حزبی بوو.

٤. حکوومەتی عێراق خەڵکێکی زۆری لە شوێنی خۆی دوورخستەوە بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق، تا نەتوانن شۆڕش بەرپا بکەنەوە و ئاگاداری هیچ جموجوڵێکی سەرکردایەتی شۆڕشی کۆتاییهاتوو نەبن.

٥. دوای لێکجیابوونەوە و دروستبوونی پارتی نوێ، هەر سێ حکوومەتی عێراق و ئێران و تورکیا هەوڵی خۆیان خستەگەڕ بۆ نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لە نێوان پارت و کەسایەتیە کوردستانییەکان.

٦. بە بەستنی ئەو ڕێککەوتننامەیە، شای ئێران توانی گورزێکی گەورە لە شۆڕشی ئەیلوول بە ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی بدات، ئەوەش وەکو تۆڵەیەك لە مستەفا بارزانی کە پێشووتر لە دژی بنەماڵەی شا و ئێران شەڕی کردبوو لە سەردەمی کۆماری مهاباد.

٧. لەو بارودۆخەی ئێستا کە ڕێککەوتن هەیە لە نێوان عێراق و ئێران، بەو شێوەیە کورد بۆ ماوەیەکی درێژ ناتوانێت شۆڕشێکی تر وەکو شۆڕشی ئەیلوول بەرپا بکاتەوە بۆ بەدەستخستنی مافە ڕەواکانی گەلەکەی.

٨. بە هەرەسهێنانی شۆڕش، وڵاتانی هاوکار و پشتوانی شۆڕش هیوابڕاو دەبن و

ئیتر پاڵپشتی دۆزی کورد نابن لەو کاتەدا، چونکە ئیتر کەسێك نەما بە ناوی شۆڕش لەپێناو بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد.

٩. حکوومەتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا هاوکار و هەماهەنگی یەکتر دەبن لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر جووڵانەوەیەکی کوردی لە ناوچەکە.

## لیستی ناوی ئەفسەرانی بەشداربووی شۆڕشی ئەیلوول

| ژ | پلە | ناو | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | عەقید ڕوکن | کافی محەمەد نەبەوی | |
| ٢ | عەقید | بەکر عەبدولکەریم حەویزی | |
| ٣ | عەقید | جەلال محەمەد باڵەتەیی | |
| ٤ | عەقید | جەلال حەمەدئەمین بەگ | |
| ٥ | عەقید | شێخ ڕەزا گوڵانی | |
| ٦ | عەقید | شێخ ساڵح بەرزنجی | |
| ٧ | عەقید | شێخ قادر بەرزنجی | |
| ٨ | عەقید | تەها مستەفا بامەڕنی | |
| ٩ | عەقید | نوری ئەحمەد تەها | |
| ١٠ | عەقید | عەبدولڕەحمان قازی | |
| ١١ | عەقید | نوری مەلا مەعروف | |
| ١٢ | عەقیدی پزیشك | حیکمەت قزموز | کریستیان |
| ١٣ | عەقید | غەزبان سەعد | شیوعی |
| ١٤ | موقەدەم ڕوکن | عەزیز ڕەشید ئاکرەیی | |
| ١٥ | موقەدەم | سەلیم فەخری | |
| ١٦ | موقەدەم | عەبدوڵڵا تۆفیق | |
| ١٧ | موقەدەم | فەوزی نەشئەت | |
| ١٨ | موقەدەم | مەحمود سامی | شیوعی |
| ١٩ | موقەدەم | نافیز جەلال حەوێزی | |
| ٢٠ | موقەدەم | نامیق عەبدوڵڵا کۆیی | |
| ٢١ | موقەدەم | نوری مەلا حەکیم | |
| ٢٢ | ڕائد | بەکر عەبدولکەریم حەوێزی | |
| ٢٣ | ڕائدی خانەنشین | بەهجەت عەونی گۆران | |
| ٢٤ | ڕائد | خدر دەباغ کۆیی | |
| ٢٥ | ڕائد | ساڵح ئەحمەد پێداوی | |
| ٢٦ | ڕائد | کەمال نوعمان | شیوعی |
| ٢٧ | ڕائدی خانەنشین | سەبری ڕەشید میران | |
| ٢٨ | ڕائدی پۆلیس | شەوکەت مەلا ئیسماعیل | |
| ٢٩ | نەقیب | ئازاد فەتاح میران | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٠ | نەقیبی فڕۆکەوان | ئیبراهیم مەحمود | |
| ٣١ | نەقیب | بەکر سامی خدر | |
| ٣٢ | نەقیبی فڕۆکەوان | حەسەن زاهر | |
| ٣٣ | نەقیبی فڕۆکەوان | نەوزاد محەمەد ڕەمزی | |
| ٣٤ | نەقیب | حەسەن ئەحمەد بارزانی | |
| ٣٥ | نەقیبی ئەندازیار | ئیبراهیم عەزۆ | |
| ٣٦ | نەقیب | تاهیر نوری سەید ڕەئوف | |
| ٣٧ | نەقیب | سەباح نوری عارف | |
| ٣٨ | نەقیب | عادل ئاکرەیی | |
| ٣٩ | نەقیب | عەبدوللا سەدیق مائی | |
| ٤٠ | نەقیبی پۆلیس | کەمال شێخ غەریب | |
| ٤١ | نەقیبی پۆلیس | کەمال بەرقی | |
| ٤٢ | نەقیب | کەمال محەمەد موفتی | |
| ٤٣ | نەقیب | محەمەد ئەمین فەرەج | |
| ٤٤ | نەقیبی پۆلیس | مستەفا حەسەن ئامێدی | |
| ٤٥ | نەقیبی پۆلیس | نەسرەدین عەلی عوسمان | |
| ٤٦ | نەقیب | یوسف جەمیل میران | |
| ٤٧ | نەقیب | وریا مەعروف | |
| ٤٨ | ملازمی یەکەم | ڕەشید سندی | |
| ٤٩ | ملازمی یەکەمی پۆلیس | عەلی مەحمود سەیدە | |
| ٥٠ | ملازمی یەکەم | عەبدولوەهاب ئەتروشی | |
| ٥١ | ملازمی یەکەم | عوسمان سندی | |
| ٥٢ | ملازمی یەکەمی پۆلیس | محەمەد سەید عەلی حافز | |
| ٥٣ | ملازمی یەکەمی پۆلیس | نوری گوریا | مەسیحی |
| ٥٤ | ملازمی یەکەم | یوسف بتریس | شیوعی |
| ٥٥ | ملازم | ئامانج عەبدولا | |
| ٥٦ | ملازم | ئازاد جەوهەر دزەیی | |
| ٥٧ | ملازم | ئەحمەد جبوری | شیوعی |
| ٥٨ | ملازم | ئەحمەد حەسەن عونت | |
| ٥٩ | ملازم | ئەحمەد سەعید لاو | |
| ٦٠ | ملازمی پۆلیس | ئەحمەد سلێمان ئەتروشی | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦١ | ملازم | ئەحمەد فەقێ ڕەسول | |
| ٦٢ | ملازم | ئەحمەد محەمەد ڕەشید | |
| ٦٣ | ملازم | ئەحمەد مەجید شاسوار | |
| ٦٤ | ملازم | ئەمجەد عەبدولواحید | |
| ٦٥ | ملازم | ئەنوەر مەجید سوڵتان | |
| ٦٦ | ملازم | ئەنوەر ئەمین | |
| ٦٧ | ملازم | ئیبراهیم ئەحمەد پێداوی | |
| ٦٨ | ملازم | ئیبراهیم تەلعەت دزەیی | |
| ٦٩ | ملازم | ئیبراهیم عەلی زەنگەنە | |
| ٧٠ | ملازمی پۆلیس | ئیحسان عەبدولغەفور | |
| ٧١ | ملازم | ئیسماعیل نادر قادر | |
| ٧٢ | ملازمی پۆلیس | ئیسماعیل تاهیر مەحمود | |
| ٧٣ | ملازم | ئیسماعیل سیتۆ سەلیم | |
| ٧٤ | ملازم | ئیسماعیل مەحمەد خدر | |
| ٧٥ | ملازم | بابەکر زێباری | |
| ٧٦ | ملازم | باقر فەیلی | |
| ٧٧ | ملازمی پۆلیس | بایز مەجید مەحمود | |
| ٧٨ | ملازم | بەختیار سادق جەمیل | |
| ٧٩ | ملازمی پۆلیس | بەختیار تاهیر بابان | |
| ٨٠ | ملازم | بێستون ئەحمەد نەجیب | |
| ٨١ | ملازم | تالیب خەلیل ئەمین | |
| ٨٢ | ملازم | تەحسین ڕەئوف | |
| ٨٣ | ملازم | تۆفیق ئەحمەد سلیڤان | |
| ٨٤ | ملازم | جەودەت تەیفور بەزاز | |
| ٨٥ | ملازم | جەلال تاڵەبانی | |
| ٨٦ | ملازم | جەلال حەمە ئیبراهیم | |
| ٨٧ | ملازمی پۆلیس | جەلال عەلی | |
| ٨٨ | ملازم | جەمال ئەحمەد خۆشناو | |
| ٨٩ | ملازمی پۆلیس | جەمال ئەحمەد مەحەمەد | |
| ٩٠ | ملازم | جەمال حەمە فەرەج | |
| ٩١ | ملازم | جەمال کەریم غەفور | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩٢ | ملازم | جەمال سلێمان | |
| ٩٣ | ملازم | جەمال قادر عەبدوڵا | |
| ٩٤ | ملازم | جەمال عەبدولقادر | |
| ٩٥ | ملازم | جەمال مەحمود | |
| ٩٦ | ملازم | جەمال نامیق | |
| ٩٧ | ملازمی پۆلیس | جەمیل خدر خۆشناو | |
| ٩٨ | ملازم | جوامێر سوامیر مەندەلاوی | |
| ٩٩ | ملازم | جوامێر عەتیە کاکەیی | |
| ١٠٠ | ملازم | حامد مەقسود | شیوعی |
| ١٠١ | ملازمی پۆلیس | حەمە جەزا محەمەد | |
| ١٠٢ | ملازم | حەسەن ئەبوبەکر خۆشناو | |
| ١٠٣ | ملازم | حەسەن سەلیم | |
| ١٠٤ | ملازم | حەسەن عەبدوڵا خۆشناو | |
| ١٠٥ | ملازم | حەسەن ساڵح ئاغا | |
| ١٠٦ | ملازم | حەمید حەسەن زەنگەنە | |
| ١٠٧ | ملازم | حوسێن ساڵح خانەقینی | |
| ١٠٨ | ملازم | حوسێن محەمەد بالیسانی | |
| ١٠٩ | ملازمی پۆلیس | حوسێن مەولود شیروانی | |
| ١١٠ | ملازم | خالید شەمسەدین | |
| ١١١ | ملازمی دکتۆر | خەسرۆ جەمیل دزەیی | |
| ١١٢ | ملازم | خەسرۆ فەتاح جەبار | |
| ١١٣ | ملازم | خدر هەمزە | |
| ١١٤ | ملازم | خدر علوان | شیوعی |
| ١١٥ | ملازم | خورشید ئیبراهیم دزەیی | |
| ١١٦ | ملازم | خولە عەزیز فەرحان | |
| ١١٧ | ملازم | خەیروڵا محەمەد عەلی | |
| ١١٨ | ملازم | دارا جەلال ئەحمەد | |
| ١١٩ | ملازمی پۆلیس | دلێر ئەحمەد مەجید | |
| ١٢٠ | ملازمی پۆلیس | دڵشاد ئەحمەد شەوقی | |
| ١٢١ | ملازم | دڵشاد نەجیب نەقشبەندی | |
| ١٢٢ | ملازم | دیوالی ئەتروشی | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢٣ | ملازم | ڕەجەب مەحمود خدر | |
| ١٢٤ | ملازم | ڕەشید عەبدولڕەحمان قادر | |
| ١٢٥ | ملازم | ڕزگار عەلی قەرەداغی | |
| ١٢٦ | ملازم | ڕەئوف ڕەشید دارتاش | |
| ١٢٧ | ملازم | ڕیاز بەدرخان | شیوعی |
| ١٢٨ | ملازمی پۆلیس | زیاد محەمەد عەلی سورچی | |
| ١٢٩ | ملازمی پۆلیس | زیاد محەمەد سەدیق | |
| ١٣٠ | ملازمی پۆلیس | سەباح جەلال غەریب | |
| ١٣١ | ملازم | سەروەت نوری | |
| ١٣٢ | ملازم | سەدیق شەریف قەرەوەیسی | |
| ١٣٣ | ملازم | سەدیق ڕەشید(فەریدون) | |
| ١٣٤ | ملازم | سەید عەزیز عەبدوڵا | |
| ١٣٥ | ملازم | سەید کەریم سەید ڕەسول | |
| ١٣٦ | ملازم | سەعید محەمەد سەعید | |
| ١٣٧ | ملازم | ستار سەعید خەلەف | |
| ١٣٨ | ملازم | سەردار عەبدوڵڵا سەعید | |
| ١٣٩ | ملازم | سەردار ئەبوبەکر عەزیز | |
| ١٤٠ | ملازم | سەڵاح ساڵح بەرزنجی | |
| ١٤١ | ملازم | سوبحی محەمەد عەلی | |
| ١٤٢ | ملازم | سەیفوڵا عەلی بەگ | |
| ١٤٣ | ملازم | سیروان محەمەد نەوڕۆلی | |
| ١٤٤ | ملازم | شێرزاد محەمەد ساڵح | |
| ١٤٥ | ملازم | شێرکۆ عەبدوڵڵا دەروێش | |
| ١٤٦ | ملازمی پۆلیس | شێرکۆ شاکر حەکیم | |
| ١٤٧ | ملازم | شێخ سەعید قۆریتانی | |
| ١٤٨ | ملازم | شێردڵ عەبدولا حەوێزی | |
| ١٤٩ | ملازم | شێردڵ سەلیم کورەچی | |
| ١٥٠ | ملازم | تاریق ئەحمەد | |
| ١٥١ | ملازم | تاریق محیەدین | |
| ١٥٢ | ملازم | تاهیر ڕەشید ڕەئوف | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٥٣ | ملازم | تاهیر ساڵح فەتاح | |
| ١٥٤ | ملازم | تاهیر عەلی والی | |
| ١٥٥ | ملازم | تاهیر حەمە غەریب | |
| ١٥٦ | ملازم | تۆفیق ئەحمەد سلێڤانەیی | |
| ١٥٧ | ملازمی پۆلیس | کامل عەلی کاکی | |
| ١٥٨ | ملازم | کەریم سەلام تەها | |
| ١٥٩ | ملازم | کەریم هاودییانی | |
| ١٦٠ | ملازم | کەمال ئەحمەد عەلی | |
| ١٦١ | ملازم | کەمال پێداوی | |
| ١٦٢ | ملازم | عابد ئەحمەد عەبدولڕەحمان | |
| ١٦٣ | ملازم | عەدنان عیماد خەلەف کەرکوکی | |
| ١٦٤ | ملازم | عەبدولخالق حەمید ئەسوەد | |
| ١٦٥ | ملازم | عەبدولڕەحمان عوسمان پێداوی | |
| ١٦٦ | ملازمی پۆلیس | عەبدولرەزاق سەعید | |
| ١٦٧ | ملازم | عەبدولسەمەد عەبدولعەزیز | |
| ١٦٨ | ملازم | عەبدولقادر پێداوی | |
| ١٦٩ | ملازم | عەبدولقادر مەجید ڕەسول | |
| ١٧٠ | ملازم | عەبدوڵا شێخ مەحمود | |
| ١٧١ | ملازم | عەبدوڵا قادر سورچی | |
| ١٧٢ | ملازمی پۆلیس | عەبدوڵا کەریم عەبدوڵا | |
| ١٧٣ | ملازم | عەبدولکەریم مەحمود ئەحمەد | |
| ١٧٤ | ملازم | عەبدولەتیف عەبدولمەجید ئاغا | |
| ١٧٥ | ملازم | عەبدولئیلا محەمەدئەمین(شوان) | |
| ١٧٦ | ملازمی پۆلیس | عەبدولمسەور سلێمان بارزانی | |
| ١٧٧ | ملازم | عەزیز مەجید ئەتروشی | |
| ١٧٨ | ملازم | عەباس قادر محەمەد | |
| ١٧٩ | ملازم | عەلی ئەحمەد جاف | |
| ١٨٠ | ملازم | عەلی ڕۆبیتان قادر | |
| ١٨١ | ملازم | عەلی سنجاری | |
| ١٨٢ | ملازم | عەلی مستەفا قادر | |
| ١٨٣ | ملازمی پۆلیس | عوسمان حوسێن | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٨٤ | ملازم | عومەر ڕەفعەت (عومەر بیبانی) | |
| ١٨٥ | ملازم | عومەر حاجی حەسەن | |
| ١٨٦ | ملازم | عومەر سەلیم پێداوی | |
| ١٨٧ | ملازم | عومەر عارف ئەدەلانی | |
| ١٨٨ | ملازم | عومەر عەبدولکەریم | |
| ١٨٩ | ملازم | عومەر عەبدوڵلا محەمەد | |
| ١٩٠ | ملازم | عومەر عوسمان(زەعیم عەلی) | |
| ١٩١ | ملازمی پۆلیس | عیزەدین محیەدین | |
| ١٩٢ | ملازم | فازڵ جەلیل بەقال | |
| ١٩٣ | ملازم | فازڵ تاڵەبانی | |
| ١٩٤ | ملازمی پۆلیس | غازی خدر عەبدوللا | |
| ١٩٥ | ملازم | غازی عەزیر ئەتروشی | |
| ١٩٦ | ملازم | فاروق عەبدولکەریم عەقراوی | |
| ١٩٧ | ملازمی پۆلیس | فازل جەلیل بەقال | |
| ١٩٨ | ملازمی پۆلیس | فەخری شەمسەدین | |
| ١٩٩ | ملازمی پۆلیس | فەرید سەعید بریفکانی | |
| ٢٠٠ | ملازم | فەرەیدون شێخ تەیب | |
| ٢٠١ | ملازم | فەرەیدون محەمەد ڕەشید | |
| ٢٠٢ | ملازمی پۆلیس | فەوزی ئەحمەد شکاك | |
| ٢٠٣ | ملازم | فوئاد عارف بەرزنجی | |
| ٢٠٤ | ملازم | فوئاد عومەر چەلەبی | |
| ٢٠٥ | ملازم | فوئاد مەجید کەریم | |
| ٢٠٦ | ملازم | قادر عوسمان پێداوی | |
| ٢٠٧ | ملازمی پۆلیس | قەرەنی جمیل بەزاز | |
| ٢٠٨ | ملازم | قەرەنی حەسەن قەرەنی | |
| ٢٠٩ | ملازم | مەجید بابەکر پیرموس | |
| ٢١٠ | ملازم | مەجید حەمید کاکەیی | |
| ٢١١ | ملازم | مەجید عەبدوڵلا یوسف | |
| ٢١٢ | ملازم | مەجید میرخان عەبدوڵا | |
| ٢١٣ | ملازم | محەمەدئەمین فەرەج | |
| ٢١٤ | ملازم | مەحەمەد باقر بەشیر | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١٥ | ملازم | محەمەد حاجی ئەحمەد | |
| ٢١٦ | ملازمی پۆلیس | مەحەمەد جەلال کەریم | |
| ٢١٧ | ملازم | مەحەمەد زاهیر کەریم | |
| ٢١٨ | ملازمی پۆلیس | مەحەمەد ڕەشید ئەمین | |
| ٢١٩ | ملازم | محەمەدساڵح ئاکرەیی | |
| ٢٢٠ | ملازم | محەمەد سەعید ئەکرەم | |
| ٢٢١ | ملازم | محەمەد شەوقی | |
| ٢٢٢ | ملازمی پۆلیس | مەحەمەد عەلی جەعفەر | |
| ٢٢٣ | ملازم | محەمەد عەلی حسامەدین | |
| ٢٢٤ | ملازم | محەمەد عەلی ساڵح | |
| ٢٢٥ | ملازم | محەمەد عەزیز بابی | |
| ٢٢٦ | ملازم | محەمەد عەبدوڵا | |
| ٢٢٧ | ملازم | مەحەمــەد عەبدولکەریــم<br>مه حه مـه د | |
| ٢٢٨ | ملازمی پۆلیس | محەمەد عومەر مەولود | |
| ٢٢٩ | ملازم | مەحمود ئەحمەد کەریم | |
| ٢٣٠ | ملازم | مەنسور شێخ کەریم | |
| ٢٣١ | ملازمی پۆلیس | مستەفا حەسەن ئامێدی | |
| ٢٣٢ | ملازم | مەهدی کاکی هیران | |
| ٢٣٣ | ملازمی پۆلیس | نەجات خدر نەجم | |
| ٢٣٤ | ملازمی پۆلیس | نەریمان عەبدولحەمید | |
| ٢٣٥ | ملازم | نەریمان بەکر خۆشناو | |
| ٢٣٦ | ملازمی پۆلیس | نەزەر عەلی ئەکبەر | |
| ٢٣٧ | ملازمی پۆلیس | نەوزاد جەواد مەعروف | |
| ٢٣٨ | ملازم | نەوزاد ساڵح خۆشناو | |
| ٢٣٩ | ملازم | نەوزاد مەحەمەد بەرزنجی | |
| ٢٤٠ | ملازم | نزار ڕەحمەتولا | |
| ٢٤١ | ملازم | نزار عەقید ئەمین | |
| ٢٤٢ | ملازم | نوشیروان فوئاد مستێ | |
| ٢٤٣ | ملازمی پۆلیس | نورەدین عەبدوڵلا محەمەد | |
| ٢٤٤ | ملازم | نیاز محەمەد سەعید | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٤٥ | ملازمی پۆلیس | هادی محەمەدئەمین | |
| ٢٤٦ | ملازم | هاشم مەلا محەمەد | |
| ٢٤٧ | ملازم | هەجەر ئیسماعیل سندی | |
| ٢٤٨ | ملازم | هەژار کەرکووکی | |
| ٢٤٩ | ملازم | وشیار شاکر ساڵح | |
| ٢٥٠ | ملازم | وشیار عەبدولقادر | |
| ٢٥١ | ملازم | یاسین غەریب | |
| ٢٥٢ | ملازم | یوسف جمیل میران | |
| ٢٥٣ | ملازم | یونس ڕۆژبەیانی | |

## چەند زانیارییەکی پەیوەست بە کات و پلە سەربازییەکان

سیستەمی کاتژمێری سەربازی

| ١٢ کاتژمێری | ٢٤ کاتژمێری | ١٢ کاتژمێری | ٢٤ کاتژمێری |
|---|---|---|---|
| ١ ی شەو | ٠١٠٠ | ١ ی ئێوارە | ١٣٠٠ |
| ٢ ی شەو | ٠٢٠٠ | ٢ ی ئێوارە | ١٤٠٠ |
| ٣ ی شەو | ٠٣٠٠ | ٣ ی ئێوارە | ١٥٠٠ |
| ٤ ی شەو | ٠٤٠٠ | ٤ ی ئێوارە | ١٦٠٠ |
| ٥ ی شەو | ٠٥٠٠ | ٥ ی ئێوارە | ١٧٠٠ |
| ٦ ی بەیانی | ٠٦٠٠ | ٦ ی ئێوارە | ١٨٠٠ |
| ٧ ی بەیانی | ٠٧٠٠ | ٧ ی ئێوارە | ١٩٠٠ |
| ٨ ی بەیانی | ٠٨٠٠ | ٨ ی شەو | ٢٠٠٠ |
| ٩ ی بەیانی | ٠٩٠٠ | ٩ ی شەو | ٢١٠٠ |
| ١٠ ی بەیانی | ١٠٠٠ | ١٠ ی شەو | ٢٢٠٠ |
| ١١ ی بەیانی | ١١٠٠ | ١١ ی شەو | ٢٣٠٠ |
| ١٢ ی بەیانی | ١٢٠٠ | ١٢ ی شەو | ٢٤٠٠ |

یەکەکانی سوپا

| ژ | یەکە | الوحدة |
|---|---|---|
| 1 | دەستە | الحضيرة |
| 2 | پەل | الفصيل |
| 3 | لق | السرية |
| 4 | بەتالیۆن | الفوج |
| 5 | کەتیبە | الكتيبة |
| 6 | هێز | اللواء |
| 7 | لەشکر (تیپ) | الفرقة |

پایەکانی سوپا

| ژ | پایە | المنصب |
|---|---|---|
| 1 | فەرماندەی دەستە (سەردەستە) | آمر الحضيرة |
| 2 | فەرماندەی پەل (سەرپەل) | آمر الفصيل |
| 3 | فەرماندەی لق (سەرلق) | آمر السرية |
| 4 | فەرماندەی بەتالیۆن | آمر الفوج |
| 5 | فەرماندەی کەتیبە | آمر الكتيبة |
| 6 | فەرماندەی هێز | آمر اللواء |
| 7 | سەرکردەی لەشکر (سەر لەشکر) | قائد الفرقة |
| 8 | سوپاسالار / سەرۆکی ئەرکان | رئيس ألأركان |
| 9 | سەرکردەی گشتی | قائد العام |

# ئەلبوومی وێنەکان








www.flickr.com/photos/kurdistan4all/












www.flickr.com/photos/kurdistan4all/
sefti pic





















Creative Commons






The Photolibrary of Kurdistan
The Photolibrary of Kurdistan
The Photolibrary of Kurdistan

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی کوردی


١. ئاری فاروق نانەکەلی، دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی یەکەم (هەولێر _ ٢٠١٦).

٢. ئاری فاروق نانەکەلی، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان - عێراق نووسینگەی ڕاپەڕاندن دەستوور و یاساکان ١٩٦٤- ١٩٦٥، چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی ڕۆژهەڵات _ ٢٠١٧).

٣. ئاری کەریم، چەند لاپەڕەیەکی زیندوو لە شۆڕشی ئەیلوول دا، چاپی یەکەم ( دهۆك _ چاپ خانەی خەبات _ ١٩٩٩).

٤. ئیسماعیل گوندەژۆری، شۆڕشی ئەیلوول لە باڵەکایەتی، چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی ڕۆژهەڵات _ ٢٠١٨ ).

٥. ئەنوەر ئەزوەر، شێرێکی ونبوو لە دارستانێکدا، چاپی یەکەم (سلێمانی _ چاپخانەی یاد _ ٢٠١٢ ).

٦. ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول، بنیاتنان و هەلتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی سێیەم (سلێمانی _ چاپخانەی ژیار _ ١٩٩٩).

٧. دارا ابراهیم زەینونی، نیو سەدە لە خەباتی پێشمەرگایەتیم یادەوەری پێشمەرگەی ئەیلوول و گوڵان(گوڵەباغ)، چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی ڕۆشنبیری _ ٢٠١٦).

٨. د. شوان محەمەدئەمین تەها خۆشناو، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣- ١٩٧٠ چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین _ ٢٠١٦).

٩. د. شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە عێراقدا ١٩٤٦-١٩٧٥، وەرگێرانی (سوارە قەڵادزێی) چاپی یەکەم (کەرکووك _ چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی _ ٢٠١١ ).

١٠. حامید گەوهەری، مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی ڕۆژهەڵات _ ٢٠١٧).

١١. حامید گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسن، چاپی

یەکـەم ( هەولێـر _چاپخانـەی شـەهاب _ ٢٠١٤).

١٢. خورشـید شـێرە، خەبـات و خوێـن بیرەوەرییەکانـی سـاڵانی خەباتـی پێشـمەرگایەتی، چاپـی سـێیەم (هەولێـر _ چاپخانـەی حاجـی هاشـم _ ٢٠١٥).

١٣. رائـد / خـدر دەبـاغ، بیرەوەریەکانـم و تۆپخانـەی شۆڕشـی ئەیلوولـی مـەزن، چاپـی یەکـەم ( هەولێـر _ چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە _ ٢٠٠٢).

١٤. سـەید کاکـە، بیـرەوەری پێشـمەرگەیەك، چاپـی سـێیەم (هەولێـر - چاپخانـەی شـەهاب - ٢٠٠٠).

١٥. سـەڵاح رەشـید، مـام جـەلال دیـداری تەمـەن لـە لاوێتییـەوە تـا کۆشـکی کۆمـاری، چاپـی چـوارەم (سـلێمانی _ ناوەنـدی رۆشـنبیری ئەدیبـان_ ٢٠١٩).

١٦. شـەوکەت مـەلا اسـماعیل حسـن، رۆژانـێ لـە مێـژووی شۆڕشـی ئەیلـوول، چاپـی دووەم (هەولێـر _ نوسـینگەی تەفسـیر بـۆ بڵاوکردنـەوە و راگەیانـدن _ ٢٠١٦ ).

١٧. شـلۆمۆ نکدیمـۆن، مۆسـاد لـە عێـراق و ووڵاتانـی دراوسـێ، وەرگێرانی(رەهەنـد عبدالغفـور)، چاپـی یەکـەم (٢٠١١).

١٨. کاروان جوهـر محمـد، ئیدریـس بارزانـی ١٩٤٤-١٩٨٧ ژیـان و ڕۆڵـی سیاسـی و سـەربازی لـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیـی کـورددا، چاپـی یەکـەم (هەولێـر _ چاپخانـەی هێڤـی _ ٢٠١٩).

١٩. کریـس کۆچێـرا، کـورد لـە سـەدەی نـۆزدە و بیسـتەم دا، وەرگێرانـی (حەمەکەریـم عـارف) چاپـی چـوارەم (هەولێـر _ کتێبفرۆشـی سـۆران _ ٢٠٠٧).

٢٠. عەبدولـڵا ئەحمـەد رەسـول پشـدەری، پاشـکۆی یاداشـتەکانم لـە شۆڕشـی ئەیلوولـی مـەزن، بەرگـی دووەم، چاپـی یەکـەم ( کەرکـووک _ چاپخانـەی شـەهید ئـازاد هەورامـی _ ٢٠٠٧).

٢١. عزەدیـن مـەلا سـلێمان، بەشـێك لـە چیرۆکـی داسـتانەکانی شۆڕشـی ئەیلـوول بـۆ مێـژوو، چاپـی یەکـەم (سـلێمانی _ چاپخانـەی بزاڤـی رۆشـنبیری سـلێمانی _ ٢٠٠٦).

٢٢. عومـەر عوسـمان، ژیانـی کورێـك، بەرگـی یەکـەم و دووەم، چاپـی سـێیەم ( هەولێـر _ چاپخانـەی حاجی هاشـم _ ٢٠١٣).

٢٣. محەمـەد مـەلا قـادر، سـەربردە، کورتەیـەك لـە بیرەوەرییـەکان، چاپـی یەکـەم (

هەولێر _ دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس _ ٢٠٠٩ ).

٢٤. محەمەد مەلا قادر . خەباتنامە کورتە مێژووی پارتی و کەلتوری بارزانی نەمر، چاپی دووەم (دهۆك _ چاپخانەی خەبات _٢٠٠٠).

٢٥. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد . شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم،چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە _ ٢٠٠٤).

٢٦. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد . شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم،چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە _ ٢٠٠٤).

٢٧. مەلا فاروق شوانی،هەموو کورد بیبلۆگرافیایەکی تێکۆشەڕانە، چاپی یەکەم ( هەولێر _ چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری _ ١٩٩٧).

٢٨. موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، وەرگێرانی:ئیسماعیل بەرزنجی، چاپی یەکەم (هەولێر _ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس _ ٢٠٠٩).

٢٩. نازناز محەمەد عەبدولقادر، سیاسەتی ئێران بەرانبەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٦١ _ ١٩٧٥، چاپی یەکەم ( هەولێر _ دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس _ ٢٠٠٨ ).

٣٠. نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە و دەسەڵات و شۆڕشەکانی لە ١١٦٩ – ١٩٩٤، چاپی یەکەم (٢٠١٤).

٣١. وەلی زبێر هۆستانی، چەند داستان و رووداو و بەسەرهاتێك لە شۆڕش و راپەرینەکانی بارزاندا، چاپی یەکەم (هەولێر _ چاپخانەی رۆژهەڵات _٢٠١٧).

٣٢. وریا رەحمانی، شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، چاپی یەکەم ( تاران _ ئیران _ ٢٠١٣).

٣٣. یونان هورمز، بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستان دا، وەرگێرانی (ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل) چاپی دووەم (هەولێر – چاپخانەی رۆشەنبیری و لاوان – ٢٠٠٩).

**سەرچاوەی عەرەبی**


١. اوفرا بينغيو، كرد العراق بناء دولة داخل دولة، ترجمة / عبدالرزاق عبدالله بوتانى، الطبعة الاولى (اربيل، دار الساقي و دار اراس للطباعة و النشر، ٢٠١٤).

٢. الدكتور جبار قادر و المحامي طارق جامباز، قرارات مجلس قيادة الثوري المنحل الخاصة بالكورد و كوردستان، الطبعة الاولى (اربيل _ مطبعة الحاج هاشم _ ٢٠١٣).

٣. الدكتور عصام عزيز شريف، مذكرات عزيز شريف، طبعة الاولى (شباط ٢٠١٠).

٤. حبيب تومى، البارزانى مصطفى قائد من هذا العصر، الطبعة الاولى (اربيل _ دار اراس للطباعة و النشر _ ٢٠١٢).

٥. الفريق الركن/ رعد مجيد الحمداني، معارك الجيش العراقي الكبرى من عام ١٩٧٣ الى عام ٢٠٠٣، (عمان _ الأردن _ دار امنة للنشر و التوزيع _ ٢٠١٣).

٦. الفريق الركن/ رعد مجيد الحمداني، قبل ان يغادرنا التاريخ، الطبعة الاولى (بيروت _ لبنان _ الدار العربية للعلوم_نشرون _٢٠٠٧).

٧. الفريق الركن / محمد فتحي امين، قاموس المصطلحات العسكرية، الطبعة الثانية.

٨. جيرارد جالياند، شعب بدون وطن الكرد و كردستان، ترجمة / عبدالسلام النقشبندي، الطبعة الاولى (اربيل _ دار اراس للطباعة و النشر _ ٢٠١٢).

٩. حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني – العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦_١٩٩٣ الطبعة الاولى ( دهوك _ مطبعة خبات _ ١٩٩٨).

١٠. شكيب عقراوى، سنوات المحنة فى كردستان، الطبعة الثانية،(اربيل _ مطبعة مناره _ تموز ٢٠٠٧).

١١. عبدالكريم فندى، فصول من ثورة ايلول فى كردستان العراق، طبعة الاولى (دهوك _ مطبعه كلية الشريعة _ ١٩٩٥).

١٢. كريس كوتشيرا، مسيرة الكرد الطويلة ٤٠ سنة من التحقيقات الصحفية في كردستان، ترجمة(ديانا حبيب حرب، طبعة الاولى (بيروت/ لبنان - دار الفارابي - ٢٠١٤ و اربيل _ دار اراس للطباعة و النشر ٢٠١٤).

١٣. طيب الكيشكي، محطات مختارة من پورة ايلول ١٩٦١، طبعة الاولى (دهوك _

مطبعـة محافظـة دهـوك _ ٢٠١٧).

١٤. فايـز الخفاجـي، الاغتيـالات السياسـية لكـورد العـراق (١٨٣٨-٢٠٠٣)، الطبعـة الاولى (بغـداد _ دار سـطور للنـشر و التوزيـع _ ٢٠١٩).

١٥. عبدالكريـم فنـدي، ثـورة ايلـول في كردسـتان العـراق، الطبعـة الاولى (دهـوك _ مطبعـة كليـة الشريعـة _ ١٩٩٥ ).

١٦. عـلي سـنجاري القضيـة الكورديـة و حـزب البعـپ العـربي الاشـتراكي في العـراق الطبعة الاولى جـزء الاول (اربيـل _ مطبعـة الحـاج هاشـم _ ٢٠٠٦).

١٧. عـلي سـنجاري، حقيقـة مسـيرة ثـورة ١١ أيلـول ١٩٦١، الطبعـة الاولى (دهـوك _ مطبعـة خـاني _ ٢٠١٣).

١٨. اللـواء المشـاة / فـوزي جـواد هـادي البرزنجـي، مذكـرات امـر لـواء مشـاة في زمـن الحـرب، صفحـات مـن ماثـر الجيـش العراقـي الباسـل ١٩٦٤_٢٠٠٨، الطبعـة الاولى (عـمان _ الاردن _ مطبعـة دار الرمـال للنـشر و التوزيـع _ ٢٠١٨).

**كراسات العسكرية**

١. كراسـة رسـمية الرقـم ٣٠٣، فـوج المشـاة في المعركـة، الطبعـة الاولى (رئاسـة اركان الجيـش العراقـي _ مطبعـة وزارة الدفـاع _١٩٨٩ ).

٢. كراسـة رسـمية الرقـم ٣٣٧، جميـع الصنـوف دفاعـات الميـدان و الموانـع، المجلـد الثالـث، الطبعـة الاولى ( رئاسـة اركان الجيـش العراقـي _ مطبعـة وزارة الدفـاع _١٩٨٧) .

٣. كراسـة رسـمية الرقـم ٢٢٠، الحـروب الجبليـة، المجلـد الرابـع، الطبعـة الثامنـة ( رئاسـة اركان الجيـش العراقـي _ مديريـة المشـاة _ مطبعـة وزارة الدفـاع _ ١٩٨٢) .

٤. كراسـة رسـمية (موحـدة) الرقـم ١، المصطلحـات و الرمـوز و المختـصرات العسـكرية الموحـدة، الطبعـة الاولى ( رئاسـة اركان الجيـش العراقـي و القيـادة العامـة للقـوات المسـلحة الاردنيـة _ نيسـان ١٩٨٩) .

**ئەنتەرنێت**


١. ویکیپیدیا.

٢. منتدى القوات المسلحة العراقية.

٣. پۆلەتیـــك. https://politicmedia.net/detailnewspo.aspx?jimare=٨٠٢٥&cor=١&related=٢

٤. کوردستان٢٤ net.www.kurdistan٢٤ .


**نەخشەی سەربازی**

١. نەخشەی سەربازی هەولێر پێوەری ١/١٠٠٠٠٠.

٢. نەخشەی سەربازی کۆیە(کویسنجق) پێوەری ١/١٠٠٠٠٠ .

٣. نەخشەی سەربازی ڕواندز پێوەری ١/١٠٠٠٠٠ .

٤. نەخشەی سەربازی حاجی ئۆمەران پێوەری ١/١٠٠٠٠٠ .

٥. نەخشەی سەربازی دهۆك پێوەری ١/١٠٠٠٠٠ .

٦. نەخشەی سەربازی قەڵادزێ پێوەری ١/١٠٠٠٠٠ .

٧. نەخشەی سەربازی سلێمانی پێوەری ١/١٠٠٠٠٠ .

٨. نەخشەی سەربازی چەمچەماڵ پێوەری ١/١٠٠٠٠٠ .

٩. نەخشەی سەربازی زێبار پێوەری ١/١٠٠٠٠٠ .

١٠. نەخشەی سەربازی بابەگوڕگوڕ پێوەری ١/١٠٠٠٠٠ .

١١. نەخشەی سەربازی چوارقوڕنە پێوەری ١/١٠٠٠٠٠ .

١٢. نەخشەی سەربازی زاخۆ پێوەری ١/١٠٠٠٠٠ .

١٣. نەخشەی سەربازی دەربەندیخان پێوەری ١/١٠٠٠٠٠ .

**گۆڤار**

١. گۆڤاری بەیان، ژمارە ٣، نیسانی ١٩٧٠.

٢. گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە ٣، بەهاری ٢٠٠٨.

٣. گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە ٤، تەمموزی ٢٠٠٨.

٤. گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە ٦، ت١ ٢٠٠٨.

٥. گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە ٧، کانوونی دووەمی ٢٠٠٩.

٦. گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە ٣٥، تەموز_ئاب_ئەیلوول _ساڵی ٢٠١٤.

٧. گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە ٣٦، ت١_ت٢_ك١_ساڵی ٢٠١٤.

٨. گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە ٣٧، ساڵی ٢٠١٥.

**چاوپێکەوتن**

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز خدر مەولود لە مەسیف سەڵاحەددین لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١١/٢٧.

٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ڕەشید سندی لە زاخۆ لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/١٥.

٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز گوڵەباغ کۆیی لە مەسیف سەڵاحەددین لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/٢٢.

٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئیبراهیم پێداوی لە هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/١٢.

٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عەبدولئیلاه محەمەدەمین(ملازم شوان) لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٤.

٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مەنسور شێخ کەریم لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٥.

٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز محەمەد عەلی سۆفی لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٥.

٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز شەوکەت مەل ئیسماعیل لە مەسیف سەڵاحەددین لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٣/١١.

٩. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز عومــەر عوســمان مێرگەســۆری لــە مەســیف ســەڵاحەددین لــە ڕێکــەوتی ٢٠١٩/٤/٢٩.

١٠. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز مکائیــل حەجــی لــە مەسـیف ســەڵاحەددین لــە ڕێکــەوتی ٢٠١٩/٥/١٩.

١١. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێـز ئیبراهیـم مەجیـد شـیڤی لـە مەسـیف سـەڵاحەددین لە ڕێکـەوتی ٢٠١٩/٥/٢٣.

١٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ڕائد خدر دباغ لە هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/٣٠.

١٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز خالید شلی لە شێخان لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩.

١٤. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز عەبدولــرەزاق گەرماڤــی لــە دهــۆك لــە ڕێکــەوتی ٢٠١٩/٧/٩.

١٥. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز مســتەفا عەبدولقــادر لــە دهــۆك لــە ڕێکــەوتی ٢٠١٩/٧/٩.

١٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مستەفا ئامێدی لە دهۆك لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٩.

١٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز حەمید خواستی لە زاخۆ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٠.

١٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عەریف دەروێش لە زاخۆ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٠.

١٩. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز یونــس ڕۆژبەیانــی لــە هەولێــر لــە ڕێکــەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨.

٢٠. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز ســەلیم ئەســعەد خۆشــەوی لــە مەســیف ســەڵاحەددین لــە ڕێکــەوتی ٢٠١٩/٨/٢٤.

٢١. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز جەمــال مــەلا حوســێن لــە ســلێمانی لــە ڕێکــەوتی ٢٠١٩/٩/٩.

٢٢. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز ئەنــوەر ئــەزوەر لــە ســلێمانی لــە ڕێکــەوتی ٢٠١٩/٩/١٠.

٢٣. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز فەرەیــدون کەریــم لــە ســلێمانی لــە ڕێکــەوتی ٢٠١٩/٩/١٠.

٢٤. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز عزەدیــن مــەلا ســلێمان لــە ســلێمانی لــە ڕێکــەوتی

.٢٠١٩/٩/١٠

٢٥. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز خالیــد قــادر ئەحمــەد لــە ســلێمانی لــە ڕێکــەوتی .٢٠١٩/٩/١٠

٢٦. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز حەمیــد ئەفەنــدی لــە مــەلا ئۆمــەر لــە ڕێکــەوتی .٢٠١٩/٩/٢٧

٢٧. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز مامۆســتا جــەلال خــدر لــە بەســتۆرە لــە ڕێکــەوتی .٢٠١٩/٩/٢٨

٢٨. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز عەبدولــڵا مــەلازادە لــە مەســیف ســەڵاحەددین لــە ڕێکـەوتی ٢٠١٩/٩/٢٩.

٢٩. چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەڕێــز زکــری عەبدولــڵا قــادۆ لــە ئاکــرێ لــە ڕێکــەوتی .٢٠١٩/١٠/٢٢

## ناسنامەی پرۆژە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.